–هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 72

سالی/ 2011 – بەرگی حەفتاو دوو

---

چاپی یەکەم/ سالی 2012

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2011)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 72
چاپی یەكەم: 2012
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: سروە هادی، شرمین خدر، سازان سلیم، تارا رشاد، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست


پـــرۆتۆکۆلی دانیشـــتنی ژماره (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/9/20

ل 5

پـــــرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (3)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/9/26

ل 19

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (4)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/10/3 ل

113

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (5) ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/10/4 ل

189

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (6)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/10/5 ل

285

پـــرۆتۆکـــۆلی دانیشتـــنی ژمـــاره (7)ی خولی سێیەمی هەڵـبژاردن – دوو شەممە 2011/10/10 ل

291



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (2)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 20\9\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/9/20

کاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/9/20 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برِگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/9/20 دا بەم شێوەیە بێت:

1 -بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە(26)ی ساڵی 2007ی یاسای باجی دەرامەت لەهەرێمی کوردستان، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن(2) ڕۆژی دانیشتن 2011/9/20، بەپێی حوکمەکانی برِگەی (1)ی ماددەی(20) لەپەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەکات 3ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی 2011/9/20 بەم شێوەی خوارەوە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە(26)ی ساڵی 2007ی یاسای باجی دەرامەت لەهەرێمی کوردستان، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

لیژنەی دارایی و یاسایی بابفەرموون بێنە جێگای خۆیان، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری دارایی و هاوەڵەکانی دەکەین، بەخێربێن، بەخێرهاتنی مامۆستا سەعدیش دەکەین، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەمی پڕۆژەکە بەم شێوەی خوارەوەیە،

**یەکەم: پوچەڵکردنەوەی برِگەی (2)لەماددەی (2) لە یاسای ژمارە(26)ی ساڵی 2007، وە هەموارکردنی برِگەی (2) لە بریاری ساڵی 1987، بەم شێوەی خوارەوە لەجیاتی دەقە بنەرِەتیەکەی، (تعفى من الضريبة معاملات الهبة بين الابوين والابناء اوبين الزوجين مهما يتكرر وبغض النظر عن جنس العقار واستخدامه وبغض النظر عن كون االواهب والموهوب له مقيماً او غير مقيماً)**

**دووەم: پوچەڵکردنەوەی فەقەری(2) لەماددەی(3)ی یاسای ژمارە(26)ی ساڵی 2007، واتە گەرِانەوە بۆ برِگەی(20)ی ماددەی (7)ی یاسای باجی دەرامەت ژمارە(113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو، وە هەموارکردنی بەم شێوەی خوارەوە:**

**الفقرة (20):**

**أ- الدار او الشقة المعدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع.**

**ب- قطعة ارض واحدة معدة للسكن على ان لا تزيد مساحة الارض المعدة للسكن المذكورة على (800) مترا مربعاً، فان زادت مساحتها عن هذا الحد خضعت الزيادة للضريبة.**

**ج- لا يستفيد المكلف من الاعفاء الوارد في البندين (أ،ب) من هذه الفقرة الامرة واحدة خلال خمس سنوات من تاريخ التمتع بالاعفاء.**

**د- تلغى(د،هـ،و،ز،ح،ط،ى) من الفقرة (20) من المادة السابعة اعلاه.**

**سێیەم: کارکردن بەحەوتەم لەماددەی (2)ی یاسای ژمارە(26)ی ساڵی 2007.**

**چوارەم: هەموارکردنی برِگەی (8) لە ماددەی(2)ی یاسای ژمارە(26)ی ساڵی 2007 و خوێندنەوەی بەم شێوەی خوارەوە:**

**(تفرض ضريبة مقطوعة بنسبة تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فيه المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار و منافعه رقم (85) لسنة 1987 او البدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق التصرف فيه عند نقله الملكية او حق التصرف بأية و سيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله كالبيع و المقايضة و المصالحة و التنازل و ازالة الشيوع و تصفية الوقف او المساطحة و يعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجار العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة و يحتسب و فقا لما يأتي:**

**1- تنزل نسبة (50٪) من قيمة العقار المقدر او البدل ايهما اكثر قبل احتساب الضريبة.**

**2- يخضع للضريبة المبلغ المتبقي و تحتسب كما يلي:**

**- 1٪ لغاية (100,000,000) مائة مليون دينار عراقي.**

**- 2٪ ما زاد عن (100,000,000) مائة مليون دينار عراقي و لغاية(200,000,000) مائتي مليون دينار عراقي.**

**- 3٪ ما زاد عن (200,000,000 ) مائتي مليون دينار عراقي و لغاية 300,000,000 ثلاثمائة مليون دينار عراقي.**

- 5٪ مازاد عن300,000,000 ثلاثمائة مليون دينار عراقي.

3- تطبق الفقرة (1) اعلاه على الحصص او السهام المباعة من العقارات المفرزه بصورة غير رسمية ايضا بنسبة السهام او الحصص.

4- لاتسرى احكام الفقرة (1) اعلاه اذا كان البائع قد نقل ملكية حصة او سهم مما يملكه من عقار مالم يكن قد مضى اكثر من سنة على تاريخ نقل الحصة او السهم.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەو دەقەی کەخوێندمەوە، دەقی ئەو پڕۆژەیە کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەی پەرلەمان کراوەتەوە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەڕاپۆرتی خۆمان دوێنێ، ئاماژەماندا بەچۆنیەتی کارکردن بەو پڕۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەوە داوای ئەوە دەکەم، کە ئەم بابەتە تەئجیل بکرێت، لەبەر ئەوەی بابەتێکە زۆر وردەکاری و فەنیاتی تێدایە، پەیوەستە بەچەند یاسایەکی زەریبی ئەمە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە ئەگرێتەوە، چ بەفەقیر و چ بەهەژار وچ بەدەوڵەمەندەوە کێشەی زۆریشی لێ دەکەوێتەوە، چونکە هەندێجار باوك و دایکەکە ئەو موڵکەی کەهەیەتی هیبەی ئەکات بۆ یەکێك لە منداڵەکانی، منداڵێکی تری لێ بێبەش دەبێت، بۆیە لەو مونتەڵەقەوە لەپاش ئەوەی کە ئێمە پێویستە دیراسەتێکی زۆر چڕو پڕ بکرێت، یان ئەوەتا ئێمە لە کۆتاییدا بڕیار بدەین، کە ئەو بڕیارو یاسایانەی کە کاتی خۆی کاری پێکراوەو خەڵکی لێی سوودمەند بووە بگەڕێتەوە یاخود ئەوەتا تەعدیلەکە بەشێوازێك بێت کە ئەم یاسایە چارەسەری زۆرێك لەکێشەکان بکات، ئەمە عیلاقەی نیە بەسەر چینێکی تایبەتەوە، ئەم یاسایە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، هەموو کەسێك ئەگرێتەوە کە بیەوێت ڕۆژێك لەڕۆژان موڵکێکی خۆی هیبە بکات بەیەکێك لەمنداڵەکانی خۆی، کێشەی تریش هەیە، کە خەڵکێکی تریش هەیە، داوا دەکات خوشك و براش بگرێتەوە، ئەمە زیاتر فراوان دەبێتەوە ئەم بابەتە، بۆیە من لێرەوە داوای تەئجیل دەکەم بۆ ئەم بابەتە، هەتاکو گفتوگۆی تەواوی لەسەر دەکرێت، چ لەنێوان خۆمانداو چ لەنێوان فراکسیۆنەکانیشدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەڕەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، چونکە بەڕاستی مەسەلەی زەریبە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە، وە پەیوەندی بە هەموو ئەو ئیشە هونەریانەوە هەیە، کە لەو لایەنەوە دادەڕێژرێت بۆ مەسەلەی

زەریبە، وە پەیوەندی بەهەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە، زۆربەی ئەو بڕگانەی کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە، ئیستیناد دەکاتە سەر یاسا کۆنەکەی کە لەساڵی 1982 یاساکە داڕێژراوە، بەڕاستی ئەو یاسایە کاتێك بووە کە سیستمی ئیقتصادی لە عێراقدا سیستمێکی لە 100٪ ئیشتراکی بووە، ئێستا سیستمی ئیقتصادی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆیە بەڕاستی ئەو مەوزوعە مەوزوعی زەریبە مەوزوعێکی زۆر گرنگە، من پێم وایە، ئەبێت زیاتر قسەی لەسەر بکرێت، وە پڕۆژە یاسایەکی تایبەت بە زەریبە لەسەر هەموو بوارەکان دابڕێژرێت ئەوکاتە پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من هیچ داعی نابینم بۆ تەئجیل کردن، چونکە ئەمە ناکرێت ئەمە 9/20 ئەمڕۆ ناکرێت ئەوە مانگێك تەواو ئەبێت لەم خولەدا، وە یەك دونیا پڕۆژە یاسای تر هەیە کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەرنامەکە دائەندرێت بەم پڕۆژە یاسایانەو ئێستا دیسان تەئجیلی بکەین، من پێم وایە تەئجیل کردنی ئەمە هەروا کاتەکانمان دەبات و خولەکەش تەواو دەکەین، ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە گرنگ و پێویستە، ناکەوێتە بەر باس ولێکۆڵینەوە، بۆیە پێم وایە یان ئەبێت بەرنامەکە سەرەتا، چونکە ئەمە چووەتە لیژنەکان گفتوگۆی لەسەر کراوە، ڕاپۆرت بەرزکراوەتەوە، ئەی بۆ لە لیژنەکاندا ئەم گفتوگۆیەی کەلەسەری کراوە لایەنی پەیوەندیداری بانگ نەکردووە، بۆ ئاوا کاتی پەرلەمان بەزایع بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕایەکەی ناسك خان دەکەم، دیارە ئەمە دوو پڕۆژەیە، یەکێکیان لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئامادە کراوە، کە ئەم پڕۆژەیان لە خولی پێشووش ئامادە کرابوو، دووجار خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، دووجار جەنابی وەزیر بانگ کراوە، گفتوگۆی زۆر تێروتەسەلی لەسەر کراوە، پڕۆژەی دووەمیش کەهاوشێوەی پڕۆژەی یەکەمە، هی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، دیارە ئەوانیش بەدواداچوونیان بۆ کردووە، سەرباری ئەوەی ئێمە لەنووسینگەی سلێمانی، لەگەڵ هاورێکانم جارێك لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی زەریبە دانیشتووین، ئەم هەموارەیان پێ باش بووە، دیارە ئەمە ماوەیەکی زەمەنی زۆر زۆری بەسەر چووە، کە ئەم دوو پڕۆژەیە تەقدیم کراوە، وە گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە لە لیژنەکان، لە نووسینگەش گفتوگۆی لەسەر کراوە، سەرباری ئەوەی کە ئێستا هەمووومان دەزانین بارودۆخی زەریبە زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، وە ئەرکێکی زۆر زۆرە لەسەر هەموو چین و توێژەکانی

**کۆمەڵگاکەمان، بەتایبەتی لەسەر خەڵکی هەژار، ئێستا مەسەلەی بازاڕی فرۆشتنی خانوو وزەوی بەشێوەیەك وەستاوە، لەبەر ئەوەی کە زەریبە زۆر زۆر بووە، بۆیە من داوا دەکەم بۆ کار ئاسانی و کەم کردنەوەی زەریبە لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگاکەمان داخڵی موناقەشەکان ببین لەوێ خیلافەکانمان بزانین چیە جارێ؟، ئەو کاتە چارەسەری دەکەین، چونکە ناکرێت لەوە زیاتر تەئجیلی بکەین، چونکە وەکو باسم کرد پڕۆژەی یەکەمیان کە هاووشێوەی ئەوەی حکومەتە لە خولی یەکەم ئامادە کراوە، چوار ساڵی بەسەردا ڕۆشتووە، یەعنی دوای چوار ساڵ ئێمە نەمانتوانی بگەینە نەتیجەیەك، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سالار، فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا ئەم بابەتە، ئەم پڕۆژە یاسایە، زۆرتر ڕەهەندی مالی وئابووری وئیداری هەیە، من تەصەورم وایە، دەبوو لیژنە پەیوەندیدارەکان لەم مەسەلەیەدا بە پشت بەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی هاوبەشیان ئامادە بکردایە، ئەمە زۆرتر عومقێکی هەیە پەیوەندی بە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانەوە هەیە، لەبەر بنەمای دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی وردەکاری زۆر زۆر تێدایە، لەو ڕوانگەیەوە من وای دەبینم تەقصیر لەوانەیە لە لیژنەکاندا بێت، بۆ ئەوەی ئێمە بەحاڵەتی دانیشتنی دوێنێ و دانیشتنەکانی داهاتووش بەو بارە نەچێت، لە لیژنەکاندا کۆمەڵێك پرسی گرنگ بەتایبەتی ئەو پرسانەی کە ڕەهەندی سیاسیان نیە، لە ئێستاشدا هەر خوێندنەوەیەك بەدیویێکی سیاسی بۆ ئەم بابەتانە، تەسەورم وایە خوانەخواستە لەوانەیە تووشی ئیجحاف بین لە حەقی کۆمەڵێك چین وتوێژ کە پێویستیان بەوە هەیە کە لەبارو گوزەرانیان حکومەت بەپێی ڕێکارە یاساییەکان، وەدەسەڵاتی یاسادانان بەپێی ڕێکارە یاساییەکان بتوانێت ئاوڕدانەوەیان لێ بداتەوە، بۆیە من پشتگیری بۆچوونەکەی خاتوو سۆزان وبەڕێز هاژە خان دەکەم، کە ئەم دانیشتنە دوابخرێت، تا باشتر ئەم مەسەلەیە دیراسە بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، دکتۆر ئەحمەد وەرتی، فەرموو.**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێم وایە بەڕاستی ئەو پڕۆژە یاسایە، ئەو هەموارکردنە لە ئەنجامی پێداویستیەکی ناو کۆمەڵگای ئێمە هاتووە، کە پێویستیەکی خەڵکە، باج زۆرە بۆ ئەوەی ئیشوکاری خەڵك کارئاسانی بۆ بکرێت و بڕوات، لە لیژنەکانیشدا موناقەشە کراوە، وابزانم لایەنی پەیوەندیداریش بانگ کراوە، گفتوگۆ کراوە بەتێروتەسەلی، ئەوەی من ئاگادار بم لە لیژنەی یاسایی، وە داراییش بەهەمان شێوە ڕاپۆرتیان هەیە، ئەبێت ڕای ئەوانیش وەربگیرێت، من پێم باشە موناقەشە بکرێت، چونکە ماددەکان ئەوەندە زۆر نین تەواو ئەبن، دەکرێت**

بچینە سەر ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە ڕەهەندی گشتی سیاسیان هەیە، پێم وانیە ئێمە ماتڵ بین لە موناقەشەکردنی ئەو یاسایانە، تەنانەت یاسا عێراقیەکەش وابزانم لەبەرچاو گیراوە لەو هەموارکردنەدا، پێم وایە ئەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی عێراقیدا جیاوازییەکی وای نیە، ئێمە پشتگیری لێ دەکەین وەکو ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییدا هاتووە، من پێم باشە موناقەشە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پڕۆژە یاسایەی کە پێشکەش کراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، لەڕووی شکلیەوە تێبینی لەسەرە نەك تەنها لەڕووی بابەتی و مەوزوعیەوە، لەبەر ئەوەی کلێشەکە کلێشەی پڕۆژە یاسا نیە، لەلایەن وەزارەتێکەوە پرۆژەکە پێشکەش کراوە، هەرچەندە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانی لەگەڵ هاوپێچ کراوە، کەوا ئەنجومەنی وەزیرانیش پشتگیری لەو پرۆژەیە دەکات، بەڵام لەڕووی بابەتیەوە پڕۆژەیەکی زۆر هەستیارە، ئەگەر جەنابت ڕازی بیت لەسەر ئەوەی کە وەزیری دارایی ڕوونکردنەوەیەکمان بۆ بدات لەسەر سیاسەتی دارایی حکومەت، لەبەر ئەوەی بەپێی بڕگەی سێیەمی ماددەی 110ی دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕەنگ ڕێژکردن و سیاسەتی دارایی لەدەسەڵاتی حەصری حکومەتی ئیتیحادییە، هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر بە باج، مەوقیفی چیە؟، دەیەوێت ئەو باجە بەچ شێوەیەك فەرز بکرێت ودابندرێت؟، لەبەر ئەوەی لەماوەی چوار ساڵدا هەڵوێستی حکومەت زۆر جیاوازە، ئێمە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007، یاساکەمان پەسەند کرد، ئێستا سیاسەتی حکومەت 180 دەرەجە جیاوازە، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە ئەو یاسایەی ساڵی 2007دەرچووە ئێستا پڕۆژەیەك زۆر پێچەوانەی ئەو پێشکەش کراوە، ئەو ماددانەی کە ئێمە ڕامانگرتبوو کاری پێ نەکرێت، لە یاسای ساڵی 2007 ئێستا هەمان بڕگەی یاساکەیە کە حکومەت داوا دەکات کاری پێبکرێت، بەڵام هەتا کلێشەکەش بەو شێوەیە هەڵوەشانەوەیە، کار پێکردنە، بەڵام لەگەڵ هەموارکردن، کە هەموار دەکات ناوەڕۆك وپرەنسیپەکان کە یاساکەی لەسەر داڕێژراوە هەمووی زۆر جیاوازە، واتە نەك تەنها ئەو بڕگەو مادانەی کە لەیاسای ساڵی 2007 هاتووە کار کردنی پێ ڕاگیراوە، داوای دووبارە کارکردنەوە دەکات بەمەرجێك ماددەکان دووبارە دابڕێژرێتەوەو هەموار بکرێت، وە سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی پڕۆژەکەی حکومەت، نووسراوە هیبە عەفوو بکرێت، ببەخشرێت لەباج، ئەو یاسایەی کە پێشتر کۆمەڵێك مەرجی بۆ دانرابوو، یاسای عێراقی کە لە کوردستان کاری پێدەکرا، بەڵام داوا کرایە کەدووبارە کار بەو ماددەیە بکرێت، بە هەڵگرتنی هەموو ئەو مەرجانەی کە تێیدایە، یەعنی تەقریبەن باج لەسەری نامێنێت، وە مەرجەکانی هەڵگرتووە، بەشێوەیەکی موتڵەقی هێناویێتیەوە کە هەموو هیبەیەك حەتا مەحەلاتی تیجاری، نەك تەنها سەکەنی کە لەئەصڵی یاساکە جیاوازی کراوە لەنێوان سەکەنی و تجاری، ئەو پڕۆژەیە ئەو مەرجەشی هەڵگرتووە، وە سەقفی زەمەنی دانراوە، ئەویشی لابردووە،

هەروەها ئەو مەرجانەی کە تایبەتە بە شوێنەکەو چۆنیەتی تەصەڕوف کردن بەنیسبەت (موهوب له) ئەو کەسی کە هیبەی بۆ دەکرێت هیچ مەرجێکی نەهێشتووەتەوە، هەموو هیبەیەك لەنێوان ئەو کەسانەی کەدیاری کراوە، بەبێ هیچ مەرجێك بەبێ هیچ قەیدێك ئەو سنوورەی کەدانرابوو هەمووی هەڵگرتووە، لە زەریبە عەفوو دەکرێت، بۆیە ئەگەر جەنابت ڕەزامەندی بفەرموویت با وەزیری دارایی ڕونکردنەوەیەکمان بۆ بدات، لەسەر سیاسەتی دارایی و مەوقیفی حکومەت لەباجەکە بەچ شێوەیەکەو ئەو گۆڕانکارییە لەبەرچی ڕوویداوە، چی ڕوویداوە کەوای کردووە حکومەت هەڵوێست و مەوقیفی بەرامبەر باج بەو شێوەیە بگۆڕدرێت؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ کاتێك قسەمان کرد لەسەر بەرنامەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ڕەخنەمان هەبوو لە شێوازی دارِشتنی بەرنامەکە، بەڕێزتان جوابتان داینەوە سەبارەت بە چۆنیەتی دارِشتنی بەرنامەکە، ناکرێت لەپەرلەمان بەڕاستی مەبەستم ئیرادەی هەموو پەرلەمان هەبێت، دەوری هەبێت لە تەئجیل کردن، ئێمە لەلیژنەکان خۆمان موناقەشەیەکی زۆرمان کردووە، من لەوێ ئەو پرسیارەم کرد، ئەو بەڕێزانەی حکومەتیش لەوێ بوون، وتیان ئێمە هەرکاتێك پرۆژەیەك پێشکەش دەکەین دەبێت ئامانجمان زۆر زۆر ڕوون بێت لە پرۆژەکە، کێ قازانجی لێدەکات، واتە ئامانجەکە زۆر سادەو ڕوون بێت بەرامبەر هاووڵاتی، ئێمە بۆ ئەم پرۆژەیە پێشکەش دەکەین، کاتێ کەپرۆژە پێشکەش دەکرێت، ڕاپۆرتی بۆ دەنووسرێت، ئینجا دێینە ناو پەرلەمان بەشێوەیەك لە شێوەکان جارێکی تر ڕەفز دەکرێتەوە، یان تەئجیل دەکرێت، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەمە زەریبەیە، وە زەریبەش مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، گرنگە، پێویستە زۆر ڕوون بێت لەلای خەڵك، ئامانجمان لەهەموارکردنی چیە؟، بەڵام ناکرێت پەرلەمانتاران موناقەشەی نەکەن، نەزانن کێشەکان چیە؟، وە بۆ تەئجیلی دەکەن؟، لەپڕ بەبەرنامەیەك دەخرێتە بەرنامەی کارەوە، کە دەیان پرۆژەی گرنگ هەیە نایخەنە ناو بەرنامەی کارەوە، کاتێ ئەم پرۆژەیەش دەخەنە بەرنامەی کارەوە، دوای ڕۆژێك، دوای ڕاپۆرت نووسین دێین بەبێ موناقەشەی ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن با تەئجیل ببێت، یەعنی سێ، چوار کەس حوکم لەسەر گێڕانی دەوری ئەو پەرلەمانەیە، کە تەئجیل کردن ودانانی بەرنامەیە، ئەوە چۆن دەبێت؟...

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە جارێ سێ، چوار کەس نیە؟، هەموو شتەکان لێرە بە دەنگدان دەبێت، قەیناکە ڕەئیت هەیە لەسەر ئەوەی کە تەئجیل بێت یان تەئجیل نەبێت، بەڵام لەسەر ئەساسی دوو کەس یان سێ کەس نیە، کە تەئجیل دەبێت، لەسەر ئەساسی دەنگدانە، ئیرادەی خۆتانە، ئیرادەتان ئەوە بێت کە زۆرینەی دەنگ بڵێن تەئجیل

بێت، ئەوە تەئجیل دەبێت، بڵێن با تەئجیل نەبێت ئەوە تەئجیل نابێت، ئەوە ئیرادەی دوو کەس یان سێ کەس نیە، فەرمووو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك وبرایانی بەڕێز من وەکو مەبدەء، لەگەڵ نەصی پرۆژەکەدام کە لە حکومەتەوە هاتووە، بەڵام جانبی یاسایی ودەستوورییەکە بەڕاستی ئەوە خوشك وبرایانم لە لیژنەی یاسایی ئەبێت قسەی لەسەر بکەن، من بەخۆم مەشکوکم لەسەر ئەوەی کە گومانم هەیە کە ئەمە لەسەلاحیەتی مەرکەزیدا بێت، بەڵام بۆچی لەسەر مەبدەئی یاساکە، ئێمە ڕۆژانە دەبینین کوردستان لە ئەزمەیەکی ئابووری گەورەدایە، بەڕاستی تەنگەژەمان هەیە، خەڵك خۆی دەخنکێنێت، ڕۆژانە ئەم حاڵەتانە هەیە، یەعنی ئێستا مەسەلەی بێکاری، مەسەلەی گرانی، کۆمەڵێك شت بۆتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی خێزانی تێکداوە، زۆر جار حکومەت لەم حاڵەتانەدا پەنا بۆ ئەوە دەبات کە زەریبە دەستکاری بکات، زەریبە یەکێکە لەو وەسائیلانەی کە حکومەت ئاسایشی کۆمەڵگای پێ دەگێڕێتەوە، وەزعی ئابووری خەڵکی پێ ئاسان دەکات، خۆشبەختانە ئێستا لەعێراق و لەکوردستاندا، وەزعی بازاڕی نەوت بازاڕێکی باشە، بودجە لەحاڵەتێکی باشدایە، حکومەت ناتوانێت، چونکە مەسائیلی ئابووری، مەسەلەن پرۆژەی ئیستیراتیژی هەم وەکو کشتوکاڵ هەم وەکو  پیشەسازیی، ئەمە زەمەنی دەوێت، کاتی دەوێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەتاڵە، من پێم وایە حکومەت یەکێك لەم هەنگاوانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان بۆ کەم کردنەوەی ئەو قورساییە، پەنای بۆ ئەم ڕێگاییە بردووە، بۆیە من ئەم پرۆژەیە نەصەن وەکو ئەوەی کە حکومەت هێناویەتی قبوڵمە، ئەگەر جانبی دەستووری و یاسایی ڕێگر نەبن، پێم باشە دەنگی لەسەر بدەین بۆ ئەوەی وەکو وتم ئەرکێك لەسەر شانی خەڵك کەم بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، دکتۆر ڕەفیق، فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سیاسەتی باج ڕەنگدانەوەی سیاسەتی دارایی هەروڵاتێکە، من پێشم وایە لەهەر سیاسەتێکی باجدا، دەبێت باڵانسێك هەبێت لەنێوان بەرژەوەندی گشتی وبەرژەوەندی تاکدا، ئێمە ئەوەندەی کە پەیوەندی بەمەسەلەی خانوو وموڵکەوە هەیە، قانونێك هەیە کەزۆر عەدالەت خوازانەترە، زۆر زیاتر بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو دەگرێت لەو پرۆژە یاسایەی کە لەحکومەتەوە هاتووە، لەم پرۆژە یاسایەدا ئەوەی  کە لەبەرچاو گیراوە، بەژەوەندی کۆمەڵێك خاوەن موڵك وخاوەن تەلارە بە پلەی یەکەم، وە هەوڵدانێکە یەکەم: بۆ کەم کردنەوەی باج لە نیسبەتی 3٪ وە تەصاعدی بۆ سەر، بۆ نیسبەتی 1٪، دووەم: هەوڵدانە بۆ ئەوەی کە کەسێك، ئەگەر موڵکێکی زۆری هەبێت وبیەوێت لە زەریبە بدزێتەوە، ئەو موڵکە بەئارەزووی خۆی

بەبێ هیچ مەرجێك بەسەر ئەندامانی خێزانەکەی خۆی دابەش بکات و ئەوانیش بەبێ دیاری کردنی مودەیەکی زەمەنی بەئارەزووی خۆیان بیفرۆشنەوە، لەبری ئەوەی لە یاسا ئەصڵەکەدا هاتووە، لەماوەی 10 ساڵدا کەسێك کە دیارییەکە،(هبە)کە وەردەگرێت بۆی هەبێت تەصەڕوفی پێوە بکات، ئەو دەتوانێت ڕۆژی دووەم بیکات، سێیەم: سنووری دانەناوە کە ئایا کەسێك دەتوانێت شوقەیەك یان خانوویەك بدات بە کوڕەکەی یان منداڵەکانی یان ژنەکەی، یان هۆتێلێکی پێنج ئەستێرەیی کە بایی ملیۆنەها دۆلار بێت؟، چوارەم: لە ئەصڵی یاساکەدا دەڵێت، هبە کاتێك لە زەریبە دەبەخشرێت کە بدرێت بەکەسێك کەخۆی خانووی نەبێت، کە ئەمە زۆر ئینسانیە، کەسێکە، خزمێکە یان کوڕیەتی یان کچیەتی، خانووی نەبووە، بۆ خۆی دەیداتێ ئەوە حەقی خۆیەتی لەباج ببەخشرێت، بەڵام بۆ خۆی چەند خانووی هەبێت جارێکی تر خانوو وەربگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە فەراغێکی یاسایمان نیە بۆ ئەم مەسەلەیە، تا پێویست بەم یاسایە بکات، ئێمە یاسایەکمان هەیە لەمە عەدالەت خوازانەترە، ئەمە سیاسەتێکی مالی لە پشتەوەیە، کەزۆر بەداخەوە دەڵێم کەمتر بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو دەگرێت، بەپێچەوانەوە بەرژەوەندی گشتی خستۆتە ژێر بەرژەوەندی تاکەوە، ئەمە لەدابەشکردنی سەدان هەزار دۆنم زەوی بەنرخی خۆڵەمێش و خۆڵ دەردەکەوێت کە دەدرێت بەکۆمپانیا دوایی بەمەتر دەیفرۆشێتەوە بەخەڵك مەتری بە (500)دۆلار وبە (1000)دۆلار، ئەمە سیاسەتێکی مالی لەپشتەوەیە، کەنەیتوانیوە باڵانسێك لەنێوان بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تاکدا ڕابگرێت، لەبەر ئەوە من ئەصڵەن لەبنەڕەتدا داوا دەکەم کە ئەمە هەر ڕەد بکرێتەوە، وە کار بکرێت بۆ ئەوەی پرۆژە یاسایەکی تر، ئەگەر پێویست بێت دەستکاری بکرێت لەسەر ئەساسی ڕاگرتنی باڵانسی بەرژەوەندی نێوان گشتی و تاك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك سەمیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم حمە بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم مەوزوعە یەکەم: بەو پێیەی کە ئێمە لەچوارچێوەی حکومەت و وڵاتێکداین کە فیدڕالیەو سیاسەتی ئابوورییەکەی مەرکەزییە، دووەم وڵاتێکی نەوتیشە، بەهەردوو ئیعتیبارەکە هەر تەعدیلێك لە هەر یاسایەك یان هەر یاسایەك کە خزمەت بەهاووڵاتیان بکات و خزمەت بەهەرێم بکات، لەڕووی لابردنی زەریبە لەسەر هاووڵاتیان، ئیشێکی گەورەیە و خزمەتێکی گەورەیە بەم وڵاتە ئەکرێت، ئەم یاسایە هەم حەرەکەتی تجاری تەنشیت ئەکات، هەم داهاتی هەرێم بۆ خۆی دەبێتە مەخزونێك بۆ ئێرە، خاڵێکی تر هبە حەقێکی یاساییە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەهلیەتی یاساییان هەیە لە ڕاستیدا، تۆ بێیت ئەگەر ئەو حاجز و تەخەوفانەی کە هەندێك لە برادەران هەیانە، ئەتوانین لەناو بڕگەکاندا جێگای بکەینەوە، مەسەلەن ناعەدالەتی لەبارەی تەحویل دان بۆ منداڵێك و منداڵەکانی تر مەحروم بکات، ئەمە حاجزێکی مەعقول و مەنتقیە، وە سەر لەناعەدالەتی ئەکێشێت، ئێمە ئەتوانین لەوێدا جێگای بکەینەوە، خاڵێکی تر مەسەلەی

تجاری ئەتوانین جنسی عەقارەکە تەحدید بکەین، لەناو بڕگەکەدا، زۆر ئاساییە لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم تەعدیلە ئەم مەسەلەی لابردنی زەریبەیە خزمەت بەهاووڵاتیان دەکات و بەهەرێمیشی دەکات، بۆیە داوا دەکەم کە بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، کاك دڵشاد، نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیەکەم پتر لەسەر ئەوەیە کەهەندێك لە موداخەلاتی ئێمە خەریکە دەچێتە بواری ئەوەی کە ئێمە موناقەشەی یاساکە دەکەین، چەند پێویستەو چەند پێویست نیە، ئەو تەرحەی کەلەلایەن سۆزان خانیشەوە کرا، پێم وایە ڕوون وئاشکرا بوو، بۆ ئیلغا کردنی یان ڕەفز کردنی یاساکە نیە، هەمووی لەیەك مونتەڵەقەوەیە، مەرجیش نیە، ئەگەر پێشنیارێکی وا لەتەرەفی فراکسیۆنێکەوە یان چەند ئەندامێکی پەرلەمانەوە کرا، ئیلا دەبێت مەغزایەك و خوێندنەوەیەکی سیاسی وپرسیاری بەدواوە بێت، بۆ دەبێت وابێت،؟، بۆ دەبێت وا نەبێت؟، خۆ هیچ لە دوێنێ نزیکتر نیە، شت پێشکەش کرا لێرە، بەشێکی زۆریش لە ئەندامان مەسەلەن کە تەبەنیشیان کردووە، دەنگیشی لەسەر درا، بە عەکسی ڕەئی پێشنیارەکەش تەسبیت کراو قاڵبێکی تری وەرگرت، بۆیە من پێم وایە گوتنەکان لەچوارچێوەی گرنگیدان بێت بەیاساکە، نەك ئەوەی کە ئێمە بەموتڵەقی ڕەدی بکەینەوە، نە هی ئەوانیش کە ئێمە بەخێرایی بەسەریدا تێپەڕ ببین، ڕاستە ماوەیەکی زۆرە ئەما لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر دەرفەتێکی تر بدرێت من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لە دەرئەنجامدا ئێمە یاسا یاخود بە تەعدیلێکی پوختی ئەو بڕیار و یاسایانەی کەهەن دەربچین، منیش پشتگیری ئەوە دەکەم، پێم وایە بەشی ئەوە قسە کرا، بمبوورن، کە ئەمە دەسەڵاتی جەنابتانە، بەڵام ئەگەر مومکین بێت بخرێتە دەنگدانەوە، دووپاتیشی دەکەمەوە نە بۆ ئیلغایە، نە بۆ تەئید کردنە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە دەرفەتی باشتر لەبەردەستدا بێت، تا شتێکی پوخت تر پێشکەش بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

دوا کەس دکتۆر صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پڕۆژەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، وە پەیوەندی هەیە بە سیاسەتی گشتی و سیاسەتی ئابووری لەهەرێمی کوردستاندا، وە زۆر ڕەهەند و لایەنی تریشی هەیە، لایەنی کۆمەڵایەتی، لایەنی پەروەردەیی زۆر، بۆیە من پێم باشە بەدیدگایەکی فراوانترەوە سەیری ئەم مەوزوعە بکرێت، چونکە هەم ئەوانەی کە دەڵێن با ئیلغا بکرێت، پاساوی بەهێزیان هەیە، هەم ئەوانەشی کە دەڵێن بابەردەوام بین بەهەمان شێوە، بەڵام من تەئیدی ئەوە دەکەم کە زۆر بەشێوەیەکی هێمنانە موناقەشە بکرێت، ئەگەر بکرێت مەسەلەن

**تەئجیل بکرێت بۆ هەفتەی داهاتوو یان کاتێکی تر، ئەوە زۆر باشترە، چونکە هەر ئەم مەوزوعی هیبەیە کە باس دەکرێت، وەکو حەقێکی شەرعی و یاسایی بۆ هەرکەسێك ڕەوایە، بەڵام بۆنی ئەوەی لێدەکرێت کە ئەمە تەحایولی تێدا بێت لە دانی زەریبە، بۆنی ئەوەی لێدەکرێت کە ئەمە پێچەوانەی ئەو سیاسەتە گەشەسەندووە بێت کە لە ئابووری کوردستان و بازرگانی کوردستاندا ڕەچاو دەکرێت، بۆیە تەئیدی ئەوە دەکەم کە ئەمە نەك ڕەفز بکرێت یان تەبەنا بکرێت بەشێوەیەکی موتڵەق، بەڵکو تەئجیل بکرێت بۆ ئەوەی بە دیدگایەکی فراوانترەوە دیراسە بکرێت، ئینجا دەنگدانی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**گفتوگۆی زۆرمان لەسەر کرد، سێ بۆچوونی جیاواز هەیە، یەکێکیان: دەڵێت با گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئەوی تر دەڵێت با دوابخرێت، یەك کەسیش دەڵێت با ڕەد بکرێتەوە، لەبەر ئەوە بەپێی نیزام دەبێت دوو بۆچوونەکەی یەکەم بخەینە دەنگەوە، ئەوەی کە دەڵێت با گفتوگۆی لەسەر بکرێت تکایە بادەستی بڵند بکات؟، 24 کەسی لەگەڵدایە؟، ئەوەی کە دەڵێت با دوابخرێت تکایە بادەستی بڵند بکات؟، 48 کەسی لەگەڵدایە، کە دوابخرێت، بەپێی دەنگدانەکە گفتوگۆ دوادەخرێت، بۆیە کۆتایی بەدانیشتنەکەی ئەمڕۆمان دێنین تا ئاگادارتان دەکەینەوە بەخواتان دەسپێرم، خواتان لەگەڵ.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 26\9\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)

## دووشەممە رێكەوتی 2011/9/26

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/9/26 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/9/26 دا بەم شێوەیە بێت:

1- میوانداری بەڕێز وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی كوردستان.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەكان سەربازی (قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكرية) ژمارە (30)ی ساڵی 2007ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی كوردستان.

4- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای راژەو خانەنشینی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ (قانون خدمة وتقاعد لقوى الامن الداخلي) ژمارە (18)ی ساڵی 2011ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی كوردستان.

5- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2008 یاسای دابین كردنی یەكەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی كوردستان.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەكان بۆ هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ (قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي) ژمارە (17)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی كوردستان.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای سزایی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ (قانون عقوبات قوى الامن الداخلي) ژمارە (14)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی كوردستان.

8- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای (مأذون الشرعي) لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (3)، رۆژی دانیشتن 2011/9/26، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2011/9/26 بەم شێوەیە بێت:

1- میوانداری بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەکان سەربازی (قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكرية) ژمارە (30)ی ساڵی 2007ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای راژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (قانون خدمة وتقاعد لقوى الامن الداخلي) ژمارە (18)ی ساڵی 2011ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2008 یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي) ژمارە (17)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (قانون عقوبات قوى الامن الداخلي) ژمارە (14)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان.

8- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای (مأذون الشرعي) لە هەرێمی کوردستان.

بەخێر هاتنی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و مونەسیقی نێوان حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان دەکەین، ئێستاش بڕگەی یەك لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان جێ بەجێ دەکەین، سەرۆکایەتی پەرلەمان وای پێ باش بوو کە لەم چەند هەفتەی داهاتوودا، هەر هەفتەی جارێك، یان چەند هەفتە جارێك یەکێك لە وەزیرە بەڕێزەکان میوانداری بکات لە پەرلەمان، بۆ ئەوەی بزانین لەو چەند مانگەی رابردوودا ئیش و کارەکانیان چی کردووەو، چیان لەو پرۆژانە ئەنجام داوە؟ کە وەختی خۆی وەعدیان

داوەو، لە ئایندەش ئەو پرۆژانە چین لەبەردەستیان دایە بۆ جێ بەجێ کردن، ئێستا داوا دەکەین بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بفەرمووێت بۆ ئەو میوانداریەو، ئەو راپۆرتەی کە ئامادەی کردووە، با پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکات، شیاوی باسە دوای ئەوەی ئێمە بەرنامەی کارمان دانا، نووسراومان پێگەیشتووە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە ژمارەیەك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان داوایان کردووە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزیری پلاندانان لەسەر هەندێك پرسیار بێنە پەرلەمان، بەلأم ئێستا لەبەردەستی سەرۆکایەتی پەرلەماندایەو دیراسەی دەکات، ئینشائەللا لە داهاتوودا ئەوەش بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان جێ بەجێ دەکەین، فەرمووو جەنابی وەزیر بەخێر بێیت و، فەرمووو بۆ راپۆرتەکەتان.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.**

**ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەم کاتەتان باش.

بەختەوەرم بەم میوانداریەی پەرلەمانی کوردستان و رەخساندنی ئەم دەرفەتە، تاکو لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان بتوانم کارو پرۆژەو بەرنامەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئێوەی نوێنەرانی گەلی کوردستان بخەمەڕوو، هەروەها لەم میوانداریەدا دەمەوێت هەوڵەکانی ئەم وەزارەتە لەماوەی کەمتر لە دوو ساڵی حکومەت کەپڕە لەدەستکەوت و بەرنامەو پرۆژەی گرنگ بۆ خەڵکی کوردستان، بەتایبەت ئەو چین و توێژانەی زیاد لەپێویست پێویستیان بەهاوکاری کردن هەیە بۆتان بخەمەڕوو.

بەڕێزان، پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەهەر وڵاتێکی دونیادا لەڕێگای پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدی دەکرێت، بەلأم پێویستە خزمەت گۆزارییەکانیش لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و شیاری تاکەکانی کومەڵگادا بگونجێن و تەواوکەری یەکتر بن، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە یاسای ژمارە 34ی ساڵی 2004 لە پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە. ئەم وەزارەتە لایەنێکی گەورەو گرنگی کاری حکومەت و کۆمەڵگایە بۆ بەرنامە دانان و بەزانستی بەرجەستە کردنی هەموو ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریانەی کە هۆکارن بۆ بەرەو پێش بردن و گۆڕینی ژیانی کۆمەڵگاو خۆشگوزەرانی زیاترو سەردەمیانە بۆ دابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزرایە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها کارکردن لەگەڵ هەموو ئەو بوارانەی کەپەیوەندیان بەژیانی تاك و کۆمەڵ هەیە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و هۆشیاری و تەندروستی و پەروەردەو فێرکردندا.

ئەندامانی پەرلەمان... بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارو توانای ئەم وەزارەتە بەشێوەیەك ئەو پرۆژانەی بەرنامەمان بۆیان داناوە جێبەجێیان بکەین بە مەبەستی خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ دەست

بەکاربوونمان لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەپێویستمان زانی ئەو یاساو بڕیارو سیستەمانەی کەپێشووتر کاری لەسەر کراوە هەمواری بکەینەوە، چونکە بەشێکیان لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان ناگونجێت. هەنگاوی یەکەمی کارکردنمان لەوەزارەت، هەموارکردنەوەی یاساو بڕیارو سیستەمەکان بوو، کە بەسوپاسەوە هەوڵ و ماندوو بوونی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستانیشی پێوە دیارە.

لە یەکەم هەوڵدا بەئاراستەی خزمەتی زیاتری کرێکارانی کوردستان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان، یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران دوای چەندین کۆبوونەوەو ئەنجامدانی کۆنفرانسێك هەموار کرایەوە، لەم پرۆژە یاسایەدا کە ئێستا لەبەردەمی ئێوەدایە، چەندین ماف بۆ کرێکاران دەستەبەر کراوە، هیوادارین لە داهاتوویەکی نزیکدا بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ پەسند کردنی، بەگوێرەی ئەم پرۆژەیە کرێکار لە کەرتی تایبەت بەهەمان شێوەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی سوودمەند دەبن لەو مافانەی کەفەرمانبەران هەیانە، هەروەها بەهەمان پێوەری فەرمانبەرانی حکومەتیش خانەنشین دەکرێن و حکومەتی هەرێمیش رێژەی لە 30٪ی تێچوونی سندووقی زەمان دەگرێتە ئەستۆ وەکو هاوکاریەك بۆ ئەو کەسانەی لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن. جگە لەم یاسایە لە ئێستادا پرۆژە یاسای چاودێری و شیاندنی کەمئەندامان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە بۆ پەسند کردن. ئەم پرۆژەیە کۆکراوەی رای زۆربەی رێکخراوە کەمئەندامیەکانی کوردستانە، کە لەکۆبوونەوەیەکدا سەرجەم رێکخراوەکان رای خۆیان لەسەر ئەم پرۆژەیە خستەڕوو و دەنگیان بۆ دا، دواتر بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران. ئامانج لەم پرۆژەیە پارێزگاری و دەستەبەرکردنی ماف و پێداویستیەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتە، هەروەها چۆنیەتی مامەڵە کردنیان وەکو کەسێکی ئاسایی و پێدانی کەسایەتی سەربەخۆی خۆیان بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتیەکان. لە برگەکانی پرۆژەکەدا باس لەوەکراوە مووچەی کەمئەندامان بەپێی رێژەی کەمئەندامیەکەیان بێت و لەهەر فەرمانگەیەکی حکومی و کەرتی تایبەتدا رێژەی دیاری کراو بۆ کەمئەندامان دیاری بکرێت بۆ دامەزراندن، هەروەها لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون پشکی کەمئەندامان لەبەرچاو بێت، جیا لەوەش هاوکاریکردنی کەمئەندامان لەپرۆژەکانی وەرزشی و رۆشنبیری و پەرەپێدانی تواناکانیان لەو بوارەداو ئاسانکاری کردن بۆیان.

بەڕێزان، لە پاڵ یاساکاندا درکمان بەوە کرد بەشێك لە سیستەمەکانی وەزارەتیش لە بوارە جیاجیاکاندا پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە لەو پێناوەشدا لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا (سیستمی دایەنگاکان کە لە 17 ماددە پێکهاتووە دەستکاری کراو گونجێنراوە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و، ئێستا ئەم سیستەمە لە ئەنجومەنی وەزیرانە) و بەم نزیکانە بڕیاری لەبارەوە دەدرێت، هەروەها (سیستمی چاکسازی کۆمەڵایەتی ژمارە 2ی ساڵی 2011 کە لە (47) ماددە پێکهاتووە، ئەویش لە ئەنجومەنی وەزیرانە بۆ بڕیاردان لەسەری)و (سیستمی ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو کە پێی دەوترێت (شەڵتەر)و لە 14 برگە پێکهاتووەو لە ئەنجومەنی شوورایە، بۆ دەرچوونی بڕیاری کۆتایی لەبارەیەوە، چونکە لە شەڵتەرەکان

خزمەتگوزاری یاسایی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و خزمەتگوزاری پاراستنی ژیان پێشکەش بەو ژنانە دەکەین، کە هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە، لەرێگای دادگاو توێـژەرانی کۆمەڵایـەتیش کێشـەکانیان چارەسەردەکرێت و دەگەڕێنرێنەوە ناو کۆمەڵگەو خێزانـەکانیان. دوای هەموارکردنـەوەی زۆربـەی پـرۆژە یاساو سیستمەکان دەستبەجێ لەلایەن لێژنەی تایبەتمەندی یاسایی و بەئەزموونەوە رێنمایی پێویستیان بۆ دەکـراوە، لـە مـاوەی دوو سـاڵدا وەزارەت رێنمـایی بـۆ (6) پـرۆژە دەرکـردووە، لەوانـە (دەرکردنـی رێنمـایی مۆڵـەتی سـزادراوانی چاکسازیەکان، رێنمـایی بـۆ کردنـەوەی خانـەی بەساڵاچـووانی ئـەهلی و خێرخـوازی، رێنمایی بۆ پێدانی قەرزی بچووك و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێ کاران و دابینکردنی بیمەی بێ کاری).

بەڕێزان سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

لە ماوەی دەست بـەکاربوونی کابینـەی شەشـەمی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لـە وەزارەتمـان تـا ئـەمڕۆ ژمارەیـــەك پـــرۆژەی پێویســـت جێبـــەجێکراون و بڕیاریـــان لـــەبارەوە دراوەو بەشێکیشـــیان لـــەژێر جێبەجێکردنـدان، چـونکە ئەگـەر بمانـەوێت خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتیـەکان پـێش بخـەین دەبێـت بینـاو باڵەخانەی گونجاو، شـوێنی شـیاو دەسـتەبەر بکـەین، تـاکو خزمەتـەکان وەك خۆیـان پێشکەش بکـرێن، لـەو ماوەیەدا (28) پرۆژە جێبەجێکراون و بەشێکیشیان لەقۆناغی تەواوبوون دان.

لە پرۆژە ئەنجامدراوەکانی ساڵی 2010ی وەزارەت دروسـتکردنی سـەنتەری پاراسـتنی منـداڵان بـە جیـا لـە قـەڵادزێ و راپـەڕین و چەمچـەماڵ و شـۆڕش و کـەلارو رزگـاری و کفـری و هەڵەبجـەی شـەهیدو هەڵەبجـەی تـازەو سـەید سـادق و پێنجوێن، هـەروەها بـەردەوام بـوون لـە پـرۆژەی دروسـتکردنی باڵەخانـەی مەشـق و راهێنانی پیشەیی لەکەلار بەبڕی زیاتر لە سێ ملیار دینـار، دروسـتکردنی سـەنتەری رێنمـایی دەروونـی لـە پارێزگـای سـلێمانی و سـەنتەری پاراسـتنی منـداڵان لـە کۆیـەو دەربەنـدیخان و، نۆژەنکردنـەوەی هـۆڵی پەروەردەو راهێنانی منداڵان لە کەلار.

لە پارێزگای دهۆك سەنتەری پاراستنی منداڵان لە ئامێدی و سێمێل و زاخۆ و ئاکرێ دروستکراون، هەروەها دروستکردنی دایەنگەیەك لەپارێزگای دهۆك و نۆژەنکردنەوەی بینای ماڵی خەنـدەو گـۆڕینی بـۆ دایەنگـەی ژین لەشاری هەولێر، کە کۆی بودجەی پـرۆژە ئەنجامـدراوەکانی وەزارەت بـۆ سـاڵی 2010 بـریتی بـووە لـە 17 ملیـارو 200 ملیـۆن دینـار. لـە پرۆژەکـانی سـاڵی 2011ی وەزارەت کـە ئێسـتا بەشـێکیان لـەقۆناغی جێبەجێکردن دان و بەشێکیشیان لەقۆناغی تەواو بوون دایە، دروسـتکردنی باڵەخانـەی مەشـق و راهێنـانی پیشـەیی لـە سـۆران بـەبڕی نزیکـەی 3 ملیـار دینـارو دروسـتکردنی دایەنگـەی هـەڤاڵان لەهـەولێر و دوو سـەنتەری پاراسـتنی منـداڵان لـە هـەولێر لەگـەڕەکی شـارەوانی و گـوڵان و سـەنتەری پاراسـتنی منـداڵان لـە شەقڵاوەو سۆران، هەروەها دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران لەهەولێر، کە ئێسـتا لەقۆناغی جێبەجێکردن دایەو لە 18٪ ی کارەکانی تەواو بووە بەبڕی نزیکەی 47 ملیـار دینـار جێبـەجێ دەکرێت، هاوشێوەی ئەم پرۆژیە بۆ یەکەم جارە لە هەرێمی کوردسـتان جێبـەجێ دەکرێـت، بـەڵام نـەك بـۆ هاندانی تاوان، بەڵکو بۆ چاکسازی و فەراهەمکردنی کەشێکی گونجاو بۆ بەنـد کراوەکـان، دوای گەڕانـەوەیان

بۆ ناو کۆمەڵگا، هەروەها دروستکردنی پرۆژەی باڵەخانەی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە سلێمانی کە بەبڕی زیاتر لە 6 ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت و لە 94%ی کارەکانی تەواو بووەو، یەکێکە لەپرۆژە گرنگەکانی بواری وەبەرهێنانی لەسەر سندووقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەروەها دروستکردنی خانەی بەساڵاچووان لە ناحیەی شۆڕش و سەنتەری چالاکیەکان بۆ مندالانی تەوێڵەو، دروستکردنی باڵەخانەی کۆمەڵگای کەمئەندامان لە دهۆك، هەر لەبواری مەشق و راهێنانی پیشەیی و بە ئامانجی خزمەت گەیاندن بە گەنجان و بێ کارانی زاخۆ و دەوروبەری، پرۆژەی بنکەی مەشق و راهێنانی پیشەیی زاخۆ ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە، ئەمانە ئەو پرۆژانە بوون لە ماوەی ئەم دووساڵەدا بۆ پێشخستن و فراوانکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان جێبەجێکراون.

بەڕێزان، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەبواری دۆزینەوەو رەخساندنی دەرفەتی کارکردن بۆ گەنجان و لاوان و بێ کاران لە هەرێمی کوردستان چەند بەرنامەیەکی جێبەجێ کردووە، ئەگەر رێگەم بدەن دەمەوێت باسی بەشێکی ئەو پرۆژانەتان بۆ بکەم و دەرئەنجامەکانی بخەمەڕوو.

لە درێژەی هەوڵەکانی وەزارەتمان بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی بێ کاری و بەمەبەستی پێگەیاندنی گەنجان و لاوانی هەرێمی کوردستان، لە سەرەتای ئەمساڵەوە بنکەکانی مەشق و راهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان خرانەوەگەڕ، بۆ ئەمەش بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەو بنکانە تەرخانکراوە، تاکو گەنجان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لەم بنکانەوە بەشداربن و خول ببینن، لەو چوارچێوەیەشدا بەپێی بڕیارێك لە هەرسێ شارەکەی هەرێمی کوردستان بەڕەسمی دەست کراوەتەوە بەکردنەوەی خولەکانی مەشق و راهێنانی پیشەیی. لە ئێستادا گەنجان دەتوانن ناوی خۆیان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکارخستن و راهێنانی پیشەیی لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك تۆمار بکەن بۆ بەشداربوون لەم خولانە، کە خولەکان بەیانیان و ئێواران بەردەوام دەبێت و دەبێتە هاندەرێك بۆیان، تاکو لەرێگای ئەم خولانەوە ئاشنای کارێك بکرێن، کە خولەکانیش بریتین لەخولی (کۆمپیوتەر - زمانی عەرەبی - بەنارمەی کاب - کارەبا - دروومان - ساردکەرەوە - دارتاشی - مۆلیدە - لکاندن) خولەکان بەخۆڕاین و خەرجی رۆژانەی هەر بەشدار بووێکیش دابین دەکرێت.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە کە خولەکان دەستیان پێکردووە، تا ئەم ساتەی ئێستا (57) خول لە بنکەکانی مەشق و راهێنانی پیشەیی (هەولێر - سلێمانی - دهۆك) کراونەتەوە، کە تیایدا نزیکەی 1000 هەزار گەنج خولیان بینیوەو فێری کارکردن کراون و بڕوانامەیان پێبەخشراوەو خولەکانیش بەردەوامن.

دوای بەدەستهێنانی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویست، بەڵێن دەدەین لە داهاتوویەکی نزیکدا هەریەك لە بنکەی مەشق و راهێنانی پیشەیی سۆران و، هەروەها بنکەی مەشق و راهێنانی پیشەیی گەرمیان کەلوپەلی پێویستیان بۆ دابین بکرێت و، ئەو بنکانەش بخرێنە خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان و گەنجان، بەڵام تاکە گرفتێك کە جێگای ئاماژە پێ کردنە نەبوونی ستافی پێویست و مامۆستای راهێنەرە بۆ دەستپێکردنی خولەکان.

جێگای خۆیەتی لەم دەرفەتەدا ئاماژەی بۆ بکەم هەر لە بواری راهێنانی پیشەیدا لە چەند رۆژی رابردوو وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی یاداشتنامەیەکی لەیەك تێگەیشتنی لە گەڵ کۆمپانیای سکانیای وڵاتی سوید و رێکخراوی یونیدۆ ئیمزا کرد بۆ راهێنان و گەشەپێدانی توانا مرۆیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم یاداشتنامەیە بەبڕی زیاتر لە چوار ملیار دینار لە رێگای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی بواری پیشەسازی و گەشەپێدانی بازرگانی، کە بە یونیدۆ ناسراوەو کۆمپانیای سکانیای سویدی جێ بەجێ دەکرێت و خەرجی پرۆژەکەی لە ئەستۆ گرتووەو لەداهاتوودا دەتوانرێت زیاتر لە 3000 هەزار کەس لێی سوودمەند بێت.

ئامانج لەم پرۆژەیە دامەزراندن و دروست کردنی ئەکادیمیایەکی مەشق و راهێنانی پیشەییە لە هەرێمی کوردستان، کە مەبەست لەو ئەکادیمیایە بەهێزکردن و هاوکاری بنکەکانی مەشقی پیشەیی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کردنەوەی خولە بۆ بێکاران، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاستی بازاڕو جموجوڵی ئابووریدا گونجاو بێت، ئەم رێکەوتنە بۆ ماوەی چوار ساڵەو، هەموو کەل و پەل و ئامێرەکان لە ئەستۆی کۆمپانیای سکانیای سویدیە.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.

دوای پەسند کردنی یاسای سندووقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان و پەسند کردنی بودجەی گشتی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، رێنمایی و رێوشوێنی پێویستمان بۆ پێدانی قەرزی بچووك دەرکرد. لە ئێستادا لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا فۆڕمی قەرزی بچووك دابەش دەکرێت، لە بەرواری 2011/7/16 لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان فۆڕمی پێدانی قەرزی بچووك بەسەر گەنجان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و بنکەکانی مەشقی پیشەیی و ئەوانەی بێ کارن و خاوەن پێداویستی تایبەتن و سوودمەندانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و ئەو لاوانەی کە بڕوانامەیان نییە، بەڵام توانای بەڕێوەبەردنی پرۆژەیان هەیە دەستی پێکردووە. بە مەبەستی ئاسانکاریش بۆ بێ کاران چوار بنکەی سەرەکی و نۆ بنکەی لاوەکی لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا بۆ دابەشکردنی فۆڕمی قەرزی بچووك پێشوازی لە گەنجانی بێ کار کردووە.

پاڵپشت بە یاسای پەرلەمان و پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێدانی قەرزی بچووك رێنمایی پێویست لەلایەن وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە دەرچوو. بەپێی رێنمایەکان هەر هاووڵاتیەك دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت و تەمەنی لە نێوان 16 بۆ 35 ساڵ بێت و کارمەند نەبێت لە دەزگا حکومیەکان و کەرتی تایبەت و خاوەنی توانای دارایی لاواز، یان سنووردار بێت، ئەوا دەتوانێت سوودمەند بێت لەوەرگرتنی قەرزی بچووك، کە سوودمەندانیش بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتوون لە دەرچووانی ناوەندەکانی ڕاهێنان و شیاندنی پیشەیی و ئامادەییە پیشەییەکان و پەیمانگاکانی تەکنیکی و زانکۆکان و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، بەمەرجێك بتوانێت پرۆژە ئەنجام بدات، هەروەها سوودمەندانی تۆڕی پاراستنی

کۆمەڵایەتی و ئەو لاوانەی کە بروانامەیان نییە، بەڵام توانای بەڕێوەبردنی پرۆژەیان هەیە، جیا لەوەش ئەوانەی پرۆژەیان هەیەو دەیانەوێت گەشەی پێ بدەن، بە مەرجێك هەلی کاری نوێ دابین بکەن.

هەرچەندە زەمینە سازی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە لە هەرێمی کوردستان نەکرابوو و، لە یاساکەشدا هیچ بودجەیەك تەرخان نەکرابوو بۆ هەیکەلیەت و چۆنیەتی بەڕێوەبەردنی ئەم پرۆژەیەو ستافی راهێنراویشمان نەبوو، بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژەکە جێ بەجێ بکەین، بەڵام لەبەر گرنگی و بایەخی پرۆژەی قەرزی بچووك و لە پەرۆشیمان بۆ گەنجانی بێ کار ئەمانە نەبوونە رێگر بۆ شکستی پرۆژەکە، بەڵکو لەرێگای فەرمانبەر و ستافی بەڕێوەبەرایەتیەکانی تری وەزارەت پرۆژەی قەرزی بچووك چووە بواری جێبەجێکردنەوە، چەندین خولیش بۆ کارمەندی بنکەکان کرایەوە، تاکو ئاشنا بکرێن بەچۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆڕمی قەرزی بچووك، لەو بوارەشدا رێکخراوی ئایندەی گەش بە سوپاسەوە هاوکاری سەرەکیمان بوو بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە، بەتایبەت لە کردنەوەی خول بۆ کارمەندی بنکەکان و ئاشناکردنیان بە چۆنیەتی پڕکردنەوەی ئەو فۆڕمانە، مەرجمان داناوە ئەو لاوەی، یاخود ئەو بێ کارەی سوودمەند دەبێت بۆ وەرگرتنی قەرزی بچووك پرۆژەیەك جێبەجێ دەکات، پرۆژەکەی بریتی بێت لە بواری پیشەسازی، یان بازرگانی، یان کشتوکاڵی، یاخود خزمەتگوزاری و گەشت و گوزار، هەروەها ئەو پرۆژانەشی کەوا دەبنە مایەی گەشەی ئابووری هەرێم و کەم کردنەوەو سنووردارکردنی بێ کاری لە هەرێمی کوردستان قەرزی بچووك دەیانگرێتەوە، هەروەها ئەم قەرزە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە هەموو باج و رەسمێکیش دەبووردرێت.

بۆ پەیڕەو کردنی بنەمایەکی شەفاف و ئاشکرا لە فۆڕمەکاندا، هەر بێ کارێك دوای ئەوەی فۆڕم لە یەکێك لە بنکەکان پڕدەکاتەوە لەلایەن لێژنەی سوودی ئابووری لە بنکەکاندا پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، دواتریش سەرجەم فۆڕمەکان بۆ جارێکی تر لەلایەن ئەنجومەنی سندووق وردبینی دەکرێت و، ئینجا بڕیار لەسەر پێدانی قەرز دەدرێت.

مەبەست لەم پرۆسەیەش مسۆگەرکردنی شەفافیەت و دڵنیاییە، کە پرۆسەکە بە هەموو شێوەیەك دوورە لە دەست تێوەردان، دڵنیاشتان دەکەمەوە تاکو ئێستا بەهیچ شێوەیەك دەست تێوەردان و واستەو واستەکاری لەم پرۆسەیەدا نەبووەو بوونیشی لە کەس قەبوڵ ناکرێت، بەپێی ئامارەکانی وەزارەت، تا ئێستا لە سنووری شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك و گەرمیاندا 320 گەنج چەکی قەرزی بچووکیان وەرگرتووە، کە جۆری پرۆژەکانیان بریتی بووە لە پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری و کشتوکاڵی، لەم هەفتەیەشدا ژمارەیەکی تری چەکی قەرزی بچووك کە ئیمزایان لەسەر کراوە دابەش دەکرێت. زیاد لە 21 هەزار گەنجیش سەردانی ئەو بنکانەیان کردووە بۆ سوودمەند بوون لەم پرۆژەیەو زیاتر لە 2800 فۆڕمیش تا ئێستا بەرسەرکەوتوویی پڕکراونەتەوەو لە داهاتوودا قەرزیان پێدەدرێت.

بەڕێزان، لە پێناو کەمکردنەوەی دیاردەی بێ کاری و رەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ کار کردن بۆ بێ کاران، هەروەها ئامادە کردنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکان بۆ کارکردنیان لەبازاڕ، حکومەتی

هەرێمی کوردستان لەڕێگای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پرۆژەی بیمەی بێ کاری بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی حکومەت، تاکو دەبنە خاوەن کار لە (کەرتی گشتی یان کەرتی تایبەت) لە 8/23ی ئەمساڵەوە خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو، بەپێی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانیش لە 2011/9/1 بیمەی بێ کاریان بۆ هەژمار دەکرێت.

ئامانج لەم پرۆژەیە، تەنها پێشکەش کردنی هاوکاریەکی ماددی نییە بۆ گەنجێك کە تازە زانکۆ، تەواو دەکات، بەڵکو ئامانجی سەرەکی پرۆژەکە هاندانی دەرچووانە، تاکو دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ، یاخود پەیمانگا بەسەرکەوتوویی، چۆن بەدوای کارێکدا بگەڕێن و ببن بەخاوەنی پیشەیەك، کە سوودی بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی هەبێت، چونکە ئەم پرۆژەیە ئەوانە دەگرێتەوە کە لە کەرتی حکومی و تایبەتدا کاریان دەست نەکەوتووەو خاوەن پیشەیەکی تایبەت بەخۆیان نین و، تا ئەو کاتەی کارێکیان دەست دەکەوێت، حکومەتی هەرێم مانگانە لە چوارچێوەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بڕی 150000 سەدوپەنجا هەزار دیناریان پێدەدات.

بەپێی ڕێنمایەکان مەرجە ئەو دەرچووەی سوودمەند بێت لەم پرۆژەیە، لەبیمەی بێ کاری هاووڵاتی و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت و دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بەدەستەی خوێندنی تەکنیکی بێت لە هەرێمی کوردستان. هەروەها تەمەنیشی لە 36 ساڵ زیاتر نەبێت و هیچ کارێکی نەبێت لە کەرتی گشتی، یان کەرتی تایبەت، یاخود خاوەن کارێکی سەربەخۆ، میکانیزمەکانی وەرگرتنی بیمەی بێ کاری وەکو پرۆژەو بەرنامەکانی تر لەچوارچێوەی یاساو ڕێنمایەکاندا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بۆیە لە پاڵ مەرجەکاندا پێویستە سوودمەندی بیمەی بێ کاری فۆڕمی داواکردنی بیمە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگاکان پڕبکاتەوەو ناوی خۆشی لە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکارخستنی پارێزگاکان لە لیستی بێ کاران تۆمار بکات و کۆدێکیشی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی سوودمەند بێت لەم پرۆژەیەو، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بنکە لەشارو شارۆچکەکاندا کراونەتەوە، تاکو دەرچووان سەردانی بکەن بۆ پڕکردنەوەی فۆڕم. دوای جێبەجێ کردن و پێدانی بڕی 150 هەزار دینار بە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکان، وەزارەتمان بە هەماهەنگی دامەزراوەکانی تری حکومەت و کەرتی تایبەت بەگوێرەی توانا هەڵدەستێت بە کردنەوەی خولی ڕاهێنانی گونجاو بۆ شیاندنی سوودمەندانی بیمەی بێ کاری، بۆ ئەوەی کاری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

هەر وەها بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکارخستنیش لە هەرسێ پارێزگاکانی هەرێم لەڕێگای لێژنەکانی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی هەلی کار هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی کاری گونجاو بۆ هەریەك لە سوودمەندان، ئەویش لەڕێگەی قەرزی بچووك و پرۆژەکانی ترەوە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەت لە ماوەی 20 ڕۆژی یەکەمی دەست پێکردنی پرۆسەکەدا، تا ئێستا زیاد لە 16 هەزار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا بەتەواوی مەرجەکانەوە فۆڕمیان پڕ کردۆتەوە، لەداهاتوویەکی نزیکدا

لەهەولێرو دهۆك لەڕێگەی بانکەکانەوە بڕی 150 هەزار دیناری مانگانەکەیان بۆ خەرج دەکرێت. بەڵام لە پارێزگای سلێمانی تائێستا ئەم کێشەیەمان هەیە، کە ناتوانین لەڕێگەی بانکەکانەوە مووچە دابەش بکەین.
ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان.

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە پاڵ دۆزینەوەو رەخساندنی دەرفەتی کارکردن بۆ گەنجان و بێ کاران و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، هەوڵی بۆ ئەوەش داوە ژیان و گوزەرانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان باش بکات. بەڵام وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆی کرد تاکو ئەو یاسایەی کە ئێستا لەپەرلەمانی کوردستانە (یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی) پەسند نەکرێت، ئێمە ناتوانین خزمەتی زیاتر پێشکەش بکەین و، دەستمان کراوە بێت، چونکە ئەم یاسایەی ئێستا کاری پێدەکرێت، یاسایەکی کۆنەو لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا ناگونجێت. بۆیە لەم مینبەرەوە داواتان لێدەکەم ئەم یاسایە بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ پەسند کردنی، بۆ ئاگادار بوون لە ژیانی کرێکاران و چۆنیەتی مامەڵەی خاوەن کار لەگەڵ کرێکارەکان لێژنەکانی پشکنینی تایبەت بە وەزارەت بە بەردەوامی سەردانی پرۆژەکان دەکەن، تا ئێستا نزیکەی 5200 سەردانی پرۆژە لەلایەن لێژنەکانی پشکنینەوە ئەنجام دراوە.

هەروەها لێژنەکان سەردانی 2000 پرۆژەیان کردووە، کە دەستەبەر نەکراون، جیا لەوەش سەردانی 1067 پرۆژەیان کردووە، کە بڕگەکانی یاسای دابینکردن دەیانگرێتەوە، هەروەها 53 پرۆژەش بەهۆی پابەند نەبوونیان بەمەرجەکانی وەزارەت و پێشێلکردنی مافی کرێکار رەوانەی دادگا کراون. لە بارەی پێدانی مۆڵەتی پیشە، تا ئێستا لەڕێگای وەزارت 206 مۆڵەت بەخاوەن پیشە دراوەو 234 مۆڵەتیش بۆ خاوەن پیشەکان تازەکراوەتەوە، بەهۆی نەبوونی مەرجی پێویستیش 31 لەوانە رەتکراوەتەوە. کۆی ژمارەی بێ کاران لە ساڵی 2004وە ناویان تۆمار کراوە لە بنکەکانمان نزیکەی 53 هەزار بێکارە، لەو ژمارەیەدا هەلی کار بۆ زیاتر لە26000 کەس دۆزراوەتەوە. ئەوانی تریش لەڕێگای کەرتی تایبەت و گشتیەوە کاریان بۆخۆیان دۆزیوەتەوە. هەرچەندە تا ئێستا رێژەیەکی دیاری کراو نییە، تاکو دەری بخات رێژەی بێ کاری لە هەرێمی کوردستان چەندە؟ بەڵام بەپێی ئاماری ساڵی 2007ی وەزارەتی پلاندانان رێژەی بێ کاری لە کوردستان نزیکەی 14٪ یە.

بۆ ئەنجامدانی رووپێوێکی سەرتاسەری لە هەرێمی کوردستان وەزارەتمان داوای هاوکاری لە رێکخراوی کاری نێودەڵەتی کردووە، ئەوانیش بەڵێنیان داوە کە هاوکاریمان بکەن بۆ ئەنجامدانی رووپێوێکی نوێ بۆ بێ کاری لە هەرێمی کوردستاندا.

بەڕێزان، وەزارەتمان هەردەم هەوڵی داوە دەستی کاری ناوخۆ لە پرۆژەکان بخاتە بواری جێبەجێکردنەوەو هەلی کار بۆ بێکاری خۆماڵی بدۆزێتەوە. بۆیە لەچوارچێوەی مەرج و رێنمایەکاندا هاتنی کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان سنووردار کراوە، ئەو کرێکارەی دێتە کوردستان، دەبێت کرێکاری هونەری بێت و، ئەو پیشەیەی کاری لەسەر دەکات لە هەرێمی کوردستان دەگمەن بێت. بەڵام بەداخەوە ئەوەی دەیبینین رۆژانە کرێکاری بیانی بە قاچاغ و دوور لەرێنمایەکان لەڕێگای خوارو و ناوەڕاستی عێراق دەهێنرێتە هەرێمی

کوردستان، هەروەها بەپێی یاساکانیش ڕێگە دراوە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان، کۆمپانیا بیانیەکان خۆیان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکانیان کرێکاری بیانی لەگەڵ خۆیان بێننە کوردستان، کە ئەمەش هەلی کار بۆ بێ کارانی کوردستان کەم دەکاتەوە، هەروەها ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم ئەوانەی لەڕێگەی وەزارەتەوە داخل نەبوونە، ئێمە لە هاتنیان بەرپرس نین، بەلاّم کاتێك ڕووبەڕووی ڕووداوێك دەبنەوە، ئەگەر بێت و دەستەبەریش نەکرابن ئێمە داکۆکیان لێ دەکەین. ئەوەی ڕاستەوخۆ کە ئێمە لێی بەرپرسین ئەوەیە لە ساڵی 2010 لەڕێگای وەزارەتەوە 2145 کرێکاری بیانی بەپێی مەرجەکانی وەزارەت هاتوونەتە کوردستان، کە 611یان کرێکاری خزمەتگوزار بوونەو 1534یان کرێکاری پرۆژە بوونە، لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیش 1500 کرێکاری بیانی لەڕێگەی وەزارەتمانەوە هاتوونەتە هەرێمی کورستان.

بەڕێزان، یەکێك لە بڕیارەکانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆژە یاسای بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2010 بریتی بوو لە زیاد کردنی مووچەی کەمئەندامان. ئەو مووچەیەی کە تەنها 30 هەزار دینار بوو، بۆ ئەو کەمئەندامانەی فەرمانبەر بوون، هەروەها 50 هەزار دینار بوو بۆ ئەو کەمئەندامانەی فەرمانبەر نین. خۆشبەختانە ئەم مووچەیە لە 30 هەزارەوە بۆ 100 هەزارو لە 50 هەزارەوە بۆ 150 هەزار دینار زیاد کرا، دوای زیاد کردنی مووچەکەش وەزارەتمان لێژنەیەکی بالاّی پێکهێنا بۆ پێداچوونەوە بە سوودمەندانی ئەم مووچەیە. بۆ ئەوەی سوودمەندی ڕاستەقینەی مووچەی کەمئەندامان دەست نیشان بکرێت.

بەپێی داتایەکی وەزارەت پێش بڕیاری زیاد کردنی مووچەی کەمئەندامان (53422) کەمئەندام لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك مووچەی مانگانەیان هەبووە، بەلاّم دوای دەست بەکاربوونی لێژنەکان و زیاد کردنی بڕی مووچەی مانگانەی کەمئەندامان، لە ئێستادا (82917) کەمئەندامی ( نابینا - بیرکۆڵ - مەنغۆل - تالاسیما - ئیفلیجی مێشك - نابیست - کەمئەندامی فیزیایی، کورتە بالاّکان) مووچە لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی وەردەگرن، بەدەر لەزیاد کردنی مووچەی کەمئەندامان لە ئێستادا پرۆژە یاسای چاودێری و شیاندنی کەمئەندامان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە. ئەم پرۆژەیەش یەکێك دەبێت لە دەستکەوتەکان بۆ کەمئەندامانی کوردستان، کە ئامانجی سەرەکی دەستەبەرکردنی ماف و پێداویستیەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتە. لە هەنگاوێکی تازەو پێویستداو بۆ زیاتر خزمەتکردن بە کەمئەندامان لەسەر داواکاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد بۆ تەرخانکردنی فەرمانبەرێك لە پرسگەی هەر فەرمانگەیەك بۆ رایی کردنی کاروباری کەمئەندامان لەو فەرمانگەیەدا. لە ئێستادا ئەم بڕیارە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو کاری پێ دەکرێت لەڕێگەی تابلۆیەك و هەڵواسینی باجێك بەو فەرمانبەرەی تایبەت کراوە. کەمئەندامان دەتوانن کارەکانیان رایی بکەن و ئازارو ماندوو بوون نەکێشن. هیوادارم پەرلەمانی کوردستانیش ئەم بڕیارە پیادە بکات، تاکو کەمئەندامان سوودی لێ وەربگرن، ئەمە تابلۆکەیە کە لە

پرسگەکاندا دامانناوە، ئەم ئارمەیە، ئەم باجەیە کە ئەو فەرمانبەرەی ئاسانکاری بۆ کاروباری کەم ئەندامان دەکات لە یاخەکەی دەدات، پێشکەشی پەرلەمانی دەکەم بۆ پیادە کردنی.

بەڕێزان، دوای بڕیاری زیاد کردنی مووچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و پەسند کردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان مووچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بڕەکەی لە 30 هەزار دینارە کرا بە 150 هەزار دینارو، بڕیاریش درا چەندین خێزانی تر سوودمەند بن لەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم بڕیارە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ باشکردنی بژێوی ژیانی خەڵك و گرنگی دانی زیاتر بەخەڵکی هەژارو کەمدەرامەتی هەرێمەکەمان. لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستا نزیکەی 41 هەزار خێزانی هەژارو کەمدەرامەت سوودمەندن لەم پرۆژەیەو لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی مووچەیان بەسەردا دابەش دەکرێت. دوای دەرچوونی بڕیاری زیاد کردنەکە وەزارەتمان ڕێنمایی پێویستی دەرکرد بۆ سوودمەندانی نوێی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی. بەپێی ڕێنمایەکانیش چەندین خێزانی تر سوودمەند دەبن لەم پرۆژەیە، کە ڕێنماییەکان ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەبریتین لە: بێوەژن: بەمەرجێك خۆی بەخێوکەری خێزان بێت، هیچ مووچەیەك وەرنەگرێت لەحکومەت، یان هیچ کرێیەك لەکەرتی تایبەت، هەروەها ئافرەتی جیابۆوەو و قوتابی خێزاندارو خێزانی حوکم دراو بەمەرجێك دەستگیرکردنەکەی لە ساڵێك کەمتر نەبێت و هەموو کچێکی بێ دایك و باوك بە مەرجێك تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر نەبێت و بەخێوکەری نەبێت، هەروەها پیرو پەککەوتە ئەو کەسانەی تەمەنیان (65) ساڵە بۆ پیاوان و (60) ساڵ بۆ ژنان کەمتر نەبێت. جیا لەمانەش منداڵی ناکام: (الیتیم القاصر) ئەو منداڵەی دایك و باوکی نەماوە، یان باوکی نەماوەو دایکی شووی کردووە.

لە ئێستادا بڕیاری زیاد کردنی ئەم مووچەیە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان و، بەپێی تایبەتمەندی شوێنەکان قۆناغ بەقۆناغ زیادەی مانگەکانی ئەمساڵیان بۆ خەرج کراوە، هەروەها ناونووسینیش لەشارو شارۆچکەکاندا دەستی پێکردووە، بۆ وەرگرتنی سوودمەندی نوێی مووچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی. بەڵام ئێمە لەکاتی جێبەجێ کردنی ڕێنمایەکاندا تێبینی هەندێك حاڵەتمان کردووە، کە ئەم حاڵەتانە پێویستی بەبڕیارلێدان هەیە، چ لەلایەن پەرلەمان، یاخود لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران، بۆ نموونە، هەندێك سوودمەند کە خاوەنی شەش منداڵی هەتیوە 150 هەزار دینار وەردەگرێت، هەروەها سوودمەندیش هەیە هیچ منداڵی نییە هەر هەمان مووچە وەردەگرێت. ئەوەش بۆتە مایەی نیگەرانی بەشێك لەسوودمەندان و گلەیەکەش ئاراستەی ئێمە کراوە،منیش لێرەوە ئەم گلیەیە دەگەیەنم بەئێوە تاکو چارەسەری پێویست و بەپەلەی بۆ بدەن.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم، ئەم مووچەیە تەنها بۆ خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت و ئەو چینانەی کە پێویستیان بەهاوکاری هەیە، با خۆمان بەدوور بگرین لە قۆرخ کردنی ئەم مووچەیە بۆ

خەڵکی دەوڵەمەندو فەرمانبەر، چونکە ئەوەی لە ماوەی رابردوو بینیمان لە چەند شوێنێکی کوردستان ئەم مووچەیە قۆرخ کرا بۆ سوودمەند بوونی خەڵکی دەوڵەمەندو ناموستەهەق. بۆیە دەستبەجێ لێژنەی لێکۆڵینەوەمان لەو شوێنانە پێکهێناوە. لێرەوە رایدەگەینم ئەم مووچەیە دەبێتە داتا بەیس و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا لێژنەیەکی سەرتاسەری لە سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنین بۆ پێداچوونەوە بەهەموو ئەو مووچانەی بەناعەدالەتی و نایەکسانی خەڵکی دەوڵەمەندو ناموستەهەق لێی سوودمەندن، دەبێ ببڕدرێن.

چونکە سیاسەتی ئێمە ئەوە نییە کەسی دەوڵەمەند ماڵی فەقیرو هەژار بخوات، یاخود قۆرخی بکات. بۆیە من لەمینبەری پەرلەمانی کوردستان بەڵێنتان پێ دەدەم من وەك وەزیر دەبێت ئەوە گشتگیر بکەم کە ئەم مووچەیە تەنها بۆ خەڵکی هەژار بێت، هەر کەسێکی تر بەدەر لە رێنمایەکان ئەم مووچەیە وەربگرێت ئەوا لێی قبوڵ ناکرێت. هەرکاتێکیش نەمتوانی ئەم کارە بکەم، ئەو کاتە هەڵوێستی روون و تایبەتی خۆم دەبێت.

بەڕێزان، بۆ پەرەپێدانی تواناکان لە بواری منداڵاندا، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی چەند پرۆژەیەکی ئەنجامداوە، لەوانە پێکهێنانی لیژنەی باڵای پاراستنی مافەکانی منداڵ بە سەرۆکایەتی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و ئەندامیەتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەتەکانی (ئەوقاف، ئەنجومەنی دادوەری، پەروەردە، رۆشنبیری، تەندروستی، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، ناوخۆ) هەروەها هەردوو رێکخراوی (یونسێف و منداڵپارێزی جیهانی). ئەم لیژنەیە پێکهاتەیەکی یاساییە لە رووی کارگێڕی و دارایی یەوە بەستراوەتەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەرپرسیارەتی چاودێری منداڵیان لە ئەستۆیە لە (چەوسانەوە، توندوتیژی، گرژی هەڵسوکەوت).

ئامانجی سەرەکی ئەم لێژنەیە، هەماهەنگی کردنە بۆ دانانی بەرنامەو پلانێك لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە بایەخ بە گەشە پێدانی منداڵ و کۆمەڵ دەدەن، بۆ داکۆکی کردن لە بەدیهێنانی دەسکەوتی زیاتر لەم بوارەو لەهەموو بوارە جیاجیاکانی تایبەت بە منداڵ. بۆ ئەم مەبەستە تاوەکو ئێستا (11) یانزە کۆبوونەوە ئەنجامدراوە، بابەت و پڕۆژەکانی پەیوەندیدار بە منداڵ گفتوگۆ و بڕیاری لەسەردراوە، وەکو (رەشنووسی یاسای پاراستنی مافەکانی منداڵ، پڕۆژەی هێڵی فریاکەوتنی منداڵ، پڕۆژەی خێزانی جێگرەوە، پاراستنی مافەکانی منداڵ لە یاسای کار).

یەکێکی تر لە پرۆژە بە نرخەکانی وەزارەت بۆ منداڵان دانانی هێڵی گەرمە بۆ فریاکەوتنی منداڵ، کە ئەم هێڵە یەکێکە لەو رێگایانەی وەك ئامرازێکی نوێ لە کوردستان بەکار دێت بۆ پاراستنی منداڵ لەهەر جۆرە توندوتیژی و کێشەیەك کە رووبەڕووی دەبێتەوە، لە هەر شوێنێك کە تیایدا دەژی، یان دەخوێنێت، یان کاردەکات بە پەیوەندی کردن بەهێڵێکی تەلەفۆن (نۆرماڵ، یان مۆبایل) کە ژمارەکەی (116) یە لەلایەن منداڵەوە بۆ لیژنەیەکی تایبەتمەند لە بواری منداڵاندا. ئەم پرۆژەیە تەنها بۆ منالان نییە، بەڵکو پێشکەشکردنی رێنمایی و هۆشیاریە بۆ دایکان و باوکان و مامۆستایانی پەروەردەو توێژەرانی کۆمەڵایەتی،

هەر کەسێك لەو بوارە تایبەتە تایبەتمەندی هەبێت، پاش ئـەوەی پەیوەنـدی دەکـەن بـەو هێڵـەوە ڕێنمـایی پێویستیان پێشکەش دەکرێت. ئێستا ئـەو هێڵـە وەك قۆنـاغی سـەرەتا لـە شـاری هـەولێر کەوتۆتـە بـواری جێبەجێکردنەوەو لە داهاتوودا لە سلێمانی و دهۆك دەکەوێتـە کـارکردن، بـەم پێـەش هـەرێمی کوردسـتان دەبێتە 151 یەمن وڵات لە هێڵی فریاگوزاری منالأنی جیهانی و، پەیوەندی کردنیش بەم هێڵە بەخۆڕاییە.
بەڕێزان، ئامادە کردنی سیستمی خێزانی جێگرەوە بۆ ئەو مندالأنەی بێسەرپەرشتن و لە ژێر زەبرو زەنـگ و توندوتیژی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دان، دەبێتە پرۆژەیەك بۆ بەخێو کردنی ئەو مندالأنـە لـە چوارچێوەی خێزان و بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە تـاکو لـە کەسێکی تەندروست گەشـە بکـات و ببێتـە خاوەن کاسەیەتیەکی کۆمەڵایەتی. داڕشتنی کۆتـایی بـۆ ئـەم پـرۆژە ئەنجامـدراوەو لـە داهـاتوودا دەخرێتـە بەرنامـەی کـاری ئەنجومـەنی وەزیـران، وەزارەتـی کـارو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی لـەڕووی کۆمەڵایـەتی و دەروونیەوە گرنگی بەمندالٚ داوە. چەندین دایەنگەی حکومی لەژێر سەرپەرشتی دان و ئاسانکاریش بـۆ کردنەوەی دایەنگەی ئەهلی کراوە، ئەویش بەپێدانی مۆڵـەت و دانـانی سیسـتەمی نـاوخۆی دایەنگـەکان بـۆ زیاتر بە بەرنامـە کـردن و خزمـەت گەیانـدن بـە منـدالأن بەشـێوەیەکی زانسـتی و ئـەکادیمی، هـەروەها بـە بەردەوامی خولی تازە بۆ دایەنەکانی نـاو دایـەنگاکان دەکرێتـەوەو، رادەهێنرێـت لەسـەر چۆنیەتی شـێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ منالأن و خزمەت کردنیان.
بۆ ئەم مەبەستەش تاکو ئێستا لە کوردستان (107) دایەنگە مۆڵـەتیان پێـدراوەو 7 دایەنگـەی حکومیش لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی وەزارەتدایە. کە 681 مندالٚی کوڕو کچ لەم دایەنگانـەدا سـوودمەند بوونـە. هـەر لـە بـواری کۆمەڵایەتیـەوە خانـەکانی چـاودێری بەساڵاچـوانی هـەولێرو سـلێمانی خزمـەتگوزاری بەخێوکردن و چاودێری کردن پێشکەش بە بەساڵاچووان دەکەن و، لەم بوارەشـدا بـەپێی ڕێنمایـەکی نـوێی وەزارەت ڕێگا دراوە بە کردنەوەی خانـەی بەساڵاچـوانی ئـەهلی لـە یەکـەم هەنگاویشـدا خانەیـەکی ئـەهلی خێرخـوازی لـە عـەنکاوە لـە شـاری هـەولێر کرایـەوە، واش چـاوەڕوان دەکـەین بـە هـەمان شـێوەیە لەشـارو شارۆچکەکانی تر خانەی هاوشێوەی ئەهلی بکرێتەوە، هەروەها کردنەوەی سەنتەری تایبـەت بـە منـدالٚ بـە مەبەستی کەمکردنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەڕێگای خولی هۆشیاری بۆ مندالأن لەلایـەك و بـۆ خێزانەکانیان لەلایەکی تر، هەروەها چارەسەرکردنی رەفتـاری لاساری نەوجـەوانان و سـەر لـەنوێ دروسـت کردنـــەوەی کەســـایەتیان و، بـــە کۆمەڵایـــەتی کردنـــەوەیان، بـــەپێی ئامارێـــك (26) ســـەنتەر لـــە شـــارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کراونەتەوەو 1321 مندالٚ لەم سەنتەرانەدا سوودمەند بوونە.
لـە بـارەی منـدالأنی ئیشکەرەوە لەلایـەن وەزارەتـەوە پـرۆژەی دانـانی سـنوورێك بـۆ ئیشکردنی منـدالٚ بـە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخـراوی منـدالٚپارێزی کوردسـتان ئەنجامـدراوە، کـە تیایـدا (800) منـدالٚ سـوودمەند بووەو، یارمەتی (366) خێزان دراوە بـە مەبەسـتی دابڕانـدنی منـدالأنیان لـە کـارکردن و گەڕانـەوەیان بـۆ قوتابخانە. لەو چوارچێوەیەشدا لە سـالٚی (2010) ڕووپێـوێکی تایبـەت ئەنجامـدراوە بـە مەبەسـتی زانینـی

ژمارەی منداڵی ئیشکەر لە لایەك و هۆكارە سەرەكیەكانی كاركردنیان لەلایەكی ترەوە بەراوردكردنی ڕێژەی منداڵی ئیشکەر لەگەڵ ڕووپێوی ساڵی (2007) و كاركردن لەسەر ڕاسپاردەو بڕیارەكانی ئەم ڕووپێویە.
بـۆ ئـەوەی سیاسـەت و سـتراتیجی لاسـاری نەوجـەوانان سـەرلەنوێ بخرێتـە بـەر گفتۆگـۆكردن و داڕشـتنی پرۆگرامێكی كاراو بەرزكردنەوەی پێشنیار بـۆ چارەسـەركردنی دیـاردەی لاسـاری نەوجـەوانان، ئەنجومـەنی چاودێری نەوجەوانان بەپێی ماددەی شەشەم لە یاسای چاودێری نەوجەوانان دامەزراوە. كـارێكی تـری ئـەم ئەنجومەنە سەرپەرشتی كردنی نەوجەوانانە لەبەڕێوەبەرایەتیەكانی چاكسازی ژنان و منداڵان.
ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.
بە مەدەنی كردنی كۆمەڵگا لە خێزانێكی تەندروست و ئازاد دەست پێ دەكات. بۆیە حكومەت و پەرلـەمانی كوردسـتان لەڕێگـەی پاراسـتنی باشـترین بەرژەوەنـدی گرنگییـەكی زۆر بـە خێزانـی كوردسـتانی دەدات و جەخت لەسەر ئازادی ئەندامی تـاكی نـاو خێـزان و كۆمـەڵگا دەكـەن. لـەم چوارچێوەیەشـدا وەزارەتـی كـارو كاروباری كۆمەڵایەتی بەپێی ئەو بودجەیەی ساڵانە لە بودجەی گشتی هەرێمی كوردسـتان بـۆی دابینكـراوە خزمـەتگوزاری بـۆ پـەیمانگاو خانـەو سـەنتەرو دایـەنگاكان پێشـكەش دەكـات. بـەپێی ئامـاری وەزارەت لـە هەریەك لە خانـەكانی نەوجـەوانانی كوڕان و كچانی ( هـەولێر - سـلێمانی - دهـۆك - كۆیـە) 968 (كـوڕ و كچ)ی بێ سەرپەرشت لەم خانانە دەژین و سەرجەم خزمەتگوزاریەكانیان بۆ فەراهـەم كـراوە، هـەروەها بـە ئامـانجی فێركـردن و شـیاندن و ڕاهێنـانی كەمئەنـدامان و بەرزكردنـەوەی ئاسـتی خوێنـدن و ڕۆشـنبیری و ئامـادە كردنیـان بـۆ تێكـەڵ بوونـەوەیان لەگـەڵ كۆمـەڵ لـەڕێی فێربـوونی پیشـەیەكی گونجـاو تـاكو پشـت بـەخۆیان ببەسـتن. وەزارەت لـەڕێگای پـەیمانگاكانی (هیـوای نابیسـتان و ئـاوات بـۆ پـەروەردەی مێشـك و ڕوونـاكی نابینایـان و هانـا بـۆ شـیاندنی كەمئەنـدامان) پـەروەردەو فێركـردن و شـیاندن ئاراسـتەی منـداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت دەكات. ژمـارەی سـوودمەندانی پـەیمانگاكان لـە شـارەكانی هـەولێر و سـلێمانی و دهۆك نزیكەی 200 قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەتە.
ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.
لە بواری چاكسازی كۆمەڵایەتیداو بۆ جێگیركردنی ئەو كەسانەی بە سزایەكی یاسایی لەلایـەن دادگـاوە سـزا دەدرێـن و بەمەبەسـتی تـەواوكردن و بەسـەربردنی مـاوەی سـزاكەیان، ئـەركی وەزارەتمـان لـە بەڕێوەبەرایەتیـەكانی چاكسـازی گـەورانی هـەولێرو سـلێمانی و دهـۆك، هـەروەها بەڕێوەبەرایەتیـەكانی چاكسازی ژنان و منداڵانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك بریتیـە لەڕەخسـاندن و دابینكردنـی سـەرجەم مافـە یاسایی و تەندروستی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكان بۆ سزا دراوان، بەجۆرێك لەدوای تەواو كردنی ماوەی سزاكەیان و گەڕانەوەیان بۆ ناو كۆمـەڵگا كەسـێكی پـۆزەتیف و بەرهـەم هـێن بـن و نەگەڕێنـەوە بـۆ لادان و سەركێشی یاسایی و كۆمەڵایەتی، ئەویش بە پێدانیان بەدەرچوونی بەمەرج، مۆڵەت، لێبووردن و چاودێری خێزانی، هەروەها چاودێری دواتر بۆیان لەناو كۆمەڵگە بەڕەخسـاندنی خـولی فێربـوونی خوێنـدەواری یـان تەواو كردنی خوێندنیان و كردنەوەی خولی پیشەیی و وەرزشی و ڕۆشنبیریی.

بەپێی دواین ئاماری بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی لەهەرێمی کوردستان لە ئێستادا ژمارەی بەندکراوان بەم شێوەیە: لە هەولێر 612 گیراو و راگیراوی ژنان و منداڵان و گیراوی گەوران، لە سلێمانی 922 بە هەمان شێوە گیراو و راگیراو دەگرێتەوە، لە دهۆك 664 گیراو و راگیراو، کۆی گشتی بەندکراوان لە بنکە چاکسازیەکان بەگیراو و راگیراوی ژنان و منداڵان و گیراوی گەوران بریتیە لە 2198 بەند کراو. لەم بووارەداو لەپێناو باشتر جێبەجێکردنی بنەماو پرەنسیپە نێو دەوڵەتیەکان و مافی مرۆڤ لەنێو بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی کوردستان، هەستمان بەوە کرد هەردوو بنکەی چاکسازی گەورانی هەولێرو سلێمانی گونجاو نین لەگەڵ ژمارەو جێبەجێ کردنی بنەماکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی.

بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر لە قۆناغی جێبەجێ کردندایەو لە پلانیشمان دایە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا هەمان پرۆژە لە شاری سلێمانی جێبەجێ بکەین. چونکە دیزاینی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە بەشێوازێك دانراوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و پێوەرە جیهانییەکان، دیزاینی پرۆژەکان بەم شێوەیە ئامادە کراوە کەسزادراوان بەپێی مادەو جۆری تاوانەکانیان جیا بکرێنەوەو هۆڵی وەرزش و مەلەوانگەو بنکەی تەندروستی و سەنتەری هۆشیاری و بنکەی راهێنانی پیشەییان بۆ دابین دەکرێت. هەروەها لە پلانیشمان دایە بتوانین سەنتەرێکی چارەسەر کردنی ئاڵودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان بەهاوکاری رێکخراوی یەکێتی ئەوروپا بۆ سەروەری یاسا بکەینەوە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو سزاردراوانەی کە پێویستیان بە یارمەتی و شیاندنەوە هەیە. بەڵام لەبەر نەبوونی بینای گونجاو تا ئێستا نەمانتوانیوە چارەسەری ئەم سزادراوانە بکەین. کارمەندو چاودێرو پاسەوانەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان لە پاڵ ئەو ئەرکەی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی ئەنجامی دەدەن لە بواری چاودێری کردن و هۆشیاری و شیاندنەوەو جێبەجێ کردنی بنەماکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی، زۆر جار رووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە. بۆیە بەنووسراوی رەسمی داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە دەرماڵەی مەترسی هاوشێوەی دەرماڵەی مەترسی بەندینخانەکانی حکومەتی ناوەند بۆیان خەرج بکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی چاودێرو کارمەندی چاکسازیەکان کاری خۆیان بەدڵسۆزی جێبەجێ بکەین. بۆیە پشتگیری خۆمان بۆ داواکاریەکانیان دووپاتدەکەینەوە لە چوارچێوەی یاساو رێنمایەکاندا.

بڕوام وایە توێژەری کۆمەڵایەتی بڕبڕەی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتە لە دامەزراوەکاندا، بەڵام بەهۆی نەبوونی جیاکاری و دەرماڵە توێژەرانی کۆمەڵایەتی بۆ دامەزراندن کەمتر روو لە وەزارەتمان دەکەن.

بۆیە بۆ سەرخستن و فراوان کردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان هاوکارم بن، بۆ ئەوەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی روو لە دامەزراوەکانمان بکەن و خزمەت پێشکەش بکەن لە پاڵ خزمەتەکەشیان وەك چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگا دەرماڵەیان بۆ دابین بکرێت، لێرەدا من داوای هاوکاریتان لێ دەکەم.

بەڕێزان، لە پلانی داهاتووماندا لە وەزارتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵێك پرۆژەمان بەدەستەوەیە:

1- تائێستا هەرێمی کوردستان خاوەن یاسای کاری تایبەت بەخۆی نییە، بۆیە لە پلانماندایە کوردستان ببێتە خاوەن یاسایەکی کاری تایبەت، بۆ دارشتنی ئەم یاسایە چەند وۆرك شۆپێك ئەنجامدراوەو کۆبوونەوەکانیش بۆ دارشتنی رەشنووسی یاساکە بەردەوامەو لە خۆ ئامادە کردنداین بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێك بە مەبەستی تەواو کردنی رەشنووسی یاساکە.

2- پرۆژەیەکی تر، پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی منداڵ بە لەبەرچاوگرتنی رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەبواری منداڵ، دوای ئەوەی لەسەر سایتی وەزارەت بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك داوامان لەرای گشتی و رێکخراوەکانی بواری منداڵان کرد، کە رای خۆیان لەسەر دارشتنی ئەم پرۆژەیە بخەنەروو. لە ئێستادا رەشنووسی پرۆژە یاساکە ئامادەیەو لە داهاتوویەکی نزیکدا وۆرك شۆپی بۆ ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەند کردنی و دواتر پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت، دواتر بۆ پەرلەمان.

3- یەکێکی تر لە پرۆژەکانی وەزارەتمان کە لەقۆناغی کۆتاییدایە، دارشتنی سیاسەتی بەکارخستنە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە بوونی سیاسەتی بەکارخستن لەم قۆناغەدا بۆ هەرێمی کوردستان کاریگەری و رەنگدانەوەی راستەوخۆی دەبێت لەسەر بازاری کاری کوردستان و دۆزینەوەی هەلی کارو کەمکردنەوەی بێ کاری لە کوردستان و، پەرەپێدانی کەرتی تایبەت بۆ رەخساندنی دەرفەتی زیاتری کارکردن. بۆ ئەم مەبەستەش دواین رەشنووسی سیاسەتی بەکارخستن ئامادەیە وابریارە ئەمرۆ دواین کۆبوونەوەی دارشتنی سیاسەتی بەکارخستن ئەنجام بدرێت و دواتر پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ پەسند کردنی. لە بنەماکانی سیاسەتی بەکارخستن دەستەبەرکردنی هەلی کاری گونجاوە بۆ بێ کاران. ناوەرۆکی دارشتنی ئەم سیاسەتە پابەندە بە چەندین وەزارەتی پەیوەندیدارو لایەنی حکومی و ناحکومی، کە خۆی لە چەندین سیاسەت دەگرێتەوە، لەوانە سیاسەتی ئابووری - دانیشتوان - راگەیاندن - بازاری کارو دیالۆگی کۆمەلأیەتی، بۆیە لێژنەی بالأی بەکارخستن رۆڵێکی سەرەکی و گرنگی دەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم سیاسەتە، لەسەر ئاستی دامەزراوەیشدا وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلأیەتی و بەرێوەبەرایەتیەکانی رۆڵی هەماهەنگیان دەبێت لەم پرۆسەیە، بۆ دەستەبەرکردنی دانانی پلانی کار، بەردەرفەتی دەزانم سوپاسی بەشداربووانی دارشتنی سیاسەتی بەکارخستن بکەم، کە پێکهاتوون لە نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و مامۆستایانی زانکۆ و ژوورە بازرگانیەکان و سەندیکای کرێکارن.

4- پرۆژەیەکی تر، کە ئێستا سەرقالین لە وەزارەت دارشتنی پرۆژە یاسایەك، کە بۆ دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی لێبووردنێکی سەرتاسەری دەربکەین، پاشا ئەوەی کە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەین ولەلایەن پەرلەمانی بەرێزەوە پەسند بکرێت، بەپێی پێوەرو رێنمایی و رێکارە یاساییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها پشتگیری لە هەر پرۆژەیەکی هاوشێوەش دەکەین بۆ بەرژەوەندی گشتی.

5- بۆ خێراكردن و بەزوو جێبەجێكردنی بەرنامەكانمان، پلانمان وایە ئەو پرۆژانەی كە خراونەتە بواری جێبەجێ كردن و، ئێستا لە قۆناغی جێ بەجێ كردن دان، بەردەوامیان پێبدرێت، بەشێوەیەك لە خزمەتی خەڵك و گەشە پێدانی خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتیەكان بێت لەچوارچێوەی كۆمەڵگای كوردستاندا.

دووبارە زۆر سوپاس بۆ ئەم میواندارییەی پەرلەمانی كوردستان و رەخساندنی ئەم دەرفەتە تاكو لەرێگەی ئێوەی نوێنەرانی گەل بتوانم ئەگەر كەمێكیش بێت باس لە پرۆژەو بەرنامەكانی وەزارەتەكەم بكەم و پرۆژەكان بەئێوە ئاشنا بكەم. دووبارە زۆر سوپاس ...

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كە ئەو راپۆرتەی پێشكەش كرد، چ باسی لە پرۆژەكانی دوو ساڵی رابردوو كرد، كە لەلایەن وەزارەتەكەیانەوە پێشكەش كراوە، چ ئەو پرۆژانەی كە لە ئایندەدا لەبەر دەستدان، یان بیرۆكەی پرۆژەی ئایندەیان هەیە، بەڵێ فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی من لەسەر ئەوەیە، كە لە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆ، دوێنێ هەروا دانرا بوو كە بانگهێشت كردنەكە تەنها میوانداری وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتیەو هۆكارەكەی دیاری نەكرا بوو، بەلآم دواتر لە روون كردنەوەی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە وامان بیست كە میوانداریيەكە بۆ بابەتی، یاخود لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمانە، سەبارەت بە ئەو خۆكوشتنانەی كە ئێستا، یاخود ئەو كوشتنانەی كە ئێستا لە كوردستاندا روو دەدات، یەعنی ئەمە روون كردنەوەی سەرۆكایەتی پەرلەمانە، بەو شێوەیە بوو، یەعنی قسەكەی من لەسەر ئەوەیە كاتێك كە میوانداری دەكرێت، ئەگەر هۆكارەكەی دیاری نەكرێت، ئێستا ئێمە هاتووین گوێ لە بابەتێك دەگرین، كە لەوانەیە هیچ ئەندامێكی پەرلەمان خۆی لەسەر ئەو بابەتە حازر نەكرد بێت، چۆن دەتوانرێت موناقەشەی لەسەر بكرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لە بەرنامەی كارەكە دیارە، كە میوانداریيە، میوانداریش لە هەموو پرۆتۆكۆلەكان وازیحە، كە بۆ ئەوەی ئەو وەزیرەی كە میوانداری دەكرێت باس لە كارەكانی خۆی بكات و، لەو چوار چێوەیەی كە باسی لێ دەكات، پەرلەمانتارەكان دەتوانن دواتر، هەندێك لە پەرلەمانتارەكان پرسیاری لێ بكەن، ئێستا ژمارەیەك لە پەرلەمانتارەكان، ژمارەیەكی مەحدود، دەتوانن لەو چوارچێوەی بەرنامەی وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی............كۆمەڵایەتی كە بەرنامەكەی خۆی پێشكەش كرد، پرسیار بكەن، بەلآم پرسیارەكان داوا دەكەم لەو چوارچێوەیەبێ، ئەوە نیوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان دەیانەوێ پرسیار بكەن، ئێمە تەحدیدی دەكەین، نوقتەی نیزامیە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەتوانرێ داوا بكرێت لە هەر فراكسیۆنێك بەپێی قەبارەی خۆی، دوو تا سێ ئەندام پرسیار بكات، ئەوانەی كە پرسیاریان هەیە، مەرج نیە هەموو یەكێك لە ئێمە پرسیاری هەبێ، چونكە بابەتەكە زۆر زۆر دەوڵەمەند بوو، هەر بۆیە لێرەشەوە بە فەرمی داوا لە بەڕێزتان دەكەم، كە ڕاپۆرتەكەی بەڕێز وەزیری كارو كاروباری كۆمەلأیەتی، كۆپی بكرێت بە داتا و ئامارەكانەوە، یاخود بە كۆپی دیجیتاڵ بخرێتە ناو سندوقی ئەندامانەوە بۆ سوود وەرگرتن لەو بابەتانەی كە تیای بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە لە سەرۆكایەتی ئەوەمان پێ باشە، لیستی كوردستانی چواركەس هەقی هەبێ پرسیار بكات، گۆڕان سێ كەس، یەكگرتوو یەك، كۆمەڵ یەك، برا توركمانەكان یەك، برا مەسیحیەكان یەك، ئەوانەی لیستەكانیشیان یەكە، دواتریش ڕێگا بە هەندێكیان دەدەیت، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەڵە نەچوبێتم ماددەی (25) یان (26) ە لە پیڕەوی ناوخۆ، تیایدا هاتووە ئەڵێ ئەندام پەرلەمان ئازادە لە دەربڕینی بیرو ڕای خۆی، بەرپرسیش نیە بەرامبەر بیرو ڕاكەی خۆی، بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە، كە ئەڵێ ئازادە لە قسە كردنی، یەعنی ناكرێ تەحدید بكرێ، ئەندام پەرلەمانەكان بۆیان هەیە قسە بكەن، هەمووی بەبێ ئەوەی تەحدید بكرێ، ئەمە یەكەم، دووەمیش ئەگەر قسەكانی خۆمان تەواو بكەم سوپاست دەكەم، نیزامیەكەم تەواو كرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نیزامیە كاك عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز عبدلله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو كاك بورهان ئاماژەی پێدا، قسە كردن وەكو لە پەیڕەوی ناوخۆ هاتووە، هەر بابەتێك ئەگەر لە بەرنامەی كار بێ، هەموو ئەندامێكی پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە قسەی لەسەر بكات، ئەمە یەك، نوقتەی دووەمیان، هەموو ڕۆژێك جەنابی وەزیر نایەتە ئێرە ئێمە لەسەر ئەم پرسانە قسە بكەین، ئەمڕۆ هاتۆتە ئێرە دەرفەتێكی باشە بۆ ئەوەی هەركەسێ قسەی هەیە بیكات، خۆ ئەمڕۆ دەرفەتمان لەبەر دەست دایە بۆ ئەوەی قسە بكەین، نوقتەی سێیەمیان ئەوەیە، ڕەنگە من بۆخۆم یەك قسەم هەبێ، یەك پرسیارم هەبێ بیكەم، پێموایە ئەوەندە كاتی ناوێ لەوە بترسین و تەحدیدی بكەین، بابڵێین لە هەر فراكسیۆنێك چوار كەس قسە بكات، بۆیە لە كۆتایی داواكارم بە پێوەرێكی ئازادانە دەرفەت بۆ پەرلەمانتارەكان بڕەخسێ، قسەی خۆیان و پرسیاری خۆیان هەبێ، بابەتەكە زیاتر دەوڵەمەند بكەین.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە سەرۆکایەتی بڕیارمان داوە، ئەوەی کە بۆمان باس کردن هەر بەو شێوەیە ئیدارەی دانیشتنەکە بکەین، لیستی کوردستانی دەتوانن چوار کەس، ناویان بنووسن بۆ ئەوە، دوای لیستی گۆڕان، ناوی خۆت بڵێ، کاوە محمدامین، صباح بیت الله، گەشە دارا، خورشید احمد، سیوەیل عثمان، پەیمان عبدالکریم، بەیان احمد، بیلال، سالم کاکۆ، بەفرین، هاژە سلیمان، مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر و سەرجەم مونتەسیبی وەزارەتەکەیان دەکەین بۆ ئەو کارە چاکانەی کە کردوویانە، ئەو پێشکەوتنەی کە لە وەزارەتەکەیان بەدەستیان هێناوە، کە خزمەتی خەڵکی کوردستانیان پێ کردووە، بەڵام من تێبینیم کرد لە هەندێ ئەو ئیشە زۆرانەی کە ئەوان کردوویانە، وەکو پێویست خەڵکیان پێ ئاشنا نەکردووە، نازانم تەخسیرەکە زیاتر لە ڕاگەیاندنە، یاخود لە شێوەی ئەوەی کە کارەکانی ڕاگەیاندن ئیستیغلال بکەن، بۆ ئەوەی زیاتر خەڵك ئاشنا بکەن، بۆ نموونە، من تێبینیم کرد ئەو ڕێکخراوە سویدیەی کە عەقدی کردووە، لەگەڵ وەزارەت بۆ ڕاهێنانی خەڵك، و ئاشنا کردنی خەڵك لە بازاڕو ئەو پێشکەوتنانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، شتێکی زۆر زۆر موهیمە، ئەوە زۆر خەڵك پێی ئاشنا نیە، وەکو میسالێك، میسالێکی تر، هەندێ مەشق و بنکەی ڕاهێنان هەیە خەڵکەکە زۆر شارەزا نیە، بۆ ئەوەی خەڵکە بێ کارەکە بتوانن بە پیر ئەو بنکانەوە بێن بۆ ئەوەی بتوانن سوودی لێ ببینن، من حەز دەکەم ڕاگەیاندن وەکو پێویست چ لە وەزارەت، چ وەکو پێویست خەڵکی کوردستان باش پێی ئاشنا نەبووە، حەتمەن سەرەتا ئیشی زۆر باشتان کردووە، دەستان خۆش بێ، دەست خۆشیتان لێ دەکەین جارێکی تریش، هیواداریین بۆ ئەوەی زیاتر خەڵکی پێ ئاشنا بکەن و هەر سەرکەوتوو بن، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم، چەند پرسیارو پێشنیارێکم هەیە، ئایا دابەش کردنی یارمەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بە پێی ڕێژەی نفوسی شارەکانە، یان بەپێی تەعلیماتی تایبەتە؟، حەز دەکەم ئەگەر جەنابی وەزیر لەم بارەیەوە ڕوون کردنەوەیەك بدات، دوو، بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە ناوچە دابڕاوەکان هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، کە دەچن داوای یارمەتی پاراستنی تۆڕی کۆمەڵایەتی دەکەن، دەڵێ شمولتان ناکات، بۆ نموونە لە سنووری قەزای ئاکرێ و بەردە ڕەش، حدودی بیست هەزار نفوس ڕوویان لەو مەنتیقە کردووە، کە دەچن داوای ئەو یارمەتیە دەکەن دەڵێ شمولتان ناکات، پێم باشە ئاسانکاری بۆ ئەوانە بکرێت، سێ، بەپێی یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوانەی

عەجزی شەلەلی دەماغیان هەیە، ئەبێ 90٪ بێت، بەڕەئی من ئەمە ڕێژەیەکی گەلەك زۆرە، هەقە بکرێتە (65٪) هەتاوەکو (70٪) چونکە ئەوانە بەخێو کردنیان بە هەقیقەت لە هەموو شتێك قورس تر و گرانترە، ڕاستە بنکەی تەئهیل هەیە لە پارێزگاکان، بەلاّم لە زۆربەی قەزاو ناحیەکان بنکەی تەئهیل نیە، داوا دەکەم بنەکەی تەئهیل زیاد بکرێ لەم ناوچانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز ئاسۆس خان دەکەم، وەزیری کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی، من پرسیارەکانم یەکێکیان سەبارەت بە یاسای هەموار کراوی ژمارە (15) ی ساڵی (2008) کە لە پەرلەمان هەموار کراوە، لە ماددەی (39) فەقەرە (4) باس لەوە ئەکات کە وەزارەتەکەتان سندوقێك یاخود بلّێی چاودێری کۆمەلاّیەتی ئەو ژنانەی کە جیا ئەبنەوە لە مێردەکانیان، رعایەت بکرێن تاوەکو ئیشیان بۆ ئەدۆزرێتەوە، یاخود زەواجێکی تر دەکەن، کە تاوەکو ئێستا وەزارەت ئەو کارەی نەکردووە، هۆیەکەیمان پێ بڵێ بەڕێز وەزیر، سەبارەت بە شەڵتەرەکان کە جەنابت باست کرد، بەڕاستی کەم و کوڕی هەیە ئاسۆس خان بەنیسبەت شەڵتەرەکان، بەتایبەتی لای وەزارەتەکەی جەنابتەوە، هەر لەم ڕۆژانە کەسێك کە پەیوەندی بەمنەوە کردووە لە لایەن ڕێکخراوێك پەیوەندی بە ئێوەوە کردووە، کە وەربگیرێ، بەڕێزتان وەرتان گرتووە بۆ ماوەی دە ڕۆژ، دوایی تەسلیمی ڕێکخراوەکە کراوە، ئێستا ئەو ژنە لەسەر جادەیە، لەبەر ئەوە ئەو ڕێکخراوە شەڵتەری نیە، بەڕێزیشتان وەرتان نەگرتووە، تەنها بۆ ماوەی 10 ڕۆژ نەبێ، ئایا چ کارێکتان کردووە بۆ ئەو ژنانەی کە ئەکەونە سەر جادە، هیچ مەئوایەکیان نیە، هیچ مەصدەرێکی ژیانیان نیە، ئەو بڕە پارەیەی کە بەڕێزت باست کرد، زیاد کرا بۆ 150 هەزار دینار، دیارە دەستان خۆش بێ، بەپێی مەرج و ڕێنمایی ئێوە ئەوانەتان دیاری کردووە، بەلاّم بە موستەمسەك لای ئێمە هەیە خەڵکانێك کە نا موستەحەقن، ئەم مووچەیە وەرئەگرن، خەڵکێکیش کە موستە هەقە وەری ناگرێ، یەعنی ئەو ڕێکارانە چیە؟، چۆن ئەیگرنە بەر بۆ ئەوە دیاردەیە، وابزانم پێشتریش ئاماژەت دا بەڕێزت، بەنیسبەت ئەو بیمەی بێ کاری 150 هەزارەی کە بۆ گەنجان بڕدراوەتەوە، بەڕاستی لە هەموو دونیا کەبیمەیەکی بێ کاری ئەبڕێتەوە، ئەبێ بەشێوەیەك بێ کە بە زەرەر بۆ ئەو توێژە نەگەڕێتەوە، بە تایبەتی بۆ گەنجان، کە ئێمە پێمان وایە گەنجان توانایەکن بۆ بنیادی کۆمەڵگا، ڕاستە ئەمە کارێکی باشە کە حکومەت کردوویەتی، 150 هەزار دابین دەکات لە ڕووی ئابووریەوە تا کارێك ئەدۆزێتەوە، بەلاّم میکانیزم چیە لەلای حکومەتەوە؟، کە چاودێری ئەو گەنجە بکرێت، بۆ ئەوەی بگەڕێت بە دوای کار، چ لە لایەن حکومەتەوە پێویستە هەلی کاری بۆ بدۆزرێتەوە و چاودێری بکرێت، چ خۆشی چاودێری بکرێ کە بگەڕێ بەدوای کار، سەبارەت بە کار کردنی منالّ، بەڕاستی ئاسۆس خان ڕۆژانە کە هەموومان بەسەر جادەکان ئەڕۆین،

سەیارەکان لێ ئەخورپێن، یاخود بە پیادەش بێن، سەیرەکەین بە شێوەیەکی بەر بڵاو منداڵ کاری پێ ئەکرێت و سواڵی پێ ئەکرێت، نازانم ئەم دیاردەیە چۆن لە لایەن وەزارەتەکەتانەوە بەرنامەی بۆ دانراوە بە رێگری کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی.**

بەخێر هاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر و کارمەندانی وەزارەت دەکەم بۆ ئەو کارە پیرۆزانە، من سێ پرسیارم هەیە بۆ جەنابی وەزیر، یەك، لە بودجەی ساڵی 2011 ئێمە پارەیەکی سنووردارمان تەرخان کرد بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی، کەچی بڕیارێك لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرچوو، بڕیارەکەش پشتیوانی لێ دەکەم و پیرۆزە، تەرخان کردنی 150 هەزار دینار بۆدەرچوانی زانکۆ و پەیمانگا، هەتاوەکو ئێستا ئەوەی ئێمە دەزانین نزیکەی 20 هەزار کەس ناوی خۆی تۆمار کردووە بۆ وەرگرتنی ئەم پارەیە، ئەم پارەیە مانگانە سێ ملیار دینار دەکات، پرسیارەکەم ئەوەیە بۆ جەنابی وەزیر، ئایا ئەو پارەی ئێمە تەرخانمان کردووە لە بودجەی 2011 بەشی ئەو کەسانەش دەکات یان نا؟، ئەگەر بەش بکات باشە، ئەگەر بەش نەکات، ئێوە لە ڕووی یاساییەوە لە چ شوێنێك ئەو پارەیە دابین دەکەن؟، یەعنی پرسیار ئەوەیە لە ڕووی یاسای دابین کردنی بودجەیەك بۆ کارێك لە ڕووی یاساییە، چۆن ئەو پارەیە دابین دەکەن؟، ئەمە یەك، دوو، پرسیاری ترم ئەوەیە، ئایا ژمارەی خانەی بەساڵاچووان، تەختیەی هەموو ئەوان دەکات، ئاستی خزمەت گوزاری لەو شوێنە چۆنە؟، یەعنی بە ئاستی پێتقیە؟، وەکو من دەزانم هەندێ کەم و کاسێت تێدا هەیە، هیوادارم جەنابی وەزیر موتابەعەی بکات، چونکە ئەم چینە پێویستی بە خزمەتەکی زیاتر و باشتر هەیە، تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەوانەی نەخۆشی سەرەتان و درێژخایەن و گران بەها هەیە، دەیان گرێتەوە؟، مەبەستم عیلاج نیە، مەبەستم لایەنی عیلاج نیە، مەبەستم لایەنی خۆش گوزەرانیان، مەعیشەتی ڕۆژانە، ئەوە دەیان گرێتەوە، ئەم نەخۆشانە یان نا؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، دەست خۆشیشی لێ دەکەم بۆ ئەو کارو چالاکیانەی کردیتیان، ئەو پڕۆژانەی ئامادەیان کردووە، بەڵام هەندێك بڵێین وەکو پێشنیارێك یان وەکو ڕوون کردنەوەیەکمان هەیە، بەنیسبەت قەرزی بچووك بۆ گەنجان، تەبعەن جەنابی وەزیر باسی کرد، بیست و یەك هەزار گەنج تەقدیمی کردووە، بۆ قەرزی بچووك، بەڵام ئەوەی سوودمەند بووە سێ سەدو بیست گەنج سوودمەند بووە،

باشە بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە قورسە زۆربەی زۆری گەنجەکان نەیگرتەوە، ناکرێت ئەو رێنماییانە کە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەریانچوواندیە، تەعدیلێك بکەن، یان گۆڕانکاریەکی بکەن، بەڵکو زۆرترین گەنج سوودمەند بێ لەو قەرزەی کە وەریدەگری، ئەگەر هەر رێنماییەکانیان نەگۆڕی، دەتوانن ڕێژەی پارەکەی زیاد بکەن، لەبەر ئەوەی لەوانەیە 15 ملیۆن جاری وا هەیە زۆر کەم بێت، جا ئەگەر رێنماییەکان گۆڕانکاری تێدا بکرێ، لەبەر ئەوەی گەنجەکان زیاتر لێی سوودمەند دەبن، بە نیسبەت تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی هەمانە، ئەو مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی کە لە بەغدا هەمانە، هاتیە، تەبعەن وەزارەتی دارایی تەصەروف پێ دەکات، حەق وا بوو ئەو مووچەیەی و وا بزانم دوو جۆریشی هەیە، هەیە 37500 و هەیە 60000 ، ئەوانە بە ناوی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، هەندێکیان هەیە بە تایبەت ناوچەی سلێمانی و گەرمیان وا بزانم زیادەکەیان نادرێتێ، دوایی ئەو پارەیە پێشتر ئێستا نا، ئیشی حیزبەکان بوو، لە لایەن حیزبەکانەوە ئەو ناوانە نووسرابوو، بەس جەنابی وەزیر باسی کرد قبوڵ ناکەین هیچ جیهەتێك تەداخول بکات و هەوڵی ئەوەی دەدەین بێ لایەنی بێت، ئەوە ئیشێکی باشە ئەگەر کاری لەسەر بکەن، ئەو پارەیەی دەشدرێتن، خەزینە یان خەزینەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، نەك وەزارەتی دارایی، چونکە وەزارەتی دارایی پەیوەندی بەو کارەوە نیە، بە نیسبەت خاڵێکی دیمان هەیە، ئەوە دوایی باس دەکەم ئەو خاڵە لە کۆتاییدا، پێدانی هاوکاری بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، نازانم ئایا ئەو هاوکاریە هەموو دەرچووەك دەگرێتەوە، یان لەسەر چ ئەساسێك دەزانن ئایا ئەو دەرچووە باری ئابووری خراپە یان باشە؟، کەم دەرامەتە یان کەم دەرامەت نیە، یان لەسەر ئەو ئەساسەیە هەموو دەرچووەك بیگرێتەوە ئەو هاوکارییە، بە نیسبەت توێژەری کۆمەڵایەتی، لە کاتی موناقەشە کردن لەسەر بودجەی 2011، زۆر لە ئەندام پەرلەمانەکان باسیان کرد، توێژەری کۆمەڵایەتی توێژەرێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی وەکو جەنابی وەزیریش باسی کرد، لەبەر ئەوەی دەرماڵەیان کەمە، زیاتر ڕوو لە پەروەردە دەکەن، چونکە لەوانەیە موچەکەی زیاتر بی، ئەمە لەکاتی بودجە باسیشمان کرد، باس لەوە کرا، ئەگەر هەڵە نەبم پەسەند کرا، هاوتا بکرێت لەگەڵ مووچەی توێژەری کۆمەڵایەتی، بابڵێین لەگەڵ ناوەندی مەرکەزی، بەنیسبەت لێبوردنی گشتی، پڕۆژەکمان هەیە لێبوردنی گشتی تەقدیمی دەکەین بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دوایی پەسەند بکرێت لە پەرلەمان، ئەمە ماوەی ساڵ و نیوەك دەبێ، پڕۆژە یاسایەك تەقدیمی سەرۆکایەتی کراوە، تاوەکو ئێستا نەهاتۆتە بواری جێبەجێ کردن، لێبوردنی گشتی پڕۆژە یاسا تەقدیم کراوە، بەنیسبەت پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە (39) ساڵی 1971، جەنابی وەزیر ڕاست دەکات، ئەوە با من لێرەوە بیڵێم، هەڵەکە یان کەمتەرخەمیەکە هی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، ماوەیەکی زۆرە ساڵێك زیاترە، ئەو پڕۆژە یاسایە هاتۆتە پەرلەمان، بەلام تاوەکو ئێستا سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیخستۆتە بواری بابڵێین خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەلام گفتوگۆی لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرەزۆری چینی کرێکارە، سوودمەند دەبن لەو یاسایە، ماددەو برگەی زۆر باشی تێدا هەیە، ماوەیەکی زۆر وۆرك شۆپیش کرا لەگەڵ ستافی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، زۆر باسی لێوە کراوە، ڕاپۆرتەکەش ئامادە کراوە، بەلام سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیخستۆتە بواری جێبەجێ کردن، بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێ، خاڵێکی ترمان

هەیە، جەنابی وەزیر زۆر باسی کاروچالاکیەکانی کرد، لە هەموو بوارەکان، لە منداڵ و خێزان و بێ کاری و ئەوانە، بەڵام باسی ڕێژەی خۆکوشتن و کوشتن و خۆسوتاندن لە هەرێمی کوردستان، چونکە زۆربەی ئەوە پەیوەندی ڕاستە بە وەزارەتی ناوخۆوەش هەیە، پەیوەندی بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە هەیە، پێمان باش بوو ئەگەر ئەو ڕێژەیەی باس بکردایە، چونکە لەو ماوەی ڕابردوو، بڵێین خۆ کوشتن و کوشتن و خۆ سوتاندن، زۆر بووە، بەتایبەت لەناو ئافرەتان، حەزمان لێ بوو ئەگەر ئامارەکی لە لا بوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز ئاسۆس خان دەکەم، چەند پرسیارێکم هەیە، وەکو ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، یەکەمیان تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی، بەڕاستی ئەم تۆڕە پرسیارێکی زۆر زۆری کەوتۆتە سەر، بوەتە جێی بابڵێین کەتیتە بەرچاوان، خەڵك زۆر پرسیار دەکەن و زۆر داواکاریش بۆ ئێمە دێن، یەك لەو خاڵانەی بابڵێین کێشەیە لەناو خەڵك، ئەوانەی پێشتر سو ودمەند بوونە لە 30هەزاری کە لە مەڵبەندەکان یان حیزبەکان وەریان دەگرت، ئەوانە گوازراونەتەوە بۆ ئەوە تۆڕە، نازانم تا چ ڕادەیەك ئەمە ڕاستە، ئەگەر وایە دەبێ پێوەری تایبەتی هەبێ، بۆ ئەو خێزانانەی کە سوودمەند دەبن لەو تۆڕە، چونکە بەڕاستی ئەگەر وابێ هەدەردانی سامانی گشتیە، ئەمەش خاڵی ڕەش دەخاتەسەر پەرلەمان و حکومەتیشەوە، زۆر لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو برە پارەیە بەگوێرەی ئەندامەکانی خێزان زیاد بکات، لەلایەکی تر چۆن ئەو پێوەرەی کە ئەو خێزانانە دیار دەکات، ئایا پێویست بەوە ناکات کە لە گەڕەکەکان بە هەڵمەت بکرێ، هەتاوەکو موختارو مەسەلەن ئەنجومەنی گەڕەکەکان ئاگاداربن لەو خێزانانەی کە سوودمەند دەبن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانان هەنە هێشتا وەزعی کۆمەڵایەتیان زۆر نزمە، لەبەر بوونی منداڵیان لە خوێندگاکان، کە پێویستیان بەو برە پارەتیە هەیە، هیوادارم چاو خشانەوەیەکی جدی بۆ بکرێ، دووەمیان، سندوقی خانەنشینی، وابزانم سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، پارە گلدراوەکە، سەبارەت بە شەلتەری ژنان، تێبینیم هەیە، چونکە سەردانی ئەو شەلتەرەم کردووە، لەو شەڵتەرەدا کێشەی ژنان تاڕادەیەك پێشێل دەکرێ، ستانداردی جیهانی نیە لە و شەلتەرە مەسەلەن تێیدا پەیرەو کرابێ، وەکو دواکەوتنی کەیسەکان، مەسەلەن کاتێ کە جومعە و پێنج شەم دەبێ، دادوەر ئاگای لە کێشەکان نیە، ئەو کەسانە نایانەوێ بمێننەوە، دەیانەوێ بمێننەوە، وشیاری نیە لەناو خەڵك، بۆ هەتاوەکو ئێستا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەوری خۆی نەدیتیە بە لیژنەی پسپۆر، بۆ تەرخانکردنی بەڕێوەبەری شەلتەرەکان، یەعنی ئەمە بەڕاستی هەنگاوێکی زۆر زۆر جدی دەوێ بەرامبەر ئەو شەلتەرانە، چونکە تابڵێی کێشەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبوون دایە نەوەك لە کەم بوونەوە، ئەوەتا خۆسووتاندن، ئەوەتا کوشتن، ئەوەتا ئینتحار کردن، هەموو ئەو کێشانە ئەو شەلتەرانە دەگرێتەوە، پرسیارێکی تر، سەرچاوەی پارەی بیمەی بێکاری چیە؟، چۆن تەرخان کراوە؟، چونکە ئەوە لە پەرلەمان

تەرخان نەكراوە، پێویستە ئێمە بزانین، پرسیارێكی تر خانەی بەساڵاچوان تا ڕادەیەك گلەیی لەسەرە، مەسەلەن سووتانی تێدابووە، حاڵەتی تری تێدابووە، بەدواداچوونی ئێوە چۆنە بۆ ئەو خانانە؟، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەكەن؟، لەگەڵ بەساڵاچوان كە لەو خانانە وەردەگیرێن، پرسیارێكی تر سەبارەت بە چاكسازیەكان، بێگومان چاكسازیەكان چ هی ژنان، چ هی پیاوان، خۆمان سەردانمان كردووە، وەكو بڵێی حاڵەتێكی زۆر چاك نیە كە تێدانە، خۆیان لە دەمی زیندانیەكان دەڵێن، تەنها نان و ئاو بەس نیە بۆ ئێمە، بەڵكو كێشەكانمان ئەژمار كردنی ماوەی ڕاگرتنمان، مامەڵەی دادوەرو لیژنە تەحقیقیەكان، ئەوانە زۆر زۆر بابڵێین، كێشەیە لەبەردەم ئەو زیندانیانە، پەیوەندی كردنیان بە خوێندن، بەردەوام بوونیان لەخوێندن بۆ مەحكومەكان، سەرەڕای خاڵێكی زۆر گرنگ، خێزانی مەحكومەكان، لە زمانی مەحكومەكان ئەوەیە كە دەڵێن، لەبەر نەبوونی كەسێك كە بژێوی ژیانیان بەڕێوە ببات، توشی جۆرەها گرفت بوونە، بۆیە لێرە وەكو ئەندامێكی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی كە لە نزیكەوە چاوم بە زۆر لەو مەحكومانە كەوتووە، یەعنی هەقە ئەو هەنگاوە لە لایەن جەنابتانەوە بنرێت، لەناو تۆڕی كۆمەڵایەتی جێگەیان بكرێتەوە، یارمەتیان بۆ تەرخان بكرێت، كە وەكو شتێكی ئینسانی، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاش لە دووساڵ كاركردنی بەڕێز وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی باس لە هەناردنی پرۆژە یاسا دەكات، لەكاتێك كە ئێمە خۆمان دەزانین، دۆزینەوەی هەلی كار یان چارەسەركردنی كێشەی بێكاری، ئەگەر لە چوارچێوەی یاسادا بێ دۆخێكی جێگیر تر وەردەگرێت، لەچوارچێوەی یاساو تەشریع دابێ، نەوەك بە بڕیار یان بە ڕێنمایی، كە ئەمانە زۆر كاتین، هەم بۆ تەمویل كردنی هەم بۆ هاتنە پێشی دۆخی نا ئاسایی، دەتوانێ ئەم ڕێنماییانە ڕابگیرێت، لەبەر ئەوە پێویستە وەكو ئەركی وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی كە لە ئامانجەكانی خۆی لە یاساكەی وەزارەت دیاری كردووە، ئەمانە پەلە بكرابایە لە ناردنی یاساكە، جێگیر كردنی نەوەك پاش دووساڵ ئینجا هێشتا یاساكان نەهاتوونەتە پەرلەمان، سەبارەت بە بیمەی بێ كاری تەنها خوێندكاران خستنە تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتی، یەعنی ئەمە بۆ توێژێكە توێژی تر لە دەرەوەی ئەوە هەن، كە هەمان نەهامەتی و گرفتیان هەیە، چ چارەسەرێكی بۆ دۆزراوەتەوە، سیستەمی دەستەبەری كۆمەڵایەتی كە دەیەوێ چارەسەری نەهامەتی و یان كێشەی بێ كاری بكات، لە لایەن وەزارەت سیستەمێكی لاوازە، چونكە یەعنی سیاسەتێكی ڕوون نیە، هەم كار پێخستن، دەتوانم بڵێم دوو دیوی هەیە لەگەڵ كەم كردنەوەی هەژاری، بۆ نموونە، لەكۆی گشتی ئەوانەی كاریان بۆ دۆزراوەتەوە، ئەمە قسەی بەڕێز وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتیە، بریتیە لە چوار هەزار و هەفتاو سێ بێ كار، ئەوانەی كە چوونەتە

سەر كار شەش سەدو نەوەت كەسن، ولأتێك، سوپايەك بێ كارى هەبێ ئەم جۆرە ئەدايە ڕێژەی بێ كارى كەم ئەكاتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرمو.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەسپێكێ بەخێرهاتنا جەنابێ وەزیرێ دكەم، یا دوێ ب ڕاستی من ژی دڤێت چەند پرسیارەكا ئاراستەی وێ بكەم، كو ب دەرفەت دزانین ئەم ل ڤێرێ، گەلەك برادەرا بەری من ل ڤێرێ بەحسێ تۆرێ پاراستنا خێزانێ كر، ب ڕاستی جۆرەكێ ناعەدالەتیێ وازح تێدا هەی، گەلەك گلەیی و گازندە ل هەمی عاردا یێ سەر ڤێ تۆری هەی، هەتا ل دەڤەرا ئەم بێژین سۆران، ل بەر ناعەدالەتیێ و بابەتێت حیزبی، تەبعەن ئەڤ بنكەهێ هاتیە گرێدان، جەنابێ وەزیرێ ئاماژە پێ نەكر، ڤێری ئەز پرسیارێ لێ دكەم، ئایا پلانا وەزارەتێ چیە؟، ئەم بێژین پلانا وان چیە بۆ دیف چونەك، تەرتیباتەك بێتە كرن، بۆ ئەڤ تۆڕێ پاراستنا خێزانی دەرستاهی ئەوان كەسا بگریتن، كو خەلكەكێ موستەهەقە، یەعنی كو سودمەند ببن لێ، پرسیارا دی سەبارەت ئەوان كرێكارێت بیانی، ئەو شەریكێت، ئان بێژین كۆمپانییێت بیانی كو دێنە كوردستانێ و كار دكەن، ئەم بێژین بۆ ڤان كەسێت هەنێ جەنابێ وێ ژی ئاماژە پێدا، كو تەبعەن ب دروستاهی نەهاتیە كۆنترۆل كرن، هەر بۆ ڤێ ژمارا مەزن یا كرێكارێت بیانی، ئەو كۆمپانییێت بیانی كو ب خۆڤە دێن، كاردكەن ئەم بێژین سیاسەت و پلانا حكومەتێ چیە بۆ هندێ؟ كو فعلەن خەلكێ هەنێ ڕێژەیەكێ سنووردار داخلی هەرێما كوردستانێ ببیتن، خەلكێ مە سودمەند ببیت و ئەڤەش دەبیتە پێنگاڤەك بۆ ڕێژە یا بێ كاری ل هەرێما كوردستانێ، ئەم كێم بكەین، پرسیارا دی ترێ ئەڤەیە كێشاوی خەلكێ، یێ دەڤەرێت ناكۆكی ل سەر هەی، كو ئەڤرۆكە هاتینە كوردستانێ و خەلكێ مەنە، تەبعەن ئەڤ خەلكێ هەنێ، هەمی ئەو تشتێت دێنە كرن تەبعەن سودمەند نینە، بۆ نموونە، پرۆژێن قەرزی بچوك، كەم ئەندام كو ئەڤرۆكە هاتینە هەرێما كوردستانێ، یێ سودمەند نینە، تۆڕێ پاراستنا خێزانێ، ئەرێ ئەم چ بكەین هەتاوەكو ئەڤ كێشە بێتە حەل كرنێ، خەلكێ مە ئەوێ كو هاتیە ڤێرێ، دەڤەریت ناكۆكی ل سەر، هەست بە دەرەجە دوو نەكاتن، یەعنی هاوولأتیەكێ دەرەجە دووە، ڤێتن كارێت حكومەتێ و خزمەتا حكومەتێ بۆ وان خەلكێ تەبعەن، ل ئاستەكێ هەژی بیتن، خالا دی ترێ، ڕێژەیا 14٪ بێ كاریێ، كاك كاردۆ ژی ئاماژە پێ دا، ب ڕاستی ڕێژەیەكا زۆرە، ئەرێ پێتڤی ڕاوەستیانەك هەیە ل سەر حكومەتێ، تەبعەن كێشا بێ كاریێ ڤێت هەلوێستەیەكی هەژی ل سەر بێتە كرن، سیاسەتەكا وازح و ئاشكرا هەبیتن، پلان هەبیتن، ئەم بێژین تا كەنگین، ئەڤ ڕێژا هەنێ ئەم سالأنە دێ لێ كێم كەین، پێتڤی پلانەكا وازح و یا دیارە، هەروەسا دیاردا سوئال كرنێ و ناڤ ژناو زارۆكادا، دیاردەیەكا ئەم هەورۆ دبینین، یەعنی حكومەتا مە ئەم بێژین وەزارەتا كار چ پلان هەیە، بۆ نەهێلانا وێ دیاردەیێ ناشیرین دناڤ كۆمەلگەهێ مەی كوردەواری، پرسیارادی ترێ، بلاڤ بونا مادێت هۆشبەر كو یەعنی ئەڤرۆكە بەلاڤن، جهێ داخێیە چ موئەسەسەیێت تایبەتمەند نینە، كو تەحدیدا ئەڤێت هەنێ بكات، ئەم بیژین ئیجرائات چنە؟، پێت

وەزارەتا كار بۆ نەهێلان ئان كێم كرنا ئەڤێ بابەتێ هەنێ، ئەژی ئاماژەیێ هندێ ددەم كو ب ڕاستی یاسای كار ئەوە دووسالێ بوری، هەمی گاڤا بەحسێ كارێ دێتە كرنێ، یاسا كار كو پێتڤیەكا هەرێما كوردستانێیە، گەلەكا زەروریە یاسای كار هاڤچەرخ بۆ واقعا كورداو موجتەمەعا مەیێ كوردی، بێتە كرن، بەلێ ب ڕاستی ئەو پێنگاڤییێت هەتا نوكە هاتینە هاڤێتن، نە ل ئاستێ مەتلوب بوینە، ئەز داخازا دكەم ل ڤێرێ، كو پێنگاڤێ بلەز بێنە هاڤێتنێ، فعلەن سەقفەكێ زەمەنی بێتە دیاری كرن بۆ هەندێ كو ئەڤ یاسایێ هەنێ، ئامادە ببیتن و بێتە پەرلەمانێ كوردستانێ، كو فعلەن ئەڤە ژی پێنگاڤەكە كو پێنگاڤەكا جدیە، تەبعەن بۆ ڕێكخستنا كاری و ل هەرێما كوردستانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(بسم الله الرحمن الرحیم)، پێشەكی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەكەم، دەستخۆشی لێ دەكەم لەو ڕاپۆرتە ، من پێم وایە لەگەڵ ئەدا كردنی چالاكییەكانی پەنجەشی خستە سەر كۆمەڵێ گرفت كە من پێموایە جورئەتێكی تێدا بوو، بۆیە دەستخۆشی لێ دەكەم، لەگەڵ ئەوەش دا من چەند پرسیارێكم هەیە لە جەنابیان، حەز دەكەم ئەگەر وەڵامەكان ئینشاڵلا وەربگرم، وەك لە ڕاپۆرتەكەدا هاتبوو و ئیشارەی پێ كرا، لەم بڕە پارەیەی كە 150 هەزارە لە سوودی كۆمەڵایەتی بۆ هاووڵاتیان، لە هەندێ شوێن تەصەروف پێ كراوە وەكو پێویست لە شوێنی خۆی صەرف نەكراوە، باسیان لەوە كرد كە لێژنەیان بۆ گرتووە، دەكرێ پێمان بڵێن ئەو شوێنانە كوێن كە بەشێوەی ناحەق تەصەروف پێ كراوە؟ خەڵكێك ئیستیفادەی لێ كردووە، بۆ ئەوەی ئێمەش بەرچاومان ڕوون بێ، چونكە ئێمە كۆمەڵێك شوێنمان لەبەر دەستە، ئایا ئەو شوێنانە بزانین كەوتۆتە چوارچێوەی بەرنامەی ئەوان یان نا؟ پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا بۆچی ئەوان نەیانتوانیوە كۆنترۆڵی ئەم كارە بكەن و ڕێگایان داوە ئەو گەندەڵی یە بچێتە ناو ئەم بڕە پارەیە كە وەكو سوودی كۆمەڵایەتی دەدرێ بە هاووڵاتیان؟، ئایا ئەوانەی بە ناهەق ئەو پارەیان وەرگرتووە كە جاری یەكەم بڕێكی باش بووە، ئایا ئەو پارەیان لێ دەسەنرێتەوە ئەوانەی كە بە ناحەق وەریانگرتووە؟ واستە و واستە كاری بووە، دەدرێتەوە ئەو كەسانەی كە موستەحەقن و پێیان نەدراوە؟ تا ئێستا هەندێ لە شوێن و بنكە حیزبییەكان ئەو بڕە پارەیە صەرف دەكەن، لەباتی بانكەكان، لە هەندێ بنكە و بارەگای حیزبی دووبارە ناونووسی ئەو كەسانە دەكرێ كە دەیانەوێ سوودمەند بن لەم بڕە پارەیە وەكو سوودی كۆمەڵایەتی، ئایا ئەوە لە ڕێگای وەزارەتی ئێوەوە ڕێگەی پێ دراوە؟ ئەگەر ڕێگەی پێ دراوە، چۆن؟ لە كاتێكدا بە پێی ئەو ڕێژەیەی كە بەڕێزتان باستان كرد، ڕێژەی 20٪ی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان كەم ئەندامە، بەو پێ یە بێ، بەڵام تا ئێستا چەندین كەم ئەندامی تریش هەیە سوودمەند نەبووە لە كەم ئەندامی، بۆچی؟ بە پێی ئەم ئامارە بێ دیسان نزیكەی لە 10٪ی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان سوودمەندن لە تۆڕی كۆمەڵایەتی، بەڵام تا ئێستا چەندین كەس هەیە موستەحەقە سوودمەند بێ بەڵام سوودمەندیش نەبووە، بۆچی؟ لە زیندانی سلێمانی كەسێك بە ناوی محمد

عبدالله ماوەی حەفتەیەکە مانی گرتووە لە خواردن، بە پێی تەقریری توبییەکان بێ ژیانی لە خەتەردایە، ئایا ئێوە وەکو ئەرکی خۆتان چیتان کردووە بۆ ئەم جۆرە کارانە؟ بە تایبەتی ئەم هاوولاتییە، پرسیارێکی تر لە ئەرکی وەزارەت ماددەی (2) لە برگەی (17)دا هاتووە (هاندانی باس و لێکۆڵینەوەی تایبەت لە بارەی دیاردە کۆمەلایەتی و جیاجیاکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بدرێت، یان بکرێت، بەلام دیارە تا ئێستا پرسیارەکە لێرە ئەوەیە/ تا ئێستا رێژەیەکی زۆری خۆکوشتن بە تایبەتی لە ناو ریزەکانی ئافرەت دا هەیە، ئایا ئێوە بۆ چارەسەری ئەو گرفتە بەو ئەرکەی خۆتان هەستاون کە لە ماددەی (2) برگە (17)دا هاتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم و دەستخۆشی لێ دەکەم بۆ راپۆرتەکەی و بۆ دوو ساڵی رابردووی کاریان، دیارە هەنگاوی باشیان بڕیوە و ئومێد دەکەم کە هەنگاوی باشتریش ببڕن، دیارە ئەوە بە فورسەت دەزانین کە لێرەدا باسێك لەسەر دیاردەی بێکاری بکەین لە کۆمەڵگای کوردستان دا، دیارە ئەوەش دیاردەیەکە تەنها تایبەت نیە بە هەرێمی کوردستان، بەڵکە لە زۆر شوێنی تر هەیە، بەلام لە رووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە جیاوازی هەیە لە شوێنێك تا شوێنێکی تر، دیارە بە پێی ئەو ستاندەردە جیهانییەی کە هەیە رێژەکە رێژەی بێکاری لە ناو هەر کۆمەڵگایەك دا 5٪ بۆ 6٪، بەلام بە پێی ئەو داتا و ئامارانەی کەوا هەن لە هەرێمی کوردستان 14٪، بەراستی ئەوەش ئامارێکی مەترسیدارە و پێویستی بە پلان و سیاسەتێکی ئابووری تۆکمە هەیە لە هەرێمی کوردستان دا، بە تایبەتی کە رێژەکەش لە نێوان گەنجان دا بەربلاو بێت، گەنجانیش لەم بارەیەوە قسە و گلەیی زۆریان هەیە، سەرباری ئەوەی کە هەندێ یاسا و رێنمایی تایبەت لە وەزارەتی بەرێزیانەوە جێبەجێ دەکرێ، بەلام تا ئێستا نەتوانراوە چارەسەرێکی ریشەیی تەواو بۆ دیاردەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە، سەرباری یاساکانی پێدانی قەرزی بچووك بە گەنجان، بیمەی بێکاری و دۆزینەوەی دەرفەتی کار، کە ئەوە لە بودجەی ئەمساڵ دا ئەگەر بە هەڵە نەچووبم مەبلەغی 25 ملیار دیناری بۆ دابین کرا، بەلام تا ئێستاش گلەیی و گازندە لەم بارەیەوە هەر هەیە، ئومێد دەکەم کە بتوانرێ هەوڵی زیاتر بدرێت، دیارە کە دیاردەی بێکاری گرێی زۆرێك لە کێشە کۆمەلایەتییەکانە لە ئێستادا، بە تایبەت کە مەرگی کەسانێك بەدوای دا بێت، لەوانەیە هەموو شتێك شوێنەکەی پڕببێتەوە، بەلام مەرگی کەسێك هەرگیز شوێنەکەی پڕ نابێتەوە، بۆیە من لێرە بە دەرفەت دەزانم چەند پرسیارێك ئاراستەی جەنابی وەزیر بکەم، وەکو وەزارەتی بەرێزیان تا چەند بیریان لەوە کردۆتەوە کە هەستن بە دانانی توێژەری کۆمەلایەتی، یان راوێژکاری کۆمەلایەتی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن؟ بۆ ئەوەی زیاتر ئەمنیەت و ئاسایشی کۆمەڵگا بەرقەرار بێت، کۆمەڵگا دوور بێ لە توندوتیژی، چەندێك بیریان لەوە کردۆتەوە کە ئەوە دابین بکەن بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن؟ هەروەها پرسیارێکی تریش کە سەبارەت بە تۆڕی پاراستنی کۆمەلایەتی یە کە خێزان گەلەکی زۆر لێی سوودمەن بوون، بەلام دیارە کە

کۆمەڵێك خێزانێکی تر خزێنراونەتە نێو پرۆسەکەوە و گلەیی و گازندەیەکی زۆریش لە ماوەی ڕابردوودا لە نێوان هاووڵاتیان کە سوودمەند بوون لەم بوارە بەدی دەکرا، دیارە تا ئێستا ئیجرائاتی خۆیانیان کردووە وەکو بەڕێزیان ئاماژەیان پێ کرد، خەریکی پێك هێنانی لیژنەشن، بەڵام من دەمەوێ بزانم ئەو ئیجرائاتەی کە تا ئێستا کراوە چی بووە؟ بیریشیان لەوە کردۆتەوە کە جیاوازی بکەن لە نێوان خێزانەکان دا کە لەوانەیە خێزانێك 10 کەس بێ، لەوانەیە خێزانێك دوو کەس بێ، هەمان مەبلەغ وەربگرن، بڕی 150 هەزار دینار، بیریان لەوە کردۆتەوە کە یان مەبلەغەکە زیاد بکرێ، یان جیاوازی بکرێت لە نێوان ژمارەی خێزانەکان دا؟، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی و بە تایبەت بەشی سزا دراوان وەکو بەشێکی تایبەت سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی وەزارەتەکەی بەڕێزیان، لە ماوەی ڕابردوودا ئەوەندەی کە ئێمە لیژنەی مافی مرۆڤ سەردانمان کردبن، کێشەی دەتوانم بڵێم سەرەکیان نەبوونی توێژەرانی کۆمەڵناسی بوو، بە تایبەت لە هەولێر و دهۆك، بە تایبەتی تر لە دهۆك، لەبەر ئەوەی ئەو کۆلێژانە لەوێ زۆر نین، دەرچووانیشیان زۆر نین، لە بودجەش دا ئەوە پەسند کرا کە خەمی ئەوە بخورێت کە لە داهاتوو ئەوانە دابین بکرێن، تا چەندە هەوڵیان داوە وەکو چاکسازییەکان، وەکو سزادراوان بە تایبەتی ئەو ڕێژەیە لە کۆمەڵناسان و دەروونناسان پڕ بکەنەوە وەکو بەشێکی ئەساس بۆ شیاندنەوەی ئەو کەسانە دووبارە قبوڵ کردنەوەیان لە کۆمەڵگادا، زۆر سوپاس، ئەوانەی کە ماوەیە هەمووی دووبارەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم توما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری کۆمەڵایەتی دەکەم، دەستخۆشی دەکەم لەسەر ئەو ڕوونکردنەوە و ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەشی کرد، فیعلەن ڕاپۆرتێکی تەسەل بوو، زۆر شتی ڕوون کردەوە، مومکینە ئێمە بەشی زۆرمان ئەو تەفاصیلەمان لا نەبوو، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی وەزارەتێکی فراوانە، لەگەڵ چەندین چین و توێژی کۆمەڵ تەعامولی هەیە، هەمووشی بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکانی ناو کۆمەڵە، یەعنی ئەرکەکانی زۆر قورسە، بە تایبەتی لەوانەی لەو بەرنامەکانی زۆر فراوانە بە مەبەستی چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، لە هاوکاری و چارەسەر کردنی کێشەی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی بیمەی دیاردەی بێکاری، هەروەها تەقریبەن وەکو مووچەیان لێ هاتووە، بۆیە من لێرە دوو داوام هەیە، یەکێکیان حەتمەن بودجەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی موحەددەدە/ بەرنامەکانی فراوان و بەردەوامن، بەرنامەکانی وەکو مووچەی لێهاتووە، بۆیە داوام لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە کە هاوکاری وەزارەت زیاتر بکرێ بۆ بەردەوام بوونی ئەو بەرنامانە، چونکە بەشی زۆری وەکو مووچەی لێهاتووە، ناکرێ ئەوە ئەو کات 9 و 10 ببڕێ لەبەر ئەوەی پارەی نەماوە، دەبێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی هەتا ئەگەر لە ئیحتیاتی کوردستانیش بێ، ئەو بەرنامانە بەردەوام بن، دووەمیان ئەو کێشەیە هەیە ،خەڵکێك هەیە ئەصلەن خۆی

خەڵکی کوردستانە، بە هەر هۆیەك هەبێ چۆتە پارێزگاکانی تری عیراق لە ساڵەکانی ڕابردوو، ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستان و پسوولەی خۆراکی موصلە یان بەغدایە، یان کەرکووکە یان جێی ترە، سوودمەند نیە لە هەردوو بەرنامە، بە تایبەتی بەرنامەی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی و قەرزی بچووك، خەڵکێکی موحتاجیشن، مومکینە خەڵك هەیە نە کاری هەیە و نە دەتوانێ کار بکات، نەخۆشیشە، من داوام لە جەنابی وەزیرە کە چۆن چارەسەرێك بۆ ئەو خەڵکە دەدۆزنەوە و هاوکارییان بن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم، دەستخۆشی لێ دەکەم بۆ ئەو ڕوونکردنەوانە و ئەو ڕاپۆرتە تێرو تەسەلەی لەسەر کار و چالاکییەکانی وەزارەتەکەیان، یەکەم خاڵم دەمەوێ بەوە دەست پێ بکەم دەربارەی وەزعی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان، بەڕاستی من زۆر پەیوەندیم هەیە لەگەڵ سەندیکای کرێکاران، یاخود لە ڕێگای زۆر لە کرێکاران پەیوەندیم پێوە دەکرێ کە وەزعی کرێکاران بەڕاستی ئەو وەزعە نیە کە وەزعێکی زۆر باش بێ، زۆرجار کرێکار هەیە لە کاتی ئەوەی کە تووشی ڕووداوێك دەبێت، بۆ نموونە شوفێری تەکسی یە کاتێ کە تووشی ڕووداوێك دەبێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامێکی لەشی لە دەست بدات، لە ماڵەوە دەکەوێت، هیچ ئەوەیەك نیە کە بەڕاستی ئەو کەسە بیمەیەکی نیە کە خێزانەکەی بەخێو بکات، لەو کاتە یەعنی بەڕاستی ئێمە لە وڵاتێکین وڵاتێکی دەوڵەمەند، پێویست بەوە دەکات کە ئێمە لە ڕێگای ئەو داهاتەی کە هەیە کار بۆ ئەوەی بکەین کە ئەو کەسانەی بەو شێوەیە، ئەو کرێکارانە کە لە کاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێك لە کاتی کارکردنیان دا، یاخود زۆرجار دەبینین کە ئەو کرێکارانە لە خاوەن کارەکانیان زۆرجار غەدریان لێ دەکەن، مووچەکانیان بە تەواوی پێ نادەن، بۆیە پێویست دەکات کە کار بۆ ئەوە بکرێت، کە زیاتر وەزارەتی کار، کار بۆ ئەوە بکات کە یاسایەکی کار کە بگونجێ لەگەڵ ئەو سەردەمەدا، کە هەموو ماف و هەموو ئیمتیازی باش بدرێت بە کرێکاران دەربچوێنێ، چونکە بەڕاستی خۆمان دەزانین بە دەست و بازووی کرێکارانە کە ئەو خۆشگوزەرانییەی کە هەموو ئێمەی تێدا دەژین، بۆیە بەڕاستی کار بۆ ئەوە بکرێت کە یاسایەکی کاری باش پێشکەش بکرێ، لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا مافی کرێکاران دەستەبەر بکرێ، دەربارەی کارکردن بە منداڵان بەڕاستی زۆر لە هاوکارانیشم ئاماژەیان پێدا، ئێمە دەبینین شەوانە دەوری سەعات 10 و 11 و ئەوانە بەڕاستی ئەو منداڵانەی کە کار دەکەن لەسەر جاددەکان، یەعنی بەڕاستی شیاو نیە بۆ وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەکو ئێمە کە منداڵ بەو شێوەیە کار بکات، بۆیە پێویست دەکات کە ئێمە یاسایەك هەبێت بۆ ئەوەی قەدەغە بکرێت کە کارکردنی منداڵان بمێنێت لە هەرێمی کوردستان دا، بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەگەر ئەو منداڵە لەبەر هەر هۆکارێك بێت کە ئەو کارەی پێ دەکرێت، دەبێ بژێوی ژیانی خێزانەکەی دابین بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو منداڵە نەخرێتە بەرکار و کاری پێ نەکرێت، دەربارەی پێدانی قەرزی

بچووك، بەڕاستی بەڕێزیان باسی کرد و بە تەفصیلیش باسی کرد، بەڵام باسی لە کێشەیەك کرد، وتی لە سلێمانی لە بانکەکان کێشەکان هەیە نازانم کێشەی چی هەیە لە پێدانی قەرزی بچووك لە بانکەکانی سلێمانی؟ ئەگەر بۆمان ڕوون بکاتەوە، دەربارەی مووچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەڕاستی بەڕێزی ئاماژەی بەوە دا کە لەو دواییانەدا زۆر یەعنی خەڵکێك چۆتە ناو ئەو تۆڕە کە موستەحەق نیە بەوەی کە ئەو مووچەیە وەربگرێت، من وەکو خۆم پێش جەژن بە ماوەیەك لە ڕەواندز و سۆران و چۆمان زۆر خەڵك هاتۆتە لای من و سکاڵای ئەوەی کردووە کە خەڵکێك موستەحەق بووە لەو مووچەیە کە موستەحەق نیە، ژنی ئامر لیوای تێدایە، ژنی خەڵکێکی تێدایە کە بە ئیمکانیەتە، بەنزینخانەی هەیە، زۆر خەڵکێکی دەوڵەمەندە، ئەوەی کە باسی یەکێکیان کرد کە دوو ژنی هەیە، ژنێکیان بۆی گەڕاوەتەوە، ئەوەی تر بۆی نەگەڕاوەتەوە چووە سکاڵای کردووە، کە بۆچی بۆ ئەو ژنە هاتۆتەوە، بۆ ئەو ژنە نەهاتووە؟ بەڕاستی بەڕێزیان ئاماژەی بەوەش دا و من پشتگیری لێ دەکەم کە زۆر بە جیددی کار لەسەر ئەو مەوزووعە بکرێ، ئەو کەسانەی کە موستەفید دەبن لەو مووچەیە ئەو کەسانە بن کە بەڕاستی موستەحەقن، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە بە پێی ئەو ڕێنماییانە بێ کە وەزارەت دەری دەکات، پشتگیری بەڕاستی لە قسەکانی گەشە خان دەکەم، دەربارەی ئەوەی کە مەسائیلی ژنان و شیلتەرەکان، پشتگیری لێ دەکەم، نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، دەربارەی مەسەلەی کرێکارانی بیانی، زۆرجار دەبینین کە کرێکاری بیانی لێرە لەگەڵ ئەوەی کە کرێکارێکی بیانی زۆر لە هەرێم دا کار دەکەن، لە ڕێگەی ئەو کۆمپانیانە دێنە ناو هەرێم، دەبینین زۆرجار یەعنی سووکایەتییان پێ دەکرێ لە ڕێگای خاوەن کارەکانیان، مووچەیان پێ نادرێ، یاخود توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ، ئایا وەزارەتی کار چ هەڵوێستێکی دەبێ لەو کاتە ئەگەر یەعنی ئەو شتانەی کە ڕوویداوە یان توندوتیژیان بەرامبەر کراوە، چ هەڵوێستێك یان چ ئەوەیەکی دەبێ بەرامبەر خاوەن کارەکانیان، یان ئەو کۆمپانیایەی کە ئەو کرێکارە بیانیەی هێناوە، خاڵێکی تر هەیە دەمەوێ باسی بکەم، بەڕاستی ناوچەی سۆران و ڕەواندز و چۆمان و مێرگەسۆر ناوچەیەکی زۆر فراوانە، تاکو ئێستا خانەیەکی بەساڵاچووانی لێ نیە، بۆیە داوا لە بەڕێزیان دەکەم کە کار بۆ ئەوە بکرێ کە لەو ناوچەیە خانەیەکی لەو بابەتە بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا جەنابی وەزیر دەتوانی وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ دیارە ئەمڕۆ من لێرە ئامادە بووم بۆ وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەك کە لێم دەکرێ لەلایەن بەڕێزانەوە، سەبارەت بە کوشتن و خۆکوشتن، ئەوەی کە پێم ڕاگەیەنراوە ئەمڕۆ دەرخستنی پرۆژەکانە لەماوەی ڕابردوو و پلانی وەزارەتمانە بۆ ماوەی داهاتوو، کوشتن وخۆ کوشتن بەڕای من بابەتێکی زۆر گرنگە لەوانەیە من نەتوانم تەنها بە جەلسەیەك بتوانم باسی هۆکارەکانی بکەم وباسی چارەسەریەکانی

بکەم، ئەم بابەتە پێویست بە کۆنفرانسێکی زۆر فراوان دەکات کە زۆرێك لە وەزارەتە پەیوەندارەکان ئامادە بن و کۆنفراسێکی زۆر گەورە و پێویست بەوە دەکات ئێمە چەندین توێژینەوە بکەین لەسەر ئەم بابەتە، پێم خۆشە ئەگەر بوارم بدەن لە بانگهێشتێکی فەرمی تردا دەتوانم لەگەڵ ستافی وەزارەت یاخود بتوانین لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەوانەی کە لە وەزارەتن بتوانم بابەتێك ئامادە بکەم و ڕوونکردنەوە ئامادە بکەم و بێمە بەردەم بەڕێزتان و باسی لێوە بکەین، سەبارەت بە پرسیارەکان بەڕێز کاك کاوە پرسیاری یاداشتەکەی کردووە، یاداشتەکە لێك تێگەیشتنێکە لەگەڵ ڕێکخراوی (یونیدۆ) و لەگەڵ کۆمپانیای سکانیەی سویدی، کە بۆ دروست کردنی بنکەیەکی مەشقی پیشەییە، واتە دەبێتە ئەکادیمیایەك پاشان هەمان ئەکادیمیا یاخود هەمان بنکە دەتوانین لە سلێمانی و لە دهۆك بکەینەوە، لێك تێ گەیشتنەکە ئەوەیە کە لە ماوەی شەست ڕۆژدا کە ئەو کەلوپەلانە هەمووی بگاتە هەرێمی کوردستان، چاوەڕوانی ئەوەین یاداشتنامەکە جێ بەجێ بکرێت ئەو کاتە کە کەلوپەلەکان هات و وەسف کراوە لە بنکەکە ئەو کاتە دەتوانین ڕاگەیاندنی زیاتری بۆ بکەین و ڕاگەیاندن دەکرێت کە ئەوانەی دەیانەوێ سوودمەند بن لەو خولانە ناوی خۆیان تۆمار بکەن لە بنکەکان و بتوانین بەشداریان پێ بکەین لەو خولانە، سەبارەت بە بنکەکانی مەشقی پیشەییمان، توانیومانە ئێمە لە ڕاگەیاندنەکانەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە کچان و لە کوڕان ئامادە بن لەو خولانە و سوودمەند بن، ڕۆژانە سوودمەندی تازە ناوی خۆیان تۆمار دەکەن لە بەڕێوبەرایەتیەکانمان و بەشدار دەبن لە خولەکان، کوڕان و کچان وەکو لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەم پێی کردووە خولەکان جۆراوجۆرن، خولەکان لە خۆڕایین، جگە لەوەش خەرجی ڕۆژانەی گیرفانیان بۆ سەرف دەکرێت و وەکو هاندەرێك بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە ئەو گەنجانە تەنها چاوەڕێی هاوکاری حکومەت نەبن، ئەو سیاسەتە بگۆڕین کە حکومەت ئەرکی سەرشانیەتی تەنها هاوکاری پێشکەش بە گەنجان بکات، دەبێ ئەو کەلتورە بگۆڕین بە هەمووانەوە بتوانین کە گەنجان بتوانن سوود لە تواناکانی خۆیان وەرگرن، ئیعتماد بکەنە سەر تواناکانی خۆیان، ڕۆژانەش ژمارەی بەرچاو لە کوڕان و لە کچان کە مایەی دڵخۆشیە بەشدارن لەو خولانە و ڕۆژانە خولەکانیش جێ بەجێ دەکرێ و بەردەوامی هەیە، سەبارەت بە پرسیارێکی دیکە بۆ ناوچە دابڕاوەکان، بۆ نەمانتوانیوە ئێمە خزمەتگوزاری بگەیەنینە ئەو ناوچانە؟ لای هەمووان ئاشکرایە پرۆژەی پاڵپشتی کردنی پرۆژە بچووکەکانی لاوان لەلایەن پەرلەمانی بەڕێزەوە پەسەند کرا، یەکێك لە بڕگەکانی پرۆژەکە ئەوەیە کە دەبێ دانیشتوو و هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت، ئەگەر هەر هەموار کردنێك لەو بڕگەیە هەبێ کە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بگرێتەوە ئێمە ئەو کاتە زەمینەسازی بۆ دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پرۆژەیە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم جێ بەجێ بکەین، چونکە بە پێی پرۆژە یاسایەکە و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی هەمانە ناتوانین ئەو پرۆژەیە فراوان بکەین بۆ ئەو ناوچانە، سەبارەت بە شەلەل دەماغ 90٪ ەو ئێمە کۆمەڵێ ڕێنماییمان جێ بەجێ کردووە و ڕێنماییەکان لەگەڵ پسپۆرانی وەزارەتی تەندروستی دانراوە ئەوانەی کە کێ سوودمەند بن لە مووچەی کەمئەندامان، لێتان ناشارمەوە مووچەی کەمئەندامان لە پێشتانە موستەحەقێکی زۆری تیا بوو کە بەناوی کەمئەندامانەوە مووچەی کەمئەندامی

وەردەگرن، کۆمەڵێك پێوەرمان داناوە و کۆمەڵێك ڕێنماییمان داناوە، بەڵام ئەگەر هەر پێشنیارێکیش هەبێ لە هەر شوێنێکەوە یاخود لەلایەن بەرێزتانەوە ئێمە دەتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین لەگەڵ ئەو لیژنە باڵایەی کە پێکهاتووە و دەتوانین ئەو برگەیە هەموار بکەینەوە، لەبەرئەوەی کە ئێمە دانراوین بۆ خزمەتی خەڵك دانراوین، دەسەڵاتی من بێت من پێم خۆشە کە یارمەتی هەموو کەم ئەندامێك بدەین، لە دەسەڵاتی من بووایە هەوڵم دەدا یەك هەژار لەو وڵاتە نەهێڵم، یەك خێزانی کەم دەرامەت نەبینم، بەڵام بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە بۆمان دانراوە و بە پێی ئەو بودجەیەی کە ساڵانە بۆمان تەرخان دەکرێت پابەندم بەو بودجەیە، بەو ئیمکانیاتەی کە هەیە هەوڵمان داوە ئێمە پێوەرەکان ڕێك بخەین و ڕێنماییەکان دانێین بۆ ئەوەی بتوانین ئەوانەی کە کەسانی ناموستەحەق لەو بەرنامەیە دەرچێت، سەبارەت بە پەیمانگاکان شیاندنی کەمئەندامان لەقەزاو ناحیەکان، هاوکارم بن ستافیان بۆ دابین بکەم، هاوکارم بن ئەو پەیمانگایانە تەجهیز بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە هەموو پەیمانگاکان و لە هەموو قەزا و ناحیەیەك بتوانین خزمەتی کەمئەندامان بکەین، کەموکوڕیەکە و هەستیشمان پێی کردووە و ڕۆژانە داواکاری دێتە بەردەستمان، ڕۆژانە ئێمە خەم لەم کێشانە دەخۆین، کە ناتوانین چارەسەری بکەین، بەڵام دووبارە دەیڵێمەوە ئەو دەسەڵاتەی کە پێم دراوە و ئەو ئیمکانیاتە ماددیەی کە هەیە ناتوانم بەو شێوەیە خزمەت بکەم، ناتوانم پەیمانگا بەو شێوەیە لە قەزاکان بکەینەوە، یەکەم ستافە و مامۆستای پێویستە و چونکە ئەوە هەموو مامۆستایەك ناتوانێ دەرس بە نابیستێك یاخود نا بینایەك بڵێتەوە، ئەو مامۆستایانەی لەو پەیمانگایانە کار دەکەن هەمووی ڕاهێنراون سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەوکەمئەندامانە، ئەگەر بتوانم ستاف دابین بکەم بۆ ئەو پەیمانگایانە ئێمە سەنتەری پاراستنی مناڵانمان هەیە و بینایانمان هەیە و ئەو کاتە دەتوانین بەشێکی ئەو سەنتەرانە ڕێك بخەین و جێ بەجێ ی بکەین بۆ ئەو پرۆژەیە، سەبارەت بە پرسیارێکی گەشە خان سندوق لە وەزارەتی دارایی بۆ یارمەتی دانی ئەو ژنانەی کە جیابوونەتەوە، تاوەکو ئێستا لە وەزارەتی دارایی هیچ ڕێنماییەك نیە یاخود تاوەکو ئێستا هیچ سندوقێك بۆ ئەم مەبەستە تەرخان نەکراوە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هاوکاری ئەو ژنانە بین کە جیادەبنەوە لە مێردەکانیان، وەکو جەنابیشتان دەزانن سیستمی دارایی لەم وڵاتە چۆنە، ئێمە هەموو بودجەکەش و هەموو تەخسیساتێك هەمووی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ وەزارەتی دارایی، ئەگەر سندوقەکە لەبەردەستی ئێمە بووایە دڵنیا بە لەوەی کە ئێمە هاوکاری ئەو ژنانە دەکەین، سەبارەت بە شەڵتەرەکان، کێشە کۆمەڵایەتیەکانمان زۆرن، تەنها شەڵتەرەکان نین، کێشەمان هەیە، ئێستا ئێمە وا خۆمان ئامادە کردووە پارچەیەکی زەویمان وەرگرتووە و بەدوای هاوکاری دەگەڕێین ڕێکخراوێك بەڵێنی پێداوین کە بتوانین شەڵتەرێکی گەورە لە هەولێر دروست بکەین، بەڵام تاوەکو ئەوە دروست دەکەین ئێمە داواکاریمان بەرز کردووەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و بڕیاری ڕەزامەندیشمان وەرگرتووە و بۆ نۆژەنکردنەوەی خانەی بەساڵاچووان، بۆ نموونە لە هەولێر باسی دەکەم خانەی بەساڵاچووانی کۆن بۆ ئەوەی بتوانین نۆژەنی بکەینەوە و ئەو ژنانە بەرینە ئەوێ، چونکە ئەو شەڵتەرە ئێستا ئەو ژنانەی تیایە کە من خۆم باسی

دەكەم، ئەو شەڵتەرە بە پێی ئەو پێوەرانە و بە پێی ئەو تموحانەی کە هەمانە جێ بەجێ یان بکەین بۆ ئەو ژنانە و خزمەتیان بکەین ناتوانین بەو شێوەیە خزمەتیان بکەین، یەکەم/ شوێنەکە بە شێوەیەکی وا سەلامەتی تەندروستی تیا نیە، خانووەکە بچووکە و بەڵام ناشتوانین لەبەر پاراستنی ژیانیان لە هەموو جێگایەك دایان بنێین، ئەبێ لە شوێنێك بێت ئێمە ژیانیان بپارێزین و بتوانین لە هەمان کات لەڕووی کۆمەڵایەتی و تەندروستیەوە ئاگاداریان بین، کێشەیەکی ترمان هەیە، ئەو ژنانەی کە بێ لانەن، لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا، ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بواری ژنان گفتوگۆیەکی زۆرمان کردووە کە پێویستی بە ستاف هەیە و پێویستی بە ئیمکانیاتی ماددی هەیە، هاوکارم بن بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بنکانە بکەینەوە لە سەنتەری شارەکان، چونکە زۆر جیاوازە و ئیشی شەڵتەرەکە ئەوەیە کە چۆن بتوانین ژیانی ئەو ژنانە بپارێزین کە لەژێر هەڕەشەی کوشتن دان و ژیانی ئەوانەش بپارێزین کە هەڕەشەیان لەسەر نیە و بەڵام بێ لانەشن، ئەرکی ئێمەشە کە ئاگاداربین وبتوانین یەکەم شت ژیانیان بپارێزین و دووەم بەدووریان بخەین لەلادان، بێ گومان کەژنێك جێگەی نەبێ و بێ لانە بێت تووشی زۆر گیروگرفتی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، بەڵام بۆ چاك کردنی ئەو خزمەتگوزاریەی کە ئێستا لە شەڵتەرەکان هەیە دەمێکە سیستمێکمان ئامادە کردووە و دەمێکە لە مەجلسی شورایە، بۆئەوەی بتوانین کاری ئەو شەڵتەرانە ڕێك بخرێت، ئەوکات بە پێی سیستەمەکە یەکێك لەبڕگەکانی کەزۆر گرنگە بەلامەوە بتوانین ئەو ژنانەی کە پێویست بەوە بکات بگەنە شەڵتەرەکەو ژیانیان بپارێزرێ و ئەگەر سێی شەو بێت یاخود دوانزەی شەو بێت وەرگیرێن، بە پێی ئەو سیستمەی کە ئێستا هەمانە و بە پێی ئەو ڕێنماییانە ناتوانین وەریان بگرین، پێویستیشمان بەوە هەیە خول بۆ ئەو ستافەش بکەینەوە کە لەوێن، بەڵام نەبوونی بودجە و ئیمکانیات ڕێگر بووە لەوەی کە بتوانین خولیان بۆ بکەینەوە، سەبارەت بەوەی 150 هەزار دینار کە من خۆم لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەم بەوە کردووە لە هەندێ ناوچەی کوردستان ناموستەحەق لەناو لیستەکان داخڵ کراون و زیادەی ئەو حەوت مانگەشیان وەرگرتووە، کە ملیۆنێك و هەشتایە، زانیاریمان پێ گەیشتووە دەست بەجێ لیژنەمان بۆناردوون ئێستا ئەو مووچانە هەر هەمووی ڕاگیراوە، بە تایبەتی لەناوچەی سۆران، چۆمان، ڕواندوز، زانیاریەکان ئێستا لەبەردەستی لیژنەی لێکۆڵینەوەیە وموووچەکان ڕاگیراوە، موستەحەق و ناموستەحەق هەتا بتوانین ئێمە چاو خشانەوە بەو ناوانە بکەینەوە و کێ موستەحەقە وەری بگرێت و ئەوەی ناموستەحەقە دەبێ لەو تۆڕە دەرکرێ و ئەو پارەشی کە وەری گرتووە زیادەکە بیگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت، پێشتر ئاماژەشم بەوە کردووە کە سیاسەتی ئێمە وەکو وەزیر و وەکو ئاسۆسیش ئەوەیە کە ئەو پارە و ئەو تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی تەنها بۆ هەژارانە، لە هیچ کەسێکیشی قبوڵ ناکەین کە دەستوەرداتە ئەو تۆڕە و یاخود نا موستەحەق بخاتە ناو لیستەکانەوە، ئەگەر بۆم نەکرا ئەو کات من هەڵوێستی خۆم دەبێت، بۆیە هەوڵی تەواوی خۆمان دەدەین کە بتوانین ئەوەی موستەحەقە لەو تۆڕە سوودمەند بێت نەك ناموستەحەق، سەبارەت بە بیمەی بێ کاری، بیمەی بێ کاری ئێمە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە کە هاوکاریەکی مانگانە 150 هەزار دینار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دابین بکرێت، لەچوارچێوەی تۆڕی پاراستنی

کۆمەڵایەتی، یەکێك لە بڕگەکانی زەوابتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی ئەوەیە چۆن بیمەی بێ کاری سەرف بکرێت بۆ ئەوانەی کە بێ کارن، بە پێی ئەو ئیمکانیانەی کە پێمان ڕاگەیاند لە وەزارەتی دارایی ئێمە ناتوانین هەموو بێ کاریەك بخەینە ئەو تۆڕەوە، لە قۆناغی یەکەم تەنها توێژێکمان وەرگرتووە ئەویش دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانە، پەیمانگا حکومیەکان، بەڵام ئەو هاوکاریە ماددیە بۆ ئەوە نیە کە تەنها هاوکاریەکی ماددی بێت و مانگانە ئەو دەرچووە چاوەڕێی هاوکاری حکومەت بکات، نەخێر بۆ ئەوەیە کە پەیوەندیەك لەنێوان حکومەت و ئەو گەنجانە دروست ببێت و هەمان کات ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین لەگەڵ دامودەزگاکانی تری حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئێمە خول بۆ ئەم گەنجانە بکەینەوە و لە هەمان کات هانی ئەو گەنجانە بدەین کە ناوی خۆیان لە بەڕێوبەراتیەکانی بەکارخستن تۆمار بکەن کە بێ کارن، بۆ ئەوەی لەلایەن لیژنەکانی دۆزینەوەی هەلی کار، هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە و هەمان کات ئێمە بتوانین بەشداریان بکەین لەو خولانەی کە لەلایەن وەزارەتمانەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین وایان لێ بکەین کە سوودمەند بن لە پرۆژەی قەرزی بچووك، واتە کۆمەڵێك پرۆژەیە کە تەواوکەری یەکە، تەنها هاوکاری ماددی نیە، کۆمەڵێك پرۆژەمان جێ بەجێ کردووە بۆ ئەوەی بتوانین کە هیچ وڵاتێك ناتوانێ دیاردەی بێ کاری بنبڕ بکات، بەڵام بە پێی توانا ئێمە وا دەکەین کە ڕێژەی بێ کاری لە هەرێمی کوردستان کەم بکەینەوە، سەبارەت بە کارکردنی منداڵ ڕووپێویێکمان ئەنجام داوە لەگەڵ ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕووپێویێکی ساڵی 2007 کە بۆ هەمان مەبەست ئەنجام دراوە، ڕووپێویەکە لە بەراوردەکەدا منداڵی ئیشکەر ئەمساڵ لە 2010 کەمتر بوو لەو ڕووپێوەی کە ئەنجام دراوە لە ساڵی 2007 ، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە دەستە وەستان بوەستین بڵێین لەبەرئەوەی ژمارەی ئەم منداڵانەی کە ئێستا لە ڕووپێویەکە دەرچووە کەمترە لەو ڕێژەیەی پێشوو دانیشین و هیچی بۆ نەکەین، لەلایەن لیژنەی پاراستنی مافی منداڵەوە ئیشمان بۆی کردووە و کۆمەڵێ پرۆژەیە کەتەواوکەری یەکن و بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە ڕێژەی منداڵی ئیشکەر لە هەرێمی کوردستان کەم بکەینەوە، بەڵام خۆشم لەو ڕووپێویە بەشدار بووم، ئەوەی کە ڕووبەرومان دەبێتەوە ئەوەیە کە ئەو منداڵە پرسیار دەکات و دەڵێت کە دەڵێم دەبێ بچیتەوە بواری خوێندن دا خێزانی منداڵەکە بانگ دەکەین خاوەن خێزانەکە بە من دەڵێ 150 هەزار بەشی ئەوە دەکات من بتوانم ئەو منداڵە بژێوی و بەشی بژێوی ژیانی خۆمان ناکات، 150 هەزار یارمەتی ئەوەم نادات من دەستبەرداری ئەو منداڵە بم و بڕواتەوە کورسی خوێندن تەواو بکات وە نەتوانم بینێرم بۆ ئیش کردن، کۆمەڵێك کێشە و کەموکوڕی هەیە کە دەبێ ئێوە هاوکارم بن بۆ چارەسەری کردنی ئەم کێشانە، دیاردەیەکی تر هەیە ئەو زۆربەی ئەو منداڵانەی لەسەر جادەن و بەناوی سواڵکردنەوە یاخود بە بیانوی ئیش کردنەوە لەسەر جادە زۆربەیان منداڵی هەرێمی کوردستانن، لەبەر خراپی بارودۆخی ئەمنی خواروو و ناوەڕاستی عیراق دا هەموویان ڕوو لە کوردستان دەکەن، ئەگەر تەماشا بکەن نەك تەنها منداڵ، ڕۆژانە ژنیش دەبینین، بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بە بیانووی ئەوەی کە کلینکسێك دەفرۆشێ، یاخود پارچە بنێشتێك دەفرۆشێ سواڵ دەکات، کێشەکانی ئێمە ئەوەیە، بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە هەمانە لە وەزارەتی دارایی یاخود لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە ناتوانین ئەوانەی کە لە دەرەوەی ناوچەکانی هەرێمن مەشمولیان بکەین بە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ئەوە پێویستی بە

بڕیارێکی لە سەرووی خۆمەوە هەیە، لەوانەیە پێویست بکات ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بڕیار لەو بارەوە بدەن، ئەوانەی کە لە دەرەوەی ناوچەکانی ترەوە دێن چۆن چارەسەری ئەو کێشانەیان بۆ بکەین؟ بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی پێم دراوە من ناتوانم هاوکاری ئەو خێزانانە بکەم، پێم خۆشە ئەو گیروگرفتە لێرە باس دەکرێ بۆ ئەوەی ئێوەش هاوکارم بن و لە نزیکەوە بزانین گیروگرفتەکان چی یە؟ دیارە لێرە پرسیارەکان هەندێکی دووبارە بۆتەوە، بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بیمەی بێکارییەکە، لە چوارچێوەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دا پلانمان هەیە ئێمە بتوانین تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بکەینە (database) وەك ئەوەی کە ئاماژەم پێ کردووە، دڵنیام لەوەی ژمارەیەکیش لەو موستەحەقانەی کە ئێستا سوودمەندن لەو تۆڕە لەو بەرنامەیە دەردەکرێ، سەبارەت بە خانەی بەساڵاچووان، چەندە و ئاستیان چۆنە؟ هەوڵمان داوە ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش بەساڵاچووان دەکرێ لە خانەکان بە شێوەیەکی زۆر باش بووە، خانەی بەساڵاچوومان هەیە، بەساڵاچووی ئاساییمان هەیە، پەککەوتەشمان هەیە، پێم خۆشە جەنابتان لە نزیکەوە سەردانی ئەو خانانە بکەن، بزانن چی خزمەتگوزارییەکیان پێشکەش دەکرێ، بۆ یەکەم جار لە ماوەی دوو ساڵ دا توانیمان خانەی بەساڵاچووان ڕێ بدەین کە لەلایەن ڕێکخراوی خێرخوازی و ئەهلی بکرێتەوە، کە پرۆژەیەکی زۆر سەرکەوتووە، ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتووە کە ئێستا لە گەرەکی عینکاوە کراوەتەوە، بەڵام بە سەرپەرشتی وەزارەت دەبێت، لیستی خواردنیان تایبەتە کە پزیشکی پسپۆر لیستی خواردنیان بۆ ئامادە کردووە، هەروەها پزیشکێك لەوێ ئاگاداری تەندروستی بەساڵاچووان دەبێ، ئەگەر پێویستیان بە هەر خزمەتێکی تر بێ، نەشتەگەری بێت، ئەوە ئێمە ئەو هەموو خزمەتگوزارییەیان پێشکەش دەکەین، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ئەوانەیان بۆ فەراهەم دەکەین، جگە لە خانەی بەساڵاچووان لە هەولێر دەستمان کردۆتە پرۆژەیەك، ئەویش سەنتەری ڕۆژانی بەساڵاچووانە، سەنتەرەکە تەنها بۆ ئەوانە نی یە کە ئەو بەساڵاچووانەی کە لە خانەکەن ئەوانەی کە خزمەتگوزارییان پێشکەش دەبێ، بەڵکو لە دەرەوەی خانەکە، لە گەڕەکەکەوە دێن، لە سەنتەرەکە کۆ دەبنەوە چایەك دەخۆن، یاخود گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ ئەو بەساڵاچووانەی کە هاوتەمەنی خۆیانن، پرۆژەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە تاکو ئێستا، هەوڵی ئەوەش دەدەین کە ئێمە بتوانین ئەو بنکانە لە شوێنی تریش بکەینەوە، سەبارەت بە نەخۆشی سەرەتان کە ئەوانەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی نایانگرێتەوە، ڕۆژانە داواکاری دێتە وەزارەتمان بۆ هاوکاری کردنی جۆرەها نەخۆشی، نەك تەنها نەخۆشی سەرەتان، نەخۆشی تریش هەیە، نەخۆشی سەدەفییە هەیە، تاکو ئێستا بڕیارێك نەهاتووە بۆ ئەوەی ئەوان مەشمول بکرێن بە هاوکارییەکە، بەڵام من لەلایەن خۆمەوە موعاناتێکی زۆرم هەیە، چونکە داواکارییەکە دێتە بەردەستمان و سندووقێکیشمان نییە بۆ هاوکاری کردنی ئەو نەخۆشانە، ڕۆژانە داواکاری ئەوەمان هەیە کە بۆ ناردنە دەرەوە بێت، بۆ دەرەوەی وڵات یاخود داوای هاوکارییەکی ماددی دەکات بۆ چارەسەر کردنی، یاخود بۆ کڕینی دەرزییەك، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە سندووقێکی تایبەتمان نیە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە یارمەتی ئەو کەسانە بدەم کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە، ڕۆژانە داواکاری دێتە بەردەستم، بەڵام وەڵامم نیە بۆ ئەم

**کەسانە، کە بۆتە مایەی نیگەرانیم، هیوادارم بتوانین لە ئایندەیەکی نزیك دا لە پرۆژەی کەم ئەندامانیش بێت بتوانین سندووقێك تەخصیص بکرێ بۆ ناردنی ئەو کەمئەندامانە بۆ دەرەوەی وڵات، یاخود هاوشێوەی ئەوانەی کە نەخۆشی سەرەتانیان هەیە، بتوانین هاوکاریان بین، کێشەی ئێمە ئەوەیە کە ناتوانین هاوکاری ماددیشیان پێشکەش بکەین و ناشتوانین لە ئازارەکانیان کەم بکەینەوە، بەوەی ئەگەر من بتوانم دەرزییەکیان بۆ بکڕم، سەبارەت بە پرسیارەکانی سیوەیل خان، بۆ قەرزی بچووك لە ڕێنماییەکان و ئەو پەیڕەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژە یاساکە، پابەندین بە پرۆژە یاساکە، لە پرۆژە یاساکە هاتووە بەرزترین ئاستی قەرز (15) ملیۆن دینارە، لەوانەیە ڕۆژانە داواکاریش هەبێ ئەو گەنجانە داوای ئەوە بکەن بکرێتە بیست ملیۆن، یاخود (25) ملیۆن دینار، بەڵام ئێمە پابەندین بە پرۆژە یاساکە، ئەگەر هەموار بکرێتەوە ئێمە ئامادەین بۆ ئەوەی بتوانین جێبەجێی بکەین، ئەو ڕێنماییانەی کە هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارە وەرگرین، پابەندم لێرە دووبارەی دەکەمەوە بە پرۆژە یاساکە، چونکە ئاستی تەمەنیشی بۆم دیاری کردووە، ئەگەر تەمەنەکە زیاتر بکرێ ئەوە لەوانەیە ژمارەیەکی، بێگومان ژمارەیەکی زیاتری بێ کاران سوودمەند دەبن، لە کاتی گفتوگۆش لەسەر پرۆژە یاساکەدا ئەوەمان کرد ئێمە بتوانین لە (35) ساڵەکە تێپەڕ بکات بۆ (40) ساڵ، ئەگەر هەر هەموار کردنێك لەو بڕگە یاسایانە هەبێت ئەوە ئێمە ئامادەین وەکو ستاف وەزارەت جێبەجێی بکەین، چونکە ئێمە مەبەستمان هەلی کار بۆ بێکاران دابین بکەین و خزمەتی ئەو گەنجانە بکەین، سەبارەت بە مووچەکان، ئەوانەی (37)هەزارین، یاخود (60) هەزاری، (30) هەزاریشمان هەیە، کۆمەڵێك مووچەمان هەیە، پێشتر لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەشم پێ کردووە کە ناموستەحەقمان هەیە لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، پلانیشمان هەیە سەرقاڵین بەوەی کە ئێستا (database)ی بۆ ئامادە دەکەین، بتوانین لە زاخۆوە تاکو کفری یەك ڕێنمایی جێبەجێ بکرێ، ئەوانەی کە موستەحەقن داخیلی ئەو تۆڕە بن، پێشتریش وتوومە، ئەم وتەیە بۆ هەژار و فەقیرانە، بۆ منداڵی دەوڵەمەند و پاسەوان و فەرمانبەر نەکراوە، بۆ منداڵە مەسئولەکان نەکراوە، ئەگەر بۆم نەکرا، دووبارەی دەکەمەوە بەڵێنتان پێ دەدەم هەڵوێستی خۆم دەگرم، چونکە ئێمە بۆ خزمەت دانیشتووین، خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەین، خزمەتی خەڵکی هەژاران بکەین کە بۆمان نەکرا خۆمان هەڵوێستی خۆمان، پلانمان هەیە کە ئەوانە هەرهەمووی بخەینە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتییەکە و بە پێوەرەکانی تۆڕەکە بتوانین ئەو مووچانە چاك بکەین، سەبارەت بە بیمەکە، بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کە دەبێ لە (36) ساڵ تێپەڕ نەکات، سەبارەت بە بیمەی بێ کارییەکە، ئەوانەی کە دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکانن، پرسیارێك هەیە سەبارەت بە توێژەری کۆمەڵایەتی، من پێشتر لە ڕاپۆرتەکە ئەوەم باس کردووە، بە بڕوای من توێژەری کۆمەڵایەتی بڕبڕەی ئیشەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یە، بەڵان لەبەر ئەوەی دەرماڵەیەك، یاخود جیاکارییەك نیە بۆ ئەو توێژەرانە، کەمتر ڕوو لە وەزارەتمان دەکەن، ئەو کاتیش باسی ئەوەم کردووە، داوای هاوکاری جەنابتانمان کردوو، کە هاوکارمان بن دەرماڵەیەك بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی دابین بکرێ، بۆ ئەوەی ڕوو لە وەزارەتمان بکەن،**

چونکه پێویستییەکی زۆرمان پێیانە لە چاکسازییەکان، لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشەپێدان، لە هەموو بربڕە و لە هەموو بەڕێوەبەرایەتی تەوەرێکی ئەو وەزارەتە، بۆ لێبووردنی گشتی، بۆ پرۆژە یاسای لێبووردنی گشتی، جەنابت ئاماژەت پێ کرد کە لە پەرلەمانەوە تاکو ئێستا گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، ئێمە پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە، بەم نزیکانە بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، پاشان بۆ پەرلەمان، پشتگیری خۆشم ئاراستەی هەر هاوشێوەی ئەو پرۆژانە کردووە، ئەگەر لە پەرلەمان بکرێت، سەبارەت بە یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەو کەم و کوڕییانەی کە هەیە بۆ ئەوەی نە بە ئاستێکی گونجاو، یاخود نەمانتوانیوە خزمەتی چینی کرێکاران بکەین، ئەوەیە کە یاساکان بەو شێوەیە سنووری دەسەڵاتمانیان دیاری کردووە، لە یەکەم هەنگاودا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمان لە کۆنفراسەکە توانیمان پرۆژە یاساکە هەموار بکەینەوە، دەمێکە لە پەرلەمانەوە داوای ئەوەم کردووە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، چونکە هەتاکو ئەم یاسایە پەسند نەکرێ لێتان ناشارمەوە ناتوانین هیچ بۆ کرێکاران بکەین، لە پرۆژە یاساکە چەندین ماف و ئیمتیازات بۆ کرێکاران دەستەبەر کراوە، ئاشکراشە چینی کرێکاران چەند ماندوون، بەڵام بەپێی پێویست نەمانتوانیوە خزمەتیان بکەین، پرۆژە یاساکە پەسەند بکرێت، ئەو کاتە ئێمە دەسەڵاتمان زیاتر دەبێت و دەست کراوەش دەبین، لە بڕگەکەش ئەوە دیاری کراوە کە ساڵانە حکومەتی هەرێم لە 30٪ی تێچوونی صندوقی زەمان بەشدار دەبێت بۆ کرێکاران، لەصندوقی زەمان هەر کرێکارێك تووشی ڕووداو بێت ئەوانەی کە دەستەبەر کراون، هەروەها بڕی خانەنشینیشیان ئەتوانین زیاتر بکەین، سەبارەت بە پرسیارێکی سیوەیل خان بۆ خۆکوشتن و کوشتن، ئامارمان هەیە تاکو ئێستا ئامارمان پێ نەگەشتووە، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەگەر بوارێکم پێ بدەن لە بانگهێشتێکی فەرمی تردا ئەتوانم، لەگەڵ ستافی وەزارەت لەڕێگای توێژەرانی کۆمەڵایەتیشەوە بابەتێك ئامادە بکەین، وە بتوانین ڕای پسپۆڕان لەو بارەشەوە ئامادە بکەین، بێمە بەردەم بەڕێزتان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری، سەبارەت پرسیارەکانی پەیمان خان، وابزانم لە پرسیارێکی ئەندامێکی بەڕێز جوابی ئەو پرسیارەم داوەتەوە کە تۆڕەکە بە چ پێوەرێکە، پێوەرەکانمان ڕوون وئاشکرایە، لەگەڵ وەزارەتی داراییدا دەستنیشانمان کردووە، جێبەجێشمان کردووە، دەبێت لەهەموو شوێنێك بەپێی ئەو ڕێنماییانە ئەوانەی کە پێویستیان بە هاوکاری ماددی هەیەو پێویستیان بە هاوکاری تۆڕەکە هەیە، بەپێی ئەو ڕێنماییانە مەشمول بکرێن، سەبارەت بەوەی کە بۆچی 150 هەزار دینارە، ئێمە داوای زیاد کردنمان کردووە، لە 30 هەزارەوە زیاد بکرێت بۆ 75 هەزار، پاشان لە پەرلەمانی بەڕێز کرا بە 150 هەزار، پابەندین بە بڕیاری پەرلەمان، ئەو بڕیارەی کە درا لەیەن پەرلەمانی بەڕێزەوە، هیچ دەسەڵاتێکم پێ نەدرا کە ئەو کاتەی بڕیارەکە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بێت، پێشتر لە ڕاپۆرتەکەش ئاماژەم بەوە کرد، کە گلەییەکی زۆر ئاراستەی وەزارەتمان دەکرێت، دایکمان هەیە کە شەش منداڵی هەیە 150هەزار وەردەگرێت، وە خەڵکی سوودمەندی تریشمان هەیە هەر دیسان 150 هەزار وەردەگرن، هیچ جیاوازییەك نەکراوە لە بڕە مووچەکان، پێویستی بەوە هەیە، کە ئەو بڕگەیە لەلایەن

پەرلـەمانی بـەڕێزەوە هـەموار بکرێتـەوەو بتـوانین یەکسـانی لـەو مووچـانەدا دابـین بکـەین، صـندوقی خانەنشینی ئیشی چیە؟، ئەوەی کە بەشداری مانگانـە لەلایـەن خـاوەن کـارو کرێکارانـەوە دەکرێـت بـۆ ئـەو صندوقە، ئەگەر کرێکارێك تووشـی پێکـان بێـت یـان ڕووداوێـك بێـت، ئـەوە ئەگـەر دەسـتەبەر کرابێـت لـەو صندوقە، پارەی بۆ سەرف دەکرێت، وە کرێکاری خانەنشین کراویشمان هەیە، لەو صندوقە خانەنشـینی بـۆ ئەکرێت، بەپێی یاساکان ئێمە دەتوانین وەبـەرهێنان لـە صـندوقی زەمانـدا بکـەین، بـەلأم پێویسـتمان بـەوە هەیە کە پرۆژە یاساکە هـەموار بکرێـت بـۆ ئـەوەی بتـوانین ئێمـە ئـەو هاوکارییـەی کـە حکومـەتی هـەرێم سالأنە بەشداری دەکات لە تێچوونی ئەو صندوقە، هاوکارییەکی زۆر گەورە دەبێت بۆ ئەوەی ئێمـە بتـوانین پرۆژەی گەورە لەسەر حسابی صندوقەکە بکەین، کە بەرژەوەندیەکەی و ئەنجامی ئەو پرۆژانـە ئەوەیـە بـۆ کرێکاران دەبێت، بۆ بەرژەوەندی کرێکاران دەبێت، سەبارەت بە شەڵتەرەکان، خۆشمان درکمان بەوە کردووە کە شەڵتەرەکانمان بینایەکانیان گونجاو نین، نەقسمان هەیـە لـە سـتاڤ ڕاهێنـەر بـۆ چـۆنیەتی مامەڵـەکردن لەگەڵ کەیسەکان، بەپێی توانا هەوڵمانداوە لەگەڵ ڕێکخراوەکـان کـە خولیـان بـۆ بکەینـەوە، بـەلأم پێویسـت بەوە دەکات ئەو سیستمەی کە ئامادەمان کردووە، دەمێکە لە مەجلسی شورایە تا پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەرکی زیاتر جێبەجێ بکەین و بتوانین خزمەتی زیاتر بکەین، سەبارەت بە خانەی بەساڵاچـووان، کەوا ئاستیان خراپـە، بـەپێی ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە سـەردانی خانـەکان دەکـەن، ئـەو ڕاپۆرتانـەی کـە دێنـە بەردەستمان یاخود لەڕێگای ئەو سەردانانەی کـە بـۆ خانـەکانی دەکـەم، لـە ئاسـتێکی باشـدایەو ئەگـەر هـەر کەموکوڕییەك هەبێت، پێم خۆشە گوێ بیسـتی بـم، بەدواداچـوونی بـۆ بکـەم، سـەبارەت بـە چاکسـازییەکان، چاکسازییەکان پێشتر لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەمان پێکردووە، درکمان بەوە کـردووە، بـۆ ئـەوەی ئێمـە بتـوانین مەفهومی چاکسازی بەمانا تەواوەکەی خـۆی جێبـەجێ بکـەین و فەراهـەمی بکـەین لەکوردسـتان، نـاتوانین فەراهەمی بکەین و جێبەجێی بکەین تاکو ئەم بینایانەمان بـەم شـێوەیە بێـت، بینایـەی گـەورانی سـلێمانی چاکسازی گەورانی سلێمانی ڕۆژانە بەندکراو دێتە ئەو چاکسازییە، لەهۆڵێکدا ڕۆژی واهەیـە 65 بەنـدکراو دەکرێتە هۆڵێکەوە، کەموکوڕییەکی زۆر گەورە وە نـاتوانین چاکسـازی لـەوێ جێبـەجێ بکـەین، بـەلأم ئێمـە توانیومانـە پـرۆژەی بـاش ئـەنجام بـدەین زانیومانـە کـە کـەموکوڕی هەیـە، ئێسـتا پرۆژەیـەکی زۆر بـاش لەهەولێر جێبەجێکراوە، لەقۆناغی جێبەجێکردندایە، توانیومانە بەردی بناغەی بۆ دابنێین کە 47 ملیۆن دیناری تێدەچێت، گرنگی ئەو پرۆژەیە ئەوەیە، بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتیەکان دیزاینی بۆ ئامادە کراوە، مەلەوانگـەی تێدایـە، هـۆڵی وەرزشـی تێدایـە، بنکـەی تەندروسـتی تێدایـە، هۆڵـەکانیش بـەو شـێوەیە جێبەجێکراون یاخود بـەو شـێوەیە دروسـت کـراون کـە ئێمـە بتـوانین تـاکو ئێسـتا ئـەوەی بۆمـان نـەکراوە، نەمانتوانیوە سزا دراوان بەپێی ماددەکان یاخود تاوانەکانیان تەصنیف بکرێت، نـەمانتوانیوە لەبـەر ئـەوەی بینای گونجاومان نەبووە، بەلأم پـاش ئـەوەی ئێمـە ئـەو بینایـە دەبێـت لـەماوەی 20 مانگـدا تـەواو بکرێـت زۆربـەی کێشـەکانمان چارەسـەر دەکرێـت، وەلەهـەمان کاتیشـدا لـە ئاینـدەیـەکی نزیکـدا هـەمان پـرۆژە لـە سلێمانیش جێبـەجێ دەکـەین بەهـەمان دیـزاین، سـەبارەت بـە پرسـیارەکەی کـاك کـاردۆ، کـە سـەبارەت بـە

یاساکان بوو، هەوڵی تەواوی خۆمانداوە کە پـرۆژە یاساکان ڕای تـەواوی خـەڵك وئەوانـەی کـە پسپۆڕن لـەو بوارەدا وەربگرین، لەبەر ئەوەی پرۆژە یاسای کار، پرۆژەیەکی زۆر گرنگە، هـەروەها پـرۆژەی خانەنیشـین و دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی پێشـتر بـە پـرۆژەی یەکـەم دەسـتمان پێکـردووە، کـە خانەنشـین ودەسـتەبەری کۆمەڵایەتیە، بڕگەیەکی گرنگمان هەمواركردۆتەوە کە دەمێکە لەپەرلەمانەوە چاوەڕوانی ئـەوەین پەسـەند بکرێت، سەبارەت بەیاسای کار لەبەر ئەوەی پێویستی بـە ڕای پسپۆڕان هەیـە ڕای شـارەزایان هەیـە، ڕۆژانـە ئێمە توانیومانە یاخود ڕای پسپۆڕان وەربگرین وە چوار (ۆرك شۆپ) ئەنجام دراوە، بۆ ئـەوەی بتـوانین ڕای کۆتایی وەربگرین و داڕشتنی کۆتایی لە کۆنفرانسێکی گەورەدا کە بە ئامادەبوونی ئەوانەی کە پسپۆڕن لـەو بوارەدا ئەوکاتە بخرێتە بـەردەم ئەنجومـەنی وەزیـران و پاشـان بـۆ پەرلـەمان ڕەوانـە بکرێـت، سـەبارەت بـە بیمـەی بێکارییەکـە، کـە تـەنها بـۆ توێژێکـە، بـەڵێ ئێمـە لەهەوڵدابن بـۆ ئـەوەی بتـوانین تـۆڕی پاراسـتنی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردسـتان جێبـەجێ بکـەین، بـەڵام نـاتوانین لـەپڕ بیمـەی کۆمەڵایـەتی بـۆ هـەموو بێکارێك دابین بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو بودجەیەی کە تەرخان کراوە، لەوانەیە بەشی نیـوەی هـەموو ئـەو بێکارانە نەکات، وەکو قۆناغی یەکەم دەستمان پێکردووە، لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی نوێیـە بێگومـانم لـەوەی کـە کـەموکوڕیش دەبێـت، بیمـەی بیکارییەکـە و قـەرزی بچـووکیش، چـونکە پرۆژەکـان زۆربـەی نـوێن و کەموکوڕیشـمان دەبێـت، بـەڵام هـەوڵی تـەواوی خۆمـان دەدەیـن بـۆ سـەرکەوتنی ئـەو پرۆژانـە، سیسـتمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لاوازە، ئێمە پێشتر هەستمان بەوە کردووە، کە پێویسـتمان بـە هاوکارییـەك هەیـە، پێویسـتمان بـەوە هەیـە دەسـەڵاتمان کراوەتـر بێـت، بۆیـە ئێمـە پـرۆژە یاسـاکەمان لەکۆنفرانسـێکدا هەمواركردۆتەوەو پێشکەشی پەرلەمانمان کردووە، سیاسەتی بەکارخستنیش تاکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی بەکارخستنی ڕوون و ئاشکرای نیە، هەستمان کـردووە کەکـەموکورتی تێدایـە، بـەڵام لەهەمان کاتدا دەستمان کردووە بە داڕشتنی سیاسـەتەکە، کـە وابڕیـارە ئـەمڕۆ کۆتـایی دانیشـتنەکان بێـت، لەئایندەیەکی نزیکدا پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ پەسەند کردنی، سیاسـەتی بەکارخسـتنەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کەچیمان پێویستە وەکو وەزارەت، چیمان پێویستە وەکـو وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان، بـۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە کار بکەین، بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بیکاران، تـاکو ئێسـتا مـەفهومێك هـەبوو کـە تـەنها وەزارەتـی کاروکاروبـاری کۆمەڵایـەتی پابەنـدە بـەوەی کـە هـەلی کـار بـۆ بیکـاران بدۆزێتـەوە، بـەڵام لەهـەموو وڵاتـان دوای ئـەوەی کـەڕای پسـپۆڕانمان وەرگرتـووە و هاوکـاری ڕاسـتەوخۆی ڕێکخـراوی کـاری نێودەوڵـەتی ئاماژەیـان بـەوە کـردووە کـە حکومـەتی هـەرێم پێویسـت بـەوە ئـەکات ئێمـە بتـوانین هەنـدێ میکانیزم دابنێین بۆ دۆزینـەوەی هـەلی کـاری زیـاتر بـۆ گـەنجان، ئـەوەی کـە دەسـەڵاتمانی سـنووداركردووە ئەوەیە کە ناتوانین بە تەواوەتی لە کەرتی تایبەت داوای هەلی کاری تایبەت بکەین بۆ بـێ کـاری، بۆیـە ئـەم پرۆژانـە هـەمووی تەواوکـەری یـەکن بـە پەسـەند کردنـی پـرۆژە یاسایەکە، بـە پەسـەند کردنـی سیاسـەتی بەکارخستن کە هەموو  حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان پابەنـد دەکـات بـەو سیاسـەتە، ئـەو سیاسـەتە تـەنها وەزارەتێك پەیوەست ناکـات یـاخود پابەنـد ناکـات بـە دۆزینـەوەی هـەلی کـار، بـەڵکو هـەموو وەزارەتـەکان و

ئەنجومەنی وەزیران پابەند دەبێ لەوانەیە پێویست بکات ئەومەنهەجەی کە ئێستا لەلایەن وەزارەتمانەوە پێشکەش بە سوودمەندانی خولەکانی بنکەی مەشقی پیشەیی دەکرێت، لەوانەیە پێویست بکات کاری تێ بکەین، لەوانەیە پێویست بەوە بکات حکومەت سیاسەتی خۆی ئاشکرا بکات لە کاتی دامەزراندن، هەروەها لەوانەیە پێویست بکات بۆ نموونە باسی دەکەم کە وەزارەتی پیشەسازی هەندێ کارگە هەیە وەستاوە و بخاتەوەگەڕ، کۆمەڵێك سیاساتە کە سیاسەتی بەکارخستن هەوڵەکان کۆدەکاتەوە، بە ئامانجی ئەوەی کە هەلی کاری گونجاو بۆ بێ کاران بدۆزینەوە، زۆر جار کە لیژنەکانمان هەلی کار بۆ گەنجان دەدۆزنەوە لەلایەن ئەو گەنجانەوە ئەو کارە ڕەد دەکرێتەوە، لەوانەیە لەبەرکەمی مووچە بێ کە نەتوانین ئێمە کەرتی تایبەت پابەند بکەین بەوەی سنووری مووچەکان چەند بن، بۆ ئەوانەی کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، یاخود ئەو هەلی کارەی کە دۆزراوەتەوە بۆ ئەو گەنجە نەگونجاوە لەگەڵ ئەو کارەی کە دەستی کەوتووە، بۆیە سیاسەتی بەکارخستن ئەوەیە کە هەلی کاری گونجاو بۆ بێ کاران بدۆزینەوە، هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی بێ کاری، لە هیچ وڵاتێکیش تا ئێستا نەتوانراوە دیاردەی بێ کاری بنبڕ بکرێت، داوای هاوکاریشمان لە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کردووە و هاوکاری وەزارەتی پلاندانان کە ڕووپێوێکی نوێ ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوەی کە گرنگە باسی بکەم ئەوەیە هەندێك لەم پرۆژانە پرۆژەیەکی دوو مانگ و ساڵی نیە، بۆ نموونە قەرزی بچووك لەوانەیە دوای چوار، پێنج ساڵی دیکە ئێمە ئەنجامی ئەم پرۆژانە ببینین، زۆربەی ئەم پرۆژانە پلانی درێژخایەنە، بەلام دڵنیام لەوەی کە ڕێژەی بێ کاری کەم دەکاتەوە لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پرسیاری بەیان خان تۆڕەکە ناعەدالەتی تیایە، بەڵێ من لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەم بۆی کردووە، تۆڕەکە لە کاتی جێ بەجێ کردن ناعەدالەتی تێ کەوت و نایەکسانیشی تیایە، لیژنەمان پێك هێناوە ئێستا چاوەڕوانی ڕاپۆرتی لیژنەکەم، بەڵام وەك ئەوەی کە ئاگام لە ئیشی لیژنەکە هەیە، مووچەکان هەمووی ڕاگیراون، پێداچوونەوە بە هەموو ناوەکان دەکرێت، پلانێکیشمان هەیە، ئەو کاتی کە داتا بەیسەکەش ئەنجام بدرێت پلانێکمان هەیە، لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان لیژنەی باڵا پێك بهێندرێت بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە هەموو مووچەکان نەك تەنها مووچەی تۆڕی پاراستن، بەڵکو مووچەی کەمئەندامانیش جۆرەکانی دیکەی مووچەش ئەوانەی کە لە وەزارەتمانەوە پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێت، سەبارەت بە هاتنی کرێکاری بیانی ئێمە ڕێنماییەکانمان ڕوون و ئاشکرایە، لە ڕاپۆرتەکەش ئاماژەم پێی کردووە، خروقات هەیە کە لە خوارو و ناوەڕاستی عیراقەوە بە قاچاغ داخلی هەرێم دەبێت، کێشەی ئەوەمان هەیە و وەکو گوتم ئێمە لە هاتنی ئەو کەسانە بەرپرس نین، بەڵام وەکو ئەوەی کە تووشی ڕووداوێك بن، ئێمەین داکۆکی لە مافەکانی ئەوانەوە دەکەین، دیارە پێویست بەوە دەکات کە لیژنەیەکی هەمەلایەنانە یاخود بڕیارێکی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربکرێت بۆ قەدەغە کردنی هاتنی کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە تاوەکو ئەوان بێنە هەرێمی کوردستانەوە هەلی کار بۆ کرێکاری خۆماڵی کەم دەبێتەوە، سەبارەت بە قەرزی بچووك بۆ ناتوانین بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوەی ناوچەکانی هەرێمن سوودمەند بن و پابەندین بە پرۆژە یاسایەکەی پەرلەمانی بەڕێز کە لێرە پەسەند کراوە ئەگەر هەر هەموار کردنێك لە برگەکانی بکرێت ،ئێمە ئامادەین بۆ جێ بەجێ کردنی، سەبارەت بە دیاردەی سواڵکردن، کۆمەڵێك پرۆژەمان جێ بەجێ کردووە و کۆمەڵێك ڕووپێویمان هەیە، کۆمەڵێك گرفتمان هەیە لەوەی کە یاساکان ڕێگەنادەن ئێمە هاوکاری ئەو کەسانە بین وەك پێشتر باسم کرد ئەوانەی کە سواڵ دەکەن زۆربەیان لە

خوارووی عیراقەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستانەوە، ئەگەر دەسەڵاتم پێ بدرێت بۆ هاوکاری ئەو خێزانانە ئەو کاتە لیژنەی تایبەتمەند دەتوانن سەردانی خێزانەکان بکات و وایان لێ بکەین کە سوودمەند بن لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە دروست کردنی سەنتەرێك بۆ مادده بێ هۆشکەرەکان یاخود ئەوانەی کە ئاڵوودە بوون بە مادده بێ هۆشکەرەکان، پێشتر کەموکوڕیەکانم لە ڕاپۆرتەکە دەرخستووە، لەبەرئەوەی کە بینایەی گونجاومان نیە لە چاکسازیەکان من لێرەوە باسی دەکەم و ئاشکرای دەکەم نەمان توانیوە چارەسەری ئەو سزادراوانە بکەین کە پێشتر ئاڵوودە بوون بە مادده بێهۆشکەرەکانەوە، تاوەکو ئێمە بینایەی گونجاومان نەبێ ناتوانین ئەو بنکەیە دروست بکەین، بەڵام لە هەمان کات لەگەڵ ڕێکخراوی (ئیجێ کلێکس) کارمان لەسەر ئەوە کردووە سەبارەت بە چۆنیەتی دروست کردنی بنکەکان، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو سزادراوانە ئیشمان لەسەری کردووە و لە داهاتوویەکی نزیك دا ڕێنماییەکان و شێوازی ئەو کەسانەی یاخود شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو کەیسانە ئاشکرا دەکەین، سەبارەت بە پرسیارەکانی کاك بیلال، دیارە زۆر لە پرسیارەکان دووبارە بوونەتەوە، بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە بە ناهەق وەریان گرتووە، ئەوانەی کە بە ناهەق وەریانگرتووە دەبێ ئەو پارانە هەمووی بدەنەوە بە حکومەت، 20٪ ی وڵات کەمئەندامە و هێشتا ژمارەیەك لە کەمئەندامان سوودمەند نەبوون، کۆمەڵێك ڕێنماییمان هەبووە، ڕێنماییەکان هەر هەمووی گشتگیرە لە هەرێمی کوردستان، ئەوانەی کە کەمئەندامن، بەو پێوەرانە و بەو ڕێنماییانەی کە دامان ناوە کەمئەندام سوودمەند دەبن، هەر کەمئەندامێك کە پێوەرەکان لەسەری جێ بەجێ بکرێت دەتوانی سەردانی بەڕێوبەراتیەکان بکات و سوودمەند بێ لەو مووچانە، بۆچی تاوەکو ئێستا ئەوانەی کە فعلەن موستەحەقن کە سوودمەند بوون لە تۆڕی پاراستن تاوەکو ئێستا مووچەیان وەرنەگرتووە؟، پێشتر تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیمان نەبووە، پێشتر چاودێری خێزان بۆ ژمارەکان تەحدید کراوە، بەڵام پاش ئەوەی کە بڕیاری پەرلەمانی لێدرا کە کرایە 150 هەزار ئەو ژمارەیە ئێستا کراوەیە، هەرکەسێك موستەحەقە، هەر کەسێك ڕێنماییەکان بەسەری دا جێ بەجێ دەکرێت دەتوانێ سوودمەند بێ لەو تۆڕە، لەوانەیە کێشەی ئەوە هەبێ لیژنەکە بڕوات و سەردانی خێزانەکان بکات، یاخود ناوی نووسیوە و چووەتە وەزارەتی دارایی و ئابووری و هێشتا نەگەڕاوەتەوە، لەوانەیە کێشەی ئەوەمان هەبێ، بەڵام ئەوانەی کە ناموستەحەقن دەتوانن سەردانی بەڕێوبەراتیەکەمان بکەن بتوانن سوودمەند بن لەو تۆڕە، چونکە وەکو گوتم ئەو مووچەیە بۆ هەژارانە و کەمدەرامەتانە، هەر کەسێك و کەمدەرامەتێك یاخود ئەو کەسانەی کە بە پێی ڕێنماییەکان دیاری کراون دەتوانن سەردانی بەڕێوبەراتیەکان بکەن بۆ ئەوەی سوودمەند بن لەو تۆڕە، سەبارەت بەوەی سزادراوێك کە بەناوی (محمد عبدالله) یە و مانی گرتووە لە خواردن، زانیاری وام پێ نەگەیشتووە، بەڵام من بەدواداچوونی بۆ دەکەم بزانم ئەو کێشەیە چۆنە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەم، بە هەموو شێوەیەك ئێمە هاوکاریان دەبین، سەبارەت بە خۆکوشتن و کوشتن بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی، تاوەکو ئێستا هیچ ئامارێکیان لەبەردەست دانیە، پێشتر باسم کرد بۆ بانگهێشتێکی تری فەرمی پەرلەمان ئامادەم ئەگەر پێویست بکات،

بەلام پێویستم بەوەیە کە لەگەڵ ستافی وەزارەت هەندێ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکەین سەبارەت بەو دیاردەیە، چونکە بابەتەکە زۆر گرنگە و ئەوەش هەڵدەگرێ کە ماوەیەکم پێ بدەن بۆ ئەوەی بتوانم زانیاری تەواو سەبارەت بەم بابەتە کۆبکەمەوە، پرسیارێکی بەفرین خان هەیە کە ڕێژەی بێ کاری زۆرە، تا ئێستا هیچ وڵاتێك نەیتوانیوە ڕێژەی بێ کاری، یاخود بێ کاری لە وڵاتەکەی بنبڕ بکات، بەڵام ئێمە هەوڵی تەوامان داوە کە ڕێژەکە کەم بکەینەوە، بۆچی تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی کەم سوودمەند بوون لە قەرزی بچووك، وەکو جەنابتان ئاگادارن بودجەکە درەنگ پەسەند کرا، ماوەیەکیشی پێویستە هەتاوەکو لە وەزارەتی دارایی و ئابووری پەسەند دەکرێت یاخود ئیجرائاتی مالی هەیە هەتاوەکو ئەو تەخسیساتە دەگاتەوە وەزارتمان، ئێمە ماوەیەکی زۆرمان لەبەردەست بووە پێشتریش باسی ئەوەم کردووە گرفت هەبووە کە زەمینە سازی بۆ ئەم پرۆژە یاسایە نەکراوە جێ بەجێ ی بکەین، پێشتر ستافی ڕاهێندراو نەبووە، پێشتر پەیڕەومان نەبووە، ئێمە توانیومانە بە ماوەیەکی قیاسی فەرمانبەران بتوانین وا لێ بکەین و بتوانین بە هاوکاری ڕێکخراوی ئایندەی گەش کە دەتوانین خول بۆ کارمەندانی وەزارەت بکەینەوە، لەم پرۆژەیە و بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە سەربکەوێ و بتوانین ئەم پرۆژەیە جێ بەجێ بکەین لە هەرێمی کوردستان کارمەندانی زۆربەی بەڕێوبەراتیەکانمان خستووەتە ئەم پرۆژەیەوە، خولمان بۆ کارمەندەکان کردۆتەوە، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە نەوەستێت، شکست نەهێنێت و جێبەجێ بکرێت، گیرو گرفتمان هەبووە، بەلام سەبارەت بەم گیرو گرفتە ئێمە هەوڵمان داوە پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت، بە تەواوەتی سەرکەوتوو بووە، بەلام گرنگی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە وەستانی بۆ نیەو ڕۆژانە بەردەوامە، ئەوانەی کە ڕێنماییەکان ئەیانگرێتەوە، ڕۆژانە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکان ئەکەن، بنکەکان ئەکەن، فۆرم وەردەگرن و سوودمەند دەبن، سەربارەت بە توێژەری کۆمەلایەتی کە ئەرکیان لە وەزارەت کەمە، یاخود ژمارەی توێژەر کەمە، توێژەری کۆمەلایەتیمان کەمە، لەبەر ئەوەی هیچ دەرماڵەیەك و جیاکاریەك نیە بۆیان، تاوەکو ئێستا توێژەرانی کۆمەلایەتی کەمتر ڕوولەوەزارەت دەکەن بۆ دامەزراندن، دیسان پرسیارێك هەیە، وەکو پێشتر نا موستەهەقی تێدایە، بەڵێ نا موستەهەقی تێدایە و چاکی دەکەین، سەبارەت بە پرسیارەکانی کاك سالم، بۆ ئەم پرۆژانە تاوەکو ئێستا فراوان نەکراوە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان؟، پابەندین بەو پرۆژە یاسایانە، پابەندین بە دەسەلاتەکان، لەوانەیە ئەوەی ئەو پرۆژانە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، جێ ناکۆکەکان جێبەجێ بکەین، پێویستی بە دەسەلاتێکی سەرووی خۆمەوە هەیە، هەرکات بڕیارێکی لەو هاوشێوەیە دەرچوو، ئەوکاتە ئێمە پابەند ئەبین بە جێبەجێ کردنی، چونکە ئەو کەسانەی کە لە جێ ناکۆکەکان دائەنیشن هەر هاوولاتین و هەر هاوولاتی کوردستانیشن، بەلام پێویستی بە بڕیاری سیاسی سەرووی خۆمە، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە خزمەتگوزاریان پێشکەش بکەین، فیعلەن پێویستیان بە خزمەتگوزاری هەیە، ڕۆژانە داواکاری دێتە بەردەستمان، ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەژین بۆچی سوودمەند نین لەو پرۆژانە؟، هەر بڕیارێك لەو شێوەیە دەربچێت ئێمە ئامادەین بۆ جێبەجێ کردنی، سەبارەت بە قەرزی بچووك، پێشتر ئاماژەم بەوە کرد لە قەرزی بچووك نووسراوە هاوولاتی نیشتەجێی هەرێم بێ،

سەبارەت بە بیمەی بێکاری یاخود تۆڕی پاراستنی کۆمەلأیەتی، ئەوەیان پێویست بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەکات، دیارە ئەویش پابەندە بەو بودجەی کە بۆمان تەرخان کراوە، ئایا ئەتوانین تۆڕی پاراستنی کۆمەلأیەتی لە جیّ ناکۆکەکان جیّبەجیّ بکەین یاخود نا؟، سەبارەت بە پرسیاری هاژە خان، ئەگەر کریّکاریّك تووشی ڕووداو بیّت؟، ڕۆژانە ئیّمە هەولّی ئەوەمان داوە کە کریّکاران خۆیان ناونووس بکەن لە بەڕیّوەبەرایەتیەکانی کارو دەستەبەری کۆمەلأیەتی، مانگانەش بدەنە سندوقی زەمان، چونکە بەوە مافی خۆیان و خیّزانەکانیان دەستەبەر ئەکریّت، تاوەکو ئیّستا لە لایەن وەزارەتمانەوە چەندین ڕاگەیاندنمان بلأو کردۆتەوە، چەندین جار ئاگاداریمان بلأو کردۆتەوە، داوامان لە کریّکاران کردووە بڕۆن خۆیان ناونووس بکەن، بۆ ئەوەی ئیّمە بتوانین مافەکانیان زامن بکەین، بتوانین مافەکانیان دەستەبەر بکەین، ئەگەر بەشدار بیّت ئەوا لە سندوقی زەمان کە تووشی هەر ڕووداویّك بیّت ئیّمە یارمەتیان ئەدەین، هەروەها خانەنشینیش ئەکریّت، بەلأم کریّکاریّك ئەگەر تووشی ئەوەهات لەگەلّ خاوەن کارەکەی مافی پیّشیّل ئەکات کە سکالأی بەرز نەکردەوە بۆ وەزارەتمان، ئیّمە چۆن بتوانین مافەکەی زامن بکەین و داکۆکی لیّ بکەین؟، سەبارەت بەو خالأنەش هەر کریّکاریّك دەستەبەریش نەکرابیّ، ئیّمە بەپیّی پیّویست داکۆکیمان لە مافەکانی کردووە، سەبارەت بە کارکردنی منداڵ، بەردەوامین لە هەولّەکانمان بۆ کەم کردنەوەی کار کردنی منالّ، پرۆژە یاساشمان ئامادەکردووە، لە ڕیّگەی ئەو پرۆژانەی کە لەبەر دەستیشمانە ڕۆژانە، ئیّمە هەولّی ئەوە دەدەین کە ڕیّژەی منالّی ئیش کەر لە هەریّمی کوردستان کەم بکەینەوە، بەلأم وەکو پیّشتر باسم کرد هەندیّك لە ڕیّنماییەکان، یاخود لەو دەسەلأتانەی پیّماندراوە ناتوانین بەپیّی پیّویست خزمەتیان بکەین، کریّکاری بیانی ڕیّنماییمان دەرکردووە، نایەلّین هەموو کریّکاریّکی بیانی داخلی هەریّم بیّ، بەلّکو ئەو کریّکارانە کریّکاری فەنین، کریّکاری خۆمالّی ناتوانن ئەو کارە بکەن، یاخود ئەو کۆمپانیایانەی کە پیّویستیان بە کریّکاری خۆمالّی هەیە، کریّکاری خۆمالّی ناچن ئەو ئیشە بکەن، یاخود ڕازی نابن بەو هەلی کارە، لەدوای ئەوەی کە ئاگاداری بلأو دەکەنەوە، دوای ئەوەی کە پەیوەندی بە بەڕیّوەبەرایەتیەکانی بەکارخستنمان ئەکەن، کە ئەوانەی بیّکارن خۆیان ناونووس کردووە، کە کەس نەبوو ئەوکات کریّکاری بیانی داخل دەکریّت بۆ ئەو پرۆژەیە، سەبارەت بەو شویّنانەی کە خانەی بەسالأچووانی لیّ نییە، ئیّمە لەسەر داواکاری خەلّك خانەی بەسالأچووان دەکەینەوە، تاوەکو ئیّستا داواکاریەك نەهاتۆتە بەردەستمان نەمانخستبیّت، بۆ کردنەوەی پرۆژەی خانەی بەسالأچووان لە هەر شویّنیّك بیّ، کە بەدەنگیەوە نەهاتبیّتین، ئەگەر لە هەر شویّنیّك، لە هەر قەزایەك داوا کرا، ئەوکاتە ئیّمە داخلی پرۆژەکانی ئەکەین، دیارە کە داخلی پرۆژەشی دەکەین، ئیّمە ستافی بۆ ئامادە دەکەین، پیّداویستی بۆ ئامادە دەکەین، وەك پیّشم ڕاگەیەندراوە لە هەلّەبجە تازە خیّر خوازیّك ئیّستا داوای ئەوەی کردووە کە خانەی بەسالأچووی خیّرخوازی لە هەلّەبجەی شەهید بکاتەوە، وەك پیّشتر ئاماژەم بۆی کرد لە ماوەی ئەم دووسالّەدا توانیمان ڕیّنمایی پیّویست، سیستەم دابنیّین بۆ کردنەوەی خانەی بەسالأچووانی ئەهلی و خیّرخوازی لە هەریّمی کوردستان، کە پیّشتر باسم کرد وتم ئەزموونیّکی زۆر سەرکەوتوو بووە، هیواداریین شیّوازی ئەو خانانە زیاد بکریّن، هەرکاتیّك لە قەزایەك یاخود داواکاری کۆمەلّیّك خەلّك، لە هەر شویّنیّك بگاتە دەستمان بۆ کردنەوەی خانەی بەسالأچووان لە هەر شویّنیّك بیّت، ئیّمە ئامادەین ئیشی لەسەر بکەین، داخلی پرۆژەکانمانی بکەین، ستافی

بۆ ئامادە بکەین، سوپاسی هەمووتان ئەکەم دیارە هەر ئەوەنـدە پرسـیارەم لێ کـراوە، هـەر کاتێـك پرسـیاری تریش هەبێ ئامادەم لێرە وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەمەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ وەزیـری کـارو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی بـۆ ئـەو ڕاپۆرتـەی پێشکەشـی ئـەم خوشـك و بـرا پەرلەمانتارانـەی کـرد، سوپاسـی وەڵامەکانیشـی دەکـەین، سوپاسـیش بـۆ ئێـوە کـە بـە وردی موتابەعـەی ڕاپۆرتەکـەو وەڵامـی پرسـیارەکانتان کـرد، تـا سـەعات (5) ی ئێـوارە کۆبوونەوەکـەمان کۆتـایی پـێ دێـنین، سەعات (5) ئەمڕۆ دادەنیشینەوە، سوپاس وەزیرە خان بەخێر بێیت هەر بژی.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان ئێستاش بۆ جێ بەجێ کردنی بڕگەی 2 داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون، بۆ گفتوگۆکردنیش لەسەر بڕگەکانی 6 و 7 ی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە بۆ ئەوەی بەشدار بێ لە گفتوگۆکان، زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەکەین، کاك عونی فەرموو بۆ بڕگەی 2 لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگـەی 2 لـە بەرنامـەی کـاری ئـەمڕۆمان خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژە یاسـای وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیاندنە لە هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، سەبارەت بە یاسـای گواسـتنەوە و گەیانـدن لـە هـەرێمی کوردسـتان، پـرۆژە یاسـاکە لـە 10 مـاددە پێکهـاتووە، داوا لـە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەندی بکات زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسـایە بـە پێـی تایبەتمەنـدی ئاراسـتەی لیژنـەی شـارەوانی و گواسـتنەوە و گەیانـدن و لیژنـەی یاسایی دەکەین، کاك عونی فەرموو بۆ بڕگەی 3 لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی 3 ی بەرنامەی کار خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئسوڵی دادگا سزاییەکانی سەربازی (قانون اصول المحاکمات الجزائیە العسکری) ژمارە 30 ی ساڵی 2007 ی عیراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان دا. ئەم پرۆژە لە 5 ماددە پێکهاتووە، یاسا ئەسڵیەکە لە 108 ماددە پێکهاتووە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنە تایبەمەندەکانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە پێی تایبەتمەندی پرۆژەکە ئاراستەی لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی یاسایی دەکەین، کاك عونی فەرموو بۆ بڕگەی 4 لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی 4 ی بەرنامەی کار (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) (قانون الخدمە والتقاعد لقوی الامن الداخلی) ژمارە 18 ی ساڵی 2011 ی عیراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان). ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە کە واژوویان کردووە، 1ـنەریمان عبداللە قادر، 2ـ کاروان صالح احمد، 3ـ ڤیان عبدالرحیم عبداللە، 4ـ ئاشتی عزیز صالح، 5ـ عبداللە مەلا نوری، 6ـ شێرزاد حافظ، 7ـ شێردڵ تحسین محمد، 8ـ کاردۆ محمد پیرداود، 9ـ سەرهەنگ فرج، 10ـ ناسك تۆفیق عبدالکریم، 11ـ شیلان عبدالجبار عبدالغنی، 12ـ بێریڤان سەرهەنگ، 13ـ شلێر محی الدین، 14ـ شڤان احمد، پرۆژەکە لە 6 ماددە پێکهاتووە، یاسا ئەسڵیەکەش لە 90 ماددە پێکهاتووە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان دەکرێت، کاك عونی فەرموو بۆ بڕگەی 5 لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی 5 ی بەرنامەی کار ( خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسایی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2008 یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دەقی نوسراوەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:**

**بابەت/ سڵاو و ڕێز:**

ئێمە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەڵاڵە کردووە بەناوی پرۆژە یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان،

**لەگەڵ ڕێزماندا.**

ئەم ئەندامانەی کە واژوویان کردووە (1ـ عەونی بەزاز، 2ـ شێروان حەیدەری،3ـ خورشید احمد سلیم،4ـ د.ڕۆژان دزەیی، 5ـ کاردۆ محمد پیرداود، 6ـ عبدالرحمن حسین، 7ـ پەیام احمد، 8ـ سیوەیل عثمان، 9ـ ناسك تۆفیق، 10ـ هاوڕاز شێخ احمد، 11ـ شێردڵ تحسین، 12ـ سالم تۆما، 13ـ د.ثائر عبدالاحد، 14ـ یاووز خورشید، 15ـ د.بشیر خلیل)، پرۆژەکە لە 6 مادده پێکهاتووە، داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی بکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ئاوەدانکردنەوە و شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن دەکرێت، کاك عونی فەرموو بۆ بڕگەی 6 لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 6 خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئسوڵی دادگایی سزاکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، واتە (قانون اصول المحاكمات الجزائيه لقوى الامن الداخلى).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی بە یارمەتیت، داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەکەین بفەرموون. فەرموو کاك عونی بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئسوڵی دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، (قانون اصول المحكمات الجزائيه لقوى الامن الداخلى) ژمارە 17 ی ساڵی 2008 ی عیراقی فیدڕاڵ لە هەرێمی کوردستان.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش کە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆیە لەلایەن ڕێزدار صباح بیت الله دەخوێندرێتەوە بە زمانی عەرەبی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي رقم(17) لسنة 2008 فى الاقليم**

**اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة الشؤون الداخلية والأمن والمجالس المحلية بتاريخ 31/گەلاوێژ/2711 كوردي،المصادف ليوم 2011/9/22ى ميلادى لدراسة مشروع قانون انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي العراقي رقم (17)لسنة 2008 في أقيلم كوردستان – العراق والمحال الى اللجنتين بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (1) فى 2011/1/19. وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنتان الى تأييد انفاذ القانون وتقترح الصياغة التالية للقانون بعد الغاء المادة (الثالثة) من المشروع:**

**قانون رقم ( ) لسنة 2011**

**قانون انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي العراقي رقم (17) لسنة 2008 في الاقليم**

**المادة الأولى: انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي العراقي رقم (17) لسنة 2008 في اقليم كوردستان – العراق و العمل باحكامه.**

**المادة الثانية: يوقف تطبيق الفقرة ( ثانيا ) من المادة (28) من القانون اعلاه و يحل محلها ما يلي:**

**ثانيا / أ / لوزير الداخلية في اقليم كوردستان – العراق تشكيل محكمة او اكثر في الاقليم ويحل محل وزير الداخلية الاتحادي.**

**المادة الثالثة: {تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية و شاغلي المناصب اينما ورد ذكرها في القانون}.**

**المادة الرابعة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الخامسة:لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**المادة السادسة: ينفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثين) يوما من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .**

**راجين التفضل بالاطلاع وعرض التقرير المشترك ورأي اللجنتان بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت. مع التقدير.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، یاساکە بە کوردی دەخوێنینەوە.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بابەت/ راپۆرت دەربارەی جێبەجێ کردنی یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ عێراقی ژمارە (17)ی ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

لێژنەی کاروباری یاسایی و لێژنەی کاروباری ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان ڕۆژی پێنج شەممە 31/ گەلاوێژ/2711ی کوردی بەرامبەر بە 22/9 /2011 ی زایینی کۆبوونەوە بۆ تاوتوێ کردن لەسەر پڕۆژە یاسای (جێبەجێ کردنی یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکانی عیراقی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە (17)ی ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان - عێراق) کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (1) لە پەرلەمانی کوردستان لە (2011/1/19) ڕەوانەی هەردوو لێژنە کرابوو. دوای گفتو گۆ و تاوتوێ کردن، هەردوو لێژنە پشتگیری جێبەجێ کردنی یاساکە دەکەن و پێشنیاری ئەم داڕشتنەوەی خوارەوە دەکەن پاش هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (سێیەم) لە پڕۆژەکە:

**یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2011**

**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە (17) بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

ماددەی یەکەم: جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە (17) بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان – عێراق و کارکردن بە حوکمەکانی.

ماددەی دووەم:پیادەکردنی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (28) لەیاسای سەرەوە ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوەی لە جێ ی دادەنرێ:

دووەم/أ/ وەزیری ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان – عێراق دادگایەك یان زیاتر لە هەرێم پێك دەهێنێ و شوێنی وەزیری ناوخۆی فیدراڵ دەگرێتەوە.

ماددەی سێیەم:(دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و بەڕێوەبەری پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەکان و بەڕێوەبەری پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ).

ماددەی چوارەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی پێنجەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

ماددەی شەشەم: ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی (30) سی ڕۆژ لە مێژووی بلاّوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

ئاگـاداری ڕاپـۆرتی هاوبـەش بـن لـەم بارەیـەوە و بخرێتـە بـەردەم پەرلـەمان بـۆ گفتوگـۆکردن لەسـەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە و دەنگدان لەسەری.

**لەگەڵ ڕێزدا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لە بنەڕەتدا ئـەو یاسایە یاسایەکی عیراقیـە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی بگـونجێ لـە گـەڵ واقعـی کوردسـتان و خسوسـیەتی کوردسـتان، هـەردوو لیژنەکـە کۆبوونـەوەیان کـردووە و ڕێککـەوتوون لەسـەر ئـەو ڕاپۆرتـە هاوبەشە، بۆیە ئێستا ئێمە دەبێ ئەم ڕاپۆرتە هاوبەشە بخەینە دەنگەوە و بـزانین پەرلـەمانتارە بـەڕێزەکان ڕازین لەسەر ئەم ڕاپۆرتە هاوبەشە کە موناقەشەی لەسەر بکەین یان نا؟، بەو سیاغەیەی کـە ئێسـتا ئـەوان دایانڕشتووە، کێ ڕازیە لەسەر ئەو سیاغەیەی کە ئێستا خوێندیانەوە بە کوردی، بە عەرەبی ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە کردن تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون، کێ ناڕازیە؟ بە کۆی دەنـگ فـەرموون مـاددە بـە ماددە بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارانی کوردستان، عینوانی قانونەکە بەو شێوەیەیە:

**قانون رقم (   ) لسنة 2011**

**قانون انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي العراقي رقم (17) لسنة 2008 في الاقليم**

**المادة الأولى :** انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي العراقي رقم (17) لسنة 2008 في اقليم كوردستان – العراق والعمل باحكامه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیەکەش بیخوێننەوە؟.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی 2011**

**یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە 17 ی بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

ماددەی یەکەم: جێبەجێ کردنی یاسای بنـەما دادگاییـە سـزاییەکانی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆی عێراقـی ژمارە (17) بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان – عێراق و کارکردن بە حوکمەکانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ تێبینی هەیە یان دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە گفتوگۆ بکات تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ کاک عمر فەرموو.

**بەرێ. عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە من تێبینیەکم هەیە، کەسێ ئەم ماددەیە بە جیا ببینێ وادەزانێ ئێمە ئیقراری کۆی یاسای ژمارە 17 ی ساڵی 2008 ی عیراقمان کردووە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم کە فەقەرەیەك لێرە ئیزافە بکرێت، یەعنی هەر لە کۆتایی ماددەکە بوترێ (ماعدا ما اشیر علیه فی هذا القانون) لە کوردیەکەش بڵێین (جگە لەو برگانەی کە لەم یاسایە دیاری کراون)، چونکە ئەگەر ئەم دەقە بخوێنینەوە هیچ ئیستسنایەکی تیا نیە، ڕاستە ئێمە لە فەقەراتی داهاتوو ئیستسنامان کردووە، بەڵام کەسێك ئەم فەقەرە بە جیا لەم یاسایە دەربێنێ وای دەخوێنێتەوە کە پەرلەمانی کوردستان ئیقراری هەموو یاسایەکەی کردووە، نازانم من لەڕووی یاساییەوە ئەو تێبینیەم هەیە بۆ برادەرانی لیژنە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

برادەرانی لیژنە فەرموون، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەڵەن یاسایەکە بە یەك ماددە حیساب ناکرێت، بە شەش ماددە کە لە ڕاپۆرتەکەمان دەنگمان بۆی داوە کە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە، واتە لێرە لە ماددەی یەکەم کە دەڵێین (والعمل باحکامە) ئەوە تەنها بۆ دانی مەشروعیەتە بە جێ بەجێ کردنی یاسایەکە لە هەرێمی کوردستان، ماددەکانی دواتر جیاوازی کردووە لەو دەسەڵاتانە یان لەو ئیجرائاتانەی کە لە یاسایەکە دا باسکرا، واتە پێی ناوێت ئێمە لێرە ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکەین کە جەنابی کاك عمر عبدالعزیز ئاماژەی پێی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هیچ تێبینیەك و شتێکت هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر پشتگیری لێ دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر سیاغە بە کوردی و بە عەرەبی بێخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاك فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الأولى:** انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي العراقي رقم (17) لسنة 2008 في اقليم كوردستان – العراق و العمل باحكامه.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك نەريمان فەرموو.

**بەڕێز نەريمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی يەكەم/ جێ بەجێ كردنی ياسای بنەمای دادگاييە سزاييەكانی هێزەكانی ئاسايشی ناوخۆی عيراقی ژمارە 17 بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی كوردستان ـ عيراق، كاركردن بە حوكمەكانی.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا كێ لەگەڵە تكايە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ دژە؟ بە تێكڕای دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەی 2 كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية: يوقف تطبيق الفقرة ( ثانيا ) من المادة (28) من القانون اعلاه و يحل محلها ما يلي:

ثانيا / أ / لوزير الداخلية في اقليم كوردستان – العراق تشكيل محكمة او اكثر في الاقليم و يحل محل وزير الداخلية الاتحادي.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك نەريمان فەرموو.

**بەڕێز نەريمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

پێيادەكردنی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (28) لەياسای سەرەوە ڕادەگيرێ و ئەمەی خوارەوەی لە جێ ی دادەنرێ:

دووەم/أ/ وەزيری ناوخۆ لە هەرێمی كوردستان – عێراق دادگايەك يان زياتر لە هەرێم پێك دەهێنێ و شوێنی وەزيری ناوخۆی فيدراڵ دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێ. عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتی هاوبەش ئاماژەمان بەوە داوە كە سیاغەكەی بەو شێوەیە بێت و وەكو بڕادەران خوێندیانەوە، لەبەرئەوەی ئەسڵی قانونەكە لەماددەی 28 و (ثانیا/ أ) دەڵێ (تشكل محكمة او اكثر بقرار من وزير الداخلية فی المناطق التالية....... ) ئێمە ئەو ماددەیەمان گونجاند لەگەڵ هەرێمی كوردستان، بەو شكلەی كە خوێندمانەوە، (ثانيا/ لوزير الداخلية في اقليم كوردستان - العراق تشكيل محكمة أو اكثر في الاقليم ويحل محل وزير الداخلية الاتحادي) واتە ئەو دەسەڵاتەی كەوەزیری فیدراڵی عیراقی ئیتحادی هەیەتی لێرە درا بە وەزیری ناوخۆی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی یان ڕوونكردنەوەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ كاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە بەراورد كردنی دەقی كوردی و دەقە عەرەبیەكە، دەقە كوردیەكە جیاوازیەكی هەیە لەگەڵ دەقە عەرەبیەكە، لە دەقە كوردیەكەدا حوكمەكە حوكمێكی وجوبیە، بەڵام لە نەسە عەرەبیەكە وتوویەتی (لوزير الداخليه فی اقليم كوردستان) كردوویەتی بە حوكمێكی جەوازی، جا بۆیە دەبێ عەرەبیەكە وا لێ بكەین كە (تشكل محكمة او اكثر فی الاقليم من قبل وزير الداخلية فی اقليم كوردستان)، داواكارم ئەو گونجاندنەو ئەو تەتبیقە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەو تێبینە بە تەواو دەزانم كە بەڕێز د.صباح دای، لە تەرجومەكە هینێك هەیە دەبێ بوترێ (بۆ وەزیری ناوخۆ هەیە)، لەبەرئەوەی لەوێ دەڵێ (لوزير الداخليه فی اقليم كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینیەكەت وەرگیرا د.صباح، كاك خلیل نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان محمدامین :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیارێكم هەبوو ئەگەر ئەمە هەر خاڵی (أ) دەمێنێتەوە، یەعنی ئەمانەی تر پێموایە لێرە ئیجاب ناكات ئێمە لێرە فەقەرەی (ب و ج و د و هـ) تا دەگاتە سەر سێیەم، نازانم ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەمە وەكو خۆی بمێنێتەوە لێرە یان فەقەرەی (أ)ی ناوێ ئەگەر وابێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە ئاماژەمان پێیداوە تەنها فەقەرەی ا بە تەنها دەستکاریمان کردووە، واتە فەقەرەکانی دیکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هیچ تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەی بخوێننەوە بە کوردی و عەرەبیەکەی، کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية: يوقف تطبيق الفقرة ( ثانيا ) من المادة (28) من القانون اعلاه و يحل محلها ما يلي :

ثانيا / أ / لوزير الداخلية في اقليم كوردستان – العراق تشكيل محكمة او اكثر في الاقليم و يحل محل وزير الداخلية الاتحادي.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم: ڕادەکردنی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (28) لەیاسای سەرەوە ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوەی لە جێ ی دادەنرێ:

دووەم/أ/ وەزیری ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان – عێراق بۆی هەیە دادگایەك یان زیاتر لە هەرێم پێك بهێنێ و شوێنی وەزیری ناوخۆی فیدراڵ بگرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەست بەرزبکاتەوە؟ کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی د.صباح فعلەن لە جێ بوو، ئێمە دەبێ سیاغەی ماددەکە لە عەرەبیەکە بکەینەوە، موتابق بێت لەگەڵ ئەو سیاغەی کە لە کوردیەکە دا هاتووە واتە لێرە جەوازیە و لەوێ وجوبیە ئەوە دەبێ موعالەجە بکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویست ناکات (أ) لێرە ئەسڵەن بمێنێت، مەفروزە أ لابدرێت، هەر یەکسەر (ثانیا) ئەوەی تر هەموو دەڕوات، (ثانیا/ أ) ئەوە تایبەتە بە هەرێمی کوردستان، (ب و ج و د)یش لەگەڵ داهەیە، بۆیە من نابینم أ لێرە بێت، هەریەکسەر (ثانیا) ئیلغا دەکرێت، لە جیاتی ئەوە (لوزیر الداخلیه فی الاقلیم .......من المحکمه) و خواحافیز.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سیغەیەی بە کوردی خوێندرایەوە لەگەڵ عەرەبیەکەی هیچ فەرقێکی نیە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیمە کە لێرە جەوازیە و لێرە وجوبیە، هەردووکیان جەوازینە و وجوبی نینە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو ڕەئیەی کاك شڤان دەکەم یەك شتە عەرەبی و کوردیەکەی، بەس هەڵەیەك هەیە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە سیاغەکە چ لە عەرەبی و چ لە کوردیەکە، یەعنی ئەمەی کە نووسراوە چ لە کوردیەکە و عەرەبیەکە، مەفهومەکەی وایە کە دادگایەك پێك بهێندرێ جێگای وەزیری داخلی ئیقلیم دەگرێتەوە، بەڵام مەبەستەکە ئەوەیە کە وەزیری داخلی هەرێم جێگەی وەزیری داخلی ئیتیحادی دەگرێتەوە، بۆیە سیاغەکە غەڵەتە پێویستە عەرەبی و کوردیەکە چاك بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی دەقەكە من پێموایە فعلەن ئەو تێبینیەی هەنـدێ لـە هاوڕێكـانم دروسـتە كـە (یوقـف تطبیـق الفقـرة الثانیة من المادة 28 في القـانون اعـلاه ویحـل محلـها مـایلی) كـەوا بـوو هـەموو فەقـەرەكان بـە أ و ب و ج لـە (ثانیا) هەمووی لادەچێ و پێویست ناكات بڵێین (ثانیـا/ ا)، یـەعنی أ ەكـەش لادەچـێ تـەنها (ثانیـا) یـەعنی دووەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

خـۆی تێبینیەكـە لەسـەر نـاوەڕۆكی سـیاغەكەیە، نـاوەڕۆكی سـیاغەكە غەڵەتـە، دەبـێ ناوەڕكەكـە سـیاغە بكرێتەوە جارێكی دیكە، كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە هـەر پـاش و پێشـیەك كـراوە، بـۆ نموونـە مەبەسـت لێـرە ئەوەیـە كـە وەزیـری نـاوخۆ لـە هـەرێمی كوردستان شوێنی وەزیری ناوخۆی فیـدراڵ دەگرێتـەوە، دواتـر دەسـتەواژەكەی یەكـەم دەسـت پـێ بكرێـت و بۆی هەیە دادگایەك یان زیاتر لە دادگایەك لە هەرێم پێك بهێندرێ، یەعنی ئەوە پاش و پێش كراوە، تەنیا هەر ئەوەندەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون كوردی و عەرەبیەكە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەكە بەو شێوەیە دەبێ:

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شۆڕش نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شورش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەو ماددەیە كە باس لە دەسەڵاتێك دەكەین وەزیر كە دەسەڵاتی وەزیری نـاوخۆی حكومـەتی فیدڕاڵـە دەدرێ بە وەزیری نـاوخۆی هـەرێمی كوردسـتان لـە ڕاپۆرتەكـە دا هەرچـەندە مـن خـۆم بەشـدار بوومـە لـە موناقەشەكانی هەردوو لیژنە، بەڵام ئەو ڕەئیەی هەمە لەوێش باسم كرد، كاتێك كـە ئێمـە دەڵـێین مـاددەی 3 مان ئیلغا كـردووە، مـاددەی 3 تایبەتـە بـە دەسـەڵاتێك كـە هـی سـەرۆكی كۆمـارە و دابـووی بـە سـەرۆكی هـەرێم، مـادام ئێمـە دەسـەڵاتی سـەرۆكی هـەرێم بـاس نەكـەین لـەو یاسـایە، چـونكە لـە مـاددەی 4 ئەسـڵی پرۆژەكە كە بووەتە ماددەی 3 دەڵێ دامەزراو و فەرمانگەكانی هەرێم و بەڕێوبـەری پارێزگاكانیـان كەواتـە، هەم بەڕێز سەرۆكی هەرێمیش دەگرێتەوەو هەم هەموو دەسەڵاتدارەكان و پلەو پایەكان و مەنسـەبەكانیش

دەگرێتەوە، نوقتە نیزامیەکەی من لەسەر ئەوەیە مادام ئێمە ئەوەی کە پەیوەستە بە دەرکردنی مەرسوم کە تایبەتە بە سەرۆکی کۆمارو لێرە دەبێتە سەرۆکی هەرێم ئیلغای دەکەینەوە، چ ئیجاب دەکات باس لە سەلاحیەتێك بکەین کە لە ماددەی 3ی ڕاپۆرتەکە دا دەست نیشان کراوەتەوە هەمان ئەو دەسەلاتەیە هەرچی پلە و پایە هەیە لەسەرۆکی کۆمارەوە تا دەگاتە وەزیری ناوخۆی حکومەتی فیدراڵی دەبێ بە هی سەرۆکی هەرێم و بە هی وەزیری ناوخۆش، مادام هی سەرۆکی هەرێممان زیکر نەکرد، پێویست ناکات هی وەزیری ناوخۆش زیکر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مەوزوعانە زۆر باسکران، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەیرم لەوە دێت پاش ئەوەی کە دەنگمان دا لەسەر ئەم بڕگەیە ئینجا ڕەئی و مولاحەزات دەدرێت، دەنگمان بۆی دا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە نیسبەت قانونە ئەسڵیەکەوە لە قانونی عیراقی ماددە 28 بڕگەی 2 (تشکل محکمة أو أكثر بقرار من وزير الداخلية فی المناطق الاتية ، (أ و ب و ج) هەموومان لادا، سیاغەکە بەو شێوەیەی (ثانيا/ تشكل محكمة او اكثر بقرار من وزير الداخلية فی اقليم كوردستان والذی يحل محل وزير الداخلية الاتحادي).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێین بڕگەی 2 لادەدرێ و ڕەت دەکرێتەوە، بڕگەی 3 چی لێ دێت؟ خۆ بڕگەی 3یش لەمەدا نەماوە، ئاخر نەهاتووە تیایداو یەعنی ئەویش وجودی نیە و کەچی دانراوەتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ئێمە ئاگامان لەوە بێت، کە ئێمە ماددەی 28 (ثانیا/ أ) مان ڕاگرت با بۆتان بخوێنمەوە هەتاوەکو وازح بێت بۆ ڕامان گرتووە، لە ئەسڵی قانونەکە ماددەی 28 (ثانیا/أ) دەڵێ (تشکل محکمة او اکثر بقرار من وزیر الداخلیة فی المناطق الاتیة، أ/ المنطقة الاولى وتشمل اقلیم کوردستان ویقع مقرها فی مدینة اربیل) واتە دەمانەوێ ئەو سەلاحیەتە لە ئەوان وەربگیرێ لێرە بدرێتە وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی ئەم سیاغەیەمان وا کردووە، دوو/ ئێمە پابەندین بە فەقەرەی 3 و 4 و 5 لە ماددەکە واتە تەنها فەقەرەی (أ) مان ڕاگرت و ئەو سیاغەیەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە بە زمانی عەرەبی وابزانم زۆر ڕێک و پێکە و ئەگەر قبوڵی بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانیة: یوقف تطبیق الفقرة (ثانیا) من المادة (28) من القانون ویحل محلها ما یلي:

ثانیا / أ / یحل وزیر الداخلیة في اقلیم کوردستان – العراق محل وزیر الداخلیة الاتحادي فی تشکیل محکمة أو اکثر فی الاقلیم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێی (یوقف المادە 28) ئەوسا ماددەکە هەر هەمووی دەگرێتەوە، لێرەدا لەو ماددەیە ئسوڵی تەشکیل کردنی مەحکەمەی تیایە، بەڵام ئەگەر بڵێی (یوقف العمل بثانیا/ أ، ویحل محلها مایلی، لوزیر الداخلیة فی اقلیم کوردستان ـ العراق تشکیل محکمة أو اکثر ویحل محل الوزیر الداخلیة الاتحادی لاغراض هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاک عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەسی ماددەکە بە سەریحی هێناومانە، دەڵێ ( یوقف تطبیق الفقرة ثانیا/ أ من المادة 28)، بەڵام لێرە ئیتر پێویست ناکات بینووسینەوە (ثانیا/ أ) ئەوەی ناوێت هەر (ثانیا) نەسی ماددەکەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كە دووەممان لەغو كردووە، تەماشا بكەن لە دووەم (ب و ج و د و ه) باسی چەند مەنتیقەی كردووە، (ثالثا)مان هێشتووەتەوە، لە (ثالثا/ للوزير صلاحية فك ارتباط محافظة أو اكثر من منطقة من المناطق المنصوص عليها فى البند ثانيا) ئێمە لە (البند ثانيا) باسی هیچ مەنتیقە نەكراوە، بۆیە من تەسەور دەكەم (ايقاف العمل بالبند ثالثا)یش دەبی ببێ، چونكە ئێمە بە پێی نەسی تازەی (ثانيا) نە باسی مەناتقمان كردووە، نە باسی ئەوەمان كردووە ئەو مەنتیقەیە لە چ موحافەزە پێك دێت، ئەوە یەك، دووەم/ ئیشارە دەكات بە شتێك كە نیە لە دوومی ئێمە، (منصوص عليها فى البند ثانيا) هیچ باسی مەناتقمان نەكردووە بۆ موحافەزات، تكایە لیژنەی یاسایی باش تەماشای بكەن و (ثالثا)یش ئیقافی تەنفیزە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كە لە ڕاپۆرتەكە كە دەڵێین (يوقف تطبيق الفقرة الثانية من المادة 28 من القانون اعلاه) فەقەرەی 2 لە ئەسڵی یاسایەكەی عیراقی ئیتحادی دا فەقەرە 2 بە (أ و ب و ج و د و ه) دەستی پێكردووە، ئێمە فەقەرە 2 ئیلغا دەكەین هەر بە كاملی تەتبیقی ناكەین لەلای خۆمان و خۆمان بۆ خۆمان ئیقافی تەتبیقی دەكەین، لە جیاتی ئەو 5 فەقەرەیە یەك فەقەرە دێتە پێشەوە ئەویش بە یەك ماددە ئەوەیەكە (يحل محل الوزير الداخلى الاتحادى، وزير داخلية حكومة اقليم كوردستان لتشكيل محكمة أو أكثر).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم مەوزوعە ئەوەندە موناقەشە ناهێنێ، لەبەرئەوەی لە تەقریری لیژنەی قانونی دا زۆر زۆر جوان هاتووە و لە نەسی مەشروعەكەش دا كە هاتووە دەڵێ ئەشخاس و موئەسەساتی هەرێم جێگەی ئەوانەی بەغدا دەگرێتەوە، كە ئەوە جێگەی ئەوەی گرتووە ئۆتۆماتیكیەن هەمووی دەبێ بە تەحسیلْ حاسڵ چ پێویست دەكات بەو موناقەشەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان كريم كابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ماددەی 3 دا کە ماددەیەکە دوای ئەمە، لە دەقە عەرەبیەکە دەڵێ (ثانيا تشكل محكمة أو أكثر بقرار من وزير الداخلية ..... الخ) ئەمە لە دەقە عەرەبیەکە، لە کوردیەکە کە چاککراوە جەنابی وەزیری ناوخۆی هەرێم هاتووە کە جێی وەزیری ناوخۆی حکومەتی فیدراڵ دەگرێتەوە لە دەقە ئەسڵیەکەی قانونە عیراقیەکە، دوایی لە ماددەی 3 ی یاساکەی خۆمان هی پەرلەمانی کوردستان جارێکی دیکە هاتووە (تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلى المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما ورد ذكرها فى القانون)، بۆچی لە ماددەی 2 باسی وەزیری ناوخۆ دەکرێ کەواتە، لەبەرئەوە بە تەسەوری من هەر پێویستە دەقە عەرەبیەکە چۆن هاتووە لە کوردیەکەش دا هەر بەو دەقە تەرجومە بکرێت، پێویست ناکات ناوی وەزیری ناوخۆی هەرێم بخرێتە ماددەی 2، چونکە دواتر لە ماددەی 3 لەو یاسایەی کە خۆمان ئێستا موناقەشەی دەکەین ئەوە هاتووە پێویست ناکات جارێکی دیکە دووبارە بێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**قانونیەکان دەڵێن ئەمە دوو ماددەی لێك جیاوازە و هەردوو ماددە هەردووکی دەوێ، خۆی بە کورتی ئێمە دەمانەوێ ئەو دەسەڵاتە لە وەزیری فیدرڵی عیراق وەربگرینەوە و بیدەینە وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، جا ئەوە چۆن سیاغەی دەکەنەوە؟ فەرموون سیاغەی بکەن و بیخوێننەوە، کاك عونی فەرموو.**

**بەڕێ. عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سیاغەکە بەو شێوەیە دەبێت:**

**المادة الثانية: يوقف تطبيق الفقرة ( ثانيا ) من المادة (28) من القانون اعلاه و يحل محلها ما يلي:**

**يحل وزير الداخلية في اقليم كوردستان – العراق محل وزير الداخلية العراقى فى تشكيل محكمة أو اكثر فى الاقليم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك نەریمان فەرموو.**

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

**پیادەکردنی بڕگەی (دووەم أ) لە ماددەی (28) لەیاسای سەرەوە ڕادەگیرێ و ئەمەی لە خوارەوەی لە جێگەی دادەنرێ:**

**وەزیری ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان – عێراق جێگای وەزیری ناوخۆی عیراقی فیدراڵ دەگرێتەوە لە پێکهێنانی دادگایەك یان زیاتر لە هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام  فەرموو.

**بەڕێ. عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نامەوێ دووجار باسی هەمان مەوزوع بكەم، من كە دەڵێم ماددەی 3 قانونی عیراقی رەسمی كاك عمر بڕگەی 3 یەمی ماددەی 28 ی قانونی عیراقی نە هی ئێمە، تخوا رجائەن جارەكی دی بیخوێنن، باسی شتێك دەكات نەماوە بە ڕەئی ئێمە، ئێمە بڕگەی 2 مان ڕاگرتووە، لە بڕگەی 2 باسی مەناتق و موحافەزات دەكات، بڕگەی 3 كە ماوە ئێستا بە پێی ئەم نەسە، چونكە ڕامان نەگرتووە، باسی مەناتق و موحافەزات دەكات (منصوص عليها فی البند ثانيا) بەندی دووەم تەنها ئەمە بوو كە ئێستا خوێندرایەوە، رجائەكەم جارێكی تر تەماشای (ثالثا) بكەن لە ئەسڵە عیراقیەكە، ئەوەش دەبێ ڕاگیرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز كريم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە تەسەوری من ئەو فەقەرە زیادە، چونكە ئێمە ئێستا دوو مەحكەمەمان هەیە ئەم موحەفازاتانەی كە لە فەقەرەی پێشوو باسی كردووە نامێنێ، ئەمە تەنها بۆ هەرێمی كوردستانە، ئەم موحافەزاتانەی پێشوو كە باس دەكەن نەماوە، بۆیە بە ڕەئی من تەئیدی دەكەم كە ئەم ماددەی 3 فەقەرەی 3 هەر هەڵبگیرێ و نەمێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فعلەن ڕایەكەی كاك عبدالسلام دروستە یەعنی ئێمە فەقەرەی (2) بە كامل خاڵەكانیەوە هەتا (ج و هـ) هەمووی لابردووە، یەعنی هیچی نەماوە بۆچی پێویست ناكات ئێمە بڵێین (ثانيا /أ) (أ و ب و ج و هـ) هەمووی لاچووە، فعلەن لێرە پێویستە عەینەن كاك عبدالسلام چۆن وتی (ثالثا) لێرە كە باسی سەلاحیەتی وەزیر دەكات و بۆی هەیە فەكی ئیرتباتی موحافەزە یان زیاتر لە مەنتیقەیەك لە مەناتقی مەنصوصە لە بەندی 2، چونكە بەم (ثانيا) ئەوە لامان بردووە كە لامان بردووە، لێرە چۆن سەلاحیەتی هەیە بە پێی هەمان ئەو قانونەی خۆمان كە پێشتر كردوومانە دەڵێ (تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما ورد ذكرها فی هذا القانون) هەتا هی وەزیری داخلیش كەوا بوو لێرە سەلاحیەتی وەزیر ئەوە نیە كە لەو بەندانە هاتووە كە لە ماددەی 28 دا هەیە و

لەو فەقەراتانە، فەقەرەکانمان هەمووی لاداوە چۆن لێرە (ثالثا) دەیهێڵیەوە، پێویست بە گۆڕانکاری دەکات و (ثالثا) دەبێ بگۆڕی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری لە ڕایەکەی کاك عبدالسلام دەکەم، لێرە لە ئەوەی خۆمان کە ئامادە کراوە، (المادة الثانیة: یوقف تطبیق الفقرتان ثانیا وثالثا) ئیزافە بکرێ ئیتر کافیە و تەواو دەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ لێرە هاوڕاین لەگەڵ ڕایەکەی کاك عبدالسلام و تەوزیحەکەی جەنابی وەزیر، لەبەرئەوە لەسەر ئەوە لە فەقەرەی سەرەوە باس لەوە کرا کە جەنابی وەزیر سەلاحیەتی دروست کردنی مەحکەمەیەك و چەند مەحکەمەیەکی هەیە، بە واتا کە دروست کردنی چەند مەحکەمەیەکی هەبێ دەتوانێ مەحکەمەکانیش تەوحید بکات، ئەگەر لەکاتی پێویست دا پێویستی کرد، لەبەرئەوە فەقەرە 3 باسی مەناتق دەکات و لە بەندی 2 ئیزافیە لێرە، ئێمە موتەفقین و هاوڕاین لەگەڵ ئەو ڕەئیەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە بۆ لابردنی، سیاغەکە بەم شێوەیەی لێ دێت/

المادة الثانية: يوقف تطبيق الفقرة ( ثانيا ) من المادة (28) من القانون اعلاه و يحل محلها ما يلي:

ثانيا / يحل وزير الداخلية في اقليم كوردستان – العراق محل وزير الداخلية العراقي في تشكيل محكمة أو اكثر في الاقليم.

ثانيا/ تلغى الفقرة 3 من هذه المادة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بیخوێننەوە، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

پیادەکردنی بڕگەی (دووەم أ) لە ماددەی (28) لەیاسای سەرەوە ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوەی لە جێگەی دادەنرێ:

وەزیری ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان – عێراق جێگای وەزیری ناوخۆی عیراقی فیدراڵ دەگرێتەوە لە پێکهێنانی دادگایەك یان زیاتر لە هەرێمی کوردستان.

دووەم/ بڕگەی 3 لە ماددەی 28 ڕادەگیرێت و کاری پێ ناکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس و لەسەر ئەساسی عەرەبیەکە کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ دژە؟ 1 دەنگ دژە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما ورد ذكرها في القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و بەڕێوەبەری پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەکان و بەڕێوەبەری پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکتان هەیە؟ کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش پشتگیری لە ماددەکە دەکەین بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە، بە زمانی عەرەبی و کوردی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین چۆن هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر دێینەوە سەر ئەشکالیاتی نەبوونی دەقی کوردی، من حەز دەکەم لە بەڕێزان ئەوانەی کەدەقە کوردیەکەیان تەرجەمە کردووە بەس بزانم بەڕێوبەری پایە چیە؟ هەتا ئێستا من نەمبیستووە بەڕێوبەری پایە، (شاغلی المناصب) نابێتە بەڕێوبەری پایە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغە بخوێننەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە، ئەو ببێتە ئەساس و دوایی تەرجومەی دەکەینەوە هەتا سوود لە وەخت وەربگرین.

المادة الثالثة: تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما ورد ذكرها في القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردیەکە ئامادەیە؟ یان عەرەبیەکە دەکەنە ئەساس؟ کوردیەکە دوایی لەسەر ئەساسی عەرەبیەکە سیاغە دەکەینەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێکڕای دەنگ، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا ڕەئیتان؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش پشتگیری لە ماددەكە دەكات بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز كریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ تكایە كێ لەگەڵ دایە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ، بۆ ماددەیەكی تر تكایە، كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیار ناكرێك كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ كێ لەگەڵە دەست بەرزبكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بەكۆی دەنگ پەسند كرا، كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

ينفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثين) يوما من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم:**

**ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی (30) سی ڕۆژ لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ کاک عبدالسلام فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**جارێکی تر کێشەی تەرجومەیە، عەرەب کە باسی تاریخ دەکەن باس لە دوو شت دەکەن، (هیستۆری، یەعنی دیرۆك، ڕێکەوت)، بۆیە لە کوردی ئەم وشەی مێژوو زۆر عەنتیکەیە بە تەسەوری من هەڵبگیرێ کوردیەکە ڕێك دەکەوێ، ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی 30 ڕۆژ لە بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی دوا سیاغە بخوێننەوە؟ کاک عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السادسة: ينفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثين) يوما من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟، بە تێکڕای دەنگ، ئێستا تێکڕای قانونەکە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا و دەست خۆشیتان لێ دەکەین و سەرکەوتوو بن، دەست خۆشی و پیرۆزبایی لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەین، ئیتر بۆ پەرەگرافەکەی تر، کاک عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی 7 خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پڕۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، (قانون عقوبات قوى الامن الداخلي) ژمارە 14 ی ساڵی 2008 ی عیراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الی/ رئاسة برلمان کوردستان_العراق**

**م/ تقریر حول مشروع قانون إنفاذ قانون عقوبات قوى الأمن**

**الداخلي العراقی رقم (14) لسنة 2008 في إقليم کوردستان ـ العراق**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة الداخلية بصورة مشتركة بتاريخ 31/گەلاوێژ/2711 کوردی المصادف ليوم 2011/9/22 م لدراسة مشروع قانون انفاذ قانون عقوبات قوى الامن الداخلی العراقی المرقم رقم 14 لسنة 2008 فی اقليم کوردستان - العراق، والمحال الى اللجان المعنية بعد القراة الاولى له فی البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة 1 فی 2011/9/19 وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنتان الى تأيد انفاذ القانون وتقترح الصياغة التالية للمشروع قانون رقم ( ) لسنة 2011 قانون انفاذ قانون عقوبات قوى الامن الداخلی العراقی رقم 14 لسنة 2008 فی اقليم کوردستان - العراق.

المادة الاولى/ انفاذ قانون عقوبات قوى الامن الداخل العراقی رقم 14 لسنة 2008 فی اقليم کوردستان - العراق والعمل باحکامه.

المادة الثانية: تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلی المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب فيها اينما وردت ذکرها فی القانون.

المادة الثالثة: علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ واحکام هذا القانون.

المادة الرابعة: لايعمل بای النص قانونی او قرار يتعارض واحکام هذا القانون.

المادة الخامسة: ينفذ هذا القانون بع مضی ثلاثين يوما من تاريخ نشره فی الجريدة الرسمية.

راجين تفضل بالاطلاع وعرض التقرير المشترك بشانه علی البرلمان للمناقشة وابداء الرای المناسب والتصويت، مع التقدير.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرت دەربارەی جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عیراق ژمارە 14 ی ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەتیەکان ڕۆژی 31 ی گەلاوێژی 2711 ی کوردی بەرامبەر بە 2011/9/22 ی زایینی کۆبوونەوە بۆ دیراسەت کردنی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عیراقی ژمارە 14 ی ساڵی 2008 لە

هەرێمی کوردستان ـ عیراق، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 1 لە 2011/9/19 ڕەوانەی لیژنە پەیوەندارەکان کراوە، دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن هەردوو لیژنە پشتگیری جێ بەجێ کردنی یاسایەکە دەکەن و پێشنیاری ئەم داڕشتنەوەی خوارەوە دەکەن بۆ پرۆژەکە، یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی 2011 جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عیراقی ژمارە 14 ی ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ماددەی یەکەم/

جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عیراقی ژمارە 14 ی ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق و کارکردن بە ئەحکامەکانی.

ماددەی دووەم/

دامەزرا و فەرمانگەکانی هەرێم و پلە و پایەکانیان (ئەو بەڕێوبەراتیانەی کە باسمان کرد تەواو نیە، دامان نا بە پلە و پایەکانیان، پێم وایە ئەوە گونجاوترە) پلەو پایەکانیان شوێنی دامەزراو فەرمانگە فیدراڵیەکان و پلە و پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاسایەکە دا هاتبێ.

ماددەی سێیەم/

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان و حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی چوارەم/

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆك بن.

ماددەی پێنجەم/

ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی 30 ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێ (لەوێ مێژووەکەمان لابرد کە هەڵەیەکی زمانەوانی بوو)، ئاگاداری ڕاپۆرتی هاوبەش بن لەم بارەیەوە و بخرێتە بەردەم پەرلەمان و گفتوگۆ کردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لە بارەیەوە ودەنگدان لەسەری، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەکە ئەسڵەن لە دوو ماددە پێکهاتبوو ئێمە لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ پرۆژەکەمان کردە بەو شێوەیە کە لە ڕاپۆرتەکە دا هاتووە، داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەمە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیاره وەکو لیژنەی یاسایی باسیان کرد ئەم پرۆژەیە، لە ئەسڵدا بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عیراقە، بۆ ئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان بگونجێ و لەگەڵ تایبەتمەندی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بگونجێ هەردوو لیژنە ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشەیان پێشکەش کردووە، بۆیە پێویستە ئەم ڕاپۆرتە بخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی جەنابتان ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر موناقەشە کردنی وەکو ڕاپۆرتێکی موشتەرەك، تکایە کێ لەگەڵە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێکڕای دەنگ، فەرموون بۆ ماددەی یەکەم لە پرۆژە هاوبەشەکە، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانون رقم ( ) لسنة 2011 قانون انفاذ قانون عقوبات قوى الامن الداخلی العراقی رقم 14 لسنة 2008 فی اقلیم کوردستان ـ العراق

المادة الاولى/ انفاذ قانون عقوبات قوى الامن الداخل العراقی رقم 14 لسنة 2008 فی اقلیم کوردستان ـ العراق والعمل باحکامه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی 2011 جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عیراقی ژمارە 14 ی ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

ماددەی یەکەم/

جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عیراقی ژمارە 14 ی ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق و کارکردن بە ئەحکامەکانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش پشتگیری ماددەکە دەکەین بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە کە چۆن هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ کاک عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر ئەسڵی ئالیەتی تێپەڕاندنی ئەم قانونە هەیە، ئێستا ئەوە کە سەیری دەکەین نەدراوە بە ئەندام پەرلەمانەکان و ئەمە پێشتر دەبووایە لە سندوقی پەرلەمانتاران بووایە، لەسەر 119 ماددەی ئەم یاسا عیراقیە بە بێ ئیتلاع ئێمە تەنها بە تەعدیلێکی بەسیت، یەعنی وەکو تێبینیەك نازانم ئێمە لەسەر کوێی دەنگ دەدەین؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سکرتێری پەرلەمان ڕوون کردنەوەی هەیە، کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو یاسامان لەناو سندوقی ئەندامانی پەرلەمان داناوە چ یاسای ژمارە 14 و چ یاسای ژمارە 17 و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وابزانم وەریان گرتووە هەرکەسێك لە بۆکسی خۆی بووە لە پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغەی بخوێننەوە بەکوردی و بە عەرەبی؟ کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى/

انفاذ قانون عقوبات قوى الامن الداخلى العراقى رقم 14 لسنة 2008 فى اقليم كوردستان - العراق والعمل باحكامه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرمووو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم/

جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە 14 ی ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق و کارکردن بە ئەحکامەکانی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێكڕای دەنگ، فەرموو بۆ ماددەی دووەم، كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تحل مؤسسات الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب فيها اينما وردت ذكرها فى القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم/

دامەزراوە و فەرمانگەكانی هەرێم و پلە پایەكانیان شوێنی دامەزرا و فەرمانگە فیدڕاڵیەكان وپلە و پایەكانیان دەگرێتەوە لەهەر شوێنێكی یاسایەكە دا هاتبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی هاوبەش پشتگیری ماددەكە دەكەین بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز كریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەو ماددەیە دەكەین بەو شێوەیەی كە هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، كاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من كە سەیری یاسایەكەم كرد تەنها لە یەك شوێن یەك كەلیمەی تێدایە كە لە ماددەی 3 لەبڕگەی ب دا وشەی دەولەی تیایە كە ئێمە بیكەین بە ئیقلیم ئیتر لە هیچ شوێنی تر تیام نەبینیوە كە ئەوەندە موستەڵەحاتێك هەبێ و باسی موئەسەساتی دەوڵەت بكات كە ئێمە بیكەین بە موئەسەساتی ئیقلیم، یەعنی تەنها لەو شوێنەدا ئەو وشەیە هاتووە، دەتوانرێ و یەعنی یەكێك ئەگەر سەیری ئەو ماددەیە بكات وادەزانێ ئەسڵی قانونەكە پڕە لە باسی موئەسەسات و فەرمانگە و وەزارەتەكان، لە حاڵێك دا كە من سەیرم كرد پێم خۆش بوو دوو حاڵەتی تیا بێ كەچی یەك دانەی تیایە و دەڵێ (حصل على اشياء وثائقه وصورها وهي معلومات تبقى مكتومة حرصا على سلامة الدولة) تەنها ببێ بە (على سلامە الاقليم) و تەواو، هیچ شتتێكی تری تێدا نیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ كاك عەونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر تێبینی ماددەی یەكەمی یاسا ئەسڵەكە بكەین دەبینین لەوێ باسكراوە زابت كێیە و مونتەسبی قیوای ئەمنی داخلی كێیە و موتەقاعد كێیە و موتەخەرج كێیە؟ واتە ئێمە كە دەڵێین دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستان شوێنی دامودەزگاكانی حكومەتی عیراقی فیدراڵ دەگرێتەوە مەبەستمان ئەوەیە هەموو دامودەزگاكان وهەموو ئەو كەسانەی كە پلەو پایەیان هەیە  لە هەرێمی كوردستاندا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر فەرمووو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە لەوانەیە تەحسیلێ حاسڵ بێ، بەڵام بۆ تەئكید من پێم باشە ئەوە ئیزافە بكرێ كە دەڵێ دامەزرا و فەرمانگەكانی هەرێم و بەڕێوبەری پایەكانیان شوێنی دامەزرا و فەرمانگە فیدراڵیەكان و بەڕێوبەری پایەكانیان دەگرێتەوە لەهەر شوێنێكی یاسایەكە دا هاتبن بە هەمان دەسەڵاتكانیانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية: تحل مؤسسات الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب فيها اينما وردت ذكرها فی القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم/

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێم و پلە پایەکانیان شوێنی دامەزرا و فەرمانگە فیدڕاڵیەکان وپلە و پایەکانیان دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی یاسایەکە دا هاتبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێکڕای دەنگ، فەرموون بۆ ماددەی تر، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم/

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ماددەیە پرۆتۆکۆڵیە، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێکرای دەنگ، بۆ ماددەیەکی تر تکایە؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

لایعمل بای النص قانونی او قرار یتعارض مع احکام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

**کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة: ينفذ هذا القانون بعدة مضي(30) يوماً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.**

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئـەم یاسـایە دوای تێپـەڕبوونی(30)ڕۆژ لـە بلاوکردنـەوەی لەڕۆژنامـەی (وەقـائیعی کوردسـتان) جێبـەجێ دەکرێت.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانـەوە، کێـی لەگەڵدایـە بادەسـتی بڵنـد بکـات تکایـە؟، فـەرموون کێـی لەگەڵدا نیـە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، دەستان خـۆش بێـت، پیرۆزبایتـان لـێ دەکـەین، دەسـتانخۆش بێـت بـۆ مانـدووبونتان، پیرۆزبـایش لـەوەزارەتی نـاوخۆ و وەزیـری نـاوخۆ دەکـەین، سوپاسـی دەکـەین کـە ئامـادە بـوو، پیرۆزبـایش لەدەزگانی وەزارەتیش دەکەین بۆ جێبەجێ کردنی ئەو دوو پرۆژە یاسـایە، فـەرموو جـەنابی وەزیـر ئەگـەر قسەیەکت هەیە.**

**بەڕێز کەریم سنجاری(وەزیری ناوخۆ)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی دەمەوێت سوپاسێکی گەرمی ئەو خوشك وبرایانەی ئەندامانی پەرلەمان بکەم، بۆ تێپەڕاندنی ئەم یاسایە، چونکە دوو ساڵە ئێمە لەوەزارەتی ناوخۆ چاوەڕێی ئەم یاسایە دەکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**هێشتا کاتەکە زووە پێتان باشە بەردەوام بین، باشە بەردەوام دەبین، فەرموو لیژنەی ئەوقاف، بێنـە شـوێنی خۆتان، کاك عونی فەرموو، قسەت هەیە.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر ئەمر بکەیت بڕیاردەری لیژنەی یاسایی ئامادە بێت لێرەدا سوپاست دەکەین.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**فەرموو با ئامادە بێت، لیژنەی یاسایی فەرموو ڕاپۆرتەکەتان بخوێننەوە.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بەزمانی عەرەبی دەخوێنمەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون المأذون الشرعي**

**اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم 3/ خەرمانان/ 2711 كوردي المصادف ليوم 25/ 7/ 2011 الميلادية لدراسة مشروع قانون ( المأذون الشرعي) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان و المحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (3) في 2011/6/29.**

**وبعد المناقشة والمداولة:**

**تقترح اللجنة رفض المشروع للاسباب التالية:**

**1- ان المادة ( العاشرة) من قانون الاحوال الشخصية المرقم (188) لسنة 1959 المعدل بالقانون رقم (15) لسنة 2008 الصادر من برلمان كوردستان حصر تسجيل عقد الزواج بالمحكمة المختصة بدون رسم. و ان القانون يعالج تنظيم حالات الزواج للعراقيين و الاجانب وفق احكامه و القوانين الاخرى و المحكمة هي الجهة الاكثر اختصاصا في تنظيمه و المحافظة على اطراف العقد في الحقوق الزوجية و النسب و البنوة.**

**2- سهولة ابرام عقد الزواج لدى المحاكم في اقليم كوردستان و ان الاجراءات لا تفرض على طالبي عقد الزواج اية تكاليف مالية تذكر في حين بموجب المشروع عليه دفع مبلغ 50.000 الى 75.000 دينار الى المأذون الشرعي.**

**3- ان المشروع يفرض اعباء اضافية على مبرمي عقد الزواج حيث عليهم مراجعة المأذون الشرعي و من ثم مراجعة محكمة الاحوال الشخصية مرة اخرى لتوثيق عقد الزواج وهذا هدر للجهد والوقت.**

**4- ان المشروع يؤدي الى خلق نوع من الازدواجية بين عمل المحاكم و الجهات المخولة بابرام عقود الزواج.**

**5- صعوبة الرجوع الى الوثائق و السجلات الخاصة بتوثيق عقد الزواج في حالة طلب المعلومات المتعلقة بالزواج في حين ان سجلات الاقليم الرسمية تحفظ وفق قانون الحفاظ على الوثائق رقم (70) لسنة 1983.**

**6- صعوبة الالتزام بالشروط الصحية و القانونية و تقديم المستمسكات اللازمة و اية شروط اخرى يفرضها القانون.**

**7- يؤدي الى خلق مشاكل امام تنفيذ قانون سلفة الزواج في الاقليم رقم 17لسنة 2010 الصادر من برلمان كوردستان حيث تنص الفقرة (ثالثاً) من المادة الثانية منه على " ان يبرم عقد الزواج لدى المحاكم المختصة في الاقليم"، وهذا يعني ان مبرمي عقد الزواج خارج المحاكم المختصة في الاقليم لايستفيدون من سلفة الزواج.**

**8- زيادة اعباء مالية على ميزانية الاقليم وميزانية السلطة القضائية حيث بموجب المشروع ينبغي تأمين ميزانية خاصة لتنفيذ احكام المشروع في حالة قبوله.**

راجين التفضل بالأطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لێژنەی یاسایی**

لێژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی 3/ خەرمانان / 2711ی کوردی بەرامبەر بە 7/25 /2011 ی زایینی کۆبووەوە بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژە یاسای (ڕێپێدراوی شەرعی) کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پیشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (3)ی ڕۆژی 2011/6/29 ڕەوانەی لێژنەکەمان کراوە.

لێژنەش دوای گفتوگۆ وڕا گۆڕینەوە پێشنیار دەکات بە ڕەتکردنەوەی پڕۆژەکە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1- ماددەی (دەیەم) لە یاسای باری کەسی ژمارە (188) ی ساڵی 1959 کە بە یاسای ژمارە (15)ی ساڵی 2008 ی هەموارکراو لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری تەنیا داوە بە دادگای تایبەتمەند بەبێ ڕەسم.و یاسای ئاماژەپێکراو چارەسەری ڕێکخستنی هاوسەرگیری عێراقیان و بیانیەکان دەکات بەپێی برگەکانی و یاساکانی دیکە و دادگا زیاتر لایەنی پەیوەندیدارە بە ڕێکخستن و پاراستنی لایەنەکانی گرێبەستەکە لە مافەکانی هاوسەرگیری و پشتەباب(النسب) و کوڕایەتی (البنوە).

2- ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ئاسانە و، ڕێکارەکانیش مەسرەفێکی ئەوتۆی دارایی ناخاتە سەر داواکاری گرێبەستی هاوسەرگیری، لە کاتێکدا بەپێی ئەم پڕۆژەیە پێویستە لەسەریان بڕی (50,000) تا (75,000) دینار بدەن بە ڕێپێدراوی شەرعی.

3- ئەم پڕۆژەیە قورساییەکی زیاتر دەخاتە ئەستۆی ئەنجامدەرانی گرێبەستی هاوسەرگیری، چونکە دەبێت بچنە لای ڕێپێدراوی شەرعی و، دوای ئەویش دووبارە دەبێت بچنە دادگای باری کەسی بۆ ئەوەی گرێبەستەکەیان پەسەند بکات، بەمەش هەم ماندوو دەبن،هەمیش کاتیان بە فیڕۆ دەڕوات.

4- ئەم پڕۆژەیە، جۆرەدووفاقییەك لە نێوان ئیشی دادگاکان، و ئیشی ئەو لایانەنادا دەنێتەوە کە ڕێگایان پێدراوە گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن.

5- له كاتی داواكردنی زانیاریەكانی پەیوەست بە هاوسەرگیری، گەڕانەوە بۆ دیكومێنت و سجلەكانی تایبەت بە ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیریەكەوە ئەستەم دەبێت، لە كاتێكدا تۆمارە فەرمییەكانی هەرێم دەمێنیتەوە و ، بەپێی یاسای ژمارە (70) ی ساڵی 1983 (یاسای پاراستنی دیكومێنتەكان) دەپارێزرێن.

6- پابەندبوون بە مەرجەكانی تەندروستی و یاسایی و پێشكەشكردنی دەستاوێژ(المستمسكات) ی پێویست و، هەر مەرجێكی دی كە یاسا بیسەپێنێت ئەستەم دەبێت.

7- ئەم پرۆژەیە، كێشە لە بەردەمی جێبەجێ كردنی یاسای پێشینەی هاوسەرگیری ژمارە (17)ی ساڵی 2010 لە هەرێمدا كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە دەنێتەوە بەپێی دەقی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی دووەمی پێشینەی هاوسەرگیری"بە مەرجێك گرێبەستی هاوسەرگیریەكە لە دادگا تایبەتمەندەكانی هەرێمدا ئەنجامدرابێت"، ئەمەش مانای وایە كە ئەوەی لە دەرەوەی دادگا تایبەتمەندەكانی هەرێمدا گرێبەستی هاوسەرگیریان ئەنجامداوە سوود لە پێشینەی هاوسەرگیری وەرناگرن.

8- قورساییەكی دارایی زیاتر دەكەوێتە سەر بودجەی هەرێم و بودجەی دەسەڵاتی دادوەری، چونكە بەپێی ئەم پرۆژەیە ئەگەر بێت و قبوڵ بكرێت پێویستە بودجەیەكی تایبەت بۆ جێبەجێ كردنی حوكمەكانی پرۆژەكە دابین بكرێت.

ئاگاداری ئەسڵی پرۆژەكە و ڕای لێژنەی یاسایی بن لەم بارەیەوەو بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆكردن لەسەری‌و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوەو دەنگدان لەسەری. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، با ئێستاش لیژنەی ئەوقاف وكاروباری ئایینی ڕاپۆرتی خۆیان بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز سمیرە عبداللە گۆران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا بەزمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە.

**إلى/ رئاسة برلمان كوردستان ـ العراق.**

**م/ تقرير اللجنة حول مشروع قانون (المأذون الشرعي)**

أجتمعت لجنة الأوقاف والشؤون الدينية بتاريخ (20،21،2011/9/22) لدراسة مشروع قانون (المأذون الشرعي)، المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان، و المحال إلى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (31) في (2011/6/29 )، وبعد مناقشات مستفيضة من قبل أعضاء اللجنة، وكذلك الاستئناس بالأراء الإيجابية للسادة رئيس وأعضاء مجلس شورى الأقليم و مجلس القضاء، ورأي

**وزارة الأوقاف والشؤون الدينية واتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان، و معرفة رأي المختصين من السادة القضاة والمحامين في محكمة الاحوال الشخصية توصلت اللجنة بشأن مشروع القانون إلى مايلي:**

**أولا:**

**ان مشروع قانون (المأذون الشرعي) ذو أهمية بالغة للمجتمع الكوردستاني في الوقت الراهن، وضروري لتنظيم جانب مهم من جوانب مشروع الزواج، و يؤدي الى حل كثير من المشكلات والمعضلات القانونية والاجتماعية، منها وضع حد للأشخاص غير المؤهلين باجراء عقود الزواج في خارج المحاكم، و كذلك ضمان الحقوق الشرعية والقانونية للمرأة في عقد الزواج.**

**ثانيا:**

**أما ما يتعلق بمواد و بنود مشروع القانون في اللجنة توصي بما يلي:**

**1- المادة الأولى: لا ملاحظات للجنة على المادة، سوى تعريف مصطلح (المأذون الشرعي)، حيث ترى اللجنة حذف كلمة (الطلاق) من التعريف، و إعادة صياغته كما يلي:**

**(المأذون الشرعي: عالم الدين المخول باجراء عقود الزواج للمسلمين).**

**2- المادة الثانية: لا ملاحظات عليها.**

**3- المادة الثالثة:**

**أ/ تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة (2) من المادة كالآتي:**

**2- (أن يكون متزوجا، و لا يقل عمره عن 25 سنة).**

**ب/ تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة (3) من المادة كالآتي:**

**(أن يكون محمود السيرة، و غير محكوم بجناية عمدية، أو جريمة مخلة بالشرف).**

**ج/ ترى اللجنة دمج الفقرتين (5،6) من المادة الثالثة و إعادة صياغتها كالآتي:**

**(أن يكون حاصلا على شهادة البكالوريوس، أو الدبلوم في العلوم الشرعية، أو ما يعادلها، وتقبل الإجازة العلمية المعدلة في خارج مراكز المحافظات).**

**د/ وفيما يتعلق بالفقرة (7) (والتي تكون 6)، تقترح اللجنة إضافة كلمة (تأهيلية) بعد كلمة (دورة) وكالآتي:**

**(أن يجتاز دورة تأهيلية لهذا الغرض تحت اشراف مجلس القضاء).**

**ه/ الفقرات (1،4،8) لا ملاحظات عليها.**

**المادة الرابعة:**

**أ/ في الفقرة (1) من المادة، تقترح اللجنة تبديل كلمة (انقضاء) ب (انتفاء) و إضافة كلمة (الصحية) الى آخر الفقرة، كالآتي:**

**(التحقيق من شخصية طالبي الزواج، و تكليفهم بتقديم الوثائق الرسمية، و انتفاء الموانع الشرعية و القانونية و الصحية).**

**ب/ ترى اللجنة أن الفقرة (3) زائدة، و يجب حذفها، حيث إن الفقرة التي تليها تتضمن فحواها.**

ج/ في الفقرة (5) (والتي تصبح 4)، تقترح اللجنة اضافة عبارة (إلى الدرجة الثالثة من قرابته) بعد كلمة الزواج، و حذف ما بعدها، و كالآتي:

( لا يجوز للمأذون اجراء عقود الزواج الى الدرجة الثالثة من قرابته).

د/ الفقرة 9(والتي تصبح 8)، بعد كلمة (الصادرة)، ترى اللجنة تبديل حرف الجر (في) ب (من).

ه/ و ما يتعلق بافقرات (2،6،7،8،10) لا ملاحظات عليها.

المادة الخامسة: لا ملاحظات عليها.

المادة السادسة:

أ/ تقترح اللجنة إعادة صياغة الفقرة (1) من المادة كالآتي:

( تشكل اللجنة من قبل رئيس مجلس القضاء، برئاسة قاض في محكمة التمييز، و عضوية مدير عام يرشحه وزير الأوقاف والشؤون الدينية، و ممثل عن كل من كلية العلوم الاسلامية، و اتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان، ممن يحملون شهادة جامعية أولية على الأقل في العلوم الشرعية، و لهم خدمة فعلية لا تقل عن سبع سنوات).

ب/ الفقرة (2): لا ملاحظات عليها.

ج/ في الفقرة (3): اضافة عبارة (خلال 15 خمسة عشر يوما من تاريخ التبليغ) الى ما بعد كلمة (التمييز)، و كالآتي:

( قرار اللجنة قابل للطعن لدى محكمة التمييز خلال (15خمسة عشر يوما) من تاريخ التبليغ، ويكون قرارها باتا بذلك).

د/ الفقرة (4)، تبديل عبارة (ثلاث سنوات) ب (أربع سنوات).

7- المادة السابعة:

أ/ الفقرة (1): لا ملاحظات عليها.

ب/ الفقرة (2): ترى اللجنة حذف عبارة (من المحاكم)، و كذلك إضافة (أو) الى ما قبل كلمة (عدمها).

ج/ الفقرة (3): تقترح حذف عبارة (عن طريق المحاكم).

8- المادة الثامنة: لا ملاحظات على المادة، سوى تبديل كلمة (مشفوعة) ب (مشفوعا).

9- المادة التاسعة:

أ/ الفقرات (1،2) لا ملاحظات عليها.

ب/ الفقرة (3)، ترى اللجنة صياغتها كالآتي:

(على طرفي عقد الزواج مراجعة المحكمة لتصديق العقد الصادر من المأذون).

المادة العاشرة: تقترح اللجنة دمج الفقرتين (1،2) و اعادة صياغة المادة كما يأتي:

(لرئيس مجلس القضاء تحديد اجور المأذون و البت في زيادتها أو إنقاصها حسب الحالة الاقتصادية).

المادة الحادية عشرة:

أ/ ترى اللجنة أن الفقرة (1) من هذه المادة زائدة ويجب حذفها، حيث إن المحكمة لا تتعامل مع اي عقد غير الصادر من المأذون الشرعي.

ب/ الفقرة (2)، (و التي تصبح (1): تقترح اللجنة تبديل كلمة (مخالفة) ب (المخالفة) وكلمة (ثلاثين) ب (ثلاثة).

12. المادة الثانية عشرة: ترى اللجنة اضافة عبارة (الى حين تعيين مأذون آخر يحل محله) الى آخر المادة.

13. المادة الثالثة عشرة: لا ملاحظات عليها.

14. المادة الرابعة عشرة: لا ملاحظات عليها.

15. و فيما يتعلق بالأسباب الموجبة، تقترح اللجنة تبديل عبارة (الدول المجاورة) ب (الدول الاسلامية) و صياغة العبارة الأخيرة كالأتي : (و بخاصة الذين يسكنون في المناطق النائية ، و للمصلحة العامة شرع هذا القانون).

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأي المناسب والتصويت.

مــــع التقـديــر.....

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

فەرموون بەكوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز یشار نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ڕاپۆرتەكەمان بخوێنینـەوە، مولاحەزەیـەكمان هەیـە لـە مەشـروعەكەدا یاسـای مـەلای شـەرعی نووسراوە، خۆی (ڕێپێدراوی شەرعی) ڕاستە، تكایـە لـەو یاسـایە لـە هەرشـوێنێك مـەلای شـەرعی هاتبێـت بگۆڕدرێت بە (ڕێپێدراوی شەرعی)، ئەمەش دەقی ڕاپۆرتەكەمانە.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە دەربارەی پرۆژە یاسای ڕێپێدراوی شەرعی (المأذون الشرعی)**

لیژنـەی ئـەوقاف و كاروبـاری ئـایینی ڕۆژانـی (20،21،2011/9/22) كۆبـوەوە بـۆ تـاوتوێكردن و گفتوگۆ كردن لەمەڕ پـرۆژە یاسای (ڕێپێـدراوی شـەرعی - المـأذون الشـرعی ) كـە لـە لایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش بە سـەرۆكایەتی كرابـوو. وە دوای ئـەوەی كـە خوێندنـەوەی یەكـەمی بـۆ كرا، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (31) لە (2011/6/29) ئاراستەی لیژنەكەمان كراوە.

پاش گفتوگۆیەكی تێرو تەسەل لە لایەن ئەندامانی لیژنەكەمان و هەروەها زانینی رای ئەرێنی ئەنجومـەنی شـورای هـەرێم و ئەنجومـەنی دادوەری و وەزارەتـی ئـەوقاف و یـەكێتی زانایـان و ژمارەیـەك لـە بـەرێزان

دادوەرو پارێزەر کە لەم بوارەدا کاریان کردووە لە دادگای باری کەسی، رای لیژنەکەمان بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:

یەکەم:

ئەم پرۆژە یاسایە گرنگ و پێویستە بۆ کۆمەڵگای کوردستان، وە دەبێتە مایەی چارەسەر کردنی زۆر لە کێشەی کۆمەلأیەتیەکان و نەهێشتنی دیاردەی مارە بڕین لە دەرەوەی دادگاو دانانی سنوورێك بۆ کەسانی نەشیاوکە بە ناوی شەرعەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن، وە هەروەها دەبێتە مایەی پاراستنی مافەکانی شەرعی و یاسایی ئافرەت لە بواری هاوسەریدا.

دووەم:

سەبارەت بە پرۆژە یاساکە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە مادەو برگەکانی چاکبکرێتەوە.

1 - سەبارەت بە مادەی یەکەم: لیژنە پێشنیاز دەکات کە پێناسەی (ڕێپێدراوی شەرعی) بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

(ڕێپێدراوی شەرعی: زانای ئایینی ڕێپێدراو کە گرێبەستی هاوسەری بۆ موسڵمانان بکات).

واتە گۆڕینی دەستەواژەی (پیاوی ئایینی) بە (زانای ئایینی) هەروەك لە دەقە عەرەبیەکەدا هاتووە، وە هەروەها لابردنی وشەی (تەلأق).

2 - مادەی دووەم: لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.

3 - مادەی سێیەم: لیژنە تێبینی لەسەر ئەم خالأنە هەیە:

أ/ خاڵی دووەم بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە.

(پێویستە خێزاندار بێت و تەمەنیشی لە (25) ساڵ کەمتر نەبێت).

ب/ خاڵی سێیەم: بەم شێوەیە دابرێژریتەوە.

3-پێویستە ژیاننامەی باش بێت و بە تاوانێکی ئەنقەست یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.

ج/ هەردوو خاڵی پێنجەم و شەشەم لێك بدرێت و بکرێت بە یەك خاڵ بەم شێوەیەی خوارەوە:

(بروانامەی بەکالۆریۆس یان دیبلۆم لە زانستی شەرعی یان شتی یەکسان بەوانی بە دەست هێنابێت، وە لە دەرەوەی سەنتەری شارەکاندا مۆڵەتی یەکسان کراوی زانستی قبوڵ دەکرێت).

د/ خاڵی حەوتەم (کە دەبێتە شەشەم): دەستەواژەی لە (خولێکدا) بگۆڕدرێت بە (لە خولێکی شیاندندا).

ه/ خاڵەکانی یەکەم و چوارەم و هەشتەم (کە دەبێتە حەوتەم) لیژنە هیچ تێبینیەکی نیە.

4- مادەی چوارەم: ئەم تێبینیانەی خوارەوە لەسەر خاڵەکانی هەیە:

أ/ خاڵی یەکەم: وشەی (نەمانی) بگۆڕدرێت بە (نەبوونی)، وە زیاد کردنی وشەی (تەندروستی) لە کۆتاییداو بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:

1- ( لێكۆڵینەوە لە داواكارانی هاوسەری بكات و داواشیان لێ بكات بەلگەنامەی فەرمی پێشكەش بكەن، وە دڵنیا بێ لە نەبوونی رێگری شەرعی و یاسایی و تەندروستی).

ب/ لیژنە رای وایە كە خاڵی سێیەم زیادە، وە پێویستە لابرێت، چونكە لە خاڵی چوارەمدا هاو مانای هەیە.

ج/ خاڵی پێنجەم (كە دەبێتە خاڵی چوارەم): بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:

4- (رێپێدراوی شەرعی بۆی نیە گرێبەستی هاوسەری تا پلە سێی خزمەكانی خۆی ئەنجام بدات).

د/ خاڵی نۆیەم (كە دەبێتە هەشتەم): وشەی (وەلییایەتی) بگۆردرێت بە (سەرپەرشتی شەرعی).

ه/ خاڵەكانی (دووەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و دەیەم) لیژنە تێبینی لەسەر نیە.

5- مادەی پێنجەم: لیژنە تێبینی لەسەر نیە.

6- مادەی شەشەم: لیژنە پێشنیاز دەكات كە:

أ/ خاڵی یەكەم بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:

1- (لیژنەكە لە لایەن سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەرییەوە پێك دەهێنرێت بە سەرۆكایەتی دادوەرێك لە دادگای تەمیز و ئەندامێتی بەرێوەبەرێكی گشتی كە وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی كاندیدی دەكات و نوێنەرێك لە هەریەك لە كۆلیژی زانستە ئیسلامیەكان و یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی، كە بە لانی كەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بن لە زانستی شەرعیدا، وە راژەی كردەنییان هەبێت كە لە حەوت ساڵ كەمتر نەبێت).

ب/ خاڵی دووەم: لیژنە تێبینی لەسەر نیە.

ج/ خاڵی سێیەم: دەستەواژەی (بۆ ماوەی 15 رۆژ لە كاتی ئاگادار كردنەوە وە) زیاد بكرێت بۆ وشەی (تانە لێدان).

د/ خاڵی چوارەم: لیژنە رای وایە (سێ ساڵە) بكرێت بە (چوار ساڵە).

مادەی حەوتەم: لیژنە رای وایە:

أ/ خاڵی یەكەم: تێبینی لەسەر نیە.

ب/ خاڵی دووەم: وشەی (لە دادگاكانەوە) لابرێت.

ج/ خاڵی سێیەم: دەستەواژەی (لە رێی دادگاكانەوە) لابرێت.

د/ خاڵی چوارەم: تێبینی لەسەر نیە.

8- مادەی هەشتەم: تێبینی لەسەر نیە.

9- مادەی نۆیەم:

أ / خالی یەكەم و دووەم: تێبینی لەسەر نیە.

ب/ لە خالی سێیەم: وشەی (بۆیان هەیە) بكرێتە (پێویستە لەسەریان).

10- مادەی دەیەم: لیژنە پێشنیاز دەكات كە هەردوو خاڵی مادەكە بكرێتە یەك و مادەكە بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە.

(مادەی دەیەم: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە کرێی ئەنجامدانی گرێبەست لە لایەن ڕێپێدراوەوە دیار بکات، وە بە گوێرەی رەوشی ئابووری بڕیار لە بارەی زیاد کردن یان کەمکردنەوەی بدات).

مادەی یازدەهەم:

أ/ خاڵی یەکەم: لیژنە رای وایە کە ئەم خاڵە زیادەو پێویستە لابرێت، چونکە دادگا مامەڵە لەگەڵ گرێبەستی تر ناکات جگە لە ڕێپێدراوی شەرعی.

ب/ خاڵی دووەم: تێبینی لەسەر نیە.

12. مادەی دوازدەهەم: ئەم رستەیە بۆ کۆتایی مادەکە زیاد بکرێت (تا کاتی دامەزراندنی ڕێپێدراوێکی تر لە شوێنەکەیدا).

13. مادەی سێزدەهەم و چواردەهەم: لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەریان نیە.

14. هۆیەکانی دەرچون: لیژنە تێبینی لەسەر نیە.

بفەرمون بۆ ئاگاداری و ئەسڵی پرۆژەکە و رای لیژنەکەمان لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و دەربڕینی رای گونجاو لە بارەیەوە و دەنگدان لەسەری.

لەگەل رێزو تەقدیرمان....

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، بەڕێزان دوای ئەوەی کە هەموومان گوێمان لەخوێندنەوەی هەردوو ڕاپۆرتەکە بوو، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و ڕاپۆرتی لیژنەی ئەوقاف، بەئاشکرا دەردەکەوێت کە دوو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە، بۆ ئەوەی هەریەکێك لەو لایەنانە بتوانێت دیفاع لەڕەئی خۆی بکات، پێمان باشە کە بۆ هەر ڕەئیەك 3 کەس قسە بکات، پاشان دەیخەینەوە بەردەمی جەنابتان بۆ ئەوەی یەکلایی بکەینەوە، ئێستا 3کەس کە دیفاع لەڕاپۆرتەکەی لیژنەی ئەوقاف بکەن، تکایە با دەستیان بڵند بکەن، (بەشیر خەلیل، صباح بەرزنجی، احمد وەرتی) ئەوانەشی کەلەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایین با ناویان بنووسم(عبدالسلام بەرواری، گەشە دارا، برهان رشید) دکتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د. بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە ئەم پڕۆژە یاسایە پێویستە لەبەر چەند هۆکارێك: یەکەم: ڕاستە کە ئێمە یاسای باری کەسیمان هەموارکردەوە بە ژمارە(15)لەساڵی 2009، یەکێك لەماددەکانی ئەو یاسایە دەڵێت، نابێت گرێبەستی هاوسەرگیری لەدەرەوەی دادگا بکرێت، هەروەها سزاشی داناوە بۆ ئەوانەی کە ئەنجامی دەدەن، بەڵام تا ئێستا سەیر دەکەین ئەم هاوسەرگیریە لەدەرەوەی دادگا ئەنجام دەدرێت، ئەنجامدانەکەشی بەردەوامە، وە تا ئێستا سزای کەسیش نەدراوە، من لێرە داوا ناکەم کە سزا بدرێن، لەبەر ئەوەی

ئەنجامـدانی هاوسـەرگیری لای مامۆسـتایەکی ئـایینی لەلایـەن شـەرعەوە حـەتا لەلایـەن یاساشـەوە، ئەگـەر دخولەکە هـەبوو دەچێتە بـواری جێبـەجێ کردنـەوە، بـەڵام مـن ئـەوە دەڵێم کـەمادام ئـەو دیاردەیـە هـەر بەردەوامە وە کۆمەڵگای ئێمەش کۆمەڵگایەکی موسـوڵمانە، کۆمەڵگایەکـە ئـایین پـەیڕەو دەکـات، بەتایبـەتی لەمەسەلەی باری کەسیدا، بۆیە ئێمە ($10$) یاسـای تـریش دەربکـەین، کـە بڵێین نابێت خـەڵك لـەدەرەوەی دادگا مارە بڕین بکات، ئەوە ئەم خەڵکە هەر دەیکات، مادام هـەر دەیکـات، بـۆ ئـەوەی بـوار بـەجێ نـەهێڵێت مـەجال بـەجێ نـەهێڵین لـەپێش کەسـانێك کەبـەناوی زانـای شـەرعەوە، بـەناوی مـەلاوە کـە لەوانەیـە هەندێکیشیان هەر مەلا نین، لەوانەیە ئیمام نەبن لەوانەیە پێش نوێژ نەبن، موئەهەل نـین بـۆ مـارەبڕین، ئێمـە تەماشـا دەکـەین لـەزۆر شـوێندا مـارە دەبـڕن، ئـەو مـارە بڕینـەی کەلەلایـەن کەسـانێکی نەشـیاوەوە دەکرێـت زۆرجار تووشی کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتیمان دەکات، ئـەو حاڵەتانـەی کەمنـداڵ مـارە دەکـات، یـان لەناو بێشکەدا کچ مارە دەکات، یان ژن بەژن مارە دەکـات، یـان مارەبڕینێـك کـە بەپێچـەوانەی یاسـاو شـەرع دەکات، ئەوانە لەلایەن خەڵکانێکی نەشیاوەوە ئەنجام دەدرێن نەك لەلایەن مامۆستایەکی تەواو، لەبەر ئەوە تـا ئێمـە ڕێگـا بگـرین لـەو دیاردەیـە، پێویسـتە (مـأذون الشـرعي) هەبێـت بـۆ ئـەوەی بـەپێی یاسـاو شـەرع کارەکانی خۆی بکات، خاڵی دووەم: ئێمە لەکاتی پەیوەندیکردنمان بەزۆربەی دادوەرانی دادگای باری کەسـی، هەروەها لەگەڵ مەجلسی شورادا، بۆمـان ڕوون بوەتـەوە کـە بەڕاسـتی قەرەباڵغیـەکی زۆر لەسـەر مەسـەلەی مارەبڕین هەیە، بەتایبەتی لەپاش دەرچوونی سولفەی زەواج، بۆ کەمکردنەوەی ئەو زەختەش لەسەر دادگا، پێویستە ئەم پڕۆژە یاسایە جێبەجێ بکرێت، خاڵێکی تریش ئەوەیە، ئەم پـڕۆژە یاسـایە بـەهیچ شـێوەیەك دژی یاسای ژمارە($15$)ی سـاڵی $2009$ نیـە، هـەروەها دژی یاسـای ژمـارە($8$)ی سـاڵی $2011$ش نیـە، بـەڵکو ئێمە وای دەبینین کە ئەمە عامیلێکی یارمەتیدەرە، وە فاکتەرێکە بۆ زیاتر جێبەجێکردنی ئەم دوو یاسایە، واتە یاسای ژمارە ($15$) و یاسای ژمارە($8$)ی ساڵی $2011$، بۆیە ئێمە داوا دەکەین، بەڕاستی داوا دەکەین کە ئەمە بکرێت، وە زۆر لەکێشەی کۆمەڵایەتیمان لە کۆڵ دەکاتەوە، لەپاشان تەماشـا دەکـەین لـەزۆر لـە وڵاتـان ئەم شتە کراوە، نەجاحەتیشی هێناوە، ئەوەتا لەئێران هەیە، لەمصر هەیە، لەسوریا و لە ئوردن هەیە، ئـەم (مـأذون الشـرعي) ە لەچوارچێوەی یاسـا کـار دەکـات، کـەس وا تێنـەگات ئەمـە مانـای ئەوەیـە یـەعنی ئـەوە لەدەرەوەی دادگا مارە بکرێت، نەخێر ئەمە ئەصڵەن بۆ ئەوەیە کە لەدەرەوەی دادگا مارەبڕین دەکرێت، ئەم یاسایە بۆ ئەوە دەردەچێت تا لەدەرەوەی دادگا مارەبڕین نەکرێت، چونکە ئەم (مأذون الشرعي) ە بـۆ خـۆی سەر بەدادگایە، لەزمنی یاسای ژمارە ($15$) کار دەکات، یـەك لـەماددەکان دەڵێـت (مـأذون الشـرعي) پابەنـدە لەهەموو کارەکانیدا بەماددەکانی یاسای ژمـارە($15$)، بۆیـە ئەمـە لـەدەرەوەی دادگـا نیـە، لـەدەرەوەی یاسـای ژمـارە($15$)ش نیـە، خـاڵێکی تـریش هەیـە، ئێمـە تەماشـا دەکـەین لـە کوردسـتان بـرا مەسـیحیەکان، ئیشوکارەکانیان لە باری کەسێتی عەینەن لەلای (مأذون )ی خۆیان دەکەن، واتە لە کەنیسە ئەنجام دەدرێت، تـەنها دەیبـەن لـە مەحکەمـە بـۆ تەصدیق کردنەکە، ئێمـەش داوای ئەوەنـدەمان کـردووە، ئـەو (مـأذون) ە

کارەکانی خۆی بکات، لەپاشان مەحکەمە تەصدیقی بکات، بۆیە پێمان وایە ئەمە هیچ کێشەو گرفتێکی یاسایی نیە، وە نابێتە هۆی ئەوەی کە لەسولفەی زەواجیش بێبەش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، دکتۆر صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر یاسایەك کە دەربچێت لەپەرلەمان پێویستە بۆ پڕکردنەوەی فەراغێکی تەشریعی بێت، یاخود بۆ چارەسەری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان هەرکێشەیەکی تر بێت، پێم وایە ئەم پڕۆژە یاسایە کە هاتووە، بەشێك لەو کێشانەی کە پێی دەوترێت زەواجی دەرەوەی دادگا چارەسەر ئەکات، تەنزیمی ئەوە ئەکات کە لەدەرەوەی دادگا زەواج بەو شێوەی کە ئێستا هەیە، وە فیعلەن بەلای دادوەرەکان وکەسانی ئەهلی ئیختیصاص پێیان وایە فیعلەن کێشەیەك هەیە، وە قانونی ئەحوالی شەخصی و مەحاکمی ئەحوالی شەخصی نەیتوانیوە ڕێگە لەزەواجی دەرەوەی مەحکەمە بگرێت، یەعنی تەنانەت کەسانێك کەزۆر پابەندن بە مەسائیلی قانونی، وە زۆر لەو بەڕێزانەی کەئێمە قسەمان لەگەڵ کردوون، وە ڕەنگە ڕەفزی پڕۆژەکەشیان کردبێت، ئەڵێن بۆ خۆمان پێش مەحکەمە دەچین لەلای مەلایەکی ئاییني زەواجەکە ئەکەین بەشێوەیەکی شەرعی، بەشێك لەو زەواجەی کە لەمەحکەمەدا دەکرێت شروتە شەرعیەکەی تێدا نیە، کە بریتیە لە ئیرتیباتی ئیجاب و قبولْ لە عەقدەکەدا، یەعنی هەندێ کەمتەرخەمی هەیە، لە ئیجرای شکلی عەقدی زەواجدا لە مەحکەمەکاندا، بۆیە لەڕاستیدا ئەبێت ئێمە پێداگیری بکەین لەبوونی صیغەیەکی شەرعی، بەڵام ئەو صیغە شەرعیە ئەبێت تێك نەگیرێت، لەگەڵ ئەو یاسایەی کە لەوڵاتدا بەرکارەو کاری پێدەکرێت، بۆیە ئەم پڕۆژە یاسایە ئەگەر ببێت بەیاسا ئەتوانێت بەشێکی زۆر لەوگیروگرفتانەی کە پێی دەوترێت زەواجی دەرەوەی دادگا چارەسەر بکات، لەلایەکی ترەوە ئێمە لەڕاستیدا ئیستیئناسمان کرد وەکو لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە، بە کەسانێك کە ئەهلی ئیختیصاصن، بەکەسانێکە کە شارەزان ورۆژانە ڕاستەوخۆ کاروباریان لە مەسئەلەی زەواجدا هەیە، ئەوانیش پێیان باش بووە کە ئێمە صیغەیەك بدۆزینەوە بۆ زەواجی(مأذون الشرعي)، وەکو کاك دکتۆر بەشیر باسی کرد، لەهەندێ وڵاتدا وەکو تەجروبەیەکی باش ئەم مەوزوعە هەیە، هەندێك لەو قەرەباڵغی ولەو ئەرکە گرانەی کە لەسەرشانی دادگاکانی باری کەسێتی هەیە، لەڕێگەی بوونی دائیرەی (مأذون الشرعي) چارەسەر دەکرێت، ئەکرێت ئێمە بەم یاسایە، جگە لە موعالەجە کردنی ئەو کێشانە ئەتوانین تەجرەبەیەکی باشیش پێشکەش بکەین، وە حەرەکەتێکی عیلمیش لەناو هەڵگرانی بڕوانامەی شەرعیدا دروست بکەین، چونکە ئەوانەی کە دەیانەوێت ببن بە (مأذون الشرعي)ئەبێت لەڕووی یاسایی و لەڕووی شەرعیەوە بەتەواوی تەئهیل بکرێن، وە دەورەیان بۆ بکرێتەوە، ئەمە حەرەکەتێکی عیلمیە لەناو ئەواندا دروست دەبێت، وە جۆرێك لەو ڕەها بوون و ئینفیلاتەی کە ڕەنگە جاروبار بەرچاو بکەوێت نەمێنێت، بۆیە بەڕاستی بەدەرکردنی ئەم یاسایە ئێمە دەتوانین کارێکی

باش پێشکەش بکەین، سەبارەت بەو مولاحەزاتەی کە لەڕاپۆرتی لیژنەی یاساییدا هاتبوو، کە ئەڵێت ئەمە ئەرکێك دەخاتە سەرشانی هاووڵاتی، چونکە ئێستا خەڵك دەچێت لە دادگا بەخۆڕایی عەقدیان بۆ ئەکرێت، بەڵام ئێمە ئەتوانین ئەوە بەبیر ئەو بەڕێزانە بهێنینەوە، کەلەگەڵ ئەوەشدا لە دادگا بەبەلاش یاخود بە پارەیەکی زۆر ڕەمزی عەقدی زەواج ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆربەی ئەو خەڵکە ئەچێت لەدەرەوە لای مامۆستایەکی ئایینی عەقدی زەواج ئەکات و پارەش دەدات بە مامۆستا ئاییینیەکە، یەعنی لەڕاستیدا ئەمە نابێت بەبەهانەیەکی بەهێز بۆ ڕەد کردنەوەی ئەم پرۆژ یاسایە، لەلایەکی تریشەوە باس ئەکات یەعنی ترسی ئەوە هەیە، کە ئەمە تەعاروزو تێگیرانی هەبێت، لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە بەرکارن، لەگەڵ کاری مەحاکمدا لەکاتێکدا کە ئێمە دەزانین کە ئەمە دەتوانێت ئەڵقەیەك بێت بۆ پەیوەندیەکی گورجوگۆڵتر لەنێوان دادگاکانی باری کەسێتی و لەنێوان جەماوەردا، یەعنی ئەم دائیرەی (مأذون الشرعية) بەپێی ئەو زەوابتەی کە لە یاساکەدا هاتووە، ئەتوانێت تەواوکەری کاری دادگاکان بێت، کەواتە ئەو ترسەش لە مەوزوعەکەدا لەئارادا نیە، دیارە پاساوی تریش هەیە، بەپێی ئەو مولاحەزاتەی کە هەیە، ئێمە هیواداریین، بەم یاسایە وە لەکاتی موناقەشەکردنیدا، ئەگەر موشکیلەیەکی تێدا بێت ئەتوانین چارەسەری بکەین، بۆیە ڕەفز کردنی بەڕەئی من خزمەت بە باری کۆمەڵایەتی، بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی ناکات، بەپێچەوانەوە تەبەنا کردن وپەسەند کردنی ئەبێتە مایەی ئەوەی کە بەشێك لە کێشەو گیروگرفتەکان چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، دکتۆر ئەحمەد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پێم باش بوو وەزیری ئەوقاف لێرە ئامادە بوایە، چونکە وەبزانم وەزیری پەیوەندیدارە لەو مەسەلەیەدا، لیژنەی ئەوقاف هەم ڕای وەزارەتی ئەوقافیان وەرگرتووە، هەم یەکێتی زانایان کە پرۆژەکەیان ناردووە، پێم باش بوو وەکو لایەنی پەیوەندیدار بانگ بکرایە، منیش پشتیوانی لەڕاکانی هەردوو هاوکارم ( دکتۆر بەشیر و دکتۆر صباح) دەکەم، بێگومان دیارە پرۆسەی زەواج پرۆسەیەکی گرنگە لەهەموو کۆمەڵگاکاندا، ئێمە لەکۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا لە کۆنەوە خەڵك لای زانای ئاییني شان بەشانی بوونی دادگا کە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەدادگاکاندا ئەنجام دەدرێت، شان بەشانی ئەوەش خەڵکی ئێمە لەلای زانای ئاییني ژنی مارە بڕیوەو عەقدی زەواجی کردووە، بۆ ڕێکخستنی ئەم لایەنە گرنگە لەکۆمەڵگای خۆماندا ئەم پرۆژە یاسایە پێشکەش کراوە، واتە پێشکەش کردنی ئەم پرۆژە یاسایە خزمەت بەڕێکخستنی ئەو بوارە دەکات کە لەزۆر حاڵەتدا، ڕەنگە کەسانێك خراپ سوودیان لە مەسئەلەی عەقدی زەواج وەرگرتبێت، وەخەڵکانێك کچی بچووکیان مارە کردووە، یان ژن بەژنەو ئەوانەی تریش کە هەیە، لەلای زانایانی ئاییني بەشتێکی خراپ لەقەڵەم دەدرێت، هەم لە ڕووی یاسایشەوە قەدەغەکراون، بۆ ڕێگا گرتن

لەو کارە لابەلاییانە، وە بۆ ڕێکخستنی ئەو بوارە گرنگە لەکۆمەڵگای خۆماندا پێم وایە ئەو پرۆژە یاسایە باشە، بۆیە منیش پشتیوانی لێ دەکەم، کە موناقەشە بکرێت وگفتوگۆی لەسەر بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دیارە هەم ڕای وەزارەتی ئەوقاف لەگەڵە هەم یەکێتی زانایانیش، کە پیشتیوانی لە پرۆژەکە دەکەن، وە زۆرێك لە دادوەرەکانیش پشتیوانی لێدەکەن، لەگەڵ ئەوەی کە لەدادگاکاندا زۆرێك ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن، پێم وایە ئەمە خزمەت بەڕێکخستنی ئەو بوارە دەکات، لەگەڵ ئەوەدا ڕاستە هاوکارانم لەلیژنەی یاسایی کە من تەحەفوزم لەسەر ئەو خاڵانە هەبووە کەبووەتە هۆی ڕەد کردنەوەی ئەم یاسایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرامبەریدا لیژنەی ئەوقاف هەندێ پاساوی تریان هێناوەتەوە، کە ئەمە ئەبێتە هۆی ڕێکخستنی ئەو جانیبە گرنگە ئەبێتە هۆی حەل کردنی کۆمەڵێك لە گیروگرفتی یاسایی وکۆمەڵایەتی لەوانە دانانی سنوورێك بۆ ئەو کەسانەی کە موئەهەل نین بۆ ئەنجامدانی عەقدی زەواج لەدەرەوەی دادگاکاندا، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی مافە شەرعی و یاساییەکانی ئافرەت لەکاتی عەقدی زەواجدا، بۆیە من پێم وایە ئەمە لەخزمەتی ئافرەتدایە بەدەرەجەی یەکەم کە زۆرجار دەبێتە هۆی چەوساندنەوە یان زوڵم کردن لە ئافرەت لەلای خەڵکانێکەوە کە عەقدی زەواج دەکەن، ڕەنگە مەرجەکانی ئەنجامدانی عەقدی زەواجیشی تێدا نەبێت کە لەدەرەوەی دادگاکان بەناوی زانای ئایینی ئەنجامی دەدەن، چونکە مەرج نیە هەر کەسێك عەقدی زەواجی ئەنجامدا شیاو بێت، شایستە بێت لەڕووی شەرعیەوە، بۆیە پەسەند کردنی ئەو یاسایە ڕەنگە زیاتر خزمەت بە خوشکان و دایکانمان بکات، بۆیە من پشتیوانی لە پرۆژەکە دەکەم، ئەگەر بکرێت داوا دەکەم کە موناقەشە بکرێت وپەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەوانەی کە پشتیوانیان لەپرۆژە یاساکە کرد قسەی خۆیان کرد، نۆرە دێتە سەر ئەوانەی کە دەیانەوێت ڕەدی بکەنەوە، کاك عبدالسلام فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان دوو لایەنی سەرەکی هەیە، لایەنێك یاساییە، لەڕووی ڕێکخستنی ئیشوکارو پەیوەندی و میرات وئەو لایەنەوە، کە پێویستە لەدەزگایەکی فەرمی بکرێت تاوەکو وەسیقەیەکی فەرمی بەکار بهێندرێت، بۆیەش یاساکانی ئێمە زۆربەیان جەخت لەسەر مەسەلەی زەواج لەدادگا دەکەن، بەڵام ئەم پرۆسەیە لایەنێکی تری هەیە ئەویش لایەنی کۆمەڵایەتیە، شەرعیەت دان بە پەیوەندیەکی تایبەت لەنێوان دوو کەس کەنێرو مێنە، بۆ ئەوەی مەسئەلەی منداڵ هێنان بۆ ناو ئەم کۆمەڵگایە شەرعیەتی پێ بدرێت، وە ئەمە لە مێژووی بەشەریەت ڕێکخراوە بە کلتور، بەیاسا، بە موئەسەساتی فەرمی ڕێك نەخراوە، بەرزترین توخمی کلتور کە خۆی لەو مەوزوعە داوە ئایینە، بۆیە بەڕەئی من ئێمە بێین ئەم هەردوو لایەنەی ئەم پرۆسەیە تێکەڵاو بکەین، یەکێکیان لەجیاتی ئەوی تریان تەفزیل بکەین ئەوە هەڵەیەکی گەورە دەکەین، بەشەر هەمیشە پەیوەندییەکی لەگەڵ دەوڵەت هەبوو لەلایەکی ترەوە

پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای خۆی هەبوو بەتایبەتی بەخوای خۆی، لەڕێگای تەدەیوونی و مەوقیفی لە ئایین، لەم پرۆسەیەش ئەوە هەر بەردەوام دەبێت، (مأذون) هەبێت یان نەبێت خەڵکانێك هەن بەواجبی خۆیانی دەزانن دیانەت وداب ونەریتی خۆی بەکەم ئەزانێت، ئەگەر پەنا نەبات بۆ ئەو ڕێگایە کە کلتورەکەی بۆی داناوە، ئەویش مەلایە، دەوڵەتیش ئیلتیزاماتی خۆی هەیە بەرامبەر بەخەڵك، بۆیە ئەم تێڕوانینەی ئەو پرۆسەیە تەسەور دەکەم وا ئەکات کە ئێمە لەیەکتری تێبگەین، ئەوانەی کە ئەم یاسایە بە موجب دەزانن و ئەوانەشی کە بەموجبی نازانن، بۆ؟، ئەگەر تەماشا بکەین پرۆسەیەك دەکرێت لەدەرەوەی دادگا ئەویش پرۆسە کۆمەلایەتیەکەیە، کە وەکو کۆمەلگایە، نەوەك دەوڵەت بە زەبت و ڕەبتە، ئێمە شەرعیەت دەدەین بەو پرۆسەیە، ئەیکەینە جێگر بۆ پرۆسە ئیدارییەکەی کە دەوڵەت پێویستیەتی، وە لەزۆر یاساش ناوی هاتووە، واتە ئەو کاتە زۆربەی زۆری مەرجەکان بۆ ئەوانەی کە متزوجن بۆ ئەوەی بچن سوود وەربگرن لەزۆر شت لەمانە تەتبیق نابن، چونکە بەڵگەیەکی دادگاییان نیە، ئیلا ئەوەی کە زەواجی لەسەر دەستی ڕێگە پێدراوەکە کردبێ کە جارێکی تر بردیە دادگا تاکو تەصدیق بکرێت و بەڵگەی ڕەسمی هەبێت، ئەمە یەکەم، دووەم: ئەمە هەوڵێکە بۆ ئیلغائی دەوری مەحکەمە، بەڵام تێکدانی سیستەمە ڕێکخراوەکە، سێیەم: ئەگەر ئێمە تەسەور بکەین زەواج لە ڕێگای (مأذون الشرعي) وا ئەکات پەنا بردنی خەڵك بۆ زەواج لەدەرەوەی مەحکەمە ڕێگای لێ دەگریت، من مزگێنی دەدەمە هەموو خەڵك، نەخێر، چونکە تەماشای (مأذون الشرعي) ئەکرێت وەکو ئێستا چۆن سەیری مەحکەمە دەکرێت، واتە ئەو کەسانەی کە تەسەور دەکەن کە دینیان کامل نابێت، ئەگەر لەڕێگەی مەلایەك بەشێوەی باوك و باپیرانمان زەواج نەکەین هەمیشە ئەچن لەباتی ئەوەی بێنە مەحکەمە، دێن لەلای (مأذون الشرعي) ئەم کارە دەکەن، کە خەڵکی تەسەور دەکەن ئەمە بۆ بەلگەکانە، بەڵام باوەڕ بکەن ئەچن لەلای مەلاش ئەمە دەکەن، چونکە مەلا لای ئەوان ئەساسە، بۆیە هۆیەکانی سەرەکی دەرکردنی ئەم یاسایە یەکەم: ئەوەیە کە لەدەرەوەی دادگا ئەکرێت و ئیعتراف پێ ناکرێت، من ئەوە بەشتێکی تەبیعی دەزانم لەبەر ئەو هۆیەی کەسەرەتا وتم، ئەمە ئیلتیزامی ئینسانە بەدەوڵەت، ئەوی تریش ئیلتیزامە بەشەریعەت وعورفی خۆی، من تەسەور دەکەم ئێمە بۆمان نیە ڕێگا بگرین لەوەی کە خەڵك پەنا بەرێت بۆ مەلاو زەواج بکات، بەڵام وەکو یاسا وەکو دەوڵەت ئێمە داخوازیمان هەیە لەو خەڵکە، ئەتەوێ ئیعترافت پێ بکەم کە تۆ متزوجی ئەمە ڕێگاکەیە بەیاسای من، واتە بوون و نەبوونی (مأذون الشرعي) عەمەلیەکە ناگۆڕێت، ئەوە بەڕەئی من، بەڵام ئێمە ئەگەر ئەمەمان کرد وەکو وتم ئیلغای دەوری مەحکەمەیە، کێشەیەکی یاسایی دووردرێژمان بۆ دروست ئەکات، وەخۆیان زەرەرمەند دەبن ئەوانەی کەوا تەسەور دەکەن لەڕێگای مەلا ئەوە وەرەقەیەکی ڕەسمیان پێیە، چونکە دەبێت یاساکان هەمووی هەموار بکرێت، دووەم: ئەم یاسایە بیرۆقراتیەکی زیادو مەسرەفێکی زیاد دەخاتە سەر حکومەت، تەعینیان بکەو ئەنجومەنی بۆ دابنێ ورێگایەکی تر دابنێ، وە هەمووشی لەدەرەوەی موئەسەساتە، ئیتیفاقێکە تەنها چونکە ئەم سیفەتەی هەیە ئەم ئەرکە ئەکات، بەڵام ئەوی تر مەحکەمەیەو ئصولی خۆی هەیە، بۆیە بەڕەئی من هیچ ڕێگری نیە لەوەی کە خەڵك پەنا ببات لەسەر

دەستی زانایەکی ئایینی زەواج بکات، یاساکان کە دەرچوون بۆ تەنزیمی عیلاقەتە لەگەڵ دەوڵەت، ئەوی تر عیلاقەتی خۆی لەگەڵ ئایینی خۆی وکۆمەڵگا زەبتی کردووە، ئەوە هیچ موشکیلەیەکمان نیە، یەك شتی تر هەیە، کە گوایە وەکو بیستم ئەو شێوازەی هاوسەرگیری لە مەحکەمە گوایە لەدەرەوەی شەرعە، ئەوە ناکرێت قبوڵی بکەین، هیچ نەبێت ئەگەر کەس قسە نەکات، ئەبێت ئەم پەرلەمانە قبوڵی نەکات، چونکە لەبنەمای ئەساسی یاسای ئێمە نابێت ئێمە دەرەوەی شەرع بین، ئەگەر فیعلەن وایە لەدەرەوەی شەرعە لیژنەی ئەوقاف باشترین لیژنەیە بچێت لەوێ بانگیان بکات، لەگەڵ مەجلسی قەزا دابنیشێت وبڵێت لەو ڕووەوە دژی شەرعە تا بەم شێوەیە زەواج بکرێت، چونکە هەدەفیش ئەوەیە، بەڵام من تەسەور دەکەم کە هیچ شتێك دژی شەرع نیە، بەتایبەتی لە زەواج، هەدەف سەرەکی لە زەواج ئیشهارە کە دوو شاهید هەبێت ئیتر ئەوی تر شکلیاتە، لەئیسلام خوای گەورە لەئاییندا ئەوەندەی ئاسان کردووە کە نیەت و حیکمەت لە تەشریعە دینیەکە ئەساسە، واتە دەمەوێت خەڵك بزانن ئەم کچ و کوڕە کە پەیوەندییەك دەکەن لەگەڵ یەکتری، کە لەگەڵ یەکتری دەخەون شەرعیە، چونکە زەواجیان کردووە، ئینجا بەچ شێوەیەك بێت، بۆیە ئەگەر ڕاستەو دژی شەرعە فیعلەن ئەوانەی کە لەمن باشتر لە شەرع دەزانن ئەوە نابێت قبوڵی بکەن، ئەوکاتە ئاسانە مەحکەمە هەیە و دروستی دەکەن، ئەگەر خیلاف لەسەر شێوازە ئەوە موختەلیفە ئیسلام تێیدا، بۆیە من تەسەور دەکەم یەکەم: ئەمە هیچ ناگۆڕێت لە مەوزوعی پەنا بردنە دەرەوەی ئێمە، دووەم: ئیلغائی مەحکەمەیەك دەکات وەی مەنزومەیەکی ئاسایی، سێیەم: قەوانینەکان هەمووی ئیلغا ئەبن، چوارەم: بارگرانییەکە، پێنجەم: خەڵکەکە ئازادە بۆ بچین ڕێگایەك دابنێین با بچێت مومارەسەی دینی خۆی بکات، شەشەم: تەسەور دەکەم(مأذون)یش هەبێت هەر خەڵکەکە ئەچنە لای مەلا ئیشەکەیان دەکەن، بۆیە تەسەور دەکەم یاساکە هیچ پێویست ناکات و هیچ کێشەیەکش حەل ناکات، هیچ فەراغی یاساییمان نیە، بەو شێوەیە کێشەیەکیش ئەگەر هەبێت هیچ حەل نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، گەشە خان، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە وردە وردە هەنگاو دەنێین بەرەو ئەوەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانمان بەیاسایی بکەین وهەوڵی بە موئەسەسە کردنی دامودەزگاکان دەدەین، بەڵام سەیر دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە پێچەوانەی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە لەیەکتر، دەسەڵاتی دامودەزگایەکی تر کە بەیاسا ڕێکخراوە ئەیدات بە دامودەزگایەکی تر و ئەو دامودەزگایە دروست ئەکات وەکو بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا کە دەبێتە بارگرانیەکی زۆر بۆ سەر هاووڵاتیان وڕۆتینێکی زۆر و مەسروفات لەسەر حکومەتیش زیاد دەکات، من وەکو سەرۆکی لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت هەروەها وەکو ئەندام پەرلەمانێکیش پێم وایە دەبێت ئەم یاسایە ڕەد بکەینەوە، لەبەر ئەم هۆیانە، بەڕاستی ئێمە هەموومان دەزانین کە یاسای باری کەسێتی کە گرێبەستی هاوسەرگیری ڕێکخستووە، بەگشتی یاساکانی عێراقی موستەمیدە لەئەحکامی شەرعی ئایینی ئیسلام و

بەتایبـەتی ئـەم یاسـایە کـە ئێمـە ئـەمڕۆ قسـەی لەسـەر دەکـەین، کەواتـە ئـەو ڕوکنانـەی کـە لـە عەقـدی زەواجێکی صەحیحدا هەیە لە ئەحکامی شەرعی ئیسلامیدا دەقاو دەق دانراوە لە یاسای باری کەسیدا، واتە ئەو عەقـدە زەواجـەی کـە لـە مەحکەمـە دەکرێـت شـەرعیە، ئێمـە فـەراغێکی شـەرعیمان نیـە، بـێ لـەوەش یاسـاکەمان هەیـە، کـە یاسـایەکی مەوزوعیـە بـە ئـیرادەی موشـەریع دانـراوە، ئـەوەش ئـەو گرێبەسـتەی ڕێکخستووە، ڕۆژانە لەدادگاکان دەیان گرێبەستی هاوسەرگیری دەبەسترێت، هەروەکو لە دەستوریشدا هـاتووە لەماددەی 2 لە فەقەرەی یەکەم، کە دەڵێت نابێت هیـچ یاسایەك پێچەوانەی حوکمـە جێگیرەکـانی ئـایینی ئیسلام بێت، لەبەر ئەوە تکایە دوای ئەمە ئیتر بە ڕەفز بێت یـان بەهـەر شـێوەیەك بێـت، تەفسـیری هەڵـە نەکرێت بۆ ئەوەی کە ئێمە ڕەدی ئەم یاسایە دەکەینەوە، ئێمـە دژی بنـەماکانی ئـایینی ئیسـلام نـین، ئێمـە خەڵکی ئەم کۆمەڵگە موسوڵمانەین، بەڕاسـتی لـەو ڕوانگەیـەوە کـە ئەمـە ڕۆتـین زیـاد دەکات بـۆ خـەڵك وە بارگرانی زیاد دەکات، ئەو هۆکارە یاساییانەشمان بەدەستەوەیە بۆیە ئێمە دەڵێین ڕەد بکرێتەوە، بـێ لـەوەی کە ئێمە هەنگاوی باشمان ناوە، بۆ نموونە هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی، کە باسی ئەوە ئەکات فرەژنی مەرجـدار بکـات، ئـەم یاسـایە ڕێگـا خـۆش ئـەکات بـۆ ئـەوە، چـونکە ڕێگـری کـردن لـە فرەژنـی لـەڕێگای مەحکەمەی تایبەتەوە ئەبێت، کە مەحکەمەی ئەحوالی شەخصیە، لەکاتێکدا کە ئێمە هـەر ماوەیـەکی کـەم لەمەوپێش یاسای بەرەنگاربوونەوەی توونـدوتیژی دژ بەخێزانمان پەسـەند کـرد، تـا ڕێگـری بکـەین لـەمارە بڕینی سەر بێشکەو گەورە بە بچووك وژن بەژن و ئەو دیاردانەی کەبوون بەحاڵەت ئێستا تاڕادەیـەك ئێمـە هاتین بەیاسایەك قەدەغەمان کـرد، ئێسـتا بەیاسـایەکی تـر ڕێگـای بـە قەدەغەکراوەکـەی نـاو یاسـایەکی تـر بدەین، بێ لەوەی کە ئەو تەبریرانەی لیژنـەی یاسایی نووسیویەتی من پشتیوانی تـەواوی لێدەکـەم، کـەزۆر لەمامەڵەکان ئـەو یاسـای کـە خۆمـان پەسـەندمان کـردووە، پێـدانی سـولفەی هاوسـەرگیری، تـەنها ئـیش بـە عەقدی زەواجی مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی دەکرێت، هـەروەها مەسـەلەی سـولفەی عـەقارە، مەسـەلەی میراتە مەسەلەی نەفەقەیە، زۆر شت کە هەمووی داوای ئەو عەقدە موصەدەقانە ئەکات کـە لەمەحکەمـەی ئەحوالی شەخصی کراوە، ئەو ڕایەی کـەپێی وایـە کـە مـادام هـەر ئـەکرێت بـا ئێمـە لەپەرلـەمان یاسـای بـۆ دەربکەین، باشە چۆن ئەکرێت یاسایەك پێچەوانەی حوکمێك بێت کە لەیاسایەکی تـردا هەیـە دەری بکـەین لەم پەرلەمانە، بەڕاستی ئەمە نایاسایی ئەبێت ئەگەر ئێمە بیکەین، من پشتگیری قسەکەی کـاك عبدالسلام دەکەم، کە بەڕێز دکتۆر صباح باس لەوە دەکات خەلەلی شەرعی هەیە لـەکاتی عەقـدی زەواجەکانـدا، ئێمـە وەکو ئەندامی پەرلەمان، ئەرکی ئێمە چیە لەو یاسایانەی کە دەردەچێت و تەتبیق دەکرێت لـە مەحاکمـدا، ئایا ئەگەر خەلەل هەیە ئێمە چۆن دەبێت ڕێگا بدەین ئەوە هـەبێت، بەڕاسـتی حـەق نیـە ئێمـە لـە شـەئنی مەحاکمی دادگای باری کەسی کەم بکەینەوە، کەلەڕووی شەرعیەوە خەڵکانی شارەزاو پسپۆڕن لە شەریعەتی ئیسلام، پێم وانیە لە مامۆستایانی بەڕێزی ئایین هیچ کەمتر بن، یان کەمتەرخەم تر بن، یان کـەم زانـا تـر بن، من لەبەر ئەم هۆکارانە و لەبەر بارگرانی زیاتری ماددی و لەڕووی ماندووبونەوە بۆ هاووڵاتیـان، ئێمـە هـەموو داوای ئـەوە دەکـەین کـە نەفـەقاتی تەشـغیلی کـەم بکەینـەوە، بـەس دەزگایـەکی تـازە دادەنـێین، کـە

دەبێتە هۆی زیاد کردنی نەفەقاتی تەشغیلی هەر لەبەر ئەم مەسەلانە من پێم وایە ئەبێت ئەم یاسایە ڕەد بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با تۆزێك سەریح بین لە موناقەشەی ئەم مەشروعەی کە پێشکەش کراوە، من ئەوەندەی ئەم مەشروعە دەبینم کە پێشکەش کراوە بۆ خزمەتی چینێکی دیاریکراو پێشکەش کراوە، بۆ خزمەتی تەواوی خەڵك پێشکەش نەکراوە، من وام ڕائەبینی کە مەشروعێك بێتە پەرلەمانەوە بۆ تەسهیلاتی زیاتر بێت بۆ ئینقازی زیاتری ئەو گەنجانە و ئەو بێوەژنانەی کە لەوڵاتدا وجودیان هەیە، نەك بۆ قورسکردن و گرانکردنی مەوزوعەکە بێت، خۆتان باش دەزانن ئەمە پێویست بەیاسا ناکات، لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك بووە بەعورف و عادەت پێشتر لەلای مەلا ژن مارە ئەبڕێت دواتر دەچێتە دادگا، بەڵام تۆ ئەگەر ئەم مەشروعەت هێنا ئەبێت ئەو کەسە یەکەم: پارەیەکی زیاتر بدات بە مەلا، کە پێویست بەوە ناکات کە هەموو کەسێك کە18 ساڵی تەواو کردبێ ئەبێت، ئەوەش قازی دەسەڵاتی شەرعی هەیە لەگەڵ دەسەڵاتە یاساییەکەیدا لە دادگا، بۆی هەیە لەویٚ مارەی ببڕێت، لەبەشیکی تری ئەو پڕۆژەیەدا باسی ئەوە ئەکات چوونە لای مەلاو دواتر بۆ دادگا، بۆ تەصدیق کردنی ئەو عەقدی زەواجە، سێیەم: باس لە وجودی وەلی ئەکات، جەنابتان ئەزانن لە یاسای باری کەسی عێراقیدا کە 18 ساڵت تەواو کرد پێویستیت بەوەلی نیە، 2 شاهید دەبەیت و بۆت مارە دەبڕێت، 17 ساڵیش هەندێجار قازی ئیزنی ئەدات کە مارەی ببڕێت بەبێ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ وەلی، من پێم باش بوو ئەم مەشروعە، ئەگەر مەشروعەکە بەو شێوەیە بوایە تەسهیلاتی زیاتری بۆ گەنج و بۆ خەڵك بوایە یان پڕۆژەیەکی زەواجی مەدەنی بوایە باشتر بوو، پێنجەم شت دروست کردنی فەرمانگەیەك لەسەر مەجلسی قەزا، سەرەڕای ئەوەی کە چەندەها فەرمانبەری دەوێت، کە وڵاتان ئێستا ئێمە دەزانین ئەگەر نەوت نەبوایە ئێمەش وەکو هەموو ئەوروپا ئەزمەی ماليمان هەبوو، تووشی ئەزمەی مالی ئەبووین، لێرە فەرمانگەیەك، ئەوە فەرمانگە ناوێکی گەورەیە لەیاسادا، فەرمانگەیەك دروست بکەیت و میزانیەیەکی خاصی لەزمنی میزانیەی مەجلسی قەزا بۆ تەخصیص بکەیت، ئەمە لەگەڵ سیاسەتی مالی ئەمڕۆدا ناگونجێت، کەسێك کە ئافرەتێکی مارە بڕی لەلای مەلایەك، دوایی بچێتە دادگا ئەوە بۆ ئەم هەموو ئیجرائاتە بکات، پێشتر هەر عورف بووە، یەعنی ئەمە لەزیادە دەکرێت، خەڵکێکی عام لێی سوودمەند نابێت، لەبەر ئەوە من بەش بەحاڵی خۆم پشتگیری هەر پڕۆژەیەك دەکەم کە بۆ زەواجی مەدەنی بێت یان بۆ تەسهیلات بێت، کە هەموو خەڵك ئیستیفادەی لیٚ بکات، نەك ئەوەی هەندیٚ شت هاتووە لە یاسای ئەحوالی شەخصیدا عیلاج کراوە، ڕۆتینیشی کەمتر تێدایە، ئەمە ڕۆتینەکانیش زیاتر ئەکات، من وا هەست دەکەم ئەم پڕۆژەیە تەنها بۆ موستەفیدی ماددی جیهەتێکە، نەك بۆ عامی خەڵك، بۆیە ئەمە ڕەئی منە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی ئەوقاف هیچ ڕای ترتان هەیە؟، کاك یەشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها پرسیارێك دەکەم، ئەگەر ئەو شێوازەی (مأذون الشرعي) مۆدیلێکی سەقەت بوایە وەك ئەو بەڕێزانە باسی لێوە دەکەن، وڵاتێکی وەکو مصر (80)ملیۆن کەسە، وڵاتێکی وەکو ئێران(80)ملیۆن کەسە، وڵاتێکی وەکو تورکیا(80)ملیۆن کەسە، چۆن چەندین ساڵە بەم شێوازە بەڕێوە دەچن؟، کە وڵاتی موسوڵمانیشە وەکو ئێمە، ئەگەر ئەم شێوازە سەقەتە ئەو وڵاتە چۆن بەڕێوە دەچێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی دوا ڕەئیتان، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پابەندین بەڕاپۆرتی خۆمان، وە داوای ڕەفزی پڕۆژەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێزان هەردوو لایەنەکە قسەی خۆیان کرد، ئێوەی بەڕێزیش گوێتان لەو دوو ڕەئیە جیاوازە بوو، بۆیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەبێت بیخەینە دەنگەوە، یەکەمجار ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە ئایا کێ لەگەڵ ڕەد کردنەوەکەدایە، با دەستی بڵند بکات تکایە؟، 54 کەسی لەگەڵدایە کە ڕەد بکرێتەوە؟، ئێستا کێی لەگەڵدا نیە کە ڕەد بکرێتەوە، با دەستی بڵند بکات تکایە؟، 9 کەسی لەگەڵدایە لەبەر ئەوە پڕۆژەکە ڕەد کرایەوە، ئێمە دەستخۆشیتان لێ دەکەین کە ئەمڕۆ هیلاك بوون، دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ دێنین تا ئاگادارکردنەوەتان بۆ دانیشتنی دواتر، بەخواتان دەسپێرم.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**دووشەممە رێكەوتی 3\10\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

**دووشەممە رێكەوتی 2011/10/3**

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/10/3 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەم، ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (4)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/10/3 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارە (4)ی ساڵی 2009 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

3ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

4ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان، (قانون حمایە الغابات فی اقلیم کوردستان ـ العراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

5ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پەیمانگای باڵا بۆ پەرەپێدانی ئەمنی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان ـ العراق، (قانون المعهد العالی لتطویر الامن الاداری فی اقلیم کوردستان) کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

6ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیاری یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (قانون الخدمة وتقاعد قوی الامن الداخلی) ژمارە 18 ی ساڵی 2011 ی عیراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

7ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە 26 ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.

8ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەکانی سەربازی (قانون اصول المحاکمات الجزائیة العسکریة) ژمارە (30)ی ساڵی 2007 عێراقی فیدراڵ کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

9ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی (قانون العقوبات العسکری العراقی) ژمارە (19)ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

10ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێکشەش کراوە.

11. خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسایی هەموار کردنی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2008 یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (4)، رۆژی دانیشتن 2011/10/3، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2011/10/3 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارە (4)ی ساڵی 2009 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

3ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

4ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان، (قانون حمایە الغابات فی اقلیم کوردستان ـ العراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

5ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پەیمانگای باڵا بۆ پەرەپێدانی ئەمنی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان ـ العراق، (قانون المعهد العالی لتطویر الامن الاداری فی اقلیم کوردستان) کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

6ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیاری یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (قانون الخدمة وتقاعد قوى الامن الداخلى) ژمارە 18 ی ساڵی 2011 ی عیراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

7ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە 26 ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.

8. خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەکانی سەربازی (قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكرية) ژمارە (30)ی ساڵی 2007 عێراقی فیدراڵ کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

9. خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی (قانون العقوبات العسكري العراقي) ژمارە (19)ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

10ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێکشەش کراوە.

11. خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسایی هەموار کردنی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2008 یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان.

لیژنەی یاسایی بفەرموون بۆ ئێرە، زۆر بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر کاك کامەران دەکەین بەخێر بێ لەگەڵ مامۆستا سعد مونەسقی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخێر بێن، فەرموون بۆ خوێندنەوەی بڕگەی یەکەم لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆ، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارە (4)ی ساڵی 2009 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.)، ئەم پرۆژەیە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (2403) لە 2011/9/27 ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، دەقی نووسراوەکە:

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پرۆژە یاسا**

نووسراوتان ژمارە/1328 لە 2011/8/17 هاوپێچ پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە 4ی ساڵی 2009 بۆتان دەنێرین، بەمەبەستی خستنە بەردەستی پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری

لەگەڵ ڕێزدا.

**د.بەرهەم احمد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

ئەم پرۆژەیە لە دوو ماددە پێك هاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرکردنی یاسایەکە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی تایبەتمەندی پرۆژەکە ئاراستەی لیژنەکانی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندام پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت، فەرموو بۆ بڕگەی دووەم.

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە) ئەم پرۆژەیە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 2254 لە 2011/9/15 ئاراستەی پەرلەمان کراوە، پرۆژەکە لە 35 مادده پێك هاتووە و لەگەڵ هۆیەکانی دەرکردنی، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت، فەرموون بۆ بڕگەی داهاتوو. کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار (پرۆژە یاسای تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان (قانون الصحة النفسیة فی اقلیم کوردستان). ئەمە پرۆژەیە بە هەمان نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 2254 لە 2011/9/15 ئاراستەی پەرلەمان کراوە، پرۆژە یاساکە لە 56 مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرکردنی یاسایەکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی تەندروستی و یاسایی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت، فەرموون بۆ بڕگەی داهاتوو. کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 4ی بەرنامەی کار (پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان، (قانون حمایە الغابات فی اقلیم کوردستان ـ العراق) ئەم پرۆژەیە بە هەمان نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 2254 لە 2011/9/15 ئاراستەی پەرلەمان کراوە، پرۆژە یاساکە لە 36 مادده پێکهاتووە لەگەڵ

هۆیەکانی دەرچوواندنی یاسایەکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنــە تایبەتمەنــدەکان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پــرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیژنــەکانی کشـتوکاڵ و لیژنــەی یاسـایی و سـەرجەم پەرلـەمانتارە بـەڕێزەکان دەکرێت، فەرموو بۆ بڕگەی داهاتوو.

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 5.......... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کە دەڵێین سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەتوانن لیژنەکانی دیکەش ئیستفادەی لێ بکەن.

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 5 ی بەرنامەی کـار، (پــرۆژە یاسـای المعهـد العـالی لتطـویر الامـن الاداری فـی اقلـیم کوردسـتان)، ئـەم پرۆژەیــە بــە نووســراوی ســەرۆکایەتی ئەنجومــەنی وەزیــران ژمــارە 2254 لــە 2011/9/15 ئاراســتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، پرۆژەکە لە 16 مادده پێکهاتووە لەگـەڵ هۆیـەکانی دەرکردنـی یاسایەکە داوا لــە ســەرۆکایەتی پەرلــەمان دەکــەم پرۆژەکــە ئاراســتەی لیژنــە تایبەتمەنــدەکانی پەرلــەمان و ئەنــدامانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئــەم پــرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیژنــەکانی نــاوخۆ و لیژنــەی یاسـایی و سـەرجەم پەرلـەمانتارە بـەڕێزەکان دەکرێت، فەرموو بۆ بڕگەی 6 لیژنەی ناوخۆ بێن و هاوکاری بکەن لەگـەڵ لیژنــەی یاسـایی بـۆ جـێ بـەجێ کردنی ئەو پرۆژە یاسایە، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەین بەخێر بێت.

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 6 لە بەرنامەی کار (گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایەی کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە و ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ کراوە و ڕاپـۆرتی هاوبەشـی هـەردوو لیژنە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

ڕاپۆرت دەربارەی یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ناوخۆی عیراق ژمارە 18 ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان، لیژنەی کاروباری یاسایی بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان ڕۆژی چوارشەممە 6 ی ڕەزبەری 2711 ی کوردی بەرامبەر بە 2011/9/28 ی زایینی کۆبووە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ناوخۆی عیراق ژمارە 18 ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان کە ڕەوانەی لیژنە پەیوەندارەکان کراوە لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 3 ڕۆژی 2011/9/26 دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن هەردوو لیژنە پشتگیری جێ بەجێ کردنی یاسایەکە دەکەن لە هەرێم و هەروەها پشتگیری ناوەڕۆکەکەی دەکەن بەو شێوەیەی کە پێشکەش کراوە و یاسایەکە بەم شێوەیە دادەڕێژن:

یاسای 2011 یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ناوخۆی عیراقی ژمارە 18ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان

ماددەی یەکەم/

جێ بەجێ کردنی یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ناوخۆی عیراقی ژمارە 18 ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان کارکردن بە حوکمەکانی.

ماددەی دووەم/

دامەزرا وو فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلە و پایەکانیان شوێنی دامەزرا وو فەرمانگە فیدراڵیەکان و خاوەن پلە و پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاساکە دا هاتبێ.

ماددەی سێیەم/

دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری ناوخۆی هەرێم ڕێنمایی هاوبەش دەربکەن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.

ماددەی چوارەم/

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی پێنجەم/

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بن.

ماددەی شەشەم/

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێ.

ئاگاداری ڕاپۆرتی هاوبەش بن لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە و دەنگدان لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەش بخوێننەوە، کاك عونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الى/ رئاسة برلمان كوردستان ـ العراق

م/ تقرير حول قانون انفاذ قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخلى العراقى رقم 18 لسنة 2011 فى اقليم كوردستان ـ العراق

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة الداخلية والامن والمجالس المحلية بتاريخ 6 رەزبەر 2711 ى الكوردى المصادف ليوم 2011/9/28 م، لدراسة مشروع قانون انفاذ قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخلي العراقى رقم 18 لسنة 2011 فى اقليم كوردستان - العراق والمحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الاولى له فى البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة 3 فى 2011/9/26 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنتان انفاذ القانون فى الاقليم وكذالك تؤيد مضمونه بالشكل المقدم، ويكون كالاتى:

قانون رقم ( ) لسنة 2011 قانون انفاذ قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخل العراقي رقم 18 لسنة 2011 فى اقليم كوردستان ـ العراق

المادة الاولى/

انفاذ قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخلي العراقى رقم 18 لسنة 2011 فى اقليم كوردستان ـ العراق والعمل بأحكامه.

المادة الثانية/

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلى المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلى المناصب اينما وردت ذكرها فى القانون.

المادة الثالثة/

على وزيرى المالية والاقتصاد والداخلية اصدار تعليمات مشتركه لتنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة/

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الخامسة/

لايعمل بأى النص قانونى أو قرار يتعارض احكام هذا القانون.

المادة السادسة/

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض التقرير المشترك بشأنه على البرلمان للمناقشة وابداء الراي المناسب والتصويت مع التقدير.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە هەردوو لیژنەکە ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان نووسیوە بۆیە دوای خوێندنەوەی هەردوو پرۆژە یاساکە ئێستا مادده مادده دەیخوێنینەوە و دەیخەینە بەردەستی پەرلەمنتاران بۆ موناقەشە کردن، فەرموون بۆ ماددەی یەکەم ئاواز خان فەرمووە.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم/

جێ بەجێ کردنی یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ناوخۆی عیراقی ژمارە 18 ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان و کارکردن بە حوکمەکانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەش بخوێننەوە، کاک نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى/ انفاذ قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخل العراقي رقم 18 لسنة 2011 في اقليم كوردستان ـ العراق والعمل بأحكامه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا ڕەئیتان؟ کاک عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین وەکو ئەوەی کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ ئاواز خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی یاسایی موتەفقین لەسەر ئەم خاڵە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ کاک کریم فەرمووو.

**بەڕێز کریم سنجار/(وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە دەقی ماددەکەین دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ تێبینی هەیە یان دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە بکات؟ کاک ئارام و کاک احمد دەیانەوێ قسە بکەن؟، کاک ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە لە دەقی ئەسڵی یاسایەکە ماددەی 69 کە باس لە سولفەی زەواج دەکات، پێچەوانەیە لەگەڵ هەندێ لە بڕگە و ماددەکانی پێشینەی هاوسەرگیری کە ئێستا لە کوردستان کاری پێ دەکرێت، ئەوە تەبعەن دەبێتە تەناقوز لەکاتێکدا کە ئێمە دەڵێین جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من یەك تێبینم هەیە لە ماددەی یەکەم (انفاذ قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخل العراقی رقم 18 لسنة 2011 فی اقلیم کوردستان ـ العراق والعمل بأحکامه) تەبعەن ئەگەر کارکردن وەکو کاك ئارام ئاماژەی بەو ماددەیە دا ئیزافەتەن لەسەر ئەوە کە لە ئەخیری ماددەی قانونە عیراقیەکە دەڵێ لە 2011/1/1 دا ئەم قانونە جێ بەجێ دەکرێت، بەڵام ئەمە لە کۆتایی یاسایەکە دا نووسیومانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت، ئەگەر حوکم بە ئەحکامەکانی بێت دەبێ لە 1/1/ ەوە جێ بەجێ بکرێت، وەزارەتی ناوخۆی عیراقیش ڕایانگەیاندووە کە جیاوازی مووچەی 9 مانگی ڕابردوو بەم زووانە بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەرف دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا ڕەئیتان؟ کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارت بە پرسیارەکەی کاك ئارام کە ئیشارە دەدات بە ماددەی 69 ئێمە لە پڕۆژەی ئێستا کە خوێندمانەوە ماددەیەکمان داڕشتووە (لایعمل بای نص قانونی او قرار یتعارض و احکام هذا القانون) واتە ماددە 69 یەکە جێ بەجێ دەکرێت لە کوردستانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 57 (تسری احکام هذا القانون علی من أستشهد بعد 2003/4/9 ) بۆ ئێمە دەست نادات، ئەوە بۆ عیراقە دەبێ ئێمە لە ساڵی 1991 ەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ کاک نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ نەسی ماددەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/(وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەی بخوێننەوە لیژنەی یاسایی، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کاک د.احمد وەرتی کردی دەمویست ڕوونکردنەوەیەك بدەم، ئێمە مودەی نفازمان خۆمان لە کوردستان دیاری کردووە لە ماددەی کۆتایی هەروەکو ئاماژەی پێی کرد، بۆیە پەیوەندی بەوەوە نیە کە لە عیراق یاساکە لە چ بەروارێك جێ بەجێ کرا ئێمە خۆمان ماوەیەکمان دیاری کردووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستان، دوا دانیشتنەکەی:

المادة الاولی/ انفاذ قانون الخدمة والتقاعد لقوی الامن الداخلی العراقی رقم 18 لسنة 2011 فی اقلیم کوردستان ـ العراق والعمل باحکامە.

ماددەی یەکەم/ جێ بەجێ کردنی یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ناوخۆی عیراقی ژمارە 18 ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان و کارکردن بە حوکمەکانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی؟ کاک سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی ئەوە قانونەکە ئینفاز دەکرێت پرسیارێکم لە هەردوو لیژنەی بەڕێز هەیە سەبارەت بە ماددەی 57 ئەوەی کە شلێر خان باسی کرد زەحمەت نەبێ ئەگەر بیخوێننەوە و بزانن ئەمە لەگەڵ بارودۆخی ئێمە دەگونجێت؟ چونکە ئەمە لە 2003 ەوە باس دەکات ئێمە لە 1991 ەوە پۆلیسمان هەبووەو ئاسایشمان هەبووە بەتایبەتی لە مەسەلەی شەهید دا ئەگەر بیخوێننەوە هەوڵوێستێکمان لەسەر ئەوە بۆ ڕوون بکەنەوە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 57 لە ئەسڵی قانونەکە دەڵێ (تسري احكام هذا القانون على من استشهد بعد 2003/4/9 من الشرطة او من عد شهيدا بأوامر ديوانية عن رئيس مجلس الوزراء أو استشهد على ابواب مراكز التطوع فى قوى الامن الداخلى نتيجة عمل ارهابى على ان يحتسب راتبه التقاعدي ومكافئة الاستشهاد على اساس رتبته برتبتين اعلى) واتە ئەگەر حاڵەتی وا هەبێ لە کوردستانیش جێ بەجێ دەکرێ، کە دەڵێین ئینفاز کردنی یاسایەکە، ئەوە جەنابی وەزیری ناوخۆ دەتوانێ تەوزیحێکمان بداتێ لەو بابەتە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/(وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانەی پێش 2003 شەهید بوونە موعامەلاتیان و ئیشیان هەمووی تەواوکراوە، یەعنی هیچ ئەوە نابێ، دووەم باسی حادسەی ئیرهابی دەکات، حەوادسی ئیرهابی، حەوادیسی ئیرهابی لە عیراق و لە کوردستان پاش 2003 زیادی کرد، بۆیە ئەوان پاش 2003 باس دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماددەی دووەم بە عەرەبیەکەی بخوێننەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية/

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما وردت ذكرها في هذا القانون.

ماددەی دووەم/

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلە و پایـەکانیان شـوێنی دامـەزرا وو فەرمانگـە فیدراڵیـەکان و خاوەن پلە و پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاسایەکە دا هاتبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز کریم سنجاری/(وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینتان هەیە لەسەر ئەوە؟، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتەکەمان هاوبەشە لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ و هیچ تێبینمان لەسەر ماددەکە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ماددەکە تکایـە دەسـت بـەرز بکاتـەوە؟ کـەس تێبینـی نیـە، کـێ لەگـەڵ ماددەکەیـە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێکڕای دەنگ بۆ ماددەی 3 ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم/

دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری ناوخۆی هەرێم ڕێنمایی هاوبەش دەربکەن بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة/

على وزيرى المالية والاقتصاد والداخلية اصدار تعليمات مشتركة لتنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كریم سنجاری/(وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ناوەڕۆكی ماددەكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی لەسەر ماددەكە هەیە؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن، ئاشتی عزیز، كاردۆ محمد، بشیر خلیل، شوان كریم، عبدالرحمن حسین، سیوەیل خان، ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم هەڵبەتە هیچ تەعلیماتێك لە هیچ وەزارەتێك دا دەرناچێ ئەگەر هاتو ئاگاداری ڕێ وشوێنەكانی وەزارەتی دارایی یان موسبەقەن ئەو تەعلیماتانە جۆرێك لە تەنسیق هەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی دا، بۆیە سەبارەت بەم ماددەیە وای بە باشتر دەزانم كە پێویستە تەواوی تەعلیماتەكە لەژێر دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ دا بێت، بۆ ئەوەی هەر كەم كردنەوەیەك هەبێ بۆ ئیمتیازات و هەر زیادكردنێك هەبێ هەڵبەتە بە سوود وەرگرتن لە هەموو ئەو ڕێ وشوێنانەی پێشتر وەزارەتی دارایی دایناوە لەو تەعلیماتانە تێ ناپەڕێت، كۆمەڵێك ئسولْ هەیە لەو مەجالەدا، بۆیە وا باشە تەواوی ئەم دەسەڵاتە بە ڕەئی من لەلای وەزیری ناوخۆ بێت، چونكە ئێستا یەكێك لە كێشەكان ئەوەیە كە تەعلیماتێك زۆر جار لە وەزارەتی موختەس دەردەچێت لەلایەن وەزارەتی داراییەوە لەڕووی ئیمتیازاتەوە كەم دەكرێتەوە و كێشە بۆ وەزارەتی موختەس دروست دەكات، بۆ ئەوەی كە جارێكی تر تووشی ئەو كێشانە نەبین و بەریەك كەوتن لە نێوان تەعلیماتەكاندا، من ڕام وایە كە ئەمە تەواوی سەڵاحیەتی وەزیری ناوخۆیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی بۆچوونەكەی ئاشتی خان دەكەم و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە ڕایەكەی ئاشتی خان دەكەم كەوا پێویستە ڕێنماییەكان تەنها لە وەزارەتی ناوخۆ دەربچێت، خاڵێكی دیكە لە نەسە عەرەبیەكەی دەڵێ (على وزيري المالية والاقتصاد والداخلية) (على)یەكە

له بۆ ئیلزامه و لێره (دەبێ)، (دەبێ) وشەیەکی زۆر رەکیکه له کوردی دا پێم باشه ببێتـه پێویسـته لەسـەر وەزیری ناوخۆ که ڕێنمایی دەربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من له ماددەی 3 لەبەرئەوەی یاسـایەکه زیـاتر پەیوەسـته و هـەر پەیوەستیشـه بـه وەزارەتـی نـاوخۆ مەنتق وایه که وەزیـری نـاوخۆ پـێش بخرێت، (علـی وزیـری الداخلیـه) ئینجـا (مالیـه والاقتصـاد) ببـێ بـه دووەم، چونکه بەڕاستی یاساکه پەیوەسته به وەزارەتـی نـاوخۆ، بۆچـی وەزارەتـی مالیـه پـێش خـراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من هەمان بۆچـوونم هەیـه کـه وەزیـری دارایـی و ئـابووری عەلاقـەتی بـەوەوە نیـه، یـەعنی ئـەوە پەیوەسته به وەزیری ناوخۆ خۆی له خۆیەوە ڕێنمایی دەردەکات و وەکو ئەوەی له یاسای عیراقیش هـاتووە و هەروا هاتووە که وەزیـری دارایـی و ئـابووری تیـا نیـه، منـیش هـەر تەئیـدی ئـەو برادەرانـه دەکـەم کـەوا جیایه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم که پەیوەندی به وەزارەتی داراییەوە نیه تەنها به وەزارەتـی نـاوخۆ هەیـه و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له تێبینی چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلـەمان هـاتووە کـه وەزیـری مالیـه و ئیقتصـاد پێویسـت ناکـات مـن لەڕاستی دا پشتگیری لەو ڕایه دەکەم و هـەروەها مـن پێموایـه لـه یاسـاکەش دا لـه مـاددەی 89 و بڕگـەی 2

دەڵێ (للوزير اصدار التعليمات لتسهيل احكام هذا القانون) بۆیە وەزیری موختەس پێموایە مەعنی تەرەو لەوانەیە تەعاروزیش بكات لەگەڵ ئەو ماددەیەی كە هاتووە لە ئەسڵی یاسایەكە، ئێمە تەنفیز بە یاساكەش دەكەین، من لەگەڵ ئەوەم كە وەزیری مالیە و ئیقتسادەكە پێویست ناكات و لە ماددەی 89 لە أ و ب یەكەی بەهەردوو شێوە هاتووە كە ئەنزیمەی داخلی دادەندرێ لەلایەن وەزارتەوە دادەندرێت، بۆیە ئەمە یەكێكە لە ڕەئیەكان كە ئەوە نەمێنێ، من بۆچوونێكم هەیە لەوەی كە هەر ماددەی سێیەم ئەسڵەن زیادەیە، لەبەرئەوەی نەسی یاسایەكە تەنفیز دەكەین و لە یاساكەشدا هاتووە و دەڵێ بڕگەی دووەم لە ماددەی 89 (للوزير اصدار التعليمات لتسهيل احكام هذا القانون)، بۆیە من پێموایە ئەو ماددەیە ئەسڵەن هەر زیادەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كاتی موناقەشە كردنی بابەتەكە دیتمان بابەتەكە ئەسڵەن پەیوەستە بە مەزوعی دارایی، بۆیە ویستمان وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان ئاگای لە بابەتەكە بێت، بە دەركردنی ڕێنمایی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بۆ جێ بەجێ كردنی یاسایەكە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كریم سنجاری/(وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سوپاسی ئەو برادەرانە دەكەم كە پێشنیاریان كرد و پێشنیاری چاكن، بەڵام من چ تەعلیماتەك دەربكەم ئەگەر وەزیری دارایی موافق نەبێت، جێ بەجێ كردنی زۆر زەحمەتە، بۆیە بە تەنسیق و بەیەكەوە تەعلیماتەكە دەربكەین بەڕەئی من باشتر جێ بەجێ دەكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا مەسەلەكە نوقتەی نیزام نیە، بەڵام پاش ئەو موناقەشانە بەڕاستی من وای دەبینم قانونەكە دوو جانبی هەیە، جانبێكی ئیداری هەیە و جانبێكی مالی هەیە، بە نیسبەت جانبە ئیداریەكان تەعلیماتەكان دەبێ وەزیری ناوخۆ دەری بكات و لام و جیم نیە، بە نیسبەت تەعلیماتە مالیەكەی وەزیری دارایی دەری دەكات بۆیە پێموایە هەر وەزیرێك ڕاستەوخۆ حەقی هەیە تەعلیمات بە نیسبەتی ئیش و كارەكەی خۆی دەربكات، وەزیری ناوخۆ بە نیسبەت مەسائیلی ئیداری تەعلیمات دەردەكات بە شێوەیەكی موستەقیل و

وەزیری مالیەش تەعلیماتی موستەقل دەکات بە نیسبەتی مەسائیلی مالی بەشێوەیەکی موستەقیل و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەش بە حاڵی خۆم دەست خۆشیتان لێ دەکەم لە نەگەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی لە دەرکرنی یاسا و بڕیار لە پەرلەمانی کوردستان، تەبیعی گەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی ماددەی 83 ی یاسای پەیڕەوی ناوخۆ باسی دەکات ئەویش تەنها لە بابی بودجەدا باسی دەکات و تەنها بۆ مەوزوعی بودجە ئێمە بۆمان هەیە بگەڕێینەوە بۆ ڕەئی وەزارەتی دارایی حکومەت، ئەمەی ئەمڕۆ کردووتانە لەو نەگەڕانەوەیە من دەست خۆشیتان لێ دەکەم و پایەدار کردنی هەیبەتی پەرلەمان، بەڵام گلەییەکەم زۆر مەشروعی ئێمە هەیە ڕەئی حکومەت و وەزارەتی مالیە وەردەگرن کە ئەمە وەکو بانێك و دوو هەوا وایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان پرس کراوە بە وەزارەتی دارایی پێش ئەوەی کە بڕیار بدرێت ئەم یاسایە وەربگیرێ، چونکە لایەنی دارایی تیایە، بە بێ پرس کردن بە وەزارەتی دارایی قەت ناتوانرێ یاسایەك دەربکرێت تەبەعیاتی دارایی هەبێ، بەڵام ئەوەی کە بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت لە ماددەی 86 کۆمەڵێك یاسای تر بە تایبەتی ئەوانەی (طبق احكام قانون الخدمة المدنية رقم 24 لسنة 1960 المعدل وقانون التقاعد الموحد رقم 27 لسنة 2006 المعدل و قانون رواتب موظفي الدولة والقطاع العام رقم 22 لسنة 2008 او أي قانون يحل محلهما فيما لم يرد فيه نص خاص بهذا)، بۆیە یەعنی تەنها ئەم یاسایە نیە کۆمەڵێك یاسای تر هەیە کە پەیوەستە بە وەزارەتی داراییەوە کە عیلاقەی هەیە بە سەر تەقاعودییەوە، چونکە مەسەلەی هەر کەسێك لە هەر چ پلە و پایەیەك بێت کە تەقاعود دەبێت کارەکانی و یاخود تەعلیماتەکەی دەچێتەوە سەر وەزارەتی دارایی بۆ جێ بەجێ کردنی، بۆیە من پێم باشە ئەو ماددەیە وەك خۆی بمێنێتەوە، تەعلیماتی موشتەرەك دەردەکەن بۆ ئەوەی هەم لایەنە ئیداریەکە و هەم لایەنە مالیەکە پێکەوە هاوشانی یەکتری جێ بەجێ بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئیەکانی خۆتان گوت، بەڵام ڕەئی وەزیری ناوخۆ دەیەوێ بە تەنسیق لە نێوان هەردوو وەزارەتەکە بێت، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، جەنابی وەزیر تێبینی ترت هەیە فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیری ناوخۆ پێش بخرێت لە وەزیری مالیە، ئەوە نەختێك مەشغولی تێدایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەو سیغەیەی لە پرۆژە یاسایەکە هاتووە بە مەرجێ وەزیری ناوخۆ پێش وەزیری مالیە و ئیقتساد بکەوێ، کێ لەگەڵ پرۆژە یاسایەکەیە بەو شێوەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 14 کەس لەگەڵ دانیە، بۆ ماددەیەکی تر ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم/

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە نوقتە نیزامیەکەم ئێستا دەگرم پێش ئەوەی بێینە سەر پەسەند کردنی ئەو ماددەیە پێموایە بە ئینفاز کردنی ئەو قانونە ئێمە ڕووبەڕووی گرفتێکی قانونی دەبینەوە لە هەرێمی کوردستان، لە ماددەی 1 لە بڕگەی 3 کە باسی پێناسەی ئەو هێزانەی کردووە کە ئەم قانونەی لەسەر جێ بەجێ دەبێت، باسی ئاسایشی نەکردووە، باس لەوە دەکات هەر تەشکیلەیەك کە سەر بە وەزارەت بێت لە عیراق دا ئاسایش سەر بە وەزارەتی داخلیە، لە هەرێمی کوردستان ئاسایش سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەگەر وابێ ئەم یاسایە پەسەند بێت هێزەکانی ئاسایش ناگرێتەوە، بۆیە ئەگەر ئێمە بە نیاز بین ئاسایش بگرێتەوە لەو ئیمتیازات و لەو یاسایانە دەبێ ئاسایش ئیزافە بکرێ، ئەگەر نا ئێمە لە تەشکیلاتی قوەی ئەمنیمان لە هەرێمی کوردستان فەرقی هەیە لەگەڵ عیراق دا، ئاسایش لە عیراق سەر بە ئەنجومەنی وەزیران نیە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، کە دەڵێ تەشکیلاتی ئوخرا سەر بەوەزارەت بێت ئیتر ئەمان ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 1 بڕگەی 3 قیوای ئەمنی داخلی تەعریف کراوە، ئێمە لە پرۆژەکە لە ماددەی 2 باسی ئەوەمان کردووە (تحل مؤسسات ودوائر الاقلیم وشاغلي المناصب فیها محل المؤسسات والدوائر الاتحادیة وشاغلی المناصب اینما وردت ذکرها في هذا القانون) دوایی کە سەلاحیاتمان داوەتە جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەو دەتوانێ ئەوانە تەحدید بکات، واتە ئەو مەبەستی ئەوەیە کاك گۆران دەتوانێ لێرە موعالەجە بکات بە ئیزافە کردنی هەر بابەتێك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە هەرچەندە ماددەکە تێپەڕ بووە بە نیسبەت مادده 57 ئەگەر فەقەرەیەك ئیزافە بکرێ کە شمولی ئەوانەش بکات پێش 2003 بە ئیرهاب لە کوردستان شەهید بووبێ، لە 1991 ەوە تا 2003.

ئەگەر ماددەیەك ئیزافە بکەین، دوای چەند تێبینەك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و دوایی پێشنیاری جەنابی وەزیر بە هاوبەشی تێبینیەکانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ئێستا ئاخر سیاغە بخوێننەوە، کاك عەونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر پێشنیاری ئەندامە بەڕێزەکان سیاغەکمان ئامادە کردووە ماددەیەکی زیاد دەخرێتە سەر پرۆژەکە بەو شێوەیە (تعدل تطبیق المادە 57 قانون 18 لسنە 2011 لاقلیم کوردستان العراق وتحل محلها مایأتی، تسری احکام هذا القانون علی من استشهد بعد 1991/10/23 من افراد قوی الامن الداخلی الاسایش والشرطە و زیرفانی وبرکری وفریاکەوتن، وایة تشکیلات مرتبطة بالوزارە لغرض احتساب الراتب التقاعدی ومکافئە الاستشهاد علی اساس راتب رتبتە برتبتین اعلی).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام  فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەی كاك گۆران وابزانم موتەعەلقە بە پێناسەكە كە لە ماددەی یەكەم هاتووە، نە بەس تەنها بۆ تەقاعود، كە ئەم یاسایە هەموو یاسایەكیش بگرێت، یەعنی ئەم پێشنیارە تەنها لە مەسەلەی تەقاعودە، كەچی ئەگەر بێینە ماددەی یەكەم و تەعریفی قیوای ئەمن دەكات ئاسایشی تێدا نیە و وە ئەیەتی تەشكیلات مورتەبتە بە وەزارە لەوێ ئەمنی تێدایە، بەس لای ئێمە ئاسایش سەر بە وەزارەت نیە، چاوەڕوان بووم لەوێ بگۆڕدرێت كە یاسایەكە هەمووی ئاسایشیش دەگرێتەوە، من وای تێگەیشتووم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو فكریە باشە، بەس من تێبینی ئەوەتان عەرز دەكەم كە بەوە رزگارمان نابێ لەو كێشەیەی كاك گۆران و برادەران باسیان كرد، من پێشنیاری تر دەكەم لەبەردەم بەڕێزتان وابزانم رزگارمان دەكات لە هەموو ئەو كێشانە و ئەو تەعاروزاتانەی لە بەینی ئەم یاسایە و لەگەڵ یاساكانی هەرێم هەیە، ئێمە دەبێ باسی ئەوە بكەین نەك خۆمان تەنها لە یەك حاڵەت قوتار بكەین، بۆیە من پێشنیار دەكەم لەگەڵ ماددەی 5 وەكو بڕگەیەكی ئیزافی ئەمە ئیزافە بكەین و كار بە هیچ ماددە و بڕگەیەكی ئەم یاسایەوە ناكرێت، ئێمە باسی ئەوە دەكەین هەندێ ماددە و بڕگەی ئەم یاسایە دژ بە بەعزێ بڕیاری خۆمانە لە هەرێم، نموونەی هێنایەوە برادەران، نموونەی تریشی تیایە كە من ئێستا سەیرم كرد مەسەلەی سوێندی ئەفسەران هەیە كە ئێمە هەم سیغەی سوێندەكەی جیایە و هەم لێرە باسی هەرێمە و لەوێ باسی عیراقە، بۆیە شتێكی گشتگیر بڵێین و رزگارمان ببێ و كار بە هیچ ماددە و بڕگەیەكی ئەم یاسایە ناكرێت كە لە لەگەڵ حوكمەكانی هەر یاسا و بڕیارێكی هەرێم ناكۆك بێ، ئەگەر لەڕووی یاساییەوە ئەشكال نەبێ ئەمە رزگارمان دەكات لە هەموو ئەو حاڵەتانەی كە باسكران.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە لەبەرئەوەی قانونەكە قانونێكی فیدراڵیە دەكرا ماددە بە ماددە بمان خوێندبایەوەو دەنگدانمان لەسەری بكردبایە، نەك ڕاپۆرتەكە بخوێندرێتەوە، هەر یاسایەكەمان ماددە بە ماددە ئەو كات لە هەر خاڵێك دا و لە هەر ماددەیەك دا تەعاروزمان هەبوو تەعدیلێكمان بۆ تەرتیب بكردبا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەبەستەکەی کاك گۆران بۆ هێنانی ناوی ئاسایش تەنها بۆ خزمەتی تەقاعود نیە، چونکە ئەمە زیادە مووچەیە و منداڵ و خزمەت و ئەوانەش لەمەودوا نایانگرێتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو ماددەیەی کە زیاد کراوە بەنیسبەت خانەنیشین و ئەوانە فعلێکی دیکەی بۆ زیاد بکرێت، کە ئاسایشش بگرێتەوە، یەعنی ئاسایش ببێتە زمنی ئەوەی بە سەراحەت، چونکە ئاسایش لە عێراق عایدی وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام لێرە عایدی ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆیە لەوانەیە ئەشکالێ بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزارەتی ناوخۆ دروست بێت لەو ماددەیە کە زیاد کراوە ئاسایشیشی بۆ زیاد بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی شلێر خان باسی کرد ماددەی 57 لەبەرئەوەی لە 1991 ەوە تا 2003 شمولی بکات کە جەنابی وەزیر پێشنیاری کرد بیانگرێتەوە، 1991 ەوە خزمەت هەیە لە عیراق لە 2003 ەوە یاسایەکە دەرچووە، ئەوە جیایە ئەوەی کە کاك گۆران باسی کرد کە ئاسایش بگرێتەوە، لەبەرئەوەی دەڵێ قیوای ئەمنی داخلی هەروا موتەبەع بووە و قیوای ئەمنی داخلی ئاسایشیش دەگرێتەوە، یەعنی هیچ جیاوازی نیە لە بەینی پۆلیس و ئاسایش کە دەڵێ قیوای ئەمنی داخلی لەبەرئەوەی لە زمنی قیوای ئەمنی داخلیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو مەوزعە دوو بابەتی لێك جیاوازن، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەم قانونە لە 4/9 ەوە جێ بەجێ دەکرێ لە هەرێمی کوردستان، ئەمە بابەتێکە لەڕووی داراییەوە بە تەفسیلێ باسی لێوە کراوە، حکومەتی عیراقی فیدڕاڵ پارەکەی ناردووەتە وەزارەتی مالیە و واتە ئەمە یەکلا کراوەتەوە، ئەمەیان ئێستا ئێمە بێنین لە 1991 ەوە داخلی ئەو مەسەلەیە بکەین بە قەناعەتی من ئێمە ئیلتزامێکی مالی تازە دروست دەکەین، کە هیچ حسابێکمان بۆ نەکردووە، هیچ داتایەکمان پێ نیە، چۆن دەکرێت ئێمە لە 1991 ەوە حسابی بکەین کە ئیلتزامێکی مالی زیاتر لەسەر حکومەت دابنێین کە هەتا ئێستا چاوڕۆنیمان بۆی نیە،

بۆیه به قەناعەتی من ئێمە لە 4/9 ەوە بە نیسبەت ئەو پرۆژەیە مەسەلە مالیەکە جێ بەجێ کراوە نافزی بکەین، بەڵام ئەوەی تر دیراسەتێکی بکەین، بە بڕیارێکی پەرلەمان بڕیارێکی گونجاو و مەدروسی لێ بدەین، نەك بڕیارێکی ئانی، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، مەوزوعی تەعدیلی تەتبیقی قانونەکە دەتوانی بکرێت، دەتوانین بڕگەیەك زیاد بکەین و بڵێین (تعدل تطبيق احكام الفقرة ( ) وتسري احكام هذا القانون ....... ئاسایش داخل بکەین) نەجاتمان دەبێ لەو مشتومڕەی کە ئێستا هەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕەئیەکەی کاك عونی ئێمە باس لە قانونەکە دەکەین ئێستا باسی موئەسەساتەکان کراوە کە لە قانونەکەی ئیتحادی هاتووە و لە هەرێمی کوردستان نەهاتووە، لە قانونە ئیتحادیەکە بە هیچ شێوەیەك باسی ئاسایش نەکراوە، سەبارەت بە ڕەئیەکەی کاك اسماعیل هەموو قانونێك دەگەڕێیەوە بۆ پێناسە، کە پێناسەی قوەی ئەمنی داخلی ئاسایشی تێدا نەبوو، ئاسایش ناگرێتەوە، ئاخر قسەم ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە پەسەند کردنی یاسای بودجە زۆر بە سەراحەت گوتمان سولفەی زەواج لە 2010/1/1 ەوە هەموو خەڵك دەگرێتەوە، بۆ تەفسیری ئەم نەسە چوار تەعلیمات لە وەزارەتی مالیە دەرچوو بۆ خۆمان تووشی ئەو ئەشکالە بکەین لە تەتبیق دا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە تێکەڵاویەك هەیە لە نێوان دوو فکرەدا لەناو یاسایەکەدا، ئەوەی کە باس دەکرێت هی 2003 باس لە شوهەدا دەکرێت کە دەڵێ ئەگەر هاتو ڕەجولی شورتە شەهید کرا مادەی 57 (تسري احكام هذا القانون على من استشهد بعد 2003/4/9 من الشرطة او من عد شهيدا باوامر ديوانية عن رئيس مجلس الوزراء) ئەوە بابەتێکە، بەڵام بابەتەکەی کاك گۆران باسی کرد، بەو نەسی ماددەیەی کە کاك عونی خوێندیەوە چارەسەر دەبێ کە تۆ ناوت هێنا و وتت قیوای ئەمنی داخلی باسی ئاسایشت کرد، باسی زیرەڤانیت کرد، باسی بەرگری و فریاکەوتنت کرد، ئەحکامی ئەم یاسایە چی هاتووە بە بڕگە وماددەکانەوە شمولی ئەوانە دەکات، ئەگەر ناوت نەهێنان ناتوانی بڵێی بە زۆر کە دەبێ ئەمانە شمولیان بکات، لەبەرئەوەی سیستمی بەڕێوە بردنی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان جیاوازە لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبردنی ئاسایش لە عیراق دا، لەوێ سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، لێرە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن، بۆ ئەوەی ئەوانیش سوودمەند بن لەم یاسایە، ئێمە بە زەروری دەزانین بەو سیغە ماددەیە بێت کە کاك عونی خوێندیەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی دوو گرفتی سەرەکی هەیە لەو یاسایە دا ئەویش ئەوەیە کە ئێمە هێزی ئەوەی کاك گۆرانیش باسی کرد، هێزەکانی ئاسایشمان هەیە سەر بە وەزارەتێکی ترن، سەر بە وەزارەت نین، سەر بە دەزگایەکی ترن، هەموو هێزەکانی تر سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، جا لە ماددەی 3 ئەوە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆن ڕێنماییەکان دەردەکەن، ئێمە ئەگەر لێرە بنووسین کە با بڵێین ئەو ماددەیەی کە بڕیارە زیاد بکرێت، ئەگەر بشنووسین هێزەکانی ئاسایشیش دەگرێتەوە کێ ڕێنمایی بۆ ئەوان دەردەکات؟ جا بۆیە بەڕاستی وەکو پێشنیارێك پێم باشە ئەو ماددەیەی کە ئیزافە دەکرێ بنووسرێ کە هێزەکانی ئاسایش دەگرێتەوە، یاخود دەزگای ئاسایشیش دەگرێتەوە، وە لە هەمان کاتیش دا پێویستە لە ماددەی 3 ئەوەش ئیزافە بکرێت کە ئەوە چ دەزگایەکە کە ڕێنماییەکان بۆ ئەوان دەردەکات، لەبەرئەوە لە سلاحیەتی وەزارەتی ناوخۆ نیە ئەوان ڕێنمایی بۆ هێزەکانی ئاسایش دەربکەن لە کاتێك با بڵێین سەر بە ئەوان نین، پێموایە دەبێ ئەوەش موعالەجە بکرێت لە هەمان کاتدا هەرچەندە شتێکی تر هەیە بۆ خۆمان لە ماددەی 2 موعالەجەی ئەوە کراوە ئەگەر بە ناو بێت کە دەڵێ هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە لە یاسا عیراقیەکە هاتوون، شوێنەکانیان دەگۆڕێ بەو دامودەزگایانەی کە لە هەرێم هەیە، بۆ نموونە ئەگەر هێزەکانی ئاسایشی عیراقمان هەبێ، دەبێ بە هێزەکانی ئاسایشی هەرێم، بەڵام لە هەمان کاتدا دیسانەوە ئەو موشکیلەمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، پێشنیارەکەی من ئەوەیە بنووسرێ لە ماددە ئیزافیەکە مەسەلەی زێڕەڤانی و ئەوانەی تێ نەکرێ، لەبەرئەوە ئەوانە پێش وەخت سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، تەنها دەزگای ئاسایشی بۆ ئیزافە بکرێ، یەعنی ئەو یاسایە دەزگای ئاسایشیش دەگرێتەوە، بەڵام دیسانەوە پێویستە دەزگایەك هەبێ ئەو دەزگایەی ئاسایش سەر بە ئەوێیە، دەبێ ئەوان ڕێنمایی بۆ ئەوان دەربکەن نەك وەزارەتی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە لە بڕگە و ماددەکانی ئەو یاسای ژمارە 18 ی ساڵی 2011 ئەشکال و ناڕوونی و غموزی زۆری تیایە، من پێشنیار دەکەم بە دوو شێوە چارەسەر بکرێت، لیژنەی یاسایی ئەو دوو شێوەیە کامیان ئاسانە و کامیان یاساییە ڕەچاوی بکەن، یەکێکیان/ ماددەیەك زیاد بکەین لەماددەکە بنووسین ماددەکان و بڕگەکانی

فلان وفلان له یاسای ژماره 18 ساڵی 2011 بەم شێوەیە هەموار دەکرێن، یەعنی بەم شێوەیەی لێ دێت، ئەوە بکەین بە ماددەیەك ئیتر خۆیان دوایی سەیری بکەن، چونکە پێموایە بچیتە ناو تەفاسیلی یاسای ژمارە 18 ەوە بڕگە و ماددەی زۆر هەیە غموز و ئەشکالیاتی تیایە ئەمان دیاری بکەن، ئەمە پێشنیارێکیان بە ماددەیەك زیادی بکەن، دووەمیان/ یان ئەسڵی یاساکە هەموار بکەین، بە شێوەیەك هەمواری بکەین، نەك ئینفازی دەقاو دەقی ئەو یاسایە لە هەرێمی کوردستان بێنین یاساکە هەموار بکەین کە بە شێوەیەك بگونجێ لەگەڵ یاساکان و وەزعی هەرێمی کوردستانەوە، پێموایە ماددەکە ئاسانترە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یان دەبێ هێزەکانی ناوخۆ قوەی ئەمنی داخلی تەعریف بکەینەوە ئەگەر وابێ، بۆ ئەوەی بزانین بەلای منەوە گرنگە کە بە ئاسایش بەڕوونی دیار بکرێت کە ئەمە یاسایە ئەوانیش دەگرێتەوە، چونکە جیهازێکی تایبەتە و سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆ مەسەلەی چ دەزگایەك شوێنی دەگرێتەوە ئەمە لە ماددەی 2 چارەسەر کراوە، خاڵێکی تر ئەوەی پەیوەندی بە 1991 ەوە هەیە ئەم یاسایە پەیوەندی بە خزمەت و خانەنیشینی و بە پلەوە هەیە، ناکرێ تۆ لە 2004 ەوە حسابی بۆ بکەی، لەبەرئەوە ئەم دەقەی لیژنەی یاسایی سیاغەی کردبوو، زۆر زۆر پێویستە بۆ ئەوەی هەموو ئەو خەڵکانە بگرێتەوە کە 1992 ەوەوە خزمەتی هێزەکانی ناوخۆ دەکەن و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی 57 خۆیان علاجیان کردووە و لە ماددەی 85 دا، لەبەرئەوە داوای لێ بوردن دەکەم لە ماددەی 85 دا هەموو کەسێ شمول دەکات هەتا ئەوانەی پێش ئەو تاریخەش، لە ماددەی 85 دا ئیشارەت بە ماددەی 44 دەدات، لەبەرئەوە پێویست ناکات باسی ساڵی 1991 بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر موناقەشە کرا، ئێستا لیژنەی قانونی سیاغەیەکی تازەی هەیە بزانین ئەو سیاغە تازەیە دەخەینە بەردەستتان ئەگەر تێبینی هەبوو دەکرێ دوو، سێ کەس قسەی لەسەر بکات، چونکە ئەوە تەقریبەن نیوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان قسەیان کرد، لیژنەی قانونی کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش سیاغەکمان ئامادە کردووە، ئێستا دەیخوێنمەوە، (تسری احکام هذا القانون على من استشهد بعد 1991/10/23 من افراد قوى الامن الداخلي، الاسايش والشرطە و زيرفانى و برکرى و

فریاکەوتن، أو أیە تشکیلات أخری مرتبطە بمؤسسات الاقلیم لغرض احتساب الراتب التقاعدی و مکافئە الاستشهاد علی اساس راتب رتبتە برتبتین اعلی أو ایة امتیازات أخری ممنوحە فی الاقلیم).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر دەیڵێمەوە، ئەوە یەك بڕگەیە، ئێمە باسی دوو بڕگەمان کردووە، ئەم یاسایە هەر کەسێ خوێندبێتیەوە باس لە دوو بابەت دەکات، یەکەم موستەحەقاتەکانیان کە پاش تەقاعودی و شەهید بوونە و بەشێکی تریشی ئەوانەی کە لە حەیات داماون، ئێستا ئێمە هینی شەهیدەکان بەو بڕگە ماددەیە، بەڵام ئەوانەی لە حەیات دان، پێویستە و مادام دەزگای ئاسایش و بەرگری فریاکەوتن و زیرەڤانی لە یاساکانی تریش دا ناومان هێناون و لە بودجەش دا بە دیاری کراوی ناومان هێناون مەفروزە ئێمە سیغەیەکی عمومی بدۆزینەوە، نەك بێنین کەرت کەرتی بکەین، یەك سیغەی عام بدۆزینەوە و بڵێین ئەحکامی ئەم یاسایە جێ بەجێ دەبێت بەسەر قیوای ئەمنی داخلی و هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ، دەزگای ئاسایش یەعنی وەکو دەزگا ناوی بهێندرێ، بەرگری و فریاکەوتن و زیرەڤانی، کە تۆ ناوت هێنان بەم شێوەیە کە لە کاتی تەعلیماتیش دا خەلەل دروست نابێ، چونکە زۆر لە برادەران وتیان تەعلیمات، خۆی لە ماددەیەکی تیایە یاسایەکە دەڵێ (علی مجلس الوزراء تنفیذ احکام هذا القانون)، یەعنی قابیلە مەجلسی وزەرا دەزگایەك سەر بەو بێ ئەحکامی قانونێك بێتە بەر دەستی تەعلیماتی بۆ دەرنەکات؟ بۆیە بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە ناوی ئاسایش نەهاتووە و تەشکیلاتی ئەمنی ئەوانەی تر نەهاتوونە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەم فەقەرە بەم شێوەیە تەعدیل بکرێت، (تعدل الفقرة الثالثة من المادة الاولی ثالثا: قوی الامن الداخلی، الشرطة المحلیة، شرطة الحدود، الدفاع المدنی، المرور، وشرطة الحراسات، والاسایش، والتشکیلات الامنیة غیر المرتبطة بوزارة فی الاقلیم)، ئاسایش و هەموو تەشکیلاتی تر دەیەخەنە ناو بابەتەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوهێنانی ئاسایش بە وازحی و بەڕوونی دەكرێ ئێمە بۆ لادانی ئەو غموزە هەوڵ بدەین ئیزافەیەك بخەینە سەر ماددەی دووەم لە پرۆژەی هەموار كردنەكە ئاوا جارێكی تر دایبڕێژینەوە، ئەم یاسایە بەسەر هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێم جێ بەجێ دەبێ و وە دامەزراوە و فەرمانگەكانی بەم شێوەیە كە دەڵێین هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێم هەموو پێكهاتەكانی دەگرێتەوە، بە ئاسایشیشەوە ئەم ئەشكالیەتە نامێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بۆچوونی جۆراوجۆر هەبوو لای برادەران، ئەمە یاسایەكە بەڕاستی یاسایە و بەرژەوەندی زۆر خەڵكی تێدایە و من پێم باشە پەلەی لێ نەكەین و ماوەیەك بدەینە لیژنەی یاسایی ئەم بۆچوونانە هەمووی یەك بخرێن و بەشێوەیەكی لەسەرخۆ نەك پەلەی لێ بكەین و شتێك دەربكەین و پاشان پەشیمان بینەوە یان ئەشكالەكی قانونی دروست بكەین، لەبەرئەوە ئێمە بە تایبەتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی پێویستیان بە كات هەیە بۆ ڕێكخستنەوەی ئەم بۆچوونانە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە دەبووایە جەنابی وەزیر ڕوونكردنەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بدات، كە دەڵێی قوەی ئەمنی داخلی یان كە ناوی زیرەڤانی دێنی وناوی بەرگری و فریاكەوتن دێ زمنی قوەی ئەمنی داخلیە و سەر بە وەزارەتی ناوخۆنە و ئێستا كێشەمان ئاسایشە، لەبەرئەوەی ئاسایش یاسایەكی تایبەتی هەیە و دەزگای ئاسایش تەنها ئاسایش و هێزەكانی ناوخۆ، كە گوتت هێزەكانی ناوخۆ بەرگری و فریاكەوتن دەگرێتەوە و زێرەڤانیش دەگرێتەوە، چونكە ئەوانە سەر بە وەزارەتی ناوخۆنە و پێویستە جەنابی وەزیر ڕوونكردنەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بدات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی کاک اسماعیل دەکەم، لەبەرئەوە لە تەشکیلاتی وەزارەتی ناوخۆ دا ئەوانە هەمووی باس کراوە، بۆیە جارێکی دیکە پێویست بە باس کردن ناکات، بەرگری و فریاکەوتن و زێرەڤانی، بەلآم کێشەکەی ئێمە لێرە ئاسایشە، تەنها لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ناوی ئاسایش بێ و نەبێتە کێشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو یاسایە یاسایەکی باشە دەکرێ ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین چ ژیان و گوزەرانی هێزەکانی ناوخۆ و چ ئەوانەی کەوا شەهید بوون و گیانیان لە دەست داوە باش بکرێت، من وێڕای دەست خۆشیم لەو بەڕێزانە پێشکەشیان کردووە، بەلآم دەکرا وردتر بین لەو مەسەلەیە، چونکە لە کۆمەڵێك شوێن دا هەست دەکەین جۆرێك لە هاودژی تیایە، تاکە کێشەش ئێستا کێشەیەکی زەق بێ و دیار بێ مەسەلەی هێزەکانی ئاسایشە، ئەمەیان هەم ئەوەی کاک جمال کە وتی موعالەجە دەکات و هەم دەکرێ لە ماددەی $2$ یاخود $3$ چ لە ئامانجەکان و چ لەوانەی کەوا دەیانگرێتەوە لەوێ تەنها وشەی ئاسایش زیاد بکەین، ئێمە ئەو کێشەیەمان نامێنێ، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوە دانیم کەوا دوابخرێت، مەگەر بۆ چاککردنی دواخستنەکەی بە جۆرێك بێت هەر ئەمرۆ بێت و ئەمرۆ دەکرێ بیخەینە ئێوارە، نەوەك دواتر بخرێت، تەنها چەند سەعاتێك ئەگەر بێتو ئەومەسەلانە یەکلابکرێتەوە و ئەو کێشانە بەسەرماندا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم قانونە ئەگەر بیخوێنینەوە لە تەعریفەکە (ثالثا/ قوى الامن الداخلى، الشرطة المحلية و شرطة الحدود و الدفاع المدنى، والمرور، و الشرطة الاتحادية و شرطة الحراسات واية تشكيلات اخرى ترتبط بالوزارة)، مەعنای ئەوەیە ئەم قانونە بۆ وەزارەتی داخلیە، ئەو دەزگایانەی کە مورتەبتی وەزارەتی ناوخۆ نین، شمولیان ناکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم فەقەرەیەك کاک شێروان ئیزافەی کرد (وتسرى احكام هذا القانون على كافة قوى الامن الداخلى أو الاجهزة الامنية الاخرى فى كوردستان)، ئەوە برادەران ئەوەکیان نارد مـن نەمخوێندووە، جا بۆیە بە ڕەئی من ئەوە ئیزافە بکرێ، چونکە ئەمانە مەشمول نین بەم قانونە، ئەم قانونە تەنها بۆ ئەوانەیە کە مورتەبتی وەزارەتی داخلین، جا بە ڕەئی من ئەوە باشە، (تسرى احكام قانون

الخدمة وتقاعد قوى الامن الداخلى العراقى رقم 18 لسنة 2011 على جميع تشكيلات قوى الامن الداخلى لاقليم كوردستان - العراق بصرف النظر عن الجهة المرتبطة بها)، ئەو وەختە ئاسايش و هەمووى دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێموايە زۆر قسە لەسەر ئەو مەوزوعە كرا، فعلەن ئەوەندەش هەڵدەگرێ بۆ ئەوەى زۆر مەجالى ئەم هەموو تەفسيراتەى تێدا نەبێتەوە، ئەوەى من تێى دەگەم هەموو ئەندامانى بەڕێزى پەرلەمان كۆكن لەسەر ئەوەى كە هەموو دامودەزگاكانى موكەلەف بە پاراستنى ئەمنيەتى هەرێمى كوردستان مەشمول بن بەو ياسايە وئەو ئيمتيازاتانە بگرێتەوە، بۆيە من پێشنيار دەكەم ئەو دەقەى كەوا بەڕێز وەزيرى ناوخۆ ئێستا خوێنديەوە، ئەگەر چ پێويست بە ڕێكخستنێكى ياسايى بكات، ليژنەى ياسايى ڕێكى بخات و داوا دەكەم ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە ئەوە پێموايە موجمەلى پێشنيارەكان دەگرێتەوە و كێشەكە حەل دەكات و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك عونى فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەيەكى سەربەخۆ بەو شێوەيە:

تسرى احكام قانون الخدمة و تقاعد قوى الامن الداخلى العراقى رقم 18 لسنة 2011 على جميع تشكيلات قوى الامن الداخلى لاقليم كوردستان ـ العراق، بصرف النظر عن الجهة المرتبطة بها.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

ئێستا كێ لەگەڵ ئەو ماددەيە دەستى بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانيە؟ بە تێكڕاى دەنگ دەستتان خۆش بێت، بە پێى ئەهميەتى ماددەكە ئەو ماددەيە دەچێتە شوێنى ماددەى 3 ماددەى 3 دێتە دواوە و وردە وردە ماددەكان بەرەو دواوە دێنەوە، ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى 4 لە ئەسڵى پرۆژەكە كە دەبێتە ماددەى 5:

ئەنجومەنى وەزيران و لايەنە پەيوەندارەكان، حوكمەكانى ئەم ياسايە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەريمان فەرموو.

**بەڕێز نەريمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ماددەيەكی پرۆتۆكۆليە و كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بگەينە مادده پرۆتۆكۆڵيەكان ماددەيەكی تر ئيزافە دەكەين وبەو شكلەيە:

تسری احكام هذا القانون اعتبارا من 1991/10/23.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش سيد مجيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئيزافە كردنی ئەو بڕگەيەی كە ئيزافە كرا بۆ ئەوەی ئاسايشيش بگرێتەوە و بەو تەعريفە شموليەی كە كرا، ئەوە كارێكی باش بوو كە دەزگای ئاسايشيش دەگرێتەوە، هەر دەزگايەكی تر كە پەيوەست بێت بە پاراستنی ئەمن وئاسايش يەك شت ماوە بەڕێز جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، تەعليماتی تايبەت ئەوەی كە پەيوەندی بە هێزەكانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆيە وەزارەتی ناوخۆ دەری دەكات، بۆ ئەوەی تووشی ئەشكال نەبين لە دوا ڕۆژدا، تەعليماتی ئەو هێزانەی كە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نين وەكو ئاسايش كێ دەری دەكات؟ ئەوە دەبێ شتێكی بۆ ئيزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو ماددەيەی كە ليژنەی هاوبەش خوێنديانەوە بۆ تەئريخی حساب كردنەكە، كاك عونی جارێكی تر بيخوێنەوە بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێت و بزانين جەنابی وەزير ڕەئی چيە بۆ ئەو مەسەلەيە؟

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تسری احكام هذا القانون اعتبارا من 1991/10/23 .

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سێوەيل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی تازە كە كاك عونی خوێندیەوە، تەواو نیە، (تسری احكام هذا القانون اعتبار من 1991/10/23 علی ....... كێ؟ لەسەر كێ ئەحكامی ئەو قانونە تەتبیق دەبێت؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەتا ئێستا نەبووە یاسایەك دەربچێت ئەسەری رەجعیەكەی 20 ساڵ لەمەوپێش بێت، شتی وای تیا نەبووە و لە تەئریخا شتی وا نەبووە، هەندێ مەوادی تیا هەیە ئێمە جارێكی تر باسی دەكەینەوە و دەیلێیمەوە و هیوادارم لیژنەی یاسایی قسەكە بە ئیعتبار وەربگرێ، كە باسی شوهەدا دەكات، لەو ماددەیەدا ئێمە دەتوانین و زۆر ئاساییە بڵێین (یشمل الشهداء من........... ئەو تەریخەی باسی كرد كە لە 1991 ەوەیە، بەڵام (تنفیذ احكام هذا القانون) دەبێ لە تەئریخی ئیسداریەوە بێ قەد نەبووە شتی ئەوها، بەڕاستی زۆر نا قانونیە ئەو قسەیە، بەڵام بڕگەی تیایە كە باس لە شەهید و ئیمتیازاتی شەهید و رەجلی شورتە دەكات با لە 1991 ەوە بێ هیچ كێشەمان نیە، بەڵام ئەمە ئەغرازی تەقاعودیە، خزمەتە، ئەمە هەمووی هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە تێكەڵاویەك هەیە، ئەویش لە بەینی ئەوەی كە ئەگەر ئەحكامی ئەم یاسایە لە ساڵی 1991 ەوە حساب بكرێت ئایا مەبەست تەعویز كردنی ئەو كەسانەیە بەو مووچە و ئیمتیازاتانەی لەماوەی 20 ساڵی ڕابردوو؟ یاخود مەبەست تەعدیل و گونجاندنی مەرتەبە و ئیمتیازاتیانە كە لە دوای دەرچوونی یاسایەكە كاری پێ دەكرێت، من باوەڕ ناكەم ئەوانیش مەبەستیان ئەوە بێت كە لە 1991 ەوە حساب بكرێت و ئیتر حكومەت تەعویزی 20 ساڵی كارمەندەكانی هێزەكانی ناوخۆ بداتەوە، پرسیارێكی تر لێرەدا هەیە، ئەگەر بە پێی ئەم یاسایە كەسێك ئێستا دامەزرا، كەسێكی دەرچووی كۆلیژ بە پلەیەكی موعەیەن لە قانونی خدمەی ئەم یاسایەدا هاتووە و بە بەراورد لەگەڵ كەسێك كەوا دە ساڵ لەمەوپێش خزمەتی هەیە، ڕەنگە ئیمتیازاتی هاوتا نەبێ، یەعنی لەم حاڵەتەدا گەڕانەوەی یاسایەكە ئایا بۆ غەرەزی تەعویزی مالیە مەسەلەن لەو مودەتەی ڕۆیشتووە؟ یان بۆ موعادەلە كردنی هی پلە و پایە و خزمەتەكانە؟ ئەمە بەڕاستی ڕوونكردنەوەی لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو نەسەی لیژنەی یاسایی دەکەم، لەبەرئەوەی دیارە کە 2004 ئەوەی عیراق بووە لەوێ هێزی ناوخۆ و لەوێ حسابی بۆ دەکرێت، بەڵام دەبێ هی ئێمە لە 1991 ەوە حسابی بۆ بکرێت، چونکە فەرق هەیە لەبەینی ئەو مەرحەلە زەمەنیەی ئێمە لەگەڵ عیراق، بۆیە پێویستە حساب بکرێت، ئەمە یەك، دووەم، ئەگەر بێیتە سەر مەسەلەی ئەسەری ڕەجعی خۆی لە ئەساس دا یاسایەکە ئەسەری ڕەجعی هەیە تۆ باسی 2004 دەکەی ئێستا 2011 یە بۆ دەبێ ئەسەری رەجعی بۆ 2011 قبوڵ بێ و بۆ دەبێ بۆ 1991 قبوڵ نەبێ؟ کە هەردووکیان یەك شتە و ئەسەری رەجعیە و 2004 یش و 1991 یش، ئەمە حاڵەتێك، دووەم/ ئێمە پار لە یاسای بودجەدا پێشینەی هاوسەرگیریمان لە 2010 حساب کرد و هەر ئەسەری رەجعی بوو و زۆر ئاسایی وەرمان گرت، بۆیە من پشتگیری ئەو نەسەی لیژنەی یاسایی دەکەم کە لە ساڵی 1991 ەوە حساب بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو موقتەرەحەی پێشکەش کرا، ئەم یاسایەی کە لەبەردەست ئێمەدایە یاسای ئینفاز کردنی یاسای ژمارە 18 ی قانونی خدمە و تەقاعودی قیوەی ئەمنیە کە لە عیراق دەرچووە، مەسەلە ئەگەر لەسەر ئەسەری رەجعی بێت، ڕاستە ئەسەری ڕەجعی لە یاساکان دا نیە و تەنها لە یاسای جنائی دا نەبێ کە ئەسڵەحیش بێ بۆ موتەهەم، یاخود لە یاسا مالیەکان دا کە ئیلتزاماتی مالی حکومەت هەبێ، دەشکرێ، بەڵام ئەمە مانع نیە بۆ یاسایەك کە بڵێی ئەم یاسایە بە ئەسەری رەجعی تەنفیز دەکرێ، بەڵام ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئەم یاسایەی کە ئێستا لەبەردەستمان دایە و ئینفازی دەکەین، ئەم کێشەیەی کە ئێستا باسی لەسەر دەکەین حەل کراوە، ئێمە ئەم یاسا ژمارە/18 یە ئینفاز دەکەین، یەکێك لە ماددەکانی یاسای ژمارە/ 18 ماددەی/ 85ی ناو یاسایەکەیە، کە باس لەوە دەکات و دەڵێ (یحتسب الراتب التقاعدي لرجل الشرطة وفق المادة/ 44 من هذا القانون فی الحالات التالیة، اولا/ رجل الشرطة المحال الی التقاعد قبل نفاذ هذا القانون)، یەعنی ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەم یاسایە ئەسەری رەجعی داوەو تەنفیزیش دەکرێ پێش ئەوە، ئێمەش داوای تەنفیز کردنمان کردووە و هیچمان لێی نەگۆڕیوە تەنها (تحل مؤسسات الاقلیم محل المؤسسات الاتحادي) دەکات لەبەرئەوە پێویست ناکات هیچ نەسێکی دیکەی ئیزافی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا قسەکانی من کاك عمر کردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو سەیری قانونەکە بکەین، قانون موعالەجەی کردووە، ئەگەر بێین سەیری ماددەی/ 44 خاڵی/ 3 بکەین، ئەگەر نەسەکەی بخوێننەوە (یعاد احتساب الراتب التقاعدي لرجل الشرطة أو خلفه الذى احل الى التقاعد قبل صدور هذا القانون ولخلف الشهيد الذى استشهد قبل 2003/4/9 على اساس راتب الرتبة المقررة ....... الخ.) مەوزوعەکە لێرە ئەسەری رەجعی داوە و خۆیان بێن و قانون خۆی موعالەجەی ئەم کێشەیەی کردووە، ماددەی/ 44 فەقەرەی/ 3.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من هەر تێبینیەکەی کاك عمر و کاك شێروانم هەبوو، تەبەنی ئەوە دەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با من نوقتەیەك تەوزیح بکەم، مەبەستمان ئەوە نەبوو بڵێین بەو شکلەی کە خوێندرایەوە تەقدیم بکرێت، مەبەست لێرە موناقەشەیەکی زۆر کرا لەسەر ماددەی 57 گوتمان ئەحکامی ماددەی 57 سەبارەت بە (مکافئە استشهاد علی اساس راتب رتبتە) ئەوە حساب بکرێت، لەو تاریخەی نا یاسایەکە کۆی یاسایەکە، مەبەستمان ئەوە بوو با برادەران ئاگایان لەو نوقتەیە بێت، ئێمە ئیتلاقەن وەکو لیژنەی قانونی و لیژنەی هاوبەش ئەوەمان تەرح نەکرد، بەڵام بۆ سۆزان خان جوابم ئەوەیە پەرلەمان دەتوانێ قەوانین دەربکات بە ئەسەری رەجعی، ناتوانین بڵێین ئەوە ناکەین، بە تایبەتی قانونەکە خۆی ئەسەری رەجعی هەیە، بەڵام

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش مەبەستمان ئەوە نەبوو بڵێین هەموو ئیمتیازاتی قانونەکە بگەڕێنینەوە بۆ ساڵی 1991 تەنها بۆ ئەو ماددەی 57، چونکە تەرح کرا مەوزوعەکە و موناقەشەی زۆری لەسەر کرا، ئایا ئێستاش پێشنیارەکە بمێنێتەوە یان ئێمە هیچ مانعمان نیە و سەحبی دەکەینەوە و تەواو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت؟ فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاک عمر عبدالرحمن باش تەفسیلی کرد، ماددەکە تێیدا هەیە و ئێمە دەڵێین ئینفازی ئەو قانونە بکەین، بۆیە من پشتگیری لە ڕەئی کاک عمر دەکەم و هەر ئەوە بڕوات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ئاخر ڕەئیتان؟ کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە وازحی ئێستا بۆمان ڕوون نیە ئایا مادده 57 تەعدیل بکەین و سیاغەکە بخوێنینەوە؟ یان تەنها ئیکتفا بکەین بەو مەوادانەی کە لە قانونەکە داهاتووە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئینفازەکە مەسەلەی تەقاعودی حەل کردووە، ئەگەر مەبەست تەقاعودیەکە بێت، ئەوا لە ئەسڵی قانون حەل کراوە وەکو جەنابی وەزیر و کاک عمر ئیشارەتیان پێیدا، ئەمە حەل کراوە، ئەگەر مەوزوع شوهەدا بێ کە ئێستا ئەو موفتەرەحە لە گۆڕێیە، بە نیسبەت حقوقی شوهەدا لە 4/9 ەوە بۆی حساب کراوە، موفتەرەحەك هەیە و دەڵێ لە 12/23 ەوە حساب دەکرێت، مەفروز وایە ئەو موفتەرەحە ئێستا موناقەشە بکرێ و بڕیاری گونجاوی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئێستا دوو بۆچوون هەیە، ئەم سیاغەی کاک محمد هەم ئەوەی کاک عونی خوێندیەوە، هەم ئەوەی کە برادەران دەیلێین، پێم باشە بیخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە كاك شێروان وتی تەئكیدی بكەینەوە لە سەر ماددەی 85 ەكە، بەڵام یەك مولاحەزەم هەیە، لێرە ئینفازی ئەو یاسایە دەكەین، بەڵام لە ماددە 85 ەكە ئەگەر بێینە سەر بەشی دووەمی، باس لە شوهەدا دەكات بە گوێرەی قانونی موئەسەسەی شوهەدای ژمارە 3ی ساڵی 2006، ئەوەی كاك شێروان وتی، دەبێ ئێمە دەسكاری ئەم فەقەرە دووەمەشی بكەین، چونكە ئەوە تەئریخێكی دیكەیە و یاسایەكی دیكەیە لێرە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ئاخر ڕەئیتان؟ كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر سیاغەمان بەو شكلەی دەبێت ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبوڵی بكەن:

تعدل تطبیق المادة 57 من القانون رقم 18 لسنة 2011 وتحل محلها مایلی:

تسری احكام هذا القانون علی من استشهد بعد 1991/10/23 من افراد قوی الامن الداخلی والاسایش.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەكەیان گۆڕی ئەو سیاغەیەی خوێندویتیەوە چوار، پێنج كەس پشتیوانی لێ كردووە، ئەو سیاغەیە لەگەڵ ئەو سیاغەی كە كاك عونی خوێندیەوە جگە لەو تەعدیلە پێمان باشە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكەی تر كە خوێندمانەوە، بە نیسبەت (احتساب راتب التقاعدی و مكافئة الاستشهاد علی اساس راتب رتبتین برتبتین اعلی)، (تعدل تطبیق المادة 57 من القانون رقم 18 لسنة 2011 فی اقلیم كوردستان - العراق وتحل محلها مایاتی: تسری احكام هذا القانون علی من استشهد بعد 1991/10/23 من

افراد قوى الامن الداخلى والاسايش لغرض احتساب الراتب التقاعدى ومكافئة الاستشهاد على الاساس راتب رتبته برتبتين اعلى).

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

ئاخر سياغەتان گوێ لێ بوو، جەنابى وەزير ڕەئيت؟ فەرموو.

**بەڕێز كريم سنجارى (وەزيرى ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من تەئيدى ئەو پێشنيارە دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

ئێستا ئاخر سياغەى كە خوێندرايەوە كێ لەگەڵ دايە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانيە؟ ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى 6 كە لە ئەسڵى پرۆژەكە ماددەى پێنجەمە،

كار بە هيچ دەقێكى ياسايى يان بڕيارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانى ئەم ياسايەدا ناكۆك بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك نەريمان فەرموو.

**بەڕێز نەريمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

المادة الخامسة/

اصبح المادة 6 (لايعمل بأى نص قانونى أو قرار يتعارض و احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەيە دەست بەرز بكاتەوە تكايە؟ كێ لەگەڵ دانيە؟ بە كۆى دەنگ، بۆ ماددەيەكى تر، ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى حەوتەم/

ئەم ياسايە لە ڕۆژى بلاوكردنەوەى لە ڕۆژنامەى فەرمى وەقائيعى كوردستان جێ بەجێ دەكرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك نەريمان فەرموو.

**بەڕێز نەريمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادە السادسە/**

**اصبح المادە السابعە (ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ نشرە فی الجریدە الرسمیە وقائع کوردستان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا پرۆژەکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کاک شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**نازانم (علی مجلس الوزراء ) درا دەنگدانەوە یان نا؟ ماددەی 4.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر جەنابت موافەقە بکەی بە تەنسیق لەگەڵ سکرتاریەتی پەرلەمان دوو ماددەمان ئیزافە کرد ڕیزبەندی ماددەکان چاك دەکەینەوە دوایی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێمە پێشتر ئەوەمان خستە دەنگدانەوە و گوتمان تەسەلسولی ماددەکان دەگۆڕدرێ، ماددەکان کە زیادمان کرد، موافەقەتیان لەسەری کرد، ئێستا کۆی یاساکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزبکاتەوە تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.دەست خۆشیتان لێ دەکەین و سەرکەوتوو بن، موناقەشەی باشتان کرد، پیرۆزبایی لە وەزارەت و لە مونتەسبی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش دەکەین و ئێستا بزانین جەنابی وەزیر ئاخر قسەی چیە فەرمووَ؟.**

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من سوپاسی خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بۆ موافەقەت کردن لەسەر نەفاز کردنی ئەم قانونە، بەڕاستی ئێمە مەشاکلێکی زۆرمان هەبوو، بەڵام ئێستا چارەسەری دەکەین و ئەو برایانەی کە لە پۆلیس بوون دەزانن چ موعاناتێکمان هەیە، زۆر زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەخێر بێی و سەرچاوان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەبعەن بە هۆی ئەوەی كە بووەتە عورفێك كە كاتێ باسی یاسایەك دەكەین وەزیرەكە لێرە ئامادە دەبێ، ئێستا ئەگەر بە پێی خشتەی بەرنامەی كار بێت، باس لە خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پێشنیاری پرۆژە یاسای هەموار كردنی باجی دەرامەت دەكەن، بەڵام وەزیری دارایی لێرە نیە و لەسەر خاڵی 8 و 9 و 10 بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری گەیاندن لێرە نین، بەڵام خاڵی 11 خۆشبەختانە بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوە لێرەیە، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەكەم كە بیخەنە دەنگدانەوە، ئەم ماددەی 11 یە بێتە پێشەوە ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەو بڕگەیە بكەین و زۆر مەمنون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**لەبارەی وەزیری داراییەوە عوزری خواستووە بە ڕەسمی چونكە تەعزیەی هەبووە، ئێمەش عوزرەكەیمان قبوڵ كردووە بەڕاستی، لەبەرئەوە خۆشتان بڕیار دەدەن كە وەزیری دارایی لێرە نەبێ لەوانەیە نەتوانین موناقەشەی ئەو ماددەیە بكەین، جا كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ماددەی 7 جارێ تەئجیل بكەین تا وەزیری دارایی دێت تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی 11 بێتە شوێنی بڕگەی 7 كە جەنابی وەزیر لێرە ئامادەیە بۆ موناقەشە كردن تكایە دەست بەرزبكاتەوە، كێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون ئێستا ماددەكان ئاوا جێ گۆڕكێ پێ دەكەین، لیژنەی ئاوەدانكردنەوە و شارەوانی لەگەڵ دارایی فەرموون، پرۆژە یاسایەكە بخوێننەوە، كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ڕاپۆرتێكی هاوبەش ئامادە كراوە لەلایەن هەر سێ لیژنەوە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئیعمار و ئیسكان و لیژنەی بەلەدیات، ئێستا بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان ـ العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون التعديل الاول لقانون تأمين السكن للمواطنين فى اقليم كوردستان رقم 7 لسنة 2008**

**اجتمعت لجان الشؤون القانونية و الاعمار والاسكان وعصرنة الريف ولجنة الخدمات البلدية والنقل والاتصالات والسياحة بتاريخ 5 رزبەر 2711 كوردى المصادف ليوم 2011/9/27 الميلادى لدراسة قانون التعديل الاول لقانون تامين السكن للمواطنين فى اقليم كوردستان ـ العراق رقم 7 لسنة 2008 المقدم من قبل اعضاء البرلمان والمحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الاولى له فى البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة 3**

فى 2011/9/26 ومشروع قرار تـأمين الوحـدات السكنية للموظفين والمواطنين مـن ذوى الـدخل المحدود المقدم من قبل العـدد القـانونى لاعضاء البرلمـان والمحال الى اللجان المعنيـة بعـد القـراءة الاولى لـه فـى البرلمـان بجلسـته 2011/3/29 وبحضـور وزيـر الاسـكان والاعمـار و وكيـل الـوزارة ولوجـود تـرابط وتواصـل بـين المشـروعين قـررت اللجـان توحيـدهما وتقـديم تقريـر موحـد بشـانهما والاسـتفادة مـن الافكـار الـواردة فـى المشروعين، وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجان الى الصياغة التالية للقانون.

**قانون رقم ( ) لسنة 2011**

**قانون التعديل الاول لقانون تأمين السكن للمواطنين في إقليم كوردستان-العراق رقم (7) لسنة 2008**

**المادة الاولى:**

تضاف فقرة بتسلسل (ثالثاً) الى المادة الثانية من القانون ، وكالآتي:

ثالثاً:- تلتزم الجهات ذات العلاقة بتأمين الخدمات الاساسية للوحدات السكنية.

**المادة الثانية:**

تعدل المادة الثالثة من القانون وتقرأ كالآتي:

يشترط على طالب التملك:

1 - ان يكون من مواطني إقليم كوردستان-العراق وساكناً فيه.

2 - ان لايملك شقة أو دار سكنية على وجه الاستقلال.

3 - ان لايكون مستفيداً من اي مشروع سكني آخر في الإقليم.

4 - ان لايكون مستفيداً من السلفة العقارية المقدمة من حكومة الاقليم.

**المادة الثالثة:**

تلغى الفقرة (أولاً) من المادة الرابعة من القانون ، ويحل محلها مايلي:

أولاً: تعلن وزارة الأعمار والاسكان عـن بيعها الوحـدات السكنية (شـقق و دور سـكنية) للمـواطنين مـن الموظفين والأهالي من ذوي الدخل المحدود و بدون دفع مقدمة ، ويقدم طلب الشراء الى الوزارة ويسجل لـديها حسب اقدمية تقديمها.

ثانياً: تعدل الفقرة (ثانياً) من المادة وتقرأ كالآتي:

يسدد طالب التملك بدل شراء الشقة او الدار السكنية التي ترتب بذمته باقساط شهرية أو سنوية خلال مدة لاتزيد على خمسة وعشرين سنة.

المادة الرابعة: تكون اصل المـادة الخامسـة مـن القـانون فقـرة (أولاً) لهـا وتضـاف اليهـا ثـلاث فقـرات بتسلسلات (ثانياً) و (ثالثاً) و (رابعاً) وكالآتي:

ثانياً:- تخصص حكومة إقليم كوردسـتان - العـراق مبلغـاً سـنوياً ضـمن الميزانيـة العامـة للإقلـيم لتـأمين بنـاء الوحدات السكنية تنفيذاً لأحكام هذا القانون.

**ثالثاً:- تؤسس صندوق بأسم (صندوق الاسكان) في وزارة الاعمار والاسكان ، وتودع فيه سنوياً المبالغ المخصصة ضمن الميزانية العامة للإقليم لديمومة بناء الوحدات السكنية.**

**رابعاً:- تودع ما يتم استرجاعه من المبالغ وفق ما هو منصوص عليه في المادة (الرابعة/ثانياً) من هذا القانون في الصندوق أعلاه.**

**المادة الخامسة:**

**تعدل (المادة السادسة) من القانون ، وتقرأ كالآتي:**

**تلتزم وزارة الاعمار والاسكان ببناء الوحدات السكنية (الشقق في مراكز المحافظات) و (الشقق و دور سكنية في الاقضية والنواحي والقرى) وتسليمها خلال مدة لا تتجاوز سنتين من تاريخ تسجيل الطلب لديها الا في حالة وجود مبرر قانوني.**

**المادة السادسة: تعدل المادة السابعة من القانون وتقرأ كالآتي:**

**تسجل الشقة أو الدار السكنية بأسم طالب التملك في دائرة التسجيل العقاري المختصة ملكاً صرفاً و مرهونةً رهناً تأميناً لصالح الوزارة لحين تسديد القسط الأخير من البدل مع مراعاة الفقرة (ثالثاً) من المادة (الرابعة) من هذا القانون.**

**المادة السابعة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة كل حسب اختصاصه إصدار الأنظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**المادة الثامنة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**المادة التاسعة:**

**ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**الاسباب الموجبة**

**لكل شخص الحق في مستوى معيشي كاف لحياة كريمة بما في ذلك السكن و لتأمين السكن الملائم لمواطني الاقليم من ذوي الدخل المحدود دون دفع اية مقدمة، و لمعالجة ازمة السكن بقيام حكومة الاقليم ببناء الوحدات السكنية. فقد شرع هذا القانون.**

**راجين التفضل بالأطلاع و عرض التقرير المشترك بشأنه على البرلمان للمناقشة و أبداء الرأى المناسب و التصويت. مع التقدير**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل( جێگرى سەرۆکى پەرلەمان):**

**دیارە ئەمە ڕاپۆرتێکی هاوبەشە، هەروەکو لە کۆبوونەوەیەکی پێشتر وەعدمان پێدان کە ئێمە ئەم پرۆژە یاسایە بەزووترین کات بێنینەوە بەردەستتان بۆ موناقەشە کردن، ئەمە ڕاپۆرتێکی هاوبەشی هەر سێ**

لیژنەکەیـە، بەیەکـەوە ڕاپۆرتەکـەیان نووسـیوە، ئێمـەش خۆشـحاڵین بـەو جـۆرە گفتوگـۆو یەکخسـتنی بۆچوونەکان، ئێستا مادده بەمادده موناقەشەی دەکەین، فەرموو کاك عەونی قسەت هەیە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئیستفادەمان لەهەردوو پڕۆژەکە کردووە، صیاغەکەیمان داڕشتووە لە یاساکان، داوا لەبـەڕێزتان دەکـەم کە ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدانەوە کە ڕاپۆرتی هاوبەش ببێتە ئەساس بۆ موناقەشەکردنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشەی هەر سێ لیژنەکـە دەخەینـە بەردەسـتی خۆتـان بـۆ دەنگدان لەسـەری، ئێسـتا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فـەرموون کێـی لەگەڵـدا نیـە؟ن بـەکۆی دەنـگ وەرگیـرا، فـەرموو مادده بەمادده بیخوێننەوە بۆ موناقەشە کردن.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانون رقم (  ) لسنة 2011

قانون التعديل الاول لقانون تأمين السكن للمواطنين في إقليم كوردستان-العراق رقم (7) لسنة 2008

المادة الاولى:

تضاف فقرة بتسلسل (ثالثاً) الى المادة الثانية من القانون ، وكالآتي:

ثالثاً:- تلتزم الجهات ذات العلاقة بتأمين الخدمات الاساسية للوحدات السكنية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا جەنابی وەزیر لەسەر ئەو ماددەیە ڕەئیت چیە؟، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو دەقەدام کەهاتووە لەڕاپۆرتەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە کە مادام عەرەبیەکە خوێندرایەوە دەبوایە کوردییەکەش بخوێندرایەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ببوره كاك كاروان چونكه كوردييەكە نيە بۆيە نەخوێندرايەوە، ئێستا كێ دەيەوێت قسەی لەسەر بكات ناوتان دەنووسم ئەم بەڕێزانە دەيانەوێت قسەی لەسەر بكەن( جلال علی، شوان كريم، سەرهەنگ فرج، سالار محمود، شڤان احمد، عومەر نورەدينی، شەونم محمد، كاك دلێر، بەفرين خان)، كاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مولاحەزەيەكم هەيە لەسەر ناوی ياساكە، ديارە وشەی هاووڵاتی زۆر كەس دەگرێتەوە، زۆربەی هاووڵاتيان دەگرێتەوە، من پێم باشە ئەم ياسايە لەبەرژەوەندی خەڵكی بێدەرامەت يان كەمدەرامەت بێت، ئەو ئيزافەيە بكرێت، بۆ هاووڵاتيانی بێ دەرامەت، چونكە پرۆژە ياساكە بۆ ئەو هاووڵاتيانەيە كە دەرامەتيان كەمە يان نيانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێيەم كە دەڵێت (ثالثاً:- تلتزم الجهات ذات العلاقة بتأمين الخدمات الاساسية للوحدات السكنية.) ئەمە لەئەصڵی ياساكەدا مادام ئەم يەكە نيشتەجێبوونانە حكومەت خۆی دەيكات، عادەتی وايە حكومەت كە خۆی هەر شتێك بكات، مولزەمە بەوەی كە خەدەماتيش دابين بكاتن، ئەم كێشەيە لە كێشەی وەبەرهێناندايە بەڕاستی، ئەمە لە كێشەی كۆمپانيا وەبەرهێنانەكان دروست ئەبێت، كە ئێستا هەندێ كێشە هەيە لەكوردستاندا، ئەو وەبەرهێنانە يەكەی نيشتەجێبوونيان دروست كردووە، بەڵام خەدەماتيان بەجێ هێشتووە، گوايە لەعەقدەكانيان دەبێت حكومەت بيكات، ئەمە كێشەكە لە بنەڕەتدا لەوەدايە، كێشەكە لەوەدا نيە كە حكومەت خۆی يەكەی نيشتەجێبوون دروست ئەكات بەپارەی خۆی و لەسەر ئەركی خۆی و بە ئەندازيار و مەكائينی خۆی، مەعلوميشە كە خەدەماتی بۆ دابين ئەكات، بۆيە بەڕەئی من ئەمە زيادەيە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، كاك سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبينيەكەم لەسەر ئەوەيە كە بە بڕگەيەك ئەوە زياد بكرێت، ئەمە حەقە لەماددەی يەكەم زۆر بەسەريحی ئێمە ئاماژەی پێ بدەين، لەسەر ئەو پارەی كە يەكە نيشتەجێبوونەكانی پێ دروست دەكرێت، هەموو خزمەتگوزارييەكان دابين بكرێت، چونكە دوايی ئيشكاليەت دروست ئەكات بەڕاستی، چەند نموونەيەكی

زەق هەیە لەبەردەستماندا، ئێستا یەکەی نیشتەجێبوون دروست کراوە جا لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت، بەڵام موشکیلەی خزمەتگوزاری هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە نەکەوینەوە بەردەم ئەو موشکیلەیە، من پێم باشە زۆر بەسەریحی ئاماژەی پێ بدرێت، کە لەسەر ئەو پارەیە هەموو خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو شوێنانە دابین بکرێت، مەسەلەن ئەگەر وانەکەین دوایی لەدائیرەی کارەبا داوا بکەی بۆ ئەوەی کارەبا بۆ ئەو شوێنانە بێنێت، ئەو گلەیی ئەوە ئەکات ئەڵێت من بودجەم نیە، ئەو شتانەی خۆم هەیە کە ناردوومە لەسەر بودجە تەصدیق کراوە ئەوەی تێدا نیە، بۆیە لەوێدا ئیشکالیەت دروست ئەبێت، وەزارەتی شارەوانیش بەهەمان شێوە، ئەو ئیشکالیەتەی بۆ دروست ئەبێت، ڕەنگە خزمەتگوزاری نەگەیەنێتە ئەو جێگایانە، دوایی تووشی موشکیلە ئەبێت، بۆیە من پێشنیاز دەکەم هەر لەسەر ئەو پارەیە هەموو خزمەتگوزاریەکان بۆ ئەو جێگایە دابین بکرێت کە شوقەکەی لەسەر دروست ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاک سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی گرنگە، خزمەت بەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەکات، بەڵام ئێمە لەبەرامبەر برگەکانی ئەم پرۆژە یاسایەدا کۆمەڵێك مولاحەزەی جدی هەن کە پەیوەستە بەو ڕابردووەی کە ئیش لەسەر ئەم پرۆژانە کراوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە هاووڵاتیان و فەرمانبەران و خەڵکی کەم دەرامەتەوە هەیە، واتە هەموو شەریحەکان دەگرێتەوە، وە شەریحەی کەم دەرامەت و ئەو شەریحانەشی کە دەخلیان های کۆستە نەك لۆکۆست، ئەم لەو ولاتانەی کە ئیعتیمادیان لەسەر وەبەرهێنانە، بۆ نموونە ولاتێکی وەکو تورکیا لەناو تورکیاشدا بۆ نموونە ئەستەمبول و ئەنقەرە، لەوڵاتێکی وەکو ئەردەن، بۆ نموونە عەمان، لەپاڵ دەعم کردنی پرۆژەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت لەهەمان کاتدا بۆ خەڵکێك کە دەرامەتی باشترە، ئەتوانێت بەدەر لەمەسەلەی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای عەمودی، لەسەر بنەمای ئاسۆیش بۆ جوانکاری لەوڵات و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە، وە دەرفەتدان بۆ هەموو توێژەکان ئەم پرسە لەبەرچاو بگیرێت، ئەگەر ناونیشانەکە وەکو بەڕێزان ئاماژەیان پێکرد، ئەوە لەناوەڕۆکدا ئەو پرەنسیپانە تەسهیل بکات بۆ هەموو توێژەکان، بەڵام حکومەت تەرکیزی ڕاستەوخۆی بۆ خەڵکی کەم دەرامەت هەبێت، واتە ئەو دەعمانەی کەحکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ئەم پرۆژانەوە بۆ دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون دەیکات، تەنها بۆ خەڵکانێك بێت کە دەخلیان مەحدوودە، یان پێیان دەڵێن(لۆکۆست) خاڵێکی تر ئەوەی کە پەیوەندی بە پێدانەوەی قیستەکەوە هەیە، کە زیاتر نەبێت لە (25)ساڵ، ئێمە لەواقیعێکدا دەژین ساڵ بەساڵ ڕێنماییەکان لەدەرئەنجامی یاساکان دەردەکرێن موزادن لەگەڵ یەك، یەعنی تەجروبەی گرنگ هەیە لەهەرێمی کوردستاندا سەبارەت بەمە، بۆیە ئیعتیماد کردن

لەسەر ئەم بڕگەیە، ئەکرێت بوترێت زیاتر و کەمتریش نەبێت لە (25)ساڵ، چونکە بەپێی ڕێنمایی کەتۆ دەڵێیت (25)ساڵ زیاتر نەبێت،......

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سالار ئەوە ئیلتیزاماتە بەنیسبەتی خەدەماتی شوێنەکە، ماددەی یەکەم باس لەو مەسەلەیە دەکات، تۆ دەچیتە بابەتەکانی تر، تکایە وەرە سەر بابەتەکەی خۆت، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم، بڕگەی دووەم، من قسە لەسەر ئەوە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر عینوانی یاساکە دەمەوێ قسە بکەم، بەحەقیقەت لە لیژنە کاك عومەر داکۆکی کرد، مینش پشتگیریم لێکرد، بەس ئەوە تەسبیت نەکرا، من پێم باشە بەو موتڵەقیەی کە هاوولاتی هاتووە، ئەو بێ سنووریە بەهیچ دەوڵەتێك ناکرێت، کە بتوانێ تەختیەی سەکەن بکات بۆ هاوولاتیان، دەبێت تەحدید بکرێت ئەو هاوولاتیە کێیە، تەحدیدەکەش هەر لە خودی یاساکە دیار بکرێت، بۆ ئەوەی تووشی بەربلاوی نەبین لە یاساکەدا، من پێم باشە یاساکە بەو شێوەیە بێت،( قانون التعديل الاول لقانون تأمين السكن للمواطنين ذوي الدخل المحدود في إقليم كوردستان-العراق )ئەو دەخل مەحدوودە ئێمە بۆ جەنابی وەزیر بەجێ بهێڵین، بۆ تەعلیمات بەنیزامێك دەخلی مەحدوود لەوێ تەعریف نەکەین، خۆمان تووشی ئەوە نەکەین، بۆ ئەوەی دیار بێت دەخلی مەحدوود لەلای وەزارەت، چونکە ئەگەر وابێ سبەینێ بەدەیان هاوولاتی خانووی خۆیان دەفرۆشن و خۆیان بێ خانوو دەکەن، ئەو وەختە با وەزیر خۆی تەعلیمات دەربکات، خزمەتی ئەو چینە تایبەتە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك عومەر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمە امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا سەرنجی من یەکەمیان لەسەر ناونیشانی پڕۆژە یاساکەیە، لەهەرێمی کوردستان کێشەی نیشتەجێبوون واقعێکەو هەیە، بەلام زانیاریەکان و داتاکان ئەوە نیشان دەدەن، کە زیاتر لەناو چین و توێژو خەڵکی کەم دەرامەتدا هەیە، هەم لە پڕۆژەی تەعدیلەکە کەئامادەکراوە، جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت دروست بکرێت، هەم ئەو مەرج و خالانەی کە لەناو

ڕاپۆرتی هاوبەشیشدا دیاریکراون، دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت دروست بکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەکاتی گفتوگۆشدا ئەم پێشنیارەکرا کە ناوی یاساکە بکرێت بە (یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت)نەك تەنها بۆ هاووڵاتیان بە موتڵەقی ئاوا بهێڵدرێتەوە، لەڕاستیدا زۆربەی زۆری بەشداربووان لەناو کۆبوونەوەکەشدا تەئیدی ئەوەیان کرد، بەڵام دیسان بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیراوە، بۆیە منیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە وەکو کاك جلال و كاك شڤان، کە ناونیشانی پڕۆژە یاساکە بکرێت بە (یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لەهەرێمی کوردستان)، خاڵی دووەم: ئەوەیە کە منیش پێم باشە وەکو چۆن لەماددەی یەکەمدا هاتووە، دابین کردنی خزمەتگوزارییەکانی لەگەڵ بێت، ئەگینا دوای تەوکردنی یەکەی نیشتەجێبوون گرفت بۆ ئەو هاووڵاتیانە دێتە پێشەوە، جگە لەو نموونانەی کە ئاماژەی پێدرابوو، بۆ نموونە دروست کردنی قوتابخانە، لەوانەیە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە بێت، ئەوکات وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەگەر ئاوا بەڕوونی لەناو یاساکەدا نەیەت، دەڵێت دابین کردنی قوتابخانە بۆ ئەم شوێنە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە، نەك ئەرکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە بەڕوونی وەکو دەقی پێهاتووە، بڵێت بەدابین کردنی هەموو خزمەتگوزارییەکانەوە، ئەو کات وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە مولزەم دەبێت بەوەی هەموو پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابین بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، شەونم خان، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای گرنگی ئەم پڕۆژەیەو هاوکاری کردنی لەدابین کردنی جێگایەکی نیشتەجێبوونی لایەق بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کەم دەرامەتن لەهەرێمی کوردستاندا، هەروەها لە بڕگەی 2ی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاساییدا هاتووە، چەند نوقتەیەکی داناوە بۆ دەست نیشان کردنی ئەو هاووڵاتیانەی کە سوودمەند دەبن لەم پڕۆژانەدا، کە دەبێت ئەو خاڵانەی تێدا هەبێت، کاتێك شوقەکانیان بۆ دروست ئەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێرەدا دەستنیشانی ئەوە نەکراوە کە خەڵکی کەم دەرامەت کێیە لەم وڵاتەدا، چونکە ئەگەر ئێمە دەستنیشانی خەڵکی کەم دەرامەت نەکەین ئەم پڕۆژەیەش ڕەنگە وەکو زۆر لە پڕۆژەکانی تری لێبێت لەم وڵاتەدا کە خەڵکی تر سوودی لێوەرگرتووە، بۆ نموونە ئەو پارەیەی کە بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی سەرف دەکرێت، ژمارەیەکی زۆر خەڵك وەری دەگرێت کە پێویستی پێی نیە، کە بەمە حەقی خەڵکی تر ئەخوات، لەبەر ئەوە من وای دەبینم کە خەڵکە کەم دەرامەتەکان دیاری بکرێن کە کێن؟، ئایا بە مستەوای مووچەکەیان کە هەیانە، ئەگەر فەرمانبەربێت مووچەکەی چەندە؟،، یان ئەو هاووڵاتیە لەدەرەوەی دەوائیرەکانی حکومەتدا بێت، چ واریداتێکی هەیە، چەند پەیدا دەکات مانگانە، یاخود ساڵانە؟، لەسەر

ئەساسی ئەوە بێت، بۆیە پێم باشە، چونکە لە ئەصڵی پڕۆژەکەشدا خەڵکی کەم دەرامەت نیە، بۆیە پێم باشە پێناسەیەك بکرێت بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، هەروەها پشتگیری لە قسەکەی کاك عومەر نورەدینی دەکەم، کە پێویستە ئەمە تەحدید بکرێت بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت، نەك بۆ هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە بەپێی یاساکە هەموو هاووڵاتیەك حەقی ئەوەی هەیە کە بێت و داوای ئەو شوقانە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەوە دەکەم کە ناونیشانی یاساکە بگۆڕدرێت بۆ (هاووڵاتیانی کەم دەرامەت)لەبەر ئەوەی حکومەت ناتوانێت بۆ هەموو هاووڵاتیانی دابین بکات ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە کە ئێمە دەڵێین خاوەن داهاتی سنووردار، ئەو داهاتی سنووردارە پێویستە ئێمە دەستنیشانی بکەین، چ بەنیسبەت هاووڵاتیانەوە، چ بەنیسبەت فەرمانبەرانەوە، یەعنی بەواقیع ئەم یاسایە، بەم تەعدیل کراوییەی ئەمڕۆ شتێکی باشە، لەبەر ئەوەی ساڵانی پێشوو کەسانێك هەبوو کە پارەیەکیان بەدەستەوە بوو دەیانتوانی بەشداری لە شوقەی نیشتەجێبووندا بکەن، بەڵام ئێستا کەسانێك هەن کە پارەیان بەدەستەوە نیەو پێشەکیان نیە، حکومەت ئاوا هاوکارییان دەکات، ئەوە شتێکی باشە، هەر لە پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2010 شدا، بڕی (200)ملیار دینار دابین کرابوو بۆ ئەوە، بەڵام دوایی موناقەلە کرا بۆ مەسەلەی سولفەی عەقار، لە ئەمساڵیشدا ئەو بڕە پارەی کە ئێستا تەحویل کراوە بۆ پاڵپشتی پڕۆژەی نیشتەجێبوون بەتایبەتی بەپێی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2008، بەم تەعدیل کراوییەی ئێستا ئەمە لە قازانجی ئەو خەڵکانەن کە هیچ پێشەکیەکیان نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من بەچاکی دەزانم مەسەلەی خەڵکی خاوەن داهاتی سنووردار تەعریفی بۆ بکرێت، کە کێ دەگرێتەوە، تەنها فەرمانبەر نەگرێتەوە، خەڵکی دەرەوەش بگرێتەوە، واتە ئەوانەی کە فەرمانبەر نین ئەوانیش سوودمەند بن، ئەو تەعریفەش تەنها ئەوە نەبێت کە شوقەی نیشتەجێبوونی نیە، یاخود ئەوەی کە تا ئێستا موستەفید نەبووە، کەسانێك هەیە بەو شێوەیەشەو باری داراییشیان باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك برهان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من شتێك ئێستا بیرم کەوتەوە، لەماددەی (110)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، لە خاڵی سێیەم هاتووە، دەڵێت( ڕەسمی سیاسەی دەولی گومرگی ئیصداری عوملە تەنزیمی سیاسەتی تیجاری لەسەر سنوورەکان

وپارێزگاكان له عێراقدا، وەزعی میزانیەی عامـە، ڕەسمـی نەقـدی و ئینشائی بـانكی مەركـەزی) ئەمانـە لـە سـەڵاحیەتی حكومـەتی مەركەزدایـە، كـەڕەسمی سیاسـەی مـالی لـە سـەڵاحیەتی مەركـەز بێـت، ئـەوە ئـەم ماددەیە تەفسیر زۆر هەڵدەگرێت، بەشی یەكـەمی ماددەكـە، ئـەكرێت زەریبـەی دەخـل و عـەقار بكرێـت بـۆ ئێمە بێت داهاتەكەی یان یاساكەی، ئەكرێت بۆ ئێمەش نـەبێت، بـەڵام وەزارەتـی دارایـی حكومـەتی هـەرێم پێشتر .....

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەیـەكی نیـزامیم هەیـە لەسـەر قسـەیەك كـە زۆر دووبـارە كرایـەوە، حەزناكـەم بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمان، خۆیان بخەنە هەڵەی دەستوورییەوە، له ماددەی(30) لەدەستووردا هاتووە، (تكفـل الدولـة للفـرد والاسرة وخصوصا الطفل والمرأة الضمان الاجتماعي والصحي والمقومات الاساسية للعيش في حياة حرة كريمة وتأمن لهم الدخل المناسب والسكن الملائم) سەكەن بۆ هـەموو هاووڵاتیەكـە، یـەعنی كـاری حكومەتـە، بـەپێی دەسـتووری عێراقـی لەبـەر ئـەوە جیاكردنـەوەی ئـەوە كـە ئەمـە بـۆ كـەم دەرامەتـەو ئەمـەش بـۆ خـەڵكی دەرامەت باشترە، هەڵەی دەستوورییە، بۆیە ئێمە دەكرێت بڵێین ئەم پـرۆژە یاسایە هاووڵاتیـان دەگرێتـەوە، ئەوانـەی كـە دەخلیـان سـنووردارە، هـەروەها وەزارەتـی ئاوەدانكردنـەوە لـە دەركردنـی ڕێنماییەكانـدا، ئـەو ڕێنماییانە دەربكـات، یـاخود ئـەو مەعایرانـە دەربكـات كـە كـێن؟، ئەوانـەی ئـەم یاسـایە دەیانگرێتـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

خۆی لە ئەصڵدا ئێمە موناقەشەكەمان لەسەر تەنها ماددەی یەكەمە، نەك ناونیشانەكەی، جاریَ با بـەفرین خان ئەخیر كەسە ئەویش قسەی خۆی بكات، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە تێبینیەكەی منیش تەنها لەسەر ناونیشانی یاساكە بوو، بەڕێزان ئاماژەیان پێكرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك فرسەت قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەو بەنـدەی جێگـای موناقەشـەیە ئـەوە فەقـەرەی سـێیەمە، بـرادەران لـە فەقـەرە سـێ دەرچـوون دەچـن موناقەشەی ناونیشانەكەی دەكەن، تەعدیلی ناونیشانەكە حەتا لـە پـرۆژەی ئەصـڵی نـەهاتووە، كـەس داوای

نەكردووە، ئەمە یەكەم، دووەم: ئێمە مەبدەئێكمان لەیاسا هەیە، ئەڵێین( العبرة بالمقاصد والمعاني ولیس بالالفاظ والمباني) یەعنی گرنگ ئەوەیە یەكێك بزانێت ئەو پڕۆژەیە بۆ سەكەنە، نەك بۆ تەندروستیە، وەكو تر لە مەزموونەكەی دیارە كە شمولی كێ دەكات یان هی كێ ناكات، ئێمە ئەگەر لێرە باسی دەخلی مەحدوود بكەین، كێ تەحدیدی دەكات، دوور نیە بڵێین جەنابی وەزیر تەحدیدی دەكات، باشە جەنابی وەزیر ئەتوانێت حەدێكی وا دابنێت سبەی مەزموونی یاساكە هیچ بۆی نەمێنێتەوە، بەڕەئی من با ئێمە وەكو پەرلەمان خۆمان داخلی ئەو ئیراد و مەسرەفە نەكەین، هەر هاووڵاتیەك ئەگەر هاتو مەرجەكانی لەسەر جێبەجێ كرا، خانووی نەبێت ئیستیفادەی لە سولفە نەكردبێت، زەوی وەرنەگرتبێت خانوویەكی سەربەخۆی نەبێت ئەوە حەقی هەیە، بەڵام دەخلەكە مەحدوود بێت، ئەوە بەچەند مەحدوود دەبێت، ناتوانین ئێمە تەحدیدی ئەو دەخلە بكەین، كە چەند سنووردارەو چەند سنووردار نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو خاڵە لە ماددەی یەكەمی یاسا كۆنەكەدا هاتووە، دەڵێت( تقوم وزارة الاعمار والاسكان ببناء شقق ودور سكنية للمواطنين في اقليم كوردستان لغرض تأمين السكن لمواطني اقليم كوردستان من ذوي الدخل المحدود وتمليكها لهم) یەعنی لەماددەی یەكی ئەصڵی یاساكەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ئاخر نوقتەی نیزامی كاك عومەر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمە امین خدر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا، ڕاستە ئێمە دەستمان كرد بە گفتوگۆ لەسەر خاڵی یەكەم لەڕاپۆرتەكە، بەڵام ئەی لەكوێ قسە لەسەر ناونیشانی یاساكە بكەین، بێگومان لە سەرەتای گفتوگۆ دەبێت قسە لەسەر ناونیشانی بكەین، لێرەش لەناو هۆڵەكەدا زیاتر لە 3 ئەندام پەرلەمان تەئیدی ئەوە دەكەن، یان پێشنیاری ئەوە دەكەن، كە هەمواری ناونیشانی پڕۆژە یاساكە بكرێت بەو شێوەی كە پێشنیارمان كرد، بۆیە لەڕاستیدا لەباری پەیڕەوی ناوخۆ لەباری گفتوگۆوە مەلەسەكە مەسەلەیەكی ئصوڵی ویاساییە، هیچ غموزێكی تێدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

وەكو ڕوونكردنەوەیەك، هەر خەڵكێك ئیمكانیەتی هەبێت ئەوە خانووی هەیە، ئەو شتە بۆ ئەوانەیە كە كەم دەرامەتن، خەڵكەكانی تر خانووی خۆیان هەیە، زەوی خۆیان هەیە، دوایش كۆمەڵێك شت لەماددەی دواتر تەحدید كراوە، دەڵێت شمولی ئەوانە ناكات كە خانوویان هەیە، كە زەوییان هەیە، كە سولفەیان

وەرگرتووە، ئەو ماددەیە زۆر بەوازحی باسی کردووە، لە ئەصڵی ماددەکەش ئەوەی کە کاك فرسەت باسی کرد، پێشنیاری ئەو مەسەلانە نەکراوە بەڕاستی، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی موبەڕیر ئەوە بوو کە ئایا  یاسایەك هەیە؟، یاسا نەکەوتووەتە جێبەجێ کردن، بۆیە کە پڕۆژەی کۆن پێش ئەم تەعدیلاتە هات، حجەی ئەم پەرلەمانە ئەوە بوو کە یاسایەك هەیە، ئێمە ناتوانین یاسایەك بە بڕیارێك جێبەجێ بکەین، چونکە هێزی یاسا لە بڕیار بەهێز ترە، بۆیە لەبەر ئەوە ئەو بیروبۆچوونە هاتە کایەوە، کە مەشروع تەعدیل کرا، کەوتە موناقەشەکردن لەنێوان هەر سێ لیژنەکەدا، ئێمە نەهاتووین ناونیشانەکەی بگۆڕین، ئەگەر بێت و سەیری بابەتەکە بکەین، لەماددەی یەکەم لە ئەصڵی پڕۆژەکە هاتووە، ئەگەر سەیری ئەسباب موجەبەش بکەین، هەر هەمان کات لێرە مەبەست چیە؟، ئەم ماددەی دەخلی مەحدوودە چیە؟ چۆنە؟، وابزانم ئەوە مەعایری هەیە، ئێمە ناتوانین بێین بەتەفاصیل بڕۆین هەموو شتێك دابنێین، خەتی فوقر هەیە، ئیستیفتائات هەیە، ئیحصائیات هەیە، (u.n) و ڕێکخراو وئەوانە لەو ئیشانەدا لە ئێمە شارەزاترن، چۆن ئەزانی ئەمە خەتی فوقرە، موعەدەلی دەخلی فەرد لەساڵێکدا چەندە؟، مانگانە چەند دەبێت؟، بۆیە من هیوادارم ئەوەندە بە تەفاصیل نەڕۆنە ناو بابەتەکە، چونکە مەبەستەکە دیارە ئەوانەی کە دەرامەتیان مەحدوودە، ئەوکاتە ئێمە دەسەڵات دەدەین بە حکومەت وشوێنی پەیوەندیدار، دەتوانن ئەم پەرلەمانە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت ئەو چینانە دەستنیشان بکەن کە دەخلیان سنووردارە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش کە ئەو فەقەرەیەمان ئیزافە کرد، لەدوای موناقەشە لەگەڵ جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە، بەباشمان زانی کە ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت(تلتزم الجهات ذات العلاقة بتأمين الخدمات الاساسية للوحدات السكنية.) ئەندام پەرلەمانێك پرسیاری کرد، ئایا ئەو پارەی دابین کردنی خەدەماتی ئەساسی لەسەر خانووەکە یان شوقەکە حساب دەکرێت، نەخێر حساب ناکرێت، حکومەت مولزەمە بودجەی بۆ تەئمین بکات، بەتایبەتی لەماددەیەك لەماددەکانی پڕۆژەکە ئاماژەمان بەوە کردووە، واتە ڕێگاو بان، کارەبا، مەجاری، ئاو بۆ ئەو مولکانە لە ئەستۆی حکومەتدایە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە بینای دەکات، بینایەکە بە کۆمپلێت تەسلیمی ئەو کەسە دەکات کە وەری دەگرێت دوای دابەشکردنی، سەبارەت بە ناونیشانی یاساکەش، تەبیعی زۆر قسەی لەسەر کرا، ئێمە بە باشمان نەزانی ناونیشانەکەی بگۆڕین، چونکە لەماددەی یەکەم وەك کاك جمال ئیشارەتی پێکرد، بەوازحی دیاری کراوە،

دەرامەتی سنووردار، واتە ئەو کەسانە کێن بە تەعلیمات دیاری دەکرێت، هەندێکی تر دەڵێن ئەو کەسانەی کەهیچ خانوویان نیە، شوقەیان نیە، واتە فەقیرن، ئەو کەسەی کە شوقەی هەبێت یان خانووی هەبێت، ئیعتیبار ناکرێت بە فەقیر یان کەم دەرامەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو موناقەشەیەو ئەو کاتەی کە ئەندامە بەڕێزەکان پێیاندا، بەڕاستی من بەکورتی لەسەر سێ بابەت قسە دەکەم، یەکەم: پشتگیری دەقی ئەو گۆڕانکارییە دەکەم کە هاتووە، دووەم: لەسەر مەسەلەی ئەوەی ئەم یاسایە بۆچی لە ناونیشانەکەیدا وا نەهاتووە؟، تەبیعی غەرەزەکەی زۆر بەوازحی هاتووە، لەماددەی یەکەمدا هەیە، سێیەم: سەبارەت بەجێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئەگەر ئەم یاسایە ئەرکی جێبەجێکردنەکەی دێتە ئەستۆی وەزیری ئاوەدانکردنەوە، ئەو کاتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە مولزەم دەبێت بۆ نەجاحەتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، بێت موتابەعەی جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش دەکات، ئەگینا ئەو پرۆژەیە ئەگەر ئەوانەی بۆ نەکرێت ئەوە بە پرۆژەیەکی فاشیل حیساب دەکرێت، وە ئیعتیبار دەکرێت بەوەی کەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە سەرکەوتوو نەبووە لەجێبەجێکردنیدا، بۆیە پێمان باش بوو کاتێ کەموناقەشەمان کرد، خاڵی سێیەمی بۆ زیاد بکەین، کە جیهاتی مەعنی بۆ نموونە ئاو و مەجاری شارەوانی دەیکات، کارەبا، وەزارەتی کارەبا دەیکات، دوایی ئەوان صیانەی دەکەن، ناکرێت وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەڵبستێت بەو کارانەی کە لەزمنی چالاکی وەزارەتەکانی تردایە، تەنها ئەو ڕوونکردنەوانەم هەبوو، بەڵام ئێمە خۆمان موتابەعەی دەکەین، لەگەڵ وەزارەتەکانی تر بۆ جێبەجێکردنی، بۆیە پشتگیری لێدەکەم، لەو گۆڕانکارییە وەکو ئەوەی کەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

مەسەلەی دەخلی مەحدوود، لە چەندین برگەو ماددەی تر هاتووە، بەڵام چونکە زیاد لە سێ کەس داوایان کرد، ئەگەر هەر لەسەر پێشنیارەکەی خۆیان سوورن ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا کێ دەڵێت ناونیشانە ئەساسیەکەی.. باشە فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من تەوزیحێکم لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیر هەیە، ڕاستە لەچەند برگەیەکدا باسی دەخلی مەحدوود کراوە، بەڵام باسی هاوولاتی کراوە، باسی فەرمانبەریش کراوە، غەیری ئەو دەخلانەش دەگرێتەوە کەواتە هەموو کەسێك مافی هەیە لەو پرۆژەیە سوودمەند بێت، کە وتت هاوولاتی هەموو

کەسێك لە ئێمە مانان و خەڵکی تریش لەهەر ئاستێکدا بێت هاووڵاتیە، لەو ڕوانگەوە پێویست دەکات بەدیقەت قسە لەسەر ناونیشانەکە بکرێت و بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی دواین ڕەئیتان لەسەر ئەو مەسەلەیە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیەتی موشەریع زۆر ڕوون وئاشکرایە، هەتا لەکاتی یاساکەی ژمارە(7)ی ساڵی 2008 کە ئەو یاسایە دەرچوو، بەمەبەستی چی دەرچوو، دابین کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو کەسانەی کەخاوەن داهاتی سنووردارن، داهاتەکەیان سنووردارە، ماددەیەکیش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستەو نیەتی موشەریع دانراوە کە ماددەی یەکەمی یاساکەیە، هەروەها لەماددەی سێش، کە جەخت لەسەر ئەوە کراوە لەڕاپۆرتی هاوبەشیش هاتووە، دووبارە تەئکید لەوە کراوەتەوە، فەرمانبەر بە موتڵەقی نیە، بەشێوەیەکی ڕەها نیە، تەنها ئەوانەی کە داهاتیان سنووردارە، لەهاووڵاتیان وفەرمانبەران و هەموو خەڵك، ئەوانەی کەداهاتی سنووردار بێت ئەوانە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ناونیشانەکەی بگۆڕدرێت بە (للمواطنين ذو الدخل المحدود) تکایە بادەستی بڵند بکات؟ن 26 کەسی لەگەڵدایە، ئێستا کێی لەگەڵدا نیە؟، 27کەسی لەگەڵدایە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا کە وەك خۆی بمێنێتەوە، ئێستا ئاخر صیاغەی ماددەکە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تضاف فقرة بتسلسل (ثالثاً) الى المادة الثانية من القانون ، وكالآتي:

ثالثاً- تلتزم الجهات ذات العلاقة بتأمين الخدمات الاساسية للوحدات السكنية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، 52 کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟ تەنها 1 کەس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

**تعدل المادة الثالثة من القانون وتقرأ كالآتي:**

**يشترط على طالب التملك:**

1 - **ان يكون من مواطني إقليم كوردستان-العراق وساكناً فيه.**

2 - **ان لايملك شقة أو دار سكنية على وجه الاستقلال.**

3 - **ان لايكون مستفيداً من اي مشروع سكني آخر في الإقليم.**

4 - **ان لايكون مستفيداً من السلفة العقارية المقدمة من حكومة الاقليم.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

**جەنابی وەزیر ڕەئی جەنابتان.**

**بەڕێز كامەران احمد(وەزیری ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ دەقی پێشنیار كراوم كەهاتووە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

**ئێستا كێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات ناوتان دەنووسم لە ئەخیرەوە تكایە ناوتان بڵێن، شەونم خان، فەرموو.**

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت ئەم بڕگەیەوە دوای ئەو سێ خاڵەی كە هەیە، پێم باشە خاڵێكی تر لێرەدا ئیزافە بكرێت، بۆ نموونە من خانوویەكم هەیە، كە بزانم بەدەرچوونی ئەم قەرارە، دەچم خانووەكەم دەفرۆشم، بۆ ئەوەی سوودمەند بم لەم پرۆژەیە، ئینجا هەدەفی ئەم پرۆژەیەش ئەوەیە كە هاووڵاتی كەم دەرامەت ئیستیفادەی لێ بكات، ئەگەر بكرێت لێرەدا پێم باشە لیژنەی یاسایی صیاغەیەك بۆ ئەوە بدۆزنەوە، ئەگەر قسەكانمیان بەباش زانی، صیغەیەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو كەسە لە فەترەیەكی زەمەنی موعەیەندا، پێش دەرچوونی ئەم قەرارە شوقەیەكی نەبووبێت، موڵكێكی نەبووبێت فرۆشتبێتی، دوای ئەوە بەنیسبەت بڕگەی چوارەمیشەوە، كە دەڵێت(ان لایكون مستفیداً من السلفة العقاریة) ئەوەش وازح نیە، بۆیە تەوزیحاتێكی لەسەر بدرێت، چونكە وەرگرتنی سولفەی عەقاری بەچەند جۆرێكە، بۆ چەند جۆرێك بەكارهاتووە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل( جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

**كاك عومەر عبدالرحمن، فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە لەم ماددەیەدا فەقەرەی چوارم ئیزافەیە کە دەڵێت، (ان لایکون مستفیداً من السلفة العقاریة المقدمة من حکومة الاقلیم) جائیزە سولفەی عەقار وەرگیرابێت بۆ یەکێك کە خاوەنی زەوی بێت و زەوییەکەی لە میراتی بۆ مابێتەوە، یان وەختی خۆی کڕیویەتی 20 ساڵ لەمەو پێش، 10 ساڵ لەمەو پێش سولفەیەکی عەقاری بۆ وەرگرتووە، لەبەر نەبوونی و ئیحتیاجی لەوانەیە فرۆشتبێتی، ئێستا نەخانووی سەکەنی هەیەو نە دەخلێکی باشی هەیە، بەڵام کاتێ کە داوای لێدەکەن بۆ ئەوەی تەسجیل بکات بۆ ئەم وەحدە سەکەنیە، ئەڵێن تەئیدێك بێنە، بانقی عەقاری تەئیدێك ئەدات، ئەڵێت ئەمە سولفەیەکی وەرگرتووە لەساڵی 1995، بۆ نموونە، بەڵام کابرا لە ساڵی 2000 لەبەر نەبوونی خانووەکەی فرۆشتووە ئێستا هیچ شوێنێکی نیشتەجێبوونی نیە، فەرمانبەرە، مامۆستایە، دەخلێکی مەحدوودی هەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو فەقەرەی چوارە لێرەدا هەڵبگیرێت، تەنها بە فەقەرەی سێیەم ئیکتیفا بکرێت، بنووسرێت (ان لایکون مستفیداً من ای مشروع سکني آخر او قطعة ارض في الاقلیم)، کە تۆ وشەی موستەفیدت هێنا بەمانای قانوونی موتڵەق، موستەفید هەر موستەفیدە لە حکومەت جا چ لەخانوو بێت، یان زەوی، یان سولفەی عەقاری بێت، ئەوە بەنەسی قانونی پێی دەوترێت موستەفید، ئیتر پێویست ناکات ئێمە ئەم خاڵە بڵێینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

گەشە خان، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارة ئیَمة مةبةستمان دابین کردنی شویَنی نیشتةجیَبوونة بۆ هاووڵاتیان بةشیَوةیةکی طشتی، بةلآم خۆی بیرۆکةی هةموارکردنی ئةم یاسایة لةوةوة هاتووة کة ثرۆذة بریاریَك ثیَشتر هةبوو بۆ خةلَکی کةم دةرامةت، بةراستی ثیَویستة لةمةرجةکانیشدا ئیَمة زۆر ثیَ لةسةر ئةوة دابطرین، کة حکومةت دةستی لةوةدا کراوة بیَت کة کیَیة خةلَکی کةم دةرامةت، لیَرةدا لة برِطةی دووةم مـن ثشتطیری قسةکانی شةونم خان دةکةم، کة ثیَویستة ئیَمة تةئریخیَك دابنیَین بۆ ئةوةی کة دةلَیَت(ان لایملك شقة أو دار سکنیة علی وجه الاستقلال.) یةعنی رِةنطة خةلَکانیَك هةبیَت لةدوای دةرضوونی ئةم یاسایةوة، شوقةکةی یان خانووةکةی بفرۆشیَت بۆ ئةوةی موستةفید بیَت لةمةدا، بۆ ئةوةی ئیَمة بتوانین رِؤحی یاساکة جیَبةجیَ بکةین، ثیَویستة رِیَطة نةدةین کة یاساکة بةشیَوةیةکی تر بیَت، بةو شیَوةیة بیَت لةدوای دةرضوونی ئةم یاسایة یان میَذوویةکی بۆ دابنیَین کة رِیَطة لةو خةلَکانة بطرین کة نةبنة هۆکاری ئةوةی خةلَکانی فةقیر و هةذار سوودمةند بیَت لةم ثرۆذةیة، زۆر سوثاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی دووەم لەخاڵی دووەم تێبینیم هەیە، کە دەڵێت ان لایملك شقة أو دار سكنية او قطعة ارض سكنية) ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئێمە بۆ دەخلی مەحدوود و بۆ خەڵکی هەژار ئەم یاسایە دەردەکەین، من قسەم لەسەر خاڵی سێیەمە ئەوەی کاك عومەر باسی کرد، ئێستاش لەحکومەتی هەرێم کار بەوە ئەکرێت مەسەلەن فەرمانبەرێك، خەڵکێکی دەخل مەحدوود لە ساڵی 80 کان یان 90 ەکان موستەفید بووبێت بە پارچەیەك زەوی یان شتێکی تر، بەڵام لە نەبوونیدا فرۆشتوویەتی، ئێستا کە موراجەعەی دەوائیرەکانی دەوڵەت ئەکات بە موستەفید حساب دەکرێت، بەڵام نیەتی موشەریع، نیەتی ئەم پەرلەمانە، لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ خزمەتکردنە بەخەڵکی هەژار، بەخەڵکی کەم دەرامەت، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم بۆ لیژنەی یاسایی و ئاوەدانکردنەوە لەخاڵی سێیەمدا تەحدیدێك یان حەلێك بۆ ئەوانە دابنێن کە خەڵك هەیە لە ساڵی 90 ەکان خانوویەکی هەبووە لەهەژاریدا فرۆشتوویەتی ئێستا لە کرێچیدایە، ئەگەر بەپێی ئەم یاسایە بێت شمولی ناکات، بۆیە دەبێت چارەسەرێکی یاسایی بۆ ئەمە بدۆزینەوە، بەپێی ڕێنمایی وەزارەت بێت یان لەیاساکەدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەبەست لەم یاسایە کە ئێمە دەمانەوێت بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوەو حکومەتیش پێی باشە، ئەوەیە کە یارمەتی خەڵکی کەم دەرامەت و هەژار بدرێت، لەبەر ئەوە من ئەو چوار مەرجەی کەدانراوە هەموویم پێ باشە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت، کە بریتی بێت لەوەی پێش ساڵێك کڕین و فرۆشتنی بەهیچ خانوو و زەوییەك نەکردبێت، لەهەمان کاتدا بەو پێنج خاڵەی کەبۆمان زیاد کرد، بەو پێنج مەرجە نابێتە هۆی ئەوەی کەبۆ خەڵکی کەم دەرامەت بێت، لەهەمان کاتدا پێویست بەوە ئەکات، کە لیژنە لەشارەکان دروست ببێت لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو فەرمانگە پەیوەندیدارەکان وشارەوانیەوە، بەتایبەتی لەسەرەتادا بۆ ئەو کەسانە بێت کە ئێستا زۆر کەم دەرامەتن و لەبینا حکومیەکاندا دەژین و وەزعیان خراپە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، نیشتمان خان، فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم من لەگەڵ ئەو مەرجانەم کە تێیدا دیاری کراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا، پشتگیری لە قسەکانی هاوکارانم دەکەم، کە پێویستە لیژنەی تایبەت دروست بکرێت بۆ دەستنیشان کردنی خەڵکی کەم دەرامەت، چونکە هەموو ئەو مەرجانە ئەو خەڵکە کەم دەرامەتانە ناگرێتەوە، ئەم لیژنەیەش لە وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان دروست بکرێت، وە خەڵکی موستەحەقی تێدا دیاری بکرێت، وەشتێکی تریش هەیە، ئێمە هەموومان دەزانین لە ساڵانی 90 و دوای 90ەکانیش خەڵکێکی زۆر پارچە زەوی وەرگرتووە، بەڵام زۆر پارەیەکی کەمی کردووە، هەبووە بە 2 هەزار دیناری سویسری داوە، بۆیە پێم باشە ئەوانە نەخرێنە ناو ئەو بابەتانەی کە موستەفید بووبن، لەبەر ئەوە خەڵکێکی زۆر زۆرمان لەو بابەتانە هەیە، بۆیە پێم باشە ئەوانەش بە موستەفید حساب نەکرێن، ئەگەر خەڵکی کەم دەرامەت و فەقیر بن لەم پرۆژەیەدا سوودمەند ببن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

شیلان خان، فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئارمانجا هەموار کردنا ڤێ یاسایا ئەو ژی بۆ دابین کرنا جیهێ ژیانێ بۆ خەڵکێ کەم دەرامەت، مخابن ئیل پێناسێ دانەهات و دەنگی زۆری نەهینا، مەراما کو ئەو نەڤارۆکە وێدا هاتی ماددە دوێ، بەس ماددە دوێ هەروەسا نە ئەو مەرجەی کە هاتین، نە خەڵکێ کەم دەرامەت بە تەنێ گرێتن، بەلکی هەنە شوقە نینە، یان نە خانی نینە، یان نە موستەفیدە سولفە عەقاری پێشتر، بەس مانای ئەوە نینە ئەو کەسە کەسەکی کەم دەرامەتە، بەلکی موەزەفێکە هەیڤانە چەند ملیۆنێك وەردەگری، یانیش خودان ئۆتۆمبێلە، ئۆتۆمبێلێت چەند هەزاری، یان ژی زەوی هەیە، یانیش رەصیدەکی بانکی هەیە، ئەرێ بەس ئەڤە کو هەندێ ماددەی دی ئیزافە بکەن، کو بەستنێ تەحدید بێتە کرنێ بۆ کەسب کرنێ ئەوی کەم دەرامەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، بەڕێز شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت ماددەی دووەم، بەڕاستی ماددەیەکی زۆر هەستیارە، وە ئێمە دەمانەوێت خزمەتی خەڵکی کەم درامەت بکەین، لەبەر ئەوە هەر بەڕەئی من ئەوە بگەڕێنینەوە بۆ وەزارەت بە ڕێنماییەك دەری بکات، بەڕاستی چونکە ئێمە لێرەدا حەتا باسی خێزاندار و ئەوەی کە خێزانی نیە ئەوەشمان نەنووسیوە، ئەمان وتووە ئەو کەسانە ئێمە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا 80 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە دەستەی وەبەرهێنان کرا، وە 22 هەزاری صندوقی نیشتەجێبوون بوو بۆ ئەو خەڵکەی کە کەم دەرامەتە، بەڵام کە سەیرت دەکرد باوکێك ئەهات لەبەر ئەوەی ئیمکانیەتی هەبوو، بەعزە مەرجێکی تێدا بوو کە خێزاندار نیە، ئەچوو بۆ کوڕەکانی ئەکڕی و هەمووی داخرا بوو ئەیاندا بەکرێ، لەبەر ئەوە ئەو پڕۆژەی ئێمە ئەو هەدەفەی نەپێکا، ئەگینا وەبەرهێنان ئیشی خۆی بەباشی ئەنجام دەدا، بۆیە بەڕەئی من ئەم مەرجانە چەند دابنێیت ئەوە خەڵکانێك هەیە ئیستغلالی ئەکات، بەڕەئی من ئەوە بگەڕێنینەوە بۆ وەزارەت و جەنابی وەزیر بەنیزامێك خاڵ هەیە، ڕیزبەندی بکرێت، وە خۆشی لیژنەی هەیە، لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ وەزارەتەکانی تر کە بەڕاستی ڕێژەی خەڵکی بێکارو کەم دەرامەتیان لایە، بگەڕێنەوە بۆ ئەو کارانە باشترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**دکتۆر سەروەر، فەرموو.**

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن باوەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من بەشێکی زۆر لەقسەکانم کرا، وێڕای پشتگیری هاوکارانم کە قسەی ئەوەیان کرد، لەبنەڕەتدا ئەم یاسایە هەرچەندە سۆزان خان باسی کرد، بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوونە بۆ دانیشتوان، بەڵام تێیدا ئەولەویەت بەوانە بدرێت کە کەم دەرامەتن، بۆیە تا ئەمە ورد تر بکرێتەوە کەم دەرامەت کێن پێم وایە هێشتا کەمە، سەبارەت بەخاڵی دووەم کە هاتووە، دەڵێت( شوقە یان خانووی نیشتەجێبوونی نەبێت) ئێمە نموونەمان زۆرە لەو حاڵەتانەی کە خانوو یان شوقەی نیشتەجێبوون دەستنیشان کراوە بۆ خەڵکانێك کە ئەو مەرجانەی تێدا بووە، بەڵام پێشتر چوون خانووەکەیان فرۆشتووە، یان بەناوی کەسێکی تری، کوڕێکی، یان برایەکی یان هەر کەسێکی تری کردووە، بۆ ئەوەی ڕێگا لەوە بگرین منیش ئەو بیروڕایەم پێ باشە، کە بتوانین هیچ نەبێت ئەوەی بۆ زیاد بکەین کە کاتێکی بۆ دابندرێت، بۆ نموونە دوو ساڵ پێش ئەمە خانوو یان شوقەی بەناو نەبووبێت، یان سێ ساڵ من ئەوەم پێ باشە کە کاتێك دیاری بکرێت، خاڵێکی تر کە گرنگە لێرەدا جێگای بکرێتەوە بەنیسبەت خاڵی سێیەم و چوارەم، کە دەڵێت سوودمەند نەبووبێت، لەهیچ مەشروعێکی سەکەنی لەهەرێمدا، ئەوەی تریشیان پێشینەی خانووبەرەی وەرنەگرتبێت، ئەمە ڕاستە بەڵام خاڵێك دێنینە بەرچاو ئێمە لێرەدا حەقە ئافرەتانی بێ هاوسەر لەبەرچاو بگرین، جا نازانم ئەوە**

بەڕێنمایی موعالەجە دەكرێت یان لێرە بەخاڵێك چارەسەر دەكرێت، چونكە هەر ژن و پیاوێك ئەگەر هاتبێت وپێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتبێت و دوایی لێك جیا بووبنەوە، ئەمەش لەسەر ژنەكە بەهەمان شێوە پەیوەستە بە منداڵێكەوە كەزۆر حاڵەتی وامان هەیە، كە ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونیان نیە، بەڵام لەرۆژگارێك سوودمەند بووە، بۆیە ئەمە لێرەدا نایگرێتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەكەم لەمەشیاندا ڕێگا چارەیەك بۆ ئەوەش بدۆزرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەخوێندنەوەی ئەو چوار مەرجەی كەدانراوە ئێمە تێدەگەین كە شەریحەیەكی گرنگی خەڵكی كوردستان ناتوانن سوودمەند بن لەم یاسایەی كەلەپەرلەمانی كوردستانەوە دەردەچێت، كە ئەویش خەڵكی ناوچە دابڕێندراوەكانن، ئەو خەڵكانە لەڕاستیدا ئەتوانین بڵێین زۆرینەیان مەحرومن لەو دەستكەوتانەی كە هەم لەڕێگای حكومەتی ئیتیحادی هەم لەڕێگای هەرێمی كوردستانەوە دەردەچن، بە خوێندنەوەیەكی واقیعیش بێت دەردەكەوێت كە خەڵكی ئەو ناوچانە، ئیلتزامی گەورەیان بەسەر ئێمەوە هەیە، كە زۆرینەیان خەڵكی كەم دەرامەتن، بۆ بیرهێنانەوەش لەپەرلەمانی كوردستاندا بەتێكڕای دەنگ هەڵوێستی ئەم پەرلەمانە وە خەڵك سەبارەت بە پشتیوانی خەڵكی ئەو ناوچانە لەهەموو بوارەكاندا تەسبیت كرا، بۆیە ئومێد دەكەم كە لەم یاسایەوە ببێتە بنەمایەك بۆ ئەو یاسایانەی تر كە پەیوەندی بە هاوكاری كردنی خەڵكی كوردستانەوە هەیە لەبوارە جیاجیاكاندا كە پەرلەمانی كوردستان هەڵوێستی لەبارەوە دەربڕیوە، وە پرۆژەیەك هەیە بەڕێز سەرۆكی كۆمار و سەرۆكی هەرێم وحكومەتی هەرێمیش دیراسەتی دەكەن، من تێدەگەم لە بابی دەستووریەوە موعەوەقات هەیە بۆ ئەم پرسە، بەڵام ناكرێت ئێمە لە 100٪ دەستمان بە چمكی دەستوورەوە بێت، لەم مەجالانەدا نەتوانین دەستی هاوكاری بۆ خەڵكی ئەو ناوچانە درێژ بكەین كە ڕۆژانە بەرامبەر نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و گرفتی تەندروستی و پەروەردەیی و زۆر بواری تردا ئەناڵێنن، بۆیە پەرلەمانی كوردستان چی تر نابێت لەم مەسەلانە ئەوەی پەیوەندی بە دابین كردنی شوێنی نیشتەجێبوونەوە هەیە، بۆ خەڵكی ئەوێ وە بۆ گەڕانەوەی تەوازن لەو ناوچانەدا، ئەم پرۆژەیە بكرێتە بنەمایەك بۆ هاوكاری كردنی خەڵكی ئەو ناوچانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، ژیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری کاك سالار دەکەم، کەپێویستە ئێمەش خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان لەیاد نەکەین، وە خۆمان بەخاوەنی ئەوان بزانین، سەرەڕای خراپی باری ئەمنیان و ئەو دڵە ڕاوکێیەی کە تێیدا دەژین، فەقیرو هەژاریشن، کە زیاتر میللەتی کورد دانیشتوانی ئەو ناوچانەیە کە کەم دەرامەت و فەقیرن، بۆیە منیش پشتگیری کاك سالار دەکەم، ئەبێت جێگایەکیش بۆ ئەوان بکرێتەوە لەم یاسایەدا، وە پشتگیری گەشە خان و شەونم خانیش دەکەم، کە لەدوای دەرچوونی ئەم یاسایەوە هەرکەسێك خانووی فرۆشت یان زەوی فرۆشت شمولی ئەم یاسایە نەکات، چونکە تا خەڵکی هەژار لەم یاسایە سوودمەند بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، بەفرین خان، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەرەتا من بە پێویستی دەزانم کە پرسیارێك ئاڕاستەی جەنابی وەزیر بکەین، کە ئایا پێداویستی هەرێمی کوردستان بۆ دابین کردنی یەکەی نیشتەجێبوون وشوقە، بەپێی ئەم مەرج و بەستانەی لەم یاسای هەموارەدا هاتووە چەندە بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە لەلای جەنابیان هەیە؟، دیارە لە بودجەی ساڵی 2011 ئێمە بڕی 49 ملیار دینارمان دیاری کرد بۆ دابین کردنی یاسای ژمارە (7) ساڵی 2008، بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، دیارە بەو پێیەی کە من بیستوومە، دیزاینی ئەم شتانە تەواو بووە، وەکو قۆناغێکی سەرەتایی نزیکەی 2 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بەڕێگاوەیە، بەپێی ئەو پارەی کە دابین کراوە، بەڵام سەبارەت بەمەرجەکان کە دانراوە، سەرەڕای پشتیوانی کردنم لە هاوکارانم کاك سالار و ژیان خان، ئێمە نابێت بەڕاستی ڕێگە لەکوردستانی بوونی ناوچە دابڕاوەکان بگرین و ئیهمالیان بکەین، هەموومان وەزع و بارودۆخی ئەوان دەزانین، کە حکومەتی مەرکەزیش تەواو ئیهمالی کردوون، لەوەزع و بارودۆخێکی زۆر خراپدان، بۆ ئەوەی ئەوان هەست بەوە نەکەن کە هەرێمی کوردستانیش ئیهمالی کردوون یان پشتگوێی خستوون، من پێشنیار دەکەم ڕێژەیەکی دیاری کراو لەو یەکانەی کە لەهەرێمی کوردستان دابین دەکرێت ڕێژەیەکی دیاری کراوی بۆ ناوچە دابڕاوەکان بێت، دیارە یەکێك لەمەرجەکانی تر ئەوەیە کە نابێت ئەو کەسە سوودمەند بووبێت لە سولفەی عەقار، بەڵام دیارە لەوانەیە زۆر کەس سولفەی عەقارەکەی وەرگرتبێت، لەلایەن حکومەتی هەرێمیشەوە

نەبێت لەلایەن رژێمی پێشوو وەری گرتووە، بەڵام ناچاری وای لێکردووە، کە ئەو یەکەی نیشتەجێبوونەی کە دروستی کردووە بیفرۆشێتەوە، بۆ ژەمێك نان یان بۆ فەردەیەك ئارد یان بەرمیلێك نەوت وای لێهاتووە خانووەکەی بفرۆشێتەوە، تاکو ژیانی خۆی دابین بکات، هیچ کەسێك ئامادە نیە کە یەکەی نیشتەجێبوونی هەبێت و ژیانێکی شایستەو شەرەف مەندانەی هەبێت بێت داوا بکات یەکەی نیشەجێبوونی بۆ دروست بکرێت، بۆیە من داواکارم ئەو مەرجە هەڵبگیرێت، سەرەڕای ئەوەی مەرجی یەکەمیش بەهەمان شێوە کە دەڵێت( لەهاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت و لێی نیشتەجێ بێت) بۆ ئەوەی کوردانی ناوچە دابڕاوەکانیش سوودمەند بن لێی، لیژنەی یاسایی بتوانن بەجۆرێك ڕێکی بخەن کە ئەوانیش سوودمەند بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

دیارە جەنابی وەزیر تەوزیحاتی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت یەك تەوزیح بدەم لەسەر ئەوەی کە یەکەم: باس لەوە دەکەین کە با ئەو توێژە بیگرێتەوە ئەوەیان بیگرێتەوە، یان ئەو تەعلیماتە وای لێ بێت، بەڕاستی ئەگەر ئێمە پێداویستیەکانی ئێمە لەخەڵکی خاوەن دەرامەتی سنووردار تەنها 10 هەزار کەس بێت و ئێمە ئەمساڵ بڕیارمان دابێت کە 10 هەزار شوقە بکەین، بێین بڵێین با ئەوانە بگرێتەوە یان نەیگرێتەوە، ئێمە بەقۆناغ دەکەین، هەر بەپێی ئەو ئامارە سەرەتاییانەی کە دەستمان کەوتووە، ئێمە لە ئێستەوە تا 5 تا 6 ساڵی تر بەردەوامین لەدروست کردنی شوقە، ساڵی 4 تا 5 هەزار شوقە لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین، هێشتا ناگەینە ئەوەی کە ئەوانەی زۆر زۆر وەزعیان خراپە و پێویستیان پێیەتی بیانگرێتەوە، بۆیە لە ئێستادا بەڕاستی وردکردنەوەی ئەوە بابڵێین ئەوەی کە سولفەی عەقاری وەرگرتووە، با بیگرێتەوە یان نەیگرێتەوە، من پێم وایە خەڵکێکی زۆر هەیە کە ئێمە بەپێی ڕێنمایی تەبعەن ڕێنمایی بۆ دەردەکەین، ڕێنماییەکە هەر حەز دەکەم بنەماکانی جەنابتان بیزانن، ئێمە دانیشتووین ڕۆژی یەك شەممە، لەسەر بنەمای ئەو دانیشتنەی ڕۆژی پێنج شەممە، 27ی مانگ کە لەگەڵ ئەو سێ لیژنە بەڕێزەی پەرلەمان دانیشتین، هەندێك بنەمامان داناوە، وە ڕای هەر سێ پارێزگاکەی تێدا وەرگیراوە، ماوەی 15 ڕۆژمان داناوە تا ڕای ئەوانیشمان دەست دەکەوێت، بۆ بنەماکانی ڕێنماییەکە، دوایی دەگەڕێینەوە بۆ ئەو سێ لیژنە بەڕێزەو عەزێتیان دەدەینەوە، پێکەوە دادەنیشین یەعنی بەهەموومان پێکەوە بنەماکانی ئەو ڕێنماییە دادەنێین، کە پێوەرەکانە، بۆ نموونە یەکێك لەوانە ئایا چەند

**ساڵ كرێچیه؟، ژمارەی خێزانی چەندە؟، ڕاستە كەم دەرامەتـە؟، بـەڵام چـەند سـاڵە كرێچیە، چـونكە ئێمـە ئەگەر بێت ئەم 1000 شوقەیە جێبەجێی دەكەین ئەمساڵ، ئێستا داواكارییەكە ئێستا بیكەینەوە لەوانەیـە 6 تا 7 هەزار داواكاری دەست پـێ بكات، ئـەی چـۆن تەسەلسولی دەدەیـتێ، بۆیـە بەڕاسـتی بـا خۆمـان زۆر موقەیەد نەكەین، بە ئەم پێوەرانەوە، ئەم چوار پێوەرەی كەهەیە، بەڕای من پێم وایە بتوانین ئەوانی تری بە ڕێنمایی دەربكەین، وەكو وتم ئەو ژمارەیە نیـە كـە تـۆ ئێستا پێـی ڕەهـا بیـت، بڵێیـت 10 هـەزار شـوقە دروست دەكەم، ئێمە بەقۆناغ دروستی دەكەین، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

**سوپاس، دكتۆر احمد وەرتی، فەرموو.**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە ئامانج لەو یاسایە ئەوەیە كە قەیرانی نیشتەجێبوون نەهێڵدرێت، بۆیـە لێـرەدا ئـەو مەرجانـەی كـە دانراوە، دیارە بۆ ئەوەیە كە زۆرترین خەڵكی كەم دەرامەت بگرێتەوە، لێرەدا من لەگەڵ ئـەوەدام كـە خـاڵی دووەم، (ان لایملك شقة أو دار سكنیة علی وجه الاستقلال) دیارە بۆ خۆی خاڵەكە خاڵێكی باشـە، كـە نابێـت شوقە یان خانوویەكی نیشتەجێبوونی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام ئایـا هـیچ پێوەرێـك هەیـە؟ چـونكە ئێمـە پێناسەی دەرامەت سنووردارمان نەكرد، ئەو كەسەی كـەداهاتی سـنووردارە، چـونكە داهـاتی سـنووردار بـۆی هەیە كەسێكی فەرمانبەر و كەسێكی تریش كە داهاتەكەی لە یەك حاڵەتدا ڕاوەستاوە، ئەویش هـەر خـاوەن دەرامەتێكی سنووردار بێت، من پێم بـاش بـوو كـە پێناسـە بـۆ  خـاوەن دەرامـەتی سـنووردار بكـەین، وە لـە ماددەی یەكەم نوقتەی نیزامیشم گرت، بەڵام دیارە بوار نەبوو كە قسە بكەم، من پێم باش بوو كـە پێناسـە بكرێـت، لێـرەدا ئەگـەر كەسـێك بـۆ نموونـە كۆمـەڵێك دوكـانی هەیـە، كـە نـە شـوقەیە، نـە خـانووی نیشتەجێبوونە، ئەمە چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو كەسەدا دەكرێت؟، بۆ ئەوەی كە ئەو سـوودمەند بێـت لـەم خانووی نیشتەجێبوونەدا، تەنها شوقەو خـانوونی نیشـتەجێبوون باسـكراوە لـە پرۆژەكـەدا، ئەمـە هیچیان ناگرێتەوە ئـەوەی كـە خـاوەن دوكانەكەیـە، بـۆ خـاڵی چوارەم تەئیـدی ڕەئیەكـەی كاك عومـەر دەكـەم، كـە دەڵێت(ان لایكون مستفیداً مـن السلفة العقاریـة المقدمـة مـن حكومـة الاقلیم) واتـە سـوودمەند نـەبێت لـە سـولفەی عـەقاری كـە لەلایـەن حكومـەتی هەرێمـەوە دەدرێـت، ئـەو خاڵـە لابرێـت پێویسـت ناكـات، تـەنها سوودمەند نەبێت لەهـەر پرۆژەیـەكی تـری نیشـتەجێبوون لەهەرێمـدا، چـونكە ئێمـە هـەر كەسـێك پێشـتر سوودمەند بووبێت، ئێستا نە شوقەی هەیە، نە خـانووی هەیـە، هەژاریشـە، بـە هـەموو پێوەرەكـان هـەژارە،**

تۆش دەتەوێت قەیرانی نیشتەجێبوون نەهێڵیت، بۆچی ئەم کەسە سوودمەند نەبێت، ئەمە یەکەم، دووەم: ئەو کەسانەی کە پێشتر سوودمەند بوون لەسەردەمی حکومەتی بەعس، ئێستا ئەوانە پێیان نادرێت، موشکیلەیەکمان هەیە لەکۆمەڵگا زۆرەملەکاندا، لەکاتی موناقەشەکردنی بودجەشدا نەمانتوانی چارەسەری بکەین، ئەوانە کێشەیان هەیە کاتی خۆی لەگوندەکان بەزۆرەملێیی ڕاگوێزراون، لەکۆمەڵگا زۆرە ملێکان نیشتەجێ کراون، بەئارەزووی خۆیان نەبووە، دواتر دەگەڕێتەوە سەر دێهاتەکەی خۆی، تۆ دەبێت تەشجیعی بکەیت بگەڕێتەوە زێدی باو باپیرانی، گوندەکەی خۆی ئاوەدان بکاتەوە، بۆچی سولفەی نەدرێتێ سوودمەند نەبێت بۆ ئەوەی بتوانین لەو کۆمەڵگایانە بیگەڕێنینەوە بۆ زێدی باو باپیرانی خۆی، بۆیە من پێم باشە تێبینی ئەو حاڵەتانە بکرێت، ئەگەر لە بڕگەیەکدا، یان لەماددەیەکەدا جێگایان بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، دکتۆر سولفە شمولی لادێ و شاریش دەکات، بەس ئەمە مەشروعی سەکەنیە، شوێنی نیشتەجێبوونە بۆ خەڵکەکان، هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە بەڕێز جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەیەکی دا لەسەر ئەوەی کە ئەو پێوەرانە بەڕێنمایی دەربچن، بەڵام من پێم وایە، ئەگەر بکرێت لەیاساکە تەسبیت بکرێت باشترە، بۆ ئەوەی بتوانین بەباشی کاری لەسەر بکەین، یەعنی لەچوارچێوەی یاساکەدا، لەخاڵی سێیەمدا، من پشتگیری لەو هاوکارانەم دەکەم کەباسیان کرد، (ان لایکون مستفیداً من ای مشروع سکنی او فگعە ارچ سکنیە) چونکە بەڕاستی زۆر خەڵك هەیە، زەوی وەرگرتووە ئەو زەوییە ئێستا لەوانەیە 15 دەفتەر یان 20 دەفتەر بکات، یەعنی سوودمەند بووە بەڕاستی لەحکومەت، بۆیە پێویست دەکات کە پارچە زەوییەکەی لەگەڵدا بێت، دەربارەی خاڵی چوارەم ئەویش هاوکارانم زۆر باسیان کرد، مەسەلەی سوودمەند بوون لە سولفەی عەقار، یەعنی هەندێ خەڵك هەیە لە ساڵی 80کان موستەفید بووە، ئێستا لێرە نووسراوە، ئەگەر تەوزیحێك بدرێت لەو بارەیەوە باشترە، چونکە نووسراوە (من السلفە العقاریە المقدمە من حکومە الاقلیم)، ئەگەر لە حکومەتی هەرێم بێت ئەوە دوای ساڵانی 1991 دەگرێتەوە، یەعنی ئەوانە ناگرێتەوە کە لەساڵانی 80کان موستەفید بوون، ئایا ئەوانە دەگرێتەوە یان نا؟، بۆیە باتەوزیحێك بدرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، بێریڤان خان، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی دووەم یەکەی نیشتەجێبوون ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە (ان لایملك شقە او دار سکنیە علی وجە الاستقلال) یەعنی ئەو کەسانەی کە بێ خانوون، بەڵام بەشی دووەم دەڵێت ئەو کەسانەی کە سوودمەند بوون ئەوانە ناگرێتەوە، من چەند هاووڵاتیەك دەناسم کەلەڕابردوو سوودمەند بوون. بەڵام دەستیان کورت بووەو باری ئابووریان زۆر خراپ بووە، هەژار بوون ئەو پارچە زەوییە یان ئەو خانووەیان فرۆشتووە، ئێستا کەم دەرامەتن و بێ خانوون، بۆیە پێویستە ئەوانیش بگرێتەوە، ئەم یاسایە بۆ هەموو کەسێکە کەئێستا خانووی نیە، چونکە ئەرکی حکومەتە کەخانوو دابین بکات بۆ هەموو هاووڵاتیان، کە کەم دەرامەتن وبێ خانوون، هەروەها دەستووریش دەڵێت کە خانوو دابین بکەین بۆ ئەوانە، ئێستاش پرۆژە یاساکە کە دەنگمان بۆداو دەنگی هێنا بۆ ئەوەیە کە یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان دروست بکرێت، مانای ئەوە نیە کەسوودمەند بووبێت یان نەبێت، حالیەن باسی ئەوە دەکەین کە ئەوکەسە بێ خانووەو کەم دەرامەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك ئاسۆ، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانی من کران.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم کۆمەڵێك تەعلیماتە، جێگیر کردنی ئەم تەعلیماتانە گرنگی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی من لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەم، کە ڕۆحی یاساکە ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە ئەوەی کەم دەرامەتە خانووی بۆ دابین بکات، زیاتر فەلسەفەی ئەم یاسایە لەسەر ئەوە ئیش ئەکات کەدابین کردنە، بەڵام ئەمە تێکەڵ ئەکات لەگەڵ ئەو یاسایەی کە بریتیە لە دابین کردنی قەرزی درێژخایەن، یەعنی ڕۆحی هەردوو یاساکە زۆر زۆری فەرقە، ئەمەیان بەشێوەی هیبەیە، شێوازێك لە هیبە بەخۆیەوە دەبینێت بۆهاوکاری کردنی ئەو کەسانەی کە کەم دەرامەتن، لەبەرامبەردا ئەوەی کە تایبەتە بە یاسای قەرزی درێژخایەن، وە ئەو سولفەی عەقارە کە دەدرێت بەخەڵك کە لێرەدا وەکو مەرجێکی زۆر سانەوی دانراوە، بەبڕوای من

ئەمە دەستكاری كردنی ڕۆحی ئەم یاسایەیە، كە ئەوە پێویستە كە وەك پێشتر هاوكارانم وتیان، پێویستە ڕۆحی یاساكە لەسەر بنەمای هیبە بێت، لەسەر بنەمای بەخشین بێت، دابین كردنی ئەو سەقامگیرییە بێت بۆ ئەو خەڵكەی كە خانووی نیە لە هەرێمی كوردستاندا، بەڵام جارێكی تر كە تۆ هاوشانی دەكەیتەوەو پەیوەستی دەكەیتەوە بە سولفەی عەقارەوە، ئەمە جۆرێكە لە قەرز، ئەو هاووڵاتیە زمەی ئازاد نابێت تاكو قەرزەكە دەداتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام كە پێویستە ئەم بڕگەیە هەڵبگیرێت، وەكو هاوكارانیشم بەشێوەیەكی جوان ڕوونیان كردەوە، زۆرجار ئەو حاڵەتە هەیە كە لەدۆخێكدا ئەو كەسە لەبەر كەم دەرامەتی خانووەكەی فرۆشتووە، نەیتوانیوە سوودمەند بێت تا ئێستا، بۆیە با ببێتەوە بەرێگر بۆ ئەوەی ژمارەیەك خەڵك لە خەڵكی بێ خانوو كەم دەرامەت هەیە ئێمە بەم یاسایە بەربەستێكیان بۆ دادەنێین كە نەتوانێت سوودمەند بێت، تەئیدی ئەوەش دەكەم كە پێویستە پێوەرێك هەبێت بۆ مەسەلەی دیاریكردنی كەم دەرامەتی، چونكە بەتەنها مەرجی نەبوونی خانوو یان ئەوەی خانووی بەناوەوە نەبێت، مانای ئەوە نیە كە ئەو كەسە كەم دەرامەتە، دەكرێت كڕین و فرۆشتنی پێوە بكات، دەكرێت كەسێك بێت بەردەوام لەسەفەردا بێت، بەڵام دەخلێكی زۆر باشی هەبێت، بواری ئەوەی نەبێت كە بیكات بەناوی خۆیەوە، بۆیە پێویستە مەسەلەی دەخل دیاری بكرێت، وە پشتگیری ئەوە دەكەم دەخلەكە لێرە وەكو پێوەند لەم تەعلیماتەدا دابندرێت، چونكە بەڕاستی من وەكو ئەندام پەرلەمان موعاناتم هەیە، لەگەڵ ئەو تەعلیماتانەی كە لەوەزارەتەمەعنیەكانەوە زۆرجار دەردەچێت، وە كۆمەڵێك نموونەمان هەیە، وەكو پرۆژەی سولفەی هاوسەرگیری، كە دەمێك دەیان وت هاووڵاتی شمولی دەكات، دەمێك دەیان وت شمولی ناكات، چۆن ئەم پرۆژەیە لێرە بەكۆی دەنگ دەڕوات، تەواوی تەعلیماتەكان لێرەدا جۆرێك لە سنووورداری بۆ بكرێت بۆ ئەوەی زۆر بەئاسانی یاری پێوە نەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەو ڕایە دەكەم كە ئەم ماددەیە پێویستە بمێنێتەوە، چونكە ئەم ماددەیە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو تەعلیماتانەی كە وەزارەت دەری دەكات، وەزارەت كۆمەڵێك تەعلیمات دەردەكات بۆ ئەوەی كە بیسەلمێنێت كێن ئەوانەی كە دەخلیان مەحدوودەو یاساكە شمولیان دەكات، بەڵام ئەم خاڵانەی كە لێرە هەن، گرنگە كە بمێننەوە، بەڵام بە دەستكارییەوە، منیش پشتگیری ئەو ڕایە دەكەم كە بوونی زەوی یان

وەرگرتنی زەوی نەبێتە ڕێگر لەبەردەمی ئەوەی کەخانووی بۆ دروست نەکرێت، چونکە کەسێك هەیە زەوی وەرگرتووە، لەیەکێك لە قۆناغەکانی ژیانیدا زۆر بەهەرزان فرۆشتوویەتی بۆ دابین کردنی ژیانی، داویەتی بە فەردەیەك ئارد، خۆمان ئەوە دەزانین کەکاتی خۆی چۆن بووە وەزعەکە، ئەوەشی کە ڕەنگە پارچەیەك زەوی هەبێت ئێستا بەڵام ڕەنگە لەشوێنێکی دوورە دەست بێت و هەتا ماوە بۆی ناکرێت بەخانوو، با بەهیچ شێوەیەك ئەمە مەرجێك نەبێت لەمەرجەکان، بەڵام دەکرێت ئەوە دواتر بیدرێتێ لە تەسەلسولەکەدا، ئەوانەی کە زەوییان هەیە با تەسەلسولەکەی دواتر بێت، هەروەها پشتگیری ئەوەش دەکەم کە خاڵی چوارەم لابرێت، بەداخەوە ئێستا سولفەی عەقاری بووە بەمەرجێك بۆ شتێك، کە سولفەی عەقاری وەرگرتبێت هیچ شتێك لەم هەرێمە شمولی ناکات، سولفەی عەقار خۆی لە ئەساسدا قەرزە، یەعنی ئەمە نیە کە سوودمەند بێت، قەرزەو دەیداتەوە، ئەمە یەك: دووەم: زۆر هەیە کە سولفەی عەقاریان وەرگرتووە، بەس ئەبێ بپرسین بۆ یەکەی نیشتەجێبوونی نیە؟ کەواتە سوودی لە عەقارەکە وەرنەگرتووە لەبەر هەژاری، بۆیە نەیتوانیوە خانووەکەی دروست بکات، بیجگە لەوەی کە ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواتریش، ئەوانەی کە لە کۆمەڵگا زۆرە ملێکاندا هەن، کاتی خۆی موستەفید بوون لە وەرگرتنی خانوو یان زەوی، بەڵام ئێستا شمولیان ناکات، بەڵام ئەمانە بەزۆرەملێ براونەتە ئەوێ، یەعنی بەخواستی خۆی نەبووە، براوەتە ئەوێ و وەحدەی سەکەنی شمولی ناکات، لەبەر ئەوەی ئەوترێت لەقۆناغێك لە قۆناغەکان سوودمەند بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بەڕاستی گرنگی خۆی هەیە، وەکو هاوکارانم ئاماژەیان پێدا، رۆحی یاساکە لێرەدایە، لەخاڵی دووەم، باس لەوە دەکات، لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دەڵێت(ان لایملك شقة أو دار سکنیة علی وجه الاستقلال) ئێمە دەڵێین جاری وا هەیە، مرۆڤی کەم دەرامەت خانووی هەیە، بەڵام خانووەکە مولائیم نیە بۆ سەکەنی، خانوویەکی قوڕە، مرۆڤی وا هەیە کە 8 سەر خێزانن، لەخانوویەك دەژین کە 50 مەترە، یەك ژووری تێدایە، ئایا ئەم یەك ژوورە بۆ 8 سەر خێزانەکە دەشێت، بۆیە من ئیقتراح دەکەم کە بڵێین (ان لایملك شقة أو دار سکنیة ملائمة) یەعنی مولائیم بێت لەگەڵ واقیعەکەی خۆی، خاڵی سێیەم وچوارەم، بەلای منەوە زۆر لەیەکتری نزیکن، بۆیە دەکرێت لێك بدرێن، بکرێت بەیەك خاڵ، ئەو (ان لایکون

مستفيداً) ئەوە لە هەردوو حاڵەتدا نەمێنێت، وای لێ بکرێت، ( ان لايكون مستفيداً من اي مشروع اخر او من السلفة العقارية المقدمة من حكومة أقليم كوردستان) بەمە هەردوو خاڵەکە لێك دەدرێن و دەبێت بەیەك خاڵ، خاڵێکی تری بۆ ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی کەوا خەڵکانێك ئیستیفادە لەوە نەکەن بچێت یەکسەر خانووەکەی خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی بێ خانوو بێت و بچێت داوا بکات، تا ساڵێك یان دوو ساڵ پێشتر موعامەلەی کڕین و فرۆشتنی نەکردبێت، جەنابی وەزیر ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم پرۆژانە بەردەوام دەبن، هەروەها دیارە نەخشەتان هەیە بۆ ساڵانی داهاتووش، لەماددەکانی یاساکەشدا وا دیارە کە ئەم پرۆژەیە بەردەوام دەبێت، کە بەپشتیوانی خوای گەورە بۆ ماوەی چەند ساڵێکی داهاتوو وا دەکرێت کە لەکوردستان کرێچی نەمێنێت، کەواتە مادام بەردەوامە با ئێمە دەست پێبکەین بەوانەی کە زۆر زۆر موحتاجن، بەڵێ ڕاستە ئەوانەی کەچەند ساڵ لەمەو پێش سولفەی عەقاری وەرگرتووە، یان پارچە زەوییەکی هەیە با شمولی ئەوانیش بکات، منیش ڕام وایە کە ئێستا شمولی ئەوانە نەکات، ئێستا شمولی ئەوانە بکات کە زۆر موحتاجن، کە نەسولفەی وەرگرتووە، نە زەویشی هەیە، بەڵام دەکرێت پاش دوو، سێ ساڵی تر کە ڕێژەی ئەوانە کەم بوویەوە ئەمە تەعدیل بکرێتەوە، جا بۆ ئەوەی یاساکە تەعدیل نەکرێتەوە، من پێم وایە ئەوانە ببێت بە تەعلیمات و ڕێنمایی وەزارەت، لەبەر ئەوەی وەزارەت پاش دوو، سێ ساڵی تر ئەتوانێ ڕێنماییەکانی خۆی دەستکاری بکات، بەڵام ئێمە دوو ساڵ جارێك بێین ئەم یاسایە هەموار بکەینەوە ئەمە زەحمەتە، بۆیە من پێم باشە کە ببێت بە تەعلیمات، ماددەکە وای لێ بکرێت، بڵێین لەسەرەتای ماددەکە، ( تحدد شروط طالب التملك بتعليمات تصدر من الوزارة) ئەمە هەمووی بەتەعلیمات دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئێمە ئێستا لە موناقەشەی ماددەیەکداین کە لە ئەصڵی مەشروعی یاساکەدا هاتووە، بەس تەنها فەرق ئەوەیە لەیاسا ئەصڵیەکەدا پێشەکیەك هاتووە، لەگەڵ دوو خاڵدا یەکەم و دووەم، لە ئەصڵی مەشروعەکەدا دەڵێت(يشترط على مقدم طلب التملك ان لايملك شقة او دار سكني على وجه الاستقلال او ان لايكون استفاد من: اولاً: اي مشروع سكني اخر في الاقليم، ثانياً: السلفة العقارية المقدمة من قبل حكومة الاقليم) لێرەدا خۆمان خستووەتە حاڵەتێکی عاتفی زۆر سەیرەوە، لەهەندێ حاڵەت بۆ هەندێ کەس (ارحم

الراحمين) بۆ هەندێکی تریش(شدید العقاب)ئەمە یاسا بەو شێوەیە دانا ندرێـت، ئـەبێت ئێمـە ڕا گشتیەکە دروست بکەین، یاخود بڵێین بەرژەوەندییە گشتیەکە دروست بکەین، بەرژەوەندییـە گشتیەکە لەکوێدایـە؟، کۆمەڵە هەیە کەناوی کۆمەڵەی کرێنشینەکانە، کۆمەڵەی کرێنشینەکانی هەرێمی کوردستان، ئاماری لایە کە چەند کەس کرێنشینە، سەبەبەکەشی نەنووسـیوە کـە ئەمـە لەپێشدا خـانووی هـەبووە، زەوی وەرگرتـووە، عەقاری وەرگرتووە، وەری نەگرتووە، موستەفید بووە یـان موسـتەفید نـەبووە، بـەڵکو لـەحاڵی حـازردا ئـەو کەسانە کرێچین، ئەوەی کە من لێی تێگەیشتووم نزیکەی 70 هەزار کەسیان لا نـاونووس کـراوە، وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە دەبێت لەدوای دەرچوونی ئەم یاسایە، دەست کراوە بێت، بۆ دەرکردنـی کۆمـەڵێك ڕێنمـایی، لـەو ڕێنماییـەدا تەحدیـدی ئـەوە بکـات، جـارێ دەسـت پێبکـات خـەڵکی کرێچـیمان هەیـە، ڕاسـتە هەیـە خانوویەکی هەیـە، بچووکە، قـوڕە، تاقـە ژوورێکـە 8 سـەر خێزانـی تێـدا دەژی، بـەڵام هـی خۆیـەتی، بـەڵام خەڵکمان هەیە کرێچیە هەموو ڕۆژێك خاوەن خانووەکە دەچێتە سـەر سـەری و سعری مانگانـەی بـۆ زیـاد دەکات، کرێکەی بۆ زیاد دەکات، کـابرا فەرمانبـەرە پارەکـەی بەشـی ئـەو هـەموو زیـاد بـوونی کرێیـە ناکـات، یەعنی نا مەعقولە زیاد بـوونی کـرێ لەهـەرێمی کوردسـتاندا، شـوقەی وا هەیـە گەیشـتووەتە 2800 دۆلار، ئاخر کە ئەوە زیادی کرد خانووی ئاسایش زیاد دەکات، بۆیـە مـن ڕەئـیم وایـە تـەعلیمات بـەجێبهێڵین بـۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەرەچاو کـردن یـان بەهەماهـەنگی کـردن لەگـەڵ سـەرۆکی یەکـە ئیدارییـەکان و پارێزگارەکان و کۆمەڵەی کرێنشینان بۆ ئـەوەی ئـەوانیش بـەپێی ئـەو ئامـار و فۆڕمانـەی کـە خـەڵك لـەلای ئەوان خۆی ناونووس کردووە بەو پێیە بتوانێت دەستکراوە بێت لە تەحدیدی مـەعایری پێشکەش کردنـی خانوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، پەروین خان، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان دیارە ئەم پڕۆژەیە بۆ خزمەتکردنی کەسانی کەم دەرامـەت و هـەژارە، ئێمـە کـەباس لـەهاووڵاتیان دەکـەین دیـارە هاووڵاتیـان سـەرجەم دەگرێتـەوە، جـا ئـەوەی موسـتەفید بـووە یـان نـەبووە، ئێمـە جـاران خەڵکمان هەبووە، دیارە پارچە زەوییەکی وەرگرتووە، بەڵام بەهۆی کـەم دەرامـەتی و نـەبوونی ژیـان ناچـار بووە ئەو پارچە زەوییە بفرۆشێتەوە تـا بتوانێـت ژیـانی خـۆی دابـین بکـات، دووەم شـت بەنیسـبەت خـاڵی چوارەم کە دەڵێت( ان لایکون مستفیداً من السلفه العقاریه المقدمه من قبل حکومه) ئێمە خەڵکمان هەبووە

لەزەمانی ڕژێمدا دیارە پارچە زەوییەکی وەرگرتووە، لە سلفە عەقارەکەش موستەفید بووە، بەڵام دیسانەوە بەهۆی کەم دەرامەتی خۆیەوە هەستاوە بەفرۆشتنی خانووەکە، ئێستا کەوتووەتە خانووی کرێچیەوە، ئەی بۆ ئەوانە چی ڕێنماییەك دەردەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە، باسی ئەوە زۆرکرا کە ئەم ماددەیە ڕۆحی ئەم یاسایەیە، منیش لەگەڵ ئەوەدام، چونکە ئێمە لێرەدا هەندێ پێوەر دادەنێین کە بەپێوەری سەرەکی دادەندرێت، چونکە دەبێت دەستنیشانی بکەین کە چ فیئەیەك دەتوانێت زۆرترین کەس بێت کە ئیستیفادە لەم یاسایە بکات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام هەرچەند بێت ئەو خاڵە سەرەکیانە یاخود ئەو پێوەرانە دیاری بکەین، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە کێن کە دەرامەتیان سنووردارەو حسابی بۆ ئەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت زیاترین کەس یاخود ئەو فیئەیەی کەهەموومان دەزانین لەهەموو خەڵك کەم دەرامەت ترن، وەزیاترین موعاناتیان هەیە، بتواندرێت ئەو کەسانە زیاتر ئیستیفادەی لێ بکەن، بۆیە بەڕاستی ئەم پێوەرانە لێرەدا بەیاساکە دابندرێت، بەڵام ئەگەر هاتو وەکو ئەوەی جەنابی وەزیر باسی کرد، ئەو خەڵکەی کە لەژێر هێڵی هەژاریدان، ئەگەر هاتو ئەوانە جێگایان بۆ دابین کرا، ئەتواندرێت ئەم یاسایە تەعدیل بکرێت و هەندێ دەست کراوەتر بین لەوەی کەوا تەعلیماتەکانی بۆ دادەندرێت، من دێمە سەر خاڵەکان، لەیەکەم خاڵەوە دەست پێدەکەم، کە دەڵێت(ان یکون من مواطني إقليم كوردستان-العراق وساكناً فيه) بەڕێزینە بەپێی ماددەی 18 لەدەستووری عێراق، یەکەم دەڵێت( الجنسية العراقية حق لكل عراقي وهي اساس المواطنة) ئەگەر هاتو جنسیەی عێراقی بەپێی دەستوور مواتەنە بوو، ئەی لێرەدا مانای هاووڵاتی هەرێمی کوردستان، چۆن دەبێت، تۆ چۆن پێوەری مواتەنە لێرە دیاری دەکەیت؟، بۆیە من حەز دەکەم لەسەر ئەوە ڕوونکردنەوەیەك بدرێت، پاشان دێمە سەر ئەوەی کەوا بەڕێزان زۆر باسیان کرد، منیش پشتگیری ئەوە دەکەم، کەوا (ان لايكون مستفيداً من اي مشروع سكني وقطعة ارض) لەبەر ئەوەی دەزانین خەڵکێکی زۆر هەبووە ئیستیفادەیان لە زەوی کردووە، با ئەوانە بکەونە مەرحەلەیەکی ترەوە، بائەوەش ببێت بە پێوەرێك بۆ ئەوەی کەوا بەربەست بێت بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەیانەوێت موستەفید بن لەم پرۆژەیەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیەی کەتایبەتە بە مەرجەکانی ئەو کەسانەی کەمافیان هەیە داوای ئەو جۆرە یەکە نیشتەجێبوونانە بکەن، کە حکومەت دابینی دەکات بۆ کەم دەرامەتەکان، مەرجی سەرەکیمان هەبوو کە لەماددەی یەکەم، کە ماددەیەکی تایبەتمان بۆ تەرخان کرد کە کەم دەرامەت بێت، پێشنیاری ئەوەش کرا کەیە یاسا یان ڕێسا، یان ڕێنمایی مەرجەکان دیاری بکرێت، ئێمە پێمان باشە مەرجە ئەساسیەکان بەیاسا دیاری بکرێت، بەڵام وردەکارییەکان هەروەك جەنابی وەزیر ڕوونی کردەوە، با وردەکارییەکان لێ بگەڕێین بۆ ڕێنماییەکان لەوێ ڕێك بخرێن، پرسیارو پێشنیاری زۆر کرا، سەبارەت بە سولفەی عەقار، کە ئایا کێ دەگرێتەوە، سولفەی عەقار ئەوەی لەو مەرجە لەم ماددەیەدا هاتووە، تەنها ئەوانەی کە سولفەی عەقاریان لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە، ئەوان ناتوانن داوای یەکەی نیشتەجێبوون بکەن، واتە ئەو نموونەی کە هاژە خان، باسی کرد، لەساڵی 80 کان یەکێك سولفەی عەقاری وەرگرتووە، ئێستا دەتوانێت داوای یەکەی نیشتەجێبوون بکات، چونکە لە حکومەتی هەرێم داوای سولفەی عەقاری نەکردووە، مەرجەکانی سولفەی عەقاریش دیارە، ئەوەی داوای ئەو جۆرە قەرزە دەکات زەوی هەیە، داوای سولفەکە دەکات، داوای قەرزەکە دەکات بۆ ئەوەی خانوو دروست بکات، مەبەستەکە زۆر وازحە، پێشنیاری ئەوە کرا ئایا پارچە زەوی زیاد بکرێت لەخاڵی سێیەم یان نا؟، کاتی گفتوگۆکردن لە لیژنەکانیش ئەو پێشنیارە کرا، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نەبووین، ئەوەی کەزەوی هەیە یان زەوی وەرگرتووە، موستەفید بووە لەوەرگرتنی زەوی ماڨ ئەوەی نەبێت داوای یەکەی نیشتەجێبوون بکات، نموونەکەش نیشتمان خان، زۆر بەتێروتەسەلی باسی کرد، کە خەڵك هەیە زەوی وەرگرتووەو فرۆشتوویەتیەوە بەنرخێکی دیاری کراو، ئێستا خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون نیە، بۆیە ئێمە بەباشمان نەزانی کەوا پارچە زەوی زیاد بکەین، واتە ئەوەی کەزەوی وەرگرتووە پێشتر دەتوانێت سوودمەند بێت لە داواکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، دیاری کردنی ماوەیەك یان فەترەیەکی زەمەنی سەبارەت بە بڕگەی دووەم، ئەوەش ئەگەر دیاری بکرێت ئێمە لاریمان نیە، داوا دەکەین جەنابی وەزیر ڕەئی خۆی لەسەر ئەو پێشنیارە بدات، کە ئایا کات دیاری بکرێت یان نا؟، بۆ نموونە دوو ساڵ پێش جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە خاوەن یەکەی نیشتەجێبوون نەبێت، ماوەکە دیاری بکرێت، وە بۆ دەنگدانی ئەندامانی بەجێ دەهێڵین، وە مەرجی یەکەم کەهاووڵاتی هەرێمی کوردستان و نیشتەجێی هەرێم بێت کە باسی ئەوەش کرا، مەرجەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کە ئێمە تەنها بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان حکومەت ئەو ئاسانکارییە دەکات، ئەو هاوکارییە دەکات، کەوا خانوو یان یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ دروست بکرێت، نەك یەکێك لەکوردستان نەبێت لەدەرەوەی هەرێم بێت، بۆ نموونە لەپارێزگاکانی تری عێراق بێت و بێت سوودمەند بێت لەم پرۆژەیە، کێبڕکێی ئەو کەسانە بکات کەوا کەم دەرامەتن لەهەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار کرا ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، بەتەعلیمات موعالەجە بکرێت، بەو شێوەی کە خوێندرایەوە، (تحدد شروط طالب التملك بتعليمات تصدرها وزارة الاعمار والاسكان) ئەو پێشنیارە پێشکەش کرا، پێشنیاری تریش هەبوو، سەبارەت بە دەمج کردنی بڕگەی 1 و3 لە ماددەی یەکەم، پێشنیارێکی تریش دکتۆرە ڕۆژان ئاماژەی پێکرد، کەجەنابی وەزیر ڕەئی خۆی بدات، کە عەجەبا ئەو کەسانەی کەموڵکیان هەبووە لە ساڵێك یان دوو ساڵ پێش ئێستا سوودمەند بن و خاوەن موڵك بوون ئەوانیش بگرێتەوە، یان نەگرێتەوە؟، پێم باشە جەنابی وەزیر ڕەئی خۆی بدات، تا ئێمەش بتوانین لەسەر ئەو پێشنیارە ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان وەربگرین وبیخەینە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیری فەرموو ڕەئیتان.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەوە دەکەم کە3 ساڵ دابندرێت بۆ ئەوەی کە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن نەبووبێت بۆ ئەوەی سوودمەند بێت لە پڕۆژەکە، سەبارەت بەوانەی تر، من پێم وایە ئەمانەی تر وەکو بنەمایەك بمێنێتەوە، نەك هەمووی ئیلغا بکرێت ئەمانە لە بنەما سەرەکیەکە بن ودوای ئەوەش ڕێنمایی دەربکرێت بەو شێوەی کە وتم لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان تەنسیق دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، گەشە خان، نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سێ کەس پێشنیاری ئەوەمان کرد کە لەڕۆژی دەرچوونی یاساکەوە هیچ مامەڵەیەکی کڕین و فرۆشتنی بە موڵکەکەیەوە نەکردبێت، چونکە خەڵکێك هەیە لەوانەیە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە عیلمی بەم یاسایە نەبووە تووشی فەقیری و هەژاری بووە، بەڵام ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونی نیە، بۆ ئەم یاسایە نەیگرێتەوە؟، لەبەرئەوە با لەڕۆژی دەرچوونی یاساکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من سێ ساڵ زۆرە لەڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسایەوە، بۆیە با دوو ساڵ بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك خەلیل، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هەبوو لەلایەن چەند ئەندامێکی بەڕێزەوە، بۆ بڕگەی دوو یان سێ پارچە زەوی زیاد بکرێت، یان عەقار زیاد بکرێت، چونکە عەقار دوکانیش دەگرێتەوە، زەویش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جەمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە خۆمان خەریکی هەندێ شت دەکەین کە ئیختصاصی ئەم پەرلەمانە نیە، بەتایبەتی دانانی تەعلیمات، ئەگەر بێت و سەیری ماددەی تاسعاً بکەین لە ئەصڵی یاساکە، دەڵێت( علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة کل حسب اختصاصه اصدار الانظمة والتعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ هذا القانون) بۆیە پێش ئێستا ئەم کارە موعالەجە کراوە، ئەوە حکومەت با خۆی ئەو ئیشە بکات، ئێمە ئەگەر وەکو پەرلەمان بمانەوێت بەدواداچوونی بۆ دەکەین، ئایا فیعلەن ئەو پرۆژەیە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، فیعلەن خاوەن دەرامەتی سنووردار سوودی لێ بینی یان نا؟، ئەو کاتە ئێمە دەتوانین موحاسەبەی حکومەت بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك عونی باسی لەوە کرد، کە هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان باسی ئەوەیان کردووە کە مودەی سێ ساڵ یان دوو ساڵ بێت، سەقفە زەمەنیەکە، بەڕێزان لەساڵی 2003 تا ئەمڕۆ بازاڕی عەقارات لەهەرێمی

کوردستاندا گەورەترین بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، پارچە زەوی وا هەیە، لە نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەو نرخە نافرۆشرێت، بۆیە کەتۆ نەصێك دەخەیتە ناو یاساکەوە، دەبێت تۆ لەوەو پێش دیراسەت کردبێت، کە بازاڕی عەقارات لەولاتەکەی تۆدا چۆن بووە بەرزبوونەوەی چۆنە ؟، بەڵێ خەڵك هەبووە موستەفید بووە زەوی وەرگرتووە، لەباشترین شوێنی شارەکەدا، فرۆشتوویەتی بەزۆرترین مەبلەغ، ئێستا چۆن دەکرێت یەکێ بڵێت دوو ساڵ یەکێکی تر بڵێت سێ ساڵ، لەساڵی 2003 وە بازاڕی عەقارات لەهەرێمی کوردستاندا ئینفجاری کردووە، بۆیە من داواکارم ئەوە بەجێ بهێڵین بۆ ڕێنماییەکان، تکایە ڕێنماییەکان بەپێی یاساکە دەردەکرێت و حساب دەکرێت، موعەدەلی بەرزبوونەوەی ڕادەی مووچەی خەڵك کەچەند بەرزبووەتەوە لەهەرێمی کوردستاندا؟، ئەوانە دەبێت هەمووی بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك کرا سەبارەت بەو کەسانەی کەم دەرامەتن ولەدەرەوەی هەرێمی کوردستانن لەو ناوچانەن کەوا کێشەی لەسەرە، ئایا ئەوانە مەشمول دەبن بەم یاسایە یان دەتوانن داوای یەکەی نیشتەجێبوون بکەن؟، یان نا؟، ئێمە ئەوانە خەڵکی کوردستانن کێشەکە سیاسیە ئەو ناوچانە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە سوودمەند بن لەو یەکە نیشتەجێبوونانەو داوای بکەن وبەپێی ئەو مەرجانەی کە لەیاساکەدا هاتووە، ئەگەر ئەو پرسە جەنابی وەزیر بۆمان ڕوون بکاتەوە، بزانین تاچەند توانای هەیە؟، زۆربەی زۆری خەڵکی کەم دەرامەت بتوانن سوودمەند بن لەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

وەڵڵا ئێمە وەکو سەرۆکایەتی تێبینیەکمان هەیە لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەگەر ئیمکان هەبوو لەو شوێنانە خانوو دروست بکەین ئەوە خێر لەسەر خێر، بەڵام ئێمە تەشجیعی کەس ناکەین بێت جێگاو شوێنی خۆی بەجێ بهێڵێت و بێتە یەکێك لەشارو شارۆچکە گەورەکان، ئەمە کارێکی زۆر زۆر خراپە، ناحەزەکانی میللەتەکەشمان هەر ئەوەیان دەوێت، بەڵام ئەگەر حکومەت ئیمکانی هەبوو لەشوێنە کێشە لەسەرەکان خانوویان بۆ دروست بکات یان شوقەیان بۆ دروست بکات، ئەوە باشتر، ئاخر ڕەئیتان لیژنەی هاوبەش، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەوپێشنیارە دەكەین، سەبارەت بەماددەكەش، ئەگەر دەڵێن دووبارە دەیخوێنینەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، ئەوانی تریش بمێنێتەوە بۆ تەعلیمات كە وەزارەت دەری دەكات:

المادة الثانية:

تعدل المادة الثالثة من القانون وتقرأ كالآتي:

يشترط على طالب التملك:

5 - ان يكون من مواطني إقليم كوردستان-العراق وساكناً فيه.

6 - ان لايملك شقة أو دار سكنية ملائمة على وجه الاستقلال.

7 - ان لايكون مستفيداً من اي مشروع سكني آخر او قطعة ارض سكنية في الإقليم.

8 - ان لايكون مستفيداً من السلفة العقارية المقدمة من حكومة الاقليم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

پێشنیارێك هەبوو ئەوەی زەوی وەرگرتووە، مومكینە زەوییەكەی یان زۆر هەرزان فرۆشتبێت كاتی خۆی، لە فەترەیەك لەفەترەكان، یان ئێستا زەوی هەیەو ناتوانێت خانووی لەسەر دروست بكات، ئەو ڕەئیەش هەبوو، فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كۆمەڵێك ئەندامی پەرلەمان كە تەسەوردەكەم زیاد لە 10 كەس، لەگەڵ ئەوەدا بوو كەخاڵی چوارەم لاببرێت، دووەم ئەوەی سێیەم خۆی زەوی نیشتەجێبوونی تێدا نەبوو، لیژنەی یاسایی بۆیان زیاد كرد، ئێمە وتمان هەر نەمێنێت، ئاخر خۆ نەخرایە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەوە ڕەئی بوو خوێندمەوە خۆ نەمان خستۆتە دەنگەوە، من بەجێم هێشتووە بۆ ئەندامانی بەڕێز كەئەوان قسەی لەسەر بكەن ودەنگی لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەوە لە ئەصڵی ڕاپۆرتە هاوبەشەکەدا نیە، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەلابردنی خاڵی چوارەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی 1991 دەستی نەکردووە بەپێدانی سولفەی عەقار، بەهەمووی لە دوای ساڵی 2003 وە، بگرە لە ساڵی 2000 ەوە تەقریبەن تۆزێك دەستی کردووە بەدانی سولفەی عەقار، یەعنی بەم شێوەیە، ئەگەر ئێمە بڵێین( ان لایکون مستفیداً من السلفه العقاریه المقدمه من قبل حکومه الاقلیم) ئەوە لابەرین، خەڵکەکە زەوی وەرگرتووە، خانووی دروست کردووە، سوودمەند بووە لە سولفەی عەقاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەیفرۆشێتەوە، ئەچێت ناوی لە کۆمەڵەی کرێنشینان تەسجیل ئەکات، ئەڵێت من کرێچیم و سوودی لێ وەرئەگرێتەوە، تکایە با بەجێی بهێڵین بۆ تەعلیماتی وەزارەت، خۆیان دایبڕێژن، دەست کراوەبن، بەلام ئەم چوار مەرجە سەرەکیەی کە لەناو ئەم پرۆژەیەدا هاتووە با ئەوەی تێدا بمێنێتەوە، مەوزوعی زەوییەکەش ڕاستە باس کرا، منیش وتم بۆ بەعزێك ارحم الرحمین و بۆ بەعزێکیش شدید العقابین) تکایە بیری لێ بکەنەوە، ساڵەکانی حەساردا خەڵك هەبوو پارچە ئەرزەکەی وەرگرت چوو فرۆشتی، بۆ ئەوەی فەردە ئاردێکی پێ بکرێت، بەلام لە ساڵی 2003ـەوە خەڵك بۆ ئەوە نەیفرۆشتووە، تکایە حیساباتی خۆمان بکەین لەسەر ئەوەی لە چەندەوە دەستی نەکرد بێت، لە چەندەوە ئەرزی وەرگرتبێت و نەیفرۆشت بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دوو خاڵ ئیسارە کرا، هەر خاڵێکیش دوو، سێ ئەندامی پەرلەمان پشتگیریان لێ کردووە، یەك لەوانە خاڵی دووەمە، کە دەڵێتن (ان لایملك شقة او دار سکنیة علی وجه الاستقلال) پێویستە (عند نفاذ هذا القانون) ئیزافە بکرێت، ئەوە پێشنیار کرا لەلایەن گەشە خان و چەند ئەندامێکی پەرلەمان پشتگیری لێ کردووە، منیش پشتگیری لێ دەکەم، زەرورییە لە کاتی نەفازی ئەم قانونە هیچی نەبێت، نەك سەقفێکی زەمەنی دابندرێت دوو ساڵ، یان سێ ساڵ پێشی قانونەکە، ئەمەیان خاڵێکیان.

خاڵی دووەم/ ئەوەی سۆزان خان گوتی دەقاودەق منیش پشتگیری خاڵی دووەم دەکەم کە سۆزان خان ئێستا ئیشارەتی پێدا، بۆیە من پێموایە دەبێت ئەم دوو خاڵە بدرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بزانین ئەندامانی پەرلەمان رەئییان چیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن مولاحـەزەم هەیـە لەسـەر قسـەکانی کـاك شـێروان، تەبعـەن قانونەکـە کـەی نـەفاز دەکرێـت؟ پـاش دەرچوونی، پاش بلاَو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیدا، واتا پێویست ناکات ئێمە لێرە ئەم جوملەیە ئیزافە بکەین، کە ئیشارەتی پێدەدا دەڵێت گەشە خانیش وا داوا دەکات بەو شێوەیە بێتن (عند نفاذ هذا القانون)، واتا خۆی قانونەکە، کۆی قانونەکە کەی نەفاز دەکرێت؟ (ینفذ من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة)، زیاد کردنی ئەو بڕگەیە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەمال قسەت هەبوو؟

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن فەقەرەیـەك ئیسـارە بکـەم، لەوانـەیـە لەسـەر هـەمووماـن تێپـەڕی بێـت، ئەگـەر بێتـو خـاڵی چـوارەم بخوێنینـەوە، (ان لا یکون مستفیداً من السلفة العقاریة المقدمة من قبـل حکومـة الاقلـیم)، زۆر کـەس هـەبوو داوای کرد ئەوە نەمێنێت، بمێنێت، ئەرز ئیزافە بکرێت، ئێمە ئەرز ئیزافە بکەین و نەکەین، خاڵی چوارەم ئەگەر بێتو بێین بڵێین (ان لا یکون مستفیداً من السلفة العقاریة) مانای ئەوەیـە کـابرا پـێش ئێسـتا ئـەرزی هەبوو سولفەی وەرگرتووە، ئەگەر سولفەی وەرنەگرتبێت، مانای وایـە ئـەرز نییـە، ئـێ ئـەوە ئیشـەکە یـەك تەواوکەری یەکترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مومکینە خەڵکی وا هەبێت سولفەی عەقاریشی وەرگرتبێت ئەرزیشی وەرنـەگرتبێت مەسـەلەن، حاڵـەتی وا هەیە، ئێستا هەندێك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان گلەییان لە خاڵی چوارەم هەبوو، جەنابی وەزیر فەرمووـ.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلاَهی زۆر باس کراو رەئی جیاواز هەبوو، بەلاَم من بەڕاستی لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو چوار خاڵە بمێنێتەوە لەبەر یەك سەبەب، وەکو عەرزم کردن ئێمە ئێستا ناتوانین دە هەزار، بیست هەزار شـوقە پێکـەوە دروسـت بکەین، وەحدەی سەکەنی، ئێمە بە قۆناغ دەڕۆین، لە کاتێکی تردا، یـەعنی خـەڵکێك هەیـە راسـتە سـولفەی عەقاری وەرگرتووە، ئێستا کەم دەرامەتە، بەلاَم هەشە موستەفید نەبووە بـە هـیچ شـێوەیەك لەمـە، ئەگـەر بیخەینە تایەکی تەرازووەوە من ناڵێم ئەوەیان کەم دەرامەت نییە، بەلاَم کامیـان ئەولەویـەتی هەیـە؟ ئـەوە ئەولەویەتی هەیە کە هیچ موستەفید نەبووە، لەوانەیە موستەفید بوو بێت لـە سـولفەی عـەقار، بـەلاَم لـە ئێستادا کەم دەرامەت بێت، بەلاَم خۆ ئەو هەر لە فورسەتێك موسـتەفید بـووە، ئـەی ئـەو کەسـەی کـە هـەر هیچ موستەفید نەبووە، کەواتە ئەولەویەت بۆ ئەوە، بۆیە ئێستا من دەڵێم ژمارەکـە ئەگـەر ئێسـتا ئەمسـاڵ بڕیارمان دابێت دە هەزار یەکەی نیشتەجێ، یان بیست هەزار یەکەی نیشتەجێ دروست بکەین، ئەوە باشـە

زۆر ئەم وردەکارییەی دەوێ، بەڵام ئەگەر وا نەبێت بە قۆناغ بێت، لە قۆناغێکی خۆیان دەتوانین تەعدیل لەوەیان بکەین، ئەمە یەك.

دوو/ سەبارەت بە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم یاسایە دەڵێین دەبێت ئەم زەویانە تەملیك بکرێت لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بۆ غەرەزی ئەوەی دوایی تەملیکی بکاتەوە لەسەر سوودمەندەکان، ئایا لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا دەتوانرێت تەملیکی زەوی بکرێت لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە؟ زۆر سوپاس بۆ ئەمە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو رەئی هەیە، یەکێکیان جەنابی وەزیر داوا دەکات و ژمارەیەك لە پەرلەمانتارەکان و لیژنە هاوبەشەکەش کە ئەو خاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتا ماددەکە بە هەرچوار خاڵی بمێنێتەوە، بەڵام رەئیەکی تر هەیە دەڵێن برگەی چوار بگۆڕدرێت، نەمێنێت، لابرێت، جا لەبەر ئەوەی ئەوان رەئی موعاریزن، لەبەر ئەوە جارێ ئەو دەخەینە دەنگدانەوە، ئایا بڕگەی چوار لەو ماددەیە لابرێت؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی چوار لەو ماددەیە لابرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (20) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، فەقەرە چواری ماددەکە وەکو خۆی مایەوە، ئێستا ماددەکە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تعدل المادة الثالثة من القانون وتقرأ كالآتي:

يشترط على طالب التملك:

1- ان يكون من مواطني إقليم كوردستان - العراق وساكناً فيه.

2- ان لايملك شقة أو دار سكنية على وجه الاستقلال.

3- ان لايكون مستفيداً من اي مشروع سكني آخر في الإقليم.

4- ان لايكون مستفيداً من السلفة العقارية المقدمة من حكومة الاقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (8) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دەهێنین، تا بەیانی سەعات (11) بەخواتان دەسپێرین سەرکەوتوو بن.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**سێ شەممە رێکەوتی 4\10\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# **پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە** (5)
## **سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/10/4**

**کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2011/10/4 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز د.ارسـلان بـایز اسماعیـل جێگـری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەم، ساڵی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (5)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/10/4 دا بەم شێوەیە بێت:**

1- **وتاری جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی ساڵیادی بەیاننامەی ڕاگەیاندنی یەکێتی فیدراڵی.**

2- **بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسـای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای ژمـارە (7)ی سـاڵی 2008. یاسـای دابـین کردنـی یەکـەی نیشـتەجێ بـوون بـۆ هاوولأتیـان لـە هـەرێمی کوردستان.**

3- **خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییـە سـزاییەکانی سەربازی (قـانون انفـاذ قـانون اصـول المحاکمـات الجزائیـة العسـکري) ژمـارە (30)ی سـاڵی 2007ی عێراقـی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.**

4- **خستنەڕوو و گفتوگۆ کـردن لەسـەر پـرۆژە یاسـای جـێ بـەجێ کردنـی یاسـای سـزایی سـەربازی (قـانون عقوبات العسکري العراقي) ژمارە (19)ی ساڵی 2007ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایـەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.**

5- **خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.**

6- **خستنەڕوو و گفتوگۆ کـردن لەسـەر پـرۆژە یاسـای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای ژمـارە (26)ی سـاڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، خولی سێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی سـێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (5)، ڕۆژی دانیشتن 2011/10/4، بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەمی هەڵبـژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/10/4 بەم شێوەیە بێت:

1- وتاری جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی ساڵیادی بەیاننامەی ڕاگەیاندنی یەکێتی فیدراڵی.

2- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2008. یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەکانی سەربازی (قانون انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري) ژمارە (30)ی ساڵی 2007ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی (قانون عقوبات العسكري العراقي) ژمارە (19)ی ساڵی 2007ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو ڕێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەخێر بێن.

پەرلەمانتارە بەڕێزەکان.

بەبۆنەی ساڵیادی ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم لەم پەرلەمانەی خۆتان، سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی باش بوو بەم بۆنەیەوە وتارێك پێشکەش بە بەڕێزتان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکات، ئێستاش لەگەڵ ئەم وتارە:

خوشك‌و برایانی بەڕێز

(19) ساڵ بەر لەئەمڕۆ، پەرلەمانی کوردستان وەك مەرجەعی بڕیارە چارەنووسازەکانی گەلەکەمان لە هەنگاوێکی گرنگ و مێژوویدا بۆ مومارەسەکردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، بڕیاری فیدراڵیزمی بۆ دەست نیشانکردنی پەیوەندیی قانونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق ڕاگەیاند.

بەم بۆنەیەوە جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی گەلی کوردستان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان دەکەین، کە بەخەبات وفیداکاری ئەوان و خۆڕاگریی میللەتەکەمان ئەمڕۆ بەشێکی ئامانج و خواستەکانمان بەدیهاتوون.

ئـەم بڕیـارەی پەرلـەمان هەڵوێسـتێکی ئازایانـەی نوێنـەرانی گـەلی کوردسـتان بـوو، چـونکە لـە دۆخێکـی هەسـتیارو ناسـك وەرگـیرا، کـە هەڕەشـەو مەترسـییەکانی ڕژێمـی دیکتـاتۆریی سـەددام بـۆ سـەر کوردسـتان لەلایـەك و بـوونی دوو ئابلۆقـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بەسـەر تـەواوی عێـراق و ئابلۆقـەی ڕژێمـی لـە ناوچووی بەعس لەسـەر کوردسـتان لەلایـەکی تـرەوە بـەردەوام بـوو. ئەمـەش دۆخێکـی قورسـی ئـابووری و سیاسـیان لەسـەر ئـەزموونی هـەرێم دروسـتکرد بـوو، بـەلاَم ئـەم بڕیـارەی پەرلـەمان دەروازەیـەکی نـوێی لەبەردەم خەباتی گەلی کوردستان کردەوە بۆ هەنگاونان بەرەو ئایندەیەکی ڕۆشن و دامەزراندنی بنەماکانی ئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵیەت، کە دواتر بووە نموونەیەکی نوێی حوکمڕانی لە عێراق و ناوچەکەدا.

ئـەم بڕیـارە جگـە لـەوەی دەربڕینێکـی ڕاسـتگۆیانەی نوێنـەرانی گـەلی کوردسـتان بـوو، هاوکـات هـەنگاوێکی گـرنگیش بـوو بـۆ پاراسـتنی یـەکێتی نیشـتمانیی عێـراق و پتـەو کـردن و پارێزگـاری کـردن لەپەیوەنـدی برایانەی مێژوویی نێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەب لە عێراقدا.

لـە دوای ڕووخـانی ڕژێمـی دیکتـاتۆری لـە نیسـانی 2003 سـەرکردایەتی سیاسـی هـەرێمی کوردسـتان کـە چالاکانە بەشداری لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێـراق و ڕووخانـدنی ڕژێمـی دیکتاتۆریـدا کـرد، هاوکـات ڕۆڵـی بەرچاویشـی هـەبوو لـە چەسـپاندنی سیسـتمی فیدراڵیـەت لـە قـانونی ئیـدارەی دەوڵـەت لەسـاڵی 2004و دواتریش لەدەستووری هەمیشـەیی عێراقـدا، کـە پابەنـد بـوون بـەو دەسـتوورە زامنـی سـەرەکی پاراسـتنی یەکێتی عێراق و گشت پێکهاتەکانیەتی.

تەجروبەی فیدراڵیزم لە ولاَتانی پێشکەوتوو و دیموکرات ئەوەی سەلماندووە کە دابەشکردنی دەسەلاَتەکان و ڕێزگرتن لـە ئـیرادەی سەربەسـتانەی میللـەتان فاکتـەری بـەهێز بـوونی ولاَتـان و پێکـەوە ژیـانی میللەتانـە، بەتایبەتی بۆ ئەو ولاَتانەی کە لە چەندین نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون.

ئەمڕۆ مایەی خۆشحاڵیە کە لە عێراقی نوێدا ڕۆژ بـەڕۆژ تێگەیشـتن لـە چـەمکی فیدراڵیـەت و سـوودەکانی ئەم سیستەمە نوێیەی حـوکمڕانی لـە عێراقـدا لـەلای هاوولاَتیـان و لایەنـە سیاسـییەکان زیـاتر جێـی خـۆی کردۆتەوەو دەنگی دامەزرانـدنی هـەرێمی فیـدراڵ لـە ناوەراسـت و باشـووری عێـراق زیـاتر بـەرز دەبێتـەوە، چونکە چاودێران و دۆستەکانمان و عێراقییەکانیش هەست بەو پێشکەوتنە بەرچاوە دەکـەن، کـە هـەرێمی کوردستان لە سایەی فیدراڵیەتدا لەڕووی سیاسی و پاراستنی ئازادییەکان وگەشەی ئابووری و پەروەردەیی و کۆمەلاَیەتی و ئاوەدانکردنەوە بەخۆوەی بینیوە.

ئێمە لە کاتێکدا کە یادی ئەو ڕۆژە مێژووییە دەکەینەوە، هاوکات نـابێ ئـەو ڕاسـتیەمان لـە یـاد بچێت، کـە هێشـتا ئاسـتەنگی زۆرو ڕێگایـەکی درێـژمان لـە پـێش مـاوە، بۆئـەوەی بەتـەواوی خواسـت و مافـە نەتەوەییەکانمان بگەین، ئەمەش بەپاراسـتی یـەك هەلوێسـتی گەلەکـەمان و لایەنـە سیاسـیەکان دەبێـت بـۆ درێژەدان بەخەباتی نەپساوە، بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردسـتان و جێبـەجێ کردنـی مـاددەی 140و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیـدراڵ و پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمان کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق جێگیرکراون.

جارێکی تر پیرۆزبایی لەئەندامانی خولی یەکەمی پەرلەمان و گەلەکەمان دەکەین، کە ئەم بڕیارە بوێرەیاندا، سەری رێزو نەوازشیش بۆ شەهیدە سەربەرزەکان دادەنەوێنین، کە بە خوێنی ئاڵیان خەباتی گەلەکەمانیان بەم قۆناغە گەیاند، زۆر سوپاستان دەکەین.

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆی ئەو بڕگانەی کە ماون، فەرموون لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو لیژنەی شارەوانی بۆ سەر مەنصە، فەرموون لیژنەی یاسایی، ئێمە گەیشتینە ماددەی سێیەم، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی ژمارە (4)ی پەرلەمان، دوێنێ دوو ماددە لە یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای نیشتەجێ بوون پەسند کرا، گەیشتینە ماددەی سێیەم، ئێستا ماددەی سێیەم بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

المادة الثالثة:

تلغى الفقرة (أولاً) من المادة الرابعة من القانون، ويحل محلها مايلي:

أولاً: تعلن وزارة الأعمار والاسكان عن بيعها الوحدات السكنية (شقق ودور سكنية) للمواطنين من الموظفين والأهالي من ذوي الدخل المحدود وبدون دفع مقدمة، ويقدم طلب الشراء الى الوزارة ويسجل لديها حسب اقدمية تقديمها.

ثانياً: تعدل الفقرة (ثانياً) من المادة وتقرأ كالآتي:

يسدد طالب التملك بدل شراء الشقة او الدار السكنية التي ترتب بذمته باقساط شهرية أو سنوية خلال مدة لاتزيد على خمسة وعشرين سنة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەکوردیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی چوارەمی یاساکە لادەبرێت و، ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

یەکەم: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن، فرۆشتنی یەکەکانی نیشتەجێ کردن (شوقەو خانووی نیشتەجێ) بۆ هاووڵاتیان لە فەرمانبەران و خەڵکانی کەم دەرامەت ڕادەگەیەنێت بەبێ پێشەکی، داوای کڕینەکەش پێشکەش بە وەزارەت دەکرێت و، بەپێی پێشکەش کردنی لەبەرتر (أقدمية) تۆمار دەکرێن.

دووەم: بڕگەی (دووەم) لە ماددەکە هەموار دەکرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(داواکاری بە موڵککردنەکە نرخی کڕینی شوقەکە، یان نرخی کڕینی خانووەکە کە دەکەوێتە سەری بە قیستی مانگانە، یان ساڵانە، لە ماوەیەکدا دەداتەوە کە لە بیست و پێنج ساڵ زیاتر نەبێت).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز كامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، من تەنها لەسەر بڕگەی یەكەمیان تێبینیەكم هەیە، ئەگەر جەنابتان بفەرموون لێم وەربگرن، ئەویش ئەوەیە كە دەڵێین (ویسجل لدیها حسب اقدمیة تقدیمها)، ئەمە لەوانەیە ئیجتیهادات دروست بكات بۆ ئەو كەسانەی كە لە پێشەوە تەقدیمی دەكەن، خەڵكێك هەبێت، لیجانێك هەبێت بتوانێت ئەولەویەت بدات بەو كەسانەی كە یەكەم جار تەسجیلیان كردووە، بۆیە پێم باشە ئەگەر جەنابتان قەبوڵتان بێت، ئەو عیبارەیە بگۆڕێت بە (وینظر في الطلبات وفق ضوابط تحددها الوزارة بالتنسیق مع المحافظات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی سێیەم خوێندرایەوە، پەرلەمانتاران دەتوانن راو و تێبینی خۆیان بڵێن، با ناوەكانیان بنووسین، لەدواوە دەست پێ دەكەین، ئەم خوشك و برایانە ناوی خۆیان نووسیوە، رێزداران (عبدالرحمن حسین، قادر حسن، فاضل بەشارەتی، عمر عبدالرحمن، عماد محمد، شێرزاد حافز، عدنان عثمان، نەسرین جەمال، هاوڕاز خۆشناو، سالار محمود، شڤان احمد، سیوەیل عثمان، كاروان صالح، پەیام احمد، بێریڤان سەرهەنگ، شیلان عبدالجبار، خورشید احمد، گوڵیزار قادر، حمە سەعید، كاردۆ محمد، دڵشاد شهاب، ئەڤین عمر)، فەرموو كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە پرۆژەیەكی زۆر باشە بۆ خەڵكی كوردستان كەوا دەرمان كردووە، وابزانە ئێستا لەناو خەڵكەكە دەنگی داوە، كە خەڵكەكە زۆر پێی خۆشە، بەڵام من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە لە بڕگەی دووەم كە باسی كردووە داواكاری بە موڵك كردنەكە نرخی كڕینی شوقەیەك، یان نرخی كڕینی خاوەنەكەی كە دەكەوێتە سەری بە قیستی مانگانە، یان ساڵانە) ئێمە ئەم قیستە دیار بكەین، یەعنی لە 10٪ بێت، یان لە 5٪ بێت، چونكە لەوانەیە ئەوەی پێ دەدەین پێی نەكرێت، یان كرێچی بێت داهاتەكەی كەم بێت، وەزارەت زۆری لەسەر دابنێت ئەو كاتە پێی نەكرێت ئەو قیستە بداتەوە، ئەگەر ئێمە كەمێكی دیاری بكەین، یەعنی بەشێوەیەك بەنیسبەیەكی كەم نەتوانێت بدرێت پێموایە باشترە.

بڕگەیەكی تریش زیاد بكرێت بیكەینە بڕگەی سێیەم، ئەگەر خاوەن یەكەی نیشتەجێ بوون پێش دانەوەی ئەو گوژمانەی لەسەر ئەستۆی ماوەتەوەو كۆچی دوایی كرد، میراتگرەكان لەو گوژمانە دەبووردرێن، یەعنی لێی عەفو بكرێن، یەعنی لێی ببەخشرێن، چونكە مانەوەی ئەو گوژمەی كە دەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی كە

**مردووه لەسەر ئەو دەمێنێت، واتا میراتگرەکان لێی عەفو بکرێن، من پـێم باشـە ئـەوەش زیـاد بکرێـت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**من تکام وایە، بۆ ئەوەی زیاتر ئیستیفادە لە وەقت بکەین، بەبێ موقەدیمـە وەرەنـە سـەر بابەتەکـە باشـترە، کاك قادر فەرموو.**

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وێـڕای دەستخۆشـیم بـۆ ئـەو پرۆژەیـە، کـە بێگومـان لـە خزمـەتی هـەژاران و کـەم دەرامـەت دەبێـت، بـەڵام هەروەکو دوێنێش پەرلەمانتارە بـەڕێزەکان ئاماژەیـان بـە پێناسـەی کـەم دەرامـەت کـرد، مـن لێـرە دووبـارە تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە، چونکە کابرا هەیـە، نەفـەر هەیـە، فەرمانبـەر هەیـە مووچـەکەی کەمـە، بـەڵام وەزعی باشە، یەعنی هەژار نییە، خـەڵکێك هەیـە فەرمانبـەریش نییـە، بـەڵام زۆر دەسـت کـورت و هـەژارە، لەهیچ شوێنێك فەرمانبەر نییە، بۆ ئەوە هەرچەنـدە دوێنێ باس کرا کە دەگەڕێتەوە بۆ حکومـەت و دەزگـا پەیوەندیدارەکان، بەڵام من پێشنیار دەکەم بۆ ئەم بابەتە لیژنـەیەکی بەدواداچوونی بـەردەوام هـەبێت، کـە گۆڕانکاری بە ژیانی خەڵکیش دادێت، کابرا هەیە ئەمساڵ وەزعی باشە، پاش دوو ساڵی تر تووشی حاڵـەتێك دەبێت زۆر فەقیر دەبێت، یەعنی ئەمە بەدواداچوونێکی بەردەوام هەبێت، بـۆ ئـەوەی حـەق بگاتـە خـاوەنی حەق و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، کاك فازل فەرموو.**

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی من دوو پێشنیارم هەیە لەم پرۆژەیە، یەکێکیان/ ئەوەیە کە لە سەر ناوەڕۆکی پرۆژەکـە بـا بڵێین، مانشێتی پرۆژەکە وا نووسراوە کە شـوقەو خـانووی نیشـتەجێ بـوون بـۆ هاووڵاتیـانی هـەرێمی کوردسـتانە، بەبڕوای من لە رابردووش کۆمەڵێك پرۆژەی زۆر باش لە هەرێمی کوردستان دەرکراوە، بەڵام دەتـوانم بڵێم بە رێژەیەکی کەم خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت لێی موستەفید بووە، بۆیە نەوترێت بۆ خەڵکی دانیشـتووی هەرێمی کوردستان، چـونکە بەڕاسـتی پرۆژەکـانی رابـردوو زۆر خـەڵکی خـاوەن دەرامـەت ئیسـتیفادەیان لـێ کردووە تا بێ دەرامەتەکان، بۆیە ئەمە بە بڕوای من تەحدید بکرێت.**

**لە بڕگەی سێیەمیش باسی ئەوە دەکات لە پاش (25) ساڵ قەرزەکە هین بکرێـت، بـەڵام مـن یـەك پێشـنیار دەکەم، کەوا تەحدید بکرێت پاش چوونە ناو شوقە، یان خانووەکە، کـەی دەسـت بـە دانـەوەی مانگانەکـەی**

بکات، من پێشنیارم ئەوەیە ئەگەر تەحدید بکرێت دوای پێنج ساڵ لە نیشتەجێ بوون، ئینجا ئەو قەرزی مانگانەیە بدات زۆر شتێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک عمر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرە یەکی ئەم ماددەیەوە لە ئاخیرەکەی باس لەوە دەکات تەقدیم کردنی تەڵەبات بۆ تەسجیل کردن بەوە بێت کێ زووتر ئەو تەڵەبەی تەقدیم کردووە، من پێموایە ئەمە جۆرە غوبنێکی تێدا دروست دەبێت لەنێوان ئەو کەسانیە کە تەڵەبات تەقدیم دەکەن، حەق و عەدالەت وا باشترە، ئەوەی کە جەنابی وەزیر ئێستا پێشکەشی کرد، من پێموایە ئەوە عادلترەو حەقانیترە، بەگوێرەی ئەو زەوابتانە، بۆچی؟ چونکە ئێمە ئەو یاسایەمان دەرکردووەو دەریدەکەین یاسای تەخصیص کردنی شوقەو خانووی سەکەنییە بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، شەرت نییە هەر پێشکەش کردنی عەریزەکە بۆ داوا کردنی ئەمە ببێتە سەبەب، نوقاتی تریشی لەگەڵ دایە کە ئیسپاتی کەم دەرامەتەکە دەکات، بۆ میسال، لە دواییدا کە تەعلیماتی پێ دەردەچێت، ئەو کەسە دەبێت خانووی نەبێت، رەصیدی بانقی نەبێت، مولکی تری بەناو نەبێت، ئالات و ئەدەوات و مەکائینی لە دائیرەی مرور بەناوی تەسجیل نەکرا بێت، حەتمەن ئەمە وەزارەتی موختەس بە یارمەتی دان بە هاوکاری کردن لەگەڵ پارێزگاری شارەکانی کوردستاندا ئەم رێ و شوێنە رێکارە یاساییانە دادەنێن، بۆ ئەوەی ئەمانە هەمووی کۆ ببێتەوەو ببێتە نوقتە زائیدەن ئەوەی کە دەخلی مەحدودەو راتبی کەمی هەیە لە دائیرەکان، ببێتە سەبەبی وەرگرتنی ئەم شوقەیە، ئەمە عەدالەت زیاتر تەحقیق دەکات لەوەی کە کێ زووتر را دەکات، عەریزەکە تەقدیم بکات؟ ئەمە لێرە رەنگە دەستکاری ئەوە کرا بێت ئەسبەقیەت ئەمرۆ کێی رای کردووە، لەوانەیە بە دەسەڵات بێت، لەوانەیە یەکێکی بە دەسەڵاتە ناوەکەی بخرێتە پێشەوە ناوی ئەو دێتە دەرێ، حەق و عەدالەت لێرە وا دەخوازێت، بۆ ئەوەی نیەتی موشەریع و هەدەفی موشەریع باشتر بێتەدی، ئەو موقتەرەحەی کە جەنابی وەزیر کاک کامەران پێشکەشی کرد ئەم فەقەرەیە لابرێت ئەوەی بخرێتە شوێن و پێموایە عەدالەت زیاتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رەئیم هەبوو سەبارەت بە برگەی یەکەمی راپۆرتەکە پشتگیری رەئی جەنابی وەزیر دەکەم، بەڵام بەم شێوەیە صیاغە بکرێتەوە (أولاً: تعلن وزارة الأعمار والاسكان عن بيعها الوحدات السكنية (شقق و

دور سكنية) للمواطنين من الموظفين والأهالي من ذوي الدخل المحدود وبدون دفع مقدمة وفق ضوابط تحددها الوزارة مع مراعاة اعطاء الاولوية من المواطنين الاكثر احتياجاً)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەمدا، بڕگەی یەکەمیان کە باس دەکات دەڵێت (ویقدم طلب الشراء الى الوزارة ویسجل لدیها حسب اقدمیة تقدیمها)، تەبعەن لەو کاتەدا ئەو کەسەی کە پێشتر فۆرمەکەی تەقدیم کردووە، یەعنی وای لێ دێت کە دەڵێت ئەوەی پایەدار وەریدەگرێت و بێ پایەداریش هیچی دەست ناکەوێت، ئەوە کۆمەڵێك خەڵك هەیە رەنگە بتوانێت زووتر ئەو فۆرمانە پڕ بکاتەوە، بەڵام خەڵکی فەقیر و هەژارەکە لەوانەیە ئەوەیان کەمتر دەست بکەوێت، بۆ حەلی ئەمە یەکێتی کرێ نیشینانی کوردستانمان هەیە، ئەوانە هەموویان ناوی ئەو کرێچیانەیان لەلا هەیە، دەزانن دەخلیان چۆنە، لە کەیەوە کرێچین و چیان هەیە؟ دەتوانین ئیستیفادە لەوە بکەین باشترە لەوەی کە ئیعلانی بۆ بکەین و کێ زوو تەقدیمی بکات، ئەوە شتێکی باش نییە بەلای منەوە.

دووەم/ ئەوەی کاك عبدالرحمن باسی کرد، بەڕاستی ئێمە حیسابی ئەوە بکەین کە ئەو (25) ساڵە، رەنگە زۆر بێت، حیسابی دەخلی ئەو کەسە، یان مووچەکە، یان ئەو دەخلەی کە هەیەتی چەندە؟ بەگوێرەی ئەو نیسبەتێکی بۆ دابنێین، ساڵێ ئەوەندە لە دەخلەکەی کەم بکەینەوە، ئەو کاتە زەرەرێکی واش ناکات، چونکە ئەگەر لە ماوەی (25) ساڵدا ئەگەر خانوویەك بە دە دەفتەر بێت، رەنگە مانگانە (300) هەزار کرێ خانووەکەی بدات، کە بەڕاستی پارەیەکی زۆرە بۆ کارمەندێك کە نیو ملیۆن وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەسەر فەقەرەی یەکەم هەمان بیروڕای کاك عومەرم هەیە، جەنابی زۆر جوان تەوزیحی ئەو مەوزوعەیدا، بەڕاستی حەسب (تقدیمها) زۆر نا عادیلانەیەو ئیشکالیەتی گەورە دروست دەکات.

لەسەر فەقەرەی دووەم، دەمەوێت قسەیەك بکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەڕاستیدا حیکمەت لەم پرۆژەیە هاوکاری کردنی ئەو کەسانەی کە خاوەنی دەخلێکی کەمن، یەعنی ئیمکانیەتیان کەم هەیە، من دوێنێ بە حیسابێکی کورت تەقریبەن تێگەیشتم مانگانە دەبێت ئەو کەسە بە لایەنی کەم (200) هەزار بدات بە حکومەت بۆ گەڕاندنەوەی ئەوانە، ئێمە لێرە قسە لەسەر حکومەت دەکەین، قسە لەسەر

کۆمپانیایەك ناکەین، جیاوازی لەنێوان کۆمپانیایەکی ئەهلی کە خانوو دروست دەکات دەبێت هەموو پارەکە وەربگرێت بە هەندێك تەسهیلاتەوە لەگەڵ حکومەتدا، کە ئەو ئیمکانات و داراییە بەشێکە لە ئیستیحقاقاتی خەڵکەکە، بەشێکە لە داهاتی خەڵکەکە، جیاوازییەکی زۆری هەیە، بۆیە لەڕاستیدا دەبێت ئەمە بە تەواوەتی دەستکاری بکرێت، من یەکەم/ لە ماوەی (25) ساڵداو بەو شێوەیە مانگانە بیدات، دەبێت تەقریبەن نزیك 50٪، یان 60٪یدا داهاتەکەی ئەو کەسە بدرێت بە حکومەت هەموو مانگێ و، هەموو پارەی ئەو خانووە، پارەی ئەو شوقەیە دەبێت بداتەوە بە حکومەت، من پێموایە زۆر لەو بەڕێزانە کە لە ئەوروپا ژییا بن، یان ئەوروپایان بینی بێت، حکومەت بەشێك لە تەسیهلاتەکانی ئەوەیە کە قیستەکانی بەلایەنی کەم نیوەی عەفو دەکات بۆ ئەو کەسانە، تەنانەت لە زۆر وڵاتی جیهاندا ئەسڵەن حکومەت لە 30٪، لە 40٪، لە50٪ بەگوێرەی داهاتی کەسەکە بەشدار دەبێت لە کرێی خانووەکە، ئێمە قسەمان لەسەر کرێی خانوو نییە، من پێموایە حکومەتیش دەبێت بەشدار بێت لە کرێی خانوو، ئەوانەی کە دەخلەکەیان مەحدودە، ئەوەی کە (500) هەزاری هەیە، (400) هەزار دینار بدات بە کرێی خانوو، بەڵام لەسەر ئەم مەوزوعە من پێموایە دەبێت تەعدیلێکی بکەین بەو شێوەیە:

(يسدد طالب التملك بدل شراء الشقة او الدار السكنية التي  ترتب بذمته باقساط شهرية أو سنوية لاتزيد عن (10٪) من دخله شهري)، مەبەستم ئەوە نییە 10٪ بێت، دەکرێت لە 5٪یش بێت بەگوێرەی دەخەلەکەی، 8٪یش بێت، بەڵام (لاتزيد عن (10٪) من دخله الشهري ولمدة فقط عشر سنوات)، یەعنی (25) ساڵ بکەین بە (10) ساڵ، (15) ساڵەکەی تر لەوانەیە مەبلەغێك بمێنێتەوە لەسەر کەسەکە حکومەت عەفوی بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە پارەی میللەتە، بەشێکە لە بودجەی گشتی، ناکرێت ئەو کەسە دەخلی مەحدودە هەموو پارەکە بە کاملی بداتەوە، دەکرێت 30٪ی پارەی خانووەکە، شوقەکە بداتەوە، 40٪، 50٪، بەگوێرەی ئیمکاناتی خۆی، بەڵام دەبێت تێ بگەین لەوەی کە ئەم پرۆژەیە بۆ خەڵکی خاوەن دەخلی مەحدود نووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەسەر ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم، لەو بڕگەیە کە دەڵێت داوای کڕینەکەش پێشکەش بە وەزارەت دەکرێت، لێرە وەکو هاوکارانم باسیان کرد، ئەو کەم دەرامەتە لە هەر ناحیەك و لە هەر چ قەزایەکەوە بێت بۆ وەزارەت، دیارە زیاتر دەکەوێت لەسەری، نازانێت ئایا ئەو داواکارییە دەگاتە دەست ئەو لیژنەی وەزارەتە، یان نا؟ بۆیە وا باشترە یەکە ئیدارییەکان، یاخود ئەو دەزگایانەی کە سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە بەرەو رووی ئەوە بکرێتەوە، ئەو یاداشت و ئەو داواکارییە ئەوان کۆی بکەنەوەو ببن بە هاوکارێك بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، چونکە زۆر دەکەوێت لەسەر ئەو کەسانەی فەرمانبەری کەم

دەرامەت و هاوولاّتیانی کەم دەرامەت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئـەو تەقـدیم کردنـی داواکارییانـە بدرێتـە دەسـت دامو دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کار ئاسانییەکی تـرە بـۆ فەرمانبـەران و هاوولاّتیـانی کـەم دەرامەت.

بەنیسبەت بڕگەی دووەمەوە، من پشتیوانی رەئیەکـەی کـاك عـەدنان دەکـەم، بەڕاسـتی کـە دەڵێـت لـە 10٪ زیـاتر نـەبێت، واتـا بـۆی هەیـە لـە 5٪، لـە 6٪یـش بێـت ئەمـە کـەمتر تەئسـیر دەکاتـە سـەر داهـاتی ئـەم فەرمانبەرە، یاخود ئەو هاوولاّتیە کەم دەرامەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پڕۆژە یاسایە یەکێکە لە هـەرە پـڕۆژە یاسـا باشـەکان بەڕاسـتی، لـە هـەرە پـڕۆژە یاسـا باشـەکان و گرنگـەکان کـە راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە خـەڵکی هـەژارو کـەم دەرامـەت هەیـە، ئەمـەش جێگـای دڵخۆشـی خەڵکە، جێگـای دڵخۆشـی ئێمەشـە، چونکە ئەمـە پڕۆژەیـەکی گرنگـە بـۆ خـەڵکی کـەم دەرامـەت، مـن دوو تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی دووەم، لەوێ کە دەڵێت داواکاری بـە موڵـك کردنەکـە نرخـی کـڕینی شـوقەکە، یان نرخی کڕینی خانووەکە کە دەکەوێتە سەری بە قیستی مانگانە، لەوێ لەدوای ئەوە بەڕاستی ئـەوەی بـۆ زیاد بکرێت بەبێ زیادە خستنە سەر، ئەوە دەزانین کاتێك کە قـەرزی عـەقاری بـۆ هاوولاّتیـان پەسـند کـرا، کێشەیەکی زۆری لێکەوتەوە کە زیادەی لەسـەر بـوو، لەبـەر ئـەوەی خـەڵکی ئێمـە زۆر جورئـەتی نـەدەکردو بووە کێشە ئەم قەرزە وەربگرێت، لە دواییدا زیادەکەی لەسەر لاچوو، ئینجا خـەڵك وەریگـرت، لەبـەر ئـەوە ئەمە بۆ خەڵکێکی کەم دەرامەتە، بەڕاستی ئەم زیادەیەی لەسەر نەبێت، ئەمەی بۆ زیاد بکەین بەبێ زیـادە خستنە سەر، چونکە دوایی دیسان کێشەیەکمان بۆ دروست دەکەن، ناتوانین وەکو پێویست خزمەتی خەڵکی کەم دەرامەت بکەین، کە دەڵێـت یـان سـالأنە لـە ماوەیەکـدا دەداتـەوە کـە لـە (25) سـاڵ زیـاتر نـەبێت، مـن پێموایە لەوێشدا ئەوە بکەین، چونکە ئەمە یاسایە، یاسا دەبێـت دەقـاودەق تەحدیـد بێـت، مـەجالی ئـەوەی تێدا نەبێت، چونکە ئەگەر بڵێیت بە دیوەکەی تریش خوێندنـەوەی بـۆ دەکرێـت کـە لـە (25) سـاڵ کـەمتر بێت، مادام ئێمە (25)ساڵمان بۆ داناوە وای بنووسـین لـە مـاوەی (25) سـاڵ دەدرێتـەوە، واتـا قەرزەکـە لـە ماوەی (25) ساڵ بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی یەکەمی ماددەکەوە هەیە، ئاماژە کردن بەبێ پێشەکی ئەمە مەسەلەیەکە زۆر گرنگەو هاندەرێکی زیاترە، بۆ ئەوەی خەڵکی کەم دەرامەت بەرەو رووی ئەم یاسایە ببنەوەو پێشوازی لێ بکەن، بەڵام لە هەر هەمان بڕگەدا ئەو پێوەرەی کە دەست نیشان کراوە بە حوکمی ئەوەی ئێستاکە تەکنەلۆجیای پەیوەندی کردن و تۆمار کردن گەشە کردوو نییەو خودی یاساکەو ماددەکەش هاندەرێکی زیاترە بۆ بە پیرەوە چوونی خەڵك بۆ ئەو مەکسەبەی کە حکومەتی هەرێم لە رێگەی پەرلەمانەوە تەسبیتی دەکات، تەسەورم وایە وەکو دەگوترێت سەرە گرتن و فەرەباڵغیەکی زۆری لەسەر دروست دەبێت، لەمەدا پرەنسیپی عەدالەت دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، لەو روانگەیەوە بۆ وەزارەتی بەڕێز، هەروەها لیژنە پەیوەندیدارەکان کە دواجار لە دارشتنەوەی تەعلیماتەکاندا کۆمەڵێك پێوەری دەقیق تر تۆمار بکەن کارێکی باشە.

ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی دووەمەوە هەیە، من رەئیم وایە لەناو یاساکەدا مەسەلەی قیست هەر زیکر نەکرێت، لە تەعلیماتدا ئەمە پڕ بکرێتەوە، لەسەر مەسەلەی پێدانی قیست بە مانگانە، یان بە ساڵانە، من رەئیم وایە مەسەلەی ساڵانە لەبەرچاوتر بگیرێت، نەك مەسەلەی مانگانە، چونکە دەخلی ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم پرۆژەیە زۆر مەحدودە، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە ماوەکەوە هەیە (25) ساڵ، من تەسەورم وایە کە دەڵێت لە (25) ساڵ زیاتر نەبێت، دەرفەتی داوە، دەکرێت بەپێی تەعلیمات فشار بخرێتە سەر ئەوانەی کە تەڵەب دەکەن کەمتر ببێت، لەم روانگەیەوە تا سەقفەکە دوور مەوداتر بێت، بە پێچەوانەوە نابێت کەمتر بێت، دەرفەتی زیاتر بۆ هاووڵاتی دەڕەخسێنێت، کە بتوانێت باشتر موشارەکە بکات بەبێ ئەوەی فشاری بخرێتە سەر، ئەو ماوە زەمنیە زۆرەش لەبەردەست دایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر لە رووی دەخلەوە میزانیە باشتر بێ ئەوکاتە ئەتوانێ لەو میزانیەی کە دواجار مولْکی خەڵکە بەخشینی لێ بێتە کایەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بڕگەیەك بە پێویست دەزانم، پێشنیار دەکەم بڕگەی یەکەم، ببێتە بڕگەی دووەم، دووەم ببێتە سێیەم ئەگەر پەسەند کرا، من گومانم هەیە بە پێی ئەو حەجمە و ئەو قەبارەی کە پێداویستی یەکەی نیشتەجێبوان پێویست بوو هاووڵاتیانی کەم دەرامەت و بۆ فەرمانبەران، لەگەڵ توانای وەزارەتێك کە توانایەکی مەحدودی هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك ئیزافە بکرێت، تەنیا وەزارەت ئەم کارە نەکات، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕاستەوخۆ یان بە هۆی کەرتی تایبەتەوە، بە ئیشراف کردنی وەزارەت شوقەو خانوو دروست دەکات، بڕگەیەك ئەوها ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی تەنیا وەزارەت پێی هەڵنەستێت، بۆ ئەوەی ئەو قەبارە گەورەیەی کە هەمانە، وەزارەت من شوبهەم هەیە ئەوە ببێت بە چەند ساڵێکیش،

ئەگەر پەسەند کرا تەبیعی برگەکان دەگۆڕدرێت، من لە برگەی یەکەم وەکو خۆی کە هاتووە، لە پاش خانووی نیشتەجێبوو، کەوانە داخراوە بۆ هاووڵاتیان و فەرمانبەران، من بە پەسەندی دەزانم و زۆر پێویست دەبینم، ئەفزەڵیەتەکە بە کەم دەرامەت بدرێت، چونکە دائیمەن موەزەف وشیار ترە، ئەگەر یاساکە دەرچوو، بەهەزاران فەرمانبەر دەتوانن ناوی خۆیان بنووسن، بەلاّم ناتوانن پیرەژنێك و بێوەژنێك و کەم دەرامەتێکی تر هیچ ئەوەی نیە، ناتوانێت و ناگاتە ئەوە، بۆیە من بە پێویست دەزانم بەو شیوەیەی لێ بکرێت، بۆ هاووڵاتیان لە خەڵکی کەمدەرامەت و فەرمانبەران، ئەوهای لێ بکرێت، بۆ ئەوەی ئەفزەڵیەت بە کەم دەرامەت بدرێت، من تەئیدی قسەکانی جەنابی وەزیر دەکەم بە پێی زەوابت بێت، نەوەك بە پێی ئەقدەمیەت بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی سێیەم بە نیسبەت ئەوەلەن هاتووە، لە کۆتاییەکەی (ویقدم طلب شراء الی الوزارة) تەبعەن ئەگەر وەزارەت بێ خەڵکی کەم دەرامەت هەیە، جاری وا هەیە پارەی کرێی سەیارەکەی نیە بیداتن، چ جا لەوەی کە لە ئامێدیەوە دێتە وەزارەت، کە لە سید صادق و ئەو شوێنانە دێت، جگە لەوەی کە لەناو هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە پەرلەمانیشەوە، کێشەی ڕۆتینی گەلەك زۆرە، واتە ئەگەر بکرێت لە قەزاو ناحیەکانیش لیجان هەبێ، بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەت یان لەگەڵ پارێزگاکان، واتە ئەو کەسەی کە تەڵەب دەکات، داواکاری هەیە لەبۆ کڕینی خانوو یان شوقە، لەو شوێنانە ناوی خۆی تەسجیل بکات، حەسەب ئەقدەمیەکە، ئەگەر بەپێی کاك شڤان باسی کرد یان کاك عمر و ئەوان، بەپێی ئەقدەمیەی ئەوەی کە زۆر زۆر پێویستی پێیەتی، بەنیسبەت ثانیاً هەمانە ئەگەر ئەقساتەکە لۆخۆی دائیمەن ئەگەر هەرکەسێك ئەگەر فەرمانبەر بوو، قیستی لێ وەردەگرن مانگانە، بەلاّم ئەگەر هاووڵاتی بوو، ساڵانە قستەکەی دەدات، لە سولفەی عەقار و ئەوانەش دیاری کراوە زۆرجار، هاووڵاتی ساڵانە دەیدات، ئەگەر هاووڵاتی لۆی دیاری نەکرێت، واتە قستەکی وابێ بتوانێ ساڵانە بیدات، بەنیسبەتی فەرمانبەرانیش، کاك عدنان و هەندێ لە هاوکارانم باسیان کرد، ئەگەر لە 10٪ نەبێ باشترە، بەنیسبەت عەفوو کردنی هاووڵاتی، لەکاتی بودجە کە موناقەشەمان کرد، لەسەر سولفەی عەقار، ئەو کەسەی کە سولفەی عەقار وەردەگرێت، وابزانم لە یاسادا هەیە، ئەو کەسەی کە کۆچی دوایی دەکات لە برێن عەفوو دەکرێت لەوە، بەیاسا هەیە، ئەگەر لێرەش تەتبیقی دەکەن بە هەمان شێوە زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی سێیەم، بڕگەی یەکەم، من پێموایە جۆرێك لە تێکەلأو بوون هەیە لە بڕگەکە، بۆ ئەم مەسەلەیە من پێموایە دەبێ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە هاوکاری لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە داوا بکات بەپێی ئەو پێوەرەی موتەبەعە لە دائیرەکان، کە پێشی ئێستاش، وەختی زەمانی کۆنیش حکومەت کاتێك کە خانوو یان عەرزی داوە بە یەکێك خاڵ بەندی کردووە، کێ خاڵی زیاتری هەیە لەوەی کە چەند ساڵ خزمەتی هەیە؟، تەمەنی چەندە؟، هەروەها چەند منداڵی هەیە؟، ئەوە پێوەرێکی زۆر ڕاستەقینەیە، وابزانم پێوەرێکی گشتیە کە لە زۆر شوێن ئەو خاڵە جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ وەزارەتەکان ئەوە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، کە هەموو فەرمانبەران بۆ نموونە، وەزارەتی پێشمەرگە سالأنە لیستی خۆی بداتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بۆ ئەوەی بڵێ ئەوەندە کەسەم لەو خاڵبەندیە، بۆ نموونە بیست و سێ خالی هەیە، بۆ ئەوەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە حسەی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ دابین کردنی یەکەی نیسشتەجێبوون بۆ پێشمەرگە لە وەزارەتی پێشمەرگە وەربگرێت، وەزارەتی ناخۆ بە هەمان شێوە، وەزارەتەکانی تر بە هەمان شیوە، بۆ هاوولأتیان من پێموایە ئەگەر عەدالەت بچەسپێ لەو ولأتە، لە ڕۆتین دەربچین وەکو بەڕێزان باسیان کرد، خۆتان دەزانن واستەو واستەکاری تاوەکو ئێستا، خزم خزخمێنە تاوەکو ئێستا لەناو ولأتی ئێمە باوە، بۆ ئەو مەسەلەیە هاوولأتیان پێوەرەکانیان لە دادگا دادنووسەوە، پشت ڕاست بکرێتەوە لای کاتبی عەدل، ئەو پێوەرانەی بۆ ئەوە بکرێت کە زەوی وەرنەگرتووە ، بیسەلمێنێ کە موستەفید نەبووە لە سولفەی عەقار، بیسەلمێنێ کە خاوەنی ماڵ و منالە، بۆ ئەوەی ناوی بکەوێتە لیستی ئەو کەسانەی کە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چەند یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ دروست دەکرێ، خاڵی دووەم، بڕگەی دووەم، لە ماددەی سێ، پشتیوانی لە کاك عدنان و کاك عمر دەکەم، بەڕاستی هەق وایە بۆ ئەم مەسەلەیە هەندێ چاو بخشێنینەوە کە ئەو قورساییە لەسەر هاوولأتی بەشێوەیەکی وا بارسووکیەتی وەها بکەین، کە حکومەت بە ئیلتیزاماتی خۆی هەڵبستێ، بەشێك لەو ئەرك و قورسایی و گرانیە حکومەت تەحەمولی بکات، ئینجا ئەگەر لە 10٪ بێت هەر شتێکی باشە، هەر وەکو هاوکاریەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێ فەقەرەی یەك لەم ماددەیە، باسی ئەوە دەکات (يقدم طلب الشراء للوزارة ويسجل لديه حسب الاقدمية)، ئەم (حسب الاقدمیە) وەکو بڕادەران باسیان کرد، زۆر لەسەری ئەوە ناکەم، بەلأم (حسب الاقدمیە)کە دیارە تووشی کێشەیەکمان ئەکات، لەوانەیە هەندێ کەس زووتر دەستی بڕوات و زووتر بگاتە ئەو شوێنەو تەڵەبەکەی تەقدیم بکات، کە ئەمە وا ئەکات تۆزێك نەوەك کەم، بەڵکو زۆر فەرق هەبێ لەناو خەڵکەکاندا، هەژار نەتوانێ بە ئاسانی بگاتە ئەو شوێنەو تەڵەبەکەی تەقدیم بکات، بۆیە پێویستە بەپێی زەوابت، هەروەها پێوەرێك هەبێ بۆ ئەوەی تەوزیع بکرێت، چونکە ڕاستە لەماددەی دووەم ئەو پێوەرانە دانراوە، ئەوانەش هەمووی ئیجرائاتی خۆی هەیە، قانونی خۆی هەیە، لای کاتب عدل و ئەو شتانەیە، تۆ

ئەتوانی بڵێی ئەمە عەرزەی نیە، یان ئەمە سولفەی وەرنەگرتووە، یان ئەوەی نەکردووە، بەڵام تۆ زەوابتێك دابنێی تەنسیق لەگەڵ موحافز و ئەنجومەنی موحافەزە تەنسیقێك بکرێت لەگەڵ ئەوانە، وەکو بەڕێز وەزیر ئاماژەی پێی کرد، ئەمە بۆخۆی باشترێکە ئەگەر ئەوە لابرێت و ئەو تەنسیقە لەگەڵ موحافەزە بخرێتە سەری، لە دووهەم فەقەرە من پشتیوانی لە هاوکارانم دەکەم کاك عدنان، بۆ ئەوەی کە لە 10٪ بێ، چونکە ئێمە هەموو ئەوانەی کە باسمان کردووە بۆ ئەم خانووانە تەقدیم ئەکەن کەم دەرامەتن، لەوانەیە فەرمانبەریش نەبن، بۆیە لە 10٪ی دەخلەکەی کەمتر بێ، بەڵام زیاتر نەبێ لە 10٪ لێی ببڕێ، هەروەها بە قستی مانگانە یان ساڵانە ئەمە لێرە تەخویلی کردووە، یەعنی ئەمە زۆر باشە لە خاڵەکە هاتووە، مانگانەبێ یان ساڵانە بێ، ئەوەی ئیمکانیەتی هەیە، مانگانە ئەتوانێ پارەکەی بدات، ئەوەی ئیمکانیەتی نیە کە موەزەف نیە ئیشێکی دەرەوە ئەکات، ئەتوانێ بە ساڵانە پارەکە تەسلیم بکات، ئەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێم باشە، بەڵام لە 10٪ زیاتر نەبێ لەو بڕە دەخلەی کە دەستی دەکەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی سێیەمدا لە بڕگەی یەکەم، دەڵێ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ، کردن و فرۆشتنی یەکەکانی نیشتەجێ بوون و شوقەو خانووی نیشتەجێ بوونی بۆ هاووڵاتیان و فەرمانبەران و خەڵکانی کەم دەرامەت، بەڕەئی من وشەی هاووڵاتیان زیادە، چونکە فەرمانبەریش هەر هاووڵاتیە، چونکە لێرە زۆر لام سەیرە کە دەڵێن هاووڵاتی و فەرمانبەر هەردوکیان یەك شەخسن، هەروەها ڕستەیەکیش لای من زیادە، حەز دەکەم بسڕێتەوە نەبێ، بەپێی پێشکەش کردنی ئەقدەمیە تۆمار دەکرێن، ئەوە بەمن غەڵەتە، ئێمە موسابەقەمان نیە، کێ زوو تەسجیل دەکات زوو جائیزەی بدەیتێ، زوو خانووی بدەیێ، چونکە هەیە ماڵی دوورە، هەیە هەواڵەکە درەنگ دەزانێ، هەیە هەتا تەسجیل دەکات، هەتا ئەوراقی کۆ دەکاتەوە، چونکە هەردوو کەس ئەوەی درەنگ گەیشت و ئەوەی زوو گەیشت، عەینن سیفاتی تێدایە، بۆ وەرگرتنی خانوو، عەینن پێویستی پێیەتی، هەروەها یەك ڕەئیم هەیە، ئەوە زیاد بکرێت فەقەرەك ئەگەر هاتو تەنها وەزارەت هەڵنەستێت بەو ئیشە، تەنسیق بکات لەگەڵ وەحدەی ئیداری شارەکان، بۆ نموونە، موحافز قایمەقام، یان مدیر ناحیە، چونکە ئەوانە شاری خۆیان و جێگای خۆیان باشتر دەزانن، خەڵکەکە دەزانن کێ کەم دەرامەتە، لەلای وان ئیحسائیە هەیە، هەروەها تەجروبەیەکی سەرکەوتوو هەبوو لە هەولێر، هەزار شوقە دابەش کرا، زۆر بەڕێك و پێکی گلەیی ئەوتۆ نەبوو، بۆیە پێویستە ئەوانیش بەشدار بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ڕاستی من بتنێ تێبینیەك هەیە ل سەر ماددا سێیێ بڕگا ئێکێ، ئەوژی ل سەر فەرمانبەران موەزەفین، ئەو زێدەیە ئەگەر هاتو شاریحە فەرمانبەران هاتە تەحدید کرنێ، ل ڤێرە دبیت یێ دی ژ بێتە تەحدید کرنێ، وەکی مامۆستایان و پێشمەرگە و ئاسایش ، یا ژمە هەر باشترە وەلاتییێن کێم دەرامەت شمولیە هەموو چینێن کۆمەلگەهێ دگریتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوخاڵە خاڵەکی گرنگە، تۆزێك تێکەلاوی تێدا هەیە، چونکە هەندەك ئەرك و واجبات تێدا هەنە، بەتێکە لاوی هاتینە، لەسەر ڕۆشنایی ئەو نیقاشەی لە پەرلەمان کرا، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەم خاڵە، خاڵی ماددەی ثالثا، اولاً ببێت بە سێ فەقەرە، یەك، فەقەرە (أ) (تتولى وزارة الاعمار والاسكان بيع الوحدات السكنية الشقق والدور لمواطني الاقليم من ذوى الدخل المحدود بدون دفع المبالغ النقدية مقدماً و وفق الظوابط التى تحددها الوزارة) ئێمە دەڵێین مواتنین، پێویست ناکات بچین بڵێین موەزەف و غەیری موەزەف، کە گوتمان مواتنین خەلاس، بەو شکلە(تتولى وزارة الاعمار والاسكان بيع الوحدات السكنية الشقق والدور لمواطني الاقليم من ذوى الدخل المحدود و بدون دفع المبالغ النقدية مقدماً و وفق الظوابط التى تحددها الوزارة) ، (ب) (تقدم طلبات الشراء الى الوزارة او الدوائر والجهات التى تحددها الوزارة وحسب التعليمات) (ج) (اذا تجاوز عدد الراغبين عدد الوحدات السكنية المعلن لها للبيع تلتزم الوزارة بايجاد المعايير الدقيقة والعادلة لتحديد المستحقين)، وە ئەم خاڵە (ثالثاً) اولاً ببێت بەو تەرتیبە سێ فەقەرەیە، بەنیسبەت ثانياً(يسدد طالب التملك بدل شراء الوحدة السكنية المترتبة بذمته من الاقساد) پێویست ناکات بڵێین شەهریەو سەنەویە، ئەمە با بۆ ڕێنماییەکان بمێنێت، ئیحتیمالە لە ناحیە بە شکلەك بێت، لە قەزا بە شکلێك بێت، موحافەزە بە شکلێك بێت، ئێمە نەچینە ناو ئەو وردەکاریە بە ئەقسات شەهریە ئەو سەنەویە بی ئەقسات، (خلال المدة لاتقل عن خمسة وعشرين سنة) نەوەك (خلالها تجاوز)بۆ ئەوەی حکومەت پابەند بێت بە بیست و پێنج ساڵەکە، (اعتباراً من التأريخ استلام الوحدة السكنية) چونکە دوو تاریخمان هەیە، تاریخی تەسجیل و تاریخی ئیستیلام، لەبەر ئەوە دەست نیشان بکەین، (من تاريخ استلام الوحدة السكنية) بەڕەئی من بەو شکلە یەعنی زۆر ڕێك و پێك دەبێ و شتەکان وازح دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم، پشتگیری ئەم ماددەیە دەكەم، بەتایبەت لابردنی پێشەكی، كە زۆر بە باشی یارمەتی فەقیرو هەژاران دەدات، من لەگەڵ ئەوەدام ئەگەر هاتو خاوەن قەرزەكە وەفاتی كرد، لە باقی قەرزەكەی كە لەسەری ماوە ببەخشرێ، لەبەر ئەوەی دەبێتە یارمەتیەكی باش بۆ ماڵ و منداڵەكانی، بۆ مناڵە هەتیوەكانی كە جێ ماون، لە بڕگەی دووەمدا كە هاتووە سوودمەندەكە بە قیستی مانگانە، قەرزەكە دەداتەوە، دیارە ئەو قەرزە سوودی لەسەر نیە، بەلأم من پێم باشە لێرە ئیشارەتی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بەرچاویان ڕوون بێ، ئەو قەرزە سوودی ناكەوێتە سەرو حەرام نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی یەكەم منیش پێم باشە بێ پێشەكی و بێ هیچ زیادەیەك بێ، ئیتر زیادەكە سوو بێ یان قازانج بێ یان هەر شتێك بێ، بێ پێشەكی و زیادە باسی بكەین، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر بەنیسبەت تەسجیل كردنەوە حەسەبی ئەقدەم، (تقدمها) نەمێنێ، هەموو كەس تەسجیلی بكات، بەلأم تەوزیعەكەی گرنگە، تەوزیعەكەشی پشتیوانی ڕای برادەران و ڕای جەنابی وەزیر دەكەم، كە بەپێی زەوابت و مەعیارێكی دەقیق و عادل بێ كە وەزارەت بە تەعلیمات دیاری ئەكات، دوای ئەوەی كە لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئەو شتانە تەقدیم دەكرێت كە موسەدەق بێ لەلایەن جهاتی مەعنیەوە، مەسەلەن مەزبەتەی گەڕەك، قەزا، ناحیە ئەو شوێنانەی كە ئایا ئەمە خانووی نیە، سەیارەی نیە، دوای ئەو شروتانەی كە هاووڵاتی تەقدیمی كرد، هەروەها تەئیدی ڕای گوڵێزار خان دەكەم، ئەگەر قەرزارەكە مرد، لەباتی قەرزەكە عەفو بكرێت، بەنیسبەت فەقەرەی دووەمەوە من پێموایە مودەكە دیاری نەكرێت، چونكە ئەگەر ئێمە مودەكەمان دیاری كرد، ئیتر مەلزەمە هاووڵاتی چۆن بیداتەوە، چونكە مەبلەغی تێچونەكە تەقسیمی مودەكە دەكەین، ئیتر ئەوكاتە مەسەلەن ئەگەر بڵێین 25 ساڵە، 40ملیۆن، 50 ملیۆنی تێ بچێت خانووەكە، 50كە تەقسیمی 25 ساڵەكەی دەكەین، ئەبێ مولزەم بێ ساڵی 2ملیۆن بدات، كەواتە ساڵ دیاری نەكرێت، بەنیسبەت هاووڵاتی و موەزەفەوە، هاووڵاتی تۆ چوزانی دەخلەكەی چەندە؟، یەعنی ئایا دەخلی مانگانەی ساڵانەی چەندە؟ ساڵانە حەدێكی مەعقول دابندرێت بۆ هاووڵاتی، بەنیسبەت موەزەفەوە، نیسبەتی لە 10٪ بێ، ئەوكاتە بۆ موەزەف لە 10٪، بۆ هاووڵاتیش بە پێی داهاتەكەی نیسبەتێك ساڵی نیو ملیۆن، ملیۆنێك چونكە ئەگەر بەو شێوەیە بێ هاووڵاتی و موەزەف فەرقی هەیە، مودە دیاری نەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من سەرەڕای پشتیوانیم لە پێشنیازەكەی بەڕێز وەزیر، بەلاَم پێموایە پێویستە حەسەب ئەقدەمیە بمێنێت، یـەعنی بـۆ تەسـجیل كـردن، ئینجا دوایـی قسە لەسـەر خاڵەكان دەكرێت، یـان خـاڵ بەنـدی دەكرێـت، یـان هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەكان دەكات بـۆ تـەعلیمات دەركـردن بەشـێوەیەك، بـەلاَم بـۆ تەسـجیل كردنەكە حەسەب ئەقدەمیەكە زەروریە بمێنێت، سەرەڕای جێكردنـەوەی ئـەو پێشـنیارەی بـەڕێز وەزیـر باسـی كـرد، خـاڵێكی تـر، مـن زۆر لەگـەڵ ئـەو ڕەئیـەی كـاك عـدنانم، ئێمـە لـە دابـین كـردن یـان لـە جێبـەجێ كردنـی بەرنامەی ئیستیسماری بەتایبەتی لە ڕووی عەقاریەوە، حكومەت نیـوەی پارەكـە هاوكـاری دەكـات، لـەكاتێك كە خانووەكە بۆ خەڵكی كەم دەرامەت نیە، بۆ دەبێ بۆ خەڵكی كەم دەرامەت حكومەت تەنها زەمـەن بداتـە خەڵكی كەم دەرامەت، بڵێ بە بیست و پێنـج ساڵ هەموو پارەكەت لێ وەردەگرمەوە، بۆ حكومـەت لـە نیـوەی خۆش نابێ، یەعنی هاوكاری كردن ئەوەیە نەوەك من بە دە سـاڵ لێت وەرنـاگرمـەوە، یـان نـاتوانی یەكسـەر بیكڕی  بە بیست و پێنـج ساڵ، من ئەو ڕەئیەم زۆر پێ گونجاوە، كە دەتوانێ حكومەت، خـۆی هاوكاریەكـەی وایە، لەنیوەی خۆش دەبێ ئینجا زەمەنیشی دەداتێ، بۆ ئەوەی خەڵكی كەم دەرامەت بتوانێ ئیسـتیفادەی لێ بكات، لەو خانووانە نەبێتە بارێكی قورس بەسەریان كە ناتوانن دەفعی پارەكە بكەن، سوپاس.**

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك دڵشاد فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**مـن پێموایـە منـیش لەگـەڵ ئـەو ڕەئیـەدام كـە مـەوزوعی ئەسـبەقیەتی تەقـدیمی تەڵـەب بـە ئیعتبـار وەرنەگیرێت، هیچ پێوەرێك نیە بە دیتنی من، یەكێك دووربـێ، یـەكێك نزیـك، یـەك زوو گەیشـتێ، یـەكێك درەنگ گەیشت، یەكێكیشە لەو شتانەی كە بەڕاستی مومكنە تەلاعوبی تێدا بكرێ، مومكینە  حجزی ڕەقەم بكرێت، مومكنە گەڵێ شتی تر ئەگەری دەخاتە بـەردەم ، بۆیـە بـەپێی ئـەو زەوابـت و تەعلیماتانـەبێ، كـەوا وەزارەت لەگـەڵ موحافـەزات ئـەوەی كـە پێشـنیار كـراوە، جـەنابی وەزیـر لەگـەڵ موحافـەزات، یـان لەگـەڵ وەحەداتی ئیداری بابڵێین، لەگەڵ موحافـەزات كـە تـەعلیماتی پـێ دەردەچێت، بـەلاَم تەقـدیمی تەڵـەب بـۆ وەزارەت نەبێ، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە وەزارەتێكی فەنی هەندەسیە پتر لەوەی كەوا وەزارەتێك بێ پتر خەریكی كاروباری كۆمەڵاَتی و هەڵسەنگاندنی باری بژێوی خەڵكی، یاخود خـەریكی ئیداریات و  كۆ كردنەوەی فـۆرم و ئـەو مەسـائیلانەبێ، ڕەئـی دروسـت بـەڕەئی مـن ئەوەیـە، ڕەئـی میسالی، وەزارەت بەپێی ئەو پارەیەی كەوا ساڵاَنە بۆی تەرخان دەكرێت، وەحـەداتی سـەكەنی دروسـت بكـات، دەوری وەزارەتـی ئاوەدانكردنـەوە لـەوێ ئەسـلەن كۆتـایی دێ، بـەپێی ڕێـژەی دانیشـتوان ئـەم وەحـەداتی سـەكەنیە دابەشی سەر پارێزگایەكان بكرێت، لەئاستی پارێزگـا دەوائـیری مـەعنی هەیـە، دەوائـیری سـەر بـە وەزارەتـی كاروباری كۆمەڵاَیەتی هەیە، مودیریەتی مەعنی هەیە كەوا مومكینە فۆرمیـان لـە لابـێ، مومكینـە زانیـاری**

پێشتریان لە لابێ، باحسی ئیجتیماعیان هەیە، تەئکیدی سەحەتی ئەم زا نیاریانە دەکەنەوە، لە داهاتی خەڵك، لە باری بژێویان، لە سەحەت و عەدەم سەحەتی ئەو مەرجانە بە دیتنی من، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نە ئیشی ئەوە، نە ستافیشی ئەون بچێت بە دوایدا بگەڕێت، بزانێت ئەو کەسە دەخلی مەحدودە یان مەحدود نیە، ڕەئی دروست ئەوەیە دیسان دووپات دەکەمەوە، بڕێك پارە تەرخان دەکرێت، وەزارەت بە جانبە فەنیەکەی هەڵبستێت، لە تەئمین کردنی زەوی لەگەڵ وەزارەتی بەلەدیە، لە دروست کردنی وەحەداتی سەکەنی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك، باقی ئیتر شروت و تەوزیع و ئەم مەسائیلانە، هەم بۆ کەم کردنەوەی ڕۆتین، هەم بۆ دابەزینی دەسەڵاتەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەلەو مەوزوعەکە ڕەنگە چەند ڕەبتی پێوەیە یان نا، ئێستا مەجموعەیەك ئیداراتی موستەقیلمان دروست کرد، جەگە لە موحافەزات کۆمەڵێك ئیداراتی تر کە ئیداراتی سەربەخۆن، ئینجا ئێمە شتەکان هەمووی بینینەوە ناو وەزارەتەکان، ئەی هەدەف لە دروست کردنی وەحەدات و لەو سیاسەتەی کەوا حکومەت خۆشی لە بەرنامەی خۆیدا باسی لێوە دەکات، دابەزینی دەسەڵاتەکان چیە؟، بۆچی مەسەلەن یەکێك لە ناحیەیەك مەجبور ببی بێتە وەزارەت تەقدیمی تەڵەب بکات، ئینجا وەزارەت چ ئالیەتێکی هەیە لەناحیە تەدقیقی سەحەتی ئەم حاڵەتە بکات، بۆیە ئەگەر تەقدیم وابێ، من پێموایە دەبێ لە ڕێگەی وەحەداتی ئیداریەوە بێت، ئەرکی وەزارەت بە شێوەیەکی گشتی لە مەسئەلە فەنیەکان، لە مەسەلەی کوالیتی، لە مەسەلەی تەئمین کردنی ئەم مەسائیلانەی خەدەمات و ئەوانەوە بێت، نەوەك خەریکی ئیداریاتەکانەوە بێت، ئەوەی مەوزوعی ئەسبەقیەش، باسم کرد کەوا من لەگەڵێدانیم، ئەوی تر مەوزوعی ئیمکانیات، ئەمە مەسەلەیەکە بەڕاستی لە غیابی وەزارەتی مالیە مومکین نەبێ باس بکرێت، یاخود قەراری لەسەر بدرێت، ئەمە وەجهەت نەزەری تێدایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر $25$ ساڵ حەدی ئەقسای دانەوەی قەرزەکان بیت، وەحدەیەکی سەکەنی بە $35$ هەزار دۆلار دروست بکرێت، بە سعری ئێستای دۆلارو پارە ئەو وەزعەی کە دەبێ خاوەنی تەڵەبەکە مانگی $150$ هەزار دینار بداتە حکومەت بۆ ئەوەی بە مودەتی $25$ ساڵ کە دەکاتە $300$ مانگ، $35$ هەزار دۆلار بەسەر $300$ مانگ دابەش بکرێت، تەقریبەت $117$ دۆلارە، دەکاتە نزیکەی $150$ هەزار دینار، منیش پێموایە ئەو پێناسەی کە ئێمە بۆ زەوی دەخل مەحدودمان داناوە، مانگانە دانەوەی $150$ هەزار دینار زەحمەتە، یەعنی ئەوە وادەکات، کە خەڵکێك فیعلەن زەوی دەخل مەحدودە، ناشتوانێت ئەسلەن موشارەکەی مەسەلەکە بکات، یان لە مەسەلەکە بێتە پێشەوە، بەڵام تەقدیر کردنی ئەو نیسبەتەی کەوا حکومەت لە چ ئیرادێك، لە چ وەزعێزێك دەتوانێت، یان نیسبەی چەند دەتوانێ موساهەمەی تێدا بکات؟، ئەمە جێگای باسە، بەڵام من پێوایە بەبێ وەزارەتی مالیە ڕەنگە مومکین نەبێ تەحدیدی ئەو نسبەیە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ڕەئیەکانی من لەسەر خاڵی یەکەم ئەوەلەن، هەمان ئەو بۆچوونانە بوون کە کاك دڵشاد تەرحی کرد، بۆیە پشتگیری لە بەڕێزیان دەکەم، تەنها ئەوە ئەمێنێتەوە کەباسی بکەم، ئەلێرەدا کە باسی ئەوە دەکەین، ئەڵێ ئەو شوقەق و دور سەکەنیە، (للمواطین والموظفین والاهالی)، ئەگەر بێتو ئێمە لێرە لە ڕێنماییەکان، کاتێ وەزارەت دەری دەکات، یاخود لێرە بتوانین شتێ ئیزافە بکەین، جیاوازی نێوان فەرمانبەر و ئەهالی بکەین، چونکە بۆ فەرمانبەران ئەتواندرێت ئەو نسبەتەی کە دیاری ئەکرێت، کە بەڕێز کاك دڵشادیش باسی کرد، ئەرگەر بێت و لێکی بدەینەوە تەقسیم و جەمعەکە بکەین، دەکاتە 150 هەزار دینار، بۆ موەزەف ئەتواندرێت دیاری بکرێت لەبەر مووچەکەی، بەلاّم بۆ ئەهالی بەتایبەتی ئەو ئەهالیەی کە نسبەی دەخلی زۆر زۆر کەمە، بەڕاستی ئەوە ئەبێتە عەبئێکی زۆر گەورە لەسەر شانی ئەو هاوولاّتیە کەم دەرامەت و کەم دەخلە، بۆیە ناتوانێ ئەو نسبەیە بەو شێوەیە دابین بکات، بۆیە ئەگەر بکرێت لە تەعلیماتیش بێ وەزارەت خۆی بتوانێت جیاوازی تەرح بکات لە بەینی موەزەف و ئەهالی کەم دەرامەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس، د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برِگەی یەکەم کە دەڵێ (للمواطنین من الموظفین والاهالي من ذوی الدخل المحدود) من پێموایە هەر خۆی یاساکە لە ماددەی یەکەم کە ئێمە دەستکاریمان نەکردووە، باس لەوە بکات (تقوم وزارة الاعمار والاسكان ببناء الشقق والدور السكنية للمواطنين في اقليم كوردستان لغرض تأمين السكن لمواطني الاقليم من ذوی الدخل المحدود وتمليكها لهم) یەعنی لەوێ باسی موەزەف نەکراوە، باسی مواتین کراوە بەشێوەیەکی موتلەق، (من ذوی الدخل المحدود) ئەوانەی کە داهاتیان سنووردارە، بۆیە بەڕەئی منیش پێویست ناکات لێرە (الموظفين والاهالي)تێدابێ، تەنها (شقق و دور السكنية للمواطنين من ذوی الدخل المحدود) وەکو چۆن لە ماددەی یەکەمدا هاتووە، موتابقە لەگەڵ ماددەی یەکەمی قانونەکە، ئەمە تەواوە بەڕاستی، دواتر کە باسی ئەوە، (ويقدم طلب الشراء الى الوزارة ويسجل لديها حسب اقدمية تقديمها) پشتگیری ڕایەکەی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم، بەلاّم پێم باشە لە برِی ئەقدەمیەت، ئەولەویەت بێ، بنووسرێ (حسب اولوية تقديمها وفق الضوابط التی تحددها الوزارة بالتنسيق مع الجهات المعنية ومجالس المحافظات)، یەعنی بە تەنسیق لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان بەیەکەوە، کە ئەوان باشتر ئاگاداری هاوولاّتیانن لە سنووری پارێزگاکانی خۆیان، سەبارەت بە برِگەی دووەم، (يسدد طالب التملك بدل شراء الشقة ا و الدار السكنية والتی تترتب بذمتها باقساط شهرية أو سنوية خلال مدة لاتزيد على خمسة وعشرين سنة) من پێموایە لێرە (على مدار خمس وعشرين سنة) بێ باشترە لە برِی ئەوەی کە لا تزید،

یەعنی لە ماوەی 25 ساڵ، نەوەك لەماوەیەكدا كە لە 25 ساڵ زیاتر نەبێ، ئەوەشی بۆ زیاد بكرێت، پشتگیری لە هاوكارانم دەكەم كە دەبێ بنووسرێ (دون فوائد) بەبێ هیچ سوودێك كە بێتە سەری، چونكە ئەسڵ وایە لەو قانونە كە سوودی تێدا نیە، بەلاَم بۆ ئەوەی كە وازح بێ و زۆر ڕۆشن بێ لە قانونەكە، بڕگەیەك لێرە بە وازحی بنووسرێ دون فەوائید، یەعنی بەبێ هیچ سوودێك كە دێتە سەری، وابزانم ئەو سندوقی ئیسكانیش حكومەتی ئیتیحادی هەیە، كە شوقەو خانوو بۆ هاوولاَتیان دروست ئەكات، فەوائیدیان لەسەر لابردووە بە هەمان شێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ویستی ڕوون كردنەوە بدات، فەرموو.

**بەڕێز كامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، من بەڕاستی چەند ڕوون كردنەوەیەك ئەدەم لەسەر ئەو تێبینیانەی كە باس كرا، كە لە لایەن ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان بەهەند وەربگیرێت ئەو ڕوون كردنەوانە، لەوەوە دەست پێ دەكەم، ئێمە بڕگەی یەكەی بابلێین لەماددەی دووەم، لە یاسا بنەڕەتیەكەیان نووسراوە، ئەڵێ تەحدیدی كولفەكە، لەسەر چ بنەمایەكە، كەواتە ئێمە كە باس لەو گۆڕانكاریانە دەكەین، تەنها ئەوە نیە ئەمە پێشنیاری یاسایەك بێ، ئەمە هەموار كردنی ئەم یاسا بنەڕەتیەیە، بۆیە یاسا بنەڕەتیەكە ئەگەر سەیری بكەین، تیایدا نووسراوە، ئەڵێ تەحدیدی كولفەی بیناكە، لەسەر ئەساسی مەساریفی فعلیە، زائیدەن لە 1٪ی كولفەی ئیداری، كەواتە بۆ هیچ كەسێك نیە دوای ئەوە فائیدەی بخاتە سەر، یان زیادەیەكی بخاتە سەر، بەهیچ شێوەیەك ئەمە لە ماددەی دووەم دیاری كراوە، ڕوون كردنەوەیەكی تر درا لەسەر ئەوەی لە حاڵەتی وەفات چی لێ دێت، ئەگەر سەیری یاسا بنەڕەتیەكە بكەین، (المادة الرابعة) رابعەن نووسراوەو ئیشارەتی پێدراوە، ئەڵێ لە حاڵەتی وەفات ئەو كەسەی كە شوقەكەی وەرگرتووە، یان یەكە نیشتەجێیەكەی وەرگرتووە، ئیعفا دەكرێت لە هەموو قیستەكان، كەواتە هەندێك لەو پرسیارانەی لای بەڕێزان دروست بووە، خۆی لە خۆیدا یاسا بنەڕەتیەكە معالەجەی كردووە، ئەمەی ئێستا باسی دەكەین هەموار كردنەكەیە، ئینجا دێمە سەر ئەو خالاَنەی تر، بەڕاستی لەوەوە دەست پێ بكەین كە ئایا ئەم یەكە نیشتەجێیانە بە دەعم بێ یان بەخۆڕایی بێ، بە 25 ساڵ بێ یان بە 50 ساڵ بێ، من وەكو ڕەئیەكی شەخسی خۆم بیڵێم، من حەز دەكەم هەر بە خۆڕایی بێ، پارەی كارەباش نەبێ، پارەی هیچ شتێك نەبێ، بەلاَم ئایا میزانیەی كوردستان، ساڵی پار وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بایی یەك ملیارو دووسەد ملیۆن پڕۆژەمان تەقدیم كردووە، كە زۆربەی ڕێگاو بانەكانە، ئەگەر لەمن بپرسن بڵێن ڕێگاكان لە چ ئاستێكدایە، بمبوورن ئەوەندە هەر بۆ ڕوون كردنەوەیە، ئاستی دەرەجە 30ی دەدەمێ، بەلاَم ئێمە پار 89 ملیارمان بەركەوتووە، 89 ملیار دینار، كەواتە خۆ ئەگەر بتوانین ئەمانە بە خۆڕایی بۆ خەڵك بكەین و پارەكەی لێ وەرنەگرینەوە، بەڕاستیەكەی زۆر زۆر باشە هەر هیچی لێ وەرنەگرینەوە، نەوەك قیستەكانی زیاد بكەین،

یان له نیوەی خۆش ببین، یان ئەوەی بکەین، لەبەر ئەوە ئەگەر قسە لەسەر یەکەی نیشتەجێکان بکەین، ئێمە تا ئێستا ئیحسائیەکمان نیە، ڕاستە کۆمەڵەی کرێ نشینانمان هەیە، یەکێك لەو تەعلیماتانەی کە دەری دەکەین، لەوانەوە زانیاریەکان وەردەگرین، ئەڵێین بە تەنسیق لەگەڵ پارێزگاکان، بێگومان ساڵی کرێچیەتیەکەشی هەر بە نەزەری ئیعتبار وەردەگیرێت لە تەعلیماتەکە کە دەری دەکەین، ئەگەر باس لەوە بکەین ئایا سەر ژمێریەك هەیە بۆ یەکەی نیشتەجێبووەکان، کە ئیحسائیەك نیە، سەر ژمێری نەکراوە، لەسەر ئەساسی حەسر و تەرقیم و ئەو داتایانەیە کە ئێمە و وەزارەتی پلان دانان و هەروەها لە کرێ نشینەکانیشەوە وەرگیراوە، ئێمە دوای ئەوەی کە ئیعلانی ئەوە دەکەین، جا کە دەڵێین وەزارەت، وەزارەت نیە هەمووی لەناو مەرکەزی وەزارەت، کە ئێمە دەڵێین بە تەنسیق لەگەڵ پارێزگاکان، بێگومان وەزارەت وەکو ئاماژەیان پێدا وەزارەتێکی فەنیە، جێبەجێ ئیش دەکات، بەس خۆ دەبێ ئەم یاسایە لایەنێك جێبەجێی بکات، لایەنێك بێ بەرائی جێبەجێی بکات، ئەگینا تەنسیقەکە هەمووی لەگەڵ کێیە، نەوەك تەنها لەگەڵ پارێزگاکان، سەرۆکی یەکە ئیداریەکانە، بۆ نموونە، ئەگەر ئەمە جێبەجێ کرا، ئەگەر چووە قەزایەکەوە ئەبێ ئێمە تەنسیق لەگەڵ قایمقامی قەزاکە بکەین، فۆرمەکان کە ئەڵێین پێشکەش بکرێت بە وەزارەت، ئەتوانین ئەوە دەستکاریەکی بکەین، بڵێین (لرؤساء الوحدات الاداریة) بەلاّم زەوابتەکە دەبێ شوێنێك هەبێ جێبەجێ کردنی ئەو زەوابتەبێ، بە تەنسیق لەگەڵ موحافەزەکان و سەرۆکی یەکە ئیداریەکان، کاتێك کە ئیعلانی ئەمە دەکرێت، بێگومان خەڵك تەڵەبیەکی زۆر تەقدیم دەکات، ئێمە بۆیە دەڵێین با ئەسبەقیەت، وابزانم زۆربەی زۆری ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان تەئیدی ئەوەیان کرد، بەپێی ئەسبەقیەت نەبێ، بە پێی زەوابت بێ، ئەو زەوابتە لەگەڵ سەرۆکی یەکە ئیداریەکان دادەنرێت، ئەوکاتە ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ هەیە، کەم دەرامەتن هەر خۆی ئەبێ بە ئیحسائیەکە، هەر لەساڵی یەکەم کە ئێمە ئیعلانی بۆ دەکەین، خەڵك دێت لەماوەی ساڵێك فۆرم تەقدیم دەکات، بێگومان ئەمە کارێکی ئاسان نیە، داتا بەیسێکی بۆ دادەنێین، ئێستا ئیشی لەسەر دەکەین لەسەر ئەو داتا بەیسە، یەعنی شتێك نیە بڵێین بە دەست بکرێت، ڕێنماییەکان ئێستا کاری لەسەر دەکەین، هەر ئەمڕۆ نووسراوێکمان ئیمزا کردووە بۆ هەموو پارێزگاکان، پێیان دەڵێین لەماوەی 15 ڕۆژ ئەو ڕێنماییانەو ئەو زەوابت و پێوەرانەمان پێ بڵێین، کە دەبێ ڕەچاو بکرێت لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، ئێمە لەگەڵیان دادەنیشینەوەو تەوحیدیان دەکەین، پێویستی بە دائیرەی ئیحسا هەیە، پێویستی بە دائیرەی عەقاری هەیە، پێویستی بە کۆمەڵێك دائیرەو فەرمانگەی تر هەیە، لە ناو یەکە ئیداریەکان، کە لەمەیان تەنسیقمان لەگەڵدا بکەن، بۆیە کاتێك کە باس لە ئەقساتەکان دەکەین، لەماوەی 25 ساڵ، ئەوەش کە ڕێنماییەکانی بۆ دادەنێین، ئەو کەسانەی کە دەخلەکانیان مەحدودە، خۆ دەبێ ئەوەش تەسنیف بکرێت، کە ئەڵێی دەخلی مەحدود، هەیە مەسەلەن دوو کەس موەزەفن، دەتوانن مانگی سێ سەد هەزار بدەن، وەکو وتم هەر پێم باشە هەر هیچی لێ وەرنەگرینەوە، بەلاّم دەتوانین ئەگەر 100 هەزار یەکەی نیشتەجێ حسێب بکەین، بە خزمەتگوزاریەکانیەوە کە پێویست دەکات، بە 50 هەزار دۆلار دایبنێین، ئێمە باس بەس

لە نرخی یەكە نیشتەجێییەكە ناكەین، باس لە كولفەی خزمەتگوزاریەكان و تەواوكاریەكان دەكەین، ئەگەر بە 50 هەزار دایبنێین، 100 هەزار یەكەی نیشتەجێ ئەكاتە چەند، 5 ملیار دۆلار، وەكو عەرزم كردن ئێمە پار بایی ملیارێك و دووسەد ملیۆنمان پرۆژە پێشكەش كردووە، نەوەت ملیار دینارمان بەركەوتووە، ئایا دەتوانین ئەو پارەیە دابین بكەین، مەبەست لێرەدا بەقیست دانەوەی ئەوەیە كە تۆ سندوقێك دادەنێیی ناچێتەوە گیرفانی حكومەت، مانای ئەوەش نیە كە تۆ ئەمساڵ ئەو پارەیەت خەرج كرد، ئیتر تەواو ئەبێت و یەكەی نیشتەجێبوون پێویست نابێت، ئەمە ڕێگانیە، بڵێین ئەم ڕێگایەمان كرد لە بەینی فلان شوێن، ئیتر ڕێگات پێویست نابێ، یەكەی نیشتەجێبوون لەهەموو دونیادا، بە بەردەوامی پێداویستیە، ئەو پارەیە كە ساڵانە نایێتەوە بۆ حكومەت، ئەگەر توانی ئەو پارەیە لە جیاتی 49 ملیار، ساڵی 250 ملیار دابنێ، ئەوە بە مانای ئەوەیە كە وەحدەی سەكەنی پێ جێبەجێ دەكرێت، چوار هەزارەكە مەبەستم لە 200 ملیارەكەیە، 50كە بۆ خزەتگوزاریەكانیەتی، ئەگەر بتوانین ساڵانە لە چوار هەزار بۆ 10 هەزار یەكەی نیشتەجێ دروست بكەین، بە بەردەوامی پێویستت پێی دەبێ، لە 5 ساڵ بۆ 10 ساڵ، ئینجا ئەتوانی ئەم ئیحتیاجە فیعلیەی كە ئێستا هەیە، كەڵەكە بووە، ئنجا دایبپۆشین ئەو پارانە كە دوای دێتەوە ناو ئەو سندوقە، جارێكی تر بۆ یەكەی نیشتەجێبوون سەرف دەكرێتەوە، ئەمە كارێك نیە بڵێین لە ماوەی 10 ساڵ یان 15 ساڵ یان 25 ساڵ، بە بەربەردەوامی تۆ پێویستت بەم پارەیە هەیە، ئەو سندوقە كە پارەكەی بۆ دەگەڕێتەوە، جارێكی تر بۆ یەكەی نیشتەجێ سەرف دەكرێتەوە نەوەك بۆ شتی تر، ئەوە تەنها ڕوون كردنەوەبوو، چونكە زۆر باس لەوە كرا كە ئایا ساڵەكانی چۆن بێ قیستەكەی چۆن بێ، دەربارەی ئەوەی ئایا فرۆشتنەكە لای كێ دەبێ، ئێمە نالێین وەكو وتم راعی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە، كە واجبە لەسەر كێیە، قەزیەتەكە لە وەزارەتە، بەڵام خۆ هەمووی نایەت بۆ وەزارەت، ئەوە لە ڕێگەی یەكە ئیداریەكان و لە ڕێگەی پێكهاتەكانی وەزارەتەوە جێبەجێ دەكرێت، عەرزی جەنابتم كرد وتم پێشكەش بكرێت بە چی، بە سەرۆكی یەكە ئیداریەكان، (رؤساء الوحدات الاداریە)، كە ئەڵێین وەزارەت، یەعنی وەزارەت و پێكهاتەكەیەتی، قستەكانیان مانگانەبێ یان ساڵانە بێ، بەڕاستی ئەویش لە تەعلیماتەكە دیاری دەكرێت، بەنیسبەت ئەوەی كە موەزەفە، ئەوەی كە ئێستا دیاری كردووە لەسەری، موەزەف وای پێ باشترە كە لە مووچەكەی ببڕدرێت مانگانە، چونكە ئەبێ ئەو یەكە نیشتەجێیە بە ناوی ئەو تەسجیل ناكرێت، بەڕەهن ئەمێنێتەوە لەسەر وەزارەت مانگانە، بەڵام هەندێكی تریان باشە كە بەساڵانە بێ، بەتایبەت ئەوانەی كە هاووڵاتین و كاسب كارن، بۆیە مانگانەو ساڵانەكە بەپێی تەعلیماتەكان، ئێمەكارێك ناكەین لە تەعلیماتەكان بەڕاستی ئێمە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و ئەو چین و توێژەیە كە ئەركی هەموومانە ئەركی حكومەتە كە خزمەتیان بكات، بە تەئكید كەس كارێك ناكات لە تەعلیماتەكان كە وا قورسی بكەین لەسەر ئەو چین و توێژە سوودی لێ نەبینن، من ئەوەبوو ڕوونكردنەوەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جـەنابی وەزیـری ئاوەدانكردنــەوە ڕوونكردنەوەیــەكی باشــی دا ســەبارەت بــەو ڕاو بۆچـوونەی ئەندامــە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی، بزانین كاك كاردۆ نوقتەی نیزامی چی هەیە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ ئەو ڕەئیەی بەڕێز وەزیر، من لێـی ئەپرسـم ئەگـەر 100 كـەس، 100 هـاووڵاتی تەقـدیمیان كـردو هەموو خاڵەكانیان وەكو یەك بێ، ئایا حەسەب ئەقدەمیە ڕۆڵی نابینێ لەوە؟.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز كامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كە دەڵێین و بەڕاستی زەوابتەكان دادەنێین، بەپێی تەعلیماتەكە، خۆ لـە تەعلیماتەكە دەتـوانین زۆر ئیش بكـەین، ئێمـە بـا لـە ئێستاوە بـە پێـی ئەگـەر بێـت و بنووسـین بـە پێـی ئەقدەمیـەت لـە تەلەبیەكـە، بەڕاستی ئیتر دوای ئەوە وا بەستە ئەبین پێی، بەڵام وەكو عەرزم كردن ئەمە لەگەڵ كێ دادەنێین، دوێنێش باسـم كـرد لەگـەڵ سـەرۆكی یەكـە ئیداریـەكان، دوای ئـەوەش تەعلیماتـەكان دەهێنینـەوە، لـە لای بـەڕێزان لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی ئاوەدانكردنـەوە، لیژنـەی دارایـی، كـە ئـەم هەمواركردنـە كـراوە بەیەكـەوە، بـە یەكەوە دادەنیشین لەسەر ڕێنماییەكان، بە هـەمووومان بەیەكـەوە ڕێنماییـەك دەردەكـەین، كـە بەباشـی ئـەم یاسایە جێبەجێ بكرێت.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەسـت لـە دەركردنـی یاسـاكە ئەسـلەن خزمـەت كردنـی هاووڵاتیـانی كـەم دەرامەتـە، هـەروەها هـەموار كردنەكەشی هەمان مەبەست بەدی دێنێ، پێشنیاری وا كرا كەوا ئەو كەسانەی كە بەنیازن موشارەكە بكەن لـەو مەشـروعەی كـە وەزارەتـی ئاوەدانكردنـەوە دەیكـات، حكومـەت هـیچ پارەیـان لێ وەرنـەگرێت، جـەنابی وەزیری ئاوەدانكردنەوە تەوزیحێكی ڕوونیدا سەبارەت بەو نوقتەیە، دوو، باس لەوە كـرا ئـەو كەسـانەی كـە دەمرن عەفوو بكرێن، جەنابی وەزیر دووبارە ئـەوەی تەئكیـد كـردەوە لـەجیاتی ئێمـە ئـەو قسـەیەی كـرد،

کەوا ئەو کەسانەی کە دەمرن عەفوو دەکرێن لە قسەکان، لە ئەسڵی قانونەکە باس کراوە، ماددەی (4) بڕگەی (4) باس کراوە، دەڵێت (في حالة وفاة مالك الوحدة السكنية قبل تسديد الاقساط المترتبة بذمته يعفى الورثة مما تبقى من الاقساط) پێشنیاری وا کرا کە دەڵێ جیاوازی لۆ بکرێت بەینی فەرمانبەر و هاووڵاتی، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، کە دەڵێ هاووڵاتی کەم دەرامەت، کەم دەرامەت فەرمانبەر بێت کەم دەرامەت بێ، هاووڵاتیە، هاووڵاتی فەرمانبەرە، فەرمانبەر هاووڵاتیە، هەردووکیان واردە، ئێمەش لەگەڵ ئەو پێشنیارەین کە فەرمانبەر لابدرێت، چونکە وەکو د.احمد ئیشارەتی پێیدا، لەماددەی یەکەمی قانونەکەدا، (تقوم وزارة الاعمار والاسكان ببناء شقق ودور سكنية للمواطنين في اقليم كوردستان لغرض تأمين السكن لمواطني الاقليم من ذوي الدخل المحدود وتمليكها لهم) واتە لێرەش با سیاغەکە مونەسق بی لەگەڵ ماددەکە، ئێمەش لەگەڵ ئەو پێشنیارەین کە موەزەف لابچێت، هاووڵاتی بە تەنیا(لمواطني الاقليم من ذوي الدخل المحدود) واتە هاووڵاتی کەم دەرامەت، پێشنیاری وا کرا کەوا ئەو کەسانەی کە سوودمەند دەبن لەو پرۆژەیە، پاش پێنج ساڵ ئەو قەرزانەیان لێ وەربگیرێتەوە، ئایا پاش تۆمار کردن یان پاش وەرگرتنی خانووەکان؟، ئێمە لەگەڵ ئەو پێشنیارەینە کە هەندێك لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ئیشارەتیان پێیدا، لە دوای وەرگرتنی خانووەکە یان شوقەکە قستەکانیان لێ وەربگیرێتەوە، دوای ئیستلام واتە، پێشنیاری وا کرا کەوا لە 10٪ زیاتر نەبێ لە مووچەیان، ئەگەر مانگانە بێ یان ساڵانەبێ، ئەمە بە تەعلیماتەکەوە، جەنابی وەزیر ئەویش ڕوونی کردەوە، بە تەعلیماتەکە کە دەردەکرێت ئیش دەکرێت، بۆ تەقدیم کردنی داواکاریەکان، ئایا بۆ چ جیهەتێك بۆ وەزارەت بێت، فیعلەن ئەوە کێشەکی گەورە دروست دەکات بۆ مەرکەزی وەزارەت بێت، بەڵام ئەگەر سیاغەکە بەو شێوەیە بێت، کە وەحەداتی ئیداری و روئەسای وەحەداتی ئیداری ئەوان ئەو داواکاریانە وەربگرن، دوایی ڕەوانەی وەزارەت بکرێن، وەزارەت بە گوێرەی ئەو تەعلیماتەی کە دەری دەکاتەوە، تەحدیدی دەکات، چۆن تەعامول دەکات لەگەڵ ئەو داواکاریانە، هەندێك ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ئاماژەیان بەوەدا کەوا زیادە لەسەر پارەکە هەیە، هیچ زیادەیەك لەسەری نیە، فائیدەی قانونی لەسەر نیە، تەنها لەماددەی یەکەم، دووەمی ئەسڵی قانونەکە باسی ئەوەمان کردووە، نەفەقاتی ئیداری، لە 1٪ ئەویش زمنی کولفەکەیە، واتە هیچ فائیدەی قانونی نیە، هەتا لە ناحیەی شەرعی بڵێن حەرامە یان حەڵاڵە، بە تەئکید ڕەئی ماموستایانی زانایانی ئاینی وەرگیرا کاتی خۆی، بەو شێوەیە، زۆربەی زۆری قبوڵی ئەوەیان کردکە ئەو سیاغەیە بەو شکلەی کە لە 1٪ وەکو نەفەقاتی ئیداری زیاد بکرێت لەسەر کولفەکە، ئیعتیبار ناکرێت بە فائیدەی قانونی، حەرام نیەو حەلالە شەرعەن، هەندێك برادەر ئاماژەیان بەو دا کەوا وەکو باسمان کرد ئەگەر تەقدیمی وەزارەت بکرێت، واستەو واستەکاری زۆر دەکرێت، مەعلومە ئەوە هەموو بە تەعلیماتەکە چارەسەر دەکرێتەوە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە تازە باسمان کرد، لە ڕێگای وەحەداتی ئیداری بێت، موحافەزە، قائیمقام، ناحیە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەت، ئەوکات وەزارەت ئیشەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، پێشنیاری وا کرا کەوا کاتب عەدل تەسدیقی ئەوانە بدات کە ئەو کەسانەی دەیانەوێ موشارەکە لەو پرۆژانە بکات، ئەوەش دەکرێت، هەر لە تەعلیماتەکە

دەكرێت، واتە زۆربەی زۆری ئەو داواكاریانەی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان پێشكەشیان كرد، چارەسەر دەكرێن بە تەعلیمات نەوەك بە یاسا، وردەكاری زۆر كردن لە یاسا وارد نیە، بەهیچ مونتەڵەقی داواكردنی یاساكان، ئەوەی ئەمن لەبەر دەممە هەر ئەوەندە بوو، ئەگەر بڕادەران مولاحەزەتیان هەبوو، دەتوانن ڕوونی بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارێن بەڕێز، كاك عەونی تەقریبەن زۆربەی پرسیارەكانی وەڵام دایەوە، من تەنها دەڕۆمە ناو بابەتێك، ئەویش مەوزوعی 25ساڵ و نسبەو تەناسوب و ئەوانە، ئەم خاڵە دەبێ ئێمە بە وردی تەعامولی لەگەڵ بكەین، ئەگەر بێینو سەیری ئەو فەقەرەیە بكەین، ئێمە لەوانەیە جەماعەتی ئیقتیصادی و حیسابات لە بابەت باشتر تێ بگەن، ئێمە تەعامول لەگەڵ سێ فاكتەر دەكەین، فاكتەری سوكانە، ئەمە یەك، فاكتەری نەقدە، فاكتەری زەمەنە، كە چەند ساڵ دابنێیت و نسبەی چەند دابنێی؟، ئەم هەرسێ فاكتەرانە، كۆنترۆڵ ناكرێت، ئەمە یەك، فاكتەری سابت نینە، فاكتەرێكە لە گۆڕانكاریدایە، بۆیە ئەگەر بێتو زەمەنێك تەحدید بكەین، ئیحتیمالە ئێمە بكەوینە هەڵەیەك، مەسەلەن ئایا سوكانی كوردستان، دانیشتوانی كوردستان ئێستا هەر ئەو ژمارە دەبێ، یان خیلالی 20 ساڵ 25 ساڵ نسبەی چەند زیاد دەبێ؟، ئەمە حاجەی سەكەنی هەر دووبارە دەبێتەوە، نەقد، دەخل، ئەمڕۆ من فەقیرم بەیانی ئیحتیالە من زەنگین بم، من هەر بێم و لەناو ئەو شوقەیە بمێنم نابێ، یەعنی ئەمە لە گۆڕانكاری دایە، ئەگەر بێتو هەندێ زەوابت دابنیی، تەعلیماتێكی موحەدەد، ئیحتیمالە كابرا بمێنێت 25 ساڵ، 25 ساڵەكە زۆرە، تۆ خەڵكێك هان نادەی وەزعەكەی خۆی باشتر بكات، وەك ئێمە دەزانین باسی ئەوە دەكەین، باسی دابەزاندنی سێ سفر لەسەر دیناری عیراقی، ئەوكاتە كێشە دیار نابێ، بۆیە من پێموانیە بە تەفاسیل بڕۆن، بە تەفاسیل بڕۆین ئیحتیمالە بكەوینە ناو هەڵەیەك، ثانیاً، كوشتنی بازاڕین زەمینیش تەئەسوف دەبێ بەم حاڵەتە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە كە چۆن هاتووە لە نەسی قانون، ئەوكاتە دەتوانین تەعلیماتی تر و زەوابتی تر دابنێین بەپێی گۆڕانكاری ئابووری، ئیجتیماعی، سوكانی، ئەوكاتە ئێمە دەتوانین تەحەكومێك بكەین، هەتا حەدێك كۆنترۆلی وەزعەكە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش بزانین ئاخیر سیاغەتان چیە؟.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**له ئەنجامی ئەو ڕاو بۆچوونەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، قانونەکە بەو شێوەیە دەیخوێنمەوە، ئەگەر تێبینیان هەبوو لەسەری دووبارە دەتوانین دەستکاری بکەین،**

**المادة الثالثة:**

**تلغى الفقرة اولاً من المادة الرابعة من القانون ويحل محلها مايلى:**

**1-تعلن وزارة الاعمار والاسكان عن بيعها الوحدات السكنية الشقق والدور السكنية للمواطنين من ذوي الدخل المحدود وبدون دفع المقدمة ويقدم طلب الشراء الى رؤساء الوحدات الادارية ويتم التوزيع حسب الضوابط وبالتنسيق مع مجالس الوحدات الادارية وبالشكل الذى يحقق العدالة بين طالبي تمليك الوحدات السكنية.**

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك شێرزاد.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەسوپاسەوە هەردوو لیژنەکە ئەوانەی ئێمەیان وەرگرت، ئەوانەی کە ئەو برادەرانە قسەیان لەسەری کرد، بەلاَم بەگوێرەی پەیڕەو ئەگەر سێ ئەندامی پەرلەمان لەسەر مەوزوعێك قسەی کرد، ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوە هیچی نەخرایە دەنگدانەوە، بەس باسیان کرد کە ئەو خراپە و ئەو باشە، ئەوە رەئی هەموو ئەندامانە نەوەك بەس لیژنە.**

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من دوو ملاحەزەم هەیە، مولاحەزەی یەکەمیان ئەوەیە لە ڕووی پرۆتۆکۆلی عادەتەن، موحافزەکان کۆنتاکیان لەگەڵ وەزارەت هەیە، وە بەقیەی روئەساء وەحەداتی ئیداری کۆنتاکیان لەگەڵ موحافز هەیە، بۆیە من پێموایە موحافز دابندرێت تەنسیقە بکات، تاوەکو ئێستا ئەفزیەو نەواحیمان نیە، ئەمە یەك، بەنیسبەت تەملیك ئەوەی کاك دڵشاد گوتی، دوو بابەتە، یەکیان تەملیك، دەبێ لەڕێگەی وەزارەتەوە بێ، چونکە وەزارەت هینەکە وەردەگرێت، بەلاَم دانانی پێوەرەکان ئەبێ بە تەنسیق بێ لەگەڵ موحافەزەکان، چونکە موحافەزەکان شارەزایی وەزعی هاوولاَتیانن لەوەی کە وەکو لە وەزارەتێك، سێیەمیشیان، بەنیسبەت میئەویەکە من لەگەڵ ئەوە نیم کە بە نیسبەی میئەوی ئیستیقتاعات بکرێت، بەڵکو ئێمە حەدی ئەعلای کە دامان ناوە بیست و پێنج ساڵە، لەو 25 ساڵە ئەوەی کە دەیەوێ ئیستیفادە بکات لەم پرۆژەیە، ئازادە ماوەیەك بۆخۆی ئیختیار دەکات، بەپێی ئیمکانیەتی ماددی خۆی، تۆ نابێ لە ئێستاوە 5٪ی لەسەر فەرز بکەی، یان 10٪ ، یان 20٪ی لەسەر فەرز بکەی، ئەمە بە موجیبی عەقدێك دەبێ بەینی وەزارەت و بەینی**

ئەوەی کە دەیەوێ تەملیك بکات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە کە تەنسیقەکە بەینی وەزیر و بەینی موحافز بێ، بە ئیعتیباری ئەوەی موحافز مەسئولی مودەرائی نەواحی و قەزائەکان عایدی موحافزن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن کەس ناوی مەجالسی نەهێنا، نازانم چۆن هاتۆتە ناو ناوانەوە، خۆی رئەسی وەحەدات ئیداری، چونکە ئێمە ئیداراتی سەربەخۆمان هەیە، ئەم ئیدارە سەربەخۆیانەش بێ بەش دەبن، کەواتە کە تۆ وتت(رؤساء الوحدات الاداریە) زۆر لە قانون دیارە، ڕەئیس وەحدەی ئیداری لە پارێزگا جەنابی موحافزە، لە ئیدارە سەربەخۆکە ئەو کەسەیە کە سەرۆکی ئیدارەی سەربەخۆکەیە، بۆیە تکایە یەعنی با خۆمان نەخەینە هەڵەوە، (رؤساء الوحدات الاداریە) یەکسەر خۆی ئەو مەعنایەو ئەو مەفهومە ئەگرێت هەر کەسێك لە قانون بزانێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ هیچ کەس باسی سەرۆکی پارێزگاشی نەکردووە، ئەمە پێشنیاری وەزیر بووە، تەنسیقی وەزارەت لەگەڵ موحافەزات، موحافەزات کێ دەگرێتەوە، ئەنجومەنەکان دەگرێتەوە، ئێستا ڕاستە ئەڵێین پارێزگار، بەڵام پارێزگار بەهیچ قانونێك ئیش ناکات، زۆر زۆر فەردیە، زۆر تەنسیقێکی دیاریکراوە، لەبەر ئەوەی وەحەداتی تریش هەیە کە پەیوەندی بەوەیە لە ڕێگای ئەنجومەنەکان هەم عەدالەتی تێدا دەبێ، هەم نوێنەرایەتی هەموو خەڵکەکە دەکەن، لەبەر ئەوە ئەم ڕەئیە گونجاو ترە، هیچ پێشنیارێکیش نیە بۆ موحافز، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو قسەم هەیە، یەکیان ئەوەیە کە بەداخەوە هەموو ئەو موناقەشاتانەی کە لەناو پەرلەمان دەکرێت، پێموایە زیادەن، یەعنی ئەوە نزیکەی سەعاتێکە ئێمە دانیشتووین زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان قسەیان کردووە، لە کۆتایدا دوو کەس لە لیژنەکان بەئارەزووی خۆیان زەرب ئەدەن بەسەر ڕەئی مەجموعەیەك،

ڕەئیەکیش ئۆکەی دەکەن کە خۆیان بە ئارەزووی خۆیان ئەیانەوێت، ئەوە ئەسلەن هەر حساب نەکردنە بۆ ڕای پەرلەمانتاران، چونکە عورف هەیە و پەیڕەوی ناوخۆش هەیە، ئەگەر سێ کەس تەئیدی ڕایەکی کرد، پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی ناکرێت بە ئارەزووی ئەو کەسە ئەگەر ویستی بیخاتە دەنگدانەوە یان نەیخاتە دەنگدانەوە، قسەیەکی تریش ئەوەیە، کە ئێمە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانمان هەیە، لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەم مەجلس هەیە لە موحافەزات، هەم مەجلسیش هەیە بۆ قەزاو ناحیەکان، ئەو قسەیەی کە ئێستا دەکرێت کە گوایە قەزاکان مەجلسی نیە، ئەوە نیەتی ئەوەنیە کە هەڵبژاردن بۆ قەزاو ناحیەکان بکرێت، یەعنی ناکرێت موحافز ئەگەر پەرلەمانی کوردستان، چاودێرە بەسەر وەزارەتێکەوە، ئەوا مەجلسی موحافەزەش ئەبێ چاودێر بێ بەسەر موحافزەوە، ناکرێ موحافز بە ئارەزووی خۆی چی ویست بیکات تەنسیقەکە تەنها لەگەڵ ئەو بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم ئەو نەسی قسەیەی کاك د.ڕێباز بسڕێتەوە، ئێمە لێرە بە نیەت قسە ناکەین، ئێمە لێرە نەهاتووین بە نیەت باسی بکەین، هەتا ئێستا لە عیراقیشدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو نەواحی نەکراوە، لەبەر ئەوە ئیتیهام کردنی ئەوەی کە بە نیەتانە، بەتەمانین بکرێت، بەڕاستی ئەوە دەست ڕاکێشانی دەستی ئیتیهامە، من داوا لە جەنابت دەکەم کە بیسڕنەوە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بۆخۆم باسی مەجلسی موحافەزەم کرد، د.احمدیش وابزانم هەر تەئیدی ئەو ڕەئیەی کرد، باسی مەجلسی موحافەزەی کرد، چەند کەسێکی تریش هەر تەئیدیان کرد، بۆیە ئەو قسەیە کرا لەناو هۆڵی پەرلەمان، تەئیدیشمان لەسەری کرد، پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك ئەندام پەرلەمان ئێمە لەسەر مەنەصە ئیتیهام دەکات، کەوا تەڵەباتەکان وەردەگرین بە ئارەزووی خۆمان سیاغەی دەکەین، ئەمن دەمەوێ تەوزیح بدەم، لە بیدایەتی قسەکانم من گوتم، ئەو سیاغەیەی

دەخوێنمەوە ئەوە قابیلی دووبارە چاو پێخشاندنەوەیە، دووبارە دیراسەت کردنە، نـەوەك تەسـبیتی دەکـەم بەو شکلەی کە دەچەسپێنین بەسەر ئەندامە بەڕێزەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە خەریکە گۆتنەکان بە ئاراستەیەکدا دەچن، کەسێك یـان جیهـەتێك لەبـەر چـاو دەگیرێ، ئەمـە پرۆژەیەکی موستەقبەلیە، ئەمە ئەمڕۆ دەست پێ بکات، ڕەنگە دوو ساڵی تریش نەگاتە ئاستی ئەوەی کـەوا وەحەداتی سەکەنی دابەش بکرێت، تێڕوانین لەسەر ئەوەی کە ئەمڕۆ مەجلسی موحافەزە چۆن کار دەکات، یان موحافز چۆن کار دەکات، هێشتا ئینتیخابات نەکراوە، هێشتا مەعلوم نیە کێ موحـافزە، هێشـتا مـەعلوم نیە ئەعزایەکانی مەجلس کێن، بەدیتنی من شتێکە لە زاویەیەکی زۆر بچووکەوە سەیر دەکرێت، لە واقعدا ڕەنگە ئەمڕۆ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەبێ، بۆیە عیبرەت لەوە دانیە ئەگەر تەعلیماتێك و زەوابتێکی ڕێك و پێك دابندرێت، هەرکەسێکیش جێبەجێی ئەو تەعلیمات و زەوابتە بکات، بەمەرجێك لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت، ئەو پەرلەمانەی ئێمەش دەوری خۆی ببینێت، بە ڕەقابە بەسەر ئەو تەعلیمات و جێبـەجێ کردنـەو ئـەو زەوابتانـەی کـە هەیـە، بۆیـە ئێمـە تـەرکیز لەسـەر جەوهـەری بابەتەکـە بکـەین، بەدیتنی من دروست ترە، زەمانەتێك وەربگرین کـە تـەعلیماتێکی عادلانـە دەربچێت، ئینجا وەکـو عـەرزی جەنابتانم کرد، ئیشی پەرلەمانیشە بەدواداچوون بکات، بۆ چۆنیەتی پەیڕەو کردنی، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرەحەی کە جەنابی وەزیر پێشکەشی کرد، لێرە تەئید کرا من تەئیدم کرد، کاك عـدنان تەئیـدی کـرد، کـاك کـاروان تەئیـدی کـرد، وەکو باسیشـی لەسـەر دەکرێـت بـە پێـی پـەیڕەوی نـاوخۆ، پێویسـتە ئـەو موقتەرەحەی کە سێ ئەندام زیاتر تەئیدی لەسەر دەکەن، بخرێتە دەنگدانەوە، ئەمە لـە لایـەك، لـە لایـەکی ترەوە، وەکو باس لەسەر ئەوە دەکرێت بۆ ڕوون کردنەوەیـەکی زیـاتر و دەرچـوون لـەم وەزعـەی کـە ئێسـتا باسی لەسەر دەکەین، وەزارەت بە تەنسیق لەگەڵ روئەسای وەحەداتی ئیداری، روئەسای وەحەداتی ئیـداری، موحـافز دەگرێتـەوە لـە شـارەکان وە موحافـەزە، بـە تەئکیـد قائیمقـام و مـودیر ناحیـە مورتـەبتن بـە موحافـەزەوە، بۆیـە ئـەم مـەعلومات و ئـەم ئیحسـاو ئـەم تەئکیداتـە لەسـەر کـێ دەخلـی مەحـدودە، کـێ موستەحەقە و کێ موستەحەق نیە، ناچێتە وەزارەت، بە تەئکید روئەسای وەحەداتی ئیداری ئـەوان لێـزان

ترن لە ناوچەکان بۆ کۆکردنەوەی مەعلومات، پێویستە ئەو موقتەرەحەی کە وەزیر پێشکەشی کرد، چوار کەس، پێنج کەس تەئیدمان کرد، بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم لە ئەنجومەنی موحافەزەکان، خۆتان ئەزانن لیجانی تایبەت هەیە، یەعنی لیجانێك هەیە کە تایبەتە بەم ئیشانەوە، دەکرێت باشتر تەنسیق بکرێت، باشتر عەدالەتی و هەماهەنگی لە مەوزوعەکە بکرێت، دووەم خاڵ، لە ڕاستیدا هەندێ مەسائیل هەیە، کە یاسا هەیە، بەتایبەت لە مەوزوعی بەم چەشنە، دەبێ هەندی خاڵ هەیە تەحدید بکرێت لە قازانجی هاووڵاتیان، یەعنی هەندێ مەسائیل هەیە ناکرێت بدرێتە دەست وەزارەتەوە و بە تەعلیمات بکرێت، بۆیە هەندێجار هەموو ئیشەکان بدەینە دەستی وەزارەت بۆ ئەوەی تەعلیمات دەربکات بۆ ئەم مەوزوعە، بەتایبەت بۆ نموونە، لەسەر مەسەلەی دانەوەی قەرزەکە، شێوازی دانەوەی قەرزەکە، لە ڕاستیدا ئەمە وەزیفەی پەرلەمانە، نەوەك وەزیفەی وەزارەت، وەزارەت تەعلیمات دەردەکات بۆ تەسهیل کردنی ئیشەکانە، یاساکە بڕگەکان دەبێ لە ڕاستیدا لە پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت، بەشێك بێت لە پڕۆژە یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەی ترمان ئامادە کردووە، دووبارە قابیلی دەستکاریە، با نەڵێین تەسبیتمان لەسەر دەکەن.

المادة الثالثة:

تلغى الفقرة اولاً من المادة الرابعة من القانون ويحل محلها مايلي:

أولاً: تعلن وزارة الاعمار والاسكان عن بيعها الوحدات السكنية شقق والدور السكنية للمواطنين من ذوي الدخل المحدود وبدون دفع المقدمة ويقدم طلب الشراء الى رؤساء الوحدات الادارية وتنظر في الطلبات وفق ضوابط تحددها الوزارة بالتنسيق مع المحافظات.

ثانياً: يسدد طالب التملك بدل شراء الشقة أو الدار السكنية التي ترتب بذمته باقساط شهرية أو سنوية خلال مدة لاتزيد على خمس وعشرين سنة من تأريخ استلام الوحدة السكنية.

بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر لەسەر ئەو سیاغەیە جەنابت ڕەئیت چیە؟

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەناوەڕۆکی ئەو دەقە دەکەم کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو فەقەرەی ئیزافیەی (من تأريخ استلام شقة او وحدة سكنية) هیچ پێویست ناکات، خۆ تەحسیل حاسلە هەتاوەکو ئیستیلامی شوقەکە نەکرێت و بیناکەی پێ نەدرێت، کابرا ئیلتیزامات نایەتە سەرشانی، بۆ ئەوەی خۆی تەحسیل حاسل بکات، کابرا لەو دەقیقەیەوە مولتەزیمە، ئیلتیزامات بە وەزارەتی مەعنیەوە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە هەبوو لە لایەن سێ ئەندامی پەرلەمانەوە بۆ لێخۆش بوون، ئەمە دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەوی تر ئەبێتە سولفە حکومەت دەیدات لە زەمەنێکی دیاریکراو، هیچ تەسهیلاتێکی تری تیا نیە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم خۆشە ئەوەی ئەو پێشنیارەی تەقدیم کرد، بزانێ ئەو عەفوە نسبەتی چەند بێ؟، ئەبێ تەحدیدی بکەن، چونکە کۆمەڵێك ڕەئی جیاواز هەیە، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە تەحدید کردنی پارەیەك، کەوا وەك پارە دەدرێتە خەڵك، وەکو مەبدەئ باوەڕناکەم کەسێك لەناو ئەو هۆڵی پەرلەمانە داهەبێ لەگەڵ ئەوە دانەبێ کەوا تەسهیلات بۆ خەڵك بکرێت، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە، لێخۆش بوون لە بەخشینی پارە، بەپێی وەزارەتی مالیە، بەپێی تەقدیرات و بەپێی ئەم وەزعانە تەسەوری من وایە ئەم مەسەلەیە ڕەنگە زۆر گونجاو نەبێ.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تەوزیحی دا بۆ ئەو مەسەلەیە، دەڵێت حکومەت ئیمکانیەتی ئەوەی نیە کە ئەو مەسەلەیە بە مینحەبێ، چونکە جیل لە دوای جیل دێت هەمووی پێویستی بە سەکەنە، ئەبێ ئەو پارەیە هەمووی

بچێتەوە سندوق، ساڵ بە ساڵ سەکەن دروست بکرێتەوە، خۆ ڕەئی حکومەت ئەوە بوو بەڕەسمی، فەرموو کاك عدنان تەحدیدی هینەکان بکە بزانین.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ مەسەلەی ڕەئی، ئەوە ڕەئی وەزارەتە، بەلاّم ڕەئی پەرلەمان ئەوەیە کە دەکرێ هاوکاری وەزارەت بێ بۆ ئەوەی کە لە بودجەی داهاتوودا مەبلەغێکی باش، موعتەبەر دابندرێت بۆ ئەم مەسەلەیە، هاوکاری وزارەت بین بۆ ئەوەی مەبلەغێکی باش دابندرێت بۆ ئەم مەسەلەیە، ئەمە وەزیفەی پەرلەمانە و ئیشی پەرلەمانە، دووەم، من داکۆکی لەوە دەکەم کە ئەم مەوزوعە لە ڕاستیدا دەبێ ئەم بڕگەیە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەویش ئەوەیە کە بەو شێوەیە بێ(لاتزید عن 10٪ من الدخل الشهری لمدة عشرة سنوات فقط) واتە تا 10 ساڵ ئەو کەسە پارەکە بدات، لە دوای 10 ساڵەکە ئیتر عەفوو بکرێت، لە هەموو ئەو پارەیە، ئەمە وەزیفەی حکومەتە، بەشێکە لە واجبی حکومەت، بەرامبەر بە هاوولاّتی، یەعنی ئەمە نە مەکرومەیە، نە مینحەیەکە، ئەمە بەشێکە لە ئیستیحقاقی هاوولاّتی، ئەمە بەشێکە هی ئەم ولاّتە کە داهاتی نەوتە و موڵکی هەموومانە، لە ڕاستیدا من نامەوێ بکرێتە موزایەدە وەکو ئەوانە، من ئەمەوێ باس لە ئیستیحقاقاتی خەڵکی بکەین کە ئەمە لە ولاّتانی ئەوروپاو لە هەموو ولاّتێکی دیموکراسی، کە حکومەت خەمخۆری هاوولاّتیەکانی بێ پیادەی دەکات.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بەنیسبەتی موەزەفینە، بەنیسبەتی خەڵکی تر کە موەزەف نیە، چۆن تەحدید دەکرێ، چۆن تەحدیدی دەخلەکەی دەکرێت؟.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کرێکارە دەخلی دیاریکراوی هەیە، کارمەندە دەخلی دیاریکراوی هەیە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی دوو رەئی جیاواز هەیە، ڕەئیەکیان سێ کەس زیاتر دەڵێن با نیسبەتی 10٪ی دەخل بۆ ماوەی 10 ساڵ باقی تر عەفوو بکرێت، ئێمە ڕێگا دەدەین دوو کەس دیفاع لەوە بکات، دوو کەسیش باس لەوە بکات کە ئایا حکومەت ئیمکانیەتی ئەوەی هەیە، یان ئەوە چەند ئیجابیە، دوایی دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوە مەسەلەیە، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن تەئیـدی نەسـی پرۆژەکـە دەکـەم کـە لـە حکومـەت هـاتووە بەڕاسـتی، ئـەو پێشـنیارە ئەبوایـە بخرایـە دەنگدانـەوە، ئەگەرچـی مـن لەگەڵیـدانیم، بـەلاّم نەصـی پرۆژەکـە کـە هـاتووە، بەڕاسـتی زۆر بەشـێوەیەکی ئیقتیصادی بە شێوەیەکی علمی داڕێژراوە، تۆ دایمە کـە پێشـنیار دەکـەی کـە قـانون دادەنێـی، ئـەبێ شـتێك بکەی کە ئیدامەی هەبێ، مەسەلەی کرێچی شتێکی موزمینـە، یـەعنی هەمیشـە سـەرمایەت دەوێ، ئەمساڵ بابڵێین نسبەی کرێچی یان دەخلـی مەحـدود، پـەنجا هـەزارمان هەیـە، دێتـە چـل، ئەچـیتەوە چـل و پێـنج، یـەعنی بـەزر و نزمـی ئـەکات، یـەعنی ئەمـە شـتێکە بـە بـەردەوامی هەمیشـە پێویسـتت بـە میزانیەیەکـە، میزانیەش نابێ مەعدوم بێ نابێ لەناوبچێ، هەمیشە ئەبێ بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە من ئەوەی کە لە نەصی پرۆژەکەی حکومەت بینم بە ڕاستی، هـەتا مـودەی بیسـت و پێـنج ساڵەکە کـە حیسـاب کـراوە بـە تەقـدیر، نزیکەی شوقەیەکی 70 بۆ 75 مەتری کە تەقـدیر دەکـەی لـە دەوری چـل بـۆ چـل و پێـنج هـەزار دۆلارە، یـەعنی هـەمووی بەڕاسـتی بەشـێوەیەکی علمـی بەشـێوەیەکی دیراسـی ئیقتیصـادی داڕێـژراوە، بۆیـە مـن بەڕاستی تەئیدی ڕەئیەکەی حکومەت دەکەم، هیوادارم دەستکاری نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو ڕەئیە دەکەم کە کاك عدنان و هەنـدێ لـە بـرادەران تەئیـدیان کـرد، ئـەوەی کـە لـە 10٪ی دەخلەکە بێ، بۆ ماوەی 10 ساڵ، بۆ؟، لەبەر ئەوەی یەکەم، ئـەم پرۆژەیـە لـە ئەسـاس هـەدەف لێـی، کـە تـۆ وەختێك پرۆژەیەك دادەڕێژی ئەبێ بزانـی هـەدەف لـە پرۆژەکـە چـیە؟، هـەدەف لەمـە یەکـەم بـۆ دەعمـی خەڵکی کەم دەرامەتە، بە موەزەف و بە هاووڵاتیانەوە، دووەم، بۆ ئەوەیە کـە قـەیرانی نیشـتەجێ بـوون لـە هەرێمی کوردستان کۆتایی پێ بێنی، کە هەم ئەرکی حکومەتە ئـەو قەیرانـە کۆتـایی پـێ بێنـێ، هـەم مـافی هاووڵاتیانیشە کە بەرکەوتـەی خۆیـان لـەو خێـرو بێـرەی هەیـە لـە هـەرێمی کوردسـتان لـە نیشـتەجێبوون سوودی لێ وەربگرن، ئەوەی کە ئەمێنێتەوە کە چۆن تەقدیری ئەوە بکرێـت، یـان کـە چـۆن بـێ کـە دەخلـی دیار نیە، یاخود موەزەف نیە، ئێمە کۆمەڵێك یاسای ترمان هەیە، کە دیسانەوە ئەوانەی کە دەخلیان دیـاری کراو نیەو موەزەف نین پێی تەقدیر دەکرێت، بە نموونە لە یاسای باری کەسێتی، لەکاتی جیابوونەوە، ئەو پیاوەی کە لە ژنەکەی جیا ئەبێتەوە و موەزەف نیە، چۆن تەقدیری دەخلەکەی دەکرێت بۆ ئـەوەی مـارەیی لێ دەربکرێـت، کـە ئەمانـە هـەمووی کۆمـەڵێك حیسـاباتی ئاسـانە، حکومـەت دەتـوانێ بۆخـۆی ڕێکـی بخـات، شەرت نیە ئەمانە بکەین بەکۆڵ بەسەر خۆمانەوە، دووەم، بۆ ئەوەی کەقسـە لەسـەر ئەمـە دەکرێـت، ئـەبێ ماف و ئەرك هاوشانی یەکتر بن، کاتێك کە تۆ ئیلتیزامێـك لەسـەر کەسـێك دروسـت دەکـەی بـۆ مـاوەی 10 ساڵ بیداتەوە، ئەمە هەم ئیلتیزامی خۆیەتی بەرامبەر بە هەرێمی کوردسـتان، بەرامبـەر بـە حکومـەت کـە

پارە دەداتەوە بۆ ماوەی 10 ساڵ، هەم ئەو مەترسەیی کە کاك اسماعیلیش هەیەتی بۆ ئەم پرۆژەیەی لەناو بچێ لە 10 ساڵ، بەشێك لە پارەکە ئەگێڕێتەوە ئەمە بۆ ئیدامـە دانیشـە جارێکی تـر بـۆ پرۆژەکـە، لەبـەر ئەوە من تەئیدی ئەوە دەکەم کە لە 10٪ی دەخل و بۆ ماوەی 10 ساڵ بێ.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو یاسایەك کە دەردەکرێت موشـەریع نیـەتێکی هەیـە لـە دەرکردنـی و هەدەفیشـی هەیـە لـە تـەحقیق کردنـی ئـەو یاسـایە، ئاشـکرایە بـە وازحـی لـەم یاسایە نیـەتی موشـەریع ئەوەیـە کـە وەحـەداتی سـەکەنی، ئەزمەی سەکەن نەهێڵێ، هەدەفیشی ئەوەیە کە هاوکاری ئەو کەسانە بکات کە مسـتەوای دەخلیـان نزمـە، چ هاوولاتی بن، چ فەرمانبەران بن، کـە هـەردووکیان هـەر هـاوولاتی ولاتەکـەن، ئەگـەر بێتـو ئەمـە جێبـەجێ بکرێت کە لە 10٪ یان 5٪ هەر نسبەتێکی بۆ پێنج ساڵ بدرێت، دوایی کۆتایی پێ بێ، وەکو کـاك اسماعیـل گـوتی ئـەم پرۆژەیـە لـەباتی ئـەوەی مـەدعوم بـێ، مەعـدوم ئـەبێ، مـەفروزە ئـەم پرۆژەیـە بـۆ بـەردەوامی خزمەتەکەی کە پێشکەشی دەکان دەعمی ماددی بکرێت، ئەگەر دەعمـی مـاددی نـەکرێت، میزانیـەی نـەبێ، پـارەی بـۆ تەخسـیس نـەکرێت، ئـەم پرۆژەیـە یـەك وەجبـە بـەردەوام دەبـێ، یـەك کـەرەت ئـەتوانێ چـەند وەحدەیەك دروست بکات، لە بانك پارەی نامێنێت و هیچی بەدەستەوە نامێنێت، پرۆژەکـە ناکرێـت، ڕاسـتە میزانیەی عام غەسبە لەسەری میزانیە سالانە پارە بـۆ ئـەم پرۆژەیـە تەخسـیس بکـات، بـەلام خـۆ هـەر لـە ولاتەکەی ئێمە تـەنیا ئـەم پـرۆژە وەحـدە سـەکەنیانەمان نیـە، تەربیـەت هەیـە، سـەحەت هەیـە، ئاسایشـت هەیە، خەدەماتی ترت هەیـە، ڕێگـاو بـان هەیـە هـەمووی پێویسـتی بەوەیـە کـە لـە میزانیـەی عـام سـالانە میزانیەی بۆ تەخسیس بکرێت، وە بە تەئکیدیشەوە سالانە هەرێمی کوردستان و هەموو شوێنەکانی تر، لـە نفـوس زیـاد دەکـات و عـەدەدی زیـاد دەکـات، خـەدەماتی زیـاتری پێویسـتە، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە بـڕی میزانیەکان بۆ هەموو بەشـە خزمەتگوزاریـەکان سـالانە زیـاد بکـات، کـە سـالانە زیـادی کـرد بـە تەئکیـدەوە وەحـدەی سـەکەنی، یەکـەی نیشـتەجێ، لـە داواکردنـی زیـاد کردندایـە، چـونکە هـەمووکات، هـەموو سـاڵێك ژمارەی دانیشتوان زیاد دەکات، ژمارەی هاوسەرگیری زیاد دەکات، ژمارەی دروست بوونی خێزان زیاد دەکـات، پێویستی بە یەکەیـەکی نیشـتەجێ هەیـە، لەگـەڵ ئـەم زیادبوونـەش زیـاد بـوونی فـەقیری مـوەزەفی دەخـل مەحدودیش هەر زیاد دەکات، ئەگەر بێتو ئەم پرۆژەیە دەعمێکی ماددی لە پشتەوە نـەبێ، ئـەو پـارەی کـە میزانیە بۆی تەخسیس دەکرێت، ئەو قیستانەی کە داویەتی وەکو قـەرز بـۆی نەگەڕێتـەوە، بۆیـەك کـەرەت ئەتوانێ وەحەدەی سـەکەنی و خـەدەمات پێشـکەش بـە هاوولاتیـان بکـات، دواتـر ئـەم پرۆژەیـە بـە فەشـەل کۆتایی پێ دێت، خوانەخواستە، لەبەر ئەوە پێویستە وەکو پرۆژەکە خۆی چۆن هـاتووە، بـەو ئیزافـەی کـە

لەسەری کرا بە نیسبەتی ئەسبەقیەت و ئەقدەمیەت کۆتایی پێ بێت و بخرێتە دەنگدانـەوە، پێموایـە ئەمـە زیاتر لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵك دایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشـکرایە لای هـەمووومان یـەکێ لـە موشـکیلە گـەورەکانی ئـەمڕۆی خـەڵك مەسـەلەی نیشـتەجێبوونە، زۆر تەبیعیە ئێمە لەم پەرلەمانە لە ئێستاکە ئەم یاسایە دەردەکەین بەنیسبەتێك ئەم یاسایە تەسهیلاتی تیا بێ کە هاوکاری خەڵك بکات، بۆیـە مـن پشـتیوانی ئـەوە دەکـەم کـە لـە 10٪ بـەو نیسـبەتە لـەماوەی 10 سـاڵ، ئەکرێت ئێمە لە مەرحەلەی یەکەم نیسبەتێکی زۆر لەنیشـتەجێبوونی هاووڵاتیـان دابـەزێنێ، ئەگـەر ئەمـە بوو، ئێمە ئامارمان هەیە، وەزارەتی تەختیتیمان هەیە، ئەوکاتە ئەتوانێ بەرچاو روونی بدات بە پەرلەمان، ئەوکاتە ئەتوانێ پەرلەمان دەستکاری ئەو نیسبەتە بکات، ئـەو تەناسـبە بگۆڕێـت بـە تـەواوی، بـەڵام ئێسـتا تواناسازی لاوانمـان هەیـە، توانـا سـازی گـەنجانمان هەیـە، ئـەوەش پارەیـەکی بـۆ تـەرخان نـەکراوە مەگـەر؟، مەسەلەن خوێندنی بەلاشمان هەیـە، بـەخۆڕایی ئـەخوێنن لـە لای ئێمـە، ئەمـەش مەبلـەغێکی بـۆ تـەرخان نـەکراوە، مەسـەلەن لـە بودجـە؟، ئـەی بودجـە چیە ئەگـەر مەبلـەغێکی بـاش بـۆ ئـەم مەوزوعـە تـەرخان نەکرێت؟، بۆیە هەقە لـەم مەرحەلـە تەسهیلاتێکی زیـاتر بکرێـت بـۆ ئـەوەی ئـەو نیسـبەتە زۆرەی کـە بـێ خانووی و بێ جێگەیی هەیە، دابەزێندرێت، بەڵام ئەکرێت لە داهاتوو دەستکاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەمووومان لەگەڵ ئەوەین ئەوەی بکرێت تەسهیلات تەقدیم بە خەڵکی کەم دەرامەت بکرێـت، وابـزانم ئـەو ئەندامـە بەڕێزانـە هـەموویان سـەد دەر سـەد لەگـەڵ ئـەو بۆچـوونەن، بـەڵام ئێمـە ئێسـتا لەبـەر دەم پرۆسەیەکین دەمانەوێ بەردەوامی پێ بدەین، بەردەوامیەکە ئەوەیە کە ئالیەتەکە دروست بێ و سەحی بێ و تەندروست بێ، ئەگەر ئالیەتەکە دروست نەبێ مـومکین نینـە ئـەو کـارە بـەردەوام بـێ، ئەمـە یـەك، دوو، ئەگەر ئێمە بێین تەماشای ماددەی دوو کە پێش ئێستا موناقەشەمان کرد، ماددەی دوو لە فەقـەرەی چـوار، دەڵێ (ان لایکون مستفیداً من سلفة عقاریة مقدمة) باشـە ئێسـتا خـەڵك هەیـە کـەم دەرامەتـە بـە هـەزاران خەڵك سولفەی عـەقاری وەرگرتـووە، ئەگـەر سـولفەی عـەقاری وەرگرتبێـت، گونـاهی چیـە ئـەو موسـتەفید

نەبێت لەو دابەزینە، ئەمە ئیشکالێك بۆ ئێمە دروست دەکات، ئەمڕۆ لە کوردستان بەهەزارن خەڵك هەیە دەخلی مەحدودە، هەژارە، بەڵام سولفەی عەقاری وەرگرتووە، بەپێی ئەم یاسایە ئەم کابرایە موستەفید نابێت لەوەی کە ئێستا ئێمە باسی دەکەین، لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ ئەوەم یاسایە کە وەکو خۆی بمێنێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوامی بەو کارە بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە زۆر کرا، دوو لەم لا، دوو لەولا قسەی خۆیان کرد، ڕەئیەك هەیە دەڵێ پرۆژەکە لەو بارەیە وەکو خۆی بڕوات، پێشنیارێکیش هەیە دەڵێ 10٪ لە یارمەتیەکەی ببڕدرێت بۆ ماوەی 10 ساڵ، بۆیە ئێمە ئێستا ئەوەی ئەخیر دەخەینە دەنگەوە، کێ دەڵێ لە 10٪ لە یارمەتیەکەی مانگانەی ببڕدرێت بۆ ماوەی 10 ساڵ، باقی ئیتر لێی عەفو بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟، سوپاس، کێ دەڵێ وەکو خۆی بڕوات، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارانی کوردستان، سیاغەی ماددەکە بەم شێوەیە دەبێ

المادة الثالثة:

تلغى الفقرة اولاً من المادة الرابعة من القانون ويحل محلها مايلي:

أولاً: تعلن وزارة الاعمار والاسكان عن بيعها الوحدات السكنية شقق ودور سكنية للمواطنين من ذوى الدخل المحدود وبدون دفع المقدمة ويقدم طلب الشراء الى رؤساء الوحدات الادارية وتنظر في الطلبات وفق ضوابط تحددها الوزارة بالتنسيق مع المحافظات.

ثانياً: تعدل الفقرة الثانية من المادة وتقرأ كلاتي:

يسدد طالب التملك بدل شراء الشقة أو الدار السكنية التي ترتب بذمته باقساط شهرية أو سنوية خلال مدة لاتزيد على خمس وعشرون سنة.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

بڕگەی یەکەمی ماددەی چوارەمی یاساکە لادەبرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

یەکەم: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن فرۆشتنی یەکەکانی نیشتەجێ کردن خانوو و شوقەی نیشتەجێ بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت ڕادەگەیەنێ بەبێ پێشەکی، داواکاری کڕینەکەش پێشکەش بە

سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان دەکرێت و داواکارییەکان بەپێی ڕێسایەك کە وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان دایدەڕێژێت، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

دووەم: بڕگەی دووەم لەماددەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

داواکاری بە موڵك کردنەکە نرخی کڕینی شوقەکە یان نرخی کرێی خانووەکە کە دەکەوێتە سەری بە قیستی مانگانە یان ساڵانە لە ماوەیەکدا دەداتەوە کە لە 25 ساڵ زیاتر نەبێ.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، پەنجاو سێ کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 11 کەس لەگەڵدانیە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە پەسەند کرا، بڕۆن بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

تكون أصل المادة الخامسة من القانون فقرة اولاً لها وتضاف اليها ثلاث فقرات بتسلسلات ثانياً و ثالثاً و رابعاً و كلاتي:

ثانياً: تخصص حكومة اقليم كوردستان-العراق مبلغاً سنوياً ضمن الميزانية العامة للاقليم لتأمين بناء الوحدات السكنية تنفيذاً لاحكام هذا القانون.

ثالثاً: تؤسس صندوق بأسم صندوق الاسكان في وزارة الاعمار والاسكان و تودع فيه سنوياً المبالغ المخصصة ضمن الميزانية العامة للاقليم لديمومة بناء الوحدات السكنية.

رابعاً: تودع مايتم استرجاعه من المبالغ وفق ما هو منصوص عليه في المادة الرابعة ثانياً من هذا القانون في صندوق اعلاه.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی ماددەی پێنجەمی یاساکە دەبێتە بڕگەی یەکەمی یاساکە و سێ بڕگەی دیکەبە زنجیرەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم بۆی زیاد دەکرێت وەك ئەمەی خوارەوە.

دووەم: بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق بڕێك پارەی ساڵانە لە بودجەی گشتی هەرێم دادەنێت بۆ دابین کردنی بنیات نانی یەکەکانی نیشتەجێ بوون.

سێیەم: لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردندا سندوقێك بەناوی سندوقی نیشتەجێ کردن دادەمەزرێت و ساڵانە ئەو بڕە پارەیەی تێدا دادەندرێت کە لە بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ بەردەوام بوونی یەکەکانی نیشتەجێ بوون تەرخان دەکرێت.

چوارەم: ئەو بڕە پارانەی کە وەردەگیرێتەوە بەپێی دەقی ماددەی چوارەم دووەمی ئەم یاسایە بە سندوقی ناوبراوی سەرەوە دەسپێردرێن.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئی جەنابت.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرکۆی پەرلەمان.**

بەڵێ، من لەگەڵ ئەو دەقە دام کە خوێندرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنەی هاوبەش بە باشی دەزانین سیاغەکە بۆ تەسەلسولی ماددەکە دەستکاری لێ بکرێت، چونکە تەخسیسی مەبلەغ پێش ئەوەیە کە وەزارەتی دارایی ئەم بابەتە تەمویل بکات، واتە بەو شکلە دەبێ(تکون اصل المادة الخامسة من القانون الفقرة ثانیاً لها وتضاف الیها ثلاث فقرات بتسلسلات اولاً وثالثاً ورابعاً وکالاتي) ئەوانی تر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی چوارەم خوێندرایەوە، کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات ناوی بنووسێت، پەیمان عزالدین، هاژە سلیمان، بەفرین، خورشید احمد، کاوە محمدامین، شڤان احمد، عبدالرحمن حسین، دلێر محمود، د.احمد، ئەم خوشك و برایانە دەیانەوێ قسە بکەن، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لەبەر ئەوەی تایبەتە بە ......

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ ببورە پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەم ماددەیـە لەبـەر ئـەوەی تایبەتـە بـە تەخـسیس کردنـی مەبلـەغێك بـۆ ئـەوەی کـە، بـابڵێین ئەسـڵی مەوزوعەکـە ئەمەیـە، ئـەم مەبلەغـە کـە تەخـسیس دەکرێـت ئـەوە گرنگـە ئـەو ماددەیـە دابڕێـژرێت، یـان زەمانەت بکرێت، کە بەفعلی ببێتە مایەی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە، بەتایبەتی کە ئێمە لە بودجەی ساڵی $2011$ ئەزانین تەخسیسی فەقەرەیەك هەبوو، مادەیەك هـەبوو بـۆ پـڕۆژەی وەبـەرهێنان، بەشـێك ئـەبێت لەو، دیسانەوە دروست کردنی وەحەداتی سەکەنییە، بۆیە ئەبێ بـابڵێین دژ بـە یەکیـەك یـاخود ئـەوەی کـە تەخسیس کـراوە نەبێتەمایـەی بـەتاڵ کردنـەوەی ئەمـە، یـان ئەمـەی کـە دەکرێـت کـە تەخـسیس دەکرێـت لەمەودوا ساڵانە، پڕۆژەی وەبەرهێنانەکە چی لێ دێـت، لەبـەر ئـەوە مـەفروزە ئـەو ماددەیـە تۆزێـك ڕۆشـن بکاتـەوە، لـەکاتی موناقەشـە کردنـی بودجـە ڕووبـەڕووی کێشـەیەك نەبینـەوە لـەو بارەیـەوە، بەنیسـبەتی سێهەمەوە کە باسی سندوقێك ئەکات، دروسـت کردنـی سـندوقێك بـەناوی ئیسکان، ئێمـە دیسان لـە پـڕۆژە یاسای بودجە کە موناقەشەمان کرد لە موناقەشە کردنیا، بڕیارماندا بە زۆرینـەی دەنـگ سـندوقی تـەدویر دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو پارانەی کە لە تەدویری پڕۆژە جێبـەجێ نـەکراوەکان ئەمێنێتـەوە، بخرێتـە ئـەو سـندوقە تـا وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان بتـوانن لـە سـاڵی داهـاتوو ئیشـی لەسـەر بکـەن، ئێمـە لـە بەدواداچوونێکمان بۆ لای بەڕێز وەزیری دارایی وتمان ئەو سندوقە ئایا دروست بووە یان دروسـت نـەبووە؟ بەڕێز وەزیری دارایی بە ئێمەی ڕاگەیاند کە تەئسیس کردنی سەندوق پێویستی بە قانونە، ئێمـە نـاتوانین بەبێ دەرکردنی ئەو قانونە سندوقێك دروست بکەین، لێرە ئێمە دێینەوە بەر دەمی ئـەو پرسـیارە، کەواتـە ئەو سندوقی تەدویرەی کە بڵێی دەنگمـان لەسـەری داوە، بـۆ خۆشـی دەنگمـان لەسـەری داوە، لەبـەر ئـەوەی قانونێکی پێ دەرنەچووە، لە کۆڵ خۆمان کردۆتەوە وتوومانە سندوقێك دروسـت ببـێ، بـەڵام باسـی ئـەوەی کرد کە حیسابێکی کردۆتەوە، حیسابی بانکیی بۆ ئەوەی پارەی تەدویری تـێ بچێت، لەبـەر ئـەوەی لەمـەدا ئێمە دەبێ لەسەری ڕابوەستین، ئەگەر پرسیارەکە ڕووبەڕووی لیژنەی یاسـایی ئەبێتـەوە، ئەگـەر تەئسیسـی سندوقێك پێویستی بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت هەیە، زەرورەتـی لێـرەدا چیـە؟، ئەگـەر واش نیـە لێـرە فورسەتێکی تـر دروسـت ئـەکات بـۆ ئـەوەی موسائەلەی وەزیـری مالیـە بکـەین بۆچـی ئـەو سـندوقەی تـری دروست نەکردووە، بۆیە ئەو سندوقە لەسەری ڕابوەستین بزانین ئەگەری دروست کردنی هەیە یان نیـەتی، ئەگەر نیە بە موعالەجەیەکی تر موعالەجەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم تەنها لەسەر مەسەلەی تەخسیس کردنەکەیە، بەڕاستی مەسەلەی تەخسیسەکە زۆر گرنگـە بۆ پڕۆژەیـەکی وەهـا، تەخسیسـەکە لێـرە زۆر بـەڕوونی دانـەنراوە، بـۆ نموونـە، کـێ ئـەو پارەیـە تەخـسیس دەکات؟ ئێمە ڕاستە لە میزانیەی ساڵی $2011$، چل و نـۆ ملیـار دینـار تـەرخانکرابوو، لەسـەر چ ئەساسـێك

ئەو مەبلەغە تەرخان دەکرێت، من پێم باشە لە یاساکە ئاماژە بەو بکرێت، کە ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کـە تەخسیسـی مەبلەغەکـە دەکـەن، بـۆ نموونــە، وەزارەتــی شــارەوانیە، وەزارەتــی مالیەیــە، وەزارەتــی ئاوەدانکردنەوەیە، ئەو وەزارەتانە وەزارەتی مەعنین، ئەو وەزارەتانە داتایان لە لایە، بۆ نموونە، لـە هـەولێر چەند شـوقە پێویسـتە؟، کولفەکـەی چـەندە؟، ئـەوە بـە تەقـدیر دابنـدرێت، ئـەو وەزارەتانـە موکەلـەف بـن بەوەی کە تەخسیسی ئەو مەبلەغە بکەین، لە یاساکەدا بە بڕگەیەك بێت کە کێن ئەو وەزارەتە مەعنیانەی کە موکەلەفن بە تەخسیس کردنی ئەو مەبلەغە، بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسانی مەبلەغەکە لەبـەر دەسـتمان بێ لەکاتی تەخسیس کردندا لە میزانیەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆ دیاری کردنی ئـەو گوژمـە پارەیـەی کـە سـاڵانە لـە بودجـە دیـاری دەکرێـت، تـاوەکو ئێمـە نـەزانین پێویستی دانیشتوانی هەرێم لە هاووڵاتیانی کەم دەرامەت چەندە، ساڵانەش پێویستمان بـە دروسـت کردنـی چەند یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، ئیتر ئێمە چۆن بتوانین ساڵانە گوژمەیەك بەبێ دیاری کردنی بڕەکـەی ئێمە دابنـێین، یـەعنی حیسابێکی کراوەبـێ، بـەبێ ئـەوەی ئێمـە بـزانین، ڕێـژەی سـوودمەندان بـۆ دروسـت کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون چەندە؟ ساڵانەش چـەند یەکـەی نیشـتەجێبوونمان پێویسـتە؟ ئێمـە هـەروا بڕێکی کراوە دابنێین و دواتر پەخشان و تەخشان بکرێت، بۆیە من پێم باشە بڕی پارەکە، گوژمەی پارەکە، لـە بودجـەی گشـتی دیـاری بکرێـت، چونکە ئێمـە پـار 49 ملیارمـان بـڕی لـە سـندوقی نیشـتەجێبوون، بـۆ جێکردنەوەی ئەم یاسایە، ئێستا پارەکە مەوجودەو هێشتا شتێکیش دەست بـەکار نـەبووە، بۆیـە پـێم باشـە بڕەکەی دیاری بکرێت و بە کراوەیی نەهێڵدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سەلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئەو خاڵە پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، لێرە بەو شکلە دەبێ بـۆ تـەنزیمی کـاری سـندوق(المادة الرابعة: ثالثاً: تؤسس في وزارة الاسكان والاعمار صندوق بأسم صـندوق اسـكان ذوی الـدخل المحدود) یـەعنی تەعریفەکە دیار بێ (صندوق اسكان ذوی الدخل المحدود وتودع فیـە سـنویاً المبـالغ المخصصـة للصـندوق مـن المیزانیة العامة) ئەم سندوقە ساڵانە پارەیەکی زۆر دێت، مەسەلەن، پەنجا ملیار، شەسـت ملیـار، سـەد ملیـار پێویستی بە ئیدارە هەیـە، بـۆ ئیـدارە کردنـی ئـەم سـندوقە، دەبـێ ئامـاژەی پـێ بـدەن لـە یاسـایەکە (یـدار

الصندوق بألية تقترحها الوزارة المعنية المصادق عليها مجلس الوزراء) دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئاگای لە ئیدارەی ئەو صندوقە بێت، چۆن ئیدارە دەکرێت؟ چۆن پارەکە سەرف دەکرێت؟ پێویستە ئەنجومەنی وەزیران موصادەقە لەسەر ئالیەتی ئیدارەی صندوق بکات، وەزارەتی دارایش لەڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەشدار دەبێت لە موصادەقە کردنی ئەو ئالیەتە، (خامساً: يحتفظ الصندوق بالمبالغ المتبقية من التخصيصات السنوية المرصود لها) ئیحتیماله 49 تا 50 ملیار لە ئەمساڵدا تەخصیص کراوە، ئیحتیمالە 3 ملیاری سەرف بکرێت، باقیەکەی دەبێت بمێنێت لە صندوق، (يحتفظ الصندوق بالمبالغ المتبقية من التخصيصات السنوية المرصود لها)

(سادساً: تودع مايتم استرجاعه من الاقساط المستحقة على المستفيدين في صندوق الإسكان لديمومة بناء الوحدات السكنية)، پێشنیار دەکەم ئەو خاڵانە بەنیسبەت صندوق زیاد بکرێت، چونکە کاری صندوق کاری ئێمە کە دەبێت، ئالیەتی ئیشکردنەکەی دیار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا تا ڕادەیەك كاك خورشيد قسەكانی منی باس كرد، بەس بۆ تەئكيد كردنەوە لە هەندێ خاڵی دەمەوێ قسە بكەم، پڕۆژەی نیشتەجێبوون پڕۆژەیەكی بەردەوامەوەو درێژخایەنە، ئەو بڕە پارەی كە ساڵانە بۆی تەرخان دەكرێت، بەقەناعەتم لەوانەیە مەسەلەن بۆ نموونە لەساڵی 2011 ئەو بڕە پارەی كە بۆی دانرا هەمووی سەرف نەكراوە، صندوقی خۆشی هەیە كە ئەو پارەیە لەو صندوقە دادەندرێت، حەقە ئێمە بە فەقەرەیەك ئیلزامی حكومەت یان وەزارەتی پەیوەندیدار بكەین، كە ئەو بڕە پارەی كە تەرخان دەكرێت، ئەو قستانەی كە بۆی دێتەوە، لەو میزانیەوە و ساڵانەش كە قیستەكانی دێتە سەر دەستكاری نەكرێت، یەعنی هیچ دەسەڵاتێك توانای سەحب كردنی نەبێت لەو صندوقە بۆ ئەوەی وەزارەت بتوانێت ئەو پلانەی كە هەیەتی بۆ دروست كردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆ كەمدەرامەت و هەژاران بتوانێت لێی بەردەوام بێت لە پارەكەدا، بەڵام ئەگەر هاتو ڕۆژێك لەڕۆژان لایەنێكی دەسەڵات لەسەرووی وەزارەتەوە پارەكەی لێ سەحب كرد، بۆ وەزعێكی تر بۆ چارەسەر كردنی كێشەیەكی تر لەوانەیە ئەو كاتە وەزارەت لە پلانەكەی خۆی لەو پرۆژە درێژخایەنانە نەتوانێت ئەو ئەزمەیەی كە ئێستاكە ئێمە هەمانەو دەمانەوێت حەلی بكەین، لەوانەیە خەلەلی تێ بكەوێت وتووشی ئیشكالیەت بین، بۆیە ساڵانە ئەو بڕە پارەی كە تەرخان دەكرێت لەو صندوقە بمێنێتەوە، مەسەلەن ئەمساڵ 2011 ئەگەر مانگی 6 تەصدیقی بودجە كراو ئەو پارەی بۆ تەرخان كرا، پێم وانیە هەمووی سەرف كرابێت، بەحوكمی ئەوەی كە پێویستی بە تەندەر هەیەو بە جێگاو ڕێگا و قسە كردن لەگەڵ پارێزگاكان وناحیەكان و قەزاكاندا هەیە، بۆیە پارەی لێ ماوەتەوە، كەواتە با دەستكاری نەكرێت، ئەو پارەی كە لە 2012ش دێتە سەری حەقە هەر لەو صندوقە بمێنێتەوە

تا ئەوان بتوانن لە پڕۆژەی دریژخایەن سەرفی بکەن، تا خزمەتی خەڵکی کەمدەرامەت و هەژار بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس، کاک شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم و سێیەم، من پێم باشە کە دەمج بکرێت، چونکە هەدەفی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە بڕگەی یەکەم و دووەم دەکرێت دەمج بکرێت بەم شێوەیە( بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕێك پارەی ساڵانە لەبودجەی گشتی هەرێم دادەنێت لە صندوقێك بەناوی (صندوقی نیشتەجێکردن)لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن دادەمەزرێت، بەو شێوەیە دەمج بکرێت، لەجیاتی ئەم دوو بڕگەیە بکرێت بە یەك بڕگە، چونکە پێویست بە دوو بڕگە ناکات، چونکە ئەو پارەیە بۆ ئەو صندوقەیە، وە صندوقەکەش هەیە ئەمە ئەگەر یاساشی بۆ دەرنەچووبێت ئەوە تەعامول هەر لەگەڵ صندوقەکە کراوە، پێشتر هەر هەبووە، بڕگەی چوارەم، کە ئەگەر دەستکاری کرا ئەو کاتە دەبێت بە بڕگەی سێیەم: من داوا دەکەم کە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، هەروەها ئەوەی کە پێشووتر لەم صندوقە لە دەستەی وەبەرهێنان دراوە بەخەڵك ئەو پارەش هەر تەدویر بکرێت بۆ ناو ئەم صندوقە، نەك ئەم پارەیە بێت بەتەنها، ئەوەی کە ئێستا داوامان کردووە تەدویر بکرێت بۆ ئەم صندوقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی چوارەم کە دەڵێت، ئەصڵی ماددەی پێنجەمی یاساکە دەبێتە بڕگەی یەکەمی یاساکە، بڕگەی تری زنجیرەی دووەم و سێیەم و چوارەمی بۆ زیاد دەکرێت، من لەلای خۆم بەم شێوەیە ڕێکم خستووەتەوە، ئەصڵی ماددەکە کە هەیە، پێویست ناکات وەکو بڕگەیەك لە بڕگەکان دابندرێت، ئەم سێ بڕگەیەی کە دانراوە پێویستە بکرێت بە یەکەم و دووەم و سێیەم، لەبەر ئەوەی ئەصڵی ماددەکە خۆی ئەڵێت چی( ئەڵێت وەزارەتی دارایی پارەی پێویست بۆ بنیاتنانی شوقەو خانووەکانی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی

ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن تەرخان دەکات) کەواتە لێرەدا لە بڕگەی دووەم وای لێهاتووە لە ماددەکەدا لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە کە من دەڵێم ببێت بەیەکەم، دووەم، سێیەم، خۆی نەصەکەی تەقریبەن ئەو مانایە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەو بڕگەیە زیادەیە هەر ئەوە بەسە، (بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بڕێك پارەی ساڵانە لە بودجەی گشتی هەرێم دادەنێت بۆ دابین کردنی بنیاتنانی یەکەکانی نیشتەجێبوون)ئەمە ئەوە بەنیسبەت ئەوەی کە لیژنەی هاوبەش نووسیویەتی پێی دەڵێن بڕگەی سێیەم: کەلای من دەبێت بە بڕگەی دووەم، ئەڵێت (لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردندا صندوقێك بەناوی صندوقی نیشتەجێکردن دادەمەزرێت، ساڵانە ئەو بڕە پارەیەی تێدا دادەنـدرێت کە لەبودجەی گشتی هەرێمدا بۆ بەردەوام بوونی بنیاتنانی یەکەکانی نیشتەجێبوون تەرخان دەکرێت) لەیاسای بودجەدا هەموو ساڵێك بڕێك پارە دادەنـدرێت بۆ پاڵپشتی صندوقی نیشتەجێوون، جا صندوقی نیشتەجێوون ئەمە ئەم بەشەیان کە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە دروست دەکرێت بۆ خەڵکی کەمدەرامەتە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەشێکی تریشی ئەوەیە کە دەدرێت بۆ کەرتی تایبەت تا شوقەکان بە مواصەفاتێکی تر دروست بکرێت، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەو بڕە پارەی کە دادەندرێت ساڵانە بۆ پاڵپشتی صندوقی نیشتەجێبوون شەرت نیە هەمووی بخرێتە ئەم صندوقەوە بەشێکیشی بۆ پاڵپشتی کەرتی تایبەت بێت، ئەوانەی کە شوقە دروست دەکەن، بە مواصەفاتی جیاواز، بەڕەئی من واباشترە بوترێت بەناوی صندوقی نیشتەجێبوونی کەمدەرامەت، یەعنی ئەو بەشە هەمووی نەچێت بۆ ئەوێ، ئاگامان لەوە بێت کە ساڵانە بەچ شێوەیەك لێرەدا دایبڕێژین، کە دوایی نەتوانین گەشە بە پڕۆژەی نیشتەجێکردن بکەین بۆ صنفەکانی تری کۆمەڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لە هەموارکردنی ماددەی پێنجی ئەصڵی یاساکە چیە؟، ماددەی پێنج باس لەوە دەکات، کە وەزارەتی دارایی و ئابووری تەمویلی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەکات بە بڕە پارەیەکی تەرخانکراو بۆ ئەو مەبەستە، ئێمە لەکاتی ئامادەکردنی پڕۆژەکەدا کێشە زۆر بوو لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە، پڕۆژەی دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون و شوقە بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت، هەوڵماندا کە ئیلتزامێك لەسەر حکومەت دروست بکەین، کەوا ساڵانە لەیاسای بودجە پێویستە بڕێك پارە تەرخان بکرێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە، وە پێشنیاری ئەوە کرا، کەلەناو ئەو یاسایە بڕەکە دیاری بکرێت، بەڕێزان ئەو بڕە ساڵانە دەگۆڕدرێت ڕێژەکەی، پارەکە چەندە؟، بڕەکەی چەندە؟، بۆیە هەر ساڵێك لەکاتی پەسەند کردنی بودجە بڕە پارەیەك دیاریکرابێت و دانرا، ئەوە پێویستە ئێمە بێینەوە ئەو یاسایە هەموار بکەینەوە، بۆیە پێمان باش نیە لەناو ئەو یاسایەدا بڕە پارەکە دیاری بکرێت، باشتر وایە لەیاسای بودجە

دیاری بكرێت، هەر وەك لەیاسای بودجەی ساڵی 2011 لە ماددەی شازدە بڕگەی یەكەم، بڕی 9 ملیار دینارمان تەرخان كرد بۆ ئەوەی بەپێی یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2008 یەكەی نیشتەجێبوون دروست بكرێت، باس لەوە كرا لەلایەن پەیمان خانەوە، كە دامەزراندنی صندوقەكە بەیاسا دیاری بكرێت، فیعلەن ئەوە بەیاسا دیاری كرا، ئەوەش ماددەیەكە ماددەی 5 لەیاساكە، كەواتە بەیاسا صندوقەكە دادەمەزرێت، لەهەر یاسایەك بڕگەیەك یان دەقێك هاتبێت مانای دروست كردنی صندوقە، بۆیە پێویست بەوە ناكات كە یاسایەكی تایبەت هەبێت بۆ ئەوەی صندوقەكە دابمەزرێنین، ئەو ماددەیە بەشێكە لەیاسایەك كەوا صندوقە دادەمەزرێت، پێشنیاری ئەوە كرا كە ناوی صندوقەكە دەستەواژەیەكی بۆ زیاد بكرێت، (صندوق الإسكان لذوي الدخل المحدود) ئەوەش زۆر لەناوەڕۆك ومەبەستەكە ناگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئێمە یاساكە نیەتی مشرع زۆر ڕوون و ئاشكرایە ماددەی یەكمان بۆ تەرخانكردووە، كە كێن ئەوانەی كە مەشمولن بە حوكمەكانی ئەم یاسایە، بۆیە ئەوە لەناوەڕۆكی بابەتەكە ناگۆڕێت، گرنگ ئەوەیە صندوقەكە دابمەزرێت و پارەكە بێتە ئەو صندوقەوە، بۆ ئەو مەبەستەی لە یاساكە دیاری كراوە بەكار بێت، كاك دلێر ئاماژەی بەوەكرد كە تەمویلی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، ئەوە جەنابی وەزیر لێرەیە كێشەیان زۆرە لەدواخستنی ئەو تەمویلە، بۆیە هەر مەبەست ئەوە بوو لەدانانی صندوقەكە، بڕی پارەكە بچێتە ئەو صندوقە، تاكو بتوانن لەو ماوەی كە بەڵێن بەخەڵك دەدەن، لەو ماوەی كە داواكان وەردەگرن، دەست بە پڕۆژەكە بكەن و ئەنجامی بدەن، و جێبەجێی بكەن لەماوەی دیاری كراو پێشكەشی هاووڵاتیانی بكەن، سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی صندوقەكە، پێشنیاری ئێمە ئەوەیە كە ئەگەر بە نیزام ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقەكە واتە بڕگەیەك زیاد بكەین، بەنیزامەك بەرێزان چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سندوقەكە بەنیزام ڕێك بخرێت و بەڕێوەبچێت، ئەوە تێبینیەكانی ئێمە بوو، زۆر سوپاس، ئەگەر لەسەر ئەوە ڕێك كەوتن كەوا بەنیزام، ئێمە دەقێكمان ئامادەكردووە كە تەئسیسی سندوقێك دەكرێت (باسم صندوق الإسكان یرتبط بوزارة الإعمار والاسكان ویتمتع بالشخصیة المعنویة ویحدد بنظام مجلس ادارتە ورئاستە وكیفیة اتخاذ القرارات في المجلس).

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

أولاً/ تخصص حكومة إقلیم كوردستان - العراق مبلغاً سنویاً ضمن الموازنة العامة للإقلیم لتأمین بناء الوحدات السكنیة تنفیذاً لأحكام هذا القانون.

ثانیاً/ تقوم وزارة المالیة بتمویل وزارة الإعمار و الإسكان بالتخصیصات المالیة اللازمة لبناء الشقق و دور السكن.

ثالثاً/ تؤسس صندوق بإسم صندوق الإسكان في وزارة الإعمار و الإسكان و تودع فيه سنوياً المبالغ المخصصة ضمن الموازنة العامة للإقليم لديمومة بناء الوحدات السكنية و يتمتع بالشخصية المعنوية و يحدد بنظام مجلس إدارته و رئاسته و كيفية إتخاذ قراراته.

رابعاً/ تودع في الصندوق ما يتم إسترداده من المبالغ وفق ماهو منصوص عليه في المادة الرابعة أولاً من هذا القانون.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردیەکەتان هەیە بیخوێننەوە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی چوارەم: ئەسڵی ماددەی پێنجەمی یاساکە دەبێتە بڕگەی دووەمی یاساکەو، سێ بڕگەی دیکە بە زنجیرەی یەکەم و سێیەم و چوارەم بۆ زیاد دەکرێت، وەکو ئەمەی خوارەوەی لێدێت:

یەکەم: بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان-عیراق بڕێك پارەی ساڵانە لە بودجەی گشتی هەرێم دادەنێت بۆ دابین کردنی بنیاتنانی یەکەی نیشتەجێبوون.

سێیەم: لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردندا سندوقێك بەناوی سندوقی نیشتەجێکردن دادەمەزرێت و ساڵانە ئەو بڕە پارەیەی تێدا دادەندرێت کە لە بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ بەردەوام بوونی بنیادنانی یەکەکانی نیشتەجێبوون تەرخان دەکرێت و.....

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە تەسەلسولی خاڵەکانتان جێ گۆڕکێ کرد، ئێستا وەکو قەدیمەکەیت خوێندەوە، تکایە تەسەلسولەکەشی ڕێك بخەنەوە، دکتۆرە موقەدیمەکەت نەخوێندەوە جەنابت، سەرلەنوێ عەرەبیەکەی بخوێننەوە، دوایی کوردیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

تكون أصل المادة الخامسة من القانون الفقرة ثانياً لها وتضاف إليها ثلاث فقرات بتسلسلات أولاً، ثالثاً، رابعاً و كالآتي:

أولاً/ تخصص حكومة إقليم كوردستان - العراق مبلغاً سنوياً ضمن الموازنة العامة للإقليم لتأمين بناء الوحدات السكنية تنفيذاً لأحكام هذا القانون.

ثانياً/ تقوم وزارة المالية بتمويل وزارة الإعمار و الإسكان بالتخصيصات المالية اللازمة لبناء الشقق و دور السكن.

ثالثاً/ يؤسس صندوق بإسم صندوق الإسكان في وزارة الإعمار و الإسكان و تودع فيه سنوياً المبالغ المخصصة ضمن الموازنة العامة للإقليم لديمومة بناء الوحدات السكنية و يتمتع بالشخصية المعنوية و يحدد بنظام مجلس إدارته و رئاسته و كيفية إتخاذ قراراته.

رابعاً/ تودع في الصندوق ما يتم إسترداده من المبالغ وفق ماهو منصوص عليه في المادة الرابعة أولاً من هذا القانون.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیەکەی بیخوێننەوە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم....

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

توخوا بزانین کاک کاردۆ نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەمە شتێکی یاساییە، بەڵام ئێمە لە بودجەی ئەمساڵ 49 ملیارمان تەرخان کرد، من پێم خۆشە ئەمە ڕوون بکرێتەوە، ئایا دەچێتە ئەم سندوقە، یان ئەمساڵ گوایە جێبەجێ دەکرێت؟.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: لە ئەسلی ماددەی پێنجەمی یاساکە، دەبێتە بڕگەی دووەمی یاساکە، سێ بڕگەی دیکەی بە زنجیرەکانی یەکەم و سێیەم و چوارەم بۆ زیاد دەکرێت، وەك ئەمەی خوارەوەی لێدێت:

یەکەم: بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە حکومەتی هەرێمی کوردستان-عیراق بڕێك پارەی ساڵانە لە بودجەی گشتی هەرێم دادەنێت بۆ دابین کردنی بیادنانی یەکەکانی نیشتەجێبوون.

سێیەم: لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردندا سندوقێك بەناوی سندوقی نیشتەجێکردن دادەمەزرێت و ساڵانە ئەو بڕە پارەیەی تێدا دادەندرێت کە لە بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ بەردەوام بوونی بنیادنانی یەکەکانی نیشتەجێبوون تەرخان دەکرێت و خاوەن کەسێتی مەعنەویەو سەرۆك و ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و چۆنیەتی بڕیاردانی بەڕێسا دیاری دەکرێت.

چوارەم: ئەو بڕە پارانەی کە وەردەگیرێتەوە بەپێی دەقی ماددەی چوارەم، دووەمی ئەم یاسایە بە سندوقی ناوبراوی سەرەوە دەسپێردرێت.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاکە نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو سندوقی نیشتەجێبوونەوە كە ئێستا لەوێ ناونراوە، ئێمە لە كاتی بودجەی ساڵی 2011 ، 49ملیار دینار دانراوە بۆ مەوزوعی پاڵپشتی سندوقی نیشتەجێبوون، ئەگەر ئێمە هەمووی بخەینە ناو ئەو سندوقەوە، ئێمە دوو جۆر پڕۆژەی نیشتەجێبوونمان هەیە، بەشێكیان ئەوەیە بۆ خەڵكی كەم دەرامەت ئەكەین یەعنی (ذوی الدخل المحدود) بەشێكی تریشی ئەوەیە كە لە لایەن كەرتی تایبەتەوە دروست دەكرێت، بۆ چین و توێژەكانی تر كە خانویان نیە، بەڵام بڕێ پارەیان هەیە بە پێشەكی و بە قیستە، لەبەر ئەوەی بە ڕەئی من ئەگەر ئێمە یاساكە بەو شێوەیە دابنێین بڵێین سندوقی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، ئەو پڕۆژانەی كەرتی تایبەت لەمەو دوا ئەوەستێت، كە بۆ خەڵكی ترە كەم دەرامەت نیە، بە مواسەفات، بەڵام بە قیست ئەیدرێتێ ئەویش هەر پێویستی بە نیستەجێبوونە، كەواتە لێرە ئەم سندوقی نیشتەجێبوونەی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بەڕەئی من وا ناوبندرێت، سندوقی نیشتەجێبوونی كەم دەرامەت، یان خاوەن داهاتی سنووردار، ئەوكاتە ئەو پاڵپشتیە ......

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو هەمووی شەرحە، ئەوە كەینێ نوقتەی نیزامی بووە، سەرلەنوێ شەرحی دەكەیتەوە، فەرموو دانیشە، جەنابی وەزیر ئاخیر ڕەئیت لەسەر ئەوەی كە خوێندرایەوە.

**بەڕێز كامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو سندوقە هەر دەمەوێ ڕوونكردنەوەیەك بدەم، ئەم سندوقە كە دەڵێین سندوقی ئیسكان، بۆ دەخلی مەحدود، ئەمە لەناو سندوقێكە ئەچێتە پێكهاتەی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، جیایە لەو سندوقەی تر كە وەزارەتی دارایی دایناوە، بۆ یەكەكانی نیشتەجێبوون، لەڕێگەی وەبەرهێنانەوە لە قانونی ئیستیسمار دەكرێت، ئەمە دەچێتە پێكهاتەی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، لەبەر ئەوەی جیاواز دەبێ لەگەڵ ئەوە، تەمویلەكەی لە لایەن وەزارەتی داراییەوە دەبێ، ئەو بڕە پارەیەی كە لە یاسای موازەنە تەرخانكراوە 49 ملیار دۆلارەكە، بێگومان غەرەزەكەی بۆ چیە؟، غەرەزەكەی هەر بۆ ئیسكانە، ئەمە هەموار كردنە بە شێوازی سەرفەكەیەتی، ئێمە بە نووسراوێك ئەتوانین داوا لە وەزارەتی دارایی بكەین، بچێتە ئەو سندوقەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لەدوای خوێندنەوەی ئاخیر سیاغە، تكایە كەس دەست بەرز نەكاتەوە، لەبەر ئەوەی سەرلەنوێ دەبێ بگەڕێنەوە سەری و جارێكی تر بیخوێنینەوە بەڕێگەی قانونیەوە، فەرموو ئاخیر سیاغە بیخوێننەوە، كاك دكتور جەنابت لەوێ دانیشتووی، ئەندامی لیژنەكەی، فەرموو بزانم.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەندێك بڕگە لێرە زیاد ئەکرێت، یەعنی کە لێرە زیاد ئـەکرێت هـەقی خۆمانـە کـە قسـەی لەسـەر بکـەین، لێرە باسی سندوقی ئیسکان کرا کە شەخسیەی مەعنەوی هەیە، وابزانم غەڵەتـە شەخسـیەی مەعنـەوی بـۆ سندوق نابێ، یەعنی ئەمە دوای دەنگدان، دوایی ناتوانین قسەی لەسەر بکـەین، بۆیـە مـن ئـەڵێم مـەجلس هەیە ئەبێ شەخسیەی مەعنەوی بۆ مەجلسەکە بێ، بەڵام بەپێی ئەوەی کە خوێندرایەوە، سندوقی ئیسکان ئەڵێ شەخسیەی مەعنەوی هەیە، چۆن سندوقی ئیسکان شەخسیەی مەعنەوی هەیە؟، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو ئاخیر سیاغە بیخوێننەوە.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**تكون أصل المادة الخامسة من القانون الفقرة ثانياً لها و تضاف إليها ثلاث فقرات بتسلسلات أولاً، ثالثاً، رابعاً و كالآتي:**

**أولاً: تخصص حكومة إقليم كوردستان - العراق مبلغاً سنوياً ضمن الموازنة العامة للإقليم لتأمين بناء الوحدات السكنية تنفيذاً لأحكام هذا القانون.**

**ثالثاً: يؤسس صندوق بإسم صندوق الإسكان في وزارة الإعمار و الإسكان و تودع فيه سنوياً المبالغ المخصصة ضمن الموازنة العامة للإقليم لديمومة بناء الوحدات السكنية و يكون للصندوق مجلس إدارة يتمتع بالشخصية المعنوية و يحدد بنظام مجلس إدارته و رئاسته و كيفية إتخاذ قراراته.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**دکتۆرە تکایە لە سەرەتاوە بیخوێنـەوە، صیاغەکەی بخوێنـەوە، تکایـە ئـاخیر صیاغەی بکـەین بـە بـێ هـیچ ئیشکالێك ئینجا بیخوێننەوە.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تكون أصل المادة الخامسة من القانون الفقرة ثانياً لها و تضاف إليها ثلاث فقرات بتسلسلات أولاً و ثالثاً و رابعاً و كالآتي:**

**أولاً: تخصص حكومة إقليم كوردستان - العراق مبلغاً سنوياً ضمن الموازنة العامة للإقليم لتأمين بناء الوحدات السكنية تنفيذاً لأحكام هذا القانون.**

**ثالثاً: يؤسس صندوق بإسم صندوق الإسكان في وزارة الإعمار و الإسكان و تودع فيه سنوياً المبالغ المخصصة ضمن الموازنة العامة للإقليم لديمومة بناء الوحدات السكنية و يتمتع بالشخصية المعنوية و يحدد بنظام مجلس إدارته و رئاسته و كيفية إتخاذ قراراته.**

**رابعاً: يودع في الصندوق ما يتم إسترداده من المبالغ وفق ما هو منصوص عليه في المادة الرابعة ثالثاً من هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**كوردییەكەشی بخوێننەوە.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم/ ئەصلی ماددەی پێنجەمی یاساكە دەبێتە بڕگەی یەكەمی یاساكە و بڕگەی دووەمی یاساكە و سێ بڕگەی دیكەی بە زنجیرەكانی یەكەم و سێیەم و چوارەم بۆ زیاد دەكرێت و وەك ئەوەی خوارەوە:**

**یەكەم/ بۆ جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە، حكومەتی هەرێمی كوردستانی عیراق بڕێك پارەی ساڵانە لە بودجەی گشتی هەرێم دادەنێت بۆ دابین كردنی بنیاتنانی یەكەكانی نیشتەجێ بوون.**

**سێیەم/ لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن دا سندووقێك بە ناوی سەندووقی نیشتەجێ كردن دادمەزرێت و ساڵانە ئەم بڕە پارەی تێدا دادەنرێت كە لە بودجەی گشتی هەرێم دا بۆ بەردەوام بوونی بنیاتنانی یەكەكانی نیشتەجێ بوون تەرخان دەكرێت و خاوەنی كەسێتی مەعنەوی یە و ئەنجومەنێكی بەڕێوەبردنی دەبێت و سەرۆك و چۆنیەتی بڕیاردانی بەڕێسا دیاری دەكرێت.**

**چوارەم/ ئەم بڕە پارانەی كە وەردەگیرێنەوە بە پێی دەقی ماددەی چوارەم و دووەمی ئەم یاسایە بە سندووقی ناوبراوی سەرەوە دەسپێردرێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە ئاخیر صیاغە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵدایە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

**تعدل المادة السادسة من القانون و تقرأ كالآتي:**

**تلتزم وزارة الإعمار و الإسكان ببناء الوحدات السكنية الشقق في مراكز المحافظات و شقق و دور سكنية في الأقضية و النواحي و القرى، و تسليمها خلال مدة لاتتجاوز سنتين من تاريخ تسجيل الطلب لديها إلا في حالة وجود مبرر قانوني.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**ماددەی شەشەمی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

وەزارەتی ئـاوەدان کردنـەوە و نیشـتەجێ کـردن پابەنـد دەبێـت بـە بنیاتنـانی یەکەکانی نیشـتەجێ کـردن، شوقەکان لە مەڵبەندی پارێزگاکان شوقەقە و خانووی نیشتەجێ بوون لە قەزا و ناحیە و گونـدەکان دا و لـە ماوەیەك دا کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت لە بەرواری تۆمار کردنی داواکارییەکـەوە دەیانـدات بـە کڕیارەکـە، لە حاڵەتێك دا ئەگەر پاساوێکی یاسایی نەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی پێشوو دەستکاریمان لە (تاریخ و یسجل لها حسب أقدمیة تقدیمها) ئەوە لەوێ لاچوو، دەبـێ لێرە دەستکاری لەو صیاغەیە بکەین، دەڵێ (من تاریخ تسجیل الطلب) واتا پێشنیار دەکەین کەوا ببێتە (من تاریخ قبول الطلب إلا في حالة وجود مبرر قانوني) لە ئەخیری ماددەکە (في حالة قبول الطلب).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆنتان صیاغە کرد توخوا؟ بزانین ئەوە چۆن چۆنی یە؟ فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ڕوونکردنەوە بـەڵێ، لەبـەر ئـەوەی لـەو ڕوونکردنەوانـەی پێشوودا ئـەوەمان لابـردووە، ئـەوە ئێستا ئیشکالێکمان بۆ دروست دەکا، هەموو کەسێك کە تەڵەبەکەی تەسجیل کردبێ، بۆ نموونـە ئێمـە ساڵی داهـاتوو (1000)شـوقەقە دروسـت دەکـەین، لـە هـەزار یەکـە، ئەگـەر 10هـەزار کـەس تەسـجیلی تەڵبەکـەی کردبێ کەواتە لەو ڕۆژەوە هەر دەهەزارەکەیان موسـتەحەق دەبـن، لەبەرئـەوە پێمـان باشـە بکـرێ بـە (مـن تأریخ قبول إستحقاق مقدم الطلب) یەعنی لە کاتێکدا کە موستەحەق دەبێ بە ئەو کەسەی کـە تەڵەبەکـەی تەقدیم کردووە، لەو ڕۆژەی کە ئیعلان دەکرێـت کـە موسـتەحەقە بـە وەرگـرتنی یەکـە نیشـتەجێکە، تـەنها ئەوانە بگرێتەوە، یەعنی ئەو کاتە ئەو ژمارە زۆرە نایگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر سوئالێك هەیە، ئێوە کەی تەقدیمی تەرحی فرۆشتن دەکەن؟

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت وەزارەتەوە بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە دایدەنێت، دوای ئەوەی کە ئێمە ئیعلانی دەکەین بۆ ئەوەی لە ڕێی بەڵێندەرایەتی یەوە، تەبعەن ئیشەکە دەکرێ، ژمارەکانی مەعلوم دەبێت، ئیعلان دەکەین، کە ژمارەکەی مەعلوم دەبێ، کە چەند شوققە دەکەین و لە کوێ دەیکەین، ئیعلانی بۆ دەکەین، دەڵێین ئەوەندە شوققەمان هەیە، چونکە ئەگەر ئێستا ئێمە کە ئیعلانی دەکەین بۆ نموونە ئەمساڵ نزیکەی هەزار یەکەی نیشتەجێ یە، تەصەورمان وایە یەکسەر وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا لەوانەیە (50) هەزار کەس تەقدیم بکات، تۆ ئەوەی هەموو دەکەیتە (data base)ێك، تۆ هەزار دانەت هەیە، لەسەر ئەساسی ئەولەویەت دەیدەیتێ، بەڵام ئەگەر ئەو (50) هەزار کەسە وای حیساب بکەین بە پێی ئەوە، لە ڕۆژی تەسجیل کردنی ناوەکەیەوە، کە ناوەکەی تەقدیمی کردووە، کەواتە هەر پەنجا هەزارەکە بە پێی ئەم بڕگەیە دەبێ پاش دوو ساڵ من خانووی بدەمێ، یەکەی نیشتەجێی بدەیتێ، بۆیە دەڵێین (من تأریخ) لە تەئریخی ئیستیحقاقی موقەدیمی تەڵەبەکەوە، ئەو کاتە ئیعلان دەکرێتەوە دەڵێی/ ئەوەندە کەس بەری کەوتووە و ئەوانە تەنها شمول دەکات بۆ ماوەی دوو ساڵەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە جـارێ هێشـتا وەخـتی مشـوورەت بڕێـك مایـە، تـازە ماددەکـە خوێندراوەتـەوە، بـوار بدرێتـە ئەندامان ناوی خۆیان بنووسن موناقەشەی لەسەر بکەن، بەڵکو ئەفکاری تـریش دێتـە گـۆڕێ و لـە ئـەخیری دەگەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە خوێندرایەوە، بزانین کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیـە قسـە بکـات و نـاوی بنووسـین، ناوتـان بڵێن: کـاك دڵشـاد، سـۆزان خـان، کـاك جـلال، کـاك خورشـید، کـاك شـۆرش، کـاك شـڤان، شـیلان خـان، کـاك عبدالسلام، ناسك خان، کاك فاضل، سیوەیل خان، کاك عمر، شەونم خان، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە دەست کردن بە کاری بینا کردن و کۆتایی هێنان بە کارەکە هیچ پەیوەندیەکی بە عەقد و بـە ئیعلانی عەقد و ئیعلانی نووسین و فەرزکردنی ناوەکانەوە نیە، کاری وەزارەت ئەو ڕۆژە دەست پێ دەکات، ئەوەی کەوا تەخسیسی ئیمکیانیات و تەخسیسی عەردی بۆ دەکرێت، وەزارەت لـە خلالی ئـەم مودەتـە و بـە پێی ئەو بڕە پارەی کەوا بۆی تەرخان کـراوە، دەبـێ لـە خـیلالی مودەیـەکی زەمـەنی ئیشـەکەی خـۆی تـەواو بکات، عیلاقەی بە نووسینی عەقد و چوون و نەچوونی هاووڵاتیانـەوە نییـە گومـان لـەوە دانیـە وەزارەت چەند وەحدەی سەکەنی بکات، تەڵەب و ئیستحقاقاتی زیاتر لەو عەقدەدا هەیـە، کەواتـە مورتـەبت نیـە بـە

مەوزوعی عەقدەکەوە، نە بە قبوڵی عەقدەکە و نە بە نیهایەتی عەقدەکەوە، ئەمە لەلایەك، لەلای دووەمی چونکو موستەفید یان ئەوەی کە عەقد دەکات هیچ پارە نادات لە ئەسنای بیناکردن، بۆ ئەوەی تۆ ئیرتباتی بکەی بە مودەیەکی زەمەنیەوە، ئەم سیغەیە لە عەقدی ئیستسماراتەوە هاتووە، عقودی ئیستسماری کە یەکێك دەچێت ناوی خۆی لای موستەسمرێك دەنووسی لە خیلالی مودەیەکی زەمەنی دا دەبێ ئەوەندە پارە بدات و لە خلالی ئەو مودەتەش دا جیهەتەکە موکەلەفە بەو مودە زەمەنیە، وەحدەی سەکەنیەکەی تەسلیم بکات، لێرە خاوەنی عەقد یان بڵێین کەسە موستەفیدەکە داواکار هیچ پارەیەك نادات، هیچ ئیلتزامێکیشی لەسەر نیە هەتاوەکو مورتەبت بێت بە ئیلتزامێکی تری زەمەنیەوە، ئیلتزامی وەزارەت مورتەبتە بەو ڕۆژەی کەوا حکومەت و وەزارەتی مالیە پارەی بۆ تەرخان دەکات و لەگەڵ تەرخان کردنی با بڵێین پێداویستیەکانی تر وەکو مەوزوعی زەوی و شتی وا، چونکو بەوەوە مورتەبتە وەزارەت، مومکینە دەست بەناو نووسین بکرێت و ئەشکالیەتی زەوی هێشتا حەل نەبی، مەسەلەیەکی تر یان پاش و پێش بوویە ڕەبت کردنی مودەی زەمەنی هیچ عیلاقەی بە عەقدەکانەوە نیە، پتر بەوەیە کە زەمینە بۆ کارەکە خۆش دەکرێت و وەزارەت ئینجا چەند تەحدید دەکات لەماوەی دوو ساڵ دا وەزارەت ئەو وەحدە سەکەنیانە دروست بکات لەو وەختەی کەوا تەخسیساتی بۆ تەرخان دەکرێت.

**بەڕێز ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بۆ پاڵپشتی بۆ قسەکەی کاك دڵشاد ئێمە لێرەدا بەرامبەرەکە مولتەزم نیە بە دەفعی پارەوە، بۆیە ئەگەر هاتو ئێمە ئەرکێك کە دەیخەینە سەر وەزارەت کە دەبێ جێ بەجێ ی بکات لە مودەی دوو ساڵ دا ئەم پرۆژەیە دەبێ لە ماوەی دوو ساڵدا بۆ ئەوەی خەڵك تووشی حاڵەتی نەفسی ئەوە نەبێ هەر چاوەڕێ بێ و چاوەڕێ بێت و ناوی تەسجیل کردووەو مەعەلعیلم ئەو لەوانەیە پاش دە ساڵی دیکە بەری کەوێ و بەپێی ئەو زەوابتانەی کە دادەنرێ، بۆیە ئەگەر بوترێ (تلتزم وزارة الاعمار والاسكان ببناء الوحدات السكنية الشقق فى مراكز المحافظات والشقق ودور السكنية في الاقضية والنواحي وتسليمها خلال مدة لاتتجاوز السنتين من تاريخ تخصيص الادعاءات لاتمام المشاريع).

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە بێ پێشەکی داوای ئەوە دەکەم کە بڵێی (مدة لاتتجاوز سنتين من تاريخ تنفيذ المشروع وحسب الاستحقاق).

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە بابەتێك هەیە و دەبێ یەکلای بکەینەوە، دەڵێ تقوم الوزارە، ئایا وەزارەت ئەم ئیشانەی هەمووی بە خۆی دەیکات بە تەنفیز موباشر یان بە مقاولینیش دەکات، ئەگەر بە موقاولینیش بکات دەبێ لێرە ئێمە بڵێین (تقوم الوزارة ببناء أو الاشراف على بناء الوحدات السكنية وتسليمها للمستحقين فى مدة لاتتجاوز السنتين من تاريخ المباشرة بالمشروع) ئەوە زۆر موهیمە، چونکە زۆر کۆسپ هەیە هەتا وەزارەت دەست بەکار دەبێت، هەتا عارد تەئمین دەکات و ئاسن دێنن و نازانم یەعنی ئیشەکی زۆر بۆ دەوێت، بۆ ئەوەی شتەکە مونسف بێت (من تاريخ المباشره بالمشروع) دەبێ لە خیلالی دوو ساڵ و ئەوەش یەکلابکرێتەوە، ئەگەر وەزارەت هەمووی بە خۆی دەکات بە بینا ڕاستە، ئەگەر وەزارەت بە موقاولی دەکات دەبێت ئاماژەی پێ بدەین، (تقوم الوزارة ببناء أو الاشراف على بناء الوحدات السكنية وتسليمها للمستحقين خلال مدة لاتتجاوز السنتين من تاريخ المباشرة بالمشروع الا فى حالة وجود مبرر قانونى).

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شۆرش فەرموو.

**بەڕێز شۆرش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس سەرۆکی پەرلەمان، قسەکانی من کران.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم من دەبینم لێرەدا مودەی زەمەنی زیادە کە دانراوە، ئەوە هەر هەڵبگیرێت باشترە، ئەوەی کە موستەحەقە ژمارەیان زۆرترە، ئەو وەختە دەبێت وەزارەت بە قورعە کێشی بیکات، بەڕێگای قورعە کێشی نەبێت دەرحەقی ئەو وەزعە نایەت، چونکە ژمارەی موستەحەقەکان زیاترە لە ژمارەی یەکەی نیشتەجێبوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی کاك خورشید کە دەڵێت، (تلتزم وزارة الاعمار والاسكان تعلن اشرافه) چونکە جەنابی وەزیر خۆی دەزانێت، ئەگەر تەنفیز مباشر بێت ئەو سەلاحیەتەی نیە ئەو مەشروعە گەورانە بکات، کە لێرەش دەڵێت ( وتسليمها خلال مده لاتتجاوز) فیعلەن بێجگە لە بینایەی وەحداتی سەکەنی تۆ مەشاریعی خزمەتگوزاریت هەیە، کێ دەڵێت ئەو پارەی بۆ تەرخان ئەکرێت و ئەو تەنسیقە بەو خێراییە ئەکرێت، خۆی ئێستا بەرێوەچوونی پرۆژەکان ئەو مەشاکیلانەیان هەیە ئەمە بەردەوامە، لەبەر ئەوە بەڕەئی من با نەچێتە ژێر ئەو بارانەوە، چەند ئەتوانێت لەڕێگای چاودێری پەرلەمانەوە، مەعنای وایە وەزارەتەکەی موقەصر نیە، لەبەر ئەوە با ئەو ماوەیە لابرێت و بینای یەکەی نیشتەجێبوونەکەش بکرێت بە ئیشراف، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ من نازانم ماددەی شەشی ئەصڵی چی بوو، تاکو موبەڕیر بێت ئێمە بەم شێوەیە بیگۆڕین، ئەگەر لەبیر بکەین ماددەی شەشی ئەصڵی، من ئەڵێم نە ئەمە، نە ماددە ئەصڵیەکەش حاجەت هەبێت کە ئەصڵەن هەبن، بەڕەئی من تۆزێك بیری لێ بکەینەوە یەکەم: مەسەلەی دووساڵ هی ئیمزا کردن یان تەقدیم کردن، تۆ چوزانیت چەند کەس تەقدیمی کردووە؟، چوزانی چەند پارەت هەیە؟، لەخۆمانەوە ئێمە وەعد بەخەڵك بدەین کە بەدوو ساڵ شوقەت دەدەینێ، بەڕەئی من ئەوە هەر نەبێت ئەو مەوزوعە لە کۆن و تازەکەشدا، تۆ ناتوانی بەخەڵك بڵێیت لە ماوەی دوو ساڵ من شوقەت بۆ ئامادە دەکەم، چونکە لەوانەیە 10 هەزار یان 20 هەزار کەس تەقدیمی کردبێت بەس دەبێ بزانیت کە صندوقەکەت چەند پارەی تێدایە، یەعنی موبەڕیراتم بۆ ئەوەی کە ئەمە هەر نەبێت ئەم ماددەیە، دووەم: مەسئەلەی ئەوەی کە ئایا خۆی دەیکات یان لەڕێگای مقاولەوە دەیکات، لەبەر ئەوەیە تاکو ئیلزامی بکەین، ئەم یاسایە مەجالی ئەوە نیە حکومەت خۆی تەعلیماتی خۆی هەیە، میکانیزمی خۆی هەیە، بۆ تەنفیزی مەشاریع ئێمە لێرە بێین بیزەبت باسی تەنفیزی مەشاریع بکەین، بە تەسەوری من ئەوە زیادەی نەصیە، دووەم شت ئێمە بەهەر شێوەیەك بەڕەئی من ئیلتیزامی حکومەت بە ماوە نەکەین، یەکەم: کە خۆی مەشروعەکە تەقدیم دەکات، ئەوە مالیەو ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆیان تەعلیمات دەردەکەن، بۆیە من نامەوێ قسەکانم دووبارە بکەمەوە ئەوەندە بیری لێ دەکەمەوە چ هەدەفێك هەیە لەم ماددەیە، چونکە هەموو ئەو نەصانەی کە تۆ دەینووسی لە کێشە دروست کردن و پەشیمان بوونی حکومەت لە بەڵێنەکانی هیچ ئەنجامێکی تری نیە، باس لە دەستپێکردن کرا، باشە دەست پێکردنی چی، ئەمە پرۆسەیەکی بەردەوامە ئێمە یاسا دەرناکەین بۆ یەك پرۆژە، بەردەوام پرۆژە دروست دەکرێت، خەڵك داوای کردبێت یان داوای نەکردبێت، من نازانم

حەزدەکەم لیژنەی یاسایی یان ئەو برادەرانە بۆمان شەرح بکەن، کە ئەم ماددەیە هیچ فائیدەیەکی نیە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە هەر نەمێنێت، بیر بکەینەوە کە هی کۆنەکەش هەر نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قوەی هەموو یاسایەك لە جێبەجێ کردنیدایە، ئەکرێت ئێمە ئەو مادانەی کە دایدەنێین لەم یاسایەدا، ئاگامان لەوە بێت کە ئایا تا چەند دەتواندرێت جێبەجێ بکرێت، ئەوەی کە لای من جێگای پرسیارە، وابزانم کاك خورشید ئیشارەتی پێدا، ئەوەیە کە تۆ دەڵێیت لەبەرواری تۆمارکردنی داواکارییەکان، مەسەلەن بۆ نموونە ئەمە لە وەقائیعدا مانگێکی تر بلاو دەبێتەوە، ئیعتیادی خەڵك دەست دەکات بەناو نووسین، ئایا لەو کاتەوەیە، یان لەدوای ئەوەی کە یەکەکان دروست دەکرێت، ئینجا دەرگای تەسجیل کردن دەکرێتەوە، یەعنی ئەمە مەتاتیەك دەهێڵێتەوە نازانین چۆن دەبێت وە چاوەڕوانیش زۆر موشکیلەیە، ئەمە یەك: دووەم: کاتێك کە دەڵێت لەحاڵەتێکدا کە ئەگەر پاساوێکی یاسایی نەبێت، ئەمە ئەگەر دوای ئەوەی کە یەکەکان تەواو دەکرێت ئەوجا تەسجیل دەست پێبکات، ئەوە دوو ساڵی بۆ چیە؟، ئینجا ئەگەر پاساوێکی یاسایی نەبێت زۆرجار دواکەوتن و شت ڕوودەدات پاساوی یاسایی بۆ ئەدۆزرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەم ماددەیە داڕشتنێکی تری ئەوێت بەشێوازێکی تر بۆ ئەوەی دوایی لە جێبەجێکردندا ئاسان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فازیل، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر((بەشارەتی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من هەرچەند ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، بەحەقیقەت بە چوار بڕگە هاتووە ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە، بەڵام من لەسەر دوو بڕگەیان قسە دەکەم، کە خۆشبەختانە ناوی ناحیەو گوندەکان هاتووە، بۆ خانوو و شوقەی نیشتەجێبوون، بەحەقیقەت ئەمە بڕیارێکی زۆر زۆر باشە، ئەویش دوو حاڵەتی زۆر گرنگ لەخۆیدا دەبینێتەوە، یەکەمیان: ئەمە زیاتر ئاوەدانکردنەوە لەکوردستان زیاد دەکات،

ئەگەر ئەم بڕیارە بێتە جێبەجێکردن، لەناحیەو گوندەکاندا، هەرچەند دەڵێت لە مەڵبەندی پارێزگاکان و لەقەزاکانیش، بەڵام بۆ ناحیەو گوندەکان بەحەقیقەت ئەمە زیاتر ئاوەدانکردنەوە لەکوردستان دروست دەکات، لایەنی دووەم: ئەرك و زەحمەت کەمتر دەکاتەوە لەسەر ناوەندی شارە گەورەکان، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەی ناحیەو گوندەکان ئیهتیمامێکی زیاتر یان حەقێکی زیاتری پێ بدرێت، چونکە بەڕاستی لەڕابردوو ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان بڕیارێك دەرکرا، دەتوانم بڵێم زۆر جێگای دەستخۆشیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەویش مەسەلەی سولفەی خانووبەرەیە، کە ئێستا ئاوەدانکردنەوەیەکی زۆر باش بە سیستمێکی جوان لەگوندەکاندا دەبینرێت، یەعنی لەچاو ئەمەدا ڕۆحیەتێکی زۆر باشی ئاوەدانکردنەوەی لەگوندەکان دروست کردووە، ئەمەش بە حەقیقەت دەبێتە زیاتر بەهێز بوونی ژێرخانی ئابووری لەهەرێمی کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ئەگەر ئێمە بێین سەیری بکەین، لە ئەصڵی پرۆژەکەدا بۆیە نووسراوە (تلزم وزارە الاعمار) بە ئیلتیزامێکی جانیبەینە، وەزارەت لەگەڵ ئەو کەسەی کە شوقەکە یان خانووەکەی لێ دەکڕێت، چونکە لەوێدا شەرتی دەفعی پێشەکی لەسەرە، بەشەرتی دەفعی پێشەکی کەواتە وەزارەت ئیلتیزامێکی تری موتەبادیلی لەسەرە کە لە زووترین کاتدا کە لە دووساڵ تێنەپەڕێت شوقەکە پێشکەش بکات، بەڵام لێرەدا کە پێشەکی نەما لەم تەعدیلەی کە ئێستا هەیە، بەواتا ئەو ئیلتیزامەی کە لەسەر داواکاری شوقەکەیە کە دەیکڕێت، ئیلتیزامێکی لەسەر نەما، کەواتە دەبێت ئەم ئیلتیزامەی سەر وەزارەتیش هەڵبگیرێت و جێگای نەماوە لەم ماددەیەدا و پێویست بەوە ناکات، هەرچی چەند بەمەتاتی باسی لەوە کردووە، (عند وجود مبرر قانونی) خۆی لەخۆیدا موبەڕیڕی یاسایی کە لێرەدا زۆر بە مەتاتی هاتووە خۆ ئەگەر بێت و وەزارەت هەر سەبەبێکی بەدەستەوە بێت بۆ نەدانی ئەبێت لە ئەصڵدا موبەڕیڕەکە یاسایی بێت، بیڵێت و نەیڵێت، ئەگەر شتێکیش هەبوو خاریجی ئیرادەی وەزارەت بوو ئەچێتە بابی قوەی قاهیرە، ئەوە لە یاساشدا باسی لەسەر بکرێت یان نەکرێت هەر مەعفیەو هەر ڕۆشتووەو تێپەڕیوە، لەبەر ئەوەی ئەو ئیلتیزامە نەما، لەماددەی سێدا ئێمە وتمان وەزارەت ئیعلانی دەکات بۆ فرۆشتن، تەڵەب تەقدیم دەکات، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئیلتیزامی سەر وەزارەتی دروست کرد، کە بەبێ پێشەکی شوقەیەك یان خانوویەکی سەکەنی بدات بە هاووڵاتی، لەبەر ئەوە من هاوڕام لەگەڵ ڕایەکەی کاك عبدالسلام کە ئەم ماددەیە جێگای نەماوە لێرەدا ئەبێت لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دوو كەس ماوە قسە بكەن، سێ كەسیش داوای كردووە كە قسە بكات، هەر ئەصڵەن ئەو ماددەیە نەمێنێت، بۆیە سەرۆكایەتی پێمان باشە بیخەینە دەنگەوە ئەوەی كە دەڵێت ماددەكە هەر نەمێنێت، كاك عونی قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بە تەقدیری ئێمە ڕۆحی یاساكەیە، چونكە هەدەفمان ئەوەیە كە ئیلزامی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بكەین كەوا هەڵبستێت بەدابین كردنی یەكەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی كوردستانی كەم دەرامەت، وە تەسلیم كردنی لەماوەیەكی دیاریكراودا، چونكە خەڵك ئەگەر بڵێین وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێبوون هەڵدەستێت بە بیناكردنی شوقە یان خانوو، ئینتیزار دەكات كە كەی ئەو بینایە تەواو دەبێت، زۆر بەڵێن دەدرێت بەس جێبەجێ ناكرێت، لێرە مەبەستمان ئەوەیە كە ئەمە بمێنێتەوە، سەبارەت بە قسەكانی كاك دڵشاد، كە ئاماژەی بەوە دا كە دەڵێ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە هیچ عیلاقەی بەوەی نامێنێتەوە تەنها و تەنها ئوموری فەنیە، نەخێر وەنیە، لە بیدایەتی ماددەی یەكەم، دەڵێ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە مولزەمە بە تەملیك كردنی ئەو مولكە، بە ناویان دەكاتەوە، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە مولزەمە بە جێبەجێ كردنی ئەو عەقدە موتەبادەلە كە لە بەینی ئەو كەسانەی كە داواكاری دەكەن، ئەو شوقانە بكرن و لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە پەیوەندیان هەیە، نەك لەگەڵ وەزارەتێكی تر، چونكە ئەو عاردانەی كە وەزارەتی شارەوانی تەخصیصی دەكات، بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە دەكرێ و بەناوی ئەویش دەكرێ، ئینجا وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە بەناوی ئەو هاووڵاتیانە تۆماری دەكاتەوە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ئەو دوو كەسە با قسەكانیان بكەن و دواتر قسە دەدین بە ئەوانەی كە نوقتەی نیزامیان هەیە، شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت، با ئەو تەوزیحەی بدەم..... كەیفی جەنابتە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من لە لایەن شلێر خانەوە كرا، لەبەر ئەوە پێویست ناكات دووبارەی بكەمەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەزانین کە ئەمڕۆ ئەوانەی داوای خانوو دەکەن زۆرن، کرێ نشینەکان زۆرن، هەر ئەمڕۆ ئیعلان بکرێ لەوانەیە 100 هەزار کەس ناوی خۆی دەنووسێ، باشە کە 100 هەزار کەس ناوی خۆی نووسی، وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە توانای هەیە 100 هەزار وەحدەی سەکەنی دروست بکات؟، نەخێر، زۆر زۆر سێ هەزار یان چوار هەزار وەکو مەرحەلەی یەکەم دروست بکات، ئەمانە ئەگەر بڵێین : وتسليمها خلال مده لا تتجاوز سنتين من تأريخ تسجيل الطلب، ئەو 100 هەزار کەسە هەموویان تەسجیلی تەلەبیان کردووە، باشە پاشی دوو ساڵ ئێمە دەتوانین 100 هەزار خانوویان بدەینێ؟، نەخێر، کەواتە پاش ئەوە من دەڵێم با ئەو ناوانە بنووسرێ، لە پاشان بە قورعە، با وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە خانووەکان دروست بکات، تەواوی بکات، ئینجا با تەقدیمی تەلەب بکرێ، پاش تەواو بوونی، خانووەکان حازرە، چەند خانوومان هەیە، لەسەر ئەوەندە قورعە دەکەین، یان ئەوەندە کەسەمان دەوێ لە دانانی، ئەوە مەرحەلەی یەکەمە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو رەئیەی کاك عەونی دەکەم، بەڵێ ئەم ماددەیە روحی قانونەکەیە، ئەگەر ئێمە ئەم ماددەیە لێرە تەسبیت نەکەین، ئەو هەموارە بە دەردی یاسایەکە ئەچێ، کە ئێستا سێ ساڵ و شەش مانگ زیاتر تێپەڕی لەسەر ئەم یاسایە و نەچوویتە بواری جێبەجێ کردن، بۆیە ئەگەر ئەم ماددەی تێدا نەبێ من دڵنیام سێ ساڵ و شەش مانگی دیکە ئەم یاسایە ناچێتە بواری جێبەجێ کردن، بۆیە پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم کە ئەم ماددەیە بمینێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەزانم لە مونتەلەقی چییەوە هەندێك دەڵێن پێویست ناکات ئەم ماددەیەی تێدا بێت، بۆ ئەوەی کە هیچ ئیلزامێك دروست نەکرێت یاخود حاڵەتێکی نەفسی دروت نەبێت بۆ خەڵکەکە، یاخود ئەگەر هات و حکومەت نەیتوانی لە دوو ساڵدا تەواوی بکات لە دوو ساڵ و نیودا تەواوی دەکات بۆ نموونە، مودەکەی زیاتر دەبێ، ئەمانە ئوموری فەنیە بەڕاستی، بەجێی ئەهێڵین بۆ وەزارەت خۆی، بەڵام روحی قانونەکە لێرەدا چییە؟، تۆ چۆن ئیلزامی وەزارەت دەکەی هەڵسێت لەو مودەیە، یاخود، تەبعەن ئەمانە ئەیدەن بە مقاول، چۆن ئیلزامی موقاولەکە بکرێ کە لەو موددەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەو مودەیە دەبێ تەواو

بکرێ، ئێمە لەبەر چاومانە، بینیومانە، لە مەریخ ناژین ئێمە، لەم وەڵاتە ئەژین، پرۆژە هەیە دراوەتە مقاول، مقاول ڕای کردووە و بەجێی هێشتووە، جاددەکەی چاڵ کردووە و کونی کردووە، عالەمەکە باز ئەدا بەسەری، ئاو خەریکە منالْ ئەخنکێنێ بەجێی هێشتووە، کەس نیە موحاسەبەی بکات، بۆ؟، بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە بەسەر ئەم پرۆژەی ئیسکانەدا نەیەیت، چونکە ئەمە حەیاتی خەڵکە، ئینسان ئەچێت لەناو ئەم خانووانە ئەژێت، کەسێك نەیگرێتە دەست کە ئیستیهانە بکات بە حەیاتی خەڵکی، کەم و کورتی تێدا بکات، وەزارەت ئیشرافی تەواوی لەسەر دەکات، بە پێی معیارە ڕاستەکان ئەوە بکات و بە مودەش، خۆی لەوانەیە حکومەت خۆشی پێی خۆش بێ، وەزارەت خۆشی پێی خۆش بێت، ئیلزامی تێدا بێ مودەی دوو ساڵەکە، بەڵام لێرە قسەکە لەسەر یەك شتە، ئایا تەسجیلی تەلەب ببێت یاخود لە دوای تەواو بوونەوە بێت؟، ئەوە شتێکی دیکەیە بەس مانەوەی ئەم ماددەیە بەرەئی من، زەمانێکە بۆ ئەوەی کە ئەو خانووانە لە موددەی خۆیدا تەواو بکرێت، تەهەروب نەکرێ لە تەواو بوونی.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خەلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوماددەیە بەراستی مەغزایەکی تریشی هەیە کە ئیلزامی وەزارەتی کردووە، یەعنی ئێمە لە کۆبوونەوەی هەرسێ لێژنە پەیوەندیدارەکان زۆر زۆر تەئکیدمان لەسەر کردەوە ئەویش، دیاریکردنی دروستکردنی شوقەیە لە مەڵبەندی پارێزگاکان، هەروەها شوقە و خانوو و نیشتەجێبوون لە قەزا و ناحیەکان، یەعنی ئەمەش هەر ئیلزامێکە بۆ حکومەت لەبەر ئەوەی کە ئێمە فەترەیەکە هەموو دەزانین کە ژمارەیەك، یەعنی رووبەرێکی فراوان لە ئەرزی کشتوکاڵی ئێمە بۆ یەکەی نیشتەجێبوون کوژاوەتەوە و کێشەی دابینکردنی زەویمان هەیە، بۆیە لە مەڵبەندی شارە گەورەکاندا، بە تایبەتی لە پارێزگاکاندا، حکومەت لەو ماددەیە ئیلزام کراوە کە شوقە دروست بکات، یەعنی ئەو ئیلزامەشی بۆ حکومەت تیدایە یەعنی هەر ئەوە نیە کە مەسەلە ئەوەی کە حکومەت راستە ئەوە دەبێ حکومەت ئیلزام بکات کە لە ماوەی دوو ساڵدا یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکات و رادەستی دەستی هاووڵاتی بکات، ئەمەشی تێدایە، یەعنی هیوادارم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان موراعاتی ئەوەش بکەن، یەعنی نەك هەر هەڵگرتنی ماددەکە بە جارێ، هەر فەقەرەکی ئاخیری لە بەرواری تۆمارکردنی ماددەکەوە قسە هەڵبگرێ و دەستکاری بکرێ، بەڵام روحی ماددەکە بە تەواوی من پێم وایە لەگەڵ ئەوە نیم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو ڕەئی جیاواز هەیە، هەردوو لایەکان قسەیان کرد، پێشنیاری ئەوە هەیە ئەصڵ ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ، ئەوە پێشنیارەکەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ؟ کێ لەگەڵدایە ئەم ماددەیە بمێنێتەوە؟ دەمێنێتەوە و ئاخیر صیاغەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا صیاغەکە دەخوێنمەوە، بەڵام دووبارە تەئکیدی دەکەمەوە ئەو صیاغەیە ئەگەر مولاحەزاتی لەسەر هەبوو با نەڵێن لیژنەی هاوبەش لێرە تەسبیتی لەسەرمان دەکات، دووبارە دەتوانین موعالەجەی بکەینەوە، زۆر سوپاس.

المادة الخامسة:

تعدل المادة السادسة من القانون...

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سعید، ئەگەر ئەوەیە تەواو بووە حەسم کراوە، نابێ قسەی لەسەر بکەی، هەموو موناقەشە کرا ناوی خۆت نەنووسیبوو جەنابت، تەواو بووە ناوی خۆت نەنووسیبوو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامییەکە لەسەر ئەوە بوو خستمانە تەصویتەوە، دەڵێت حەسم...

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

تعدل المادة السادسة من القانون و تقرأ كالآتي:

تلتزم وزارة الإعمار و الإسكان ببناء الوحدات السكنية الشقق في مراكز المحافظات و شقق و دور سكنية في الأقضية و النواحي و القرى و تسليمها خلال مدة لاتتجاوز السنتين من تاريخ المباشرة بالمشروع و إعلان الإستحقاق إلا في حالة وجود مبرر قانوني.

داوا لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەم ئەو صیاغەیە بخاتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردییەکەشی بخوێننەوە، کاك عبدالسلام ئەگەر مولاحەزەت هەیە ئێستا، چونکە دوای خوێندنەوەی ماددەکە لە ڕووی قانونییەوە حەقت نییە، دە فەرموو نیزامییەکەت بڵێ.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیزامییەکەم لەوەیە پێش ئەوەی ئێمە بیخەینە دەنگدان ئێمە دەنگمان دا لەسەر یەك شت، دەنگمان دا ئەم ماددەیە بمێنێت یان نەمێنێت، بۆیە ئیحتیرامی ئەو ڕەئیە دەگرین، بەڵام پێش ئەوەی ئێمە دەنگ لەسەر نەصەکەی بدەین ڕجات لێ دەکەم مەجال بدە پێشنیارێك گەڵاڵە بکرێ، چونکە ئەوەی کاك خەلیل وتی باشە، پێویستە لە هیچ جێگای تر لە یاسا نەهاتووە، چوار فاریزە ئەوەی دوو ساڵەکە ڕجاتان لێ دەکەم خوشك و برایان ئەوەی کاك عمر وتی ئەساسی دوو ساڵەکە پاش ماوەی ماددە کۆنەکەیە کە پێشینەی هەبوو، ڕجاتان لێ دەکەم ئەوە جیاوازە لەوەی خوشکە کوێستان و خوشکە سۆزان وتیان ئیلزامی حکومەتە دوو ساڵ، ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من لەم یاسایە بەم شێوە تێ گەیشتوومە، حکومەت پارە تەرخان دەکات بۆ سندووقێك، وەزارەت دەست پێ دەکات بە ئیلزام بەو یاسایە خانوو و شوققە دروست بکات، کەس پێشکەش، داواکار هەبێت و نەبێت، با ئێمە بەس تێبگەیەنین، ئەوە نە پرۆژەی ڤیلاکانی فلان شار و فلان گوندە، ئەوە ئیلزامی حکومەتە ئەو پارەیە بخاتە گڕ شوققە دروست بکات، ئەو مەسەلەی ئیلزام، ئەی من و تۆ لە پەرلەمان ئیشمان چی یە؟ یاسامان دەرکردووە بچین ئیلزامی حکومەت بکەین بەردەوام بێت، واتا ئاوەدانکردن و دروست کردنی خانوو عەمەلییەیەکی بەردەوامە، هەر وەختێك خەڵك پێشکەشی کرد خانوویەك ئامادە بوو، مەرجەکان بە دەستی یەك بێت، خانووەکان دەست پێ دەکەن بە دابەش کردن، بۆیە ڕجاتان لێ دەکەم من پێشنیار دەکەم، لەبەر ئەوەی مەسەلەی دوو ساڵەکە نە ئەو غەرەزە تەحقیق دەکات ئەوەی خوشك و برایان باسیان کرد، نە هەدەفی ماددەکەیە، ئەساسێکە پاشماوەی پێشینەیە، تاکو لە گوندەکان دا لەوێ ئەگەر بە باشی دەزانن بڵێن پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەکەش بەردەوام دەبێت حکومەت مولزەمە بە پێی ئەو پارەی داویەتی، تەڵەباتەکان وەربگرێت، تاکو عەمەلییەکە زۆر زۆر وازح بێت، ئەو کاتە ئێمە ماددەکەش ماوە، بەڵام هەدەفی ماددەکەش تەحقیق بوو لە قسەکانی کاك خەلیلیش بوو، ئەو دوو ساڵەش بیری لێ بکەین هەدەفەکە ئەو بوو ئەو دوو ساڵە لەوێ ماوە، تۆ ناتوانی، مەعقول نیە یاسا دەربکات پەرلەمان، لە هەر یاسایەك ماددەیەکی هەبێت، دەبێت و بەو ماددە و بەو ماددە، تۆ کە یاسات دەرکرد دەبێ ئیلزامی حکومەت بکەی لە ڕێگای لێژنەکان بەردەوام بێت لە تەنفیز کردنی، پێشنیارەکەم وازحە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من لەسەر ئەو ئیزافەیەی کاك عەونی تێبینییەکم بینی، ئەوەم هەیە ئایا بەرواری موباشەرە بە مەشروعەکە لەگەڵ ئیعلانی ئیستیحقاقەکە یەك بەروارە؟ چونکە ئەوە دووبارە کێشە دروست دەکات، یەعنی سەرەتای دەست پێ کردنی پرۆژەکە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئیستیحقاقەکە یەك کاتە؟ تا تۆ بڵێی ساڵەکە لەوێوە دەست پێ دەکات، ئەوە پرسیارە ئەگەر کا عەونی وەڵامم بداتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حمە سعید.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ مـن گلـەیی دەكـەم كـە دوای دەنگـدان ڕێگـەت دا نوقتـەی نیزامـی بگـرن، بـەس ڕێگـەی منـت نـەدا، قەیناكە، گەردەنت ئازاد بێت، سەبارەت بە من پێموایە دیاری كردنـی ئـەو دوو سـاڵە زەرووڕە، چونكە كاك كامەران جەنابی وەزیر و هەموو ئەو برایانەی كە لە مەشروع و لە هەندەسە دەزانن بـە پێـی (bill) و بـە پێی (time) و بە پێی فەقەرات و ئەو مەشروع و خانوو كردنە دەبێ زەمـەن دیـاری بكـرێ بـۆ كردنـەوەی ئەو وەحدە سەكەنییانە، بەڵام نوقتەكەی من ئەوەیە كـە نـەك لـە تەسجیلی تەڵەبـەوە، خـەڵك بـۆی هەیـە شەش مانگ تەسجیل تەڵەب بكات، هێشتا موباشـەرە بـە مەشـرووعەكە نـەكرابێ، لـە ڕۆژی موباشـەرە بـە مەشروعەكە وەحداتی سەكەنی دوو ساڵەكە دیاری بكـرێ، ئـەویش تەبعـەن وەزارەت خـۆی دەزانـێ كـە ئـەو مەشرووعە ئیحالە دەكات و پێنج هەزار وەحدەیە، چوار هەزار وەحدەیە، زەمەنەكەی بۆ دیـاری دەكـات بـۆ فەقەرەكانی، لەبەر ئەوە بۆ تەئریخی مەشرووعەكە بێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئاخیر صیاغەی بكەن لیژنەی هاوبەش، ئاخیر صیاغەی بكەن و دەیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز كامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها بۆ ڕوون كردنەوەیەك، پێموایە ئەگەر ئـەو ماددەیـە بمێنێتـەوە باشـترە بـۆ دوو سـاڵەكە، بـەڵام وا صیاغە بكرێ وەكو عەرزم كردن كە لە دوای ئەوەی ئیعلانی ئیستیحقاقیان دەكـرێ لـە تەقـدیمی تەڵەبەكـە (و المباشره بالمشروع) ئەوەش ئیزافە بكرێ، بەڵام لێرەدا تێبینییەكی تر هەیـە دەمـەوێ بیخەمـە بـەردەمی بەڕێزتانەوە ئەویش ئەوەیە لێرە نووسراوە (و القری) گوندەكان، ئێمە لە ماددەكانی پێشوودا وتوومانە كـە ئـەو زەوی یـە تـەرخان دەكـرێ لـە وەزارەتـی شـارەوانی، تـاپۆ دەكـرێ لەسـەر وەزارەتـی ئاوەدانكردنـەوە بـە مەبەسـتی تـەملیك كردنـی بـۆ سـوودمەندەكان، لـە گونـد دا ئەمـەیان ناكرێـت، بۆیـە ناوهێنـانی گونـد لـەم پرۆسەیە بۆ دروستكردنی یەكەی نیشتەجێ، ناوهێنانەكەی لێرە جێی نابێتەوە، پێموایە ئێمە لە شوێنێكی تر لە سندووقی نیشتەجێ پارە دەدرێ بە مینحە بۆ گوندەكان، ئەوانەی كە دەگەڕێنەوە و خانوو بەشێوەی خۆكر دروست دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون ئاخیر صیاغەی بكەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

تعدل المادة السادسة من القانون و تقرأ كالآتي:

تلتزم وزارة الإعمار و الإسكان ببناء الوحدات السكنية الشقق في مراكـز المحافظات، و الشقق و دور سكنية في الأقضية و النواحي و تسليمها خلال مدة لاتتجاوز السنتين من تاريخ المباشرة بالمشروع إلا............

المادة الخامسة:

تعدل (المادة السادسة) من القانون ، وتقرأ كالآتي:

تلتزم وزارة الاعمار والاسكان ببناء الوحدات السكنية (الشقق في مراكز المحافظات) و (الشقق و دور سكنية في الاقضية والنواحي والقرى) وتسليمها خلال مدة لا تتجاوز سنتين من تاريخ تسجيل الطلب لديها الا في حالة وجود مبرر قانوني.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

ماددەی (شەشەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پابەند دەبێت بەبنیادنانی یەکەکانی نیشتەجێ کردن (شوقەکان لەمەڵبەندی پارێزگاکان) و (شوقەو خانووی نیشتەجێبوون لە قەزاو ناحیەو گوندەکان) داو، لە ماوەیەکدا کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت لەبەرواری دەست پێ کردنی پرۆژەکەوە دەیاندات بە کڕیارەکە، لەحاڵەتێکدا ئەگەر پاساوێکی یاسایی نەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها تێبینیم لەسەر دەقەکان هەیە، ئەوە کڕیار نییە لە کوردیەکەدا، لە کوردیەکەدا نووسراوە کڕیار، بەڵی عەرەبیەکە ئەساسە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکە ئەساسە، کاک عەونی.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

**تعدل (المادة السادسة) من القانون، وتقرأ كالآتي:**

**تلتزم وزارة الاعمار والاسكان ببناء الوحدات السكنية (الشقق في مراكز المحافظات) و (الشقق ودور سكنية في الاقضية والنواحي) وتسليمها خلال مدة لا تتجاوز سنتين من تاريخ المباشرة ببناء الوحدات السكنية.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

**تكايە دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدايە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆى دەنگ پەسند كرا، تكايە ماددەيەكى تر فەرموون.**

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**موبەريرى قانونى لەگەڵيەتى، (الا في حالة وجود مبرر قانوني) لەگەڵيەتى.**

**المادة السادسة:**

**تعدل المادة السابعة من القانون وتقرأ كالآتي:**

**تسجل الشقة أو الدار السكنية بأسم طالب التملك في دائرة التسجيل العقاري المختصة ملكاً صرفاً ومرهونة رهناً تأمييناً لصالح الوزارة لحين تسديد القسط الأخير من البدل مع مراعاة الفقرة (ثالثاً) من المادة (الرابعة) من هذا القانون.**

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**ماددەى شەشەم:**

**ماددەى (حەوتەم) لە ياساكە هەموار دەكرێت و، بەم شێوەيەى خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**شوقەكە يان خانووى نيشتەجێ بوونەكە بەناوى داواكارى موڵكداركردنەكەوە دەكرێت لە فەرمانگەى تايبەتمەندى تۆماركردنى خانووبەرە بەشێوەى موڵكى صرف و بۆ دڵنيايى لەسەر وەزارەتەكە رەهن دەكرێت تا دانەوەى قيستى كۆتايى نرخەكەى، لەگەڵ چاودێرى كردنى برگەى (سێيەم)ى ماددەى (چوارەم)ى ئەم ياسايە.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

**جەنابى وەزير.**

**بەڕێز كامەران احمد/ وەزيرى ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**من لەگەڵ ناوەڕۆكى ماددەكەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كەس نییە، ئاخیر صیاغەی بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

تعدل المادة السابعة من القانون وتقرأ كالآتي:

تسجل الشقة أو الدار السكنية بأسم طالب التملك في دائرة التسجيل العقاري المختصة ملكاً صرفاً ومرهونة رهناً تأمينياً لصالح الوزارة لحين تسديد القسط الأخير من البدل مع مراعاة الفقرة (ثالثاً) من المادة (الرابعة) من هذا القانون.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

ماددەی (حەوتەم) لە یاساكە هەموار دەكرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

شوقەكە یان خانووی نیشتەجێ بوونەكە بەناوی داواكاری موڵكداركردنەكەوە دەكرێت لە فەرمانگەی تایبەتمەندی تۆماركردنی خانووبەرە بەشێوەی موڵكی صرف و بۆ دڵنیایی لەسەر وەزارەتەكە رەهن دەكرێت تا دانەوەی قیستی كۆتایی نرخەكەی، لەگەڵ چاودێری كردنی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (چوارەم)ی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، تكایە ماددەیەكی تر فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة كل حسب اختصاصه إصدار الأنظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەریەکەو بەپێی پسپۆڕایەتی خۆی، پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەیەکی تر فەرموون.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە؟ ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەیەکی تر فەرموون.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی فەرموون.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

ئەم یاسایە لەبەرواری بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ئەسباب موجیبەکەی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لكل شخص الحق في مستوى معيشي كاف لحياة كريمة بما في ذلك السكن ولتأمين السكن الملائم لمواطني الاقليم من ذوي الدخل المحدود دون دفع اية مقدمة، ولمعالجة ازمة السكن بقيام حكومة الاقليم ببناء الوحدات السكنية، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی تکایە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە

هەموو کەسێك مافی خۆیەتی ئاستێکی ژیاری بەشی خۆی هەبێت کە بە ڕێز بژی و جێگایەکی نیشتەجێ بوونی هەبێت، جا بۆ دەستەبەر کردنی نشینەیەکی گونجاو بۆ هاووڵاتیانی هەرێم ئەوانەی کە داهاتیان سنووردارو کەمە، کە هیچ پێشەکییەکیش نەدەن و لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بووندا کە حکومەتی هەرێم یەکەی نیشتەجێ بوون بنیات دەنێت، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە دەقەکان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئێستا یاساکە هەمووی لەگەڵ ئەسبابی موجیبە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر

سوپاس، بەکۆی دەنگ یاساکە پەسند کرا، پیرۆزبایی لە هەموو لایەك دەکەین و دەستتان خۆش بێت، دوو رۆژە ماندوو بوون، پیرۆزبایی لە کەم دەرامەتەکانی کوردستان و کۆمەلأنی خەلکی کوردستان دەکەین بە ئومێدی ئەوەین لە ئایندەیەکی نزیك کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو یەکە نیشتەجێ بوونانە ئامادە بکات، سوپاسی جەنابی وەزیریش دەکەین، ئێستا ئەگەر جەنابی وەزیر قسەیەکی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی من لێرەوە دەمەوێت سوپاسێکی زۆری هەموو ئەندامانی پەرلەمان بکەم، کە بەڕاستی دوو رۆژە گرنگیەکی زۆر زۆریاندا بەو یاسایە، دیارە هۆکارەکەش ئەوەیە ئەو یاسایە پەیوەندە بەچین وتوێژێکەوە کە ئەرکی سەرشانی هەموومانە خزمەتییان بکەین، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی و ئاوەدانکردنەوەو دارایی، کە سەرەتا ئەو پێشنیارانەیان بۆ هەموارەکە تەقدیم کرد بوو، جارێکی تر سوپاس بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنی ئێستامان کۆتایی پێ دەینین، ئێوارە سەعات (6) لە کۆبوونەوەکان بەردەوام دەبین، بە خواتان دەسپێرین سەرکەوتوو بن، زۆر سوپاس.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، بەردەوام دەبین لەسەر بەنامەی کار کە بەیانی دەستمان پێ کرد، ئێستا داوا دەکەین لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە بفەرموونە ئێرە، بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری پێشمەرگە دەکەین، بەخێر بێت، بەخێر بێی مامۆستا سەعد رێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لیژنەی یاسایی فەرموون بەرنامەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کاری ئێستامان، خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەکانی سەربازی (قانون انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي) ژمارە (30)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

راپۆرتمان ئامادەیە بەهەردوو زمان، زمانی کوردی و عەرەبی سەبارەت بە پرۆژەکە، ئێستا دەیخوێنمەوە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير حول انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي رقم(30) لسنة 2007فى اقليم كوردستان –العراق**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة شؤون الپێشمەرگە والشهداء وضحايا الجينوسايد بتاريخ 4/ڕەزبەر/2711 كوردي، المصادف ليوم 2011/9/26ميلادى لدراسة مشروع قانون انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي رقم (30) لسنة 2007 في أقليم كوردستان - العراق المقدم بموجب كتاب مجلس وزراء الاقليم المرقم 1608 في 2011/6/29 والمحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (3) في 2011/9/26. وبعد المناقشة والمداولة، تؤيد اللجنتان انفاذ القانون في الاقليم وتقترح الصياغة التالية للمشروع بعد تبديل تسلسل المواد الرقمية الى الكتابية واتباع نفس الاسلوب المتبع في صياغة وتشريع القوانين في برلمان كوردستان:

**قانون رقم ( ) لسنة 2011**

**قانون انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي رقم (30) لسنة 2007 في اقليم كوردستان – العراق**

المادة الاولى:

انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي رقم (30) لسنة 2007 في اقليم كوردستان – العراق والعمل باحكامه.

المادة الثانية:

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما ورد ذكرها في القانون.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثين) يوما من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع والتقرير المشترك بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت. مع التقدير.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان_عێراق**

**بابەت/ راپۆرت دەربارەی بنەمای دادگا سزاییەكانی سەربازی عێراقی ژمارە (30)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی كوردستان - عێراق**

**لیژنــەی كاروبــاری یاســایی و لیژنــەی كاروبــاری پێشــمەرگە و شــەهیدان و قوربانیــانی جینۆســاید ڕۆژی 4/ڕەزبەر/2711ی كوردی بەرامبەر بە 9/26/ 2011ی زایینـی كۆبـووەوە بـۆ دیراسـەت كردنـی پـڕۆژە یاسای (بنەمای دادگاییە سزاییەكانی سەربازی عێراقی ژمارە (30)ی ساڵی 2007 لە هـەرێمی كوردسـتان - عێراق)، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەكـەمی لـە پەرلـەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (3) لە 2011/9/26 ڕەوانەی لیژنـە پەیوەندیـدراەكان كـراوە. دوای گفتوگۆ و تاوتوێ كردن هەردوو لیژنە پشتگیری جێبەجێ كردنی یاساكە دەكات لـە هـەرێمی كوردسـتان و پێشـنیاری ئەم داڕشتنەوەی خوارەوە دەكات دوای گۆڕینی ڕیزبەندی ماددەكان لە ژمارەوە بۆ نووسین و ڕۆیشتن لەسەر هەمان شێوازی داڕشتنەوەو دەرچوواندنی یاسا لە پەرلەمانی كوردستان:**

**یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی 2011**

**یاسای جێبەجێ كردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەكانی سەربازی عێراقی ژمارە (30)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی كوردستان - عێراق**

**ماددەی یەكەم:**

**جێبـەجێ كردنـی یاسـای بنـەمای دادگاییـە سـزاییەكانی سـەربازی عێراقـی ژمـارە (30)ی سـاڵی 2007 لـە هەرێمی كوردستان - عێراق و كاركردن بە حوكمەكانی.**

**ماددەی دووەم:**

**دامـەزراو و فەرمانگـەكانی هـەرێم و پلـەو پایـەكانیان شـوێنی دامـەزراو و فەرمانگـە فیدراڵیـەكان و پلـەو پایەكانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێكی یاساكەدا هاتبێ.**

**ماددەی سێیەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**كار بە هیچ دەقێكی یاسایی، یان بڕیارێك ناكرێ كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن.**

**ماددەی پێنجەم:**

**ئەم یاسـایە دوای (30) سـی ڕۆژ لـە مێـژووی بڵاوكردنـەوەی لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقائیعی كوردسـتان) جێبەجێ دەكرێ.**

ئاگاداری ڕاپۆرتی هاوبەش بن لەم بارەیەوە و بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە و دەنگدان لەسەری. لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئینفاز کردنی ئەو پرۆژە یاسایە لە ئەسڵدا لە حکومەتەوە هاتووە، هەردوو لیژنەش بە هاوبەشی ئەم ڕاپۆرتەیان نووسیوە، بۆیە ئێستا مادده بە مادده دەیخوێنینەوەو دەیخەینە بەردەستی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بۆ موناقەشە کردن، فەرموون لەگەڵ ماددەی یەکەم.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون رقم (  ) لسنة 2011**

**قانون انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي رقم (30) لسنة 2007 في اقليم كوردستان – العراق**

المادة الاولى:

انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي رقم (30) لسنة 2007 في اقليم كوردستان – العراق والعمل باحكامه.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای ژمارە (  ) ی ساڵی 2011**

**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکانی سەربازی عێراقی ژمارە (30)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

ماددەی یەکەم:

جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکانی سەربازی عێراقی ژمارە (30)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان - عێراق و کارکردن بە حوکمەکانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی، فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە، یەعنی عادەتەن ئەگەر ڕاپۆرتی هاوبەش بکرێتە بنەمای گفتوگۆ کردنەکان، پێموایە ڕەزامەندی ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر دەوێت، پێموایە پێشتریش ئەوە هەر لێرە موتەبەع بووە، جا بۆیە پێش ئەوەی ماددەکان بخرێنە گفتوگۆ کردن و دەنگدانەوە، لە لیژنەی یاساییش دەپرسم لەوانەیە پێویست بکات ڕەزامەندی ئەندامانی لەسەر وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو راپۆرتە هاوبەشە، کە ئێستا خوێندرایەوە دەیخەینە بەردەستی ئێوەو دەیکەینە راپۆرتی ئەساسی بۆ موناقەشە کردن، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو کاک شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی بەرنامەی کار بڕگەی سێیەم بەسەریدا تێپەر بووین نەمانخستە دەنگدانەوە، کە بەسەردا تێپەڕ ببین، یەعنی تەئجیل بکرێت بۆ موناقەشەکە، دەبوایە بە دەنگدان تەئجیل کرا بوایە بۆ موناقەشە، بڕگەی سێیەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەوزوعە بە دەنگدان حەسم بووەو دواخرا بۆ بڕگەی ئەخیری بەرنامەی کاری رۆژی پێشووتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی یەك قسە بکات؟ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند زۆر زۆر زەحمەتە ئەوەی کە من دەیڵێم، لەو یاسایەی کە دەڵێی کێ تێبینی هەیە؟ رەنگە تێبینیەکان بۆ ئینفاز کردنەکە بێت، بەڵام بەڕاستی ئەم دەقەی کە ئینفاز دەکەین لەم یاسایە، لە حەقیقەتدا دەبێت ماددە بە ماددە بیخوێنینەوە، بۆ ئەوەی بزانین چی تیایە، کە ئێمە پێمان باش نییە ئینفاز بکرێت، یەعنی ئەمە قورسە، من ناڵێم زەحمەتیشە، رەنگە زۆر نیگەران بم کە ئێستا ئەو قسەیە دەکەم، بەڵام هەندێك شتی تیایە کە هیچ عیلاقەی نە بە پێشمەرگەی ئێمە هەیە، نە بەکاری ئێمە هەیە، نە بە وەزارەتەکەی ئێمەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خـۆی کـه خوێندنـــەوەی یەکـــەمی بــۆ دەکرێــت، دەچــێتە بەردەســتی لیژنـــەی پەیوەندیــدارو هــەموو پەرلەمانتارێکی بەڕێز، حەق وایە ئەوان لەوێ لە موناقەشەکاندا مادده بە مادده، بەنـد، بەنـد موناقەشـەی بکەن لەنێوان خۆیان، بۆیە راپۆرتی موشتەرەك هاتووەو، راستە ئەو یاسایە هی حکومـەتی عێراقیـە، بـەڵام ئێمە ئینفازمان کردووەو گونجاندوومانە لەگەڵ واقیعی کوردستان، فەرموو کاك حەمە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پرۆژە یاسایە هاتۆتە لیژنەی ئێمەو لیژنەی یاسایی دانیشتووین، دیارە لیژنەی ئێمەش دیراسەتی کردووە، ئەم پرۆژە یاسایە بۆ وەزارەتی دیفاعی عێراقی دەرچووە، یەعنی ئەوە نییە باسی پێشمەرگە بکات، باسی سەرباز دەکات، ئێمەش ئەم پرۆژەی کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ناردوویـەتی ئینفازەکەیـە بـۆ وەزارەتی پێشمەرگەیە، یەعنی ئەگەر بڕگەو ماددەکانی دوایـی برادەرانـی پەرلـەمان بیخوێننـەوە، جگـە لـە مەسەلەی سەربازی و موحاکەمـەی سـەربازی و ئوسـول موحاکـەماتی سـەربازی شـتێکی دیکـە بـەدەر نییـە، بۆیە کە حکومەت ناردوویەتی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، ئێمەش لـە لیژنەکـە دیراسـەیەکی باشمـان کـردووە، تەنها ئەو دوو ماددەیەی پێویستی بە گۆڕان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

وەزارەتی پێشمەرگەو هێزەکانی پێشمەرگە بەپێی دەستوور بەشێکن لە مەنزومەی دیفاعی عێراقی، لەبـەر ئەوە ئەو یاسایەی کە لـەوێ هەیـە، ئەگـەر چـی مولاحـەزات هەیـە لەسـەر ئـەوەی مەسـەلەن باسـی سفونی حەربی و نازانم چی و ئەم شتانە دەکات، ئەگەر ئێمەش نەمانبێت، بەڵام ئەم خاڵانەی کـە عیلاقـەی هەیـە بەسەر دادگایی کردنەوە، چونکە ئەمـە هـی دادگایی کردنـە، بۆیـە ئێمـە دەبێـت رەچاوی ئـەوە بکـەین کـە بەشێکین لە مەنزومەی دیفاعی عێراقی، دەبێت ئەم یاسایە وەك خۆی تەنفیز بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکەی من لەسەر شتێکە، یەکەم/ راپۆرتی هاوبـەش خرایـە دەنگدانـەوەو دەنگی خـۆی لەسـەر هێنا، لەسەر چ شتێك؟ لەسەر ئینفاز کردنی ئەو پرۆژەیە، ئەم پرۆژەیە بە ئینفاز لـە حکومەتـەوە هـاتووە، ئەمە پرۆژەیەك نییە بـۆ ئیصدار کـردن، پرۆژەیەکـە بـۆ ئینفـاز کردنـی ئـەو یاسایەیە کـە لـە پەرلـەمانی

عێراقـەوە دەرچـووە، لیژنــەی هاوبــەش گۆڕانکـاری لــە موئەسەسـات و شەخصــەکان و عینوانــەکانی ئــەو پرۆژەیەی کردووە، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردسـتان، ئـیتر موناقەشـە هـەڵناگرێت، تەنیا راپۆرتەکە نەبێت، کە کراوە بە ئەساسـی موناقەشـە کـردن بەزۆرینـەی دەنگی ئەنـدامانی پەرلـەمان، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر راپۆرتەکە قسە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان پێمان باشـە ئـەم رسـتەیە ئیزافـە بکـەین، (انفـاذ قـانون اصـول المحاکمات الجزائیة العراقي رقم (30) لسنة 2007 في اقلیم کوردسـتان – العـراق والعمـل باحکامـە فیمـا یخص قـوات پێشمەرگە اقلیم کوردستان – العراق)، لیژنەی یاسایی، جەنابی وەزیر لە ماددەی یەکەم دەڵێی چی؟

**بەڕێز جعفر شێخ مصطفى/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە ئێمـە لەگـەڵ پرۆژکـەین، وەك برادەرانـی ئەنـدامانی پەرلـەمانیش باسـیان کـرد، ئێمـە بەشـێکین لـە سیستەمی بەرگری عێراق، بەپێی سیستەمی بەرگری عێراق حەرەسی ئیقلیم هەیـە، بۆیـە مـن پـێم باشـە ئەوە وەکو لە ماددەی دووەمدا هاتووە ئەو موستەلەحانە، کە لێرە دەگۆڕێن لە کوێ نـاوی پێشـمەرگە دێـت لەنێوان قەوسێکدا حەرەسی ئیقلیم بنووسین، بۆ ئەوەی خیلافی دەستوور نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنـەی هاوبـەش پشـتگیری لـەو پێشـنیارە دەکـەین، بەتایبـەتی جـەنابی وەزیـری پێشـمەرگەش ئاماژەی پێدا، ئێستا صیاغەکەی بەو شێوەیە دەخوێنمەوە:

(المادة الاولى:

انفاذ قانون اصول المحاکمات الجزائیة العسکري العراقي رقم (30) لسنة 2007 في اقلیم کوردستان – العراق والعمل باحکامە فیما یخص قوات الپێشمەرگە (حرس الاقلیم)).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیەکەم لەسەر ئەوەیە، کە ئایا ئەم دەستەواژەیەی کە ئیزافەمان کرد مـەفهومی موخالەفـە دەگەیەنێت بە ئیستیلاحی قانونی؟ بەو واتایەی یەعنی ئەوەی (لایخص الپێشمەرگە) ئێمە لەگـەڵی نـەبین،

چونکە ئەوە مەفهومەکەی من خۆم تێ ناگەم، ئایا مەبەستمان ئەوەیە تەنها ئەو بەشەی کە پێشمەرگە دەگرێتەوە؟ یەعنی بەو مانایەی ئیستیسنائات هەیە لەم یاسایە، ئێمە لەگەڵیدا نین، یان چۆنە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کە دەڵێین (فیما یخص) ئیستیفادە لەو قانونە دەکەین، بۆ ئەوەی شمولی پێشمەرگە بکات، بەلاَم ئایا ئێمە دەتوانین موحاکمەو موحاسەبەی جەیشی عێراقی بکەین؟ ئەمە تایبەتە بەس بۆ پێشمەرگە، بۆ حەرەسی حدود، فەرموون ئاخیر صیاغە بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي رقم (30) لسنة 2007 في اقليم كوردستان – العراق والعمل باحكامه فيما يخص قوات البيشمەرگە (حرس الاقليم).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی بیخوێننەوە.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکانی سەربازی عێراقی ژمارە (30)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان - عێراق و کارکردن بەو حوکمانەی کە تایبەتە بە هێزەکانی پێشمەرگە (حەرەسی ئیقلیم) لە کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (3) کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما ورد ذكرها في القانون.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

**دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و پلەو پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدراڵیەکان و پلەو پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر لەسەر ماددەی دووەم رەئیتان؟**

**بەڕێز جعفر شێخ مصطفی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەگەڵ دەقی ماددەکەم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات؟ بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما ورد ذكرها في القانون.**

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

**دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و پلەو پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدراڵیەکان و پلەو پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، تەنیا (2) کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە پێشی ئەوە، لەوانەیە هەندێك پێویست بەوە بکات وەزارەتی پێشمەرگە هەندێك ڕێنمایی دەربکات بۆ ئەو یاسایە، من پێموایە پێشی ئەو ماددەیە، پێویستی بە ماددەیەکی تر هەیە، بۆ ئەوەی وەزارەت بتوانێت ڕێنمایی دەربکات، پێش ئەوەی ئەو ماددەیە تەسبیت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حمە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئوصولی موحاکەماتی جەزائیە، وەزارەتی پێشمەرگە چ ڕێنماییەك دەربکات بۆ مەحاکمی عەسکری، بۆیە پێویست بە ڕێنمایی ناکات، کە وەزارەتی پێشمەرگە دەریبکات، ئەمە قانونی ئوسولی موحاکەماتی جەزائیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، تەنیا (2) کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئاخیر صیاغەی بخوێننەوە.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثين) يوما من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**ئەم یاسایە دوای تێپەڕ بوونی (30) سی ڕۆژ لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا قانونەکە بەگشتی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی دەکەین، هیوادارین سەرکەوتوو بن، ئێوەش دەستتان خۆش بێت، فەرموون.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی تری بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پڕۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی (قانون العقوبات العسكري العراقي) ژمارە (19)ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.**

**راپۆرتی هاوبەشمان ئامادە کردووە، ئێستا بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە:**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير حول قانون انفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي**

**رقم 19 لسنة 2007 في إقليم كوردستان-العراق**

**اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة شؤون البيشمەرگە والشهداء وضحايا الجينوسايد بتاريخ 4/ڕەزبەر/2711كوردي المصادف ليوم 2011/9/26 ميلادي لدراسة مشروع قانون أنفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي رقم (19 لسنة 2007) في أقليم كوردستان - العراق، المقدم من قبل مجلس الوزراء في الاقليم بكتابه المرقم 1608 في 2011/6/29 والمحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (1) في 2011/9/19 وبعد المناقشة والمداولة توصي وتقترح اللجنتان بتأييد انفاذ القانون في الاقليم وتقترح الصياغة التالية بعد تبديل تسلسل المواد من الرقمية الى الكتابية واتباع نفس الاسلوب المتبع في صياغة وتشريع القوانين في برلمان كوردستان.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون رقم (  ) لسنة 2011**

**قانون انفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي رقم (19) لسنة 2007 في اقليم كوردستان - العراق**

المادة الاولى:

انفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي رقم (19) لسنة 2007 في اقليم كوردستان – العراق والعمل باحكامه.

المادة الثانية:

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما ورد ذكرها في القانون.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثين) يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع والتقرير المشترك بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت. مع التقدير.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرت دەربارەی جێبەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی عێراقی ژمارە (19)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید ڕۆژی 4/ڕەزبەر/2711ی کوردی بەرامبەر بە 2011/9/26ی زایینی کۆبووەوە بۆ دیراسەت کردنی پرۆژە یاسای (جێبەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی عێراقی ژمارە (19) ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان - عێراق)، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە نووسراوی ژمارە (1608) لە 2011/6/29 پێشکەش کراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (1) لە 2011/9/19

ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کراوە. دوای گفتوگۆ و تاوتویێ کردن هە ردوو لیژنە پشتگیری جێبەجێ کردنی یاساکە دەکات لە هەرێمی کوردستان و پێشنیاری ئەم داڕشتنەوەی خوارەوە دەکات، دوای گۆڕینی ڕیزبەندی ماددەکان لە ژمارەوە بۆ نووسین و ڕۆیشتن لەسەر هەمان شێوازی داڕشتنەوەو دەرچوواندنی یاسا لە پەرلەمانی کوردستان:

**یاسای ژمارە (   ) ی ساڵی 2011**

**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی عێراقی ژمارە (19)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

ماددەی یەکەم:

جێبەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی عێراقی ژمارە (19)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان و کارکردن بە حوکمەکانی.

ماددەی دووەم:

دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و بەڕێوەبەری پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدراڵیەکان و بەڕێوەبەری پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ.

ماددەی سێیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی چوارەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

ماددەی پێنجەم:

ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی (30) سی ڕۆژ لە مێژووی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

ئاگاداری ڕاپۆرتی هاوبەش بن لەم بارەیەوەو بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوەو دەنگدان لەسەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە پێشنیار دەکەین، کەوا راپۆرتی هاوبەش بکرێتە بنەمای گفتوگۆیەکان، ئەگەر ئەو پێشنیارە بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیاره ئینفاز کردنی ئەو پرۆژە قانونە لە ئەسڵدا لە حکومەتەوە هاتووە، دوای دیراسەت کردن و تەنسیق لەگەڵ حکومەت، هەردوو لیژنەکە یەك راپۆرتی هاوبەشیان داوە بۆ ئەو داڕشتنە تازەی کراوە لەلایەن لیژنەکەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو ماددەی یەکەم بخوێننەوە، بۆ موناقەشە کردن.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون رقم (   ) لسنة 2011**

**قانون انفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي رقم (19) لسنة 2007 في اقليم كوردستان - العراق**

المادة الاولى:

انفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي رقم (19) لسنة 2007 في اقليم كوردستان – العراق والعمل باحكامه.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای ژمارە (   ) ی ساڵی 2011**

**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی عێراقی ژمارە (19)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

ماددەی یەکەم:

جێبەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی عێراقی ژمارە (19)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان و کارکردن بە حوکمەکانی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەین فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت، وەکو ئەوەی لە قانونی ئوسول موحاکەمات جەزائی عێراقی لە کوردستان جێ بەجێ کرا، لە ئاخیری ماددەکە بەو شێوەیە بێت، کە ئێستا دەیخوێنمەوە:

﴿المادة الاولى:

انفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي رقم (19) لسنة 2007 في اقليم كوردستان – العراق والعمل باحكامه فيما يخص قوات البيشمەرگە (حرس الاقليم)﴾.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز جعفر شێخ مصطفى/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ پێشنارەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بكات؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەوانەیە لەم بوارەدا موختەس نەبم، بەلاّم من تەنانەت لەوانەیە وەكو پرسیاریش بێت، یەعنی ئەم یاسایە لەوانەیە زۆرتر بەو ئاراستەیە داڕێژرا بێت لە ولاّتێك كە وشەی سەربازی ئیلزامی بێت، لەبەر ئەوە لەوانەیە عقوباتەكان تا رادەیەكی زۆر قورس بن، یەعنی پرسیارەكەی من ئەوەیە ئایا ئەو بیرو بۆچوونەی ئێمە بۆ دروست كردنی دەوڵەتێكی لەو شێوەیەی كە باسی دەكەین، كە تیایدا پیشەی سەربازی، پیشەیەكە زیاتر بەستراوە بە حەزی كەسەكەو بەو ئیمتیازەی بەرامبەری وەریدەگرێت؟ یەعنی ئەمە لەگەڵ ولاّتێكی دیكە كە سەربازی بوون ئیلزامیە، جیاوازی دەبێت، یان جیاوازی نابێت، كارێكی ئاساییە، یاخود نا؟ تەنها تێبینیەكەم لەسەر ئەوە بوو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك تێبینیم هەبوو، بەس بووە دوو تێبینی، لە یاسای رابردووش (فیما یخص) بە عەرەبی مانای ئەوەیە ئەو شتانەی لەناو قانونەكەیە پەیوەندییان پێوە هەیە، من پێشنیار دەكەم بڵێین ﴿وتطبیق احكامە علی قوات البیێشمەرگە (حرس الاقلیم)﴾، یەعنی لە جیاتی (العمل علی احكامە فیما یخص) بڵێین ﴿وتطبیق احكامە علی قوات البیێشمەرگە (حرس الاقلیم)﴾، ئەگەر ئیجازە هەبێت بۆ تێبینی دووەم، عێراق بەپێی دەستوور و بەپێی خدمەی ئیلزامی نییە، یەعنی بەس ویستم ئەو مەعلوماتە بڵێم، واتا ئەو مەترسیە نییە، ئەوەی كاك دكتۆر دەڵێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشمەرگە، واتا (حرس الاقليم) بەشێكە لە مەنزومەی دیفاعی عێراقی، ئەو ئەحكامانەی لەوێ هەیە، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە ئەو ئەحكامانەی كە جێ بەجێ دەكرێت لەسەر ئەفرادی پێشمەرگە واتا (حرس الاقليم)، تەنها ئەوان جێ بەجێ دەكرێت، هەندێك مادده هەیە پێچەوانەی ئەوانەیە، كە ئێمە كاری پێ دەكەین، بەلاّم خدمەی ئیلزامی لە عێراقیش نەماوەتەوە، ئەگەر قانون دەرچوو و جێ بەجێ بكرێت، ئەوە ئەو وەختە حیسابێكی دیكەی بۆ دەكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئێمە ئەو یاسایە تەنها بۆ وەكو گوێم لە جەنابت و برادەرانیش بوو تەنها بۆ حەرس حدودتان داناوە، یەعنی پێتان وایە بەس بۆ حەرەس حدودە، حەرەس ئیقلیمە، ئەگەر بەس بۆ ئەوەیە، یەعنی كەواتە ئێمە هێشتا دوو هێزی پێشمەرگەمان هەیە یەكمان نەختستۆتەوە، جۆرەها هێزی چەكداریمان هەیە یەكمان نەختستۆتەوە، ئێمە تەنها لەسەر پشكێكی بچووكی ئەو هێزە قسە دەكەین، ئەویش پاسەوانی سنوورە، عەفو پاسەوانی هەرێمە، حەز دەكەم روونی بكەنەوە، ئێمە وا تێ نەگەیشتین لە قسەكەی جەنابت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەندەی هەر لە ماددەی یەكەمەوە كاتێك كە سەیری دەكەیت، هەر كە تەعریفی جەیش كراوە، دەزانی ئەمە لەگەڵ ئەم هەرێمەی ئێمە گونجاو نییە، چونكە باسی قواتی بەحری و جەوی و بەری دەكات، یەعنی ئەم یاسایە كۆمەڵێك لە مەعانیەكان و كە سەیری دەكەیت لەگەڵ هەرێمدا ناگونجێت، دواتر كە داخلی عقوبات و ئەوە دەبیت، بەڕاستی كۆمەڵێك شتی نا مەدەنی تیایە لەسەر مەسەلەی ئیعدام و ئەو سجن و شتانە، بۆیە داوا دەكەم كە ئەم دانیشتنە دوا بخرێت، بۆ ئەوەی باشتر دیراسە بكرێت، بۆ گونجاندنی لەگەڵ هەرێمدا، هەر هیچ نەبێت وا بگونجێت، من باسم كرد هەر لە ماددەی یەكەمەوە كە باسی جەیش دەكات دەڵێت قوەتی بەحری و جەوی، كە ئێمە ئەوەمان نییە وەك هەرێم، ناكرێت تۆ بڵێی لەبەر ئەوەی لە عێراق هەیە نافیزی بكەم، بەلاّم شتێك بێت كە لە هەرێمەكەی تۆ وجودی نییە، جا بەڕاستی لەناوەخۆدا كۆمەڵێ شتی نا مەدەنی تیایە لەگەڵ ئەو بانگەشەیەی ئێمە ناگونجێت، بۆیە من داوا دەكەم تەئجیلی بكەین، بۆ ئەوەی باشتر دیراسەی بكەین، ئەگەر نافیزیشمان كرد بە كۆمەڵێك هەموارەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك حمه شارەزووری فەرموو.**

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من کە سەرۆکی لیژنەم و دیارە هێنیان کردووە، من حەز دەکەم تەوزیحێکی زیاتر بدەم، ئەوەی کاك کاروان حەرەسی ئیقلیمە، بەڕێز وەزیری پێشمەرگەش ئیشارەتی پێدا، ئێمە بەپێی دەستووری عێراقی نابێت شتێك موخالەفە بکەین، چونکە دەستووری عێراقی دەڵێت پێشمەرگە لەناوخۆ حەرەسی ئیقلیم، بۆیە بەو حەرەسی ئیقلیمە ئەوە، ئینجا ئەمە دانراوە بۆ وەزارەتی دیفاعی عێراقی، بۆ موحاکەمەی عەسکەری وەزارەتی دیفاعی عێراقی، ئێمەش بەشێکین لە مەنزومە، وەزارەتی دیفاعی عێراقی قوەی بەحری هەیە، قوەی بەڕی هەیە، قوەی جەوی هەیە، هەموو قواتەکانی هەیە، یەعنی موحاکەمات هەر یەکێك قوەی بەری مەحکەمەی خۆی هەیە، قوەی جەوی مەحکەمەی خۆی هەیە، بۆیە ئێمە ئەوەندەی کە نەفازی دەکەین، دەڵێین عیلاقەی بە پێشمەرگەوە هەیە، عیلاقەی بە پێشمەرگەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، تەنها ئێمە یەك مەحکەمەی عەسکەریمان هەیە، مەحکەمەی عەسکەری پێشمەرگە، ئەویش لەسەر هروب و نازانم را کردن و ئەوانەی کە موحاکمەی عەسکەرین، بەڵام لەبەر ئەوەی لە مەوادەکانیان راستە کە کوێستان خان باس دەکات ئیعدام و ئەو شتانەی تیایە، بەڵام ئەگەر ئەوە بیخوێنێتەوە بە تەفاسیل کۆمەڵێك شتی تیایە دەچێتە نازانم موخیلە بە شەرەف و بە خیانەت و چی و حوکمی ئیعدامەکەیان تیایە، سوپاستان دەکەم، من هەر ئەو تەوزیحەم هەیە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو پەیمان خان.**

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێش ئەوەی رەئی خۆم بڵێم پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆ، کە ئایا بە وردی ئەوان دیراسەی ئەو قانونەیان کردووە، یان بە تەنیا قسەیان لەسەر ئینفاز کردنی کردووە؟ چونکە ئەگەر دوو مادده بە تەنیا ئیشارەت پێ بکەین، ماددەی (7) و ماددەی (10)، لە ماددەی (7)دا کە تەعریفی عەدو دەکات، یەعنی ئێمە ئەگەر وردی بکەینەوە، رەنگ بێت لە مەرحەلەیەکدا، لە قۆناغێکدا ئەو دوژمنە کوردیش بگرێتەوە، خۆمان بگرێتەوە لە دژی خۆمان بەکار بهێنرێتەوە، جیایە لەوەی کە لە ماددەی (10)دا، کە لە عقوباتەکاندا باسی ئیعدام دەکات، یەعنی ئێمە هەتا ئەگەر جمهوریەی عێراق بە نموونە وەربگرین، کە ئەم قانونە لە عێراق دایە، تەوەجوهی رەئیسی جمهوریەکە ئەوەیە کە عقوبەی ئیعدام نەبێت، واتا دژی عقوبەی ئیعدامە، ئێمە لە جیاتی ئەوەی بەرەو دیموکراسیەت دەڕۆین و بمانەوێت**

عقوبەی ئیعدام لەقانونی عقوباتی عێراقیشدا لاببەین، لەمەدا جارێکی تر دایبنێینەوە، بەڕاستی ئەمە زۆر ناکۆکەو، بۆیە منیش پشتیوانی پێشنیارەکەی کوێستان خان دەکەم، کە تەئجیل بکرێت بۆ دیراسەیەکی وردتر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم ئەوەیە پێش ئەوە فیعلەن ئەو ماددەیە جەوهەری مەوزوعەکەیە، چونکە ئەگەر بڕیاری ئینفازیماندا مەجال نامێنێت بۆ قسە کردن، تۆزێك شەفاف لەم مەوزوعە قسە بکەین، ئەگەر ئەمە لە زیمنی سەلاحیاتی حەسری عێراقەو ئێمە ناتوانین بەنیسبەت هێزەکانی خۆمانەوە شتێکمان هەبێت ئەوە قسەیەکمان نییە، بەلاَم ئەگەر قەرار بێت بتوانین ئەوە خۆ شتێك بکەین، یان تەعدیلی ئەمە بکەین، ئەم یاسایە، موشەرعی عێراقی لەگەڵێمەو شتێکی زۆر باشیشی تیایە، بەلاَم بەڕاستی پڕە لە سەغەرات (ثغرات)، من یەك، دوو تێبینی بۆ نموونەی ئەوەی برادەران باسیان لێ کرد عەرز دەکەم، لە بەشی ئیعدامدا (24) حاڵەتی ئیعدامی تیایە، ئێمە دەڵێین بۆ هێزی پێشمەرگە ئەمە دەکەین، ((24) حاڵەتی ئیعدامی تیایە کە لەولاوە تەوەجوهێك هەیە ئەسڵەن باس لە هەڵگرتنی ئیعدام بکات، یەکێك لەو حاڵەتە بەسیتانە ئەوەیە دەڵێت بە سڕ کەشف کردنێك عقوبەی ئیعدام جێ بەجێ دەکرێت، یەعنی من تێ ناگەم لەگەڵ ڕێزم بۆ برایانی هەردوو لیژنەو لیژنە پەیوەندارەکان، بەتایبەتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە، ئایا حەرف بە حەرف ئەمەیان خوێندۆتەوە؟ ئەگەر خوێندیتیانەوە، ئەو تێبینیانەی ئێستا بۆ پەرلەمانتاران دروست بووە، بۆچی وەکو یاسای پێشووەکە نەنووسرا، ئێمە ئەو بەشەی کە ناخوا بە موشەرع و بەبیر کردنەوەی موشەریعی کوردستان، کە سەلاحیەتیشمان هەیە دەستکاری بکەین، بۆچی ئەوتێبینیانەیان نەنووسیوە؟ چونکە ئەگەر بەو ئیتیلاقە بڵێین ئینفاز دەکرێت، ئیتر دەبێت ئیلتیزام بکەین بەم قانونەوە بە حەزافیرهی، لەبەر ئەوە منیش رەئیم لەگەڵ ئەو برادەرانەیە، کە داوای ئەوە دەکەن تەئجیل بکرێت، یان بەلایەنی کەم ئێستا مەجال بدرێت ئەو مولاحەزانەی خۆیان بۆیان دروست بووە برایانی هەردوو لیژنە قسەی لەسەر بکەن بە شەفافی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك بابەتی تیایە، من جارێکی تر دەیڵێمەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێکە لە مەنزومەی دیفاعی عێراق، ئەگەر ئێستا حاڵەتێکی ناتەبیعی هەیە لەوەی کە ئەو تێکەلاَو بوونە دروست بێت، سبەی

رۆژێ سەربازی ئێمە، سەربازی کورد، کە رۆیشتە بەغدا پێی نالێن ئێمە بە قانونەکەی هەرێمی کوردستان ئەوەی کە خۆمان دامانناوە موحاکەمە دەکەین و عقوبەت دەدەین، دەبێت بەو قانونە بێت کە لە عێراقدا هەیە، هەر خۆی مەنتیق وا دەڵێت، لەبەر ئەوەی تۆ بەشێکی لە مەنزومەیەکدا، دەبێت بۆ ئەوەی ئەو مەنزومەیە پەیرەوی دەکات، تۆش ئەو بەشەی هی خۆتە بە هەمان شێوە پەیرەوی بکەیت، ناکرێت، راستە هەتا ئێستا ئێمە سفر نیسبەتمان هەیە لەناو جەیشی عێراقیدا، بەڵام سبەی رۆژێ کە ئەو مەنزومەیە هەمووی بۆوە بە یەك، دەبێت یەك یاسا حوکمی لەسەر بکات، جارێکی تر دەیڵێمەوە هەر دەستکاری کردنێکی ئەم یاسایە دەمانخاتە حاڵەتێکی تەعقیدی دەستوورییەوە، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی دەستوور بەشێکە لە مەنزومەی عێراق، راستە هەتا ئێستا عێراق ئەمەی نەگرتۆتە بەرچاو، راستە هەتا ئێستا عێراق بودجەکەیان بۆ سەرف ناکات، ئەمانە هەمووی راستە، بەڵام لەیاساو قەوانیندا هیچ نەبێت ئێمە پابەند بوونی خۆمان بە وەزارەتەوە دیاری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ، پێشمەرگە کە حەرەسی ئیقلیمی پێ دەڵێن بەپێی دەستووری عێراقی بەشێکە لە قواتی عێراقی، بڵێین و نەڵێین ئەوە واقیعێکە، بەڵام ئێمە تایبەتمەندی پێشمەرگەمان پاراستووەو کارمان کردووە لە پێناو خزمەت کردنی شەریحەی پێشمەرگە، واتا لێرە باسی ئەوە دەکەین ئەگەر پێشمەرگە موخالەفەیەکی کرد بە چ قانونێکی ئێمە موحاکەمەی بکەین؟ تەبعەن دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قانونی عقوباتی عەسکەری عێراقی، لەبەر ئەوەی قانونمان نییە لە کوردستان تایبەت بێت بە عقوباتی عەسکەری پێشمەرگە، ئەوە یەك.

دوو/ ئەندام پەرلەمانێك ئیشارەت بەوە دەدات دەڵێت عقوبەی ئیعدام بەنیازە ئیلغا بکرێت، عقوبەی ئیعدامی مەدەنی جیاوازە، عقوباتی عەسکەری جیاوازە، عەسکەری حاڵەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەحکامەکانی قورسەو توندە، لە هەموو دنیادا وایە، ئێمە کە ئێستا پەیرەوی نیزامی فیدراڵی دەکەین لەعێراق بەو وەزعە تەعامول دەکەین لەگەڵ قەوانینی عێراقی، واتا دووبارەی دەکەمەوە ئێمە بەشێکین لەعێراق، پێشمەرگەش بەشێکە لە مەنزومەی دیفاعی عێراقی و جێ بەجێ کردنی ماددەکە بەو شێوەیە کە بگونجێت لەگەڵ سیفەتی پێشمەرگە، واتا بڵێین ناو دوو کەوانە (حرس الاقليم)، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش بەباشی دیراسەتی ئەو یاسایەمان کردووە، کە لە لایەن حکومەتەوە ئاراستەی پەرلەمان کراوە بەڕێگەی ئەنجومەنی شووراوە هاتیتەوەو، ئەحکامەکانی بەو شێوەیە صیاغە کراوە بە مەبەستی ئەوەیە ئەگەر هاتو موخالەفات بوو، موخالەفەی قەوانینی عەسکەری کرا لەناو هێزەکانی پێشمەرگە، ئەو یاسایانەی کە پەیوەستە بەوان جێ بەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەجیا لەوەی كە تەئجیل دەكرێت، یان تەئجیل ناكرێت، هەرچەندە هاوڕام لەگەڵ قسەكانی كوێستان خان و پەیمان خان، بەڵام لەڕاستیدا مەوزوعەكە بەو شێوەیە نییە، مەسەلەكە ئەوەیە ئەگەر ئەم یاسایە گرنگە بۆ واقیعی كوردستان و بۆ تەنزیم كردنی هێزی پێشمەرگە لە رووە جەزائیەكان وعقوباتەكانەوە، ئەوە پەرلەمانی كوردستان قسەی لەسەر دەكات و ئینفازی ئەو یاسایە دەكات، مەسەلەن كە پەرلەمانی عێراق دەریكردووەو ئێستاش پیادە دەكرێت لە عێراقدا، ئەگەر ئەمە بەشێكە لە سەلاحیاتی حەسری حكومەتی مەركەزی، لەڕاستیدا پێویستمان بەوە نییە كە ئێمە ئێستا لێرە ئینفازی بكەین، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەلاحیات حەسری حكومەتی عێراقیە، چ پێویست دەكات پەرلەمانی كوردستان ئێستا بڕیارێكی لەسەرداوە، واتا ئەوە هەر خۆی نافیزە، یەعنی ئۆتۆماتیكیەن نافیزە، چونكە بەشێكە لە سەلاحیاتی حەسری، بەڵام ئەگەر بەشێك نییە لە سەلاحیاتی حەسری، ئەوە پەرلەمانی كوردستان بۆی هەیە هەندێ بەندی تەعتیل بكات، هەندێ بڕگەی تەعتیل بكات، هەندێ ماددەی تەعتیل بكات، هەمواریشی بكاتەوەو هەندێ بەندی تریشی بۆ ئیزافە بكات، تەنها ئینفاز كردنەكەی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حمە شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دیارە برای بەڕێزم كاك عەونی ئیشارەتی پێدا ئەم پرۆژە یاسایە لە حكومەتەوە هاتووە، دیارە لە حكومەتەوە هاتووە لە وەزارەتی پێشمەرگەو مەحاكمی عەسكەری ئەم یاسایەیان بینیوە لە رێگەی مەجلیسی شوورا، ئێمەش خوێندوومانەوە، یەعنی وەنەبێت هەر لەخۆمانەوە لەگەڵ لیژنەی یاساییدا دانیشتووین بەنیو سەعات جوابیان بدەینەوە، من حەز دەكەم بەوەی كە بزانن ئوسولی موحاكەماتی عەسكەری لەهەموو دنیادا جیاوازە لە ئوسولی موحاكەماتی مەدەنی، ئوسولی موحاكەماتی عەسكەری كۆمەڵێك زەوابت دادەنێ بۆ عەسكەر، یەعنی ئەگەر بیخوێنیتەوە مەسەلەی ئیعدام، مەسەلەی خیانەتی تیایە، نازانم سڕی تیایە، برادەرێك نازانم من حورمەتم هەیە لەسەر قسەكەی تێ ناگەم دەڵێت هی وای تیایە لەسەر سڕێكی بچووك، ئێ باشە عەسكەرێك، لیوایەكە یەك سڕی بچووك دەردەكات بۆ دوژمن هەموو لیوایەكە دەگیرێت، عقوبەكەی دیارە سارمترە لە عقوبەیەكی مەدەنی، بۆیە لێرە هاتووە ئێمە كە دیراسەمان كردووەو پرسیشمان كردووە، ئەوانەشمان گۆڕیتەوە، دێمەوە سەر ئەوەی كە جەنابی وەزیری

پێشمەرگە ئیشارەتی پێدا ئێمە موشکیلەکەمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندە، بەوەی کە پێشمەرگە بەشێکە لە مەنزومەی دیفاعی عێراقی، ئەم یاسایە لە ساڵی 2007 دەرچووە لە کوردستاندا نەفاز نەبووە، یەعنی یەکێك لەو شتانەی کە پێمان دەفرۆشنەوە ئەم یاسایە نەفاز نەبووە، بۆیە ئێستا حکومەت و وەزارەتی پێشمەرگەش دەیەوێت ئەم یاسایە نەفاز بکات، بۆ ئەوەی ئەو ئاڵۆزیەو هەندێ شت هەیە لەگەڵ ئەوانە بەڕاستی هین بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر قسە کاك ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم یەکەم قسە خۆم کردم، با ئاخیرەکەش کۆتایی پێ بێنم، من یەك پێشنیار دەکەم، ئەگەر بڕیاریشە ئێمە ئەم یاسایە دەربکەین بۆ هەرێمی کوردستان، کەس هیچ کێشەی لەگەڵ ئەوە نییە کە یاسایەك نەبێت بۆ ئەو بابەتە، بەلاَم دەکرێت ئێستا ئەم بابەتە دوا بخرێت، دواتر پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆی ماددە بە ماددە، بەند بە بەند موناقەشەی لەسەر بکات، کامەی بەدڵ بوو ئۆکەی دەکات، کامەشی بەدڵ نەبوو دەتوانێت دەنگی لەسەر نەدات، بۆ ئێستا ئێمە هەموو پرۆژە یاساکە، لەوانەیە بەشێکی زۆری نەیخوێنند بێتەوە، یەعنی بۆ دەبێت یەکسەر هەموو یاساکە بخرێتە دەنگدانەوە، کە ئەمە ئینفاز بکرێت، یاخود نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو ڕەئی جیاواز هەیە، یەکێکیان دەڵێت ماددەکە وەکو خۆی بێت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز جعفر شێخ مصطفى/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا کە وەزارەتی پێشمەرگە بەڕاستی بۆشاییەکی یاساییمان هەیە، ئێمە بە یاسایەکی زۆر کۆن کار دەکەین، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستیمان بە یاسایەکی وا هەیە کە ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە ئیشی پێ بکەین، بۆ مەعلوماتی بەڕێزت و هەموو برادەرانی تریش، ئێستا یەك دادگای سەربازی پێشمەرگە هەیە لەهەموو کوردستاندا، هیچ دادگاییەکی سەربازی نییە، هەموو پێشمەرگەیەکیش لە سەرتاسەری کوردستان موخالەفەیەك بکات، ئەگەر پێشمەرگە بە پێشمەرگە، پێشمەرگە بە پۆلیس بێت ئەو دادگاییە دادگایی دەکات، ئەگەر ئێمە ئیش بەو قانونە نەکەین و بڵێین ئەمە قانونێکیشمان ناوێت، جا وەزارەتی پێشمەرگەشمان بۆ چیە، با لەگەڵ وەزارەتی دیفاعدا بیکەین بە یەك و هەر وەزارەتی دیفاع بێت، لەبەر ئەوە پێویستمان بەم پرۆژە یاسایە هەیە، کە لێرە دەنگی لەسەر بدرێت و ببێت بە یاسایەك بۆ کارکردنی محاکمی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ڕەئیەك هەیە دەڵێت ئـەم ماددەیـە وەكـو خـۆی بمێنێتـەوەو موناقەشـە بكرێـت، ڕەئیـەكی تـریش هەیە پێشنیار دەكەن دەڵێن موناقەشە كردنی ئەم مەسەلەیە، ئەم پرۆژە یاسایە بۆ ئینفاز كردنـی تـەئجیل بكرێت، تاكو باشتر دیراسە بكرێت، باشتر ئەسڵی ماددەكە موناقەشە بكرێت، لەبەر ئەوەی چوار كەس داوای ئەوەیان كردووە، ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەمە دەنگدانەوە، كە دەڵێت ئەم پرۆژە یاسـایە بـۆ ئینفـاز كردنـی پێویستی بە دیراسەی زیاتر هەیە، بە وردبوونەوەی زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی باشتر بگونجێت لەگـەڵ واقیعـی كوردستان، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە بۆ تەئجیل كردن دەستی بەرز بكاتەوە؟ (25) كـەس لەگەڵدایـە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدایە بەردەوام بین لەسەر ئینفاز كردنی پرۆژە یاساكە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (44) كـەس لەگەڵدایە، كەواتە ئاخیر صیاغەی بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

انفـاذ قـانون العقوبـات العسـكري العراقـي رقـم (19) لسـنة 2007 في اقلـيم كوردسـتان – العـراق والعمـل باحكامە فيما يخص قوات الپێشمەرگە (حرس الاقليم)﴾.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم:

جێبـەجێ كردنـی یاسـای سـزایی سـەربازی عێراقـی ژمـارە (19)ی سـاڵی 2007 لـە هـەرێمی كوردسـتان و كاركردن بە حوكمەكانی كە تایبەتە بە هێزەكانی پێشمەرگە (حرس الاقليم) لە كوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بكاتـەوە؟ (50)كـەس لەگەڵدایـە، زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (15) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنـگ پەسـند كـرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز صباح بیت اللە شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينمـا ورد ذكرها في القانون.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و بەڕێوەبەری پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدراڵیەکان و بەڕێوەبەری پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر لەسەر ماددەی دووەم ڕەئی جەنابتان.

**بەڕێز جعفر شێخ مصطفى/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەسەر ئەو ماددەیە قسەی هەیە؟ ئاخیر صیاغەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما ورد ذكرها في القانون.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و بەڕێوەبەری پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدراڵیەکان و بەڕێوەبەری پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ئاخیر صیاغەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ئاخیر صیاغەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس موعاریزە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة: ینفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثین) یوماً من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان).

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم: ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی (30) سی ڕۆژ لە مێژووی بلاّوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ئاخیر صیاغەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (8) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا کۆی پڕۆژە یاساکە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (18) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، دەستخۆشیتان لێ دەکەین، سەرکەوتوو بن ئینشائەڵلآ، دەستخۆشی و سوپاسی جەنابی وەزیریش دەکەین، کە بەشدار بوو لەگەڵمان، ئەگەر جەنابی وەزیر قسەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جعفر شێخ مصطفی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی جەنابت و هەموو خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، کە بەڕاستی ئەو پڕۆژەیان ڕوواند، کە بەنیسبەت ئێمەوە زۆر زەروور بوو، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم و دەستخۆشیتان لێ دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین، تا بەیانی سەعات (11) بە خواتان دەسپێرین، سەرکەوتوو بن، سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6)

# چوارشەممە رێكەوتی 5\10\2011

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/10/5

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2011/10/5 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز د.ارسـلان بـایز اسماعیـل جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (6)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/10/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هـەرێمی کوردسـتان, کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کـردن لەسـەر پـرۆژە یاسـای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای ژمـارە (26)ی سـاڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، خولی سێیەمی هەڵبـژاردن، ساڵی سـێیەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (6)، رۆژی دانیشتن 2011/10/5، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمـەكانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لـە كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوار شـەممە رێكـەوتی 2011/10/5 بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لـە هـەرێمی كوردسـتان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كـردن لەسـەر پـرۆژە یاسـای هـەموار كردنـی یەكـەمی یاسـای ژمـارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.

بـەخێرهاتنی جـەنابی وەزیـری گواسـتنەوەو گەیانـدن دەكـەین، بـەخێرهاتنی رێكخـەری نێـوان پەرلـەمان وحكومەتی هـەرێمی كوردسـتان و هاوكارەكانیـان دەكـەین، بـەخێر بـێن سەرچاوان، ئێستا داوا لـە لیژنـەی یاسایی و لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن دەكەین بفەرموون بۆ سەر مەنصە، لیژنەی گواستنەوەو گەیانـدن و شارەوانیش با بفەرموون بۆ سەر مەنصە، فەرموو كاك حاجی.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمـە لـە لیژنـەی گواسـتنەوەو گەیانـدن سـەبارەت بـەم پـرۆژە یاسـایەی گواسـتنەوەو گەیانـدن لـە تـاریخی 2011/9/28 نووسـراومان پـێ گەیشـتووە، یـەعنی ئـەم یاسـایەمان بـە دەسـت گەیشـتووە، لـە 9/28ش جـەنابتان دەزانـن پێـنج شـەممەو هـەینی و شـەممەی بەسـەر داهـاتووە، ئێمـە نـەمانتوانیوە كۆبوونـەوەی پێویسـت بكـەین، دیـارە كۆبوونەوەیـەكمان كـردووە، بـەڵام ئێمـە پێمانوایـە بـۆ تەكمیلـەی ئـەم یاسایە، بـۆ راپۆرتی لیژنە، پێویستمان بەوە بووە كە وەزارەتی مەعنی، كە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە ئامادە بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە هەندێ پرسیارو ئیستیفسارمان هەبووە، ئـەوان بتـوانن وەڵامـان بدەنـەوە، ئەگـەر بـاس لەوەش بكرێت، ئێمە بۆیە پێشنیار دەكەین ئەم پرۆژە یاسایە دوا بخرێت بۆ هەفتەیەك، بۆ ئـەوەی مۆڵـەت بێت بۆ ئێمەو بتوانین لەماوەی ئەم هەفتەیەدا راپۆرتی خۆمان ئامادە بكـەین و بنووسـین، ئەگـەر مەسـەلە باس لەوە بێت كە ماوەكە تێپەڕاندراوە، راستە ئەم یاسـایە زۆر تـاخیر بـووە، بـەڵام بـە هەفتەیـەكیش بـڕوا ناكەم تەئسیر بكات و، بـۆ دەوڵەمەنـد كردنـی یاسـاكە، ئێمـە بـە زەروری دەزانـین وەكـو لیژنـە ئـەم یاسـایە دوابخرێت بۆ هەفتەی داهاتوو، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە رەئی لیژنەکەیە.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پرۆژە یاسایەی بۆمان هاتووە، وەك حاجی بلال باسی کرد لە 28ی مانگەوە هاتووە، 28ی مانگ واتا رۆژی پێنج شەممە لەناو بۆکسەکانمان بووە، جەنابی وەزیر دانیشتنی کردووەو کۆبوونەوەی کردووە لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بەلاَم لیژنەی مەعنی تاکو ئێستا کۆبوونەوەی خۆی نەکردووە، بڕیار بوو رۆژی دوو شەممەو سێ شەممە بیکەین، بەلاَم رۆژی دوو شەممەو سێ شەممە کۆبوونەوەی پەرلەمانمان هەبوو، دانیشتنمان هەبوو، هەتا ئێوارەش دانیشتنمان هەبوو رێك نەکەوت، ئێستا لیژنەی مەعنی لەگەڵ وەزارەت نە دانیشتووە، نە راپۆرتی بەو شێوەیە ئامادە کردووە، لەبەر ئەوە منیش داوا دەکەم ئەگەر ماوەی یەك هەفتە دوابخرێت، بەڵکو بتوانین لەگەڵ ستافی وەزارەت کۆبوونەوەی بکەین و راپۆرت ئامادە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە یارمەتی هاوکارانم لە لیژنەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی، ئێمە کۆبوونەوەمان کردووە بە مانای کۆبوونەوە لەسەر دەقی پرۆژە یاساکە، بەلاَم لە کۆبوونەوەکە بەڕێز وەزیر ئامادە نەبووە، تەنها مولاحەزەکە ئەوەیە، لەبەر ئەوە راپۆرتەکەش نەنووسراوە، یەعنی راپۆرتەکە چاپ نەکراوە بخرێتە بەردەستی سەرۆکایەتی، بۆ ئەوەی بیداتە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بۆ روون کردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان دەتەوێت قسە بکەیت؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ جەنابی وەزیر کۆبوونەوەمان کرد، راو سەرنج و تێبینیەکانی خۆمان ئاراستەی وەزیر کردو راپۆرتیشمان ئامادەیە، ئەمە یەك.**

**دوو/ ئەم مەسەلەیە، مەسەلەیەکی زۆر زۆر بابەتی نییە، مەسەلەی هەیکەلیەتی وەزارەتێکە، ئیمکان هەیە لێرە لەسەر رۆشنایی ئەو قسانەی جەنابی وەزیر کردوومانە، لێرە بیخەینە روو، بۆ ئەوەی بتوانین بەهەموو لایەك پەسندی بکەین، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەم پرۆژە یاسایە زۆر تاخیر بووەو، زیاتر لە دوو ساڵی بەسەر تێپەڕیوە، پێمان باشە کە موناقەشە بەردەوام بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سەرهەنگ فەرموو.**

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە ئێمەو زۆربەی برادەرانی لیژنە دەتوانم بڵێم کۆی برادەرانی لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن دائیم لە لێدوانەکانمان، لە قسەکانمان گلەیی ئەوەمان هەبووە کە وەزارەت یاسای نییە، دەبێت بەزووترین کات یاسایەك بۆ وەزارەت دەربکرێت، هاتنی ئەم یاسایە مایەی خۆشحاڵی هەموومانە، بەلاّم ئێمە دەمانەوێت وەکو لیژنە یاسایەکی موتەکامیل دەربکەین، یاسایەك پرس و رایەکی تەواو لەگەڵ وەزارەت و ستاف وەزارەت بکەین بەڕاستی، چونکە ئەم یاسایە رێکخستنی فرۆکەخانەکانیشی تێدایەو، ئیستیحداسی هەندێك مودیریەتی تازەی تیایە، ئێمە داواکارییەکەمان ئەوەیە لەنێوان قەوس بۆ ماوەی یەك هەفتە ئەم یاسایە دوا بخرێت، من وەکو وەلاّمدانەوەیەکیش نەبێت، بەلاّم لیژنەی یاسایی بەڕێز تەنها تێبینیەکانیان پێویستە لەسەر تەکیفە قانونیەکە بێت، لەسەر مەسەلە یاساییەکان بێت، ئەوەی کە پەیوەندی بە هەیکەلیەتی وەزارەت و مەسەلەی رێکخستنی یاساکەوە هەیە، حەقە ئەوە جێ بهێڵدرێت بۆ لیژنەی تایبەتمەند بەڕاستی، بۆیە دەبوو ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ وەزیرو لەگەڵ ستاف وەزارەت لەگەڵ لیژنەی ئێمە بێت و، ئێمە داواکارییەکەمان بۆ مەسەلەی دواخستن بۆ هەفتەی داهاتوو، بۆ ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ ستاف وەزارەت، بۆ ئەوەی یاساکە یاسایەکی تێرو تەسەل بێت، ئیتر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێمە لە سەرۆکایەتی لەنێوان خۆمان دیراسەمان کرد، لەبەر ئەوەی لیژنەی مەعنی درەنگ راپۆرتەکانی بە دەست گەیشتووە، دیراسەی باشیان نەکردووە، بۆیە ئێمە ئەم مەوزوعە تەئجیل دەکەین بۆ ماوەی هەفتەیەك و، هەروەها بۆ یاسای باجی دەرامەتیش، ئێمە بەرنامەمان نەبووە، کە ئێستا ئەوان بێن بۆ موناقەشە کردن، لەبەر ئەوە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دێنین بۆ هەفتەی داهاتوو بەخێر بێن بەسەر چاوان، رۆژی دوو شەممەی داهاتوو سەعات (11) بەخێر بێن.**

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**دووشەممە ڕێكەوتی 10\10\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7)
## دووشەممە ڕێكەوتی 2011/10/10

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2011/10/10 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (7)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2011/10/10 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی كوردستان, كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، خولی سێیەمی هەڵبـژاردن، ساڵی سـێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (7)، ڕۆژی دانیشتن 2011/10/10، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمـەکانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمـارە (7)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی دوو شـەممە ڕێکـەوتی 2011/10/10 بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لـە هـەرێمی کوردسـتان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کـردن لەسـەر پـرۆژە یاسـای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای ژمـارە (26)ی سـاڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.

فـەرموون لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی گواسـتنەوەو گەیانـدن، بـەخێرهاتنی جـەنابی وەزیـری گواسـتنەوەو گەیاندن و ستافەکەی دەکەین، بەخێر بێن سەرچاوان، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییتان بۆ دەخوێنینەوە سەبارەت بـە پـرۆژە یاسـای وەزارەتـی گواسـتنەوەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بۆ/ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بابەت/ راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای**

**وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

لیژنەی کاروباری یاسایی لە ڕۆژی 6/ڕەزبـــەر/2711ی کوردی بەرامبـەر بـــــە 2011/9/28ی زایینـی کۆبۆوە بۆ لێکۆڵینەوە لە (پرۆژە یاسای وەزارەتـی گواستنەوەو گـەیاندن لە هەرێمی کوردستان-عێراق) کـە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (3)ی ڕۆژی 2011/9/26 ڕەوانـەی لیژنەکـەمان کـراوە. هـەروەها دوای گفتوگـۆو تـاوتوێ کردنی یاسای ژمارە (18)ی سـاڵی 2008 یاسـای دەزگـای فرۆکەخانـەکانی شارسـتانی هـەرێمی کوردسـتان -

**عێراق ، به ئاماده بوونی بەڕێز وەزیری گواستنەوەو گەیاندن له هەرێم، لیژنەکەمان تەئیدی ئەو پرۆژەیە دەکات که له حکومەتەوه هاتووەو، ئەم چەند پێشنیارەش دەخاتەڕوو:**

**1- رستەی (هەرێمی کوردستان) له بڕگەکانی (2)و (3)و (4)ی ماددەی یەکەمی پرۆژەکه لابرێت.**

**2- ئەو راوێژکارانەی له بڕگەی (3)ی ماددەی (سێیەم)دا هاتووه ، بکرێن بەوەی که ژمارەیان له (چوار) زیاتر نەبن.**

**3- سەرۆکی دەزگای گشتیی فڕۆکەخانەکانی مەدەنی له هەرێم، بۆ ئەندامەکانی ئەنجومەنی راوێژکاری که له ماددەی (چوارەم)ی ئەم یاسایەدا هاتوون، زیاد بکرێن.**

**4- ریزبەندی بڕگەکان له رەنووسەوه (الرقمية) بکرێن به نووسین (الكتابية) و، هەمان ئەو شێوازه بگیرێتەبەر که له داڕشتنی یاساکانی پەرلەمانی کوردستاندا پێڕەو دەکرێن و، راست کردنەوەی رێزمانییش له هەندی له بڕگەکاندا بکرێت و، هۆی دانانی یاسایەکەش (الأسباب الموجبة) بەم شێوەیەی خوارەوه زیاد بکرێت، چونکه پرۆژەکه هۆی دانانی تێدا نییە.**

**ـ هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایه ـ**

**لەبەر ئەوەی وەزارەتەکانی گواستنەوەو گەیاندن له هەرێمدا له دوو وەزارەتدا کراون به یەك وەزارەت بەپێی یاسای ژماره (11)ی ساڵی 2006و، له پێناوی رێکخستنی پێکهاتەکانی ئەم وەزارەته تازەیەو، پەیکەرەکەی بەپێی ماددەی (7) لەم یاسایه، ئەم یاسایه دەرچووێندرا.**

**بفەرموون بۆ ئاگاداری و ئەسڵی پرۆژەکه و ڕای لیژنەی یاسایی لەبارەیەوەو، بخرێته بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و، دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوەو دەنگدان لەسەری. لەگەڵ ڕێزدا.**
**ئێستاش دەقی راپۆرتەکه به زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون**

**وزارة النقل والاتصالات في إقليم كوردستان - العراق**

اجتمعت لجنة الشؤون القــانونية بتاريخ 6/رەزبەر/2711 كوردي المصادف ليوم 2011/9/28 ميلادي لدراسة مشروع قانون (وزارة النقــل والاتصالات في إقـــليم كـــوردستان - العـراق)، المقدم من قبل مجلس الوزراء، والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في الجلسة الاعتيادية المرقمة (3) فى 2011/9/26. وبعد المناقشة والمداولة ودراسة قانون مؤسسة المطارات المدنية للاقليم المرقم (18) لسنة 2008 بحضور وزير النقل والاتصالات في الاقليم تؤيد اللجنة المشروع الوارد من الحكومة وتقترح:

**1**-حذف جملة (إقليم كوردستان) من الفقرات (2)و (3)و (4) من المادة الاولى.

2- جعل المستشارين لايزيد عددهم عن (اربعة) في الفقرة (3) من المادة (الثالثة).

3- اضافة رئيس المؤسسة العامة للمطارات المدنية في الإقليم الى أعضاء المجلس الاستشاري الواردة في المادة (الرابعة) من القانون.

4- تبديل تسلسل الفقرات من الرقمية الى الكتابية واتباع نفس الاسلوب المتبع في صياغة وتشريع القوانين في برلمان كوردستان، واجراء التصحيحات اللغوية في بعض الفقرات، وإضافة الأسباب الموجبة التالية للقانون لخلو المشروع من الأسباب الموجبة.

**- الأسباب الموجبة -**

نظراً لدمج وزارتي النقل والاتصالات بوزارة واحدة في الاقليم بموجب القانون المرقم (11) لسنة 2009، وبغية تنظيم تشكيلات الوزارة المستحدثة وهيكليتها وفقاً للمادة (7) منه. فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالأطلاع وعرض المشروع والتقرير المشترك على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب بصدده.مـــع التقـــدير.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی گواستنەوەو راگەیاندن راپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستاش دەقی راپۆرتی لیژنەی خزمەتگوزاریەكانی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار بە زمانی كوردی پێشكەشتان دەكەین.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/پرۆژە یاسای گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان**

**لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی وگواستنەوە وگەیاندن وگەشت وگوزار کۆبۆوە بە ئامادە بوونی بەرێز وەزیری گواستنەوەو گەیاندن ( أنور جەبەلی) لە رۆژی 2011/10/9، بە مەبەستی تاوتوێ کردنی (پرۆژە یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان - عێراق )، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان ژمارە (1185) لە بەرواری 2011/9/28، دوای خوێندنەوەی یەکەم لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ( 3) ی پەرلەمان رەوانەی لیژنەکەمان کرا. دوای گفتوگۆکردن وتاوتوێ کردنی یاسای دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێم ژمارە (18) بۆ ساڵی 2008، لیژنە پشتگیری پرۆژەی هاتووی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، لیژنەکەمان پێشنیاری ئەم هەموارکردنانەی کە لە خوارەوە هاتووە کرد:**

**ماددەی یەکەم:**

**- لابردنی بڕگەی (2).**

**- لابردنی رستەی هەرێمی کوردستان - عێراق لە بڕگەکانی (3 و 4).**

**ماددەی دووەم:**

**- زیاد کرنی وشەی (ئەرك) بۆ ناونیشانی ماددەکەو بکرێتە ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت.**

**- دووبارە دارشتنەوەی بڕگەی (7) بەم شێوەیەی خوارەوە:-**

**پێدانی مۆڵەت بۆ هەموو بوارەکانی گواستنەوەو گەیاندن: (وشکانی و ئاسمانی)، لێرە بە هەڵە نووسراوە (ئاوی)، ئەوە (ئاسمانییە). لێرە کە دەڵێین پێدانی مۆڵەت بۆ هەموو بوارەکانی گواستنەوەو گەیاندن (وشکانی و ئاسمانی) تا ئاخیری.**

**- دووبارە دارشتنەوەی بڕگەی (9) بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:-**

**رێکخستن و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای زانیاری و تۆڕی ئینتەرنیت لە هەرێمداو سەرپەرشتی کردنی.**

**ماددەی سێیەم:**

**گۆڕینی زنجیرەی بڕگەکان لە ژمارەوە بۆ نووسین.**

**نووسینی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی هاتوو دوای بڕگەی (4) لە ژێر یەك دەستەواژەو دارشتنی بەم شێوەیەی خوارەوە:**

پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە خوارەوە هاتووە: هەریەك لەمانە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات، کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت لەوانە خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت:

1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێری و ژمێریاری.

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستەو گەیاندن.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی سەر زەوی و هێڵی ئاسن و ترام وای.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی وچاودێری کردنی بوومەلەرزە.

ماددەی چوارەم:

یەکەم: لابردنی زنجیرە ژمارەیەکان و زیاد کردنی سەرۆکی دەزگای فڕۆکەخانەکانی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجومەن راستەوخۆ دوای زنجیرەی وەزیر.

دووەم: زنجیرە (2) گۆڕینی وشەی (پێکهاتە تایبەتمەندەکان) بۆ (پێکهاتەکانی وەزارەت) و لا بردنی ژمارەکان.

ماددەکانی (5، 6، 7) لیژنە تێبینی لەسەر نییە.

ماددەی هەشتەم: گۆڕینی زنجیرە ژمارەیەکان و دووبارە نووسینی دەستەواژەی زنجیرە (2) بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:-

6- هەموو ماف و پەیوەست و هەبووەکان و میلاکی هەردوو وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی پێشوو دەخرێتە سەر ئەستۆی ئەو وەزارەتە.

ماددەی (9، 10) لیژنە تێبینی لەسەرنییە.

## هۆیەکانی پێویست

لەبەر نەبوونی دیاری نەکردنی هۆیەکانی پێویست لەم یاسا، پێشنیار دەکەین هۆکاری دەرچوواندنی ئەم یاسایە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:-

لەبەر تێکەڵ کردنی هەردوو وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێم بۆ یەك وەزارەت بەپێی یاسای ژمارە (11) بۆ ساڵی 2009و، بەمەستی دووبارە پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ کە لە ماددەی (7)ی یاساکەدا

هاتووه، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز بۆ خزمەتگوزاری گواستنەوەو گەیاندن و، بگاتە ئاستی پێویستی قۆناغی پەرەپێدان کە هەرێم پێیدا تێپەڕ دەبێت، ئەم یاسایە دەرچووە.

تکامان وایە تاوتوێ بکرێت و پرۆژەکەو راپۆرتەکە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و رای گونجاوی لەسەر بدرێت.

ئەگەر ئیجازە بێت جەنابی سەرۆکی پەرلەمان کاک جەمال دەقە عەرەبیەکە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستاش دەقی راپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان – العراق**

**م / تقرير لجنة الخدمات البلدية والنقل والاتصالات والسياحة**

**حول مشروع قانون وزارة النقل والاتصالات في اقليم كردستان - العراق**

اجتمعت لجنة الخدمات البلدية والنقل والاتصالات والسياحة، وبحضور السيد وزير النقل والسيدة مديرة مطار أربيل الدولي بتاريخ 17/ رەزبەر/2711 كوردي، المصادف 2011/10/9، لدراسة مشروع قانون (وزارة النقل والاتصالات في أقليم كردستان – العراق)، المقدم من قبل مجلس الوزراء والمحال الى لجنتنا بموجب كتاب رئاسة البرلمان ذي الرقم (1185) في 2011/9/28 بعد القراءة الأولى له في جلسة البرلمان الإعتيادية المرقمة (3)، وبعد المناقشة والمداولة ودراسة قانون مؤسسة المطارات المدنية في الأقليم ذي الرقم ( 18) لسنة 2008 تؤيد اللجنة المشروع الوارد من الحكومة وإقترح المجتمعون اجراء التعديلات التالية عليه:

المادة الأولى:

- حذف التسلسل (2).
- حذف جملة ( أقليم كردستان) من التسلسلات (3، 4).

المادة الثانية:

- إضافة كلمة مهام الى عنوان المادة ليصبح (اهداف ومهام الوزارة).
- اعادة صياغة التسلسل (7) لتصبح:

منح التراخيص لكافة مجالات النقل (البري، الجوي) ..............

- اعادة صياغة التسلسل (9) لتصبح كالاتي:
- تنظيم وتطوير تكنلوجيا المعلومات وشبكة الانترنيت في الاقليم والإشراف عليها.

المادة الثالثة:

- تبديل تسلسل الفقرات من الرقمية الى الكتابية.

- ادراج المديريات المذكورة بعد التسلسل (4) تحت عبارة واحدة وصياغتها كالاتي:

خامساً: المديريات العامة التالية ويدير كل منها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية.

- المديرية العامة للبريد والاتصالات.

- المديرية العامة للتخطيط والمتابعة.

- المديرية العامة للنقل البري والسكك الحديدية والترام واى.

- المديرية العامة للرصد الزلزالي.

المادة الرابعة:

أولاً:

- حذف التسلسلات الرقمية وإضافة رئيس مؤسسة المطارات المدنية في الاقليم الى المجلس بعد الوزير مباشرة.

ثانياً:

تسلسل (2) استبدال كلمة المكونات ب (تشكيلات) وحذف التسلسلات الرقمية.

المواد (5، 6، 7) لاتوجد عليها ملاحظات.

المادة الثامنة:

- حذف التسلسلات الرقمية وإعادة صياغة التسلسل (2) منها لتصيح كالاتي:

- تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وملاكات وزارتي النقل والأتصالات السابقتين الى هذة الوزارة.

المواد (9، 10) لا توجد عليها ملاحظات.

نظراً لعدم ورود الآسباب الموجبة مع القانون أقترح المجتمعون الصياغة التالية:

((نظراً لدمج وزارتي النقل والاتصالات في الاقليم بوزارة واحدة بموجب القانون ذي الرقم (11) لسنة 2009 وبغية اعادة هيكلة الوزارة المستحدثة وفقاً للمادة (7) منه ولاجل الارتقاء بواقع خدمات النقل والاتصالات وجعلها تتلاءم ومتطلبات المرحلة التنموية التى يمر بها الاقليم، فقد شرع هذا القانون)).

راجين التفضل بالاطلاع وعرض المشروع والتقرير على البرلمان للمناقشة وإبداء الرأى المناسب بصدده. مع التقدير.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە هەردوو لیژنەکە تەئیدی پرۆژە یاسای حکومەت دەکەن لەبارەی یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڵام چەند تێبینیەکیان لەسەر هەیە، بۆیە ئێمە پرۆژە یاسای حکومەت دەکەینە ئەساس بۆ

موناقەشە كردن، داوا دەكەم ليژنەی ياسايی مادده بە مادده بيخوێننەوە، بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بكەين، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- مجلس الوزراء: مجلس الوزراء في اقليم كوردستان – العراق.

3- الوزارة: وزارة النقل والاتصالات لاقليم كوردستان – العراق.

4- الوزير: وزير النقل والاتصالات لاقليم كوردستان – العراق.

5- المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەزمانی كوردی ماددەی يەكەم دەخوێنمەوە:

ماددەی يەكەم:

مەبەست لەم زاراوانەی دادێن واتاكانی بەرامبەريانە بۆ مەبەستەكانی ئەم ياسايە:

1- هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

2- ئەنجومەنی وەزيران: ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

3- وەزارەت: وەزارەتی گواستنەوەو گەياندنی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

4- وەزير: وەزيری گواستنەوەو گەياندنی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژكاريی وەزارەت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی ياسايی فەرموو تێبينيتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی ئێمە بەم شێوەیە، دیارە هەرێمی کوردستان لە بڕگەی یەك تەعریف کراوە، واتا لە بڕگەی دوو و سێ و چوار پێویست ناکات دووبارە ئیعادە ببێتەوە، تەنها ئیکتیفا بە هەرێم بکرێت، ئێمە بەنیسبەت ماددەی یەکەم تەنها ئەو مولاحەزەیەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەوە هەیە لابردنی بڕگەی دوو لە دەقی ماددەکە لەسەر مەجلیسی وزەرا، چونکە ئەو مەجلیسی وزەرایە دووبارە نەبۆتەوە لەناو یاساکەدا، یەك جار هاتووە، کەواتە لێرە پێویست ناکات تەعریف بکرێت، لەسەر ئەوەش هاتووە کە ئەسڵی یاساکە بۆ چیە، دوایش لابردنی رستەی هەرێمی کوردستانی عێراق، یەعنی لەناو رستەکان هەرێمی کوردستانی عێراق دووبارە بۆتەوە، پێمانوایە پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی لە دەقی یاساکەدا هاتووە، دووبارە کردنەوەی دەبێتە شتێکی زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ دوو کەس، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی راوێژکارانی وەزارەت، چونکە دوایی دێینە سەر ماددەکانی تر، بۆ ئەو راوێژکارە زەروریەتی نییە؟ پێم باشە بکرێتە ئەنجومەنی وەزارەت، راوێژکاری نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حەمە شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە:

یەکەم/ هەرێمی کوردستانی عێراق، بە تەنها دەبێت بنووسرێت وشەی هەرێم، ئەوە تێبینی یەکەم.

دووەم/ ئەم وەزارەتە جێگری وەزارەتی نییە، من پرسیار دەکەم بۆ؟ تۆ ئەم قانونە دانانێی بۆ ئێستا، بەڵکو ئەم قانونە دادەنێی بۆ داهاتووی ئەم وەزارەتە، ئەم وەزارەتەش بەبێ جێگر، ئێمە موناقەشەی قانونی وەزارەتەکانی ترمان کردووە، هەمووی جێگری هەبووە، بەڵام لێرە من تێبینی ئەوەم هەیە کە جێگری نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێکهاتـەی ئەنجومەنەکـە سـیفەتی راوێـژکاری هەیـە لـە مـەتنی قانونەکـەو وەزارەتـیش تەڵـەبی کردیـە کـە ئەنجومەنەکە ئەنجومەنی راوێژ بێت، نەك ئەنجومـەنی وەزارەت، بۆیـە ئێمـە تەئیـدی وەزارەتمـان کـردووە، بەنیسـبەت ئـەو فەقەرەیـەی کـە بـرای بـەڕێزم کـاك کـاردۆ ئیشـارەتی پێـدا، بۆیـە ئێمـە لەگـەڵ ئـەو مولاحەزاتانـەی خۆمـانین، دوا رەئـیش رەئـی ئێـوەی بـەڕێزو ئەنـدامانی پەرلەمانـە، بەنیسـبەت وەکیـل وەزارەتیش، ئەوە جەنابی وەزیر لێرەیە، ئیمکان هەیە وەلاّم بداتەوە لەو مەوزوعە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن رەئی خۆتان بلّێن.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری دەکەین وەکو خۆی بێت، لەبەر ئەوەی ئەم وەزارەتە، وەزارەتێکە زیاتر خەڵکی ئیختیصاصی ئێمـە لـەم جـۆرە شـتانەی کـە مەسـەلەن (تـرام وای) لـە مەسـەلەی مـەتار، لـە ئەوانـە کەمـە لـە کوردسـتان، دەکرێت بە راوێژ زیاتر ئیستیفادە لە راوێـژ بکرێـت، لـە راوێـژکاری بکرێـت، بـۆ ئـەوەش لـە دەرەوەی ولاّت زیاتر ئێمە دەتوانین ئیستیفادە بکـەین، بۆیـە ئێمـە پشـتگیری ئـەوە دەکـەین وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، نـەك ئەنجومەن بێت، چونکە ئەگەر ئەنجومـەن بـوو، دەبێـت تـەعین و دامـەزراو و هـەر ئەوانـە بێـت، بـەس کـە راوێژ بوو، دەکرێت ئاڵوگۆڕی تیا بکرێت، بۆیە ئێمە پشتگیری دەکەین وەکو خۆی بمێنێتـەوە، سـەبارەت بـە وەکیل وەزیریش، ئەوە جـەنابی وەزیـر خۆیـان ئـەوەیان پێشـنیار کـردووە، ئێمـە قسـەمان تێـدا نـەکردووە، ئەوان دەتوانن تەوزیح بدەن لەسەر ئەو بابەتە لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاسـتی بەنیسـبەت جێگـری وەزیـر، ئێمـە بیرمـان لـێ نەکردۆتـەوە، خـۆی وەزارەتمـان وەزارەتێکـی ئیختیصاصیە، زۆربەی زۆری ئیش و کاری وەزارەتمان ئەگەر لەبواری گەیاندن بێت، یاخود لە بوارەکانی تر کـەرتی تایبـەت بـەڕێوەی دەبـات، لـە ئێسـتاوە ئێمـە دەیبیـنین، کـە هەیکـەلێکی زۆر گـەورەی هەیـە، بـە پێچەوانەوە پێویستی بە تەقلیص کردنی هەبوو، بەلاّم نەك بە دانانی جێگر بۆ وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت کابینەی شەشەمەوە، ئێمە لەم پەرلەمانە چەندین یاسامان لێرە پەسند کردووە، بۆ ئەو قۆناغە زۆربەی هەرە زۆری وەزارەتەکان وەکیلی وەزیری بۆ دانەنراوە، تەنها یەك، دوو وەزارەت نەبێت، وەکیل وەزارەت عەفو، بۆیە ئەم پرۆژەیەی کە هاتووە هەمان خاڵی بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە بەنیسبەت ئەو قۆناغەی کە ئێمە ئێستا پێدا تێپەڕ دەبین، هەر بۆیەش وەکیلی وەزارەت دانەنراوە لە زیمنی ئەم هەیکەلیەتەی بۆمان هاتووە لە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەی موشتەرەك بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- الوزارة: وزارة النقل والاتصالات في الاقليم.

3- الوزير: وزير النقل والاتصالات في الاقليم.

4- المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان پەسندە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**أهداف الوزارة:**

**1- انشاء وتشغيل وتطوير المطارات المدنية في الاقليم وادارتها والاشراف عليها وفق المعايير الدولية المعتمدة من قبل منظمة الطيران المدني الدولي (ICAO) والمعايير المحلية.**

**2- انشاء وتشغيل وتطوير شبكات (الترام واي) في مدن الاقليم وشبكات السكك الحديدية بين مدن الاقليم وربطها بخارج الاقليم.**

**3- انشاء وتشغيل وتطوير كافة انواع (المرائب) في مدن الاقليم وتأجيرها والاشراف عليها حسب المواصفات العالمية المتطورة واستيفاء الاجور والرسوم القانونية.**

**4- تأمين ادارة وتشغيل وتطوير انظمة الاتصالات الثابتة والمحمولة (السلكية واللاسلكية).**

**5- انشاء وتنظيم وتطوير مراكز البريد واصدار الطوابع البريدية وتقديم الخدمات البريدية باستخدام انظمة البريد العادي والسريع (السطحي والجوي) داخل الاقليم وخارجه.**

**6- انشاء مركز التنبؤ الجوي وكذلك الرصد الزلزالي وتوسيع وتطوير محطات الانواء الجوية ورصد النشاط الزلزالي في الاقليم وادارتها والاشراف عليها وتأمين كافة المستلزمات الضرورية لها.**

**7- منح التراخيص لكافة مجالات النقل والاتصالات والبريد للشركات المستثمرة المحلية والاجنبية ومتابعتها بموجب عقود تبرم بين الوزارة وتلك الشركات ولايمكن للوزارة قبول اي شرط تؤدي الى الاحتكار.**

**8- تنظيم وتخصيص الترددات المستخدمة في انظمة الاتصالات الصوتية والمرئية ضمن حدود الاقليم وبالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.**

**9- الاشراف وتنظيم وتطوير تكنولوجيا المعلومات وشبكة الانترنيت في الاقليم.**

**10- الاشراف على مكاتب النقل بما فيها مكاتب النقل في كافة المعابر الحدودية للاقليم واستيفاء الاجور والرسومات واستخدام (المنفيست) وفقا للقوانين وبالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.**

**11- تدريب وتأهيل منتسبي الوزارة في جميع المجالات.**

**12- التنسيق مع وزارة النقل والاتصالات الفدرالية في تنفيذ مشاريع النقل والاتصالات الاستراتيجية التي تكون اية محافظة من محافظات الاقليم جزءاً من رقعتها الجغرافية وتشارك الوزارة في اعداد التصاميم وكافة مراحل التنفيذ والتشغيل والصيانة ضمن حدود الاقليم.**

**13- تشجيع الاستثمار في مجالات النقل والاتصالات التي تحددها الوزارة بالتنسيق في هذا الشأن مع هيئة الاستثمار في الاقليم.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم: ئامانجەکانی وەزارەت:-

1- دروست کردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی فڕۆکەخانەکانی مەدەنی لە هەرێمداو بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنیان بەگوێرەی پێوەری نێودەوڵەتی، کە لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی فڕۆکەوانیی مەدەنی (ICAO)و پێوەری ناوخۆ (لۆکاڵ)ەوە پەیڕەو دەکرێن.

2- دروست کردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی تۆڕەکانی (ترام وای) لە شارەکانی هەرێمداو تۆڕەکانی هێڵی ئاسن لەنێوان شارەکانی هەرێمدا و گرێدانی بە دەرەوەی هەرێم.

3- دروست کردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی هەموو جۆرەکانی ترمیناڵ (گەراج) لە شارەکانی هەرێمداو بەکرێدان و سەرپەرشتی کردنیان، بەگوێرەی خەسڵەتەکانی پێشکەوتووی جیهانی و وەرگرتنی کرێ و ڕەسمی یاسایی.

4- مسۆگەر کردنی بەڕێوەبردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی سیستەمەکانی گەیاندنی جێگیرو ناودەست (بەتەل و بێتەل).

5- دروست کردن و ڕێکخستن و پەرەپێدانی بنکەکانی پۆستەو دەرکردنی پوولی پۆستەو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پۆستە، بە بەکارهێنانی سیستەمەکانی پۆستەی ئاسایی و خێرا (سەر زەوی و ئاسمانی) لە ناوخۆی هەرێم و دەرەوەیدا.

6- دامەزراندنی بنکەی کەشناسی، هەروەها سەنتەری بوومەلەرزەو فراوان کردن و پەرەپێدانی وێستگەکانی کەشناسی و چاودێری کردنی جوولەی بوومەلەرزە لە هەرێمداو بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنیان و دابین کردنی هەموو کەل و پەلێکی پێویست بۆیان.

7- پێدانی مۆڵەت بۆ هەموو بوارەکانی گواستنەوەو گەیاندن و پۆستە بە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنی خۆماڵی و بیانی و بەدواداچوونیان بەگوێرەی گرێبەست کە لەنێوان وەزارەت و ئەو کۆمپانیایانەدا مۆر دەکرێت و، وەزارەت بۆی نییە هیچ مەرجێك قبوڵ بکات کە دەبێتە مایەی قۆرخ کردن.

8- ڕێکخستن و تەرخان کردنی لەرینەوەی بەکارهاتوو لە سیستەمەکانی گەیاندنی دەنگ و ڕەنگ لە چوارچێوەی سنووری هەرێمداو بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.

9- سەرپەرشتی و ڕێکخستن و پەرپێدانی تەکنەلۆژیای زانیاری و تۆڕی ئینتەرنێت لە هەرێمدا.

10- سەپەرشتی کردنی نووسینگەکانی گواستنەوە لەنێویاندا نووسینگەکانی گواستنەوە لە تێکڕای دەروازەکانی سنووری هەرێمداو وەرگرتنی کرێ و ڕەسم و بەکارهێنانی مانفێست بەگوێرەی یاساو بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار.

11- مەشق پێ کردن و شیاندنی کارمەندانی وەزارەت لە هەموو بوارەکاندا.

12- هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی فیدراڵدا لە جێبەجێ کردنی پرۆژە ستراتیژییەکانی گواستنەوەو گەیاندن، کە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێمدا دەبێتە بەشێك لەڕووبەرە جوگرافییەکەی و وەزارەتیش لە چوارچێوەی سنووری هەرێمدا بەشدار دەبێت لە ئامادە کردنی دیزاین و تێکڕای قۆناغەکانی جێبەجێ کردن و وەگەڕخستن و چاك کردنەوەدا.

13- هاندانی وەبەرهێنان لە بوارەکانی گواستنەوەو گەیاندندا کە وەزارەت دیاریی دەکات، لەم ڕووەشەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەربەرهێنان لە هەرێمدا.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ مولاحەزەیەکی ئەوتۆمان نیە، تەنها بەعزێك مەسائیلی لۆغەوی هەیە، تەصلیحمان کردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەم ماددەیە کە ماددەی دووە، ئێمە پێمان وایە ئەمە هەم مەهامە، هەم ئەهدافە، لەبەر ئەوە پێمان باشە کەلیمەی مەهامیشی بۆ زیاد بکرێ لە ماددەکە، لە بڕگەی (2) زیاد کردنی وشەی ئەوە،

بەکوردی ئەبێتە ئەرکەکان زیاد بکرێ، لە برگەی (7) بۆ ئەوەی تەعریفی تر هەڵنەگرێ، پێمان باش بوو لەناو کەوانەیەك(وشکانی و ئاسمانی) زیاد بکرێ، دووبارە دارشتنەوەی برگەی (9) کە بەم شێوەیەی خوارەوە بێ، هەم لە عەرەبیەکەی، هەم لە کوردیەکەی دەستکاری بکرێ، چونکە پێمان وایە تۆزێك رەکیکە، رێکخستن و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای زانیاری و تۆری ئەنتەرنێت لە هەرێمداو سەرپەرشتی کردنی، سوپاس.

**بەرێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەرێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان پەسەندە وەك خۆی تەنها ئەوە زیاد بکرێ لە ماددەی (2)، دەڵێ (اهداف ومهام الوزارة) مەهامی وەزارەت زیاد بکرێ، لەگەڵین، برگەی نۆ هەر هەمان شتە، مەسەلەیەکی قەواعیدی ئەگەر (اشراف علیها) بکەوێتە ئەخیر وەك کاك بیلال ئاماژەی پێی کرد، پێمان پەسەندە.

**بەرێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە دەیەوێ قسە بکات؟، عبدالقادر اکرام، سالم کاکۆ، هاژە سلیمان، سۆزان شەهاب، کاردۆ محمد، بێریڤان سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمن، خلیل عثمان، بەیان احمد، سەروەر عبدالرحمن، کاوە محمدامین، صباح بیت الله، عبدالسلام بەرواری، هاوراز خۆشناو، شەونم محمد، فاضل بەشارەتی، کاك قادر، تارا ئەسعەدی، ئەم بەرێزانە داوای قسە کردنیان کردووە، فەرموو کاك عبدالقادر اکرم.

**بەرێز عبدالقادر اکرام جمیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم لە ماددەی (2) هاتووە، یەعنی هەموویان بەراستی ئەوەکانیان زۆر بەهێزە، ئەما ئێستا حەز دەکەم فەقەرەیەك زیاد بکەین، یەعنی ئەو فەقەرەیەش ئاوا بێ، تەبیعی فەقەرەکەش بە عەرەبیە، (اعداد دیراسات الجدوى الاقتصادیة والفنیة لمشاریع النقل الجوي والبري وسكة الحدید والاتصالات اللاسلكیة فالبرید والتصمیم تنفیذ المشاریع والقیام بجمیع الاعمال والخدمات المتصلة بتلك الاغراض) یەعنی دەمەوێ ئەو فەقەرەیە زیاد بی لە ماددەی (2)، سوپاس.

**بەرێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك سالم.

**بەرێز سالم تۆما کاکۆ.**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر چاودێری و سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانی وەزارەتە، بەلاٚم لێرە دەبینین لە ماددەی دووەم، بەشی زۆری دروست کردن و هەڵسوراندنی چالاکیەکانی وەزارەتە، (انشاء وتشغیل وتطویر المطارات)

(انشاء وتشغيل وتطوير شبكات الـترام) هـەروەها چالاكیەكانی تـر، وابـزانم یـەكتر بـڕە لەگـەڵ ئەهـدافی وەزارەت، بۆیە پێم باشە بەم شێوەیە بكرێ( الاشراف على انشاء وتطوير وتشغيل ) ئەوجا موئەسەساتەكانی پێدابێ مەتارات و گەراج و چالاكیەكانی تری وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیگری لە لیژنەی شارەوانی دەكەم، بە زیاد كردنـی وشـەی (ئـەرك) ببێتـە ئـەرك و ئامانجـەكانی وەزارەت، لە ماددەی (2) دا، دەربارەی بڕگەی (3) خـاڵی (3) لـەماددەی دووەم، مەسـەلەی دروسـت كـردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی هەموو جۆرەكانی تەرمینالْ گەراج، لە شارەكانی هەرێمدا، بەڕاسـتی هەرچـەندە ئەوە لە ئەرك و ئامانجـەكانی وەزارەتـە، بـەلاَم ئـەوەی مـن دەمـەوێ لێـرە باسـی بكـەم، بـە فرسـەتی دەزانم ئەوەیە كە زۆربەی گەراجەكانی هەرێم ئێستا، گەراجی زۆر زۆر خـراپن، ئـەبێ یـەعنی بـە زوویـی وەزارەت كار بۆ ئەوە بكات، كە گەراجی باش لەسەر ئاستێكی باش دروست بكـات، چونكە بەڕاسـتی ئـەو گەراجانـەی كە ئێستا هەن، زۆربەی خەڵك لەوە گلیـەیان هەیـە، كـە وەكـو سـاڵی پەنجایەكانـە، ئـەبێ نەفـەر ئینتیـزاری بكات، بە سەعات لەناو سەیارە دابنیشێ، یاخود ئەوەیـە بەراسـتی لـە موسـتەوای ئاسـتی پێشكەوتنی ئێسـتا نیە، لە ئاستی پێشكەوتنی تەكنەلۆژییای ئێستا نیە، یاخود ئەوەی كە ئەبێ سایەق هـاوار بكـات بـۆ نەفـەر، كە ئەوانە بەڕاستی لە ئاستی پێشكەوتنی ئێستا دانیە، بەڕاستی ئەبێ وەزارەت بە جدی كار بۆ ئەوە بكـات، بە زووترین كات، گەراجی لەو شێوەیە كـە لەگـەڵ ئاسـتی پێشـكەوتنی ئێسـتا بگـونجێ، دەربـارەی بەڕاسـتی ئەوەی پاسیش، مەسەلەی پاسەكان ئێستا زۆربەی زۆری لە هەولێر، پاسـەكان خـەڵك گلـەییان لـەوە هەیـە، كە بەشێوەیەكی بـاش ئەركـەكانیان جێبـەجێ ناكـەن، زۆر گلـەییان لـەوە هەیـە كـە لـەكاتی خـۆی یـان ئـەو كەسانەی كە دەوامیان هەیە، زۆر تاخیر دەبـن بـە هـۆی ئـەوەی كـە لـەكاتی خۆیـان ناگەنـە شـوێنی خۆیـان، دەربارەی خاڵی حەوتەم، بەڕاستی مەسەلەی پێدانی مۆڵەت بە هەموو بوارەكانی گواسـتنەوەو گەیانـدن، وە پۆستە كۆمپانیای وەبەرهێنان، ئێمە چەند كۆمپانیایەكی مۆبایلمان هەیە لـە هـەرێمی كوردسـتاندا، خـەڵك گلەیی زۆری لەوە هەیە، ئەبێ وەزارەت كار بۆ ئەوە بكات، بەدواداچـوونی خـۆی بـە باشـی بكـات، زۆر سـیم كارت هەیـە، یـەعنی سـیم كارتـەكان بەشـێوەیەكی بـەبێ سانسـۆر دەفرۆشـرێن لـە بازاڕەكـان، كێشـەی زۆری دروست كردووە بەڕاستی بۆ خەڵك، لە ڕێگەی ئەم سیم كارتانەوە كە بەناوی هیچ كەسێك ناكرێ، لـە بـازاڕ پێیان دەوترێ سیم كارتی علوج، خەڵك تەهدید دەكرێ، خەڵك مەشاكیلی بـۆ دروسـت دەكـرێ، بۆیـە دەبـێ وەزارەت كار لەسەر ئەوە بكات، كە بەدواداچوون بۆ ئەو كێشانە بكـات، دەربـارەی خـاڵی (9) سەرپەرشـتی و ڕێكخستن و پەرەپێدانی تەكنەلۆژیای زانیاری و تۆڕی ئینتەرنێت لە هەرێم، بەڕاسـتی زۆر گرنگـە كـە ئـەو وشەیەكی بۆ زیاد بكرێ، چاودێریش لەسەر ئەو سایتانەی كە گونجاو نین لەگەڵ كۆمەڵگای ئێمـەدا، چونكە

بەڕاستی زۆر سایت هەیە کە گونجاو نیە لەگەڵ ئێمەدا، هیچ سانسۆرێکی لەسەر نیـە لـە هـەرێم، ئەمـە زۆر گرنگە کە وشەی چاودێری بۆ زیاد بکرێ، ئەوە یەکێك بێ لە ئەرکەکانی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلـەمان، بێگومـان بابـەتی گەیانـدن و گواسـتنەوە یەکێکـە لـە بابەتـە گرنگـەکانی کـە ئێستا لە دونیاش زیـاتر بـەرەو کـەرتی تایبـەت دەڕوات، حکومـەت ئەرکەکـەی تـەنیا ڕێکخستنەکەیە، هیـچ خۆی ناکاتە تەرەف لە بەڕێوەبردنەکە، بەڵکو تەنها سەرپەرشتیان دەکات، هەر بۆیە من لەخاڵی یەکەمەوە دەست پێ دەکەم، قەت وەزارەتی گەیاندن و گواستنەوە ناتوانێ مەتار دروست بکات، وەگـەڕی بخـات، پـەرەی پێ بدات، ئەمانە هەمووی کەرتی تایبەتە دەیکات، یەعنی هەتاوەکو ئێستا نـەبووە لـە هـەرێمی کوردسـتان، ئەسلەن کارمەندمان نیە کە موختەس بێ بە مەتار دروست کردن، لەبـەر ئـەوە مـن داواکـارم خـاڵی یەکـەم بکرێت بە (علـی اشـراف) یـەعنی وەزارەت ئاگـادار بـن، تـەرەفێك بـن تـەنها بـۆ چـاودێری کردنـی مەسـائلی پەرەپێدان، ئەگینا ما باقی ئەوانە هەموو کۆمپانیای تایبەت ئەکات، بەتایبەتی دروست کردنەکەی، بـەعنی با ئێمە شتێك نەڵێین کـە سـوور دەزانـین لـە توانـای وەزارەتەکـە نیـە، نـاتوانێ بیکـات، سـەبارەت بـە خـاڵی دووەم، وشکانی و ئاسمانی، دروست کردن و وەگەڕخسـتنی و پەرەپێـدانی، جارێکی تـر ئەیڵێمـەوە، وەزارەت دروستی ناکات، تکایە ئیشرافی ئەکات، لە کۆمپانیای ئـەهلی خەتـەکان دروسـت ئـەکات، کۆمپانیـای ئەهلیـە تەنانەت یەك دیزاینەکەشی ئەکات، تکایە دروست کردن وەزارەت نایکات، بیکەن بە ( اشـراف علـی) چـونکە ناکرێ وەزارەت، نـاتوانێ دروسـتی بکـات، دیزاینەکـەی بـە کۆمپانیـا دراوە، خـاڵی پێنجـەم، دروسـت کـردن و ڕێخستن و پەرەپێدانی بنکەکانی پۆستە، جارێکی تر ئەگەڕێمەوە بۆ حزوری کەرتی تایبـەت، لـە بوارەکـانی پۆستەو گەیاندن، بەڵام لێـرە شـتێك دەبیـنم کـە مـن پێموایـە بـە پێچـەوانەی مـاددەی 110 ی دەسـتووری عیراق، بەتایبەت (سادساً: تنظیم سیاسة ترددات بثیة والبرید) خۆشمان دەزانین لە بەریدا دەرکردنـی پـول، یەکێکە لەو شتانەی کە لە پـاڵ بەریـدو ڕێکخسـتنەکەیەتی، لەبـەر ئـەوە لێـرە داواکـارم لـە لیژنـەی یاسـایی لەسەر ئـەم بابەتـە تـەوزیحمان بـدەنێ، چـونکە مـاددەی 110 سادیسـەن زۆر سـەریحە، سـەبارەت بـە خـاڵی حەوتەم و خاڵی 13 یەك شتە، پێـدانی مۆڵـەت بـۆ هـەموو بوارەکـانی گواسـتنەوەو گەیانـدن و پۆسـتە بـە کۆمپانیاکـانی وەبـەرهێنانی خۆمـاڵی، لـە 13 ئـەڵێت، هانـدانی وەبـەرهێنان لـە بوارەکـانی گواسـتنەوەو گەیاندندا کە وەزارەت دیاری ئەکات لەم ڕووەشەوە هەماهەنگی لەگـەڵ دەسـتەی وەبـەرهێنان دەکـات، مـادام ئەم دوو خاڵە یەك شتن باسی بابەتی وەبەرهێنان دەکەن، لە بواری گەیاندن و گواستنەوە، لەبەر ئەوە پـێم باشە سیاغە بکرێتەوە، بەشێوازێکی تر کە بوترێ هاندانی وەبەرهێنان لـە بوارەکـانی گواسـتنەوەو گیانـدن،

بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا، پێدانی مۆڵەت بۆ بوارەکان نەوەك هەموو، بوارەکانی گواستنەوەو گەیاندن و پۆستەو کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان، چونکە بەڕاستی بەڕێزان ئەم خاڵە خۆی ڕاستە، ئەگەر بێیت ئەم خاڵە دابنێی، تەواو پێچەوانەی ئەو خاڵانەیە کە وەزارەت ئەو ئەرکەی خستۆتە سەرشانی خۆی کە دروستی بکات، کە خۆی دروستی بکات، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو دروست کردنانە هەمووی ببێت بە ئیشراف، ئەم دووخاڵەی 7 و 13 بکرێت بەیەك خاڵ، چونکە باسی وەبەرهێنان دەکات، سەبارەت بە نۆیەم، بەڕێزان هەتاوەکو ئێستا لە هیچ کوێی دونیا سەرپەرشتیاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت ناکرێ، لەگەڵ ڕێزما سانسۆری لەسەر دانانەدرێت، هیوادارم لەهەرێمی کوردستان، تەوەجوهەکەش نەچێت بەو بارەی کە سانسۆر لەسەر ئینتەرنێت دابندرێت، ئێمە هەرباسی ئازادی و ئازادی ڕا دەربڕین دەکەین، ئینتەرنێتیش یەکێکە لەو بوارانە، لە هیچ کوێی دونیا سانسۆری نەخراوەتە سەر، بەڵکو ئەو کەسانەی کە سایتەکان دەکەنەوە، پێموایە تەقدیمی تەلەب دەکەن لە وەزارەت و وەزارەت ئاگاداری بێ، ئەگینا سەرپەرشتی کردن وچاودێری کردن و سانسۆر کردن، بەهیچ جۆرێك ئێمە لەگەڵی نین و ناشبێ کە ئەمە خەتێکە ..، بەڵێ، دەتوانێ وەزارەت ڕێکخستنی خەتەکان و کۆمپانیاکانی گەیاندنی ئینتەرنێت، ئەوانە دەتوانێ مۆڵەتیان پێ بدات، سەرپەرشتیان بکات، بزانێ کارەکانیان کە خەڵك گلەیی هەیە لە کۆمپانیایەکی ئینتەرنێت، بەدەم داوای خەڵکەوە بچێت، ئەمانە هەیە، بەڵام سەرپەرشتی تۆڕەکان بکات و هەندێ تۆڕ سانسۆر بکات، ئەمە نیە هەتاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە سەرپەرشتی کردنی نووسینگەکانی گواستنەوە لە نێوان دێهاتەکان، نووسینگەکانی گواستنەوە لە تێکڕا لە دەروازەکانی سنووری هەرێمی کوردستان، جارێکی تر دەیڵێمەوە بەپێی خاڵی یەکەم، مادام مەتارات سەرپەرشتی کردنەکەیان خستۆتە سەر ئەرکی وەزارەت، سەرپەرشتی کردنەکەیان، کۆمپانیاکانی کە سەر بە بواری مەتاراتن، ئەوانەی پلیت دەفرۆشن بە هاووڵاتیان، ئەمانە دەبێ مۆڵەت لە وەزارەتی گەیاندن وەربگرن، وەزارەتی گەیاندنیش ئاگاداربێ، چونکە بەڕێزان لە هەرێمی کوردستان موشکیلەیەکمان هەیە، ئەو کۆمپانیایانە ڕاستە عەقدیان کردووە، ڕاستە تەیارەیان بەکرێ گرتووە، بەڵام هیچ مولتەزم نین بەو سکە جولەی کە دایئەنێن بۆ هاووڵاتیان، جاری وا هەیە هاووڵاتیەك کەدێتە ئێرە کارێکی هەیە، لە هەموو دونیا شت بە مەوعید ئەڕوات، تەنها لە هەرێمی کوردستان لە مەتارەکانیان بە مەوعید ناڕوات، مەفروزە ئەو زەلامە لە مودەتی خۆیا سەفەر بکات، مەفروزە ئەو کۆمپانیایەی کە حاڵەتێك و دوان و سیان لەم جۆرەی تووش بووە، دەبی ئیجازەکەی لێ سەحب بکرێتەوە، یەعنی مەعقول نیە هاووڵاتی بمێنێتەوە شەو هەتا بەیانی لە مەتار، لەبەر ئەوەی تەیارە نەبووە، نەیان توانیوە تەیارەی بەدیل دروست بکەن، لەبەر ئەوە من داواکارم لێرەوە، کەوا سەرپەرشتی لەپاڵ ئەوەی کە نووسیویانە، نووسینگەکانی گواستنەوە لە تێکڕای دەروازەکانی سنووری هەرێم، لەنێوانیاندا مەتاریش، ئەوە دەبێ لە وەرگرتنی کرێ و ڕەسم و هەموو ئەو شتانە، ئەوانیش بێ بەش نەکرێن، یەك خاڵی تر هەیە، ئەمە پرسیارێکە لە وەزارەت دەیکەم، بەپێی ئەوەی وەزارەت سەر پەرشتی گواستنەوە دەکات، لە هەرێمی کوردستان پێموایە شارەوانیەکان و

موحافەزاتەکان، کۆمەڵێك مەحەتەی پاسیان داناوە، ئەو چەترانەی کە دانراوە، ئەو چەترانە ئەسلەن خۆی دەبێ، وێران بووە، ئەوە وێران بووەکەی بخەرە ئەو لاوە کە خەڵك زۆر زۆر عەزیەتی ئەو محەتانە ئەدات، بەڵام نە فتعە دانراوە، ئەمە چ خەتێکی پیا ئەڕوات، نە مەوعیدی هاتن و چوونی بەسەرا دانراوە، هیچ شتێکی تیا نیە، بەس تەنها ئەم مەحەتانە بۆتە بەشێك لە دیکۆری شارەکە، ئەگینا هیچ شتێکی تری تیا نەکراوە، ڕاستە ئێستا لە هەرێمی کوردستان گواستنەوە بەو شێوەیە تەنزیم نەکراوە، کە بەسەعات و بە دەقیقە، بەڵام خۆ دەکرێ بوترێ لەم مەحەتەی پاسەیا ئەم خەتانە پێیدا دەڕوات، دەتوانێ هاوولاتی لەوێوە سوار بێ، ڕوون کردنەوەیەکە بەرچاوڕوونیەکە، من ئێستا لێم بپرسی ئەو مەحەتەیە چ پاسێکی پیا ئەڕوات، نایزانم، لەبەر ئەوە هیچ فتعەیەکی لەسەر دانەنراوە، هیچ نەبێ ئەو ئەرکە بچێتە سەرشانی وەزارەتی گواستنەوە، بۆ ئەوەی ئەم کارە ڕێك بخات، باشتر کارەکانیان بەڕێوەبەرن، ئەوە مولاحەزاتی من بوو لەسەر ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان تێبینی سۆزان خان لەسەر خاڵی نۆ و دە هەیە، کاتێ کە ماددەی یەك تێپەڕی، بەڵام باسی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریمان کرد، لەماددەی دوو باسی دروست کردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی فڕۆکەخانەکانی مەدەنی لە هەرێم دەکات، ئەم دروست کردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانە، بەلای منەوە ناکۆك دەبێ لەگەڵ حوکمەکانی یاسای دەزگای فڕۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، یەعنی بۆیە دەمووت با ڕاوێژکار نەبێ، ئەنجومەن بێ، بۆ ئەوەی بەلای منەوە یەکێك لە کێشەکانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، فڕۆکەخانەی مەدەنیە لە کوردستان، بەلای ئێمەوە گرنگە ببێتە بەشێك لە وەزارەت، بۆخۆشی ئامانجەکەی لێرە زۆر زۆر بە ڕوونی دیاری کردووە، لەبەر ئەوە ببێتە ڕاوێژکاری کە ئێستا کرا، دەورێکی تەوسیاتی ڕاوێژکاری نەبێ ناتوانێ ئەو سەرپەرشتی و وەگەڕخستنە بکات، کە لە ئامانجی یەکەم دیاری کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لە قسەکانم سۆزان خان کردی، بۆیە پشتگیری دەکەم، ئەو پرۆژە یاسایە زۆر لای من گرنگە، چونکە گەیاندن و گواستنەوە زۆر گرنگە لە پێشکەوتنی وڵات، ئەگەر ئەوانەمان هەبێ یەعنی هەرێممان زۆر

پێشكەوتووە، هەرچەندە درەنگە دەبوایە دووساڵ پێش ئێستا بوایە، بەلاّم بەنیسبەت ئەوە قسە دەكەم، ماددەی(2)برگەی (3) دروست كردن و وەگەڕخستن، دروست بوونی جۆرەكانی تەرمینالّ، لێرە باسی تەرمینالّ كراوە، منیش بەئەركی تایبەت دایدەنێم، كە نەوەك حكومەت دروستی بكات، ئەوە لە هەموو وڵاتانی جیهان گەیاندن و گواستنەوە كەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبات، بەلاّم لێرە تایبەتمان زۆر بەرِێك و پێكی نایبات بەرێوە، بۆیە حەز دەكەم ئەوە وەزارەتی گەیاندن و گواستنەوە سەرپەرشتی بكات، بەتایبەتی دروست كردنی تەرمینالّ بۆ پاسەكان، هەتا پاس نیتمان ئێستا، زۆر شوێنی جوانمان هەیە بۆ ڕاوەستانی پاس، بەلاّم نە كاتی پاس دەزانی، نە پاسەكان دەناسی، نە شوفێركان دەزانین، زۆر پێویستە پاس لە كاتی دیاری كراوی خۆی تەعلیماتی بۆ دابنرێت، چونكە ئەوە ڕۆشنبیریە كە بۆ خەلّك بلاّوی دەكەینەوە، كە خەلّك هاتوچۆ بكات بە پاس، لەبەر ئەوە ئێستا ژینگە كێشەیەكی جیهانیە، كوردستانیشی گرتۆتەوە، پێویستە خەلّك فێربێ بە پاس هاتوچۆ بكات، بەلاّم لەم هەموو ئامانجانەی كە نووسراوە، باسی پاس هیچ نەهاتووە كە زۆر موهیمە، باسی ڤیتار دەكەین، كە ڤیتارمان هەر نیە، باسی پاس ناكەین كە ئێمە نوقتەی پاسمان هەیە، ئەگەر هاتو شوێنیان هەبێ تایبەت، وەكو جاران، گەراجی پاسەكان هەبوو، ئەوكاتە خەلّك فێردەبی بەوە هاتوچۆ بكات، بۆیە سەرپەرشتی كردنی، یان لێرە دەڵێ دروست كردن، ئەگەر دروست كردن بێ تەرمینالێكی تایبەت  بە پاس زۆر گرنگە، ئەوە یارمەتی دەرە بۆ كەم بوونەوەی پیس بوونی ژینگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری داواكانی سۆزان خان و بێریڤان خان دەكەم، كە بە بوونی تەرمینالّی تایبەت بە پاسەكان، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین جاران پاس هەبووە كە خەلّكێكی زۆر ئیستیفادەی لێ كردووەو هاتوچۆی پێ كردووە، ئێستا دەبینین بوونی زۆر كەم بووە، یاخود لایەنی تایبەت پێی هەڵدەستێ بەم كارە، ئەمەش دیارە گرنگی خۆی هەیە، یەكەم شت ئەوەیە دیارە كە ژینگە دەپارێزێ، بۆئەوەی ئەو دوكەڵەی كە سەیارە دەری دەكات، ئەگەر پاسی تایبەت هەبێ، ئەوكاتە شوێنی تایبەت لەسەر پاسەكان دیاری بكرێ، ئەوكاتە خەلّك ئەوەندە ئەوە نابێ سەیارەی تایبەت بەخۆی بەكاربێنێ، بۆ ئەوەی بگاتە شوێنی كاری تایبەتی خۆی، پاسەكە بەكاربهێنێ، دووەم شت، ئەو هەموو ڕووداوەی هاتوچۆ كە لە سەیارەو خێرایی لێخوڕین ڕوودەدات، ئەوكاتەش ڕووداو كەم دەبێتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە عینوانی ماددەی (2) دەست پێ دەکەم، یەعنی برادەران لە هەردوو لیژنە، دیارە سەرەتا ئامانجەکانی وەزارەت بووە، دوایی ئەرکیشیان بۆ زیاد کردووە، بەڵام بەگوێرەی ئەوەی ئینشاو تەشغیل و کۆمەڵێك شتی تیایە، من پێم باشە بکرێتە ئامانج و ئەرك و دەسەڵاتەکانی وەزارەت، یەعنی دەسەڵاتەکانیشی بۆ زیاد بکرێ، خاڵێکی تر، ئەو مەسەلەی ئینشائە، لە دوو، سێ شوێن دووبارە بۆتەوە، هەروەکو سۆزان خان گوتی، ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو نەمتەی ئێستا ئێمە کاری لەسەر دەکەین، نەمتی خەسخەسەو ستراتیژی خەسخەسە کردن لە هەرێمی کوردستان، بەو دەلالەتەی کە ئێمە چەندین جار لە پرۆژە یاساکان لە پەسەند کردنی پرۆژە یاساکان، تەرکیزمان لەسەر تەشجیع کردن و هاندانی کەرتی تایبەت کردۆتەوە، بۆیە من پێموایە ئەمە بەڕاستی پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو مەبدەئە، خاڵێکی تر هەر سەبارەت بە بڕگەکانی (7) و (8) و(9) مەسەلەی ئیتصالات، وە تەنەسوب کردن، بەشێوازێك دابڕێژرێتەوە بەڕاستی تەعەسوف بەکارنەهێندرێت، یەعنی ئەمە حەقێکە دراوە بە وەزارەت، هەروەکو سۆزان خان گوتی، بەڵام تەعەسوف لەبەکارهێنانی ئەو بڕگەیە نەکات، کەئەویش مەسەلەی تەنەسوب کردنە لەسەر موخاتەباتی شەخسی، ئیتیسالاتی شەخسی، هەم پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤە، هەم پێچەوانەی ئەم نەمتەیە کە ئەمرۆکە ئێمە بەرەو ئازادی و بەرەو کرانەوەو بەرەو ڕای جیاواز دەڕۆین، ئەمە پێم باشە بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە کە مەتاتیەتی تیا نەبێ، تەحدید بکرێ، خاڵێکی تر کە بەلامەوە زۆر گرنگە، ئەویش تەنزیم کردنی هاوردەکردنی هۆکارەکانی هاتوچۆیە لە هەرێمی کوردستان، بە هەماهەنگی لەگەڵ وزارەتی ناوخۆ، ئێمە بۆخۆمان دەزانین ئەمڕۆ ڕێگاو بانەکانمان، شوێنەکانمان ئێمە لۆدێکی زۆری هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی لەسەرە، ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل داخلی هەرێمی کوردستان بووە، لە بارهەڵگر لەتانکەر، لە سەیارەی شەخسی، ئەمانە من پێم باشە بەڕاستی دەسەڵاتێك بدرێت بە وەزارەت بە ڕاستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، بەڕاستی دیاری بکرێ و حەدێکی بۆ دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا دوێ، بۆچونامن ئەڤێت هەنێ ئەهداف نینە، هەمی ئەرکن، مەهامن، ژبەر هندێ ئەز پێشنیار دکەم کو ماددەیەکی دی زێدە بکەین، بۆ ڤێ موئەسەسێ، بۆ ڤێ وەزارەتێ، کو یەعنی ئامانجێت وەزارەتێ بن، کو دام و دەزگەهەکا هەبیتن ئامانجێیێت خۆییێت هەی، لەوما ئەز پێشنیار دکەم کو زەروری

دزانم، ئەڤە هەنێ هەبیتن، بۆ نموونە، چەند ئامانجەکان پێشکەشی مەجلسا بـەڕێزی دکـەم، (تنمیـة قطـاع النقل وتطويره وفق خطط الاقليم الاقتصادية والاجتماعية وبما يكفل تلبية الطلب على مرفق النقـل) ئـەم زانین کو نوکە گەشە پێدانێ، یەعنی دوارێ گەشەپێدانێینە، لەوما ئەز ب گرنگی دزانم ئەڤا هەنێ، ئارمانجا هەنی مە هەبیتن، خالا دوێ، (رفع مستوى الخدمة في قطاع النقل) خالا دی ترێ وەکو سـۆزان خـانێ ئامـاژە پێ کرد (تعزيز دور القطاع الخاص والتشجيع على الاسـتثمار في مجال النقـل) گەلـەکا گرنگـە، یـەعنی ڕۆلێ کەرتێ تایبەت پێ وازح بیتن تێدا، خالادی تر (تحقيق التكامل والتوافق والتنسيق في مجالات النقل المختلفة) ئەز ڤێ ماددەی پێشنیار دکەم، وەکی ئارمانج، وەکی من ئاماژە پێ کـرد، هـەر دام و دەزگەهـەکی ئارمـانجێ خۆییێت هەی، لەوما ب زەروری دبینم، ڤێرە ژی ئەڤە بێتە ئیزافە کرن، سـەبارەت ئـەڤێت هـەنێ، کـو ببنـە مەهامێ وەزارەتێ، ئەز خالا شەشێ پرسیار دکەم، ب ڕاسـتی ژ جـەنابێ وەزیـری، راسـتی زلـزالی لایـێ مـن چ عیلاقەت ڤێرە نینە، گەر بۆمە تەوزیحەکێ ل سەر بداتن، خالادی ترێ ئەز ئیزافە دکەم بۆ سەر مـەهامێت وەزارەتێ، ئێکێ ژوا (وضع سياسة عامة للنقل والاشراف على تنفيـذيها بالتنسـيق والتعـاون مـع الجهات ذات العلاقة) خالا دی ترێ (اعداد البحوث والدراسات اللازمة لتطـوير قطـاع النقـل واصـدار النشـريات والتقـارير الدوريـة) نوقتەهـەکا دی ب فـەرد بینـم (مهـام) ئیزافـە ببـیتن، (انشـاء قاعـدة المعلومـات لقطـاع النقـل) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی تێبینی دەکەم لەماددەی (2) دا، هەندێ بابەت و ئەرك و ئامانج هەیـە هـی وەزارەتـن بـە فعلـی، پێویستە باشـتر بـەدوای دابچـی یـاخود کـاری زیـاتری لەسـەر بکـات، کـە بەداخـەوە نـەی کـردووە، هەنـدێك بابەتیش هەیە کە کاری ئەو نیـە دێ کـار لەسـەر ئەمـە دەکـات، بـۆ نموونـە، لـە خـاڵی حەوتـەم، بـاس لـەوە دەکـات مەسـەلەی پێـدانی مۆڵـەت بـۆ هـەموو بوارەکـانی گواسـتنەوەو گەیانـدن، بەتایبـەت مەسـەلەی کۆمپانیاکانی گەیاندن دێتەکایەوە، لەمەدا ئەرکی وەزارەتـە کـە بێـت و چـاودێری بکـات، ئێمـە لێـرە شـتێك دەبینین بابەتی ڕۆژە، ئەو کۆمپانیایانە بۆیان نیـە هـەر بـێن لەخۆیانـەوە پـارە لـەهاووڵاتیان بسـێنین، یـان بەجۆرێك لە جۆرەکان بیڕەتێننەوە، بۆ نموونـە، کۆمپانیـان هەیـە دەڵـێ شـەش ملیـۆن بەشـدار بـۆی هەیـە، سادەترین شت کە کارتی مۆبایلەکەی دەفرۆشێت لە بازاڕ پێنـج سەد دیناری هاتۆتەوە سەر، بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمان، 500 دینار هیچ نیە لەوانەیە بۆ هاووڵاتیەك، بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە لێرە بیخەینـە سـەر یـەك ئەو ژمارە حیسابیەی بکەین لـە مانگێکا نزیکـەی سـێ ملیـار دینـار دەکات، سێ ملیـار دینـار بـە ناشـەرعی دەچێتە گیرفانی کۆمپانیایەکەوە، کێ لەمە دەپێچێتەوە، کێ بەدوایدا دەچێت، من ئـەو پرسـیارە لـە بـەڕێز وەزیـر دەکەم، کەوا چیان کردووە بۆ ئەمە، لەو بەدواداچوونانەی کەوا هەیە، ئەمە کـە کـاری وەزارەتـە، کـە

نایکات، بـەڵام لـەوڵاترەوە بابـەتی تـر هەیـە کـە کـاری وەزارەت نیـە، هەرچـەندە ئەمـە یاسـای پێکهاتـەی وەزارەتە، خراوەتە یاساکەوە کە کاری ئەو نیە، بۆ نموونە، لەخاڵی شەشدا هەروەکو هاوکارم بـەیان خـانیش ئیشارەتی بەوەدا، شتێك بـاس دەکـات، دامەزرانـدنی بنکـەی کـەش ناسـی و سـەنتەری بوومـە لـەرزە، بـەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هیچ کاری وەزارەت نیە بێتن سەنتەرێکی هەبێ بەناوی بوومەلەرزە و سـەنتەری کـەش ناسی، سەنتەری کەش ناسی و سەنتەری بوومەلەرزە، یەکێکە پەیوەندی بە کۆمـەڵێك سـێکتەری تـر هەیـە، بە کۆمەڵێك وەزارەتی تر، بە کۆمەڵێك لایەنی تر هەیە، مـن نـازانم حیکمـەتی ئـەوە لەچـی دایـە جـەنابی وەزیر ئەگەر بێتو ئەو سـەنتەرە لـەو وەزارەتـە بـێ، لەوانەیـە بـەو جـۆرە هـاتبێ کـەوا ئێمـە لـە حکومـەتی عیراقـدا حکومـەتی فیـدرال سـەنتەرکە سـەر بـەو وەزارەتەیـە، ئێمـەش دامـان نـابێ، کـاری سـەنتەری بوومەلەرزەو سەنتەری کەش ناسی ئەوەیە، وەکو سەنتەری بوومەلەرزە کاری دراسات کردنە، توێژینەوەیـە، بەدواداچـوونە، ئـاخۆ لـەم ولاّتـەدا بوومەلـەرزە هەیـە، یـان نیـە، یـان ڕوودەدات یـان ڕوونـادات، چـۆن بینایەکانمان ڕێگاو بانەکان هەموو لایەنەکانی تر تا چـەند تەحـەمولی ئـەوە دەکـەن، ئەمـە کـاری وەزارەتـی خوێندنی بالاّیە، لە وەزارەتی خوێنـدنی بـالاّش بەتایبـەت ئێمـە سـەنتەرێکمان هەیـە، سـەنتەری دیراسـاتی ستراتیژیات، لێکۆڵینەوەو دیراساتی ستراتیژیە، ئەمـە کـاری ئـەوەبێ ئـەوە بکـات، چـونکە کۆمـەڵێك باحسـی لێیە، بەلاّم لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ ئەو کەسانەی لەوێ ئیش دەکەن، چەند کەسێکن دەرچووی زانکۆن، بـەلاّم ئەم توێژینەوە لەوێدا نیە، ئەمە کاردانەوەی خراپیشی دەبێ لە داهـاتوودا، سـەبارەت بـە کـەش ناسـیەکەش هەر ئەوها، کەش ناسی تەنها پەیوەندیدار نیە بە وەزارەتی گواستنەوە، کە ئایـا ڕێگـە دەگـیرێ یـان نـاگیرێ، بەڵکو پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵیشەوە هەیە، پەیوەندی بە وەزارەتی سەحەشەوە هەیە، پەیوەندی بە وەزارەتی تەربیەشەوە هەیە، پەیوەندی بە شارەوانی هەیە، هەریەکە بە بەشی خۆیان، بۆیە مـن پێشـنیاری ئەوە دەکەم، ئەم سەنتەرە، ئەم بنکەی کەش ناسی و بنکەی بوومـە لەرزەیـە لەسـەر وەزارەتـی گواسـتنەوەو گەیاندن نەمێنێ، یان بچێتە ئەو سەنتەرەی کە سەر بە وەزارەتی خوێندنی بالاّیـە، چـونکە لـە ولاّتـانی تـر کاتێ کە سەیری دەکـەین لـە ولاّتـە پـێش کەوتووەکانـدا هەیـە دەسـتەیەکی سـەربەخۆیە لەهەنـدێ شـوێندا نیوەی سەر بە ڤیتاعی خاسە، نیوە حکومیە، جۆرێك تێکەڵەیە لە هەندێ شوێنی تردا، دەستەیەکە سەر بە ئەنجومـەنی وەزیرانـە، یـان وەکـو هەریـەکێك لـە دەسـتە سـەربەخۆکانی تـر، بـۆ ئـەوەی ئەمـە بـە ئـەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت، ئەوەندەی من ئاگادار بم وەزارەتی خوێندنی بالاّش لە زانکۆشـدا بـە تایبـەت لـە بەشی جیۆلۆجی، داوای ئەمەیان کردووە، بەشی جوگرافیا بە هەمان شێوە، کە هاوکار بن بـۆ بـەڕێوەبردنی ئەم دووبەشە، ئەمە کاری باشتر دەتوانێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینـەکانی مـن زۆربـەی زۆری باسـکرا، بـەلاّم ئـەوەی کـە پـێم باشـە لێـرە دیقـەتی بدەینـەوە بـە تایبـەتی برادەرانی لیژنەی یاسایی ئەگەر بتوانین ئێمـە فەقەرەیـەك یـاخود وشـەیەك لـە یـەکێك لـە بڕگـەکان زیـاد

بکەین، مەسەلەی چاودێری کردنە، ئێمە لێرە لە خاڵی 7 باسی پێدانی مۆڵەت بۆ هەموو بوارەکانی گواستنەوە و گەیاندن و پۆستە وکۆمپانیاکانی وەبەرهێنی خۆماڵی و بیانی بەدواداچوونیان، تەنها بە دواداچوونەکە پەیوەندی بە گرێبەستەکەوە هەیە، نەی گوتووە بە دواداچوونی گشتی، لەبەرئەوەی لەبواری گواستنەوە و گەیاندن دا کەرتی تایبەت ڕۆڵی زۆر کاریگەر و بەرچاوی دەبێت، کەرتی تایبەت لە مەتارات و لە تەلەفۆنات و پەیوەندیەکاندا ئەگەر چاودێری نەکرێت بەڕاستی لەوانەیە گلەیی و گازاندە و کەموکورتی زۆر پەیدا دەبێت، بۆ نموونە ئیشارەت درا بە مەواعیدی مەتارات، پێش چەند ڕۆژێك 10 تا 15 ڕۆژێك خەڵك لە سلێمانی هەموو هاتبوون لە مەتاری هەولێر سەفەر بکەن بۆ تورکیا تەیارەکە هەر نەهات، تەیارەی بەدیلیش نەبوو، ئەو خەڵکە مایەوە یان گەڕایەوە و عیلاجیان بۆ نەکردن، لەبەرئەوە بەشێکە و کێشەیەکە پێویستی بە بەدواداچوون هەیە، لەبەرئەوەی مەسەلەی چاودێری کردن و بەدواداچوون نەك بۆ گرێبەستەکان بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە لە مەجالی گواستنەوە و گەیاندن ڕوو دەدات، هەروەها لە پێکهاتەی وەزارەت کە هێشتا نەهاتووینەتە سەری یەکێك لە مدیریەتەکان ئیشی چاودێری کردن و بەدواداچوونە، بەڵام لێرە لە مەهامی وەزارەت لە ئەرکەکان و مەهامی وەزارەت ئیشارەت بە هیچ چاودێریەك نەکراوە کە لەو کێشانەی کە خەڵك لە هاتوچۆ دا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆیە پێم باشە لێرە لە فەقەرەی 8 یان لە فەقەرەی 9 ئەو مەسەلەیە عیلاج بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی 2 خاڵی 2 کە دەڵێ دروست کردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی تۆڕەکانی ترام وای لە شارەکانی هەرێم، دوو/ تۆڕەکانی هێڵی ئاسن، بە ڕەئی من تۆڕەکانی هێڵی ئاسن کافیە، چونکە ترام وایش هەر هێڵی ئاسن دەگرێتەوە، لەناو شارەکاندا، فەقەرەی 4 مسۆگەر کردنی بەڕێوەبردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی بە ڕەئی من وشەی (گشت) ئیزافە بکرێت، گشت سیستەمەکانی گەیاندنی جێگر و ناودەست، لە جیاتی ناو دەست بکرێتە گوازراو، یەعنی (جوال)، هەروەها لە ئاخیری فەقەرە ئەوەش ئیزافە بکرێت، ژێرخانی گەیاندن کە تۆڕی کێبڵی تیشکی و تەرەدوداتی بەکارهاتوو لە سنووری هەرێم لە خۆی دەگرێت، خاڵی شەشەم/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێم باشە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، دامەزراندن و فراوان کردن و پەرەپێدانی بنکە و وێستگەکانی کەشناسی و سەنتەری بومەلەرزە و چاودێری کردن و کۆکردنەوەی زانیاری بومەلەرزە لە سنووری هەرێم، خاڵی حەوتەم/ لە ئەخیری فەقەرەکە دەڵێ کە دەبێتە مایەی قۆرخ کردن، بەڕەئی من ئەم وشەیە ئیزافە بکرێت، وەرگرتنی رسوماتی گونجاو بەپێی گرێبەستەکان، خاڵی نۆیەم/ پێم باشە سەرۆکی پەرلەمان دووبارە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، لە جیاتی سەرپەرشتی کردن و

ڕێکخستن، کارکردن لە پێناو پەرەپێدانی تەکنەلۆجیای زانیاری و تۆڕی ئەنتەرنێت و زەمینە ساز کردن بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی (A.GOVERMENT) لە سنووری هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەور دەکەم ئەم ماددەیە پێویستی بەوە هەیە گفتوگۆی لەسەر ڕابگرین و سەرلەنوێ داڕشتنی بۆ بکەینەوە، رجا ئەکەم لە جەنابی وەزیر و هەردوو لیژنە تۆزێ بایەخ بدەنە تێبینەکانی من، من وازدێنم لە زمانەوانیەکە، بەڵام لە پرەنسیپ ئێمە ئەمڕۆ لە زەمەنێك دەژین کەرتی تایبەت زۆربەی زۆری ئەم ئیشانە دەکات و وەزارەت نایکات، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا نیزامان هەیە بگەڕێینەوە بۆ کۆن و وەزارەت ئەم شتانە بکات؟ بڕوا ناکەم، ئایا وەزارەت فعلەن دەتوانێ تەئمین و ئیدارەو تەشغیلی شەریکەکانی موبایل بکات؟ بۆیە دەبوایە زیاتر بیری لێ بکەینەوە، نموونەیەکی تری زۆر زۆر وازح (الاشراف وتنظيم وتطوير تكنلوجيا المعلومات وشبكة الانترنيت) ڕێگەم بدەن من پسپۆری ئەم بوارەم، هیچ عیلاقەتێك لە بەینی تەکنەلۆجیای مەعلومات و ئەنتەرنێت نیە، ئەنتەرنێت یەکێکە لە ئەنجامەکانی تەکنەلۆژیای مەعلومات، تەکنەلۆژیای مەعلومات کۆمپیوتەرە و بەرمەجەیە و هەموو شتە، نازانم وەزارەتی نەقل عیلاقەتی هەیە بە تەتویری ئەنزیمەی تەشغیلی کۆمپیوتەر و دانانی پرۆگرامەکان و تەتبیقات یان وەزارات و ئەو؟ بۆیە هیچ عیلاقەتی تەکنەلۆجیای مەعلومات و تەتویری ئەمە ئیشی وەزارەتی تەکنەلۆجیا نیە، تەکنەلۆجیای مەعلومات ئینفۆرمەیشن سیستەم دەداتە پرۆسیسنگ و ئایتیە و ئەمە ئیشێکی ترە، مەسەلەی ئەنتەرنێت کەس ناتوانێ ئیشراف بکات و تەنزیمی بکات، با وەزارەت خۆی نەکاتە ئەو، من لە سویدەوە دێم و جی ئێس ئێمەکەم پێیە دەچمە سەر شاخێك لەمەنتیقەی بەرواری باڵا و ئەنتەرنێت بەکاردێنم، من نازانم وەزارەت چی دەکات؟ وەزارەت چۆن دەتوانێ بۆ من سێرڤەری گەورە دادەنێ تەنزیم و تەتویرەکەی ئینتەرنێت جیهازێك نیە بینایەك نیە، شەبەکەیەکە لە هەموو دونیا و بۆیە ئەنتەرنێتە و بۆیە ئەوەندە سەرکەوتووە، چونکە کەس ناتوانێ سەیتەرەی لەسەر بکات، ئەگەر نیازی ئێمەیە خوانەکات وەکو دەوڵەتە دکتاتۆرەکان سێرڤەرێك دانێین و مەلقەمێك دانێین و تەحدید بکەین هاووڵاتی مافی هەیە بچێتە کام سەفحە و نەچێتە کام سەفحە، من داوا دەکەم لە پەرلەمانتاران پێش ئەوەی دەنگ بدەن لەسەر ئەو خاڵە خۆیان یەکلابکەنەوە، لەگەڵ ئەوەن ئەنتەرنێت سانسۆر بکرێت؟ یان نا؟ بۆیە ئەم ماددەیە ئەسڵەن زیادەیە، ئەگەر بتانەوێ هەر بمێنێ و وەزارەت وای پیشان بدات کە ئیلتزاماتی هەیە، من پێشنیار دەکەم ئەگەر بە دڵتان بێت (تهيئة البنية التحتية المطلوبة لتطوير خدمات الانترنيت وتوفيرها لكافة المواطنين) ئەمە ئەگەر وەزارەت بیکاتە ئەوە ئەشەد و بیللا بۆ ئەوەی فراوانی بکات، بۆ ئەوەی مەجال بدات وەکو کاك صباح باسی خەتی سلکی ئەوە بکات، بەڵام ئیشراف و تەتویر نەخێر، بۆیە ئەگەر سەری ئێوە گێژ نەکەم

مادده مادده بچم هەمووی بەو تێڕوانینە تەماشا کراوە، شتێکە ئێمە تێپەڕمان کردووە، گەراجی ئەهلی هەیە، ختوتی ئەهلی هەیە، یەعنی دەچیە سوریا نە وەزارەت ئاگاداریەتی و نە کەس، چ تازە بێین ئێمە وەزارەت هەموو گەراجەکان کافە نووسراوە، هەموو گەراجەکان سەیتەرەی لێ بکات، ئەو گەراجانە دوو سێ یەکن کە سەر بە حکومەتن بڕۆن بزانن چۆنە؟ بۆیە رجاتان لێ دەکەم من بە جدی ئەوە دەڵێم ئەم ماددەیەی سەروو تازە داڕشتنێکی دەوێ و وەزارەتی نەقل و گواستنەوە لە حکومەتێکی دیموکراسی بە تایبەتی لە هەرێمێك پێوەردانانە و چاودێریە بۆ ئەوەی ئەو پێوەرانەی دانراون ڕەچاو دەکرێن یان نا؟ لەوە زیاتر ئیشی نیە، ئەگەر بیەوێ شەریکەیەکی هەبێ هی گواستنەوە و گەراجێکی هەبێ موبافەسە دەکات لەگەڵ کەرتی تایبەت، ئەگەر بیەوێ خەتێکی موبایلی هەبێ انشاللە نایبێ، مونافەسە دەکات لەگەڵ خەتی تایبەت، بەڵام نە دەچێت ئەو ئیشراف دەکات لەسەر مەتار، ئێمە دەزگایەکمان هەیە، هەموو ئەرکەکانی دەزگا دیارن، کافیە بڵێیت (الاشراف على المطارات الدولية عن طريق مؤسسة المطارات المدنية) و خەلاس، تراموای کاك صباح باسی کرد، گەراجات تەسەور دەکەم ئیشی قتاعی خاسە، تەئمین و ئیدارەی تەشغیلی ئەجهیزەی ئیتسالات تەبیعی حەقی نیە و دەبێ قبوڵی نەکەین، بە مەعایر دانێین و ئەم مەعایرانەش ئیتحادین، یەعنی من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، زۆر لە ئەرکەکان ئیتحادین، بەریدە و مواسەلاتە و مەجموعەیەك وەسائیلە، هەتا تەردوداتە، ئەمە ئیتحادین ئەمانە، ئەو ماددەیەی دەڵێ تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی ئیتحادی بەسە، بەشێکی تر کەرتی تایبەتە، ئەسڵەن نە وەزارەت دەتوانێ بیکات، نە دەتوانین ئێمە پاشەکشە بکەین لەوەی هەیە، بۆیە رجاتان لێ دەکەم ئەمە پێشنیاری منە، تێبینەکانی خوشك و براکانتان گوێ لێ بوو، هەندێکیان ڕێزم هەیە بۆ بڵێین پنی کردنی ئەمە بوو، بەڵام بە ڕەئی من ئەم ماددەیە هەمووی ناگونجێ لەگەڵ واقعی ئێستای کوردستان، ناتوانێ وەزارەت جێ بەجێ ی بکات، هەندێ پرەنسیپی تێدایە ئێمە دەبێ دژی بین، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

هاوڕاز خان فەرمووو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەسەر ئەسڵی پرۆژە یاسایەکە گفتوگۆ دەکەین، لە ئەسڵی پرۆژە یاسایەکەش دوو مادده هەیە، ماددەیەك بەناوی ئامانجەکان و ماددەیەك بەناوی ئەرکەکان هەیە، بەڵام ئەو ماددەیەی کە ئێستاکە ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین ماددەی 2 دیارە ئەو ئامانجانەی کە باسی لێوەکراوە کۆمەڵێ ئەرکیشی لەگەڵ تێکەڵکراوە، بە تایبەتی ئەگەر تەماشای بکەین لە خاڵی 7 کە باسی پێدانی مۆڵەت دەکات، وەکو ئامانجێکی وەزارەت باسی دەکات کە لە ئەسڵدا دەبێ ئەوە ئەرکی وەزارەت بێ لە خاڵی 10 بە هەمان شێوە سەرپەرشتی کردنی نووسینگەکانی گواستنەوە دیسانەوە وەکو ئامانجێك باسی دەکات لە ئەسڵدا ئەوە دەبێ ئەرك بێ، مەشق پێ کردنیش هەر بە هەمان شێوە مەشق پێ کردن و شیاندنی کارمەندانی وەزارەت،

هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی فیـدڕاڵ دا ئەمـەش لـە ئەرکـە نـابێ لـە ئامـانجی وەزارەت دابێ، ئەسڵەن دەبێ لە ئەرکیدا بێت، ئەگەر وەکو ئەوەی کە لیژنەی خزمەتگوزاریەکان و شارەوانی و گواستنەوە وگەیاندن داوای کردووە، ئەرکیشی بۆ زیاد بکرێت ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ئەگـەر ئـەرکی بـۆ زیـاد نـەکرێت بـۆ ئـەو ماددەیـە، دەبـێ ئـەو ئەرکانـە لـە ئامانجـەکان جیـا بکرێنـەوە و ئـەو چـوار خاڵـە لـە ئامانجەکان دەربهێندرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان هاوڕێیانی پێش من هەستان لە هەندێ خاڵدا قسە و باسیان لەسەر ئیشەکانی ئەم وەزارەتە کـرد، ئەو خاڵانەی کە دەڵێ دروست کردنی مەتارات و تراموای و ڕێگای ئاسن بەڕاستی ئەمانە لە ئیشی وەزارەتی نەقل و مواسەلات نیە، چونکە ئێمە دەزانین و وەك ئەوان باسیان کـرد ئـەو وەزارەتـە نـاتوانێ ئـەم ئیشـانە بکـات، دەبـێ ئـەم وەزارەتـە سەرپەرشـتی کـاری ئـەو ئیشـانە بێـت یـاخود بەرنامـەی تایبـەتی دابنـێ بـۆ بەڕێوەچوونی ئەو ئیشانە و سەرپەرشتی کردنیان، من لەگەڵ هەمان ڕام کە ئـەو خاڵانـە بگۆڕدرێت و بـەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێ و کە ئیشی وەزارەت نیـە لـە ئێسـتادا، بـە نیسـبەتی دامەزرانـدنی بنکـەی کەشناسی بەڕاستی ئەم بڕگەیە هـەروەکو د.سـەروەر قسـەی لەسـەر کـرد، ئەمـە کـارێکی تایبەتـە بـە بەشـی جیۆلۆجیـەوە، ئیشـی وەزارەتـی گواسـتنەوەو گەیانـدن نیـە، ئەمـە هینـی تەبـەقاتی ئـەرزە، بوومەلـەرزە هەموومان دەزانین دەبێ دیراسـەتی تەبـەقاتی ئـەرز بکـرێ و دەبـێ تـەحلیلی بـۆ بکرێـت، دەبـێ هێڵـەکانی بوومەلەرزە لە هەموو دونیادا تەحدید بکرێ و ئەمە بابەتێکی دوورودرێژە و بەڕاستی ئیشی ئەم وەزارەتە نیە، لەبەرئەوە هەروەك باسکرا، ئەو سەنتەرە هەیە، سـەنتەری دیراسـاتی سـتراتیجی کوردسـتانە کـە ئەمـە سـەنتەری لێکۆڵینەوەیـە و مەجموعەیـەك مامۆسـتا و پسـپۆر هەیـە هـەمووی خـاوەنی شـەهادەی دکتـۆرا و ماجسـتێرن لـە بوارەکـانی تـەکنیك و تەکنـەلۆجیا دا لـە هـەموو بوارەکـانی زانسـت دا هـەروەها ئـەنواع ئـەجهیزەی باشـیان هەیـە بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم کـارە، یـاخود دەبـێ ئـەم بابەتـە ڕەبـت بکرێـت بـەم دائیرەیـەوە کـە سـەر بـە وەزارەتـی خوێنـدنی باڵایـە و یـاخود بـە تایبەتمەنـدی ڕەبـت بکرێـت بـە بەشـی جیۆلۆجیەوە لە زانکۆکاندا، ئەگەر بکرێت بـە سـەنتەرەکە و ڕەبـت بکرێـت بـە بەشـی جیۆلۆجیشـەوە هـەر دەبێ بۆ ئەوەی دیراسـە لەسـەر ئـەو بابەتـە بکرێـت، بـە نیسـبەتی بڕگـەی 9 ەوە هـاوڕێم کـاك عبدالسلام قسەی لەسەر کرد، ئەسڵەن من پێم باشە ئەو بڕگەیە هەر ئیلغا بکرێت، چونکە ئەو بڕگەیە لێرە دا من بە زیادی دەزانم، تەئیدی پێشنیارەکەی کاك عبدالسلام دەکەم یـاخود ئـەوەهای لێ بکرێـت کـە کـاك عبدالسلام باسی کرد، لە بڕگەی 11 مەشق پێ کردن و شیاندنی کارمەندانی وەزارەت لە هەموو بوارەکان دا پێویسـتە لێرە دەست نیشان بکرێت لە بوارەکـانی زانسـتی تایبـەت بـە گەیانـدن و گواسـتنەوە، هـەروەها بـە نیسـبەت

برگەی 13 لەسەر عەرەبیەکە مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر هاندانی وەبەرهێنان لە بوارەکانی گواستنەوە و گەیاندن دا کە وەزارەت دیاری دەکات، پێم باشە بەم شێوەیەی لێ بکرێت، (وضع خطط تشجيع الاستثمار فى مجالات النقل والاتصالات وتكنولوجيا المعلومات على اساس المنافسة لتقديمها فى جو يكفل توفيرها للمستفدين بصورة متطورة وبما يتماشى مع تطورات التقنية وبالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة في الاقليم).

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 2 هەرچەند هاوەڵانم باسیان لە مەسەلەی دروست کردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی هەموو جۆرەکانی تەرمینالْ، ئەمە بە حەقیقەت من پێم خۆشە لەسەر ئەوە هەندێ قسە بکەم، مەسەلەی تەرمینالْ پێم وایە لە هەرێمی کوردستان هیچ وجودێکی نیە و دەشتوانم بڵێم مەسەلەی تەرمینالْ گرفتێکی گەورەی بۆ هاووڵاتیان دروست کردووە، چونکە هیچ کام لە لایەنەکانی لەبەرچاو نەگیراوە، نە لە بواری تەندروستی و نە لە بواری شێوەی بەکارهێنانی تەرمینالْ، ئەگەر سەرنجێك بدەین ئەوەی کە بەرچاومان دەکەوێ بەڕاستی لە زۆربەی تەرمینالەکان لە هەرێمی کوردستان بە حەقیقەت هیچ مواسەفاتێکی تەرمینالّی نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەم پڕۆژەیەی کە ئەمڕۆ پەسەند دەکرێ زیاتر وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن موکەلەف بکرێت بە دروست کردنی تەرمینالْ لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوەندە کە دەبینین لە هەموو نەوعەکان یەعنی ئەگەر سەیر بکەی ئەو شوێنانەی کە عیلاقەی بە بواری توجارەت و بازرگانی یان کەرتە تایبەتەکانەوە هەیە ئەو گوندانەی کە دروست کراون بە ناوی جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستان، سەیر دەکەی چەند نەوع مواسەفاتیان تێدایە، یان چۆن ئیهتمامی پێدراوە، بەڵام مەسەلەی تەرمینالْ لە هەرێمی کوردستان شتێکە بۆ هەموو خەڵکە و هەموو کەسێ ڕووی تێ دەکات، بەڵام هیچ مواسەفاتێکی تەرمینالّیان تێدا نیە لە هیچ ڕوویەکەوە، بۆیە ئومێدەوارم و پێشنیار دەکەم مەسەلەی تەرمینالْ چارەسەر بکرێت، لە خالّی 9 هەر لە ماددەی 2 من سەد لەسەد تەئیدی پێشنیارەکان و بۆچوونەکانی کاك عبدالسلام دەکەم، بەڵام ئێمە دەکرێ بە حەقیقەت خالّی 9 بۆ مەبەستی تر و بۆ خزمەتی هاووڵاتیان بەکاربهێنین و نەك بۆ چاودێری کردنی تۆڕی ئەنتەرنێت و فەیس بوك و ئەوانە، ئەمە بە حەقیقەت ئەوەی کە من ئیشارەتی پێ دەدەم لە هەرێمی کوردستان هاووڵاتیان گرفتێکی زۆریان لە دەوائیر هەیە، لە دەوائیر بۆ مەسەلەی کتابات، من پێشنیار دەکەم تۆڕی ئەنتەرنێت بۆ خزمەتی هاووڵاتی بەکاربێت، چونکە لەسەرتاسەری کوردستان هاووڵاتیەك بۆ کتابێکی بەسیت دەبێ لەوپەڕی کوردستانەوە بێ بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان و بەدوای کتابێك داو ئەویش (10 ـ 15) ڕۆژ زیاتریشی پێ دەچێ، بۆیە ئەگەر بێتو لە هەرێمی کوردستان تۆڕی ئەنتەرنێت ئەو هاووڵاتیەی کەوا

**کتابێکی هەیە و داوایەکی هەیە ولە کوێی تەسلیم دەکات لەوێ وەڵامەکەی وەربگرێ من پێموایە ئەمە خزمەتێکی گەورەیە بۆ هاووڵاتیان ئەگەر ئەنجام بدرێ وخزمەتێکی زۆر بەرچاویشە و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**کاک قادر فەرموو.**

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش هەر لە عینوانی ماددەکە تەئیدی لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن وجەنابی وەزیر و برادەران دەکەم کە ئەرك و ئامانجەکانی وەزارەت بێ، ئینجا لە بڕگەی 4 تەقریبەن ئەوەش تێبینیەکی لوغەویە کە دەڵێ مسۆگەر کردنی بەڕێوەبردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی سیستمەکانی گەیاندنی جێگیر و ناو دەست و بە تەل و بێ تەل، بکرێتە مۆبایل، چونکە شەرت نیە هەموو شتێك تەرجومەی حەرفی بۆبکرێت، کۆمپیوتەر کۆمپیوتەرە، تەلەفزیۆن تەلەفزیۆنە، ئەنتەرنێت ئەنتەرنێتە و موبایل هەر مۆبایلە، هەر مۆبایلەکە بنووسرێ یان لایەنی کەم گەڕۆك بنووسرێ، بڕگەی 5 منیش تەسەور دەکەم ئەمە لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتحادی بێت، بۆیە ئەگەر لە ئەخیری بڕگەکە کە هاتووە دروست کردن و ڕێکخستن و پەرەپێدانی بنکەکانی پۆستە ودەرکردنی پوولی پۆستە و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پۆستە و بەکارهێنانی و تا دوایی، بەڕاوێژ لەگەڵ حکومەت، یان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ ئیزافە بکرێ و ئەوەی تر کە زۆر بەلامەوە گرنگە تەئیدی ڕەئی هاوکاری بەڕێزم کاك خلیل عثمان دەکەم ئەگەر نازانم تا چەند پەیوەندی بە وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندنەوە هەیە، هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل ئەمە فعلەن گرفتێکی زۆر گەورەیەو ئەزمەیەکی گەورە و قەیرانێکە ڕووبەڕووی هەموو هەرێمەکەمان کردووەتەوە، ئەو ژمارە زۆرە بەبێ تەحدید کردن یەعنی ئێستا ئێمە ڕووبەڕووی ئینهیارێکی ئابووری و لە هەمان کاتیش دا کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەییشمان دروست کردووە، ئەو هەموو قوربانیانەی کە ڕۆژانە دەدرێ، ئیتر ئەگەر ئەمە تا چەند پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە لەگەڵ لایەنەکانی تری پەیوەندار حەدێك بۆ ئەمە دابندرێ زۆرم پێ باشە و سوپاس.**

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**تارا خان فەرموو.**

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی دەرچوونی ئەم قانونە یەکێکە لە کارە گرنگەکان کە ئینشاللە لە هەرێمی کوردستان، کە چەند ئێمە تەئمین کردنی هاتوچۆ کردنی هاووڵاتی و کەسانێك ببێ هەڵبەتە پیشاندانی ئیهتمام دانە بەوەی کە**

پێشکەوتن یەکێکە لە پرەنسیپەکانی کە وڵاتەکەی پێ پێش دەکەوێ، ئیقتراحەکانی کە هاوکارانم کردیان بەڕاستی من لەگەڵیانم لە یەك خاڵ ئەویش کە دەست پێ دەکات ماددەی 2 ئەهدافی وەزارەت ببێتە (اهداف ومهام الوزارة) خاڵی دووەم ڕەسدی زلزالی کە باسی کرد د.سەروەر من لەگەڵیم ئەوە دەستەیەکی تایبەتە لەگەڵ ڕەسدی زلزال کە بدرێتە وەزارەتی تەعلیمی عالی و کە بە دیراسات و شت ئەمە دەکرێت، سێیەم خاڵم ئەوەیە کە شەبەکەی ئەنتەرنێت کە باس دەکرێت و وابزانم لێرە جێگای نیە و ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ یاسای ڕاگەیاندن زیاتر بەوە هەڵدەستێ، خاڵی 11 (تدریب وتأهیل منتسبی الوزارة فی جمیع المجالات) نازانم چ مەجالێکە؟ ئەم هەموو مەجالەی کە باس دەکرێت و وەکو کاك عبدالسلام گوتی ئەم هەموو تێکەڵکردنەی کە لەناو مەهام و ئەرك وهەموو شتەکانی کە باسکراوە ئەمجا دێت لێرە دەڵێ (تأهیل منتسبی الوزارة فی جمیع الحالات) حاڵەتەکان تەحدید بکرێ چین و ئایا لە چ لایەکەوە لە چ کارێکەوە کە دەکرێ، ئەگەر لابرێ باشە و ئەگەر نا تەحدید بکرێ لەوە و لەوەی کە پێویستی پێیە وەزارەتەکە لە چیدا تەتبیق بکرێ؟ موەزەفینەکانیەتی، ئەوانەی تەعامولی لەگەڵ دەکەن، ئەوانەی کە عەقد دەکەن، کێن ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ تەئهیل بکرێن بۆ ئیشی باشتر؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕاستی هەندێ خاڵ هەیە، هەندێ مەوزوع هەیە پێویست بە قسە کردن نیە لەسەری، ئەمە مەشروعی قانونە و دەبێ قانون، ئایا لە قانون دەتوانین بڵێین نابێ و راکب و نەفەر بچێتە ناو سەیارە و لەناو سەیارە چاوەڕێ نەکات؟ ئایا دەتوانین بڵێین فلان پاس لە سەعات چەندەوە دێ و لە سەعات چەندەوە نابێ بیخەینە ناو قانونەوە؟ وەڵلا فلان تەرمینال قوڕاوە و پێویست نیە، یەعنی ئەمە شتی تەنفیزی نییە، پەرلەمانتار دەکرێ بچێتە دائیرەی مەعنی تەعقیبی ئەو مەسەلانە بکات، ئەمە پرۆژە یاسایە و پرۆژە یاساش قانون شتە ئەساسیەکان باس دەکات، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە حەز دەکەین هەندێ مەسائیل هەیە ئەوەی پەیوەندی بە لیژنەی یاساییەوە هەیە، هەندێك ڕوونی بکەینەوە، لە هەمان کات دا هەندێ مولاحەزە بۆمان هات کە گوایە وەزارەت لە زمنی ئەو ماددەیە ئەهدافی دیاری نەکردووە، زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان مولاحەزەیان بۆ ناردووین دەڵێن کە پێویستە لە ئەهدافی وەزارەتی تەنمیەی قتاعی نەقلی تێدا بێت، رەفعی مستەوای خدمەی تێدا بێت، تەعزیزی دەوری قتاعی خاسی تێدا بێت، تەحقیقی تەنسیق لە مەجالاتی نەقل هەبێت، ئێمە باشە ئەگەر ئێوەش پێتان باش بێت، ئێمە ئەهدافی وەزارەت سیاغەیەکمان بۆ ئامادە کردووە، ئەم سیاغەتان بۆ دەخوێنمەوە سیاغەیەکی عام و شمولیە، ئەگەر پێتان باش بێ نیقاشی لەسەر دەکەین، ئەویش ئەوەیە (اهداف الوزارة: تهدف الوزارة الی ارتقاء مستوی خدمات النقل بطرقه المختلفة وخدمات الاتصال بقنواتها المرئیة المسموعة والمقروءة بحیث تتلائم ومتطلبات المرحلة التنمویة التی یمر بها الاقلیم علی مختلف الاصعدة ومواکبة

المستجدات التى تشهدها هذه الخدمات على الصعيد العالمى والاستفادة من التقنيات الحديثة فى هذا المجال) ئەمە ئەهدافەکەیە وئەهدافێکی عامە تەحدیدیشمان نەکردووە و کراوەشە و ئیمکان هەیە ئەمە لە جیاتی ئەو فەقەرانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەئکیدیان لەسەری کردووە، تەبعەن لە زمنی ئەوانە ئیعدادی دیراساتی جەدوای ئیقتسادیشی تێدایە و بە تەئکیدیش هەر وەزارەتێك دیراسەی جەدوای ئیقتسادی هەیە و ئەوە جەدوای ئیقتسادیش دەگرێتەوە، خاڵی دووەم کە لەڕووی یاساییەوە دەمەوێ ئیشارەتی پێی بدەم ئێمە قانونی رەقەم $18$ قانونی مەتاراتی مەدەنی دیراسەمان کردووە لە لیژنەی قانونی و لەگەڵ ئەو قانونە هەڵمان سەنگاند هیچ تەعاروزێك نیە بەینی قانونی رەقەم $18$ و ئەو پرۆژەی کە ئێستا تەقدیم کراوە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن خاڵێکی تر کە هەیە و دەمەوێ ئیشارەتی پێی بدەم ئەویش ئەوەیە ئێمە تەنها ناکرێ دەستی وزارەت ببەستینەوە بە ئیشراف کردن لەسەر فڕۆکەخانەکان و بە عەمەلی ئێمە پیادەی ئەو خاڵەمان کردووە کە وەزارەت حەقی خۆیەتی کە مەتارات دروست بکات، بەڵام خۆ ستافی وەزارەت ئەو مەتاراتە دروست ناکات، بەڵکو بە ڕێگای عقودو لە ڕێگای کۆمپانیا جیهانیەکانەوە ئەم مەتاراتانە دروست دەکرێ و تەنها ناکرێت ئێمە بەس لە مەسەلەی ئیشراف حەسری بکەین، چونکە ئیشراف شتێکە و ئینشائیش شتێکی ترە، بەنیسبەتی فەقەرەی $7$ کە لە پرۆژەکە هاتووە، ڕەنگە ئێمە خیلافیشمان لەگەڵ بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی هەبێ، ئێمە پێمانوایە بڕگە $7$ بە شێوەیەکی موتڵەق هاتووە، حەقە ئێمە بە مەسائیلی ئاسمانی و وشکانی تەحدیدی بکەین، بە نیسبەت سەنتەری کەشناسییەوە، دیارە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوو ڕەئیان هەیە، ڕەئیەك لەگەڵ ئەوەیە کە لە زمنی تەشکیلاتی ئەم وەزارەتە بێ و ڕەئیەکیش هەیە لەگەڵ ئەوەیە کە خارجی تەشکیلاتی ئەم وەزارەتە بێ، بەڕێزان ڕەنگە ئێمەش لە لیژنەی یاسایی هەندێ بۆچوونی وامان هەبێ، بەڵام ئێمە پێویستە پێش ئەوەی بەت لەو مەسەلەیە بکەین بزانین رەبتی کوێی دەکەین، ئەوە وەزارەتی خوێندنی باڵایە و بەڕێزان لەوێ پەیوەندیان کردووە، خیلاف هەیە عەجەب رەبتی ئەوێ بکرێت یان رەبتی ئەوێ نەکرێت؟ مەفروز وایە کە پێشتر ئەو مەسەلەیە یەکلابکەینەوە و فەك کردنی لە وەزارەتەکە زۆر ئاسانە و زەحمەت نیە، مودیریەتێکی عامەیە، فەکی ئیرتباتی دەکەین لەم وەزارەتەو رەبتی دەکەین بە وەزارەتەکەی دیکە، بەڵام ئەوە ئێمە پێمان وایە بە شێوەیەکی مەدروس بێت، نەك بە شێوەیەکی سەرپێی بێت، بتوانرێ وەزاراتی مەعنیش هەماهەنگی و هاوکاری یەکتر بین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو جیهەتەی کە پێی رەبت دەکرێت دەست نیشان بکرێت، لە مەسائیلی فەنی تر من بۆ بەڕێزان لیژنەی شارەوانی و جەنابی وەزیر بەجێی دێڵم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی گواستنەوە؟ کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره بەڕێزان زۆر چوونە وردەکاری یاسایەکەوە، بەڵام ئێمە ئەوەی کە توانیبمان کۆنترۆڵی بکەین لەسەر ئەوەی کە جوابی بدەینەوە یان ئەوەی کە موقنع کەر بێ بۆیان، دیارە شتی جیاواز گوتراوە، بەڵام لەسەر ئینشا و لەسەر دروست کردنیان یان چاودێری کردنیان ئێمەش بەڕاستی هەمان تێبینی لیژنەی یاساییمان هەیە، ئێمە ناکرێ دەستی وەزارەت ببەستین بەوەی کەوا چاودێری مەتارەکان دەکات کە بۆ خۆی ناتوانێ بیکات، ئەوەش هەر ئینشا کردن هەر ئەوەیە و خۆشی دەیدات بە کۆمپانیای کەرتی تایبەت وخۆی دەیکات، ئەگەر ئیشراف بێت کەواتە لەوانەیە ئەو وەزارەتە عیلاقەی پێوە نەبێ و بدرێتە وەزارەتێکی تر یان شوێنێکی تر، لەبەرئەوە دەبێ ئینشا نەك ئیشراف، قسە لەسەر پوول کرا کە دەبێ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی تەنسیق بکرێت، ئێمەش لە لیژنە زۆر موناقەشەی ئەوەمان کردووە، ئەوانەی کە لێرە گوترا بە زیادەوە ئەوەشمان زۆر باس کردووە، ڕەئی وەزارەت ئەوە بوو کە دەستی وەزارەت نەبەسترێ، لەبەرئەوەی ئێستا خۆیان ئەوە مومارەسە دەکەن، مومارەسەی دەکەن وهیچ موشکیلەش نەبووە، بۆ ئێمە جارێکی تر وەزارەت ببەستینەوە بە حکومەتی فیدراڵ و ئەوانیش ئەو کاتە جوابی بدەنەوە یان نەیدەنەوە، لەبەرئەوە ئێمە پێمان باش نیە کە ئەو مەسەلەی پوول و مەسەلەی ئەوانەش دیسانەوە ببەسترێتەوە بە وەزارەتەوە، بەڕێزێکی دیکە باسی ئەوەیان کرد کە لەسەر مەعابری حدودی یان دەروازەکانی سنووری ئەوە هەر لەهەمان مادده لە بڕگەی $10$ ئەگەر تەماشای بکەین تێیدا هاتووە کە ئەوە ئیشرافی دەکات و پەیوەست دەبێ بەو وەزارەتەوە، لەبەرئەوە مەعلومە لەناو وەزارەتەکە دایە، خۆی باس لەوە کرا کە مەتارەکان بەپێی هەمان مادده $3$ بڕگەی $4$ ئەگەر تەماشا بکەن لەوێ زۆر بەڕوونی دیسانەوە هاتووەکە مەتارەکان دەکەونە چوارچێوەی ئەم وەزارەتە و ئەم وەزارەتە ئیشرافیان دەکات، برایەکی تر باسی ئەوەی کرد کە دەسەڵاتەکانی بۆ زیاد بکرێت، پێمانوایە دەسەڵات و ئەرك لێك نزیکە و پێمان باش نیە کە ئەو کەلیمەی دەسەڵاتی بۆ زیاد بکرێت بۆ وەزارەت، باس لە ڕەسدی زلزالی کرا، ئێمە بەڕاستی لە لیژنەش ئەم ڕەسدی زلزالیە خۆیان داوایان کردبوو بە نووسراوی ڕەسمی داوایان لە ئێمە کردبوو وەکو لیژنە کە بخرێنە سەر خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێمە دوایی بە نووسراوێك کە داوامان لە وەزارەتی پەیوەندار کرد کە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنە ئەوان پێیان باش نەبوو دوێنێ دووبارە ئەو موناقەشەیەمان کردووەتەوە لە لیژنە کە کۆبوونەوەمان کردووە، لەناو لیژنەش دواجار بە دەنگ یەکلامان کردەوە، ئەگەر نا کۆمەڵێك لە ئەندامان ڕایان لەسەر ئەوە بوو کە ئەم ڕەسدی زلزالیە لەسەر وەزارەت نەمێنێ و بخرێتە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەوەش دیسانەوە چەند بەڕێزێك ئێستا دووبارەیان کردەوە بۆیە من داوا لە سەرۆکایەتی دەکەم کە ئەمە دووبارە بخاتە دەنگدانەوە و بۆ ئەوەی کە یەکلابێتەوە ئایا ڕەسدی زلزالی لەسەر وەزارەت بمێنێ یان بچێتە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا کە ئەوان خۆیان داوای دەکەن، باس لە دواکەوتنی ئەوە کرا کە هاووڵاتیان دوا دەکەون لەمەسەلەی مەتار و لەناو تەیارە وئەوانە، ئەوەش دیسانەوە بەڕاستی باسمان کرد، دوێنێ کە بەڕێز بەڕێوبەری مەتاری هەولێریش بەشدار بوو لەگەڵمان و پێشتریش قسەمان لەسەری کردووەو چەند جار کۆبوونەوەمان کردووە، ئێمە ئەم وەزارەتە تا ئێستا ئەو

وەزارەتـە دەسـەڵاتی نـەبووە بەسـەر ئـەوەدا، لەبەرئـەوەی ئیجـازە دانـی ئـەم شـەریکانەی کـە لـە هـەرێمی کوردستانن ئیجازەیان بە دەستی وەزارەتی خارجیە نەك بە دەستی وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدن بێـت، لەبەرئـەوەی ئـەوان نـاتوانن بـا بڵـێین چـاودێری بکـەن، بـەڵام ئێمـە باسمـان لـەوە کـرد کـە لـە داهـاتوو دا تەنسیقێك بکرێت بـۆ ئـەوەی کـە ئـەم کێشـە چارەسـەر بکرێـت، بـەس نـاتوانرێ لـەناو ئـەو یاسـایەدا جێـی بکرێتەوە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتەکە دەسەڵاتی وەزارەتی تیجارەیە، باس لەوە کرا تراموای هێڵی گواسـتنەوە، هێڵی ئاسنی هەر یەکە، نا من پێمانوایە جیاوازە، تراموای لەناو شاردا دەکرێت، زۆرجار ژێرزەمینیە، لەبـەر ئەوە جیاوازی هەیە، لەگەڵ هێڵی ئاسنی، بەڕێزێك باسی ئەوەی کـرد کـە ئەصڵەن مـاددەی دووەم لاببرێـت، بەڕاستی من پێم وایە، ئەگەر ماددەی دووەممان لابرد، یـەعنی وەزارەتەکـەمان ئیلغـا کـرد، چـونکە وەزارەت هیچی تری نامێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك جەمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دیارە کە مەوزوعی مەهام و ئەهداف ئیحتیمالە هەندێك تێکەڵاو ببێت، برادەران باسـی ئینشـائیان کـرد، کە زۆر باسی ئەو وشەیە کرا، ئایا ئەمە ئیشی وەزارەتە؟، یـان ئیشـی وەزارەت نیـە؟، ئێمـە دەبێـت جیـاوازی بکەین لەنێوان ئینشا و تەنفیز، لێرە ئینشا مەرج نیە وەزارەت خۆی پێی هەڵبستێت، چی دەکات ئیحتیمالە کەرتی تایبەت بیکات، وەبەرهێنانی تایبەت بیکات، مەبەست لەم ئینشاو پەرەپێدانە ئەوە نیـە کـە وەزارەت ڕاستەوخۆ پێی هەڵدەستێت، ئینەما مەبەست ئەوەیە دامەزراندنە، نەك بڵێن تەنفیزی دامەزراندنە، ئەمـە خاڵێك، خاڵێکی تر باس جەدوا کرا، جەدوای پرۆژەکان، بەپێی یاسای وەبەرهێنان هەر مەشروعێك بکرێت، پێویستە جەدوای وەبەرهێنانی هەبێت، بابڵێین جەدوای مەشروعەکە هـەبێت، ئـەوە خاڵێکـە لـە خاڵـەکانی پێـدانی مۆڵـەتی وەبـەرهێنان بـۆ هـەر کەسـێك بێـت، بۆیـە مـن نـابینم ئـەو بابەتـە لێـرە جـارێکی تـر بورووژێندرێت، ئیزافە بکرێت، مەسەلەی چاودێری و سەرپەرشتی، چاودێری شـتێکە، سەرپەرشـتی شـتێکی ترە، چاودێری بەمانای ڕەقابە دێت، وەکو بڵێین سانسۆرکردنی پرۆژەکە، ئەمـە دەکەوێتـە بـواری ڕەقابـەوە، یــەعنی تــەدقیق و ڕەقابــە، بــەڵام ئیشــراف ئیحتیمالــە زیــاتر لــە دوورەوە سیاســەتێکی گشــتی، یــان ئیستیراتیژیەتێکی گشتی دادەنێن، ئەو کاتە بەرەو سیاسەتی بابڵێین ئەنتـەرنێت و ئیتصالاتی تـرە، یـەعنی بەرەو ئەو تەوەجوهەی ببەن، ئەگینا من موتەفقم لەگـەڵ کـاك عبدالسلام کـە مەسـەلەی کۆنتـرۆڵ کردنـی ئەم تەکنەلۆژیایەی باس کرد، کە دەبینم زەحمەتە وەزارەت بتوانێت کـۆنترۆڵی بکـات، ئەگـەر بێـت و باسـی ئەهـداف و مـەهام بکـەین، ئـەو ئەهدافانـە تـەنها نـین، چـونکە ئەهـداف مەلەسـەیەکی زۆر فراوانـە ئێمـە دەتوانین تا ئێوارە موناقەشەی بکـەین، هـەر ئەهـداف و مـەهام زیـاد بکـەین، بۆیـە دەبێـت بـزانین جـەنابی وەزیر ولیژنەی یاسایی لەو ڕووەوە چی دەڵێن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، جەنابی وەزیر تکایە ڕەئی خۆتانم پێ بڵێ، فەرمووو.

**بەڕێز ئەنوەر جەبەلی (وەزیری گواستنەوەو گەیاندن):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆر قسە کرا، من بەهیوا بووم کەمەجال هەبوایە 100 کەس قسە بکات، زۆر شت تێکەڵ بوو، بەس من لێرەدا یەك مولاحەزەم هەبوو، هیچ ئینسانێك نیە ئیختصاصی هەبێت لەهەموو شتێك، دەبێت هەر ئینسانێك کەقسە بکات، قسە لەسەر ئەو مەجالە بکات کە سەری لێ دەردەکات وئیختصاصی خۆی بێت، من بەس تەئکید دەکەمەوە لەسەر خاڵی نۆیەم کە زۆر قسەی لەسەر کرا، لەمەجالی تەتویری تەکنەلۆژیای مەعلومات، ڕێزم هەیە بۆ هەموو ئەندام پەرلەمانەکان، کە قسەیان لەسەر ئەو خاڵە کرد، ئەم مەعلوماتی تەکنەلۆژیایە ئێمە وەکو وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن پرۆژەیەکمان هەیە، تۆڕێکی فایبەر ئۆبتیکمان هەیە، کە دامەزراوە لەشاری هەولێر، بەهیچ شێوەیەك ناتوانن حکومەتی هەرێمی کوردستان بیکەن بە ئەلیکترۆنی بەبێ ئەو تۆڕە، ئەو تۆڕە ئەساسێکە بۆ ئەم پرۆژەیە، ئێمە کەباسی ئەو مەعلوماتی تەکنەلۆژیایە دەکەین بۆ ئەوەیە، بۆ ئەنتەرنێت نیە، ئەنتەرنێتیش بەکار دێت لەو خەتە، بەس بۆ ئەوەیە بۆ ڕەبت کردنی هەموو دامودەزگاکانی حکومیە لەهەرێمی کوردستان بەیەکەوە، پێویست ناکات من هەموو ڕۆژێك مـن نووسراو بۆ لایەنەکان بنێرم هەموویان پەیوەندیان بەیەکەوە دەبێت، هەموو شتێك بە ئەلیکترۆنی دەبێت، ئیشەکە لێرەیە، ئێستا ئەم خەڵکە دەڵێن باسی سانسۆر دەکەن، بەهیچ شێوەیەك سانسۆر یان چاودێری نەهاتووە لەم فەقەرەیەدا، دەڵێت ئیشراف، کە ئەوەش مانای ئیشرافی فەنیە، ئەگەر خەتەکە پچڕا کێ ئیشرافی لەسەر دەکات بۆ چاککردنەوەی، ئەگەر وەزارەت بەو ئیشە هەڵنەسێت تۆڕی ئێمەیە، نامەوێت قسەی زۆری لەسەر بکەم، بەس مەبەستم ئەوەیە کە خەڵکە بەڕاستی زۆر شارەزا نیە، نەچووەتە ناو لوبی مەوزوعەکە، ئەمە مەسەلەی ئەنتەرنێت نیە، زۆر باسی ئینشا کرا، لەهیچ وڵاتێکی ئەورووپاش نیە، هەر وەزارەتێك هەموو ئەو دامودەزگایەی هەبێت کە سکەی حەدیدی خۆی دابنێت، یاخود مەشروعێکی خۆی دابنێت، کە ئینشا مانای لێرەدا نیە، ئێمە دەزانین کە بە 1000 ساڵی تریش ئێمە وامان لێنایەت ئەو مەتارە دروست بکەین بەهەموو دەزگاو هەموو پێداویستیەکانی، یاخود سکەی حەدیدی دابنێین ئێمە کە دەڵێین ئینشا بەڕاستی خۆ کێشەمان نیە، کە ئەم ئینشائە دابردرێت، بەس مەقصەدمان نیە کە ئێمە دایدەمەزرێنین، ئێمە ئەنجامی دەدەین بەهیچ شێوەیەك ئێمە ئەنجامی نادەین، زۆر شت هاتە ناو مەسائیلی کێشەکان، ئێستا ئێمە دەزانین کە کێشە لەهەموو دونیا هەیە، ئێمە کێشەمان زۆرە، کێشە پەیوەندی بە موناقەشەی یاساییە، یاساکە دەبێت هەبێت، کێشەکان شتێکی ترە، ئێستا باسی کێشەکان لێرەدا دەبینم کەزیادەیە، باسی تەرمینالیان کرد، تەرمینال بەڕاستی ئێمە گەر بودجەمان هەبێت تەرمینالمان دروست دەکرد، بەس ئێستا دەڵێن تەرمینال نیە لەکوردستان ڕاستە زۆر کەمە، هەر دوو تەرمینال ئێستا لەهەولێر لە بواری جێبەجێ کردنن، تەرمینالێك لەسەر ڕێگای کەرکووك، ئەوی تریش

لەسەر 100 مەتری، لەڕێگای وەبەرهێنان، خۆی لەڕێگای وەبەرهێنان ئەنجام دەدرێت، تەرمیناڵێك لە سلێمانی كە پار چووم بۆ ئیفتیتاحەكەی، لەوێ تەرمیناڵێك دروست كراوە، لەزۆر شوێنی تریش ئەنجامی دەدەین، بەس لەڕێگای وەبەرهێنان، ئێمە بودجەمان نیە بۆ ئەنجام دانی ئەم پرۆژانە ئەگینا وەزارەت دەیكرد بەخۆشحاڵیەوە، باسی مەتار كرا، باسی مەنحی ڕوخستەت كرا بۆ هەموو بوارەكان، بەڕاستی ئێستا ئێمە زۆر كۆمپانیای خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت كە پێشكەشی دەكەن لە كوردستان هەیە، ئێمە دەبێت كە مۆڵەتیان دەدەینێ گرێبەست دەكەین، خۆ ناكرێت ئێمە لێرەدا بەتەفصیل باسی ئەو گرێبەستە بكەین كە خاڵەكانی چین، ئێمە مەرجمان لەسەر ئەو كۆمپانیانە داناوە بەپێی ئەو گرێبەستە ڕسوماتیان لێ وەردەگرین بۆ وەزارەت، باسی رصدی زیلزالی كرا، بەڕاستی ئێمە هیچ پێمان خۆش نیە كە رصدی زلزالی مەربووت بێت بە وەزارەت، لەكابینەكانی پێشوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی كەشناسی هەیە، سەر بەوەزارەتە ئێستا یەك مودیریەی رصدی زیلزالی هەیە نازانم لە سلێمانیە لەكوێیە؟، كە دەیانەوێت جیا ببێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كەشناسی سەر بە خوێندنی باڵا بێت، بەس ئێمە مودیریەت لێرە جیا بكەینەوە پێمان باشە، ئەگەر بكرێت بۆ نا هەموو بەڕێوەبەرایەتیەكان كەشناسی بۆ خۆی سەربەخۆ بێت، لەزۆر وڵات هەیە دەستەیەكی سەربەخۆیە بۆ خۆی، بەس كە ئێستا سەر بەوەزارەتە یەعنی ئێمە نامانەوێت سەر بەوەزارەت بێت بەس ئێستا با حەلێكی بۆ بدۆزینەوە قەیناكە ئێمە هیچ مانعێكمان نیە كە سەربەخۆ بێت یان سەر بەوەزارەتی خوێندنی باڵا بێت، بەس خوێندنی باڵا دەیانەوێت بەس یەك بەڕێوەبەرایەتی لە هەموو ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانە سەر بەئەوان بێت، ئەمە بوو ئێمە ڕەزامەندیمان نەدا لەسەری، بەڕاستی مەسەلەی پاسەكان و شوێنی پاسەكان ئەمە زۆربەی زۆری بەشێكی خۆی دراوە بە شارەوانی كە سەرپەرشتی دەكات و بەڕێوەی دەبات، زۆربەی زۆری مەسائیلی پاس سەندیكایە، من لەگەڵ ئەوەدا نیم هەر لە بیدایەتەوە كە ئەوە ئیشی ئێمە بێت ڕێكخستنی تەكسیەكان وپاسەكان، خۆی باشترە كە سەندیكا ئەم ئیشە بەڕێوە ببات، بەنیسبەت كێشەی فرۆكەخانەكانیش گەشتكەران كێشەیان بۆ دروست دەبێت، بەڕاستی وەك كاك بیلال باسی كرد، موناقەشەمان كرد دوێنێ، ئێمە دەمانەوێت ئەو مەكاتبانە كە بلیت دەفرۆشن، یان تەیارە نایەت، یان تەئخیر دەبێت، كێشە دروست دەبێت، ئەو مەكتەبانە، ئەو نووسینگانە لای ئێمە ڕووخسەتیان وەرنەگرتووە، لە مەتار ڕووخسەتیان وەرگرتووە، بەڕاستی دەمانەوێت ئەم كێشەیەش یەكلایی بكەینەوە، كە هەموویان دەبێت مۆڵەت لەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن وەربگرن، بۆ ئەوەی مەرجیان لەسەر دابنێین، ئێستا بەچ شێوەیەكە بتوانین باشتری بكەین و یەكلایی بكەینەوە، ناكرێ ئێستا ئێمە تەداخول بكەین، چونكە پەیوەندیان بە ئێمەوە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عبدالسلام نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکەم لەبەر ئەوەیە، چونکە تەئسیری دەنگدان هەیە، من دەمەوێت لەسەرەتاوە پشتگیری تەواوی 100٪ی جەنابی وەزیر بکەم، کە داوای کرد هەر کەسەو لە ئیختصاصی خۆی قسە بکات، ڕجاتان لێدەکەم ڕێگام بدەنێ نەك بۆ دیعایەی شەخصی، بەڵکو تا ئیسپاتی بکەم کە ئیختصاصی من چیە؟، من لە صەفی ئەخیری کولیە یەك ساڵ کۆمپیوتەرم خوێندووە، سێ ساڵ لە زانکۆی تەکنەلۆژی ڤیەنا کۆمپیوتەرم خوێندووە، 15 ساڵ ئیشم کردووە وەکو موبەرمج، 10 ساڵی ئەخیر معاون رئیس قسمی ئایتی بووم لە ویستینگ هاوس ئیدارەی شەبەکاتم داناوە لەوەختێکدا کە شەبەکە نەبووە، بۆیە حەزەکەم جەنابی وەزیر دڵنیا بێت کە من قسە دەکەم، سیڤی خۆم تەقدیم نەکرد بەشێکی زۆر کورت بوو، ئەمەوێت بەس ئیسپاتی بکەم کەمن پسپۆڕم، بەمنیان وتووە کە تۆ پسپۆڕی لەو بوارەدا، پاش ئەوە نازانم ئێوە حەکەم بن بۆ ئەوەی کە پسپۆڕم یان نا؟، بۆ دەلیلی پسپۆڕیەکەم جەنابی وەزیر باسی فایبەر ئۆپتیکی کرد، بۆ ئەوەی کە بۆچی ئەوە هاتووە لە خاڵی نۆیەم، فایبەر ئۆپتیك بەشێکە لە شتێك کە پێی ئەڵێن لە بواری پسپۆڕێتی پێ دەڵێن کۆمینەیکشن تەکنەلۆژی، ئەمە تەکنەلۆژیای ئیتصالاتە، ئەمە میدیایە، وەسیلەیەکە بۆ گەیاندنی مەعلوماتەکان چ بەشەبەکەی کۆمپیوتەر چ بە شتی تر، بۆیە جارێکی تر دەیڵێمەوە، تەتویری تەکنەلۆژیای مەعلومات کە پێی دەڵێن (ئین فۆرمەیشن تەکنەلۆجی) هیچ لە نزیك و دوورەوە بەپێی پسپۆڕی خۆم کەهیوادارم قانع بووبێتن کە پسپۆڕم، ئەگەر مەبەست لەو مەوزوعەی تەتویری تەکنەلۆژیای مەعلومات و ئیشراف و تەنزیم (فایبەر ئۆپتیك ) بێت (فایبەر ئۆپتیك) تەکنەلۆژیای ئیتصالاتە، ئەوە یەك: دووەمیش: کاك جەمال قسەیەکی جوانی کرد، ئیشراف جیاوازە تەنفیز جیاوازە، بەڵام کە ئیشراف و تەنزیم پێکەوە هاتن، ئەبێت بە ڕەقابە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر دەیڵێمەوە، چونکە ئێمە یاسای ژمارە(18)مان هەیە، ئەبێت بگەڕێینەوە ئێستا جەنابی وەزیر جارێکی تر هەڵەیەکی یاسایی کردەوە، کە ئەڵێت (منح اجازات وتصاريح خاصة بفتح مكاتب شركات الطيران ووكلاء شركات الطيران العاملة في الاقليم ومراقبة اعمالها لضمان التزامها بشروط الترخيص ووفق السياقات المعتمدة) ئەمە ئیشی موئەسەساتی مەتاراتی مەدەنیە، ئەوە ئیشی وەزارەت نیە، بۆیە من جارێکی تر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەمەوە، من کۆمەڵێك ئیقتراحاتم کرد، وە برادەرانم بەهەمان شت پشتیوانی و پشتگیریان کردم، وتم (7 و13) یەك بابەتە، باس لە کەرتی تایبەت دەکات، کە تۆ دەڵێیت (7و13)باسی کەرتی تایبەت دەکات بۆ بەدوو خاڵی جیاواز بێت، بۆ بەیەك خاڵ نەبێت، بۆ ئاسان کردن و بۆ گەیاندنەوە، دوای ئەوە بەڕاستی، ئەگەر ئێمە لێرەدا دەمانەوێت ئەرك و مەهامی وەزارەت تەحدید بکەین دەبێ هەندێ شت هەیە بەنەزەر لەگەڵ واقیعەکەدا ڕێکی بخەین، مسۆگەر کردنی بەڕێوەبردن و وەگەڕ خستنی

پەرەپێدانی سستمەکانی گەیاندنی جێگیر وناودەست بەتەل و بێ تەل، یەعنی من ئەمەوێت بزانم حکومەت بەتەمایە کۆمپانیای مۆبایل بکاتەوە، ئەگەر کۆمپانیای مۆبایلی کردەوە، ئەرکی مسۆگەرکردنی بەڕێوەبردن و وەگەڕخستن وپەرەپێدانی سستمەکە، دوای ئەوە بیرمان نەچێت، ئێمە لە عێراقدا (الهیئە العلیا للاتصالات) هەیە، جارێکی تر کۆڕەك تیلیکۆم و ئاسیا سێل لە موناقەسەیەکدا لە وڵاتی ئوردن بەسترا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان، ئەمە هەمووی شەرحە، ئەمە نوقتەی نیزامی نەبوو، تۆ دیسان شەرحت کردەوە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عومەر حمە امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەبومەلەرزە کە لەسەر ئەم وەزارەتە بمێنێتەوە یان بخرێتە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا، یەکەم ئەم یاسایە لە حکومەتەوە هاتووە هەتا لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە گفتوگۆی لەسەر کراوەو حکومەت خۆی ڕازییە کە لەسەر ئەم وەزارەتە بێت، ئەمە یەك: دووەم: ئەگەر بخرێتە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەبێت یاسای خوێندنی باڵای بۆ تەعدیل بکرێت، چونکە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەهیچ شێوەیەك باسی دەزگایەکی لەم شێوەیە ناکات، سێیەمیان: لەڕاستیدا بوعدێکی یان لایەنێکی عیلمی لەمەسەلەی بومەلەرزەدا هەیە، کە دەکرێت وەزارەتی خوێندنی باڵا، دیراسەی بکات یان وەکو چۆن لەکۆلیژی زانست بایەخی پێ دەدەرێت، بەڵام لایەنێکی تری هەی کە فەنیە، کە پەیوەندی بە ئیتصالاتەوە هەیە، پەیوەندی بەدەزگایەکەوە هەیە کە پێویستی بە چاودێری کردن وئیشراف و دانان هەیە، کە ئەمە زیاتر لەگەڵ تایبەتمەندی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن دەگونجێت، نەك وەزارەتی خوێندنی باڵا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەناحیەی دەستووری و یاسایی بابەتەکانمان زۆر بەوردی دیراسەت کرد، سەبارەت بەو قسانەی کە هەندێك ئەندام پەرلەمانی بەڕێز کردیان دەڵێن موخالەفەی ماددەی 110 لە دەستووری عێراقی دەکات، لە فەقەرەی شەشەم (تنظیم سیاسة الترددات البثیة والبریدیة) ئێمە دەڵێین نەخێر موخاڵەفەی ناکات، چونکە ماددەکە زۆر بەوازحی هاتووە، بڕگەی هەشتەم دەڵێت(تنظیم وتخصیص الترددات المستخدمة في انظمة الاتصالات الصوتیة والمرئیة ضمن حدود الاقلیم وبالتنسیق مع الجهات ذات العلاقة)واتە وەزارەت سەربەخۆ ئەوە ناکات، تەنسیق لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات، لەحکومەتی

فیدرالیدا، ئەوە خاڵی یەکەم: سەبارەت بە ئەنوائی جەوی، تەبیعی ئەنوائی جەوی بەو صیاغەی کە هاتووە لە یاساکەدا ئەوە وەرگیراوە تەقریبەن لەهەمان یاسای وەزارەتی گواستنەوە، ژمارە (12)ی ساڵی 2006، بڕگەی نۆیەم لە ماددەی دووەم، دەڵێت( انشاء وتوسيع والاشراف على محطات الانواء الجوية والرصد الزلزالي وفق السياقات الدولية وتوفير الاجهزة والمعدات اللازمة) واتە لێرەدا هیچ گۆڕانکاری نەکراوە، دوو وەزارەت دەمج کرا، یەك لە ئەهدافەکان هاتووەتەناو ئەم یاسایە، وە پشتگیری لەقسەکانی کاك عومەر نورەدینی دەکەم، کە دەڵێت فیعلەن کە بەنیازین ئەو جیهازە وەربگرین لە وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن بیدەین بە وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەبێت یاسای وەزارەتی خوێندن باڵا تەعدیل بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جلال نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تەوزیحێك لەسەر مەسەلەی رەصدی زیلزالی دەدەم، حەز دەکەم بۆ برایان و خوشکانی ئەندام پەرلەمان ڕوون بکەمەوە، کە ئەو ئەجهیزانەی کە کۆمپانیایەکی ئەمریکی هێناویێتی تەنها بۆ خوێندنەوەیە، بۆ خوێندنەوەو ڕەصدی زیلزالیە، دایمەزراندووە لەو دەوائیرانەی کە سەر بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنن، هیچ پەیوەندیەکی بە توێژینەوەوە نیە، من تەئیدی قسەکانی کاك عومەر دەکەم، سەنتەری توێژینەوەی زانستی کەباس ئەکرێت بخرێتە سەری، بڕوا ناکەم بێجگە لەسەرۆکی سەنتەرەکە کە بەڕاستی شارەزایە، یەك کەس نیە لەو سەنتەرە شارەزایی لە خوێندنەوەی ئەو جیهازانە هەبێت، کە ئەمریکیەکان هێناویانە، وەختی خۆشی وەزارەتی خوێندنی باڵا داوایان لێکردن، وتیان ئەگەر بۆ خوێندنەوە بیهێنین جیهازی خوێندنەوەتان بۆ دێنین نەك خوێندنەوەو ڕەصد، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو، قسەت هەیە.

**بەڕێز انور جەبەلی(وەزیری گواستنەوەو گەیاندن):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت تەراخیص خوشکە سۆزان ئاماژەی پێکرد، کە لەگەڵ یاسای ژمارە(18) ناگونجێت، ئەوەی کە باسمان کردووە، ئەم خاڵە خاڵی (7) کە دەڵێت(منح التراخيص لكافه مجالات النقل) ئێمە تەحدیدمان نەکردووە بۆ هێڵی ئاسمانی یاخود مەکاتبی ئاسمانی، بەڵام ئێستا ئەگەر ئەم یاسایە موصادەقەی لەسەر بکرێت، یاسای ژمارە(18) تەفعیل بکرێت ئەو کاتە ئەو ئیشانە عائیدی ئێمە نیە، ئێستا مەجالمان هێشتووەتەوە نەمانوتووە هی نقل بۆ تەیارات و شت، روخسەت بۆ مەجالی نقل و ئەوانە، یەعنی ئەوە ئەو کاتە شمولی ئێمە ناکات، بەس ئێستا هەتا ئەو دەزگایە دەکەوێتەگەڕ بەڕاستی ئەمانەوێت ئەم کێشەیە حەل بکەین بۆیە دەمانەوێ لەزمنی ئەم فەقەرەیە ئیشی لەسەر بکەین، بەنیسبەت (تەڕەدوودات)، ئێمە

**زۆر زۆر بەوردی دەستوور ئاگامان لێیەتی، کە چۆن موعامەلە لەگەڵ تەڕەدوودات بکەین، دانیشتنمان لەگەڵ(c.m.c)کردووە لەمانگی (5)دەعوتمان کردن و هاتنە ئێرە، کۆبوونەوەمان کردووەو بەردەوامیش پەیوەندیمان بەوانەوە هەیە، لەکوردستان ئەوەی لەزمنی هەرێمی کوردستانە وا ڕێککەوتووین کە ئێمە دەتوانین ئەم لەرە لەرانە تەنزیمیان بدەین بە کۆمپانیاکان، هەتاکو ئەوان زەخت لەسەر ئێمە دەکەن دەیانویست لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان بێت، بەس ئێستا لەبەر ئەوەی یاسای (c.m.c ) هێشتا موصادەقە نەکراوە لە پەرلەمانی عێراق، لەوانەیە چەند ساڵی بوێت تا ئیقرار دەکرێت، خۆ ئێمەش چاوەڕوان ناکەین ئێمە ئیشی خۆمان دەکەین، بەئاگاداری ئەوان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**لیژنەی یاسایی، فەرموون.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پاش ئەو پێشنیارو بۆچوونە مەعقولانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کران، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش توانیمان ئەم صیاغەیە دابڕێژین، ئەگەر تێبینیش هەبوو دەتوانین دووبارە لەسەری ڕابوەستین:**

**المادة الثانية:**

**اهداف ومهام الوزارة:**

**تهدف الوزارة الى الارتقاء بمستوى خدمات النقل بطرق مختلفة وخدمات الاتصال بقنواتها المرئية والمسموعة والمقروءة بحيث تتلائم ومتطلبات المرحلة التنموية التي يمربها الاقليم على مختلف الاصعدة ومواكبة المستجدات التي تشهدها هذه الخدمات على الصعيد العالمي والتقنيات الحديثة في هذا المجال وتقوم بالمهام التالية:**

**1- انشاء وتشغيل وتطوير المطارات المدنية في الاقليم وادارتها والأشراف عليها وفق المعايير الدولية المعتمدة من قبل منظمة الطيران المدني الدولي( ICAO) والمعايير المحلية.**

**2- انشاء وتشغيل وتطوير شبكات (الترام واي)في المدن الاقليم وشبكات السكك الحديدية بين مدن الأقليم وربطها بجار الأقليم.**

**3- انشاء وتشغيل وتطوير كافة انواع(المرائب)في مدن الأقليم وتأجيرها والإشراف عليها حسب المواصفات العالمية المتطورة واستيفاء الأجور والرسوم القانونية.**

**4- تأمين ادارة وتشغيل وتطوير انظمة الإتصالات الثابتة والمحمولة(السلكية واللاسلكية).**

**5-انشاء وتنظيم وتطوير مراكز البريد واصدار الطوابع البريدية وتقديم الخدمات البريدية بأستخدام انظمة البريد العادي والسريع(السطحي و الجوي) داخل الآقليم وخارجه.**

6- انشاء والتوسيع والآشراف على محطات الانواء الجوية والرصد الزلزالي وفق السياقات الدولية وتوفير الاجهزة والمعدات اللازمة لها.

7- منح التراخيص لكافة مجالات النقل والاتصالات والبريد للشركات المستثمرة المحلية والآجنبية ومتابعتها بموجب عقود تبرم بين الوزارة وتلك الشركات ولا يمكن للوزارة قبول اي شروط تؤدي الى الأحتكار.

8- تنظيم وتخصيص الترددات المستخدمة في انظمة الاتصالات الصوتية والمرئية ضمن حدود الأقليم وبالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

9- تنظيم وتطوير تكنولوجيا المعلومات وشبكة الانترنيت في الأقليم و والآشراف عليها.

10- الاشراف على مكاتب النقل بما فيها مكاتب النقل في كافة المعابر الحدودية للأقليم وإستيفاء الأجور والرسومات وأستخدام (المنفيست)وفقاً للقوانين وبالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

11- تدريب وتأهيل منتسبي الوزارة في جميع المجالات.

12- التنسيق مع وزارة النقل والإتصالات الفدرالية في تنفيذ مشاريع النقل والإتصالات الاستراتيجية التي تكون أية محافظة من محافظات الإقليم جزءاً من رقعتها الجغرافية وتشارك الوزارة في إعداد التصاميم وكافة مراحل التنفيذ والتشغيل والصيانة ضمن حدود الأقليم.

13- تشجيع الإستثمار في مجالات النقل والإتصالات التي تحددها الوزارة بالتنسيق في هذا الشأن مع هيئة الإستثمار في الإقليم.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز انور جەبەلی(وەزیری گواستنەوەو گەیاندن):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لای ئێمەش پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سەرهەنگ نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن، لە پێشنیازەکانماندا داوامان کرد و بەنووسراویش لەبەردەم ئەندامانی بەڕێزدایە، لەماددەی حەوتدا ئەوەی کە کاك عەونی خوێندیەوە، ئەوەی تێدا نەبوو، چونکە ئێمە تەحدیدمان کردووە، لەبڕگەی حەوتەمدا لەماددەی دووەم، دەڵێت(منح التراخيص لكافة مجالات النقل

البري والجوي) تەحدیدمان کردووە، ئەو تەحدید کردنە بەنیسبەت ئێمە گرنگ بوو، چونکە ئێمە هەر ئەو دوو مەجالەی نقلّمان هەیە، خۆ بەحرمان نیە، بۆ ئەوەی تەحدید بکرێت کە مەبەستەمان نووسینگەی فرۆشتنی بلیتی تەیارەکان بوو بەڕاستی تا ئەوانیش بکەونە ژێر چاودێرییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

فەرموو لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ قسەکانی کاك سەرهەنگ ڕاستە، بەس دیارە کاك عونی لەکاتی خوێندنەوەکە لەبیری کردووە ئەو وشەیە، ئەگینا ئەوانیش لەسەری موتەفیق بوون، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا ئەوەی کە خوێندرایەوە، جەنابی وەزیریش لەسەری ڕازی بوو، بۆیە دەیخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، 48 کەسی لەگەڵدایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، 13 کەسی لەگەڵدا نیە؟، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تتألف الوزارة من التشكيلات الآتية:

1-الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر منه وتنفذ بأشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضوا متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.

2- مكتب الوزير: يرتبط بالوزير ويرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

3- المستشارون: لايزيد عددهم عن ثلاثة ممن لهم شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

4- مؤسسة المطارات المدنية في الاقليم: ترتبط بالوزارة ويرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية اولية وتخضع في عملها لاحكام قانون مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان – العراق رقم (18) لسنة 2008 الصادر من برلمان كوردستان.

5- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يديرها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

6- المديرية العامة للبريد والاتصالات: يديرها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

7- المديرية العامة للتخطيط والمتابعة: يديرها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

8- المديرية العامة للنقل البري والسكك الحديدية والترام واي: يديرها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

9- المديرية العامة للانواء الجوية والرصد الزلزالي: يديرها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: وەزارەت بریتییە لەم پێکهاتانەی دادێن:

1- وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسیشە لە کارەکانی و ئاراستە کردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی و هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکیش لەوەوە دەردەچن و، بە سەرپەرشتیی ئەویش جێ بەجێ دەکرێن سەبارەت بە هەر شتێکی پەیوەندیی بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەو دەسەڵاتەکانی و تێکڕای کاروباری تەکنیکی و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنەوە هەیە، بەگوێرەی حوکمەکانی یاساو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرس دەبێت بەوەی ئەندامێکی هاوکارە تێیداو، بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بداتە بەڕێوەبەرانی گشتی، یان هەر کەسێك کە لە وەزارەتدا بە گونجاوی بزانێت.

2- نووسینگەی وەزیر: گرێدراوی وەزیر دەبێت و فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت سەرۆکایەتیی دەکات و بەڕێوەی دەبات و چەند فەرمانبەرێکیش هاریکاری دەبن.

3- راوێژکاران: ژمارەیان لە سێ زیاتر نابێت لەوانەی بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەیە لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆرین.

4- دەزگای فڕۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمدا: گرێدراوی وەزیر دەبێت و فەرمانبەرێکیش بە پلەیەکی تایبەت خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتیی دەکات و لە کارکردنیدا دەکەوێتە بەر حوکمەکانی

یاسای دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (18) ی ساڵی 2008 کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە.

5- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری کارگێڕی و دارایی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆرین، بەڕێوەی دەبات.

6- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆستەو گەیاندن: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆرین، بەڕێوەبەی دەبات.

7- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلان و بەدواداچوون: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆرین، بەڕێوەی دەبات.

8- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گواستنەوەی سەر زەوی و هێڵی ئاسن و ترام وای: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆرین، بەڕێوەی دەبات.

9- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کەشناسی و چاودێری کردنی بوومەلەرزە: فەرمانبەرێك بە پلەی بەریوەبەری گشتی کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆربن، بەڕێوەی دەبات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە وەکو لیژنەی یاسا تەنها یەك مولاحەزەمان هەیە، ئەویش راوێژکارەکانە، راوێژکارەکان پێمانوایە وەکو وەزارەتەکانی تر لە چوار راوێژکار زیاتر نەبێت، رەنگە ئێستا پێویستی بە سێ راوێژکار هەبێت، بەلاّم لەوانەیە لە ئایندە پێویستی بە چوار راوێژکار هەبێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیریش قسەمان کردو ئەویش تەئیدی کردین، بەنیسبەت ئەو ئیختیصارەی کە لیژنەی شارەوانی کردوویەتی، ئێمە پشتگیریان دەکەین، بەنیسبەت ئەو شروحاتانەی بەڕێوەبەرە گشتیەکان و هەندێ دەزگاکانی کە کردوویانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمەش لەگەڵ لیژنەی یاسایی موتەفیقین لە هەندێك مولاحەزات، تەنها زیاتر لە رووی صیاغە کردنی ئەو ماددەیە چارەسەر بکرێت، لەگەڵ ئەوەینە کە موستەشارەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەك لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە، کە تەنها سێ موستەشارە، سەبارەت بەم ماددەیە تەسەلسولاتی، با بڵێم فەقەراتی رەقەمی بکرێت بە کتابی و ئەو مودیریاتانەی هاتوون هەر دووبارە بۆتەوە، هەموویان بکرێتە ژێر فەقەرەی پێنجەم (خامساً: المديريات العامة التالية: ويدير كل منها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص)، بەمە ئیکتیفا بکرێت، ئەوە تەقریبەن مولاحەزاتی سەرەکی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەڕاستی لەسەر مەسەلەی چوار موستەشار، یان سێ موستەشار بێت، ئێمە لە لیژنە زۆر موناقەشەمان کردووە، هەتا هەندێك را وا بوو کە ئەسڵەن موستەشار یەعنی تەعیین نەکرێت لەو وەزارەتە، لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتە وەزارەتێکی زیارت میهەنییە، یەعنی ئیختیصاصیە، خەڵکی ئێمەش وەکو پێشتر ئیشارەتم پێ کرد، لەو ئیختیصاصە ئێمە خەڵکمان وەکو بڵێی تەجروبەی کەمترە، بۆیە ئەگەر وەزارەت دەستی کراوە بێت لەوەی کە خەڵك لە دەرەوە بێنێت ئیستیفادەی لێ بکات و، بتوانێت وەکو موستەشار ماوەیەك لەلای بێت دوایی ئەگەر ئەوەی پێویست نەبوو، یەکێکی تر بێنێت، بەڵام دواتر هاتینە سەر ئەوەی وەکو وەزارەت خۆی داوای کردووە کە موستەشاری هەبێت و زیاد نەکرێت، بەڵام دەستیشی کراوە بێت، ئەگەر پێویستی پێ بوو موستەشار لە دەرەوە بێنێت، بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ناوەکانیان دەنووسم، ئەم بەڕێزانەی ناویان نووسراوە، بەڕێزان (ناسك تۆفیق، عمر عبدالرحمن، فازل بەشارەتی، حەمە شارەزووری، سەرهەنگ فەرەج، جەلال علی، یاووز خورشید، بەفرین حسین، د.احمد وەرتی، عبدالقادر بازرگان، رێباز فتاح، کوێستان محمد)، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری رەئیەکەی لیژنەی شارەوانی دەکەم بەو رێکخستنەی کە کردوویەتی بە بەڕێوەبەرایەتیەکان، بەس پێش ئەوە لەسەر راوێژکارەکان، کە لیژنەی یاسایی دەڵێت با لە چوار زیاتر

نەبێت، بەڕاستی من هەمان ئەو ڕەئیەی حاجی بلالم هەیە، مادام ئەنجومەنی ڕاوێژکارانمان هەیەو لەم مەجالەشدا پسپۆڕیمان کەمە، مادام دەستیشی کراوەیە بەهۆی ئەو ئەنجومەنەیەوە، من پێموایە لەوە دەچێت سێیەکەش زۆر بێت، نەك ئێمە بێین سێیەکەش زیاد بکەین، چونکە ئێمە دەڵێین زیاد کردن و، ئێمە لەگەڵ تەرشیقداین، پێویست ناکات کەسێك بێنین موجەڕەد ئیشی بۆ بدۆزینەوە، ئەگەر پسپۆر بێت، ئەو کاتە لە کاتی پێویستیدا بهێنرێت و پێویست ناکات لەوە زیاتر تەعیین بکرێت، ئەگەر هەر دانرا، یەعنی دانرا کە سێیەکە هەبێت، ئەوە لەگەڵیدا بنووسرێت خزمەتی لە دەساڵ کەمتر نەبێت، چونکە بۆ ئەوەی بیبەستیتەوە، ناکرێت لەوە زیاتر بێت.

خاڵێکی تر، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە کە سەیریان دەکەیت هیچی شوئونی قانونی تیا نییە، یەعنی کە دەیخوێنیتەوە شوئونی قانونی نابینیت لەناو ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە، ئایا سەبەب چیە؟ یەعنی پێویستیان پێ نییە، بۆ زانیاری هیچ وەزارەتێك نییە پێویستی بە شوئونی قانونی نەبێت، من پێموایە ئەگەر بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوەی کارگێڕی و داراییەکە یاساییش بخرێتە پاڵی، بۆ ئەوەی پێوە دیار بێت، کە ئەمە بەڕێوەبەرایەتیەکی هەیە شوئونی قانونی تیایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی بەوە کە عەددی موستەشارەکان لە چوار زیاتر نەبێت، هەروەکو لەیاسا کۆنەکەشدا هاتووەو، ئەم وەزارەتە نەتیجەی دەمجی دوو وەزارەتە، نەتیجەی دەمجی دوو یاسایەو، هیچ مانیعێك نییە لەوەی کە (لا یزید عددهم عن اربعة) بێت، بەلاّم بەنیسبەت مودیر عامەکانەوە، هەروەکو ناسك خان باسی لەسەر کرد، من هاوڕام لەسەر ئەوەی ئەم وەزارەتە، ڕاستە لە ئەساسدا وەزارەتێکی فەنییەو ئیشەکانی زیاتر شتی فەنی سەیتەڕەی بەسەردا هەیە، بەلاّم ڕەبتیشی بە مەتارەکانەوە هەیە، ڕەبتی بە تەرمیناڵەکانەوە هەیە، ڕەبتی بە ئیشراف کردنەوە هەیە، ڕەبتی بە تەتویرەوە هەیە، ڕەبتی بە زۆر لەو مەسائیلە قانونیانە هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە لە زیمنی ئەو مودیریاتە عامانە، ئەگەر ئیستیحداس بکرێت، یاخود لە زیمنی ئەو مودیریە عامەیە کە ئێستا ئیدارەو مالیەیە، مودیریەتێکی عامەی یاساییش هەبێت، لەبەر ئەو گرێبەستانە، چونکە جائیزە ئەو گرێبەستانە بە بالغی زۆر گەورە هەڵبگرێت و شروتی یاسایی زۆری تیا بێت، پێویستە دائیرەیەکی یاسایی هەبێت لەم وەزارەتە بۆ چاو پێ خشاندنەوە بەو عەقدو گرێبەستانەی کە لەم وەزارەتە ئەنجام دەدرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فازل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ماددەی سێیەم من تەنها یەك تێبینیم لەسەر خاڵی یەك هەیە کە دەڵێت (وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسیشە لە کارەکان و ئاراستە کردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتی کردنی)، هەر لەم خاڵەدا باسی ئەوە دەکات کە بەرپرس دەبێت بە ئەندامێکی هاوکاری تێیداو، بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی، من لێرە مەبەستم ئەم خاڵەیە کە تەنها شەخصی وەزیر بەرپرس کراوە لە کارەکانی وەزارەت، چونکە لە هەمان خاڵدا دەڵێت وەزیر بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانیشی بداتە کەسێك، یان چەند کەسێك لەناو ئەو وەزارەتە، بۆیە بە بڕوای من دەبێت ئاستی بەرپرسیاریەتی بخرێتە سەر دەستەی وەزارەتیش، چونکە کاتی وا هەیە لەکاتی سەفەر کردن پازدە رۆژ، بیست رۆژ وەزیر نییە لەناو وەزارەتەکەی، بۆیە دەبێت کەسی تر هەبێت ئاستی بەرپرسیاریەتیەکەی لە ئەستۆ دابێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئومووری ئەو وەزارەتەو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حەمە فەرموو.**

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من سەرەتا دەستخۆشی لە راپۆرتی هەردوو لیژنە دەکەم، بەلاَم من تەنها تێبینیم لەسەر خاڵی دوو لە بەڕێوەبەرایەتیەکان، بەڕێوەبەرایەتی پۆستەو گەیاندن، دیارە ئەم وەزارەتە لە ئەنجامی لێك دانی دوو وەزارەت دروست بووە، بەوەی کە من شارەزاییم هەیەو جەنابی وەزیریش ئاگادارە زۆربەی مونتەسیبەکانی ئەو وەزارەتە عایدی مەعهەدێکن لە مەعهەدێك دەرچوون مەعهەدی ئیتیصالات وبەرید، کە دوو ئیختیصاصاتی جیاوازە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیکی، کە سەرپەرشتی گەیاندن دەکات، ئێستا لە وەزارەتەکەدا هەیە، لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:**

**1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیکی، یان گەیاندن سەرپەرشتی دەکات، ئێستاش بەدالات هەیە لە قەزاو ناحیەکان مەربوتە بە وەزارەتەوە، بە کەرتی تایبەت و تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن، یان تەکنیکی لە وەزارەت سەرپەرشتی دەکات، بۆ پێداویستیەکانی، یان بۆ نوقصانی ئەو شتانە دەچێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیکی، موهندسێك سەرپەرشتی دەکات، کە شارەزا لەو بوارە.**

**2- بەشی مایکۆف هەیە لە وەزارەت، کە ئەرکی گەیاندنی ئیتیصالاتە لە نێوان موحافەزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەوە بەشێکە لە گەیاندن، کە جاران وەزارەتی گەیاندن بوو، ئێستا بووە بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، ئەوەش بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیکی سەرپەرشتی دەکات.**

**3- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیکی، یان گەیاندن لە وەزارەتی گەیاندنی جاران، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی ئێستا سەرپەرشتی زۆربەی ئەو عەقدانە دەکات کە لەگەڵ کۆمپانیاکاندا، بەسێ کۆمپانیاکانی**

گەیاندن شارەزایی زیاتر بێت، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، لەبەر ئەوەی دوو وەزارەتەو لێکدراوەو لەوانەیە بۆ تەرشیق بێت، ئەو ئیختیصاصە دوو ئیختیصاصی جیاواز بن، پۆستەو گەیاندن، پێشنیاری ئەوە دەکەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیکی زیاد بکرێت، لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسم کرد، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سەرهەنگ فەرمووو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز.

من لەگەڵ ئەوەم کە برگەی سێ لە ماددەی سێیەم لابرێت بەڕاستی، ئەوەی کە پەیوەندی بە موستەشارەکانەوە هەیە، من بەڕاستی ئەو رەقەمەم لەلا نییە ئەگەر یەکێك لە برادەرەکانی لیژنەی دارایی لەلای بێت، نازانم ئێمە عەدەدێکی زۆر لە کوردستان موستەشارمان هەیە، بەڕاستی ئیزافە کردنی زیاتر، ئێمە دەبێت ئیش بکەین لەسەر کەم کردنەوەی ئیزافە کردنی، پێموایە عیبێکی مالی گەورە لەسەر بودجەی گشتی هەرێم دروست دەکات، بۆیە دەبێت لێرەوە ئێمە ئەم هەنگاوە بنێین، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەم وەزارەتە، ئێمە زۆربەی وەزارەتەکان موتەفیق بووین لەسەر ئەوەی کە وەزارەتێکی حەساسەو مەجالی زۆر وردو عیلمی تێدایەو، زۆر لە مەجالەکانی تەکنەلۆجیا، بەڕاستی ئێمەش لەو مەجالانە خەڵکی پسپۆڕو شارەزامان نییە، من ئیقتیراحم کرد دوێنێ لە لیژنەو، لێرەش ئیقتیراح دەکەمەوە جارێکی تر بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کە وەکو لە ماددەی چوار/ لە برگەی چواردا هاتووە، کە وەزیر بۆی هەیە خەڵك بێنێت لە دەرەوە بۆ هەر مەسەلەیەك کە بە گرنگی بزانێت پرس و راوێژی پێ بکات، من پێم باشە ئەم مەوزوعە جێ بهێڵین و، بەڕاستی خەڵك دانەنێین بە تەعین، وەزارەت، وەزیر سەلاحیەتی ئەوەی هەبێت کە خەڵکی پسپۆڕ لە مەجالەکانی ئەنتەرنێت، لە مەجالی سەرپەرشتی کردن و ئیدارە دانی مەتار، یان هەر شتێکی تر لەو بابەتە، یان لە مەجالی ترام وای و هێڵی ئاسن خەڵك لە دەرەوە بێنێت و ئیستیشارەی پێ بکات بە عەقدێك، کە مودەی عەقدەکەی کۆتایی پێ هات، دەتوانێت واز لە خزمەتگوزاریەکەی بێنێت، ئەمە پێشنیازی یەکەمە.

پێشنیازی دووەمم بەڕاستی ئەوەیە کە لە بڕی دروست کردنی فەرمانگەیەکی یاسایی، من پێشنیاز دەکەم کە بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیا زانیاری ئەوەی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە بخرێتە سەر ئەم وەزارەتە، بە حوکمی ئەوەی کە ئیشەکانیان زۆر لە یەکەوە نزیکەو هیچ زەروورەتێك نییە بە بڕوای من کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، چونکە وەزارەتی موختەص، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە، برادەرانیش باسی فەرمانگەی یاساییان کرد، فەرمانگەی یاسایی لە ماددەی حەوتدا باسی عەقدو ئەوانە کرا، لە ماددەی حەوت دەڵێت وەزیر بۆی هەیە (للوزير ابرام الاتفاقيات وتوقيع العقود مع الشركات والجهات الاجنبية في مجال اختصاصات الوزارة بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء)، دیارە دوای

وەرگرتنەکەی ئەوە بە فلتەری یاسایی ئەنجومەنی وەزیراندا تێ دەپەڕێت، بۆیە دەکرێت فەرمانگەیەك هەبێت سەر بە فەرمانگەی یاسایی بێت، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن و دارایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەیەکم لەسەر نووسینی عەرەبیەکەی لیژنەی شارەوانی هەیە، کە مودیریەی عامە رەصدی زیلزالی ئەنوائی جەویەکەیان نەنووسیوە، ئەوە زەرووره، مولاحەزەیەکی ترم لەسەر مودیریەی عامەی نەقلی بەڕی هەیە، کە گوتت نەقلی بەڕی، بەڕاستی سیکەیەکی حەدیدی و ترام وای و ئەوانەش دەگرێتەوە، چونکە من پێموایە ئەوە هێڵی ئاسن و ترام وایە هەر چەندە لە پلاندا هەیەو ئیشی بۆ دەکرێت، بەلاّم خۆزگەو تەمەنیاتە هەر مودیریە عامەی نەقلی بەڕی دابندرێت شتێکی باشترە، من بۆ مەسەلەی دائیرەی قانونی بەوەی کە ساڵانێکی زۆرە لە وەزیفەم، دائیمەن دائیرەی عامەی دیوان بەشی یاسای هەیەو، لە مودیریەتی عامەی موحافەزە بەشی یاسای عایدی مودیر عامە، لەبەر ئەوە شتێکی یەعنی تەحصیل حاصلە، ئەگەر بڵێیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك یاووز فەرموو.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەم ماددەیە تەنها دوو مولاحەزەم هەیە، یەکێکیان/ لەسەر بڕگەی سێیە سەبارەت بە ژمارەی راوێژکارەکان، پشتگیری لە رای لیژنەی یاسایی دەکەم، کە وەکو وەزارەتەکانی تر ئەوانیش لە چوار راوێژکار زیاتر نەبێت.

سەبارەت بە بەڕێوەبەرە گشتیەکان، من پێم باشە سەنەواتی خدمە دیاری بکرێت، یەعنی بە لایەنی کەمەوە ئەو بەڕێزانەی کە دەبنە بەڕێوەبەری گشتی لە دە ساڵ کەمتر خزمەتیان نەبێت، بەتایبەتی یەعنی ئەوانی دیکە بەڕێوەبەرە گشتیەکان نەکرێت، بەڕێوەبەری گشتی دیوان زۆر زۆر زەرووره، دەبێت لە دە ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێت، چونکە ئەو پۆستە جەنابی وەزیر، ئەو وەزیرەی کە دێتن لەوێ دەست بەکار دەبێت، دەتوانێت لەگەڵ خۆی بەڕێوەبەری گشتی دیوان بێنێت، بۆیە پێم باشە بەلایەنی کەمەوە لە کۆتایی بڕگەکە ئەوە ئیزافە بکرێت بەلایەنی کەمەوە دە ساڵ خزمەتی هەبێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وێڕای پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن لە لێکدانی خاڵەکانی (5 و 6و 7 و 8 و 9) و کۆکردنەوەی لە ژێر یەك پێناسەدا، لە هەمان کاتدا کە نووسراوە خاوەن پسپۆڕی بن، دیارە ئەوە ئاشنایە، بەڵام باشتر وایە ساڵانی خزمەتەکەی دیاری بکرێت، هەرچەندە کە گوترا پسپۆڕی بێت، دیارە ئەوە ساڵی خزمەتی دەبێت چەند بێت؟ جگە لەوەش ئەوەی کە من بەدی دەکەم لە بەڕێوەبەرایەتیەکان و فەرمانگەکان، وەکو بەڕێزانی پێشەوە ئاماژەیان پێ کرد، هیچ فەرمانگەیەکی یاسایی، یان کاروباری یاسایی بەدی ناکەم، لە هەمان کاتدا ئێمە یاسای هەر وەزارەتێکمان پەسند کرد بێت، فەرمانگەیەك، یان بەڕێوەبەرایەتیەکمان بۆ کاروباری یاسایی داناوە، بۆیە بۆ یاسای ئەم وەزارەتەش بە گرنگی دەزانم کە فەرمانگەی کاروباری یاسایی هەبێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر ئەحمەد فەرموو.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی سێیەم، پێکهاتەکانی وەزارەت، لە خاڵی دووەم نووسراوە نووسینگەی وەزیر/ گرێدراوی وەزیر دەبێت، من پێموایە لە عەرەبیەکە نووسراوە (یرتبط بالوزیر)، یەعنی گرێدراو مانای ئیرتیبات ناگەیەنێ، پەیوەست دەبێت بە وەزیرەوە، یان پەیوەندی بە وەزیرەوە دەبێت، نەك گرێدراوی وەزیر دەبێت، گرێدراو لە زمانی عەرەبی بۆ عەقد دەبینم ئینعیقادە، یان عەقد، بەڵام (یرتبط) یەعنی پەیوەست دەبێت بەوە، هەروەها بە هەمان شێوە لە دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمدا نووسراوە گرێدراوی وەزیر دەبێت، یەعنی پەیوەست دەبێت بە وەزیرەوە، ئەمە وەکو لایەنی زمانەوانی.**

**سەبارەت بە راوێژکارەکان، ژمارەیان لە چوار زیاتر نەبێت، تەبعەن نووسراوە چوار زیاتر نەبێت، یەعنی مەرج نییە چوار راوێژکاری هەبێت، دەکرێت دووانی هەبێت، یان یەکی هەبێت، بەڵام زیاتر نەبێت، یەعنی حەددی ئەعلایەکەی دانراوە کە لەوە زیاتر نەبێت.**

**نازانم لێرە ئەگەر مەبەست لە پێکهاتەی وەزارەتە، پێکهاتەکان نووسراوە وەکو بەش، ئایا راوێژکاران لێرە وەکو بەش حیسابە؟ یەعنی شوعبەی راوێژکاران هەیە، یاخود چۆن یەکسەر (المستشارون) دەبێتە پێکهاتە؟ من تەئیدی لیژنەی یاسایی دەکەم کە لە چوار راوێژکار زیاتر نەبێت، ئەوە ئێمە راپۆرتمان بەرز کردۆتەوە، بەس مەبەستم لێرە لە راوێژکاران وەکو پێکهاتەیەك لە پێکهاتەی وەزارەت حیساب کراوە، ئایا ئەمە شوعبەیەکە لەناو وەزارەت؟ بۆیە ناونراوە پێکهاتەیەکی وەزارەت، یان ئەوەتا چۆن دەبێت بەشێك لە وەزارەت حیساب بێت؟ چونکە ئەوانی تر بەڕێوەبەرایەتیەنە، یان دەزگانە، یان نووسینگەی وەزیرە، ئەوانە هەموو پێکهاتەن، یەعنی بەشن لەناو وەزارەتدا، بەڵام ئەگەر شوعبەیەك هەبێت، یان پێکهاتەیەك هەبێت**

لەناو وەزارەت هەبێت، کە ئەمە شوعبەی موستەشارەکانە، یان بەشێکە، بەڕێوەبەرایەتیەکە موستەشارەکان لەوێ کۆ دەبنەوەو ئەو کاتە بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

سەبارەت بە بەڕێوەبەری گشتی دیوان، من پێموایە لێرە نوقصانیەك هەیە، پێویستە بەڕێوەبەری گشتی دیوانیش لەناو پێکهاتەی وەزارەتدا بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی دوایی هەم ببێتە ئەندامێکیش لە مەجلیسی وەزارەت کە لە ماددەی چواردا دێت.

سەبارەت بە کورت کردنەوەی کە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن پێشنیاریان کردووە، منیش پشتیوانی لەو کورت کردنەوەیە دەکەم، بنووسرێت (پێنجەم)، وەکو ئەوەی کە خۆشیان پێشنیاریان کردووە لە ژمارەوە بێتە نووسین، دەبێتە پێنجەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەلاَم دارشتنەکەی بەم شێوەیە بێت، بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی خوارەوە، کە هەر یەکەی فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات، کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت، لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عبدالقادر بازرگان فەرموو.

**بەڕێز عبدالقادر اکرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ کە پێکهاتەکەی وەزارەتە، دوو ئیقتیراحم هەیە، ئەویش بۆ ئیزافە کردنە، ئیقتیراحی یەکەمیان/ پێشنیار دەکەم کە دوو مودیریە هەبێت، یەکەمیان/ (المديرية العامة للشكاوي).

دووەمیشیان/ (المديرية العامة للاعلام)، یەعنی مەسەلەن (المديرية العامة للشكاوي) تەعریفەکەشی وابێت (يديره مدير من حملة الشهادة الجامعية الاولية في الاقل تتولى عرض شكاوي المواطنين على الجهات المختصة في الوزارة ومتابعة الرد عليها اضافة الى تنظيم مقابلات السيد الوزير بالتنسيق مع مكتب السيد الوزير).

دوو/ (المديرية العامة للاعلام/ يديره مدير من حملة الشهادة الجامعية الاولية في الاقل يعاونه عدد من الموظفين يتولى التعريف بأهداف الوزارة وانشطتها وانجازاتها بسائر الاعلامية واصدار النشرات والمطبوعات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەرکەکانی وەزارەت موناقەشەی زۆر لەسەر ئەوە کرا، کە ئایا ئیشی تەکنەلۆجیای زانیاری کاری ئەم وەزارەتەیە، یاخود نا؟ بەلاَم لە کۆتاییدا بڕیار درا کە تەکنەلۆجیای زانیاریش بەشێکە لەو وەزارەتە، لەبەر ئەوە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەزگایەکیش تەکنەلۆجیای زانیاری هەیە، من پێموایە ئەوە کێشەیەك

لـەنێوان وەزارەت و دەزگاکـە دروسـت دەکـات، لەبـەر ئـەوەی باشـترە لـە پێکهاتـەی وەزارەتەکـە دەزگـای تەکنەلۆجیای زانیاریش هەبێت، بۆ ئەوەی هەم ببێتە دروست بوونی تەنسیق لەنێوانیان، ئەو تێکەڵاویەش لەناویاندا دروست نابێت و، دەزگاکەش پێموایـە لـە کـاتی تەصـدیق کردنـی بودجـە کێشـەیان لەسـەر ئـەوە هەبوو، کە نەتوانراوە بودجەی پێویستیان بۆ دابنرێت، لەبـەر ئـەوەی کەسـێك نییـە بـەرگرییان لـێ بکات، بەڵام پێموایە ئەگەر بخرێتە سەر وەزارەت بۆ ئەوانیش باشتر دەبێت.

سەبارەت بە راوێژکاران، من پێموایە بۆ وەزارەت خۆی کێشەیە لەوەی کە تەحدید بکرێت لە سێ راوێـژکار، ئەگەر بۆ وەزارەتێکی دیکە راوێژکار لەبەر ئەوەی وەزارەتەکە تەحدیدە بە کاروبـارێکی تایبـەت، مەسـەلەن بۆ وەزارەتی تەندروستی، ئەگـەر موستەشـارەکە لـەبواری تەنـدروسـتی شـارەزا بێـت کێشـە نییـە، تـا کۆتـایی کابینەکە ئەو کەسە موستەشاری وەزارەتەکـە بێـت، بـەڵام ئـەم وەزارەتـە کۆمـەڵێك بابـەتی جیـاواز لـەخۆی دەگرێت، یەعنی ئەم سێ موستەشارە، لە چ بوارێك ئەم سێ موستەشارە ئەم وەزارەتە دەگرێت؟ لەبەر ئـەوە من وا تەسەور دەکەم کاك سەرهەنگیش پێشتر باسـی کـرد بەعەقـد بێـت باشـترە، لەبـەر ئـەوەی کـە بـواری جیاواز هەبوو، لە هەر یەکێك لەو بوارە پێویستت بە راوێژکارە، ئەگەر تەنها سێ کەس تەحدیـد بکرێـت و، ئەو سێ کەسە شارەزاییان لە بوارێکی دیاری کراو هەبێت، ئەی لە بوارەکانی دیکە چۆن کێشـەکە چارەسـەر دەکرێت؟ لەبەر ئەوە ئەگەر بە عەقد کردن بێت لەگەڵ کەسانی پسپۆر، تەسەور دەکەم باشـتر بێـت لـەوەی کە تەحدید بکرێت تەنها چەند کەسێك بکرێن بە موستەشاری وەزارەت.

لە بڕگەی چوارەم دەڵێت دەزگای فڕۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمدا گرێدراوی وەزیر بێت، نـازانم جیـاوازی هەیـە لـەنێوان ئـەوەی گرێـدراوی وەزیـر بێـت، یـاخود گرێـدراوی وەزارەت بێـت، لـەوە تـێ نەگەیشـتم کـە جیاوازی لەنێوان ئەو دوو قسەیە هەیە؟ یاخود هەر یەك بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم/ راوێژکاران، منیش هەمان رەئی هاوڕێیـانم کـاك رێبـازو کـاك سـەرهەنگ هەیـەو پشتگیری بۆچوونەکەیان دەکەم.

سەبارەت بە خاڵی چوارەم/ منیش هەمان رەئی دکتۆر رێبازم هەیە، پێویستە گرێـدراوی وەزارەت بێـت، بـۆ وەزیر؟

بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکان، من پێموایە خاڵی هەشت و نۆ زیـادە، سـێ بەڕێوەبـەری پێـنج و شـەش و حـەوت کافیـە بـۆ ئـەم وەزارەتـە، ئـەم ژمـارە زۆرەی راوێـژکارو بەڕێوەبـەری گشـتی، بەڕاسـتی پێچـەوانەی بنـەمای تەرشیق کردنی حکومەتە.

**ئاخیر خاڵم، پشتگیری هاوڕێم کاك یاووز دەکەم، کە پێویستە ساڵانی خزمەت بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکان دەست نیشان بکرێت، من دەزانم کە لیژنەی یاسایی وەڵامم دەدەنەوە، دەڵێن ئەمە پەیڕەوێك هەیە لە حکومەت هەرچی دەبێت بە مودیر عام خۆی دەبێت دە ساڵی هەبێت، بەڵام هەموومان دەزانین کە چەندین راوێژکارو بەڕێوەبەری گشتی هەیە دوای ئەو پەیڕەوەی کە ئەنجومەنی وەزیرانیش داینـاوە دامەزرێندراون و ساڵانی خزمەتیان زۆر کەمترە لەو دە ساڵە، بۆیە پێویستە لێرە ساڵانی خزمەت دیاری بکرێت، دەبوو لە یاساکانی تریش دەست نیشانی بکەین، بۆ ئەوەی رێ بگرین لەوە کە کەسانێك دابمەزرێن ساڵێك، یان دوو ساڵ خزمەتیان هەیە دەکرێن بە راوێژکارو بە بەڕێوەبەری گشتی و دەبن بە بار بەسەر بودجەی هەرێمەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی پەیوەندی بە لیژنەی یاساییەوە هەیە، مولاحەزتمان بەم شێوەیە:**

**سەبارەت بە راوێژکارەکان، سێ بێت، یان چوار بێت، ئەمە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، بەڵام دەست نیشان کردنی خزمەتی راوێژکارەکان، یاخود مودیر عامەکان، بەڕاستی ستانداردێك هەیە لەسەری رۆیشتووین هەتا ئێستا، کە خزمەتی لە دە ساڵ کەمتر نەبێت و پەیڕەو کراوە، سەرەڕای ئەوەش ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان یاسای راژەی ژمارە (7)ی ساڵی 2011مان دەرکرد، کە یاسای ئەنجومەنی گشتی راژە لە هەرێمی کوردستانی عێراقە، کە ئەمە مودیر عامەکانیش دەگرێتەوەو، رەنگە پێشبڕکێش بکرێت لەنێوان ئەو کەسانەی کە داوایان کردووە ببن بە مودیر عام، ئەم یاسایە چووە بواری جێ بەجێ کردن.**

**بەنیسبەت ئەوەی کە مودیریە عامەیەك زیاد بکەین، مودیریە عامەی شوئونی قانونی، ئێمە پێمانوایە خۆی پێنج مودیریە عامەیەو دووی مەتاریشی دێتە سەر دەبێتە حەوت، زیاد کردنی مودیریە عامە واریـد نییە، ئیمکان هەیە ئێمە لە ماددەی شەش دەسەڵاتمان داوەتە وەزیر کە ئیستیحداسی شوعبەو مودیریات و ئەقسام بکات، ئیمکان هەیە مودیریەی شوئونی قانونی ببێتە مودیریەتێك لە زیمنی شوئونی مالیەو شوئونی ئیداری.**

**بەنیسبەت شەکاوی و ئیعلام، ئیمکان هەیە وەزیر مودیریات دروست بکات، چ مودیریەی شەکاوی بێت، چ مودیریەی ئیعلام بێت بەو وەزعەو بەو دەسەڵاتەی کە پێیدراوە.**

**بەنیسبەت تەکنەلۆجیای زانیاری، ئێمە پێمان باشە جەنابی وەزیر ئەو تەوزیحەمان بداتێ، چونکە ئەوە مەسائیلی فەنییە.**

بەنیسبەت رەبتی موئەسەسەی مەتار بە وەزیر، تەبیعی رەئیسی موئەسەسە دەرەجەی وەزیرە، بۆیە رەبتی وەزیر کراوە، تەوجیهات لە وەزیر وەردەگرێت، ئێمە تەعریفی وەزیریمان کردووە لە زیمنی قانونی وەزارەت و، وەزیر موباشەرەتەن ماڤ ئەوەی هەیە کە سەرپەرشتی ئەم دەزگایە بکات، کە هەموو دەزگاکانی خۆی و، ئەم دەزگایەش بیزات، بەلاّم لەبەر ئەوەی دەرەجەکەی وەکیل وەزیرە، ئێمە رەبتی وەزیرمان کردووە، خۆ رەبتی مودیر عامێکی ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها دوو، سێ خاڵ تەوزیح دەکەم، مەوزوعی با بڵێین مودیریەکی تر ئیزافە بکرێت بەناوی (الشؤون القانونیة)، ئەوە موتەفیقین لەگەڵ لیژنەی یاسایی دەتوانین ئێمە بیکەینە (الشؤون الاداریة والمالیة والقانونیة) لێرە دەتوانین بڵێین.

خاڵی تر ئەوەیە، لە خاڵی چوارەم (مؤسسات المطارات المدنیة)، ئەگەر ئێمە بێین باسی ئەو بابەتە بکەین لە قانونی (مؤسسات المطارات) لە برگەی چوارەم دەڵێت (تؤسس بموجب هذا القانون مؤسسة بأسم مؤسسة المطارات المدنیة لاقلیم کوردستان – العراق وترتبط بالوزارة)، یەعنی ئەوە تەحصیل حاصلە، کە پێش ئێستا ئەوە رەبت کراوە بە وەزارەت، بەلاّم دەمێنێت چی؟ دەمێنێت گرنگی ئەو شەخصە، وەك هاوڕێم کاك شێروان تەوزیحی کرد، کە ئەمە بە دەرەجەی وەزیرە، بۆیە پێویستە لەگەڵ وەزیر تەنسیقی هەبێت، چونکە ئێمە دەزانین مەتارات ئیشیان چەندە؟ لەبەر ئەوە.

خاڵی تر، موستەشارین، مەوزوعی ئیستیشارە هەموومان دەزانین ئیستیشارە ئەوەی ئەم سەلاحیەتەی هەبێتن، تەنها حەقی مەشهورە هەیە، تەقدیمی ئیستیشارە دەکات، یەعنی مەرج نییە ئەو ئیستیشارەیە پەیڕەو بکات، یانیش رەفز بکات، ئەمە بەپێی قەناعەتی وەزیر دەمێنێت و ئەو بابەتەی کە ئیشارەی لێ وەرگرتووە، وەکو ماددەی تر هاتووە، کە (للوزیر استحداث او دمج او اقسام...............)، ئەو کاتە جەنابی وەزیر دەتوانێتن، ئەگەر هاتو پێویستی پێ بوو موستەشار زیاد بکات، یان قسمێکی تر زیاد بکاتن وەحدەیەکی تر زیاد بکات، کەم بکات، لەوانەیە لەبواری کەوتنە جێ بەجێ کردن ئەم هەیکەلیەتە خۆ بەردەوام نابێت، هەیکەلیەتی هەر موئەسەسەیەك مەبدەئێکی هەیە لە تەنزیم و لە هەیکەلیەت، یەعنی جار بە جار بەدوا دابچێتن و موتابەعەی بکات وتەکیف بکات لەگەڵ ئەو موستەجداتانە، ئێمە دوێنێ لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەمان کرد، کە ئەوە بوو رەئی برادەران لەگەڵ جەنابی وەزیرو مودیری مەتاری هەولێر قەناعەتیان ئەوە بوو، کە تەنها ئێستا سێ موستەشار بەسە، ئەوەش بۆ پەرلەمان بەجێ دەهێڵین، رەئیەك هەیە دەڵێت سێ، رەئیەکی تر هەیە دەڵێت چوار، ئەمە پەرلەمان یەکلای دەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2008 لە (الباب الثاني/ مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان/ الفصل الاول/ التأسيس/ المادة الرابعة)، زۆر روون و ئاشکرایە، یەعنی با ئێمە نەڵێین تەحصیل حاصله، خۆی زۆر روون و ئاشکرا هاتووە، دەڵێت (تؤسس بموجب هذا القانون مؤسسة بأسم مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان – العراق وترتبط بالوزارة وتتمتع بالشخصية المعنوية واستقلال اداري وفني ولها ميزانية خاصة تورد ضمن ميزانية الوزارة ويرأسها موظف بدرجة خاصة)، دەرەجە خاصە خۆمان باش دەزانین یەعنی وەزیر دەگرێتەوە، (حاصل على شهادة جامعية اولية وله خبرة في هذا المجال يتم تعينه من قبل مجلس الوزراء كما تقوم بتعيين معاون رئيس المؤسسة والمدراء العامين بناءاً على توصية من الوزير)، کەواتە (ترتبط بالوزارة)، نەك (بالوزير)، لەبەر ئەوەی کە دەرەجە خاصەیە خۆشی، دەرەجە خاصە روتبەی وەزیرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە بەنیسبەت راوێژکاران، بەڕاستی خۆی ئێمە تا ئێستا سێ راوێژکارمان هەیە، یەکێکیان بە گرێبەستە، یەعنی ئەگەر وەك پێشنیاریان کرد لە چوار راوێژکار زیاتر نەبێت، شەرت نییە ئێمە چوار راوێژکارمان هەبێت زۆر باشە، راوێژکار وەك برادەران پرسیان، راوێژکار بەشێك نین، یەعنی سەر بە نووسینگەن، یەعنی ئەوان سەر بە وەزیرن لە زیمنی هەیکەلی نووسینگەیە، لەگەڵ نووسینگە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوە لە هەموو وەزارەتەکان، بەڕێوەبەرایەتیەکی گرێبەستمان هەیەو، بەشی یاساشمان هەیە لەوەزارەت، کە سەر بە نووسینگەیە، یەعنی پێویست بەوە ناکات بەڕێوەبەرایەتی گشتی یاسایی دابنرێت.

هەندێك هەڵەی با بڵێین ئیملائی هاتووە لە کوردیەکە، ئەویش لە پێکهاتەی وەزارەت ژمارە (8) بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسن، نەك سەر زەوی، هەرچەندە پێشنیاریان کرد بگۆڕێتن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕی بێت، یاخود زەمینی بێتن، لە ژمارە (9) هاتووە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و چاودێری کردنی لەگەڵدا نییە، نازانم زیادە هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەیە، ئەوەش راست بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گوتم رەئیس موئەسەسەکە دەرەجەی وەکیل وەزیرە، بەس خۆی دەرەجە خاصەیە، راستە، بەڵام ئەگەر بنووسرێت و رەبت بکرێت بە وەزارەت، یان بە وەزیر، هەر وەزیر رەئیسی ئەعلای ئەم دەزگایەیە، بۆیە هیچ فەرقێکی ئەوتۆی نییە، بۆیە هەر ویستم تەوزیحێك بکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی دانیشتنەکە بەپێی پەیرەو بەڕێوە بچێت، دوو، سێ پێشنیار هەبوو، هەر یەکە دوو، سێ پەرلەمانتاری بەڕێز پشتگیریان کردن، بەبڕوای من دەبێت پێش وەخت ئەوانە یەکلا بکرێتەوە، ئینجا صیاغەی کۆتایی، یەکێکیان مەسەلەی راوێژکار هەبێت، یان نەبێت.

دووەم/ سێ بێت، یان چوار بێت، ئەو دوو بۆچوونە هەبوو لەقسەی پەرلەمانتارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر هەمان ئەو نوقتە نیزامیەی کاك شوانم هەبوو، پێش ئەوەی بخوێندرێتەوە، ئەو پێشنیارانەی کە دوو، سێ ئەندام پەرلەمان پشتگیری کرد دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان رەئی کاك شوان و ناسك خانم هەبوو، بەڵام گرێدراوی وەزیر بێت، یان وەزارەتیش، ئەوە چەند ئەندامێکی پەرلەمان باسیان کرد، لەگەڵ مەسەلەی ساڵانی خزمەتی بەڕێوەبەرە گشتیەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم بەو شێوەیە دەبێت:**

**المادة الثالثة:**

**تتألف الوزارة من التشكيلات الاتية:**

**اولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر منه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض صلاحياته الى المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.**

**ثانياً: مكتب الوزير: يرتبط بالوزير ويرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**ثالثاً: المستشارون: لايزيد عددهم عن ثلاثة ممن لهم شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.**

**رابعاً: مؤسسة المطارات المدنية في الاقليم: ترتبط بالوزارة ويرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية اولية وتخضع في عملها لاحكام قانون مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان – العراق رقم (18) لسنة 2008 الصادر من برلمان كوردستان.**

**خامساً: المديريات العامة: ترتبط بالوزارة، المديريات العامة الاتية يرأس كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.**

**1- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية.**

**2- المديرية العامة للبريد والاتصالات.**

**3- المديرية العامة للتخطيط والمتابعة.**

**4- المديرية العامة للنقل البري والسكك الحديدية والترام واي.**

**5- المديرية العامة للانواء الجوية والرصد الزلزالي.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەکوردیش بیخوێننەوە، کوردیەکە حازر نییە، ئێستا عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ ئاخیر تەعدیل کرا، لەجیاتی ئەوەی سەر بەوەزیر بێت، سەر بە وەزارەتە، ئێستا کردی بە سەر بەوەزارەت، لەجیاتی ئەوەی چوار موستەشار بێت، بووە سێ موستەشار، تەواو تەعدیلیان کرد، فەرموو کاك ڕێباز.**

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەکێك لە پێشنیارەکان دەزگای تەکنەلۆجیای زانیاری، وتمان بخرێتە سەر ئەم وەزارەتە، ئەوە نازانم چی بەسەر هات، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جگە لەو پێشنیازەی کاك ڕێباز کە پشتیوانی هەبوو، پێشنیازێکم کرد، من خاوەنی ئەو پێشنیازە بووم و دوو ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانیش پشتیوانیان کرد، کە مەسەلەی موستەشار لێرە هەر نەمێنێت بەعەقد بێت، چونکە لەماددەی چوارەم لە بڕگەی چوارەم ئەو دەسەلاٌتەی داوە بەوەزیر کە بەعەقد بێت، هەر نەمێنێت، ئەوەش پێشنیازێك بوو، تکا دەکەم بیخەیتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە یەك کەس بوو، تەئیدی نەکرا، لەبەر ئەوە ئێمە نەمانخستە دەنگدانەوە، باشە، ڕەئیەك هەیە دەڵێت موستەشارەکان نەمێنن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (14) کەس، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کامەی تر فەرموون، تەکنەلۆجیای زانیاری یەك کەس پێشنیاری کردووە، کەسی تر تەئیدی نەکردووە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەزگای تەکنەلۆجیای زانیاری سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، کارەکەی ئەو تەنزیم کردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی لە وەزارەتەکاندا دەرکردنی پێناسەی موەحەدی ئەلیکترۆنی بۆ فەرمانبەران، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزگای تەکنەلۆجیای زانیاری خۆ مەربوت نییە بە یەك وەزارەت، مەربوتە بە سەرتاسەری حکومەتەوە، فەرموو ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، باشە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ تەنها یەك کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

اولاً: یکون للوزارة مجلس استشاري یشکل علی الوجه الاتي:

1- الوزیر/ رئیساً للمجلس.

2- المستشارون/ اعضاء.

3- المدراء العامون/ اعضاء.

4- للوزير استضافة اي شخص من ذوي الخبرة يراه مناسباً من داخل الوزارة او خارجها عند الضرورة للاشتراك في اجتماعات المجلس.

ثانياً: مهام و واجبات المجلس:

1- اعداد وصياغة الاهداف العامة لخطط الوزارة حسب الانظمة الصادرة من مجلس الوزراء.

2- اجراء المناقشات حول الخطط الاولية المعدة من قبل المديرية العامة للتخطيط والمتابعة على ضوء الخطط المعدة من قبل مكونات الوزارة المختصة وتصدر القرارات المناسبة بشأنها.

3- اقتراح الخطط العامة للنقل والاتصالات وبرامج التشغيل والتسويق والادارة والمالية.

4- مناقشه التقارير الدوريه والعامه التى تعدها مديريه التخگيگ والمتابعه واصدار القرارات والتعليمات المناسبه بشأنها.

5- اجراو التحقيقات فى المشاريع والقوانين والتعليمات المتعلقه بالوزاره او الصادره منها واتخاذ مايلزم بشأنها.

6- مناقشه المواچيع التى يگرحها الوزير وابداو الرأى حولها وتقديم التوصيات والاقتراحات بشأنها.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش تكايە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەكەم: وەزارەت ئەنجومەنێكی راوێژكاریی دەبێت و بەم شێوەیەی دادێت پێك دەهێندرێت:

1- وەزیر/ سەرۆكی ئەنجومەن.

2- راوێژكاران/ ئەندام.

3- بەڕێوەبەرانی گشتی/ ئەندام.

4- وەزیر بۆی هەیە میوانداریی هەر كەسێك بكات كە بە گونجاوی دەزانێت لەوانەی خاوەن شارەزایین لە ناو وەزارەت، یان دەرەوەیدا لەكاتی پێویستدا بۆ بەشداری كردن لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەندا.

دووەم: كار و ئەركەكانی ئەنجومەن:

1- ئامادە كردن و دارشتنی ئامانجەكانی گشتیی پلانەكانی وەزارەت بەگوێرەی ئەو پەیرەوانەی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچوون.

2- گفتوگۆ كردن لەبارەی پلانەكانی بەراییەوە كە لە لایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلان و بەدواداچوونەوە ئامادە كراون، لەبەر رۆشنایی ئەو پلانانەی لە لایەن پێكهاتە تایبەتمەندەكانی وەزارەتەوە ئامادە كراون و بڕیاری گونجاویشیان لە بارەوە دەردەچێت.

3- پێشنیار كردنی پلانی گشتی بۆ گواستنەوەو گەیاندن و پرۆگرامەكانی وەگەڕخستن و بازاڕگەری و كارگێڕی و دارایی.

4- گفتوگۆ كردن لەبارەی ئەو راپۆرتە دەوری و گشتییانەی بەڕێوەبەرایەتیی پلان و بەدواداچوون ئامادەیان دەكات و، دەركردنی بڕیارو رێنمایی گونجاو لەبارەیانەوە.

5- بەجێ گەیاندنی لێكۆڵینەوە لەو پرۆژە و یاساو رێنماییانەی پەیوەندیدارن بە وەزارەتەوە، یان لەوەوە دەرچوون و، بەجێ گەیاندنی ئەوەی پێویستە لەبارەیانەوە.

6- گفتوگۆ كردن لەبارەی ئەو بابەتانەوە كە وەزیر دەیانخاتە روو و ڕا دەربڕین لەبارەیانەوە و پێشكەش كردنی راسپاردەو پێشنیار لەبارەیانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت رەئی لیژنەی یاسایی، ئێمە لەگەڵ دەقی بڕگەكانین، تەنها ئەوەمان پێشنیار كردووە، كە رەئیسی مونەسەساتی مەتاری مەدەنی ببێتە ئەندام لەم ئەنجومەنە، دوای وەزیر ناوی ریزبەند بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن رەئیتان.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەقریبەن هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بەس تەنها لە رووی شكلیەوە، ئێمە پێمان باشە ئەو زنجیرە كە دەڵێت (1، 2، 3)، ئەوانە لابرێت تەنها خەتێك بێتن، پێمانوایە وا جوانترە، ئەوە یەك.
هەروەها هەمان رەئی لیژنەی یاساییمان هەیە، كە رەئیسی دەزگای فڕۆكەخانەی مەدەنی لە هەولێر زیاد بكرێت دوای وەزیر راستەوخۆ.
لە دووەمیش/ لە دووەمدا كە دەڵێت (مكونات الوزارة) لەناو جوملەكە هاتووە، پێمان باشە بكرێتە (تشكيلات الوزارة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا كێ دەیەوێت موناقەشە بكات لەسەر ئەو ماددەیە دەست بەرز بكاتەوە؟ ئەم بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە، ڕێزداران (ئاشتی عزیز، د.ڕۆژان دزەیی، لانا چەلەبی، حەمە سەعید، د.احمد وەرتی، بەیان احمد، قادر حسن، صبیحە احمد، صباح بیت الله)، بەڵام موناقەشەكەی هەڵدەگرین بۆ بەیانی، بەیانی سەعات (11) كۆبوونەوەكەمان دەست پێ دەكات، كۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین، بەخواتان دەسپێرین، خواتان لەگەڵ.**

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**